# ڕامان

مانگانەیەکی ڕۆشنبیریی گشتییە - ڕامان دەری دەکات
خولی سێیەم/ ساڵی بیست و یەک/ بەفرانباری ٢٧١٦/ کانوونی یەکەمی ٢٠١٦
٢٣٥



- هەڤپەیڤینێکی بەرفراوان لەگەڵ هونەرمەند (سەعدوون یوونس)
  ئا: ئازاد عەبدولواحید
- چاوپێکەوتنێک لەگەڵ (د. بەهرۆز چەمەنئارا)
  ئا: هاشم عەلی وەیسی
- عەباس ئەلعەززاوی لە گەشتێکیدا بۆ ناوچەی گەرمیان و کەلار
  ئەحمەد باوەڕ
- تۆماس ئەکوینی؛ بوون و گەوهەر
  د. حەمید عەزیز
- ئیسماعیل حەقی بابان ڕووناکبیرێکی هەڵکەوتوو
  د. جەبار قادر
- مۆسیقا لای یارسانەکان
  جەمال نەجاڕی

٢٣٥

مانگانەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە ـ دەزگای ڕامان دەری دەکات
خولی سێیەم/ ساڵی بیست و یەک/ کانوونی یەکەمی ٢٠١٦

- **خاوەن ئیمتیاز**
  شەوکەت شێخ یەزدین
- **سەرنووسەر**
  ئازاد عەبدولواحید
- **بەڕێوەبەری هونەری**
  سەرکەوت وەلی
- **مۆتیف و پۆرترێت**
  قەرەنی جەمیل
- **بەرگ**
  باسم ڕەسام

ناوونیشان/ هەولێر ـ میدیا سەنتەر
www.raman-media.net / ئەدرێسی ئەلیکترۆنی
07504494662 - 2228506 /(ناوەوە) تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر
009647504494662 /(دەرەوە)
2230582 / تەلەفۆنی نۆرماڵ
azad_abdulwahid@yahoo.com :پۆستی ڕامان
sarkautwali@yahoo.com

چاپخانەی خانی/ دهۆک
نرخ/ ٧٥٠ دینار

# ناوەرۆکی رامان


● **دەق**

- ئەو دەمانەی تەواو.. تەواو لەخۆم ناچم/ بەرزان هەستیار/ 3
- رەنگەکانی ئیبراهیم/ ئیبراهیم هەورامانی/ 4
- لێوم گەڵای ماچی گرتووە/ دڵزار حەسەن/ 6
- بایێ رۆژئاڤا/ خزان شیلان/ 9
- خۆشەویستی دوای خۆشەویستی/
لە ئینگلیزییەوە: جەلال بەرزنجی/ 11
- مۆنیومێنتی سەربازی ون/ ئەدیب نادر/ 12
- خەون/ موعتەسەم سالەیی/ 16
- مردنەوە/ زاموا محەمەد/ 21
- پسیکێن تاخا قەلەوان/ وەحید کەلەش/ 27
- خەونەمار/ لە تورکییەوە: ئەحمەد تاقانە/ 28

● **هەڤپەیڤین**

- هەڤپەیڤینێکی بەرفراوان لەگەڵ هونەرمەند (سەعدوون یوونس)/
ئا: ئازاد عەبدولواحید/ 31
- چاوپێکەوتنێک لەگەڵ (د. بەهرۆز چەمەنئارا)/
ئا: هاشم عەلی وەیسی/ 57

● **رەخنە و لێکۆڵینەوە**

- تراجیدیا لە ئەدەبی کوردیدا/ حسەین لەتیف/ 66

● **وتار**

- عەباس ئەلعەززاوی لە گەشتێکیدا بۆ ناوچەی گەرمیان و کەلار ١٩٣٤/ ئەحمەد باوەڕ/ 77
- بۆچی شیعر پێناسە ناکرێ؟/ نالە حەسەن/ 82
- روانگە، شێوازی گێڕانەوە/ لە فارسییەوە: شەریف فەلاح/ 85

● **هزر و فەلسەفە**

- تۆماس ئەکوینی؛ بوون و گەوهەر/ د. حەمید عەزیز/ 89
- میتافیزیک لە سەدەی بیستەم (١٩٠٠ - ١٩٤٥)/
لە ئینگلیزییەوە: سەعید کاکی/ 98

● **مێژوو**

- ئیسماعیل حەقی بابان رووناکبیرێکی هەڵکەوتوو/
د. جەبار قادر/ 113

● **هونەر**

- پردی ئارتا: جووڵە و ریتم/ د. فازڵ جاف/ 122
- مۆسیقا لای یارسانەکان/ جەمال نەجاڕی/ 130

● **یادەوەری**

- بەبۆنەی تێپەڕبوونی (٤٠) ساڵ بەسەر سازدانی یەکەم کۆڕی ئەدەبیم/ ئازاد عەبدولواحید/ 137

● **خوێندنەوەی کتێب**

- رۆمانی خۆشم ویست و گێڕانەوەکانی پیێ/
هاشم سەڕاج/ 150
- فەرهەنگی (مەم و زین)ی خانی/
زیاد رەشاد قادر/ 155

● **بە باڵابڕین**

- ئەوەی بیەوێ شارەزای ئەدەبیاتی کوردی بێت، لە گۆڤاری (رامان)دا ئەو زانیارییانەی دەست دەکەوێت کە پێویستی پێیانە/ سەعدوڵڵا پەرۆش/ 158

● **سووکە لەنگەر**

- کۆواری ئەدەبی و ژیانی نووسەر/ یووسف لەتیف/ 160

# ئەو دەمانەی تەواو.. تەواو لە خۆم ناچم

بەرزان هەستیار
(ئەڵمانیا)

هەر ڕێک لەو کراسە ئەچم،
بە تەنافیماڵی بێوەژنێکەوە
بەفر، سپی و
مەینەت ڕەشتری کردبێ،
یان گۆرەوی ئەو منداڵەی
دارکونکەرەی ڕۆژگار، وەک خەیاڵە سادەکانی
دایڕزاندوون؛
لە جۆگەلەیەکی چاوکز،
جۆگەلەیەکی پیر، تینوێتیی زەفەری پێ بردبێ،
لە زۆر شت ئەچم من،
ئەو ماسییەی بەقولاپەوە بێهوودە خۆی ڕائەپسکێنێ،
ئەو مامرەی بەدەم چەقەڵەوە قیڕەی ئەگاتە ئەوسەری
ئاوایی،
کۆترێکی لارەمل بەدەم پشیلەیەکی برسییەوە،
جا، لە چی ناچم، منی خاکەسار،
ڕیشۆڵەیەکی بەدبەخت بە داوی ڕاوچییەکی
کەیفخۆشەوە،
پیرەدارێکی واقوڕماو لەبەردەم دڵڕەقیی تەوردا،
چیلکەوچەوێڵێکی تۆقیو بەتەنیشت نێڵەی ئاگرەوە،
وەک شەپۆل دەمم کەف ئەکا و
لێواری گۆڕی خۆم لێ دیارە،
لە پیرەفیلێک ئەچم و
بەدیار وادەی نزیکی مەرگی خۆمەوە،
غەمگین.. غەمگین
داڵغە، نازانم بەچییەوە لێ ئەدەم؛
من لە هەموو شتێکی هیواکوژراو ئەچم و
لە هەموو شتێکی خەیاڵدزراویش
لە دارمان ئەچم، دارمان،
دارمانی باڵەخانەیەکی سەد نهۆم
کە ئەبینم ژنێک بە قژێکی خورماییەوە
بۆڵەترێی قسەی خۆشی ئازیزێکی
بە دارمێوی ڕوحییەوە نابینێتەوە؛
ژنێک، هەموو سەرتاق و کەلەبەری ساڵەکانی خۆی
ئەگەڕێ و
نقێمی پیرۆزەیی خەندەیەک نابینێتەوە
بچێتەوە سەر نەسلی ئەنگوستیلەی خۆشبەختیی
لە دارزان ئەچم، دارزان
ئەو دەمەی ژنێک،
هێندە بە گەرمیی باوەش ئەکات بە داهۆڵی تەنیاییدا
مەگەر تەنها کێڵگە بیانناسێتەوە،
تەنها کێڵگە، ڕوانینی وەریویان لە یەکدی جیا کاتەوە!

**هاوینی ٢٠١٦ – کۆڵن**



# ڕەنگەکانی ئیبراهیم

ئیبراهیم هەورامانی(*)
(هەڵەبجە)

(١)
بیری زۆر شت دەکەم
بیری
چەتر و
باران بارین و
تۆ دەکەم.
دەزانی،
ژیان چەند دیمەنێکی جوانی هەبوو؟

(٢)
بەلاتەوە سەیر نەبێت؟
بەبەدلەیەکی
شڕۆڵەی کارەوە
بەپەیژەیەکی دارینا
بچمە ئاسمان.
ڕەنگە بۆرەکانی بسڕمەوە و
بەڕەنگی شینێکی کاڵ
وەک چاوانت
ئاسمان شین کەم
بەلاتەوە سەیر نەبێت!
من
تۆم
هەیت.
(٣)
بۆ هەر لایەک دەڕۆی
جاربەجارێ،
لە سێبەرەکەت بڕوانە؟
دەمبینی؟
چەند غەریبیت دەکەم؟
****
(٤)
ژیان تامێکی شیرینی هەیە!
وەک لالەنگی
ئەگەر
بەتەنیشت یەکەوە بین.

(٥)
من گوڵێکی



سوورت دەدەمێ.
تۆ تەنیاییم،
بزرکە؟
پاییزان،
تەنیایی پەتایەکی کوشندەیە!

(٦)
ئەی باران
تۆ شاهید بە؟
چەندم خۆش دەوێ.

(٧)
باران
تادێ،
بە لێزمە دادەکا.
من بێ پاڵتۆ!
دەپرسی: چۆنم؟
من دەڵێم: باشم.
وەلێ تۆ
باوەڕ مەکە.

(٨)
چەند جوانت لێ دێ.!
دڵی من
لە سینەتا.

(٩)
لەوەتەی تۆ،
ئەم کۆڵانەی ئێمەت جێ هێشتووە
خەون نابینم
چی خەونم هەیە،
تۆ بردت
لەگەڵ خۆتدا.

(١٠)
بیر لەوە دەکەمەوە،
چۆن ئەم گۆی زەوییە
بکەمە
باغچەیەکی گەورە
گەورە؟
تەنیا لەبەرئەوە ی بزانن
چەندە تۆم خۆش دەوێ.!

**(*) ئیبراهیم هەورامانی لەدایک بووی ساڵی ١٩٦٣ی شاری هەڵەبجەیە. لە ژمارە (٦)ی گۆڤاری (ڕەنجی کرێکار) یەکەمین بەرهەمی شیعری بڵاوکردۆتەوە. لە زۆربەی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی هەرێمی کوردستان و ڕۆژهەڵاتی کوردستان شیعری بڵاوکردۆتەوە.**

**کاری ڕۆژنامەنووسی بۆ زۆرێک لە ڕۆژنامەکانی هەرێمی کوردستان کردووە، وەک (ئاڵای ئازادی، هەرێمی کوردستان، گۆڤاری ئەدەب و هونەری کرێکاری، ڕۆژنامەی: ڕای گشتی، کوردستانی نوێ، بۆ پێشەوە و زۆرێک لە سایتە ئەلەکترۆنییەکان، زیاتر لە دە ساڵ وەک پەیامنێر لە کوردستانی نوێ کاری کردووە.**

**شیعرەکانی بۆ هەردوو زمانی فارسی و عەرەبی وەرگێڕدراون.**

**بەشێک لە بەرهەمە چاپکراوەکانی:**

**١- ١٦ی ئازار، شیعر، ١٩٨٩ ئێران.**
**٢- چرا، شیعر، ١٩٩٣، سلێمانی.**
**٣- گوڵی سوور، شیعر، ١٩٩٥.**
**٤-تەنیاتر لەشەوەکانی دایکم، شیعر، ٢٠١٠.**
**٥-قومێ شەراب، شیعر، ٢٠١٢.**
**٦- حیکایەتەکانی موسافیرێک، شیعر، ٢٠١٣.**
**٧- گۆرانییەکانی مانگی مارت، شیعر، ٢٠١٣.**
**٨- با مانگ نەزانێ تۆم خۆش دەوێ، شیعر، ٢٠١٤.**

**بەرهەمەکانی بە زمانی عەرەبی:**

**- اكثر وحشة من ليالي امي، ترجمة: أحمد سلام، ٢٠١١.**
**- حيكاياة مسافر، ترجمة: أحمد سلام، ٢٠١٤.**

**بە زمانی فارسی:**

**- تنهاترین مرد دنیا ، ترجمه: سهیل سخن پژو ، نسیم مروت جو، ٢٠١٣.**

**ئەم بەرهەمانەی ئامادەن بۆ چاپ:**

**- خۆشەویستی بە تامی گێلاس.**
**- رنگهای ابراهیم، ترجمه: باست موردای.**
**- اغاني شهر مارس، ترجمة: غفور صالح عبدالله.**

# لێوم گەڵای ماچی گرتووە

دڵزار حەسەن

١
دەرگاکە بکەرەوە، موسافیریکی لەت بوو،
بە دونیایەک مەراقەوە،
بە جانتایەکی شکاوەوە، چاوەڕێتە.

٢
شەو زۆر چاوەڕێم کردی،
سڵاوێکت نەهاتە ژوورەکەم،
بۆنی تۆی هەڵگرتبێت.

٣
لە ژوورکەت ئاوێنەیەک هەیە،
هەمیشە سەیرت دەکات،
خۆزگەم بەو.

٤
لە حەنینم هەمیشە ئاوڕێک هەیە،
پڕە لە وردە مەراق
لەم هەرەتی مەعشووقییەدا،
نیگام لوولدەدا،
خەیاڵم پڕ لە تەماشا دەکات.
لەم مەغریبی دڵدارییەوە،
پڕم لە وردە مەکری ژن.
هەیهاتە هەیهاتە
بەم چل ساڵەی تەمەنەوە،
بزەی یار سیحری لێکردووم.



٥
شەهید،
ئەو کەسەیە لە جەنگی ئیشق،
دڵی لە دەستدا بێت.

٦
ئەو کاتەی ئیشق،
یاری بە دڵەکانمان دەکات،

لێومان تەڕ دەبێت لە مەراق،
زەوقمان خۆش و
دڵمان پڕ دەبێت لە ماچ.

٧

تۆ بخەوە و
منیش بە دیار ئەسرینی ئەوینت،
ژوان دەگرم و
میلی کاتژمێری نیگام،
لە نیوەی عومری چاوەنواڕیت دەوەستێنم.

٨

ئیشق....
وەک (باخچە) وایە،
دەبێ ڕۆژانە گوڵەکانی ئاو بدەیت و
درەختەکانی بە سەوزی بهێڵیتەوە.

٩

بە زستان دەڵێم نەختێک زیاتر فوو لە سەرما بکە،
با ماڵەکەم پڕ پڕ بێت لە ساردی،
تا لەسەر تەمی پەنجەرەی ژوورەکەم،
بنووسم (خۆشم دەوێیت) ئەی یار.

١٠

هێندە دوور دەڕۆیت،
ناتوانم هاتنت کۆبکەمەوە.

١١

ئەم شێتییە شێتانەیەی تۆ،
بەشێکە لە غروور،
غرووڕێک هێندەی غەمگینی فراوان و
هێندەی ئارامی بزێو.

١٢

لەم شەوە بێدەنگەدا،
چ حزوورێک هێندەی تۆ،
هەناسەی شیعرم تەڕتر دەکات.

١٣

دەترسم هێندە تەماشات بکەم،
لە ناو چاوەکانم پەرت بیت و
دواتر ڕوخسارتم بۆ کۆنەکرێتەوە.

١٤

چ دەبوو،
لە جێگەی باران،
تۆ بوای،
نم، نم،
برژایتە نێو مەرکانەی ئیشقم.

١٥

دەڵێن:
چ بچێنی ئەویش دەدووریتەوە،
من لەوەتەی هەم هیوا دەچێنم،
ئەی خێرە
هەمیشە نیگەرانی دەدوورمەوە.

١٦

پەرییەک فێربووە، هەموو سپێدەیەک،
لە درزی پەنجەرەی حەنینمەوە،
بە باوەشێک تریفەوە دێتە ژوورەکەم!
بە خۆی و کۆڵێک جنوونەوە دەرژێتە حەرەمی
ئیحساسم و
سەرینم تەڕ تەڕ دەکات بە ماچ و
لێوم وەک هەنار دەگوشێت،
دێت و مەراقم لەت لەت دەکات،
بە دنیایەک غروورەوە دێت،
لەگەڵ خۆی قومێک نیگەرانی و
مشتێ دڵنەوایی دەخاتە سەر چەناگەی هەتاو.
پەرییەک فێربووە، لە کۆتای هەموو هەفتەیەک،
بۆ پشوو دێتە لام،
کە دەگات، هاتنی تێر دەکات لە قسە و
دڵیشی بە بێدەنگی دەسپێرێت.

١٧

هەر کاتێک بێمە دیدەنیت،
نیگام خونچە دەگرێ،
ئێستا لەبەر چاوم بوویتە داری چنار،
گەڵا و بەری ئیشقت گرتووە.

١٨

گەر ئەم جارە
ویستت ئاوێنەیەک بۆ ژوورەکەت بکڕیت،
من بە،
چونکە هیچ شتێک،
بە قەت من جوانی ڕوخسارت نابینێت.

١٩

ئەم ساڵ نەهاتبوو،
باخی سینەت دوو هەناری گرتووە.

٢٠

کاتێک،
ژن شیعرت بۆ دەخوێنێتەوە،
دەبێ هەناسەمان بوەستێنین،
نە بادە،
وشەکانی دڵی لێمان بڕەنجێت.

٢١

پێی گوتم،
ئەم شەو لەگەڵ باران وەرە،
با تەڕ تەڕ بم،
ئەمەوێت،
باوەشت پڕکەم لە خۆم.

٢٢

پێکێک،
لەم تەماشایە بەسە،
بۆ ئەوەی مەست بم.

٢٣

ئەی مانگ،
شکۆی ئەم ئاوابوونەت،
سیحری ئەم لار و لەنجەیەت،
سوراوی ئاڵی دوو لێوانت،
بازن و
خڕخاڵ و
ملوانکەی گەردەنت،
چەند لێ جوانە،
کە دەتبینم
دەمم پڕ لە تریفە و
لێوم گەڵای ماچ دەگرێ.

٢٤

عەجەب،
بە لێو ماچم کردی
و
دڵم خوناوی کرد.

٢٥

نامەیەکم لایە،
نازانم،
بە کێ بۆتی بنێرم،
دەترسم،
ونی بکەن و
پێت نەگات،
بۆیە،
لای خۆم دەیهێڵمەوە،
کەی ڕێت بە لای من کەوت،
بە دەم پێت دەڵێم،
خۆشم دەوێیت.

# بایێ رۆژاڤا

خزان شیلان
(ستۆکهۆلم)

ئەز
دەرگووشـەکە ل چۆلسـتانێن قژلی
پێخواس
تازی
تی
برچی و سێوی مایی مە
خوینا پێسیرا دایکا خوە
یا سینگسـەدەف و گیانمری
دمژم

دەنگێ قیژەقیژا چووکەکە پەرشکەستی
هێلین وێرانبووی
بێخوەدی
و شـەڤەدەر مایی مە
ژ بەر کول و کەدەرێن دنیایێ
ئاخین و نالینان
دکشینم
ل ناڤ تۆزا قەمپکێن چاڤسۆر
ب تەنا سـەرێ خوە
هاتم تەرکاندن
بەدەنا من
د ئێش و ژانا چاخێن گەنی دە
دلەرزە
ل غوربەتێ
رۆندکێن بیرانینێن مشـەختبووی
دادقولتینم
مۆڤکێن پشتا داهاتوویا من
ژ هەڤ دە کەتن
د بن بارێ دیرۆکا زالم دە
بێهنا من چکیا
چەقەل و زەخەلێن دەما رەش
چەرمێ خەون و خەیالێن شیرین
گوراندن
منافقتان
هناڤ ل من پەرتاندن
تەیرۆکێن خەزەبێ ل گولیستانا شین



باراندن
پۆرێ سەرێ کچ و بووکێن بەرمالی
رووچکاندن
کندرێ ئێخانەتێ ل ستوویێ قەدەرا من
نالاندن
کەسکا خەوێن من
هەرماندن
ل بێدەنگیا رۆژێن ستەور
دەربدەر بووم
دێلەگورێن هۆڤ
د پەردەیا گوهێن من دە
زوورەزوورن
د هێرس و ترسا خوە دە
ڤەدجنقیم
مژا ئەورێن رەشتاری
خوە داگرتیێ سەر کێف و شاهیا
سەیرانگەهێن من
تەمەنێ پەریشان
ب کەسەرڤەدانێن کوور و دوور
هاتنە سترهاندن
دلێ سەفیل
د قێرین و هاوارا سالێن کامباخ دە
دپەرپتە
د ئێسکەیسکا گرینا گەوریا خوە دە
دفەتسیم
کەڤرێن چیا و زناران
د کوشتنا من دە
سەری هلدان
هەستێن سۆندا تۆلهلدانێ
هش و مێژیێ سەبرا من
راپێچا یە
ئێدی ئەزێ
ژ ناڤ لەپێن خێرنەخوازان
بفلتم
بافرۆکا ئاشتی و ئارامیێ
بەر ب ستێرکێن ئاسیمانا سایی ڤە
بفرینم
ل سەر ئاخا شارستانیێ
چرووسکێن ئاگرێ عەشقا مەم و زینێ
گەش بکم
برینا کەزەب و گورچکا وەلاتێ رۆژێ
ب خوەشبێهنا بایێ رۆژاڤا
بپێچم
ل شەڤەکۆریا دەمێن خەولە
مەشالەیا حورمەت و رووماتێ
ڤێخم
کانیا ژیانێ
بەر ب ئاسۆیا سەرکەفتنێ ڤە
بحەرکینم
ب تلیلیان شاخێن دارا ئازادیێ
ب کەسکەسۆرا رەنگین
بخەملینم
ل باخێ هەزکرنێ
تۆڤێن کولیلکا رۆناهیێ
برەشینم
هێڤیێن گیانا قەفلی
ب مەلوولیا تیرێژێن بەربانگێ
بنخومینم
ل بەر ویزینا فرتوونەیێن هار
دەستمالا گۆڤەند و دیلانێ
بهەژینم
د سەرگێژیا مەستبوونا خوە دە
ل دۆر هەلبەستێن کولەک سەماها شادیێ
بگەرینم
د دەنگڤەدانا دەروونیا خوە دە
سترانێن مزگینیا سەربەستیێ
بلۆرینم
و ئەزێ
ئازاد و بەختەوار بژیم

**ئەڤ هەلبەستە ژ مالپەرا (وەلاتێ مە) هاتیە وەرگرتن، کو ب رێنڤیسا لاتینی هاتبوو بەلاڤکرن و ژ ئالیێ مە هاتیە ڤەگواستن ژبۆ رێنڤیسا نها ل هەرێمێ لکارە.**

**«رامان»**

# خۆشەویستی دوای خۆشەویستی

دێریک وەلکۆت  Derek Walcott
لە ئینگلیزییەوە: جەلال بەرزنجی
(کەنەدا)



کات دێت کە لەگەڵ خۆشییە
لە دەرگاکەت، لە ناو ئاوێنەی خۆت،
پێشوازی لە گەیشتنی دەکەیت
هەریەکەو خەندەی بۆ بەخێرهاتنی ئەوەی دی دێت
دەڵێن لێرە دانیشە، بخۆ.
دووبارە ئەو غەریبەت خۆشدەوێت کە خۆت بوو
شەراب پێشکەش کە، نان بدە،
دڵت بگەڕێنەوە بۆ خۆی،
بۆ ئەو غەریبەی بەدرێژایی ژیان خۆشی ویستی
تۆ پشتگوێت خست بۆ کەسێکی تر، بە دڵ دەتناسێت
نامەکانی دڵداری
فۆتۆگرافەکان، تێبینییە نائومێدەکان
لە سەر ڕەفەی کتێبان بێنە خوارەوە
وێنەت لە ئاوێنە پاک کەرەوە
دانیشە، خۆشی لە خوانی ژیانت ببینە.

**ئۆگەستی تاریک**

باران زۆرە، ژیان زۆرە وەک ئاسمانێکی
قوت دراوی ئەو ئۆگەستە تاریکە
ڕۆژی خوشکم باڵندەیەکە نایەوێت لە ژوورە
زەردەکەی بێتە دەرەوە
هەموو شتێک دەچێتە دۆزەخ
چیا وەک کتلی هەڵم دەکات
ڕووبار دەڕوا
هەڵناسێتەوە باران بکوژێنێتەوە
لە ژوورەکەی ئەوە، لە شتەکۆنەکان دەگەڕێ
شیعرەکانم ئەلبوومەکەی ئەو دەگۆڕن
ئەگەر هەورەتریشقە وەک تەنێکی ناسک
لە ئاسمان چەخماخە بدات
ئەو لە ژوورەکەی نایەتە دەرەوە
نازانێ بۆ خۆشم دەوێت
لە باران چاک کردنەوە بێ هیوام،
لەسەرەخۆ فێر دەبم
بۆ ئەوەی ڕۆژێکی تاریک و
گردێکی سەر بە تەمت خۆش بوێت
بۆ ئەوەی دەرمانی بەختەوەری بخۆیتەوە
کە سەرنجی خوشکم دەدەیت
دڵۆپە باران دابەش دەکەیت
بە نێوچەوانێک لە گوڵ
دوو چاو لە لێبوردەیی
من فێر بووم ڕۆژە تاریکەکانم وەک
پرشنگدارەکان خۆش بووێت
بارانی ڕەش، گردی سپی
کاتێ جارێک تەنیا ئاسوودەبم و
تۆم خۆش ویست.

**دێریک ئەلتان وەلکۆت ساڵی ١٩٣٠ لە سانت لۆسا، دوورگەی کاریبی لە دایک بووە. لە ساڵی ١٩٩٢ خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبی بردەوە، جگە لەو خەڵاتە ١٤ خەڵاتی تری گەورەی شیعری بردووەتەوە، لەوانە خەڵاتی تی. ئێس. ئیلیەت و گریفنی بۆ شیعر بردۆتەوە. ١٤ دیوانی شیعری و ٢٥ شانۆگەری نووسیوەو بڵاوکردووەتەوە. ئێستا تەمەنی ٨٦ ساڵە و لە زانکۆی ئێسکس لە بەریتانیا پرۆفیسۆرە.**

**سەرچاوە:**
**هەڵبژاردەیەک لە شیعرەکانی دێریک وەلکۆت، ٢٠٠٧.**



# مۆنیومێنتی سەربازی ون

**ئەدیب نادر**
**(بریتانیا)**

تازە گەیشتبووینە ئەوێ بۆ ئەوەی لاپەڕەیەکی تری دەفتەری ژیانە نادیارەکەمان دەست پێ بکەین، سەفین هەر نووزە نووزی بوو، لە شوێنێک کە بە زرِوزبلێکی زۆر ئابلّووقە درابوو، لە نزیک "نەهزە"وە سەراسیمە دانیشتبووین، هیچ شوێنێک شارەزا نەبووم و نەمدەزانی چی بکەم؟ دەتگۆ حەوایەکم لە بەهەشتێکی هیچ بە بەهەشت نەچووەوە فڕێدرابێتمە دەرەوە بۆ ئەوەی بەدوای ئادەمێکدا بگەڕێم بیری خۆیمان پێوە مژوولّ بکات، کە ئەو پەیدابوو، ڕەوە ماسیی نادیاری عەترێکی ناوازە خۆیان هاویشتە ناو زەریای سنگم، دیار بوو چاوە تینووەکانی بەدوای سەرکێشییەکی جواندا دەگەڕان، هەر کە لە تەک سەفین دانیشت، کەوتە دواندنی، کە زانی جلّەوی ئەو ئاخاوتنە نامۆیەی دەستەبەر نییە، تەماشای منی کرد، ڕەنگە خوێنی جوولاّبێ، یان پەی بەوە بردبێ کە لەگوینە منیش دنیایەکی بێ بەزەیی و زالّم تووڕی هەلّدابێتمە سەرزەمینی نامۆییەوە، ئەگەرچی پاسەکە نەختێک دواکەت، بەلاّم ئیدی گرێی قسە لە نێوانماندا کرابووەوە و ئاشنا بووبووین، لە دۆزینەوەی شوێنی حەوانەوە و شتەکانی تر هاوکارییەکی بێ وێنەی کردین، بەڕاستی دلّسۆزانە بە تەنگمانەوە هات، ڕۆژیش نەبوو تێبپەڕێ بەبێ ئەوەی سەرمان لێ بدات، دایمە بۆ ئاشنا کردنمان بە شارەکە بۆ گەڕان دەیبردین.

یەکەم جار بۆ ئەو فلکە سەوزەلاّنە بردمانی کە مۆنیومێنتی سەربازی ون لەسەر سنگی ئۆقرەی گرتبوو، بە ڕاستی شتێکی موچڕکە بەخش و نایاب بوو، شوێنێکی تابلّیی خۆش، نازانم بۆچی چوونمان بۆ ئەوێ زۆر دووبارە دەبووەوە، ئەویش لەو شوێنەدا وەک بلّێی هەم سەبووریشی دەهات و هەم لە هەناسەی سارد و خەم و کەسەریش لێوانلێو دەبوو، عەسرانێک پێکەوە بۆ گۆڕەپانی تەحریر چووین، ئەو دیواربەندە بڕۆنزییە ناوازەیە، ئەگەرچی ئەوەندەیش لێی حالّی نەدەبووم، کەچی بێ ڕادە ساکاندمی، زیاتریش بەوە خەم دایگرتم کە فوارەیان لەبەردەم دانابوو، بیرم بۆ ئەوە چوو کە پڕیشکی ئاوەکە بەکاوەخۆ ببێتە خۆرە و زیانی لەڕادەبەدەری پێ بگەیەنێ، لەوێ بۆ دوکانی کاهییەکەی دەستی چەپی

شەقامە بەرینەکە بردمانی، بەڕاستی کاهییەکی بێ هاوتای هەبوو، سەفین ئەوەندە بە تاسووقەوە دەیخوارد دەم و پلی هەموو بە شیلە کەوتنە بریقەدانەوە و سەرباری خەمگینییە بەردەوامەکەی، لە ناخەوە پێکەنینی لێوە هەڵقوولا، بە پەنجەکانی تۆزێک قژەکەی تێکوپێک دا و وەک باوکێک بە دڵ ڕامووسی.

ڕۆژێکی تر بۆ شەقامی سەعدوون، ئینجا بۆ شەقامی ڕەشید ڕۆیشتین. شەقامی موتەنەببی کە کتێبخانە گەلێکی بێ شوماری لێ بوو، زۆر سێبووری بە ڕوانینە کتێب دەهاتەوە، لەوێوە بە تایبەتی بۆ شەقامی نەهر و مەنسوور چووین، ئای کە شوێنگەلێکی چەند خۆش و گرانبەها بوون! ئیدی هێور هێور جارێک بۆ جەمیلە و ڕاغیبەخاتوون و حەیدەرخانە و مەیدان و جارێکی تریش بۆ شوێنە میللی و هەژارنشین و هاکەزاییەکان دەیبردین و هەمیشەیش بە بینینی پردەکانی سەر دیجلە و ئەو گەشتانە بێ ڕادە خۆشحاڵ دەبووین، سەفین میناکی بەچکە چۆلەکە باڵی دەگرت، چونکە ئەو شتی سەیری پیشان دەدا و دەستی بۆ هەرچی شتێک درێژ بکردایە بۆی دەکڕی و یاریشی لەگەڵدا دەکرد، جاروباریش بۆ سینەما دەیبردین، من هۆگری سینەما سندیباد بووم، بەڵام ئەو حەزی دەکرد بچینە سینەما ڕۆکسی، یان سینەما غازی و ئەلحەمرا، چونکە زۆربەی کات فیلمی کابۆی و مافیا تێیاندا پیشان دەدرا. لەوێ لە سینەما ئەلحەمرا کەڕەتێکیان فیلمی"جارێک لە جاران ئەمە لە ئەمەریکادا ڕووی دا" و جارێکیشیان لە سینەما غازی "ئال کاپۆن" و "باش و خراپ و ناشرین"یشمان لە سینەما (ڕۆکسی)دا بینی، بۆ من لە هەمووی خۆشتر بینینی فیلمی"موسافیر"بوو کە چەند جارێک بۆی چووین، هەر جارەو دەتگۆ خۆم و سەفین دەبینم، بە کوڵ بۆ چارەنووسی ئەو باوک و منداڵە دەربەدەر و لانەوازە دەگریام.

ئەو لە یەکێک لەو گەڕانە سەرەتاییانەدا بوو کە بە هەناسەساردییەکی قووڵەوە، وەک ئەوەی سەرنوێشتی من بخوێنێتەوە، وتی من خۆم خۆمم پەڕەوازەی ئەم شارە کردووە، تا کەس مۆری ترسنۆکی و بوودەڵەییم پێوە نەنێت و پێم نەڵێت بۆچی سەرلەنوێ ڕێی عەشقە چیاییەکەی خۆت ناگریتەوەبەر، من هەرگیز ئەو کەسەی جاران نیم بتوانم بە ڕۆژێک چەندان گوند بکەم و لە چەندان شەڕدا ئارەقە و خوێن بڕێژم و بە هەموو شتێک بگەم تەنها خودی ژیان نەبێت! نەخێر، نامەوێ تەمەنم تووشی شکستی تر بکەم، ئەو هەموو مەرگە، ئەو بێ بەهاییەی ژیان، ڕەنجەکانمان کە با خاوەنێتی، چونکە بێ چەند و چوون ئاکام هەر یەک کەس مێژووی دەبێت و...

تا ژیانم چیدی بەرگەی نوشووستی ناگرێت، دەمەوێ ئەو بەشەی لێی ماوەتەوە بۆ خۆم بێت، بایی تەمەنێک ساردی و گەرمی و کوێرەوەریم چەشتووە و ئیتر قەت نامەوێ وەک ئەوسا لە شتێک بەشدار بم کە زەرەرمەندی سەرەکی هەر خەڵکی من ئاسا بن، هەموو شتێک بۆ دەستەیەک قۆرخ بێت و مەرگ و گۆڕغەریبی و دەربەدەری و مەینەتی و کەساسیش بۆ قەلەندەرە من ئاساکان بمێنێتەوە! ژیان... بەڕاستی دەمەوێ بۆ ماوەیەکی درێژ دەستی پێوە بگرم، لەزەت لەو شتانە بکەم کە لە تانوپۆیدا هەن، ئێ خۆ ئێمە هەر بۆ مەرگ نەخوڵقاوین! دەزانی ئەم چارەنووسە تۆی زۆر.. ئەوەی بە نیاز بوو بیلێت لە شوێنێکی گەروویدا تاسا، قەدەرێک تەقەللاکانی سەریان نەگرت، بەڵام دواجار گوتی: ناکرێ بۆ من بیت و؟ منیش بە ڕاشکاوی پێم وت: پێداویستییەکانی من و (سەفین)ت پێ دابین دەکرێت؟ ئەویش، چون خەڵات کرابێ وتی: مەحموودی هاوڕێم دەتوانێ ئیشێکت بۆ فەراهەم بکات، بێ گومان بە مووچەکەی خۆیشم. ئیدی دوای ئەوەی ماوەیەک بەسەر چوو، لێم پرسی ئەرێ ئیشەکەی تۆ چییە؟ وتی لە دەزگایەکی ڕۆشنبیریدا کاردەکەم، بە ڕووقایمی سەرومڕ بووم و وتم : لەوێ چی دەکەیت؟ وتی: من شاعیرم، لەوێ بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤارێکم، ئەوسا دەستبەجێ وتی باشبوو شاعیرێتی خۆمت وەبیر هێنامەوە، دەزانی بەر لە چەند ساڵێک شیعرێکم نووسیوە هەر دەڵێی بۆ تۆم وتووە! ئەوەندە ڕاستگۆ و منداڵانە ئەوەی وت، تابڵێی سیلەی ڕەحمم بۆی بەتین و تاوتر بوو و کتوپڕیش گریانێکی بێ هەدادان دەستەویەخەم بووەوە، پەنجەکانی بە ڕوومەتمدا هێنا و زوو لای برد وەک ئەوەی داغ بووبن، زۆر نەوازشی کردم و نەرمونیانی نواند، بەخۆمم وت: چی دەبوو تووشی ئەو ڕوح گلاوبوونە نەهاتبامایە. هەستم کرد ئەگەر بەو چەشنە بیر بکەمەوە، لە خولگەیەکدا دەخولێمەوە کە بە دەوری بۆشاییەکی گەورەدا بازنە دەبەستێت! ئەو ساتە، ئەگەرچی هیچ تالیبی بیستنی شیعریش نەبووم، بەڵام داوام لێ کرد بۆم بخوێنێتەوە، ئەویش ئەزبەر بۆی خوێندمەوە، بەڵام هێندە بە عیشقەوە وشەکانی دەردەپەڕاند و کارامانە پارێزگاری لە ئاوازە گونجاوەکەی دەکرد، زۆریم لە یاد چەسپی، ئەوەی زۆر بە تۆخیی بیرمی کردە پەڕە و تێیدا نووسرا، ئەو کۆپلەیە بوو کە دەیوت: (با بە تەنیا هەر بۆ من بیت/ جێگاکەت هەر بۆ من ڕاخە/ چ ئازارێکم تیا ماوە/ هەموویم لە گیان دەربێنە/بە گوشینێک/ تۆڵەی تینووێتیی تەمەنم لێ بستێنە/ بە مژینێک/دەزانم تۆش هەر وەکو من/ پەروەردەی مەمکی گرینی/ تۆش

فرمێسکی/ تۆش برینی/ تۆش وەکو من/ وەکو یەزدان/ خۆشیی بێهوودە دەفرۆشی/ بۆ لەتێ نان...) کە بە حەسرەتێکی ئاگرین لە خوێندنەوە بووەوە، دەتگۆ لە نوێنی شازادەیەکەوە دێتە دەر، بە قووڵیی چاوە خومارەکانی نوقمی ناخم کرد و قومێکی تاسە شکێنی لە جگەرەکەی دا، بە میهرەبانییەوە وتی: ئەی تۆ بۆچی سەراسیمەی ئەم شارەی؟ زانیم پرسیارەکەی هەنسک بەرەڵڵای کردووە، گورج هەستم پێی ڕاگەیاندم کە گۆناکانم داگیرساون، بۆیە بەوپەڕی بێ پێچوپەناییەوە وتم: دەمزانی ئەو ژنە ژیلەمۆییەی مام تەهاکەی گەڕەکمان هەمیشە بۆم لە بۆسەدا بوو، نەک هەر ئەو گەلێکی تریش سیخوڕییان دەکرد، دوای بە شەوارە کەوتنی باڵندە کێوییەکان، مەردوم گوشاری بۆ هاتبوو، بەشێک وای لێهاتبوو، پشتی لە بۆڕخواردوو کردبوو.

باوکی سەفین بوونەوەرێکی سەیر بوو، هەر لەبەر ئەوە ڕای کردەوە، چونکە بۆ باشوور ڕەوانەیان کرد و لەوێ سییەکانی هەرگیز نەیانتوانی فێری هەناسەدان بن. ئەو کاتانە سەر لێدانی زۆر ئەستەم بوو، هەر چەند مانگ جارێک زۆر بە نهێنی دەچوومە لای، بەر لەوە دەبوو بە دەروجیران بڵێم نەزرم کردووەو دەبێ بۆ زیارەتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی بڕۆم، بەر لە هەموو کەسێ ئەو ژنە شین و مۆرەی مام تەهام تێدەگەیاند، چونکە ڕۆڵی ڕادیۆیەکی کراوەی دەبینی، یان خۆی لێی دەپرسیم: ها، ئۆغر بێ؟ منیش پوورەیەک تووڕەیی تێم دەورووکا و دەموت: بۆ زیارەتی شێخی گەیلانی دەچم. هەندێ جار ڕوخساری بە شێوەیەک قاڵبی دەگرت وەک بڵێی بۆتەیەک بێت و کۆمەڵێک سەرکۆنەی گرتبێتە خۆ، ئەگەرچی کەرەتێکیان سەرداری کوڕی باجی سافییە کە لەوێ دەیخوێند، پێی وتبوو منی بە لەچکێکی شین و عەبایەکی دێزەوە بینیوە کە چۆن خۆم بە دەروازەی مزگەوتەکەدا کردووە، ئیدی مەسەلەکە نەختێک ئەهوەنتر بووبووەوە و هەندێ جاریش کارەکەی خۆمم پێ دیزە بە دەرخۆنە دەکرد و دەموت لەوێشەوە دەچمە عیمارە و سەرێک لە باوکی سەفین دەدەم، چونکە هەر کە هاتەوە بەرەو ئەوێ دوورخرایەوە، بە جۆرێک لێم ڕاما و چاوەکانی بزەیەکی ئەوتۆیان دەرهاویشت، وەک بڵێی تەماشای مانگایەکی بەکەڵ بکات! بەڵام ئەوە هەر تەنها ماوەیەکی کورتخایەن بوو کە بەو قسەیەی وت ئامین و دواجار نەک هەر ئەو، بەڵکو زۆری تریش گومانی خراپیان پەیدا کرد، چونکە من هەندێ جار بە ڕۆژێک دەچووم و بۆ سبەینێکەی هاتبوومەوە، چەند جارێکیش بیستبووم پرسیبوویان چۆن دەکرێ بچێتە ئەوپەڕی وڵات و بۆ ڕۆژی دواییش بێتەوە؟ بەڵام گومانی هەندێکیان زۆر لەوە بەدتر بوو کە وێنا بکرێت، کەرەتێکیان دەمویست پێی بڵێم پیاوەکە من ئیتر نایەم، بەرگەی ئەو هەموو مقۆمقۆ و پسکە پسکە خراپانە ناگرم کە بە سایەی تۆوە خراونەتە دوام و ناوەناوە بە ئاشکرا گوێم لێیە دەڵێن کە من بۆ هێن.. بۆ بەغدا دەچم و کەچی بەو هەموو تۆزوخۆڵ لێ نیشتووییە و بەو بارە قورسەی لە خۆی هەڵواسیبوو، غەریبییەکەیشی لەلایەک بوەستێ، دڵم بەرایی نەدا متەق بکەم، بیرم لەوە کردەوە کە نابێت ئەوە ژیانی بێت و منیش ستەم و دڵڕەقیی بکەم و لێگەڕێم زۆر تامەزرۆم بێت و نەیەم بۆ دیداری! دەمزانی کە مردن نسێ بەسەر ژیانیدا دەکات و دەمزانی ئەو دیدەنییە پچڕ پچڕەیش ئەو نسێیەی لەسەر کاڵ دەکردەوە، بۆیە کە بریقە بریق و ترووسکەیەکی سەرسوڕهێن چاویان دەتەنییەوە، کتوپڕ پاشگەز دەبوومەوە و دەمگوت نەفرەتیان لێ بێت، چی دەڵێن بابیڵێن، قابیلە لەمە زیاتر چی دەقەومێ؟ ئەو هەمیشە پەی بە غایلەکانی من دەبرد و دەیزانی ژیانم لەوە سەختترە بەرگەی بگیرێت، بۆیە دڵنەوایی دەدامەوە و دەیوت هیچ خۆت سەغڵەت مەکە، قەدەر جارێ با هەر وابێ، ئیتر هەر جارە و لە شوێنێک، هەر جارەو لە ئاواییەک، دێیەکی چەپک و دوورەدەست، هەر ڕۆژەی یەکێک بە نیگای پیس و چاوی نەگریس پێمدا هەڵدەشاخا، وام لێهاتبوو کۆڵانەکەمان بووبووە بزرگەیەکی بێ ڕادە و نەمدەزانی چۆن لێی ڕاپسکێم، لێی دەرباز بم؟ بە قسە ڕوحیان گلاو کردبووم و دڵم وێنەی دوومەڵێکی خوێناڵووی لێهاتبوو، دەترسام تووشی حاڵوبارێکی ئەوتۆ بم باوەڕ بەو قسەڵۆکانە و ئەو چیرۆکانە بهێنم کە ئەو عالەمە لەبارەی منەوە دەیان گێڕایەوە، دەترسام لەچاوی خۆم بکەوم و سووک بم، کە دەیانگوت بۆهێن... بۆ بەغدا دەچێت.

ڕۆژێکیان دەروێش خەلیفەی دوکاندار کە بینیمی کەوتە دەمەبۆڵە، من چەند هەنگاوێک ڕابووردم، ئەنجا هێدییەک دەنگی بەرزبووەوە و گوێم بەوە زرنگایەوە دەڵێت: ئەی ئێمە چیمانە؟ ناتوانین کفتە پڕ بکەین لە قیمەی... هەر ئەوانەی بەغدا ئەوەیان پێ دەکرێت؟ ئیتر ئەوە تین و تاوێکی بێ ڕادەی بۆ هێنام، گەلێک پەست و دڵتوندی کردم، ئەو جارە کە سەرم لێیدا، لە گوندێکی دوور بوو، لە ماڵی مەلاکەدا چاوەڕوانی دەکردم، هەر لە سیرەوە هەتا پیاز، هەموویم بۆ هەڵڕشت، پێم وت ئیدی ناگەڕێمەوە، تاقەتی ئەو هەموو چاوە پیس و پسکە پسکە دزێو و نیگا نازانم چییانە ناگرم. ئەو بیری کەوتبووە داوی شتێکی ترەوە، بە هەر شێوەیەک بووبێت دەیویست ببێتە پاڵەوان، کێ دەبوو بە قوربانی لای گرنگ نەبوو، چیش لە ئێمە دەهات چش، چەند جار

دووپاتەم کردەوە و وتم ئەم هاموشۆیە بە من ناکرێت، لەگەڵ سەفین لێرە لە ژوورێک نیشتەجێ دەبین، بەڵام ئەو هەر بەرهەڵستیی کرد و ڕازی نەبوو. دواجار وتم ئاخر خەڵکی گەڕەک تانە و توانجی ئەوەم تێدەگرن کە بۆ هین... دان بۆ بەغدا دەچم، دەڵێن... وەلێ ئەو هەستا مەلاکەی بردە سووچێک و بینیم چاوە تکابارەکانی ئەم لاو ئەولایان ڕوومالّ دەکرد، بە دەستێک ئیشارەتی بە ژوورەکەی تر دەدا، مەزەنەی ئەوەم کرد کە بەدوای چ بەزمێکدا دەگەڕێ، ئیدی ئەو شەوە وتووێژەکەمان لەوێ پچڕاو گرێمان نەدایەوە. ئەویش هەر نەدەخەوت، دەتگۆ لەگەڵ چۆلەکە گرەوی کردووە، هەتا وای لێهات وشکی کرد و چەند قولانجێک زمانی شۆڕبووەوە، بۆ منیش خەو بوو بە بوونەوەرێکی تابلێی سرک و هەرچییەکم کرد پێم دەستەمۆ نەکرا، بیرم لەوە کردەوە من چۆن لە دنیاکەی خۆم خزاوم وخەڵکیش هێندەی مسقالێک تێیدا جوولەیان نەکردووە و هەر سەرقاڵی نەریتە بەردەوامەکانی خۆیانن، پارە قۆزتنەوە ناپاکی کردن. لە هەموو شتێک و ڕەمەکیش هەر چەقیانە، ناوکۆیە لە ژیانیان و بەهیچ کلۆجێکیش لێی دوور نەکەوتوونەتەوە و کەسیش ئەوی دەربەدەری ئەو ڕووتەڵانانە بە نوێنەری خۆی نازانێت! ئەو شتانەیش کە ئێستاکە بایەخی پێدەدەن لەگەڵ شتە جێبایەخەکانی ئەودا یەک نایەنەوە! ئەو بە خۆشباوەڕیی خۆی وایدەزانی خەڵک پێی دەزانن و هەرگیز هەستی بە هیلاکی و داهێزراویی دڵم نەدەکرد، تەنانەت تێبینیی هاوڕێکانی خۆیشی نەدەکرد کە چۆن تێم دەڕوانن، بە چاوێکی ئەوتۆوە دەیانقۆزتمەوە هەر وەک ئەوەی گلێنەکانیان گێژەنگی دەریایەک بێت و بێ بەزەییانە هەڵم بلووشێت، بەڵام ئەو لەوە بێ خەمتر بوو کە گومان زەفەری پێ ببات، چونکە لە پێناوی ئەواندا بڕوای بە شتێک هێنابوو. چوزانێ ئەوان لە چلپاوی چ جۆرە تێفکرینێکەوە لەوتاون! هەر کە بەیانی بە بێ ئومێدییەکی ناهەموار و بێ ڕادەوە بینیمی پێم وت، ئاخر بۆچی منت دەسخەڕۆ کرد، بۆچی بە تاقی تەنیا جێت هێشتم و بۆ عیمارە چوویت، چەند مانگ جارێک دەهاتیتەوە و ئەی بۆچی هێشتت (سەفین)مان ببێت، بۆچی.. بۆچی ئێستا کێ پێداویستییەکانی لە ئەستۆ دەگرێت و چاوم لە دەستی...؟ بە کەمتەرخەمییەکی مەلوولانەوە وتی: خەمت نەبێ ئەو مەسەلەیە لەگەڵ برادەرانی شار تاووتو دەکەم. هەر ئەوەندە، ئیدی تا ماوەیەکی درێژ هیچ وەڵامێکم لەو بارەیەوە نەبیست و بە ئەنقەست چەند جارێک سۆراغیم کرد، بەڵام خۆی لێ بوارد من دەمزانی وەڵامی برادەرانی شار چی دەبێت، زوو، یان درەنگ بەشداری لە ڕوودانی ڕووداوێکی

چاوەڕوانکراو دەکەن برادەران! وەک عیزرائیل پێویستیان بە ڕوحی ئەو هەیە و ئەگەر بیشیانەوێ شتێک بۆ من بکەن، ئەوە لە بەرانبەردا ڕوحیان لە من ناوێت، بەڵکو هەستم بە تاق و تەنیاییەکی بێ وێنە کرد، لەوە تێفکریم کە دەبێ زۆر بە جددی مشووری خۆم بخۆم، ئەو ڕۆژە، لە زاڵگەکە ناسیمیانەوە، ئۆتۆمبێلەکەیان ئیزن دا و منیان هێشتەوە، ئەو ڕۆژە، گڵاوییان لە زێمدا ڕواند، نەک هەر ئەو دو... تەنانەت ئەو دوو سێ گەنجە هاوشارییەیش کە هاوکاریان بوون، بە کەیف و سەفاوە نۆرەیان گرت و (سەفین)یش بە قولپەی گریانی من و لەخۆدانی بێ هەدادانم دەیزریکاند و ژێر نەدەبووەوە، پاشان ئۆتۆمبێلێکیان ڕاگرت و فڕێیاندامە ناوییەوە، سەرنشینانی ئۆتۆمبێلەکەیش کە ئەو شپرزەیی و تێکچوونەیان بینیم هەر هەموویان بە شێوەیەک تەماشایان دەکردم وەک بلێی مۆری تاوان بە منەوە بنێن، پاش چل و پێنج خولەک گەیشتمە ناو کۆڵانەکەمان و لەولای دەرگاکەمانەوە کوڕەکەی شێخ ئۆمەر ڕووبەڕووم هات، ڕۆژی چوارشەممە بوو، چاوە باشقاڵەکانی داپچڕاند و بەبێ شەرم کردن وتی: ئەوە ئەمڕۆ خۆری ئێمە لە کوێوە هەڵهاتووە؟ منیش بە بێ ئەوەی پاسقی بدەمەوە، لە ناخی شڵەژاو و نغرۆمدا وتم خەو ببینە، لە هەر شوێنێکی ئەم دنیایە خۆر هەبێت لێرەدا نییە! دڵم توند توند بوو، نازانم بێ دەربەست بووم، یان چی، بەڵام بڕیاری یەکجارەکیی خۆمم دا و وتم هەرچییەک دەبێت ئیدی من ناگەڕێمەوە بۆ لای ئەو باوەڕ، ڕێز و حورمەت، هیوام پێی لەق بوو، بە نەمانی ئەم شتانەیش ڕادەی خۆشەویستیی کەم بووەوە و چیدی هێزی کێشکردن لە نێوانماندا نەما، سەرباری هەموو شتێکیش، ئەوەی دەمزانی ئەوە بوو کە سەفین هەموو ڕێگایەکی لێ گرتبووم و نەمدەتوانی خۆم بە هیچ یەکسان بکەم، ئیدی هەر دەبوو ڕێگای بەغدا بگرمەبەر و کە ئەوێشم بەجێ هێشت، بە چاوی تەڕەوە تەماشام کرد و وتم : لەلای گوفەکەکەی نزیک"نەهزە"دا ئادەمم دۆزییەوە.

**کانوونی دووەمی ٢٠١٤: هەولێر.**



# خەون

**موعتەسەم ساڵەیی**
**(کەرکووک)**

خەون دنیایەکی لەبن نەهاتووی بێ کۆتایی بەرهەڵە، ئەوەی بەبیرتدا دێت و نایەت ئەوە هەمووی لە جیهانی جەنجاڵ و ئاڵۆزی خەوندا بەدی دەکەیت. هەروەک زانا و دەروونناسەکان بۆی چوونە و ڕاڤەی دەکەن، گوایە خەون لەنائاگاییەوە هەڵدەقوڵێت و دێتە ئاراوە، بەڵام سەرەڕای هەمووی جاروبار ئاگاییش خۆی دەخزێنێتە نێو ڕووداوەکانی خەونەوە. ئەوەی ڕاستی بێت من خەونێکم بینی و هەست و هۆش و ئاگایی و نائاگاییم ئاوێتەی یەکتری بوون و تێکەڵی خەونەکەم بوون، بێ گومان خەونی نووسەرێک، یان بەشێوەیەکی ڕوونتر خەونی چیرۆکنووسێک زۆر جار بە تانوپۆیە، بۆ نموونە جیاوازییەکی تەواوی لەگەڵ خەونی خاوەن پیشەیەکدا هەیە. زۆر جار لەمیانی خەونێکدا سەری دەزوولەیەکم بۆ داڕشتنی چیرۆکێک بەچنگ دەکەوێت. لاتان سەیر نەبێت ئەگەر بڵێم من لەو خەونەمدا هەردوو لایەنی ئاگایی و بێ ئاگاییم بەیەکەوە گرێ داوە.

لە سەردەمی منداڵیمدا بە شێوەیەکی ڕوونتر لەو دەمەیدا کە قوتابی بووم، لە وانەی بیرکاری و ماتماتیکدا بەڕادەیەکی زۆر کۆڵەوار و بێ توانست بووم. ئێستایشی لەگەڵدا بێت هەر بەهەمان شێواز وەک قوتابییەکی زیرەک، یان وەک بازرگانێک سەرم لە ژمارەکان دەرناچێت. هەندێک جار شەوی پێش ڕۆژی دیاریکراو بۆ تاقیکردنەوەی وانەی ماتماتیک، خەونی ناخۆشم دەبینی و هەمووی وەهایان پیشان دەدا کە لە ڕۆژی داهاتوودا لەتاقیکردنەوەدا سەرکەوتوو نابم و نمرەیەکی کەم بەدەست دەهێنم. لەو خەونە ڕەش و تەڵخانەدا نائاگاییم دیمەنێکی دڵتەزێنی بۆم دەخولقاند و وەهام دەهاتە پێش چاو گوایە لە سەربانێکی بەرز و بڵندەوە فڕێم دەدەنە خوارەوە. نائاگاییم ئەو کارەساتە تۆقێنەرەی بۆم پێکدەهێنا و زەندەقم دەچوو و زارەتەرەک دەبووم. لەو ساتە وەختەیدا کە بە ئاسمانەوە بەرەو خوار دەبوومەوە، لەپڕ چەمکی ئاگایی بەفریام دەکەوت و بەپەلە بە هانامەوە دەهات و هیۆری دەکردمەوە، پێی دەگوتم

مەترسە ئەمە خەونە و ڕاستی نییە، ئیتر منیش هەندێک لە ترسەکانم دەڕەوینەوە، پاشان لە خەو ڕادەپەڕیم و سەرتاپای جەستەیشم لە ئارەقەدا تەڕ دەبوو. لەم خەونە نوێیەمدا چەمکی نائاگایی و ئاگایی یەکانگیر بوون و دەشێت کە تەونی چیرۆکێکی نوێی پێ هەڵبچنم. دەگوترێت درێژیی هیچ خەونێک چرکەساتێک تێناپەڕێت، بەڵام لەمێشکی ئەو کەسەی کە خەونەکە دەبینێت کات و وەخت توولان دەکێشێت و وەهای بۆ دەچێت گوایە چەند سەردەم و عەیامێک دەخایەنێت. ئەو خەونەی منیش بەهەمان شێواز و لەسەر هەمان دەستوور ڕێچکەی بەستبوو. ئەوەبوو لەنێو شارێکی نامۆی گەورەدا خۆم بینییەوە، هەنگاوم دەناو بەجادەکاندا دەسووڕامەوە و تەماشای دوکان و کۆگاکانم دەکرد، وەها دیار بوو هەروەک پیشەی هەمیشەیی خۆم بە دووی کتێب و کتێبخانەدا وێڵ بووم. ئەوەی مێشکی دەورووژاندم و نیگەرانی دەکردم، لەنێو جامخانەکاندا جاروبار خۆمم وەک کەسێکی بە تەمەنی سەروریش سپی دەهاتە پێش چاو. لە هەمووی نەنگتر و جەرگبڕتر ئەوەبوو کە هێزی پێیەکانم نەبوون و بەزەحمەت هەنگاوم دەنا. وەها دیاربوو کە پیر و کەنەفت بووبووم، بۆیە گۆچانێکم بەدەستەوە گرتبوو تا یارمەتیی ڕۆیشتنم بدات. ئیتر ئەمە خەونە و وەهایش زانراوە کە لەنێو خەوندا هەموو شتێکی نائاسایی لە ڕادەبەدەر دێتە ئاراوە. لەپڕ ڕووی خۆم بەلای چەپدا وەردەچەرخاند، بینیم منداڵێکی توولازی دە، یان دوازدە ساڵان لەگەڵمدا هەنگاو دەنێت و بە ئاسپایی بەتەنیشتمەوە ڕەوت دەکات و هەنگاوەکانی لەگەڵ هەنگاوەکانی مندا دەنێت. هەرچەند تەماشام دەکرد و لێی ورد دەبوومەوە، شێوە و ڕوخساری لە منداڵیی ڕوودانی کوڕە گەورەکەم دەچوو. هەڵوێستەیەکم کرد و ویستم پەردە لەسەر نهێنییە سەرسوڕهێنەرەکان هەڵماڵم و پەی بەڕاستییەکان بەرم، بۆیە ڕووی دەمم تێکرد و لێم پرسی:

– پێم ناڵێیت تۆ کێیت و بۆچی شان بەشانی من هەنگاو دەنێیت!؟

بە سەرسوڕمانەوە دیقەتی دام و دەستی بەپێکەنین کرد. ئەوسا لێم هاتە وەڵام و وتی:

– باپیرە بۆچی نامناسیتەوە!؟ ئەی گوایە من جگەرگۆشە و کوڕەزای تۆ نیم.!؟

بەپەلە بەڕوویدا هەڵشاخام و پێم وت:

– ڕوودانی کوڕە گەورەم هێشتا ژنی نەهێناوە. ئینجا تۆ چۆن کوڕەزای منیت.!؟

– باپیرە پێویستە بڕوام پێ بکەیت.

– هێشتا عەقڵ و هۆشم لەجێی خۆیدایە و نەکەیت بە خرەفم تێ بگەیت و بەخەڵەفاو بێمە پێش چاوت.!

– هیوادارم خۆت هێور بکەیتەوە و لێم زویر نەبیت.

– ئەی گوایە دەبێت ناوت چی بێت؟

– من بێ ناوم و هێشتا ناوم لێ نەنراوە. ئینجا چۆن بانگم دەکەیت ئارەزووی خۆتە.

ئەم قسانەی ئەو کوڕە منی خستە گێژەنگەوە و تووشی واق وڕمانی کردم. لەبەر خۆمەوە هەر دەمپێوا و دەمڕشت، دەمگوت داخۆ دەبێت ئەم هەموو قسانە ڕاست بن.! لەم حاڵەتەیشدا پرسیار کردن زۆر ئاکامی باشی نابێت، بۆیە ناتوانم بەئارەزووی دڵی خۆم هەموو پرسیارێک بکەم و لە هەموو ورد و درشتێک بکۆڵمەوە، بەڵام سەرەڕای هەمووی ناچاربووم لە مەسەلەکان بکۆڵمەوە و بچمە بنجوبنەوانی هەموو ورد و درشتێکەوە. گۆچانەکەم بەدەستەوە گرتبوو بەهەنگاوی خاو و خلیسک بەرەو پێشەوە ڕێم دەبڕی. چاویلکەکەیشم یارمەتیی دەدام کە پێشی خۆم بەدی بکەم. لەپڕ نەختێک بەئاستەم پێم هەڵخلیسکا و ساتمەیەکم کرد، کوڕەکە بەهانامەوە هات و بەتوندی مەچەکی گرتم نەبادا لەسەر ئەو شۆستەی نێو ئەو بازاڕە ئاپۆرەیەدا بەسەر دەمدا بکەوم. جارێکی دیکەیش بەخۆمدا چوومەوە و لەخۆم پرسی داخۆ دەبێت ئاوەها بەم شێوەیە تەمەنم زیادی کردبێت و ئاگام لێ نەبووبێت.! کوڕەکەی تەنیشتم، یان کوڕەزاکەم وەها پێدەچوو ئاگاداری خولیای نێو مێشکم بووبێت، بۆیە هەڵیدایە و دەمی هەڵهێناو پێی وتم:

– باپیرە ئێستا تۆ پیرەمێردێکی بەتەمەنیت، وەها پێویست دەکات کە بەتەنیشتتەوە چاودێریت بکەم و ئاگاداریی تەواوت بکەم.

بەگومانەوە تەماشام کرد و پێم وت:

– چۆن بزانم کە من ئێستا کەسێکی بەتەمەنم؟

بۆ ئەوەی بۆچوونەکانی خۆی بسەلمێنێت دەستی گرتم و بەرەو ئاوێنەیەکی گەورەی هەڵواسراوی تەنیشتی کۆگایەکی بردم و پێی وتم:

– تکایە باپیرە لەنێو ئەم ئاوێنەیەوە تەماشایەکی خۆت بکە.

منیش ڕووبەڕووی ئاوێنەکە وەستام. بەواق وڕمانەوە دیقەتی سەر و ڕوخساری خۆم دا. بینیم وەک هەر کەسێکی بەتەمەن سەروڕیشم بە تەواوەتی سپی بووە، چاوە کزەکانیشم لەژێر چاویلکەکەمەوە چرچ و گۆشت پاروو بوونە. گۆچانەکەی دەستیشم باشترین بەڵگە و نیشانەی پیریم بوو. ئەوسا دڵنیا بووم کە کوڕەزاکەم بەڕاست و ڕەوانی لەگەڵمدا دەدوێت و درۆم لەگەڵدا ناکات. پاش ماوەیەک ڕێ بڕین چاوم گێڕاو لەو سەری شەقامە ئاپۆراکەدا هۆڵ و باڵەخانەیەکی گەورەم کەوتە پێش چاو. لەبەردەرکی بەگەورەیی نووسرابوو (هۆڵی وانەی دەروونناسی) هەر وەک ئەوەی گەنجینەیەکم دۆزیبێتەوە ڕەنگ و ڕووم گەشایەوە. من وەک نووسەرێک باشترین شت وەهایە خۆم بکەم بەو هۆڵەداو گوێ لە بابەتی دەروونناسی بگرم. نیازی دڵی خۆم بۆ کوڕەزاکەم درکاند و داوام لێ کرد کە لەگەڵمدا پێکەوە ئامادەی وانەی دەروونناسی ببین و لەنێو هۆڵەکەدا چەند ساتەوەختێک لێی دابنیشین، بەڵام کوڕەزاکەم وەک نارەزایی دەربڕین شانێکی هەڵتەکاند و لێم هاتە وەڵام و وتی:

– باپیرە ڕاستییەکەی من حەزم بەم جۆرە شوێنانە نییە.

ڕووی خۆم لێ گرژ کرد و پێم وت:

– ئەی گوایە حەز و ئارەزووت چییە؟

– زۆر بەپەرۆشم کە ئێستا لە یاریگای تۆپی پێدا وەک تەماشاکەرێک دابنیشم و بڕوانمە یاریی تۆپی پێ.

بەو وەڵامە قارس بووم و بەنیوە تووڕەییەکەوە پێم وت:

– ئەگەر تۆ بەڕاستی لەنەوەی من بیت، حەز دەکەم مەیل و ئارەزووت بەرەو ئەدەب و هونەر و بیر و هزر و زانیاری بێت.

بەهەرحاڵ بەجووتە چووینە نێو هۆڵەکەوە و لەڕیزی پێشەوە هەردووکمان بەتەنیشتی یەکترەوە لێی دانیشتین. کابرایەکم بینی کە لەسەر کورسییەک بەرانبەر بەدانیشتووانی نێو هۆڵەکە دانیشتبوو. وەها دیار بوو کە وانەی دەروونناسیی دەدایە بەرگوێی ئامادە بووان. بەڕیشە تۆبزەکەی و چاویلکە ئەستوورەکەیەوە بەڕادەیەکی زۆر لەزانایەکی ناسراو دەچوو. وانەکەی بەردەوام بوو کە لەبارەی جیهانی جەنجاڵی خەونەوە بوو. کورتەی قسەکانی لەوەدا چڕ دەبووەوە گوایە خەون لەچەمکی بێ ئاگاییە پەنگ خواردووەکانەوە لەکاتی خەودا سەر هەڵدەدات. هەندێک جار ئەوەیشی دووپات دەکردەوە گوایە چەمکی ئاگاییش جاروبار خۆی هەڵدەقورتێنێتە نێو خەونەوە. بەپەنجەی ئاماژەی بۆ کردم و بەدانیشتووانی نێو هۆڵەکەی وت:

– ئەم کابرایەی کە لە بەرانبەرمدا دانیشتووە ئێستا خەون دەبینێت، ئەوەی شایانی باسە چەمکی بێ ئاگایی و چەمکی ئاگایی لەلای یەکانگیر بوونە.

لەئاستی خۆمەوە بەو قسانەی تووشی واق وڕمان بووم. وتارە دەروونییەکەی گەیشتە کۆتایی و ئەوسا دەرگای ڕاوبۆچوون گۆڕینەوە و پرسیار و وەڵام خرایە سەرپشت. کابرایەک لە تەنیشتمەوە دانیشتبوو خەونێکی خۆی بۆ کابرای پسپۆڕ و زانا گێڕایەوە، داوای ڕاڤە کردن و لێکدانەوەی لێ کرد. وتی گوایە لەخەونیدا هەمیشە مارێک دەبینێت کە بەنیاز خراپییەوە بەدووی دەکەوێت و شاڵاوی دەباتە سەر. زاناکە لەکابرای پرسی ئایا پیشەی چییە؟ ئەویش لە وەڵامدا وتی دوکاندارە. زاناکە هاتە وەڵام و وتی:

– لێکدانەوەی ئەم خەونەی تۆ ئاسانە، ماناکەی ئەوەیە کابرایەکی دوکانداری نزیکت ئیرەیی و حەسوودیت پێ دەبات. ئەو مارەی کە بەشەوێ دێتە خەونت هێمایە بۆ ئەو دراوسێ دوکاندارە چاوچنۆکەت کە هەردەم خۆتی لێ دەپارێزیت.

لە ڕیزی پشتەوە کەسێکی تر دەنگی لێ هەڵبڕی و پرسیاری کرد و خەونێکی خۆی گێڕایەوە، وتی گوایە لەخەونیدا باڵندەیەکی باڵ شکاوی لەنێو قەفەسێکدا بەدی کردووە، کە زۆر بە زەبوونی و کەساسییەوە دەیخوێند و دەیچریکاند. ئەمیش لەخەونەکەیدا دڵی پێ سووتاوە و بەبێ هوودە زۆری تەقەللا داوە، بۆ ئەوەی بتوانێت دەرکی قەفەسەکە بۆ باڵندەکە بکاتەوە لەپێناوی ئەوەی هەڵیفڕێنێت و سەرفرازی بکات، هەرکە کابرا لە گێڕانەوەی خەونەکەی بووەوە. زاناکە پرسیاری لێ کرد کە ئایا کەسێکی نزیکی لە زینداندا بەند کراوە؟ ئەویش بەپەلە وشەی بەڵێی بەدەمدا هات و وتی گوایە بۆ ماوەیەک دەبێت برایەکی لە زیندان توند کراوە. زاناکە

کەوتە لێکدانەوەی خەونەکە و وتی:
- باڵندەکــە هێــمــایە بۆ برا بەندکــراوەکـــەت و قەفەسەکەیش هێمایە بۆ زیندان و بەندیخانە، بێ گومان هەروەک خەونەکەت دەریدەخات تۆیش هەردەم لە ئاستی خۆتەوە لەهەوڵ و کۆششدایت بۆ دەربازکردنی براکەت لە زیندان.
کابرای زانا و پسپۆڕ لەسەر قسەکانی ڕۆیشت و وتی خـــەون بە پێـــچـــەوانەی ڕواڵەتی ژیانی ڕۆژانەوە ڕەنگاوڕەنگ نییە، بەڵکو هەردەم ڕەنگی خەون ڕەش و تەڵخە. چاویلکەکانی داکەند و پرسیاری ئاراستەی من کرد و وتی:
- من خاوەنی دوو چاوی شینم، بەڵام ئایا تۆ ڕەنگی چاوی من چۆن دەبینیت.!؟
منیش بێ سێ و دوو هاتمە وەڵام و وتم:
- بەڕێز، من ئێـسـتـا ڕەنگی هەردوو چاوی تۆ وەک ڕەشی قەترانی دەبینم.
هەر کە ئەم قسەیەم لەزار دەرچوو، کابرای زانا بزەیەکی بۆ کرد و سەرتاپای دانیشتووانی نێو هۆڵەکەیش دایانە قاقای پێکەنین. منیش لە ئاستی خۆمەوە نیگەران بووم و دەستی کــوڕەزاکــەم گــرت و بە جـووتە لەهۆڵەکــە دەرچووینە دەرەوە. بۆ جـارێکی تریش کـەوتینەوە سـەر شۆستەی شەقامە ئاپۆراکانی شارەکە. جامخانەی دوکان و کـۆگـاکـان دەبریقـانەوە و هەمـوویان بە شت و مـەک و کـاڵای جـوان و تازە بابەت تەنرا بوون. کوڕەزاکـەم بەرەو کۆگای سیدی و قـورس فرۆشێک پەلکێشی کـردم. بە پەلە خـۆی کوتایە ژوورەوە و منیـشی لەگەڵ خـۆیدا برد و پێی وتم:
- دەمەوێت چەند فیلمێکی ئاکشن بکڕم.
ڕوو گرژیم دەرهەق بەداواکارییەکەی نواند و پێم وت:
- وەها چاکـە ڕووبکەینە کـتـێـبـخـانەکـەی ئەوبەری جــادەکــە، بۆ ئەوەی چەند کـــتـــێـــبـــێـک بکڕیت و بیانخوێنیتەوە.
کــوڕە ســەرپێــچی کــرد و ناچاری کــردم مل بۆ پێشنیارەکەی شل بکەم. چووبووینە نێو کۆگایەکەوە کە پڕاوپڕ بوو لە قـوڕس و سـیـدیی کـۆمـەڵێک گـۆرانی و فیلمی جۆراو جۆر. بەپەلە چاوێکم بەدەوروبەری خۆمدا گێڕا. بەدەنگێکی پڕ لە ناڕازیبوونەوە کەوتمە قسە و بە کوڕەکەم وت:
- ئەی گـوایە ئەگـەر بچین بۆ کـتـێـبـخـانەیەک و چەند کتێبێک بکڕین باشتر نییە.؟
وەها دیاربوو خـاوەن کـۆگـاکـە گـوێی لەقـسـەکـانمان بووبێت، بۆیە ئەو لەبری کوڕەزاکەم بەرپەرچی دامـەوە و وتی:
- واز لەم کـوڕەت بهـێنە و سـەربەسـتی و ئازادیی لێ زەوت مەکە.
ناچار بووم نییەت بهێنم و کۆگاکە بەجێ بهێڵم. پێش دەرچوونم بەکوڕەزاکەم وت:
- من ڕوو دەکەمە ئەوبەری شەقامەکە و خۆم دەکەم بە کتێبخانەیەکدا تا چەند کتێبێک بکڕم. تۆیش ئەگەر لە کڕین بوویتەوە بێرەوە لای خۆم.
بەهەرحاڵ جادەکەم بڕی و خۆم کرد بەکتێبخانەی کتێب فـرۆشـتندا. یەکـسـەر کـتـێـبـێکم بەرچاوکەوت کـە وێنەی دەروونناس فـرۆیدی بەسـەرەوە بوو. وەهای بۆ چووم کـە کتێبی (لێکدانەوەی خەون)ی فرۆید بێت. بەپەلە دەستم بۆ برد و دەرمهێنا و کەوتمە دیقەتدانی. لە کابرای خاوەن کتێبخانەکەم پرسی:
- نرخی ئەم کتێبە چەندە و بە چ زمانێک نووسراوە؟
ئەویش تاوێک بەقـسـەکـانم پێکەنی و ئەوسـا هاتە قسەو وتی:
- وەها باشــە لەیادت نەچێت کــە تۆ ئێـســتــا لە خەوندایت، بۆیە هەر کتێبێک بەهەر زمانێک بنووسرێت، ئەوە سەرجەم خەڵکی بەبێ جیاوازی لێی تێدەگەن، یان لەهەر جێ و شوێنێک بین لە جیهاندا و بە هەر زمانێک قسەمان کرد، بێ گومان تێکڕای خەڵکی لێمان تێدەگەن و ئێمەیش لە دەم و دووی ئەوان تێدەگەین.
قسەکانی بووە مایەی سەرسوڕمانم، ئەویش لە ئاستی خۆیەوە لەواق وڕمانم تێگەیشت و یەکسـەر هەڵی دایەو وتی:
- باش بزانە تۆ ئێستاکێ لەنێو جیهانی بێ کۆتایی و فـانتـازیایی خـەوندایت، لە دنیـای خـەونیـشـدا هیچ زمـانێکی دیاریکراوی تایبـەتی نییـە، بۆیە هەمـووان بەئاسانی لەیەکتری تێدەگەن. سەبارەت بەو پرسیارەت لەبارەی نرخی کتێبەکە، پێویستە جارێکی تریش بۆتی ڕوون بکەمـەوە کە لەنێو خەوندا نەپارە هەیە و نەنرخی شت و مەکیش هەیە، بۆیە کتێبەکە بەبێ بایی هەڵبگرە و بۆ خۆتی ببە.

دەرچووم و گەیشتمە سەر شۆستەکە. بەدەستێکم دار دەستەکەم بە توندی گرتبوو بەدەستەکەی تریشم کتێبەکەم هەڵگرتبوو. بۆ ماوەیەک چاوەڕوانیم کرد و بە هەموو لایەکدا چاوم گێڕا، بەڵام هەموو هەوڵ و تەقەللایەکم بێ سوودبوو و کوڕەزاکەم نەکەوتە پێش چاوم. بە تەواوەتی تووشی ڕاڕایی و دڵەڕاوکێ بووم. وەهام بەباش زانی خۆم بگەیەنمە کۆگای سیدی فرۆشەکە و لەوێدا بکەومە سەر و سۆراخ. کاتێک چوومە نێو دوکانەکەوە و لەخاوەنەکەیم پرسی سەبارەت بە کوڕەزاکەم، پێی ڕاگەیاندم کە لە مێژەوە ڕۆیشتووە و ئەو شوێنەی بەجێ هێشتووە. کابرا لێی پرسیم ئایا کوڕەزاکەم ناوی چییە و منیش لەوەڵامدا وتم:

– ناوی نییە و هێشتا ناومان لێ نەناوە.!

ئەویش بە گومانەوە تەماشایەکی کردم. بەوپەڕی نائومێدی و هیوا بڕاوییەوە دەرچوومە دەرەوە، بەتەنیشتی شۆستەکەوە لەسەر سەکۆیەک دانیشتم. پاش ئەوەی ماوەیەک بەسەرچوو دوو پۆلیس بەرەو ڕووم هاتن و یەکێکیان بەوی تریانی وت:

– بەپێی ناوونیشانەکە ئەم پیرەپیاوە خۆیەتی.!

بەو قسەیە سەرسام و نیگەران بووم و لێیان ورد بوومەوە. پۆلیسەکە لێم نزیک بووەوە و لێی پرسیم:

– ئایا تۆ باوکی (ڕوودان)یت کە ئێستا ون بوویت؟

بەپەلە وتم:

– بەڵێ من ئەو کەسەم، بەڵام من ون نەبوومە، بەڵکو کوڕەزاکەم گوم بووە!

پۆلیسەکە سەرێکی باداو وتی:

– نەخێر، بەڵکو تۆ بزر بوویتە و کوڕەزاکەیشت ئێمەی پیاوانی پۆلیسی ئاگادار کردووەتەوە و ناوونیشانتی پێ داوین، ئەوەتا ئێستا شەقام بە شەقام بەدووتدا دەگەڕێین، باش بوو خۆشبەختانە لێرەدا تۆمان دۆزییەوە.

بە بیستنی ئەو قسانە شڵەژام. خەریک بوو ئازای لەشم لە داخ و خەفەتدا بمەیەت. پۆلیسەکە لێم نزیک بووەوە و زۆر بەهێمنی و لەسەرخۆ قۆڵی گرتم و پێی وتم:

– هەڵسەو بەپەلە وەرە لەگەڵمان، هەڵسەو بەپەلە وەرە لەگەڵمان.

وەک شێتگیر چاوم کردەوە و لەخەو ڕاپەڕیم. بینیم ڕوودانی کوڕم بەدیارمەوە وەستاوە و لەسەرخۆ قۆڵ و بازووم ڕادەوەشێنێت و یەک لەسەریەک پێم دەڵێت:

– هەڵسە و بەپەلە وەرە لەگەڵمان، هەڵسە و بەپەلە وەرە لەگەڵمان.

بەوپەڕی شپرزەییەوە بەسەر جێگای نووستنەکەمەوە لەسەر قەرەوێلەکە ڕاپەڕیم و لێی دانیشتم و بەسەرسامییەوە تەماشای ڕوودانی کوڕم کرد. ئەویش درێژەی پێداو پەیتا پەیتا دەیوت:

– هەڵسەو بەپەلە وەرە لەگەڵمان، هەڵسەو بەپەلە وەرە لەگەڵمان.

درێژەی بەقسەکانی داو وتی:

– باوکە ئەم دەمەو عەسرە کەی وەختی خەوتنە.! دەبێت ئێستا بچین بۆ خوازبێنی، ئێستا ماڵی دەزگیرانەکەم لە چاوەڕوانی ئێمەدان.!

ئەمەی وت و دەرچووە دەرەوە و منیش هێدی هێدی هاتمەوە سەرخۆم و کەوتمە سەر هەردوو پێم و لە ئاوێنە هەڵواسراوەکە نزیک بوومەوە. بە شپرزەییەکی زۆرەوە کەوتمە دیقەتدانی سەروسیمای خۆم. خۆمم چاو پێکەوت کە تاک و تەرا سپێتی کەوتووەتە قژە سەرم. خۆشبەختانە هێشتا بەو ڕادەیەی خەونەکەم پیر و کەنەفت نەبوومە. هەرگیز تا ئێستایش هیچ کوڕەزایەکم نییە! سەبووریم پێدا هاتەوە و ئەوسا بەخۆمم وت:

– خوازبێنی کردن بۆ ڕوودانی کوڕە گەورەکەم بووە مایەی ئەم خەونە ناخۆش و تەڵخەم!.



# مردنەوە

**زاموا محەمەد**

-١-

"تا ئێستا چەند جار کچۆڵە تاقانەکەت لەبەرچاوی خۆتدا گیانی لە دەست داوە؟"

لە دوایین دیدارماندا، بەر لەوەی خۆم بکوژم، ئەوەم بە نزیکترین هاوڕێم گوت، یان با بڵێم ئەوەم بە تاکە هاوڕێکەم گوت. تەنیا سات کە مرۆڤ تێیدا لەگەڵ خۆیدا ڕاستگۆ بێت، ساتی خۆکۆشتنیەتی، دوای خۆکوژییەکەشم ئەگەر لێم بپرسن بۆ وات کرد؟ دەڵێم تەنیا لەبەر ئەوەی حەزم دەکرد! درۆیە، تەنیا حەز جڵەوی ئینسان شل دەکات، ئێمە هەوڵ دەدەین تا بگەینە ئامانج، ئامانجمان بۆ چییە؟ تەنیا حەزمان لێیەتی و تەواو، یارمەتی هەژاران دەدەین، ئەمیان لەپێناوی چی؟ یان لە پێناوی سوکنایی دەروونە، یان لە پێناوی ڕەزای خودایە، ئەی ڕەزای خودا و سوکنایی دەروونمان بۆ چییە؟ تەنیا حەزمان لێیانە، مار و شەیتان بێ تاوانن، حەوا حەزی لە سێو بوو، بۆیە خواردی، خوداش تەنیا حەزی کرد ئینسان دروست بکات، بۆیە دەستی کرد بە بەزم و ڕەزمی خەلیقەت.

مەستانی خێزانم دوای مردنی، (خەندە)یەکی چکۆلانە و باریک، خەم و مەشەققەتی بۆ من جێهێشت، بۆ منێک کە نە دەمتوانی کرێی خانووەکەمان بدەم، نە خانوویەکی تر بدۆزمەوە و نە کارێکی باشتریش، (خەندە)ش تازە باخچەی ساوایانی تەواو کردبوو، پێداویستییەکانی قوتابخانەشی بۆ من خەمێکی تر بوو.

هەینییەک لەگەڵ (ڕێبین)ی هاوڕێمدا بەناو بازاڕدا پیاسەمان دەکرد، هەر یەکەمان بۆ شتێک دەگەڕاین کە دڵنیابووین لەو شوێنە و لەو کاتەدا دەستکەوتنی مەحاڵە، ئەو دەیویست بەهۆی بڕوانامەی دەروونناسییەکەیەوە لە شوێنێک دەستبەکار بێت و منیش دەمویست خانوویەکی بچووک بۆ خۆم و خەندە بدۆزمەوە، لەپڕ ڕێبین وەک ئەوەی لە خەوێک ڕاچڵەکیبێت، سەیرێکی چواردەوری کرد و پێی گوتم کە خانوویەکی کۆن، بەڵام هەرزان و گونجاو پێ دەزانێت و کەی من ئامادەبووم، دەچین بۆ سەیرکردنی، منیش پڕ بەدڵ حەزم دەکرد لە کرێی زۆری خانووە کۆنەکەم ڕزگارم ببێت،

تا بتوانم لانی کەم هەندێک پۆشاکی نوێ و بووکەڵە بۆ خەندە بکڕم و بۆ تاقە جارێکیش وەک باوکێک بڕەفتێم و بیبەم بۆ شاری یاری، تا خەندەش لە دوای مردنی دایکی، دیسان هەست بکاتەوە کە منداڵێکە وەک منداڵەکانی تر.

دوانیوەڕۆی هەمان ڕۆژ لە بازاڕەوە هاتین بەرەو ئەو گەڕەکەی کە من پێم دەگوت گەڕەکی ژنە بێ ئیشەکان، کووچەیەک بوو هەر کە ئێوارەی لێ دادەهات، هەموو ژنەکانی دەهاتنە دەرەوە و دەستیان دەکرد بە گێڕانەوەی بەسەرهاتی ناوجێگای دوێنێ شەویان، یان لە باشترین حاڵەتدا دۆستەکانی بێوەژن و سۆزانییە نارەسمییەکانی گوزەرەکەیان بۆ یەکتری دەژمارد، ڕۆژگارێک هاتبووە پێشەوە کە تێیدا تەنانەت لەشفرۆشیش بووبووە پیشە و لێزانینی خۆی دەویست، سۆزانییەکان دەبوا بڕوانامەی لەشفرۆشی و بەڵگەی تەندروستییان پێ بێت تا بتوانن لەسەر چرپای کەسایەتییە دیارەکان و ئەندام بە پەروباڵەکانی حزب پاڵ بکەون، ئەوەشی هیچ بڕوانامە و پشتگیرییەکی نەبوایە، دەبوا بەدووی پارووە بچووکەکانەوە بێت، ئێ خۆتان دەزانن، ڕەقەم دەدەی بە کوڕێک و ئەویش دەیداتە برادەرەکانی، ئێ ئەوانیش کەی زەوقیان لێی بوو، تەلەفۆنێکت بۆ دەکەن و بە سەیارەکەیان دەتبەنە شوێنێکی چۆڵ و لەوێ لە دوای ماشێنەکەدا هەر بە جلەوە کاری خۆیان تەواو دەکەن و پارەی خۆت وەردەگریت.

بە هەورازێکدا هاتینە خوارەوە و گەیشتینە کۆڵانێکی کۆن کە خانوویەکی گڵێن و کپ لەسەر سووچەکەی بوو، لە ناوەوە دوو هۆدە و هەیوانێک و حەمام و دەستاویشی هەبوو، بە قەولی (ڕێبین)یش زیادی هەبوو بۆ کچ و باوکێک کە نە کەسیان هەیە بێتە میوانیان و نە خۆشیان هێندە دەکەونە ماڵەوە، بۆ کچێک کە تا ئێستاش نەیدەزانی قەنەفە چییە و باوکێکیش کە تاکە هێڵی بەستنەوەی بە ژیانەوە ئەو کچە لاواز و بێ دایکە بوو.

پاش سەیرکردنی خانووەکە، ڕاستەخۆ ڕێبین بردمییە نووسینگەی سەر شەقامەکە و لەوێ کەوتینە گفتوگۆ دەربارەی کرێ و کاتی کرێدان:

- کاکە سڵاو.

- عەلەیکومە سەلام، یاخوا بەخێربێن.

خاوەن نووسینگەکە کابرایەکی ورگنی جامەدانی بەسەربوو، بەدەم چاخواردنەوەوە بەردەوام بووم لە قسەکردن:

- مامە گیان من بۆ خانوویەکی بچووک دەگەڕێم بۆ کرێ.

- وەبان هەردووک چاوم، مادامەکی، تۆ هانێ بەو مۆبایلەم کوڕەکەی خۆمم بۆ وەرگرە.

خوێندەواری نەبوو، تەلەفۆنەکەی خۆی پێدام تا ژمارەی کوڕەکەی بۆ بدۆزمەوە، تەلەفۆنەکەم دایەوە دەستی و دەستی کرد بە قسەکردن لەگەڵیدا: "کوڕم چۆنی؟ ئەوە لەکوێی؟ دە باشە، دە کاکیلێ، تۆ سەیارە تازەکەمم بۆ بنێرە، ئەها ئەوەی دوێنێ لە کۆمپانیا ڕامانکێشا."

- ئێستا سەیارەکەم دەهێنن و دەچین کام خانووەی جوانە پێشانتی دەدەم.

- بەڵام مامە من پێشتر سەیری ئەو خانووە گڵەی سەر سووچەکەم کردووە و ئەوەم بە دڵە.

نەفەسەکانی تەنگتر بوون و چەند دڵۆپە ئارەقێک لە نێوچاوانییەوە سەریان دەرهێنا.

- ئەهوو... ڕوکنەکە دەڵێیت! کوڕم ئەو خانووە بەکەڵکت نایەت، هی زۆر باشتر شک دەبەم.

- ڕاستییەکەی... من ناتوانم کرێی هەموو خانوویەک بدەم.

- ئێ کاکی من، تۆ خەمی پارەت نەبێت، ڕزق خوا لە عاسمانەوە دەینێرێت، ئەگەر هەر نەشتبوو، من بە قەرز دەتدەمێ، دوایش یان شتێک زیادەم بدەرەوە، یان شتێکم لەگەڵ پارەکەدا بە هەدیە بدەرێ.

- نا مامە گیان، سوپاس. تەنیا دەمەوێت کلیلی خانووەکەم بدەیتێ و بچمە ناوی.

دواتر لەگەڵ کابرادا لەسەر کرێیەکی گونجاو ڕێک کەوتین و پاش هەفتەیەک هاتمە نێو ئەم خانووە مەلعوونە.

-٢-

هەر ئەو عەسرەی کلیلی خانووەکەم وەرگرت، لەسەر ڕێگاکەشمان بۆ خانووەکە، بۆ یەکەمین جار بە ڕێکەوت گوێم لە ناوی خەزان بوو. ئاخ... ئەمیشیان چیرۆکێکی تر و غەمگینییەکی تر.

مرۆڤ تەنیا لە ساتی خۆکوشتنیدا دەتوانێت بەبێ هیچ باکێک ئەوەی لە ناخیدایە دەری ببڕێت، ئێمە هەموومان شتگەلێک دەزانین و لەناو خۆماندا قەتیسیان دەکەین، یان هەندێک جار پێچەوانەکانیان دەدرکێنین، تەنیا بۆ ئەوەی مەحەبەتی دەوروبەر بەدەست بهێنین. باوەڕ بکەن، ئەگەر ئینسان بۆ یەک ڕۆژ تەواو ڕاستگۆ بێت، ژیان لەسەر ئەم هەسارەیە نامێنێت، بەڵام لەگەڵ خۆکوشتندا حاڵەتەکە جیاوازە، مەرگ مەودایە لە نێوان

دوو پووچیـــدا، لە پووچی دووەمـــدا پێـــویســـتت بە مەحەببەت نابێت، چونکە یان دەچیتە تەمبەڵخانەکەی ئەودیو و ئەوەی دەتەوێت بە چەقـەنەیەک بۆت فـەراهەم دەکرێت، یانیش دەچیـتـە دۆزەخـەوە و ئێـوەش دایک و داپیـرەتان هەبووە و بۆیان باس کـردوون گـوزەرانی ئەویّ چۆنە، لە خـراپتـرین حـاڵەتیـشـدا نە بەهەشت و نە جەهەننەم بوونیان نابێت و ژیان لەوێدا دەوەستێت. بەو حـوکـمـەش کـە مـن بەرەو پووچی دووەم سـەفـەر دەکـەم، دەتوانم هەندێک لە مرواربیەکانی خۆمـتـان بۆ هەڵبرێژم، بە بیـانووی (خەزان)ـەوە، منیش ئەم بەرگی گەمژەیی و مـرۆڤـبـوونـە دادەکـەنم و کـەمـێـک ڕاسـتـیی دەڵێم، لە عـیـشـقـدا تەنیـا هونەرمەندان دەیبـەنەوە، بەتایبـەتیش نووسەران، چونکە بەهۆی ڕەواجە زۆرەکەیەوە، نووسەران دەیکەنە ئامـرازێک بۆ سـاغکردنەوەی نووسـراوەکـانیـان بەسـەر خـەڵکیـدا، دەزانم ڕەنگە هەم نووسـەران و هەم خوێنەران، تەنانەت بیسـەرانی خۆشم لێم برەنجێن، بەڵام خەم، خۆ تازە کەسیان نابینمەوە. من چەند سەر دەهێنم و سـەر دەبەم، ناتوانم عـیـشق ببـینم لە نـاو خـەیاڵدا نەبێت، لەکوێدا مانا بە ژین دەبەخشێت، عـیـشـقـیش تەنیـا زەدەی تەمـاحی مـیللەتە چاوبرسـیـیـەکـانە، خۆشـەویسـتـیـیـان پێ کـەمـە و دێن فـووی تێدەکەن و دەیکەن بە عـیـشق. چییـە ئەگەر من (خـەزان)م خـۆش بوێت لەبری ئەوەی عـاشـقی بم؟ عـەشق تەنیـا باقوبریقێکی زیادە دەبەخشێتە مەسەلەکە و هیچی تر.

کە گەیشتینەوە بەردەم خانووەکە، وەک جاری پێشوو، یەکەم شت نیگام چووە سەری، پەنجەرە کەتیبەکراوەکە بوو، دواتریش کـە ڕێبین دەرگـاکـەی کـردەوە و چووینە ژوورەوە، یەکەم شت ئەو دوودارەم لە پەنجەرەکە کردەوە. لەگەڵ ئەوەشدا کە کۆڵانەکە هەرگیز هەرای منداڵانی لێ نەدەبڕا، هۆدەکانی ئەو ماڵە هەمـیـشـە بێ دەنگیـیـەکی سەیریان دەژەنی، لەلای چەپەوە حەمام و دەستـاوێک و لەلای ڕاستیشەوە ژوورە کەتیبەدارەکە بوو کە دەرگاکەی دەچووەوە سـەر هەیوانێک و دوای هەیوانەکـەش پشت هەیوانێک هەبوو. بڕیارم دا ئەو هۆدەیەی کە پەنجەرەکەی بەسەر دەرەوەدا دەڕوانێت بکەمە ژووری خەندە. خەندە دوای مردنی دایکی بووبووە کچێکی ناڵێ و شەرمن، بە پێچەوانەی منداڵانی ترەوە، هەرگیز بابەتێکی نەبوو تا لەبارەیەوە بدوێت و قەتیش پرسیاری لەسەر هیچ شتێک نەدەکـرد، هیچ داواکـارییـەکی نەبوو، هەمـیـشـە بە ئاواتەوەبووم کە شتێکم لێ داوا بکات.

لە خـانووەکـە دەهاتینە دەرەوە، کـاتێک دەنگێکی بێ نـەزم و بێ تـۆن، دەنگێـک کـــە دەتگوت خـــودا دوانیـوەڕۆیەکی خـەلیـقـەت بەتایبـەتی بۆ دروستکردنی دانیـشـتـووە، دەنگێک کـە تا ئێـسـتـاش نەمـتـوانی لە ئەفـسـوونی بگەم، پێی گـوتین:"بەخـێـرهاتن، دیارە دەتانەوێت ئەم خـانووە بکەن بە شـتـێکی بەسـوود، هیـوادارم بکرێتـە فـرۆشگای دەرمـانی جـوانکاریی." ڕاستییەکەی من نەمتوانی هیچ بڵێم، بەڵام ڕێبین تێی گەیاند کە ئێـمـە تەنیـا دەمـانەوێت خـانووەکـە بە کرێ بگرین، دوای هەفتـەیەکیش کە هاتینە ناو خانووەکەوە، ژنێک وەک ئەوەی بارێکی قورس لەسەر شانی دابگرێت بە منی گوت:" ئەو ڕۆژە بۆیە خەزان هات بۆ لاتان، وای زانیبـوو کە ئێوە توجار و خواپێداو و شتی وان، بۆیە ویستی هەرچۆنێک بێت خـۆیتـان نیـشـان بدات." درۆ دەکەم ئەگەر بڵێم ئەو قسەیە بێزاری کردم، چونکە خەزان وەک گێژەڵووکـەیەک بە ژیانمدا تێپـەڕی، هات و هەمـوو دەروونمی تێک نا و ڕۆیشت. دواتریش هیچ هەسـتێکم بەرانبەری نەما.

من هەفتـەیەک یەک لایەنە خـەزانم خۆشـویست و بە کـۆڵانەکـانی ئەو گـەڕەکـەدا وێڵی بووم، دووجـار داوای پێـوەندیم لێ کـرد، ڕۆژانە لەسـەر ڕێـیدا دەوەسـتـام، بێ سوود بـوو. هەفتـەیەک بەم تەرزە تێپـەڕی و ئیـتر شەوی مەرگ و عـەزاب دەستی پێ کرد، چوزانم چۆن غـەزەبێک لەم ماڵەدا خۆی بۆ من و خەندە مات دابوو.

-٣-

بە کـاتی خۆمـان، ئێـسـتـا سـەعـات دەی شـەوە. بەپێی تەوقـیتە جەهەننەمییەکەی ئەویش، دەبێت دوو سەعـاتی تر خەندە لە باوەشمدا بمرێتەوە. من لە ژوورەکەی خەندەدا لەسـەر زەوییـەکە دانیـشـتـووم، خـەندەش جارێ مـردووە، ئەویش جـار جارە بە پێـسـتـە گـرنج گـرنج و چاوە بز و گەورەکانییەوە، بە ددانە سپی و درێژەکانی و پرچە لەڕادە بەدەر خاوەکەیەوە، لە دیوارەکانەوە سەرێک دەردەهێنێت تا بۆمی بسلەمێنێت کە هەرگـیـز لێم غـافڵ نابێت، ئەو کچە دەنگی نییە، تەنیا دەتوانێت بە دەنگی ئەوانی تر بدوێت، دیسان ویستی بە دەنگی مەستان فریوم بدات، ئەگەر کراسە سپـیـیـە پۆخڵـەکەی و سیـمـا وەحشی و قەترانییەکەشی نەبوایە، سەرکەوتوو دەبوو.

پاش نیوەڕۆیەکی گەرم لە ماڵ گواستنەوە تەواوبووین، شـووتیـیـەکم قـاش کـرد و لەگـەڵ خـەندە دەسـتـمـان بە خواردنی کرد، ئەو ماوەیە من هەموو هەوڵێکم بۆ ئەوەبوو کە وا لە خەندە بکەم شـتێک بڵێت، بەڵام وەک هەمـوو

جارێک کە دەیزانی بێ هیوا بووم و شتێکی وام نەماوە بۆ گوتن، هەڵدەستا ماچێکی دەدامێ و دەچوو خۆی بە شتێکەوە سەرقاڵ دەکرد. ئەو دوانیوەڕۆیەش، پاش ماچ بەرەو دەرگای حەوشە کەوتە ڕێ، دیاربوو حەزی دەکرد کەمێک ئاشنای ژینگە نوێیەکەی ببێت، من لەشوێنی خۆم دانیشتبووم، بێ دەنگییەکە دیسان دەهاتەوە و زۆر بە ئاسانی زەفەری بە جریوەی تەیرەکان و هەرای منداڵەکانی بەردەرگا دەبرد، لەپڕ دەنگێکی ئاشنا بە من چرپاندی:"باوکە، وەرە با لە ژوورەکەی من یاریی بکەین." سەرم هەڵبڕی و خەندە لە بەردەم دەرگای ژوورەکەیدا وەستابوو، هێند دەمێک بوو دەنگیم نەبیستبوو، ئەگەر سەرم هەڵنەبڕیایە، دڵنیا نەدەبووم کە دەنگی خەندەیە، بەڵام لەوەش سەیرتر ئەوە بوو کە خەندە هەرگیز بە "باوکە" بانگی نەکردبووم. تاسابووم، نەمدەزانی چی وەڵام بدەمەوە، نەشمدەزانی ئەو پەڵە ڕەشەی سەر نێوچەوانی چییە، ئەگەر هەمان سیما و شێوەی خەندەی نەبوایە، دەمگوت کچێکی ترە، دووبارەی کردەوە:"باوکە، وەرە با لەژوورەکەی من یاریی بکەین." من وەڵامم نەبوو، دواتر کە زانی هیچ لە زاری من نایەتە دەرەوە، نیگای نایە ناو نیگامەوە و چاوەکانی بەجۆرێک بزکردەوە، وەخت بوو دەرپەڕێت. ڕوخساری ئاسایی بووەوە و ڕووی کردەوە بەودیودا، بەرەو ناوەڕاستی ژوورەکەی کەوتەڕێ، پاش چەند هەنگاوێک ئاوڕێکی لێ دامەوە، چاوەکانی خوێنیان لێ دەچۆڕا! بەپەلە بەرەو بەردەرگا ڕام کرد، خەندە بە تەنیا لە بندیوارێکدا دانیشتبوو، سەیری منداڵەکانی تری دەکرد کە خەریکی یاریی کردن بوون. بانگم کرد و گەڕاینەوە حەوشە، ماچێکیم کرد و لێم پرسی کە باشە؟ بە سەر لەقاندنێک وەڵامی دامەوە و چووینەوە ژوورەوە، ڕاستەوخۆ چووم بۆ ژوورەکەی خەندە، هەموو شتێک ئاسایی بوو، لە ڕادە بەدەر ئاسایی بوو.

لێرەوە باوەڕم پێدەکەن یان نا، سەربەستن. یەکێک لە کێشە هەرە گەورەکانی باوەڕ ئەوەیە کە دەبێت کوێرانە بێت، کە باوەڕت بەشتێک هێنا، دەبێت بە هەموو خراپە و کەمیتییەکانییەوە قایلی بیت، وەگەرنا، شتەکە دەبێتە متمانەیەکی کاتی و هیچی تر.

خەندە چووە جێگای نووستنەکەیەوە و منیش خۆم بە ئامادەکردنی نانی ئێوارەوە سەرقاڵ کرد، نزیکی سەعات چوار چووم سەیرێکی خەندە بکەم، لە جێگاکەیدا ڕاکشابوو و بە بێدەنگی دەگریا، دەستێکم نایە سەر نێوچەوانی، هێند گەرم بوو وامدەزانی دەست دەخەمە ناو پشکۆوە، بەپەلە کەمێک سەهۆڵاوم هێنا و دەموچاویم شۆرد، سوودی نەبوو. لەباوەشم کرد، تاوێک تەماشای کردم و دوا: "گەرمیان با لەم ماڵە بڕۆین." نەمدەزانی چی بکەم، خستمەوە ناو جێگاکەی و هەڵسام پانتۆڵەکەمم لەپێ کرد، کە هاتمەوە خەندە هەردوو چاوی لێکنابوو، بانگم کرد، وەڵامی نەبوو، هەناسەی نەدەدا، تەلەفۆنم بۆ دەرمانخانەکەی نزیک خۆمان کرد، هات و گوتی خەندە نەماوە. ئەو ڕۆیشت و لە حەوشە زەنگم بۆ ڕێبین لێ دا، لەپڕ گوێم لە زریکەیەک بوو، ڕام کردە ژوورەوە، خەندە لە جێگاکەیدا نەمابوو. بەچۆکدا هاتم، دەگریام، هاوارم دەکرد، تەواوی ماڵەکە گەڕام و خەندە دیار نەبوو، ڕام کردە کۆڵان و هەموو گوزەرەکە گەڕام، هیچ. نەمدەزانی داوای هانا لە کێ بکەم، نەمدەزانی چۆن تێیان بگەیەنم، ئاخر چیم پێ بگوتنایە؟ کچەکەم مردووە و ئێستا نازانم لاشەکەی لە کوێیە؟

نزیکی سەعات پێنج بڕیارم دا بگەڕێمەوە ماڵەوە، دەرگای حەوشەم کردەوە و لە شوێنی خۆمدا چەقیم، نەمدەتوانی باوەڕ بە چاوەکانم بکەم، چی بکەم؟ دڵخۆش ببم؟ بگریم؟ هاوار بکەم؟ بەهەرحاڵ، هەر کامێکیان پەرچە کردارم بوونایە، خەندە لە هەیوانەکەدا وەستابوو و چاوەڕوانی منی دەکرد. بەرێ کەوتم بەرەو پیری، سەیرێکی بنمیچەکەی کرد و کاتێک نزیکی بوومەوە نیگای خستەوە سەر من، بەگریانەوە باوەشم پێدا کرد و دەستم کرد بە ماچکردنی، ئەویش دەگریا.

خەندەم لەئامێزنابوو و قسەم بۆ دەکرد، هەردووکمان دەگریاین، خەندە سەیرێکی ناوچاوی کردم و گوتی: "گەرمیان با بڕۆین." منیش باوەڕم نەدەکرد پاش ئەمەی کە ڕووی دا جارێکی تر پێیم ئەرز بگرێتەوە.لە باوەشمدا خەوی لێ کەوت، منیش بردمە ناو جێگاکەیەوە و خۆم هاتمەوە هەیوانەکە، لە پشت هەیوان خۆمم گۆڕی و گەڕامەوە لای خەندە. خەندە لە جێگاکەیدا پاڵ کەوتبوو، ئەویش لە سووچی ژوورەکەدا وەستابوو سەیری منی دەکرد. بەڵێ، کچە پێست قەترانییەکەی پێ دەڵێن... منیش شتێکم دەربارەی ناوبانگی ئەم خانووە بیستبوو، بەڵام ئەو ڕۆژەی کە ڕێبین هێنامی بۆ سەیرکردنی، ئەو مەسەلەیەم هەر بیر نەمابوو. بەچاوە سپییە بێ گلێنەکانییەوە سەیری دەکردم، کەمێک هاتە پێشەوە، دەمی دەجووڵاند و دەنگی مەستانی لێوە دەهاتە دەرەوە: "گەرمیان، وەرە." هەنگاوێک چوومە پێشەوە بیرم کەوتەوە کە چ مەخلوقێکم لەبەردەم دایە، هەنگاوەکەم گێڕایەوە و ئەو نەما. پڕ بە دڵ دەترسام،

چوومەوە لای خەندە، بانگم کرد و وەڵامی نەبوو، کردمەوە باوەشم، هەناسەی نەدەدا، مۆبایلەکەم لەودیو بوو، چووم تا زەنگێک بۆ ڕێبین لێ دەم، مۆبایلم هەڵگرت، دیسان زریکەکە. سەعات شەش بوو و لاشەی خەندە لەجێگاکەیدا نەما بوو!

ترس هاوسەنگییەکی سەیری بە دنیا بەخشیوە، ئەگەر ترس نەبێت خۆکوشتن دەبێتە کردەیەکی گەلێک ئاسایی. ترس سنوور بۆ جورئەت دادەنێت و کاری مەرگ قورس دەکات. دەتوانم بڵێم ترس زۆر مرۆڤدۆستە، چونکە ڕۆژانە ژیانی دەیان کەس ڕزگار دەکات. باوکم نەترسا، بۆیە خۆیشی و دایکیشمی بەکوشت دا، ئەگەر بترسایە هێندە خێرا ئەو ئۆتۆمبێلەی لێ نەدەخوڕی.

وەک شێت بەو ماڵەدا دەهاتم و دەچووم و هاوارم دەکرد، کە گەروو و قاچەکانم تواناییان لێبڕا، لە هەیوانەکەدا خۆمم دا بە زەوییەکەدا، هەموو گیانم دەلەرزی کە خەندە بێداری کردمەوە، نەمدەزانی چەنێک وەها ماومەتەوە، کاتژمێرەکە دەیگوت حەوتم، زۆر دڵم خۆش بوو، وامزانی خەونێکی ناخۆشە و لێی ڕابووم، بەڵام کە خەندە گوتی: "گەرمیان، ئەو کچەی هاوڕێم پێی گوتم دەتبەمە لای دایە." هەموو دنیای من دووبارە دارمایەوە. من بۆ کەوتبوومە ئەم سووڕە نەگریسەوە؟ چ قەدەرێکە وا لەمن دەکات وەها باجێک بدەم؟ کام تاوان ئەمە سزاکەیەتی؟ ئاخ... باوەڕ بکەن ژیان گەورەترین تاوانە، ئێمە لەگەڵ ئەوەشدا کە بە ویستی خۆمان لەدایک نابین، بەوە تاوانبار دەکرێین کە لەدایکبووین.

لە یارییەکەی ئەو مەخلووقە گەیشتم، سەعات هەشت خەندە دەمردەوە. چایەکم دێم کرد و لەگەڵ خەندەدا بە پسکیتەوە خواردمان. خەندە بە ئیرادەی خۆی قسەی کرد!

– گەرمیان بەیانی دەچمە کۆڵان.

– باشە هەناسەکەم.

– ئەو پێم دەڵێت کە لە ژوورەکەم نەچمە دەرەوە، بەس من نامەوێت لای ئەوبم، دەمەوێت ڕەفیقم هەبێت.

– خۆ بە قسەی ئەو نییە گوڵەکەی گەرمیان، هەر ڕۆژ بووەوە بچۆ دەرەوە.

کەمێکی تر دەبووە سەعات هەشت، خەندەم بردەوە ژوورەکەی خۆی و لای دانیشتم. سەعات هەشت لای دا و خەندە خەوتبوو، بڕیارم دا جێی بهێڵم، چونکە وام هەست دەکرد کە دەبێت شتەکان لە غیابی مندا ڕووبدەن، هاتمە دەرەوە لە ژوورەکە، ئاوڕێکم دایەوە، ئەو لە دیوارەکەوە سەری دەرهێنابوو و دەستی نابووە بینی خەندە، تا توانایيم هەبوو تف و هاوارم لە گەروومدا قەتیس دەکرد، نەمدەتوانی ڕێ لە فرمێسک بگرم، چوومە حەوشە و پێڵاوەکانم لەپێ کرد، هێشتا دەرگای حەوشەم نەکردبووەوە کە زریکەکە خۆی کێشایەوە بە پەردەی گوێمدا، دەرگای حەوشەم داخست و بە تەلەفۆن بە ڕێبینم گوت کە لە باخەکەی نزیک ماڵی خۆمان چاوەڕوانیم.

خۆشبەختانە ماڵی ڕێبین زۆر دوور نەبوو، کەمێک لە باخەکەدا دانیشتم و ئەویش گەیشت.

– هاوڕێ چۆنیت؟

– سوپاس، باشم. لەبەر خەندە ناچارم باش بم. ئەی تۆ؟

– منیش باشم. ئەی لەگەڵ خانووی نوێ؟

– باشە، زۆر باشە.

– ئەی خەزان؟

– پێکەنینەکەی نەبێت، هیچی تری کارم تێ ناکات. هاوڕێ ئەو کچە پێکەنینێکی هەیە من بە واتای وشە لێی دەترسم.

– بیستم کە لەگەڵ ئەو بەرپرسەی ماڵیان لەودیو گردەکەوەیە پێوەندیی بنیاد ناوە.

– گرنگ نییە. من هێندە بێ دەسەڵات نیم کە دەوڵەمەندی، یان جوانی خەڵک بکەمە پۆزشی فەشەلی خۆم.

– دەی باشە، ئەی خێربوو وا لەپڕ بانگت کردم؟

– ڕێبین، دەمەوێت پێت بڵێم، ئەگەر من شتێکم لێ هات، ئاگات لە خەندە بێت. بەیانی هەر کە لە خەو هەڵسایت وەرە ماڵی ئێمە، گەر منی لێ بووم قسە دەکەین، منیشی لێ نەبووم خەندە دەبەیتە ماڵی خۆتان.

– گەرمیان بەتەمای چیت؟ پێم بڵێ.

– هیچی وا نا، تەنیا ئەوە بکە کە پێم گوتیت.

– گەرمیان کۆچکردن... بەرەو هەر شوێنێک بێت، هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێت کە هەیە. تۆ دەبێت هەوڵ بدەیت خەندە ژیانێک بژی جیاواز لەوەی تۆ.

– کێشەکە ئەوەیە تۆ نازانی بەچیدا تێدەپەڕم.

– دەزانم، ژیان هەر ژیانە، لەگەڵ مندا کەمێک بەخشندەترە و لەگەڵ تۆدا دڕندەیە، بەڵام لە کۆتاییدا هەر ژیانە. گەرمیان ئینسان بە هەژاریی لەدایک ببێت، تاوانی خۆی نییە، تاوان ئەوەیە بە هەژاریی بمرێت. دەبێت ڕووبەڕووی ناخۆشییەکان ببینەوە.

– کە تۆ ئەو قسانە لە دەمت دەردەپەڕێنیت، من دڵم تێکهەڵدێت. دەزانیت زۆرم بەزەیی بەوانەدا دێتەوە کە

خۆیان بەو جۆرە قسانە هەڵدەخەڵەتێنن؟ دەکەونە کێشەوە و دنیایان بەسەردا دەڕووخێت، ئینجا گەمژە گەمژە دەچنە کتێبێکەوە دوان لەو گوتە پڕشنگدارانە دەدۆزنەوە و خۆیانی پێ هەڵدەخەڵەتێنن. نەخێر، ژیان بۆ ئەوە نەکراوە ڕووبەڕووی ببینەوە، دەبێت لەدەستی هەڵبێین، تا دەمریت خۆت تووشی کەمترین خەم و مەشەققەت بکە، ئەوەیە حیکمەتی ڕاستەقینە. مەردی و ئازایەتی و ئەو شتە قۆڕانە کۆمەڵێک وردە باڵۆنی فووتێکراون، بە تێپەڕینی کات، یان فش دەبنەوە، یان دەتەقن، کێ مەرد و ئازا بووە و ئاسوودە ژیاوە؟

هەڵسام و خودا حافیزیم لە ڕێبین کرد.

– گەرمیان، دەبێت خۆڕاگر بیت!

– تائێستا چەندجار کچۆڵە تاقانەکەت لەبەرچاوی خۆتدا گیانی لەدەست داوە؟

دە خولەکێک پاش سەعات نۆ، گەیشتمەوە ماڵەوە، خەندە لە جێگاکەیدا ڕاکشابوو و لە بنمیچی ژوورەکەی دەڕوانی، چوومە ناوەڕاستی ژوورەکەوە، ئەویش لە بنمیچەکەوە بە چاوێک سەیری من و بە چاوەکەی تری سەیری خەندەی دەکرد. هاوارم کرد: "تۆ کێیت؟ چیت لێمان دەوێت؟" ملی لار کردەوە و چووەوە ناو دیوارەکە. تا سەعات دە دەمتوانی لەگەڵ خەندەدا بم.

چوومە لای خەندە، دەستەکانیم گرت و ماچم کردن، ئەگەر خەندە و ماچەکانی نەبوونایە، من هەرگیز ئیرادەی وەها گەمەیەکی شەیتانیم نەدەبوو.

– گەرمیان، "لاقەیان کردووم" چییە؟

– کچم، کێ وای پێ گوتیت؟

– ئەو. پێی گوتم: "لاقەیان کردووم... دڵنیام لە داهاتوودا لاقەی تۆش دەکەن، بۆیە دەتبەم بۆ لای دایکت."

– کچم، خەون بووە، باوەڕ بکە خەون بووە.

– دەمەوێت بچم بۆ لای دایکم!

– کچم هەستە، دەتگۆڕم و ئەم ماڵە جێ دەهێڵین.

– نا، نایەم. دەچم بۆ لای دایکم.

باوەشم بە خەندەدا کرد و چوومە هەیوانەکە، ویستم بچمە دەرەوە و ئەو لە بەردەممدا دروست بوو. "لاچۆ لەسەر ڕێمان." بە دیوارەکەدا هەڵزنا و سەرکەوت بۆ بنمیچی ژوورەکە. لەپڕ هەموو دەرگاکان بە توندی داخران. هەرچەند هەوڵم دا، جگە لە دەرگای ژوورەکەی خەندە، هیچ دەرگایەکی ترم پێ نەکرایەوە. ئیتر زانیم کە دەبێت منیش ڕۆڵی خۆم ببینم لە گەمەی کچە پێست قەترانییەکەدا.

بەپێی یاساکانی ئەو، دەبوایە خەندە دوو سەعات جارێک بمرێت، هەموو جارەکانیش دەبوا بە مەرگێکی پڕ ئازاردا تێپەڕێت. تەواو بێ هیوا بووبووم، کچەکەم نیوە سەعاتێکی ژیان مابوو، منیش هیچ دەسەڵاتێکم نەبوو. تەلەفۆنەکەمم دایە دەستی و دەستی کرد بە یاریکردن پێی، منیش بەدیارییەوە دانیشتم.

نزیکی سەعات دە دەبووینەوە، خەندە خوێن بە گوێکانیدا دەهاتنە خوارەوە، دەستی کرد بە کۆکین و لە دەمیەوە خوێنی هەڵدەهێنایەوە، باوەشم پێ داکرد تا بیبەم دەموچاوی بشۆم، بەڵام دەرگاکەم پێ نەکرایەوە، تا گەیاندمە ناو جێگاکەی، خەندە مردبووەوە. ئاوڕێکم بۆ دواوە دایەوە، چوار چەقۆ بە زەوییەکەدا چەقێندرابوون، کورسییەکیش، کە تا ئێستا لە ماڵەکەدا نەمدیبوو، کەمێک لەولاترەوە دانرابوو. ئیدی تەواو لە یاساکانی یارییەکە گەیشتم. دەنگ تۆمارکەرێکی کۆنم لەدۆڵابی جلەکانمدا هەڵگرتبوو، خۆشبەختانە هێشتا لەکارنەکەوتبوو، هێنام و لەوبەر جێگاکەی خەندەوە پاڵم بە دیوارەکەوە دایەوە.

-٤-

ئێستا سەعات بووە بە دە و نیو، خەندە جارێ لە جێگاکەیدا مردووە و لە سەرەوەڕا ئەویش بە بنمیچی ژوورەکەوەیە، جوولەی لەخۆی بڕیوە و تەماشای من دەکات. بۆ ئەوەی بگەینە کۆتایی، دەبێت من بچمە سەر کورسییەکە و خۆم هەڵبدەمە سەر چوار چەقۆکە. ئەگەر بە پشتدا خۆم هەڵبدەم کارەکەم کەمێک ئاسانتر دەبێت.

تەواوی ڕووداوەکانم لەسەر ئەم کاسێتە تۆمار کردووە، بەر لەوەی خۆم بکوژم لە بلووزەکەمی دەئاڵێنم و لە پەنجەرەکەوە فڕێی دەدەمە کۆڵان. کێ دەزانێت، ڕەنگە نووسەرێک بیدۆزێتەوە و بیکاتە کەرەستەی یەکێک لە چیرۆکەکانی، یان لانی کەم پەڕەیەکی ڕۆژنامە و سایتەکان داگیر بکات. ئێستاش هەر ئومێدێکی بچووکم هەیە کە ئەم بەسەرهاتە خەونێکی ناخۆش بێت و کەمێکی تر شتەکان ڕێڕەوی خۆیان وەبەربگرنەوە. تکاتان لێدەکەم، بەهیچ شێوەیەک نزیکی ئەم شوێنە مەبنەوە.

ماڵئاوا.



# پسیکێن ئاخا قەلەوان


**وەحید کەلەش**
**(عامودا)**


ژ چریا پێشی تا چریا پاشی سبات و ئاڤدار رۆژ و مەهـ و سال تەڤ بوونە مینا مۆریکێن تزبیەکی، بوونە مینا دیمەنەکی نایێن گوهەرتن، هەر تشت و هەر کەس لەزگینن، تەنێ تو، گاڤێن تە مینا گاڤێن کیسۆ نە، بەریکانە یە و تم تو د شووندە یی و بەرگیلێ تە ناگهێژە هەسپێن کحێل.

دەستێ خوە ئاڤێت مۆبایلا خوە یا تۆزگرتی و ڤێخست و ئەو دانی سەر سترانا ئەڤدل ئەزیزێ سمێ و ب لەز دەستێ خوە ئاڤێت بەریکا خوە و چغارەکا ژ جۆرێ پیس و ئەو ژی ڤێخست، جهێ خوە ژ کوندکا ڤە ئامادە کر، راهشت شیرامیکەکی د دەستێ خوە زڤراند و جهێ دانینا وێ خوەش کر، ژ کەر دە کارێ خوە دکر، و وێ سترانێ ئەو ب خوە رە دبر وەلاتێن کوردا و رۆژێن خوەش، رۆژێن روومەتێ.

زنجیرا رامانێن باڤێ دەوران قەتیا دەما خوەدیێ کار ژێ رە گۆت: کارێ تە ل ڤر نەما، خوەدا ب تە رە بە و پەرەیێن تە ژی گهشتنە تە.

باڤێ دەوران گرنیژینەکا زەر و مری ل سەر لێڤێن تەرکی راخست و ژ کوندکا ڤە رابوو سەر خوە و ژێ رە گۆت: چاوا مامۆستە، کارێ من نەما ئەرێ، لێ پەرە چاوا گهشتنە من؟ ئەڤ سەرێ سێ مهانە ئەز د کارێ تە دە خوە دشەوتینم ژ بۆ پەرا و تو دبێژی پەرە گهشتنە؟

خوەدیێ کار، لێڤێن خوە قەرمچاندن و ژێ رە گۆت: وەکی تە بهیستی وەسا یە، ئەز د ڤی پرۆژەیی دە شکەستم و پەرەیێن من تەڤ خوارن، و ئەز ژی نکارم پەرەیێن تە بدم تە، باڤێ دەوران ببوورە، ئەم د دەریا دە نە، تو دزانی سەماسی ماسیێن پچووک دخون، ببوورە دۆستێ.

باڤێ دەوران ب دلەکی پەلخی و شکەستی، سەرێ خوە هەژاند و ب دەستێن ژ چیمەنتۆیێ گنیژبووین، دەستێ خوە ب روویێ خوە ڤە ئانی، و هێدی هێدی د بەر خوە دە ئالاڤێن خوە کرن د دەولکا خوە دە و د سەرێ وی دە رامانێن پیس دهاتن لڤاندن، ژ خوە رە د گۆت: دەستێ من شکەستینە، ئەز خوە کەر بکم، ب خوەدێ پیساتی یە و ئەز دەربەکی لێخم ئەز ژ دەستێ وان خلاس نابم، و سەد پرس ل پەی دەردکەڤن.

باڤێ دەوران نە ب دلێ خوە، خوە هاش کر و ژێ رە گۆت: خەم تونەیە دۆستۆ بلا بوهایێ وەستیانا من و خەونێن زارۆکێن من ب گۆری تە بن، لێ بزانە خوەداکی مە هەیە.

باڤێ دەوران راهشت ئالاڤێن خوە یێن کار، و ب وان جلێن داگرتی چیمەنتۆ و ب وی روویێ سار ژێ رە گۆت: ب خاترێ تە.

بوو تیقەتیقا خوەدیێ کاری تا رۆندکان خوە د چاڤێن وی رە ئاڤێتن، دەستێ خوە ئاڤێت ئالاڤێن کاری و ئەو ژ دەستێ باڤێ دەوران دەرخستن و ژێ رە گۆت: ب خوەدێ من حەنەک ب تە دکرن.

باڤێ دەوران ب ئاورێن خەمگین لێ دنەری و ژێ رە گۆت: ب سەر خزانیا من دە، ئەز بوومە پێکەنیک ژی، زۆر سپاس مامۆستە، تە دلێ من شکاند، سەحەتا تە خوەش.

**ئەڤ کورتە چیرۆکە ژ مالپەرا (وەلاتێ مە) هاتیە وەرگرتن.. «رامان»**



# خەونە مار

**سەعید فائیق**
**لە تورکییەوە: ئەحمەد تاقانە**
**(کەرکووک)**

ئیدی بەرانبەر یەکدین، ئیدی ئەویش وەک تۆ، بە دەست و بەپێ، بە چاو و برۆ، خۆش و نەخۆش، سوور و سپی و گەنمڕەنگ، سەری هەیە، پرچی هەیە، برژانگی هەیە، دەمی درۆبێژی هەیە، لە ڕوویدا شوێنەواری شەڕی گچکە گچکە، بەرد، شوێنی کەوتن، هەموو شتێکی مندالّییەکی بێ عار، هەموو شتێکی گچکە گچکە، ئیدی دەستەکانی، پەنجەکانی، ئیدی پێیەکانی، کێیە ئەمە؟ کوڕی مرۆڤ! وەک تۆ کتومت هەرهەمان شت، ئەوە فرمێسکی لە چاودا، ئیدی پێدەکەنێ، ئیدی گاز لە نان دەگرێ. بڕوانە زەلاتەی پەتاتەی هاویشتە ناو دەمی، ئەوە سکۆمبرۆس-ی (*) لە چەتالّدایە، ئیدی پەرداخی خواردنەوەی لەسەر لێواندایە، ئادەمیزادە، کتومت وەک تۆ تەواوێک جیاواز، سەرباریش ئەوت خۆش دەوێ. شێوەی لێوەکانیت خۆش دەوێ، ڕەشێتیی پرچیت خۆش دەوێ، لۆچی برۆکانی، تێکشکانی نێوچاوانی لاوی، ئیدی وەک تۆ تەواو جودایە.

دەتەوێ بیخەیتە ناو دلّت، ئەوە ڕۆژنامە دەخوێنێتەوە، ئەوە واژۆگەل لەسەر پاکەتی جگەرەدا دەکا، ئەوەتا پرتەقالّ دەخوا، ئەوە گۆرانی دەلّێ، بە زمانێک کە تۆ نایزانی گۆرانی دەلّێ، لەم ناوەشدا بەو زمانی تورکییەی دەیزانی و لە خوێنتدا دەسوورێتەوە "بیبەری ڕەشم بیبەرم بیبەرم!" دەلّێ، ئینجا "ئیبراهیمی..." ئیدی ڕوو بەڕووی هاتووی، دە بزانم ئەو بناسەوە، بزانم تێبگە، بزانم باسی خۆت بکە. ئیدی ئەوە دلّی دەگوشرێ، هەناسەی قوولّ قوولّ هەلّدەکێشێ، ئەوە ئەو پەنجەیەی خۆشت دەوێ بۆ پاکەتی جگەرە درێژ کرایەوە، ئەوە پێچی ئەو لێوەی خۆشت دەوێ دووکەلّی لێ دەردەچێ، دە بزانم، دە بزانین بزانە ئەوە کێیە؟ لەبارەی تۆوە بیر لەچی دەکاتەوە؟ لەم سەعاتەدا دەیەوێ لەکوێ بێ؟ لە هۆلّ خۆشەویستیی تۆدایە؟ دە بزانم بزانە. "بیبەرە ڕەشەکەم، بیبەرە ڕەشەکەم، بیبەرەکەم چی بکەین، چۆنی بکەین، ئەوە جەندرمەکان دێن، با هەلّبێین". ئەوە لە بەرانبەریدای، دە با بزانین، ئەوەی دەتەوێ بیلّێی بیلّێ. وشەکانت بێژە،

گوێ دەگرێ، زۆر بەتامیش گوێ دەگرێ، باس لەبارەی ئەوینەوە بکەرەوە، بەچی دەچێ، نەک گەر ئەو لە تۆ تێ بگا، گەر تۆ لەو تێ بگەی شتگەلێک دەبێ.

–

ئەوە بەرانبەر یەک هاتوون، یەکسەر هەڵدەستێ، دەتوانی لێوەکانی ماچ بکەی، چاوەکانی لێک دەنێ، چاوەکانی چەند جوان لێکدەنێ، بەڵکو بۆ ئەوەیە تۆ نەبینێ، تۆش چاوەکانت دەنووقێنی، بەڵکو بۆ ئەوەیە ئەو نەبینی، نە تۆ ئەو و نە ئەو لەتۆ تێ دەگا، بەڵکو تێگەیشتن بەکاری هیچ کامێکتان نایێ. "بناسە، بناسە، خۆت بناسە". لەم ڕووەوە تەنیا جارێک دەست بە کار بکە، ئینجا لەویش تێدەگەی. لەپڕ دەرگای ئەو ژوورەی تێیدان کرایەوە، با هاتە ژوورەوە، دارێک گەڵاکانی ڕشتبوو لەگەڵ سەرمادا هاتە ژوورەوە، بە دوای دارەکەوە دووکەڵ، دوابەدوای دووکەڵەکەوە مەلێک، لە دوای مەلەکە هەورێک هاتە ژوورەوە، دوایی... دوایی بەفر دەستی بەبارین کرد، جامی کتێبخانەکە دەستی بە شەختە لەخۆ گرتن کرد، تیشکی گڵۆپەکە چووە ناو شەختەکە و لێشی دەرچووەوە، بە لەرزەوە بە جامەکەی میچەکەدا چوو، گیرفانی جلەکانم بەشەختە تەزیون، نەشمدەتوانی دەستم بە گیرفانمدا بکەم، زۆپاکە بەبێ وەستان دەسووتا، لەسەر زۆپاکەدا سەهۆڵەکان دەتوانەوە، ئەوەی ئێستا لەلام بوو چووبووە ژوورەکەی تەنیشت، ئەو دەرگایەی کردبووەوە کە دوو ژوورەکەی لەیەک جودا دەکردەوە، سەیری منی دەکرد، مەل بەسەر داردا گیرساوەتەوە، گیڤ بووبوو و دانیشتبوو، ئەو فیکەیەکی بۆ مەلەکە لێ دا، مەل وەڵامی نەدایەوە، ڕووی لە من کرد، گوتی: "لەوێ لەرزت لێ کەوت، بۆ نایەیتە ئەم ژوورە!" وەک لێم پرسی بێ گوتی: "ئەو ژوورە گەرمە؟ گوتی: "ئیدی گەرمە، ئەم ژوورە گەرم بووەوە، وەک لێم پرسی بێ" بە تۆوە؟ "گوتی: "بەمنەوە ئیدی" سەیری زۆپاکەم کرد. گڕگڕ دەسووتا. بەهەر حاڵ بەوەی کە تێکچوونێک لە زۆپادا ببێ دەست بە بۆڕییەکەدا هێنان و ڕاکێشانم لە یەک کاتدا بوو. لەو ژوورەی ژوورەوەوە وەک بڵێی من ببینێ گوتی: "کەموکووڕی لە زۆپادا نییە!". چوومە ژوورەکەی ناوەوە، نوێن ئامادە بوو. ئەو تا گۆشەکە خزابوو، لێی نزیک بوومەوە، وەک حەمام وابوو گوتم: "لە ژوورە بە زۆپاکەدا ڕەق بوومەوە تاک و تەنیا"، "ئێرە چەند باشە!...". گوتی: "مەلەکە چی لێ هات؟". گوتم "لەسەر دارە". گوتی: "بەستەزمانە ڕەق دەبێتەوە، ئەویش بێنە ئێرە"، گوتم: "ئێستا واز لە مەلەکە بێنە"، هەندێک شتم لە ناخدا ورووژابوو، لە پڕ دیسان هەموو شتێکم بە نامۆ زانیبوو، لای ئەو گەرم بوو، زۆپا لە ژووری ناوەوەدا گڕگڕ دەسووتا، بەڵام جامی کتێبخانە بەفری گرتبوو، ئینجا لەژوورەوە دارێک هەبوو لەسەر لقە وشکەکانیدا بەفر کۆبووبووەوە، لەسەر دارەکەدا مەل، مەل لە سەرمان ڕیش ئاوسابوو، تا بەیانی، یان دەمایەوە، یان نا، دیسان گوتی: "مەلەکە بێنەرەوە ئێرە!" بە نابەدڵییەوە هەستام، چوومە ژوورە بە زۆپاکە، مەلەکەم لەسەر دارەوە هێنا، بەفری سەر جامەکانی کتێبخانەم بە نوخان هەڵکۆڵی. سەیری زۆپاکەم کرد، خەریک بوو دەکوژایەوە، یەک دوو دارم تێ فڕێ دا، گەڕام و هاتمەوە کە پێخەفەکە بەتاڵ بوو، لەسەر کۆمێدییەکەی تەک پێخەفەکە کاغەزێکی جێ هێشتبوو، هەڵمگرت، دوو قەدی کردبوو، کردمەوە، بەتاڵ بەتاڵ بوو. مەلەکەم لە سەر کۆمێدییەکە دانا، دەستی بە خوێندنەوە کرد. ئەم ئۆدەیە هێشتا گەرم بوو، هێشتا لۆچی لێوی، هێشتا ئەو هێڵی زامە بێ تووکەی سەر برۆی لە بزۆزیی منداڵییەوە مابووەوە، لەناو ژوورەکەدا، وەک ئەو فڕۆکە کاغەزینانەی لە کاتی خوێدندندا منداڵان دروستیان دەکرد و هەڵیان دەدان، بەسەر سەرمدا دەکەوتن. لەسەر نوێنمدا دانیشتم، جگەرەیەکم داگیرساند، دارەکەی ناو ژوورەکە تاپ تاپ لە جامە بەبەفرەکە دەکەوت.

گوێم لە دەنگی زۆپا بوو، لە دەرگەی ژوورەکە درا کە لێی بووم، هاوارم کرد و گوتم: "وەرن!". پیاوێکی جلەبەرbaranی سەوزی لەبەر بوو، هاتە ژوورەوە. گوتم: "فەرموو" کێتان دەوێ؟ "پیاوەکە بە وردی سەیری دەموچاوی کردم، ئینجا سەیرێکی دەوروبەری خۆی کرد، گوتی: "ئەو لەکوێیە؟". گوتم: "کێ؟"، گوتی: "ئەوەی ئێستا پێکەوە لەگەڵتان بوو." گوتم: "نازانم هەڵسا و ڕۆی." لێفەکەی کردەوە. سەیری دەموچاومی کرد. گوتی: "بۆچی درۆ دەکەن؟". ڕووم وەرگێڕا و ڕوانیم، لەو شوێنە خەوتبوو کە هەر ئێستا تێی خزا بوو، پرخە پرخی بوو. نێوچاوانی بە ئارەقە بوو، مەلی سەر کۆمێدییەکە هەڵسا و لەسەر قژیدا نیشتەوە. وەک بلبلی دارستانێکی چڕ

کەوتە چرە. ئێمە لەگەڵ پیاوەکەدا چووینە ژوورەکەی کە ئێستا بەفر کلووکلوو بە ئۆدەکەدا دەباری، بەسەر سەری مشەمما سەوزەکەی ئەودا، بە بێجامەکەی مندا کۆدەبووەوە، بەڵام من هەڵنەدەلەرزیم، ئەو بە هەناسە دەستی گەرم دەکردەوە، بەیەکیدا دەسوینەوە، گوتی: "گەر لێ گەڕێی ئێمە با بدوێین." گوتم: "شتێک نییە قسەی لەبارەوە بکەین، هەروەها ئێرە ساردە، منیش دەچم دەنووم، سبەی دەبێ زوو هەڵسم".

توورەیی ڕووی گرژ و لۆچ کردبوو، دەستەکانی دەلەرزین، گوتم: "بوەستێ توورەی مەکەن، گەر بتانەوێ با قسەبکەین، بەڵام با شتێک لەبەر خۆم بکەم." چوومە دەرەوە، پاڵتۆکەم لەبەر کرد و هاتمەوە. ژوورەکە بەیەکجاری گۆڕانی بەسەردا هاتبوو، شێوەی هەموو دەمێکی ژوورەکەمی گرتبوو، پیاوەکە بە ئارامی لەسەر قەنەفە دانیشتبوو، جگەرەی دەکێشا، کە منی بینی گوتی: "پێکهاتین پێکهاتین." گوتم: "لەگەڵ کێ پێکهاتن؟" گوتی: "لەگەڵ ئێوە." گوتم: "کەی؟". پێکەنی. گوتی: "مەل باسی بۆ کردم." دڵخۆش بووم. گەر مەل باسی کردبێ هەرچۆنێک بێ باسی شتی باشی کردووە. مەلان شتی خراپ دەڵێن؟ گوتم: "مەل باس دەکەن؟". گوتی: "بێ گومان باس دەکەن." بە منداڵی دایکم دەیگوت: ئەمڕۆ لە قوتابخانە زمانت لە مامۆستا دەرکردووە! پێت شەرم نییە؟. دەمگوت دایە بە خودا درۆیە، کێ ئەمەی بەتۆ گوت، دەیگوت مەلێک بە منی گوت. ئەم مەلە ئیدی ئەو مەلەیە. گوتم: " هەموو شتێکی تێ گەیاندی؟" گوتی: "تێی گەیاندم". حەسامەوە، مەلان قەت قسەی خراپ دەکەن؟ مقۆ مقۆ بچووکەکان زیانیان نییە. گوتم: "ئەگەر وابێ کێشەیەک نییە". گوتی: "نا نا، ئەم جگەرەیەم بکێشم دەڕۆم. شووشەی کتێبخانە دەستی کردەوە بە بەفر گرتن، دەرگا کرایەوە، دار هاتە ژوورەوە، بەوەی کە دوای دار، مەل دێتە ژوورەوە چاوەڕێ بوون، نەهاتە ژوورەوە، بەڵام هەور هاتە ژوورەوە، ئەویش دیسان گۆڕابوو. دیسان سارد بووبووەوە، ئەم جارەیان لە تەک کتێبەکانەوە شۆڕ دەبووەوە. بەوەی کە شتێکی کردەنی نییە، خۆم بەخۆمم گوت: ئەی ئەگەر پیاویش بگۆڕێ، بەناو قەنەفەدا دانیشتبوو، دەستەکانی بە فوو گەرم دەکردنەوە، سەری داخستبوو، لووتی لە سەرمان سوور هەڵگەڕابوو، بەڵام کە سەیری منی دەکرد پێدەکەنی، نەگۆڕابوو، وەک دەمێک پێش ئێستا بوو، گوتی: "ئێ.. ئیدی یارمەتیم بدە. شەوگەلێکی بەپیت!". گوتم: "شەوگەلێکی بەپیت!". حەزم لە چوونە ژووری ناوەوە نەبوو، بەهەر حاڵ دەبێ ئەویش لە دەمێکەوە هەڵسابێ و ڕۆیشتبێ، دەبێ لەگەڵ مەلدا پێکەوە لە پەنجەرەوە دەرچووبێ، بەڵام ژوورەکە بەهەر حاڵ هێشتا گەرم بوو. دارەکەم لە جێی خۆیەوە هەڵکەند و لە دەرگەی باڵکۆنەوە فڕێ دا، هەوریش لەگەڵ دووکەڵدا بە دوای ئەوەوە هەر لە خۆیانەوە ڕۆیشتن، ژوورەکەم هەندێک گەرم بووبووەوە، زۆپا گڕەگڕ دەسووتا، کلیلم هەندێک داگرتەوە، چوومە ژوورەکەی ناوەوە. لێفەکەم کردەوە، خزاوەتە گۆشەوە، پرخە پرخ خەوتبوو، لە ئامێزم گرت، مەل لەسەر سەری ئەوەوە بۆ سەرسەری من، لە سەرسەری منەوە دەنیشتەوە سەر سەری ئەو، تا بەیانی دەنگی باڵەکانی مەل و پرخەی نووستنی ئەوم گوێ لێ بوو.

**ئەستەنبووڵ - ٥ ی مارتی ١٩٤٥**

**سەرنج:**

**سکۆمبرۆس: جۆرە ماسییەکی خەتدارە، لە دەریا گەرم و شلەتێنەکاندا بە شێوەی ڕەوە دەژین.**

**سەرچاوە:**

**کۆمەڵە چیرۆکی: لە عالەمداغ - دا مارێک هەیە (Alemdagda Var Bir Yilan) لە بلاوکراوەکانی (sanal yayinevi) ئەغستۆسی ٢٠٠٥، لاپەڕە (٥٣ - ٥٩).**




## سەعدوون یوونس:
## کوردەکانی خۆمان لە دەرەوە تاقەتی شانۆیان نییە.. هونەرمەندیش دەبێ هەمیشە هەنگاوێک لەپێش ڕووداوەکانەوە بێت.

**هەڤپەیڤین: ئازاد عەبدولواحید**

**(٣ - ٣)**

* هونەرمەند سەعدوون یوونس لە ناو خێزانێکی هونەریدا چاوی بۆ دنیا هەڵێناوە، باوکی وەک ئامێرژەنێکی هەوایی سەروکاری لەگەڵ مۆسیقادا هەبووە، هەر ئەوەش وای لەو کردووە، گوێچکە و هەستێکی مۆسیقایی لەلا دروست بێ، بەڵام بە پێچەوانەی خواستەکەی خۆی لە موزیک دوور دەکەوێتەوە و ڕوو دەکاتە دنیای شانۆ، چونکە چەپە بووەو نەیتوانیوە (عوود)، یان (کەمان) بەدەستە ڕاست بژەنێ.

* سەعدوون یوونس لە بوارەکانی شانۆ، درامای تەلەڤزیۆنی، درامای ڕایۆییدا کاری کردووە، نزیکەی نیو سەدەیە بەردەوامە و لە هونەرەکەی دانەبڕاوە، هەرچەندە ئەو زیاتر لە بواری (ئەکتەری) و (دەرهێنان)دا کاری کردووە، بەڵام کاری وێنەگریشی کردووە، بە تایبەتی بۆ شانۆییەکانی خۆی، کاتێ ویستوویەتی بۆ تەلەڤزیۆن ئامادەیان بکات.

* ئەم هونەرمەندە بۆ یەکەم جار لە ١٩٦٧/٣/٢٧ چووەتە سەر تەختەی شانۆ، لە خانەی مامۆستایان لەسەر دەستی هونەرمەند (سەفوەت جەڕاح) بەهرەکەی لەو بوارەدا بە بینەران ناسێنراوە، ئەمە لەوکاتەدا کە دوو ڕۆڵی سەرەکی لە شانۆییەکی کۆمیدی و شانۆییەکی تراجیدی پێ سپاردووە، لەبەر ئەوەی نمایشکردنی شانۆیی بە زمانی کوردی نەبووە، بۆیە لەو سەرەتایەدا بە زمانی عەرەبی لە هەردوو شانۆیی (الحل الأخیر) و (تجربة فقط) بەشداری کردووە.

* ساڵی ١٩٧٠ دوای ڕێکەوتننامەی ١١ی ئازار کراوەتە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی کە سەیدا ساڵح یووسفی سەرپەرشتی کردووە، بە پێشنیاری خۆی شانۆگەرییەک بەناوی (چیرۆکی شۆڕشێک) دەهێنێتە شاری هەولێر، ئەمە

یەکەمین شانۆیی بووە کە لەدوای ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازار بە زمانی کوردی پێشکەش کراوە، لەو کاتەشدا قوتابی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدا بووە، وەک سەرەتا و دەسپێکێک لە هەولێر پێشوازی باشی لێ کراوە.

* بێجگە لەوەی لە نووسین سەبارەت بە هونەر بەشدارێکی چالاک بووە، بە تایبەتی هونەری شانۆ کە هەمووی بە زمانی عەرەبی نووسیوە و لە ڕۆژنامەی (التآخي) و (طريق الشعب)دا بلاویانی کردووەتەوە، دواتر وەک ڕۆژنامەنووسێک لە ڕۆژنامەی (التآخي)دا کاری کردووە و لەوێ کراوە بە بەرپرس و سەرپەرشتیاری لاپەڕەی (کولتوور و هونەر) لەو ڕۆژنامەیە و لە ماوەی (٤) ساڵدا، تا ئەو ڕۆژەی داخراوە لەسەر کارکردن بەردەوام بووە.

* لە بەغدا لەسەر دەستی هونەرمەندانی گەورە و خاوەن ئەزموونی وەک: (سامی عەبدولحەمید، بەدری حەسوون فەرید، موحسین عەززاوی، بەهنام میخائیل، قاسم محەمەد...تاد خوێندوویەتی و پەروەردە کراوە، لە زۆر کار و پرۆژەی هونەریی ئەوان و قوتابییانی بەشی شانۆشدا بەشداری کردووە.

* ماوەی دوو ساڵ بەرنامەی (گۆڤاری هونەری) لە تەلەڤزیۆنی کەرکوک بەڕێوە بردووە، ئەم بەرنامەیە کە دوو هەفتە جارێک بووە، هەر جارەی هونەرمەندێکی پێشەنگی تێدا بەسەر کردووەتەوە، پاش پێشکەش کردنی (٢٥) ئەڵقە، لەبەر سەرقاڵبوونی بەکاری هونەریی، ئەو بەرنامەیەی ڕاگرتووە.

* ماوەی شەش ساڵ، سکرتێری سەندیکای هونەرمەندان بووە، لەو ماوەیەدا هەوڵی زۆری داوە لەگەڵ هاوەڵەکانی مافەکانی هونەرمەندان دەستەبەر بکەن، لەو ڕووەوە خزمەتی زۆری کردووە.

* ئەو هونەرمەندە هەر لەو ڕۆژەوە کە هاتووەتەوە شاری هەولێر، هەوڵی داوە بە هەناسەیەکی نوێ مامەڵە لەگەڵ هونەرمەندەکانی ئەو شارەدا بکات و سەرلەنوێ بەهرە و سەلیقە و تواناییان دابڕێژێتەوە، بۆیە زۆر هونەرمەند پێگەییون و ناسراون، زۆر هونەرمەندی دیکەش لەسەر دەستی ئەو زیاتر درەوشاونەتەوە و لە ناو خەڵکیدا ناسراون.

* لەمێژ بوو لە گۆڤاری ڕامان دەمانویست گفتوگۆیەکی




**ئازاد عەبدولواحید - سەعدوون یوونس**

لەگەڵدا ساز بدەین، بەڵام ڕێک نەدەکەوت، ڕێک نەکەوتنەکەش بە زۆری بۆ دووری، یان سەرقاڵی ئەو دەگەڕایەوە، تا ئەو دەرفەتە ڕەخساو توانیمان لە هەڤپەیڤینێکی بەرفراوان و لە چەند دانیشتنێکدا بیدوێنین و سەبارەت بە ئەزموون و وێستگەکانی تەمەن و کاری هونەری ئەو دیالۆگە ساز بکەین، هیوادارین لە سوود گەیاندن بە دوور نەبێت.

**ڕامان:** زۆربەی تەکنیکەکان، میتودەکانی دەرهێنان، هەمووی هی خۆیانە، هونەری شانۆ، هونەرێکی ڕۆژئاواییە، تۆ چی بە خۆیان دەفرۆشیتەوە.

**سەعدوون یوونس:** ڕاست وایە. دەتوانی تێکستی جوان بەوان بدەی، چونکە ئەوان ئەوەیان دەوێ، ئەوان پێیان خۆشە دەق ببینن. کاتی خۆی داوا لە من کراو گوتیان لاوی ئێوە بە چ شێوەیەک دەژی؟ مەبەستیان گەنجی چوارده ساڵی و ژنهێنان و قۆناغەکانی دوایی بوو. منیش پێیانم گوت لای ئێمە کەسێک هەیە ناوی شوانە، ئەو شوانە لە دەرەوەی شار دەژی، زۆرجاران ناچێتە قوتابخانەش. بەلایانەوە سەیر بوو ئەو لاوە بێ خەونە! کەسیش بێ خەون نییە، بەڵام خەونەکانی ئەو لاوە دەبێ چی بێت و چۆنیش مامەڵە لەگەڵ ئەو خەونانەی خۆی بکات؟ لە بەیانییەوە تا ئێواریێ لەبەر ئەو خۆرە مەڕداری دەکات و دواییش دەگەڕێتەوە لە ژوورێک، لە سووچێک دادەنیشێت، دواییش دەخەوێت، خۆ ئەویش مرۆڤە، ئەو ئامێرێک، کەرەستەیەک نییە، دەتوانین بەرهەمێک لەوە ساز بکەین و بچینە ناخی ئەو لاوە تا بزانین خەونی چییە؟ ئەم بەرهەمە شتێکی زۆر نایاب دەبوو، بەڵام ئەوکاتە ڕێگرێک هەبوو کە ئەویش

نەبوونی ڕەگەزنامەی ئەڵمانی بوو، چونکە نەمدەتوانی بەڕەسمی بێمەوە بۆ ئێراق، بۆم هەبوو بچمە هەموو جیهان، بۆم نەبوو بێمەوە ئێراق، ئەوە بوو ئەو پرۆژەیە ڕاوەستا. ئێستاش دەڵێم بیرۆکەی زۆر جوان هەیە، خەونەکانی لاوەکانی ئێمە دەبێ چی بێت؟ زۆربەیان دیارە بێ خەونن، بۆیە دەست دەکات بەو کۆچەی کە ئێستا هەیە، بەڵام بچۆرە ناوەرۆکی ئەو مرۆڤەوە، بزانە کە شەو سەر لەسەر سەرین (بالیف) دادەنێ، دەبێ چی بێتە پێش چاو، وای لێ بکات وڵاتی خۆی پێ بەجێ بهێڵێت؟ ئەوانە پرسیاری قورسن! ئەوە ئیشی هونەرە، هەر ئەوەش ئیشی کولتوورە، کە ئێمە تا ئێستا نەمانتوانیوە بەتەواوەتی ئەرکەکانی خۆمان بەرانبەر بە کۆمەڵگای خۆمان بەجێ بهێنین.

**ڕامان:** کاتی خۆی لەگەڵ هونەرمەند فەرهاد شەریف "مەم و زین"ت و دواتر "قەڵای دمدم"یشت پێشکەش کرد، ئەوەی عەرەبی شەمۆ، کە شوکور مستەفا هێناویتییە سەر پیتی عەرەبی، ئێستا کە خەریکە قاچێک دەخەیتە ناوی دنیای سینەما و ئیشێکت کردووە، ئەگەر بێتو داوات لێ بکەن بە ئارەزووی خۆت لە نێوان (مەم و زین) و (دوازدە سوارەی مەریوان) و (خەج و سیامەند) و (قەڵای دمدم)دا یەکێکیان بکەیت بەفیلمێکی سینەمایی، کێهەیان هەڵدەبژێری و بۆچی؟

**سەعدوون یوونس:** قەڵای دمدم هەڵدەبژێرم، چونکە قەڵای دمدم چیرۆکێکی گەلێک نازدارە و هەموو لایەنێکی کۆمەڵی کوردی گرتووەتەوە. خەونی دەوڵەتی کوردی تێدایە، خەونی ڕێگرییەکانی دەوڵەتی کوردی تێدایە، کە ناهێڵێ کورد سەربەخۆ بێت، شێوە و پێوەندییەکانی ئایین لەناو کۆمەڵگای کوردی چ ڕۆڵێک دەگێڕێت، عەرەبی شەمۆ بەو (قەڵای دمدم)ەی بە تەواوەتی کوردی خستووەتە چوار لاپەڕە و لەپێش جیهانی داناوە.

**ڕامان:** هیچ بیرت لەوە نەکردووەتەوە، لەداهاتوودا ئەو کارە بکەی؟

**سەعدوون یوونس:** نەخێر، بیرم لێ نەکردووەتەوە، دەترسم پێی تێک بچم، چونکە دەبێ ئەوکاتە هەموو کارەکانی دنیا ڕابوەستێ، چۆن دەتوانرێ ئەو هەموو پێداویستییانەی بۆ دابین بکرێ؟ زۆر زەحمەتە.

**ڕامان:** تۆ ئامادەی ئەگەر دەرفەتێک هەبوو، یان ئەگەر ئەو پێداویستییانە خرانە بەردەستت پێشکەشی بکەی؟

**سەعدوون یوونس:** من جارێ بیرم لەوە نەکردووەتەوە، چونکە قەڵای دمدم کاتی خۆی دەوێ. بزانە پێویست ناکات هیچ ئامادە بکەی، ئێستا هەموو شتەکانمان لەبەر دەستە و لەسەر مێزە، ئێستا تۆ ئەو تەسجیلەت داناوە و قسە دەکەین، ئەگەر بیگۆڕیت و دانەیەکی دیکە دابنێی، قسەیەکی دیکە دەکەین. ئێمە توانایی ئەوەمان هەیە و ئەوەندە تامەزرۆین، ئێستا بە تۆ بڵێین ئەوە پارە هەیە، فەرموو کار بکە، من لەجیاتی تۆ قسان دەکەم، نەک ساڵانە، دەتوانی مانگی کتێبێک چاپ بکەی، ئینجا کە تواناییە داراییەکەت نییە، پێویست بە بیرکردنەوە ناکات، هەر پلانیشی بۆ دامەنێ.

**لە سەندیکای هونەرمەندان ئامانجمان ڕێکخستنی کاری هونەریی بوو، بۆ ئەوەی کەسایەتییەک بدەینە کارەکانیان.**

**ڕامان:** ئێستا بیروڕاتم سەبارەت بە کۆمەڵێک لایەنی هونەری وەرگرت، دێمەوە سەر هێندێک پرسیاری تایبەتی، کە پێوەندیی بە خۆتەوە هەیە، تۆ یەکێک بووی لەو هونەرمەندانەی کە هێندێک دابونەریتت شکاند، لەو کاتەدا کە هاتنە سەر شانۆی ئافرەت قاتی بوو، یان دەگمەن بوو، لە هەولێر بەتایبەتی بەشی هەرەزۆری هونەرمەندەکان، هەر لە (سەباح عەبدولڕەحمان)ەوە، تا تەڵعەت سامان، پەنایان دەبردە بەر پیاو ڕۆڵی ئافرەتیان بۆ ببینن، تەنانەت لە سلێمانی ئەو شارە کراوەیەش، ساڵانێکی زۆر کەسانێک دەوری ئافرەتیان تێدا دەبینی، یەک لەوانە عومەر چاوشین بوو، کە لەگەڵ حاجی مەکی و ئەحمەد سالار دەوری ئافرەتی دەبینی، کەسانی تریش هەبوون ئەو دەورانەیان دەبینی، بەڵام ئەو هەنگاوەی تۆ زۆر گرنگ بوو، کە لەو کاتانەدا خێزانی خۆت، دواتر بەشێک لە منداڵە بەهرەدارەکانی خۆیشت هێنایە سەر شانۆ، تۆزێک باسی ئەوەم بۆ بکە.

**سەعدوون یوونس:** ئەوەش هەر بە قەناعەتێکەوە کراوە، کە تۆ ڕۆڵی خۆت لەناو کۆمەڵگادا دەگێڕێت، تەماشا دەکەی لە دەوروپشتی خۆت کەس نییە هونەری خۆش نەوێت. کەس نییە لە دنیادا هونەرمەند نەبێ،

ئێمە هەموو هونەرمەندین، هەموو مرۆڤێک هونەرمەندە، هەموو کەسێک ئەکتەرە، چونکە تۆ لە ژیانتدا هەر چۆنێک دەجووڵێیتەوە، هەمووی هەر هونەرە.

**رامان:** گارۆدی قسەیەکی جوانی هەیە کە دەڵێ لەناخی هەموو ئینسانێکدا هونەرمەندێک، نووسەرێک خەوتووە، بەڵام پێویستی بە یەکێکە ئەو بەهرەیە وەئاگا بێنێت.

**سەعدوون یوونس:** من ئاگام لەو وتەیەی گارۆدی نییە، سپاسیشت دەکەم کە لە شوێنی خۆی هێناتەوە، بەڵام من دەڵێم مرۆڤ هەمووی ئەکتەرە، ئینجا لە گەورەترین سیاسییەوە بیگرە تا مرۆڤێکی ئاسایی، ئەوانە هەموویان هونەرمەندن، هەمووشیان ئەکتەرن، هەیە ئەکتەرێکی سەرکەوتووە، یان ناسەرکەوتووە، بەڵام هەر هەموویان ئەکتەرن، تۆ لەناو میللەتێکدا دەژی، نیوەی زیاتری ئافرەتە، باشە چۆن دەتوانی ئافرەت رابکێشیتە ناو شانۆ، من چۆن بێم بە تۆ بڵێم ئەو کچەت بەهرەدارە، یان هەمووان بەهرەدارن با بێنە سەر شانۆ، لەکاتێکدا نازانرێ چۆن مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێ. من خێزانەکەی خۆم لەلامەوەیە، کچەکەی خۆیشم گەنجە و کچەکەی تریشم گەنجە، ئێمە باسی نەبوونی ئافرەت دەکەین، ئیتر کە پێکەوە دانیشتین و بیرمان لێ کردەوە، گوتمان باشە بۆ پەنا ببەینە بەر ئافرەتی دی، ئێمە دەچین یەکەم بەرهەم لە بەغدا پێشکەش دەکەین، بۆ بە شێوەیەکی دواکەتووانە بیکەین، دەچین پێیان دەڵێین ئێمەی کورد ئەوە حاڵمانە، هەر هیچ نەبێ پیاو با عەیبەکانی خۆی داپۆشێت، با کەموکوورییەکانمان لەناو خۆمان بێ، رێک کەوتین و گوتمان با لە خۆمانەوە دەست پێ بکەین، ئیتر هەموو خێزانەکانی خۆمان هێنا، بەڵام هەموویان خێزانەکانیان کشانەوە، تەنیا هی خێزانی من مایەوە.

**رامان:** تۆ کە خێزانت هات، زیاتر وەک ئیکسوار هێنات، یان بەهرەی نواندنی تێدا هەبوو؟

**سەعدوون یوونس:** من دیالۆگەکانم بە پیتی گەورە بۆی دەنووسییەوە و دەمدایێ، چونکە خوێندەوارییەکەی بە عەرەبی بوو، کوردییەکەی باش نەبوو، لەگەڵ من فێری کوردی بووبوو، ئارەزوویەکی زۆری لە کارەکە بوو، لەبەر ئەوەی دەیزانی دڵسۆزی و خۆشەویستیی من بۆ ئیشەکە چەندە و چۆنە و دەمەوێ لە بواری هونەرەکە لەناو



**تەمسیلی تەلەڤزیۆنی «مەڕانە»، لە ڕاستەوە: سەعدوون یوونس، سەمیرە سەعدوون، میدیا مەجید، دڵپاک تاهیر، عادل عەبدوڵلا «دەرهێنەری تەلەڤزیۆنی».**

میللەتەکەدا چ بکەم، ئەو کە پاڵپشتێکی گەورەی من بوو، ئەو حەزەی کەوتە سەر و ئیتر هات، لەوەوە ماڵەکەمان هەمووی بووە ماڵێکی هونەری، ئەوە بوو (سەوسەن) کچە گەورەکەم هات، دوایی سەلوا هات، لە (کەونەدەرکە) بەشی یەکەم و لە هەر سێ بەشەکەی (مەرزی و کاکەمین)دا بەشدار بوو، دواتر زوهێر هات، سامی، سەلام، زۆر بە بەرچاوی هاتنە سەر شانۆ، کچێکی گچکەمان هەبوو ناوی گلێنە بوو، لە (مەرزی و کاکەمین) دەگریا دەیگوت ئەوە بۆ دایکم خەریکی نواندنە، سەلوا خەریکی نواندنە، گەلێک جار نەدەچووە باخچەی ساوایان، ناچاری دەکردین و دەیگوت لە تایتڵەکەی دامنێن، یان وای لێهاتبوو گلەیی دەکرد. گلێنە لە تایتڵ دادەنیشت، تەماشای خۆی دەکرد، وەک بڵێی منیش بەشدارم، کە جارێ نەچووبووە قوتابخانە، ئەوەی کردمان پێویست بوو، دەبوو بیکەین.

**رامان:** ئەو کارەی ئێوە کردتان کاریگەریی لەسەر خەڵکانی دیکەش هەبوو؟

**سەعدوون یوونس:** بەڵێ، هەر منیش هۆکارێک بووم بۆ ئەوەی زاهیر عەبدوڵلا خێزانی بهێنێت، تا ئێستا ئەویش هەر بەردەوامە. (شلێر)خان خێزانی حەمە عەلی، لەگەڵمان بەشدار بوو، ئێستا ئەویش ئەکتەرێکی بەناوبانگە و رۆڵێکی جوان دەگێڕێت، هەر ئێمەش بووین (جیهان)خانمان هێنا، بەڵام پاش شووکردنەکەی کەوتە ناو ژیانی خێزانداری و لە بەرهەمەکان دوور کەوتەوە. خۆم و سەمیرە خان زمانمان گەلێک درێژ بوو، زۆر سەیرە، بە هەر کەسێکمان گوتبێت وەرە بەشداری بکە، نەیگوتووە نا. جارێکیان برادەرێک کچەکەی لە

پەیمانگای هونەرەجوانەکان بوو بۆ کچەکەی پێمان گوت، گوتی نازانم، تەنیا ناتوانم بە تۆ بڵێم نا و کچەکەم نایەت. ئەو هەنگاوەی ئێمە پیرۆزییەکی بە کارەکان بەخشی، وای کرد ڕێزێک لە شانۆ بگیرێت، چونکە کارەکە بووە خێزانی، وای لێهاتبوو بینەری ئێمە زۆربەی ئافرەت بوون، چونکە شانۆیەکی خێزانیمان دروست کردبوو، باوەڕێکی زۆر گەورە دروست بووبوو.

**ڕامان:** نازانم تا چەند ئاگاداری بەرنامە و پرۆگرامی خوێندنی پەیمانگای هونەرە جوانەکان و ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەشی شانۆیت؟ ئەوەی کە پێوەندیی بە تۆوە هەیە، ئەو بەرنامەی خوێندنی بەشی شانۆیە کە ئەو قوتابیانە دەیخوێنن، زانیاریت لەبارەیەوە هەیە؟ ئەگەر زانیاریت لەسەری هەیە، تا چەند بەدڵتە؟ ئایا ئەو بەرنامەیە دەتوانێ کادیری هونەریی بواری شانۆ پێ بگەیەنێ؟

**سەعدوون یوونس:** دیارە ئەو برادەرانەی لەو شوێنانە وانە دەڵێنەوە، بەشێک لەوانیش پێشتر هەر لەوێ بڕوانامەیان وەرگرتووە، ئەوانەی وانەیان بەوان گوتووە، کۆمەڵە کەسێکی دیاری کراون، ئێستا یەکێکی وەک من کە چەند جارێک لەوێ ئامادە بووم و موحازەراتم بە قوتابییەکان داوە، دیارە هەر ئەوەیە کە خوێندوومە، بۆیە هەر ئەوە بەوان دەدەمەوە، واتە ئەوەی خوێندووتە هەر ئەوەیە و تەواو، بەڵام هونەر ئەو شتەیە کە بیروڕای تایبەتیی خۆتی دێتە ناوی.

**ڕامان:** ئاخر بێجگە لەوەی خوێندووتە، پێ بەپێ لەگەڵ خوێندنەوە و خۆ ڕۆشنبیرکردن، گۆڕانکاریشی بەسەردا دێت.

**سەعدوون یوونس:** بیروڕای تۆ ئەوەیە، کە ئەو مەنهەجە داوێیتە مێشکت و دەیهێنیتەوە دەرێ. هەڵسەنگاندن بە چی دەکرێت، بە ئاکام و ئەنجام دەکرێت، بۆ هەڵسەنگاندنی هەر شتێک دەبێ بە ئاکامەکەیدا بزانی چییە و چۆنە؟ دیارە شتێکی چاکە ئەو هەموو پەیمانگای هونەرە جوانەکان هەن و بە دەیان لاو وانەیان تێدا دەخوێنن و بە دەیان خێزان کە منداڵەکانیان دەکەونە پەیمانگاکان، تێدەگەن و دەزانن هونەر چییە، ئەوە لەو ڕووەوە ڕۆڵێکی ئەرێنیی هەیە، بەڵام دێیی سەیری ئاکامەکەی دەکەی، بە حوکمی تێپەڕبوونی ئەو هەموو ساڵە و دەرچوونی ئەو هەموو کادیرە، ئاکامێکی گەلێک کزی هەیە، کەواتە ڕۆڵەکە ئەوەیە، ئەو ئامادەکارییە نییە بەو شێوەیەی تۆ بتوانی ئەو کادیرانە دروست بکەی، چونکە هیچ هەڵسەنگاندنێکی نابێت، ئەوە مەیدانەکە دیارە.

**ڕامان:** باسی ئەوەمان کرد هێندێک لەوانەی کاری هونەری دەکەن، چ وەک ئەکتەر، چ وەک دەرهێنەر، بەشێکیان هیلاک بوون، واتە لەوە زیاتر ناتوانن بە هەورازەکەی هونەردا هەڵگەڕێن، کاتی ئەوە نەهاتووە ئەوانە بڕیارێکی بوێرانە بدەن و واز بێنن؟

**سەعدوون یوونس:** وابزانم بڕیاریان داوە، چونکە لە گۆڕەپانەکەدا نەماون.

**ڕامان:** ئاخر مەرج نییە، جاری وایە لە مەیدانەکەدا نەماوە، بەڵام هەمیشە چاوێکی لەسەر ئەوەیە کەی بگەڕێتەوە سەر ئیشکردن، ئەگەر بە سەقەتیش بێ بەلایەوە گرنگ نییە بگەڕێتەوە.

**هونەری من لە کوردستانە، لەو جێگایەیە کە کوردی لێیە.. تا ئێستاش لەلای ئێمە شانۆ نەبووەتە پێویستییەک بۆ کارکردن.**

**سەعدوون یوونس:** ئەوە تەنیا دڵدانەوەیەکە بۆ خۆیان، باوەڕ مەکە و چاوەڕێی ئەوە مەبە دەرفەتێک بێت، دەبێ خۆت چۆن دەتوانی ئەوها لەناو کارەکانی خۆتدا بەردەوام بیت.

**ڕامان:** باسی ئەوەمان کرد کە ڕەخنە بە زمانی کوردی و عەرەبی تا چەند ئاوڕی لە کار و بەرهەمەکانی تۆ داوەتەوە، بەڵام ئێستا بەدەر لەکاری تۆ، بەشێوەیەکی گشتی، وەک کەسێک کە لەناو بارودۆخەکەدای، تا ئەم کاتە پێت وایە بەشێوەیەکی گشتی، ڕەخنەیەکی شانۆیی وامان هەبێت، بەتایبەتی لە بواری شانۆیی و درامای تەلەڤزیۆنی، کە بە ئەقڵێکی گەورە و بە ڕۆشنبیرییەکی گەورەوە نووسرابن، ئەگەرنا تاکەی چاوەڕێ بین؟

**سەعدوون یوونس:** نەخێر نییە. بەڕای من بە بەردەوامبوونی بەرهەم، بە بەردەوامبوونی نمایشی شانۆیی، بە بەردەوامبوونی دراما ڕەخنە پێدەگا، بەڵام نەک کاری شانۆیی وەرزی بێ، کە بەرهەمێک هەیە و تەواو، خەڵکانێک هەن دڵسۆزن، با ڕاستی بڵێین، ماوەیەکە لە بابەتەکە دەکۆڵمەوە و دەخوێنمەوە، یەک لەو ناوانەی کە بەردێکی هاویشتووەتە مەیدانەکەوە و

دەخوێنرێتەوە، حەمەسوار عەزیزە، نووسینەکانی هێمن و ئاقـڵانەیە، بەتێگەیشتـوویی دەنووسێت، دووره لە پێوەندیی کەسی، چونکە کە بابەتەکانی خۆی دەنووسێت و بڵاویان دەکـاتەوە، لە فـەیسـبـووک و لەو مـاڵـپـەڕە کـۆمـەڵایەتیـیـانەدا، دەورێکی زۆری هەیە، منیش ئامادەبوونێکی زۆرم لەو ماڵپـەڕانەدا هەیە، بە حوکمی ئەوەی لەو شوێنانە کـەسانێکی زۆرم لەگـەڵە، نزیکەی (٨٠٠٠ - ٩٠٠٠) کـەسـت لەگـەڵە، زۆربەی ئەوانە بەڕێگای منەوە، بەڕێگای ماڵپەڕەکەوە، بەرهەمەکانیان بڵاو دەکـەنەوە، ئەوانە دەخـوێنمـەوە، هەست دەکـەم نەفـەسێکی زیرەکـانە و ئاقـڵانەیان هەیە، هەرچەندە تا ئێستا لە گفتوگۆکاندا بەشداریم نەکردووە، چونکە بەڕای من مـەرج نییە لە هەمـوو شتێک بەشدار بیت، من بەو ناوە دڵخۆشم.

**ڕامان:** خـوێندوومـەتەوە و گـوێم لێ بووە، زۆر کـەس باسی شتێک دەکەن و دەڵێن دەبێ شانۆی کوردی هەوڵی بۆ بدرێ تا مـۆرکـێکی کوردییـانەی پێـوە بێ، تۆ مـۆرکی کوردی لەچیدا دەبینی؟

**سەعدوون یوونس:** لە فۆلکلۆری کوردی، لە مێژووی خـۆت، لە کـولتـوورەکـەی خـۆت، لە کـۆمـەڵگای خـۆتدا، ئەوانە مـۆرکی کـوردین، بەڵام ئەوەش دەبێ وەک پێشتـر گوتمان تۆ بچیت بەرهەمێکی شەکسپیر ببێنی و ناوەڕۆکی وەربگرێت، چونکە مــرۆڤ لە هەمــوو شــوێنێک هەر مرۆڤە، تەماح هەر تەماحە، کوشتن هەر کوشتنە، غەدر هەر غەدرە، خیانەت هەر خیانەتە.

**ڕامــان:** ئەوەی کــە لێــرەدا جــیــاوازە، ئاســتی بیـرکـردنەوەیە، گـۆشـەنیگای بینینی ئەو مـەسـەلانە و بۆچوونەکانە.

**ســەعـــدوون یوونس:** بەڵێ، جـــیـــاوازی لە بۆچوونەکـاندایە، ئاستی بیرکردنەوەکە، دژکردەوەکـەیە. ڕۆژێکیان بە برادەرێکم گوت پیاو هەر پیاوە، تۆ مـەڵێ ئەوە پیـاوێکی ئەڵـمـانیـیـە، ئەوە پیـاوێکی کـوردە، پیـاوێکی ئەڵـمـانیش خیانەتی ئافرەت قبووڵ ناکـات، بەڵام دژکـردەوەکـەی جیـاوازی هەیە، پیـاوە کـوردەکـە یەکسەر دەچێ زۆر بە توندی دژکردەوەکەی خۆی بەرانبەر بەو ڕووداوە نیشان دەدات، کەچی کابرای ئەڵمانی لێی دەکشێتەوە و ژیانی خۆی تێک نادات و لێی دەردەچێت، بەڵام ئەوەی قـبـووڵ نیـیـە، گـرینگ ئەوەیە جـەوهەری



**ساڵی ١٩٧٩، شاری ڕومادی، لە ڕاستەوە: عەبدولستار خدر، زوهێر سەعدوون یوونس، سەعدوون یوونس**

بابەتەکە وەرگریت، جەوهەری بابەتەکە ئەوەیە، کە ئەویش قبووڵی نییە و منیش قبووڵم نییە، هەموو نەتەوەیەکیش قبووڵی نییە، ئافرەتیش لە هەمـوو جیهان بە یەک شێوە دروست کــراوە، هیچ ئافــرەتێک جــیــاوازی لەگــەڵ ئافـرەتێکی کـورد نیـیـە، بەڵام وەرگـرتنی ناوەڕۆکی بابەتەکـە، کـە تۆ بێـیت و لەگـەڵ واقـیـعی خـۆمـانی بگونجێنی ئەوە گرنگە. یەکێکی وەک شەکسـپیر لەبەر ئەوەی ئەو دیالۆگــەی لەلای ئەو هەیە و چووەتە ناخی ئەکتەرەکانەوە و تۆ دەتوانی وەریگێڕی، پێت دەڵێن ئەوە مـۆرکـێکی کـوردی پێ داوە، بەڵام ئەوەی لە کـولتـووری خۆتە، ئەوە دەبێتە بەرهەمێکی کوردی.

**ڕامــان:** لە هەمــوو دنیــا شــتــێک هەیە پێی دەڵێن خەڵات، خـەڵات بۆ داهێنان، بۆ هونەرمـەندی جیـاواز و تایبەتمەند، تۆ ڕات بەرانبەر خەڵاتکردن چۆنە؟

**سـەعـدوون یوونس:** لە هەمـوو دنیـا ڕێزلێنان هەیە، خەڵاتیش هەیە، بەڵام خـەڵات، دەوڵەت نایدات، خـەڵات دامودەزگایەک دەیدات، بۆ ئەوەی ڕۆڵی داهێنانەکە زیاتر ببێت، ململانێ هونەرییەکە، نەک ململانێی کەسیی زیاد ببێت، بەڵام ئەوەی لەلای ئێـمـە هەیە، خـەڵات نیـیـە، ئەوەی لەلای ئێـــمـــە هەیە شـــتـــێکە بۆ کـــڕین، بۆ دەمکوتکردن، ئەوەش جیاوازی هەیە.

**ڕامان:** بەڵام لەناو ئەوانەدا کەسانێکی موستەحەقیشی

بەبەر کەوتووە.

**سەعدوون یوونس:** بێ گومان، هەموو شتێک وایە، هیچ شتێک نییە هەمووی هەر نادادپەروەری بێت، بەڵام جوانترین خەڵات هی میللەتە، جوانترین خەڵاتی میللەتیش بۆ داهێنەر، ئەوەیە کە کولتووری میللەتەکەی بپارێزێت و بەڕێزەوە ڕاییگرێت، واتە ئەگەر شاعیرێک دیوانێکی چاپ کرد، بتوانێ لە بودجەکەی خۆی ئەو دیوانە بکڕێ، بۆ ئەوەی بتوانی بەردەوام بیت، هەروەها بۆ شێوەکار و شانۆکار و ئەوانەش هەروایە.

**ڕامان:** تۆ خۆت لەو خەڵاتانەت بەبەر کەوتووە؟ کام خەڵاتە زیاتر دڵخۆشی کردووی؟

**سەعدوون یوونس:** خودا ڕەحمی کردووە هیچ خەڵاتێکم پێ نەبەخشراوە، هیچ یەک لەو شتانەش دڵخۆشم ناکات. ڕۆژێکیان لە وەزارەتی ڕۆشنبیری خەڵاتێکیان بۆ دانابووم، جەنابی وەزیر ئیمزای کردبوو، پێم گوت تۆ چۆن حەقت داوەتە خۆت، خەڵاتی من ئیمزا بکەی، من ئیمزای میللەتێکم دەوێت، گوتم تۆ نابێ بێی خەڵاتی من ئیمزای بکەی، دەبێ هونەرمەندێکی گەورە ئیمزای بکات، تۆ پلەیەکی وەزیفی و سیاسیت هەیە.

**ڕامان:** لە ئێراق ئەوە پەیڕەو دەکرا کە هەمیشە هونەرمەند حەقی شبلی خەڵاتەکەی ئیمزا دەکرد و دەیبەخشی. حەقی شبلی وەک عەمیدی شانۆ و نەقیبی هونەرمەندانی ئێراق ئیمزای دەکرد و خەڵکی بەسەر دەکردەوە.. بەڕای تۆ ئەو پێوەرانەی کە خەڵکی پێ هەڵدەبژێرن تا ڕێزی لێ بنێن، یان خەڵاتی هونەرمەندی پێ بکەن، ئەو پێوەرانە بەلاتەوە دادپەروەرییان تێدایە؟

**سەعدوون یوونس:** بە قەناعەتی من نەک دادپەروەری تێدا نییە، تەنانەت بە جوانیشی نازانم. خەڵاتی ڕێزلێنان بۆ هونەر هەیە، بەڵام لە هەموو دەوڵەتان، لە جێگاکان، لە سەنتەرەکان لیژنە هەیە، ئەگەر ئەوە بکرێت، من بەوە ڕازیم، بەڵام خەڵاتەکە بە میزاجێک دابنرێت، بە میزاجێک، یان بە ڕێکەوتێک تۆ بگەیتە کەسێک و خەڵات بکرێی، بەڕاستی ئەوە گوناحە.

**ڕامان:** ساڵانێکە لە دەرەوەی وڵاتی، ئێستا لە وڵاتی ئەڵمانیا نیشتەجێیت، چوونە دەرەوەی تۆ لە وڵات چەندە سوودی بە تۆ گەیاند، یان چەندە توانی ئەزموونی کاری تۆ دەوڵەمەند بکات؟

**سەعدوون یوونس:** من کە داوای پەنابەریم کرد، وەرگێڕەکە کوردی کەرکووک بوو، ناوی نەجات بوو، بە دادوەرەکەی گوت ئەمڕۆ بۆ من خۆشترین و ناخۆشترین ڕۆژە؛ خۆشترینەکەی ئەوەیە کە من بەرانبەر هونەرمەندێک دانیشتووم کە زۆر ئیشەکانیم دیوە، زۆرم پێ خۆش بوو ببیبینم، بەڵام ناخۆشترەکەیشی ئەوەیە، کە هونەرمەندێکی ئاوا هاتووە لە وڵاتی ئەڵمانیا داوای پەنابەریی بکات، کە دەبوو لە وڵاتی خۆی پەیکەری بۆ دروست بکرێت، لەبەر ئەوە من بە دوو سەعات پەنابەریی سیاسیم وەرگرت. دادوەرەکە ناوی شیتەر بوو، جوولەکە بوو، هەر کە بەرهەمەکانی منی بینی و گوێی لە قسەکانم ڕاگرت، تەنانەت هات لەناو کەمپەکەش داوای کرد ژوورێکی تایبەتی بۆ من دابنێن. گوتی تا ئیشە ڕەسمییەکانی بۆ تەواو دەکەم، نابێ لەگەڵ پەنابەران لە ژوورێک بێ. ئەوەبوو منیان گواستەوە ژوورێکی تایبەتی، تەنانەت کاتێک چوومە لیبیا، لەوێ بە شێوەیەکی ڕەسمی لە تەلەڤزیۆن کارم کرد، بەڕێوەبەری گشتیی تەلەڤزیۆنی لیبیا گوتی ئێوە سەربەخۆیی کوردتان دەوێ، بۆ کادیرێکی وەک تۆ لەو قۆناغەدا دەرچووە؟ ئەوە ساڵی ١٩٩٢ بوو. پێم گوت ئەوە ئێمە لە ساڵی ١٩٩٢دا داوای سەربەخۆیی دەکەین، بەڵام ٥٠ ساڵ تا ١٠٠ ساڵی دیکەش هەنگاوەکانمان بەرەو سەربەخۆیی ناڕوات، ئێمە هەر خۆمان قسە دەکەین، هەر ئەو قسەکردنەشە منی گەیاندووەتە ئێرە، کە ئێستا من لە تەلەڤزیۆنی لیبیا وەک وێنەگر و دەرهێنەر کار دەکەم.

**ڕامان:** ئێستا بە باشی زمانی ئەڵمانی فێر بووی؟

**سەعدوون یوونس:** پەکم ناکەوێ، چونکە یەک لە مەرجەکانی ڕەگەزنامەی ئەڵمانی ئەوەیە دەبێ فێری زمانی ئەڵمانی ببیت.

**ڕامان:** مەبەستم ئەوەیە کە بەو زمانە بخوێنیتەوە و شارەزای کولتووریان بیت و بیانناسیت.

**سەعدوون یوونس:** بەڵێ، دەتوانم ئەوە بکەم. هەر لە دایرەی کولتوورەکەیان کارم کردووە، کە چوویتە دەرەوە، پاش ماوەیەک ئەوان لێت ناگەڕێن تۆ دابنیشیت، ئیدی کە وەک پەنابەر وەریانگرتیت و ئیقامەیان پێ دایت و خێزانتیان هێنا، دەتخەنە سەر کار، هەر ئیشێک بێ، دەبێ ئیش بکەیت، بەڵام من گوتم هەموو ئیشێک ناکەم، بڕوانامەم هەیە و ئیشم کردووە، ئەوەبوو ناردمیانە دایرەی کولتوور تا لەوێ ئیش بکەم، لە دایرەی کولتوور

ناردمیان بۆ شوێنێک تاقیم بکەنەوە، تا بزانن ئایا دەتوانم کاری کامێرا و دەرهێنان بکەم؟ گوتیان چوار هەفتە بە پراکتیکی وەک تاقیکردنەوەیەک لەو جێگایە ئیش دەکەی، کاتێ چووم پاش چارەگێک بەرپرسی دایرەکە تەلەفۆنی بۆیان کرد و گوتی ئەوە دامەزرێن، ئێمە دەبێ لەوە فێر بین، نەک ئەو لە ئێمە فێر بێت، ڕێک ئەوە دەقی قسەکەی بوو. بڕوانە سوودی تۆ لە هونەر وەک مرۆڤ چەندە؟ ئەو ماوەیە لە ئەڵمانیا، من وەک مرۆڤ سوودم لەوە وەرگرت، کە بەرانبەرەکەم قبووڵ بکەم، تا ڕادەیەکی زۆر گوێ لە قسە ڕابگرم، شێوەی دیالۆگ فێر بم، هێمن بم، لەجیاتی جارێک بیر لە شتێک بکەمەوە، دووجار بیری لێ بکەمەوە، شتێک سوودی هەبوو بیکەم، کە نەمکرد، هەر بۆ زیادکردنی ژمارە نەبێ، بگرە نەکردنی لەلام باشتر بێت. دیارە ئەوانەی کە لە ژیانی خۆت فێریان دەبی، ئەوەیە هەوڵ بدەی هەمیشە لە هەڵە دوورت بخاتەوە و هەوڵ بدەی ببی بە بەشێک لە کۆمەڵگا و ڕێز لە هەموو لایەک بگریت، هەوڵ بدەی بە چاوێکی تر تەماشای ئافرەت و کچەکەت و خێزانەکەت بکەی، چونکە ئەوانە بەشێکن لەو کۆمەڵگایە.

**ڕامان:** تۆ لە ڕێگای ئەو زمانەوە هەوڵت داوە لەسەر ئەزموونە گەورەکان بوەستیت و بیانخوێنیتەوە؟

**سەعدوون یوونس:** من لەگەڵ خوێندنەوە زۆر برادەرم، بەڵام لەگەڵ ئەوەش هەمیشە حەز دەکەم بە کردەنی بەرهەم ببینم

**ڕامان:** زمانی ئەڵمانی سەرچاوەی فیکر و فەلسەفەیە، بێجگە لە داهێنانی گەورە و ڕۆمانی گەورە و تەوژمی فیکری و فەلسەفەیی و ئەدەبی و هونەریی نوێ، کە چاوگ و شوێنی ئەو کایە و بوارانەیە، کەسێکی وەک تۆ ئەگەر لەوێ زمانەکەت باش کردبێت، دەچی ئەو سەرچاوانە دەخوێنیتەوە و ئەزموونەکانی خۆتی پێ دەوڵەمەندتر دەکەیت؟

**سەعدوون یوونس:** ئەزموونێکی (ماکس فریش)م خوێندەوە، کاتی خۆی "ماراساد"م کردبوو، لەبەر ئەوە زۆرم پێ خۆش بوو ئەزموونەکانی بخوێنمەوە، لاپەڕەیەکی کولتووریش هەیە، هەفتەی دووجار لە ئەڵمانیا دەردەچێت، بزانە لە هەر شارێک دوو گۆڤار، دوو ڕۆژنامە هەیە، بەبێ پارە دێنە ناو ماڵەکەت، دەچنە هەموو ماڵەکان، سێ سەد چوارسەد هەزار دانەیان لێ چاپ دەکرێ، بەپێی ئەوەی کە دانیشتووانی شارەکە چەندە بن، ئەوەندە ژمارەی لێ چاپ دەکرێت، ئەوانە لاپەڕەیەکیان تێدایە، کە لاپەڕەی کەسایەتییەکانە و تێیدا باسی ئەزموونی خۆیان لە ژیاندا دەکەن، دیارە زۆربەشیان باسی ژیانی ئەدەبی و کولتووری و ڕۆشنبیریی خۆیان دەکەن.

**ڕامان:** بێجگە لەو لاپەڕەیە لە ئەڵمانیا هیچ جارێک ڕێکەوتووە، کە بە زمانی ئەڵمانی لەسەر تۆ بنووسن؟

**سەعدوون یوونس:** بەڵێ، فیلمێکی دۆکیومێنتاریم لەسەر پەنابەرەکان کرد، لە هەرێمی ئێرفۆد لە ئەڵمانیا نیشان درا. هەڵبەت کە ڕۆژنامەیەک لەسەرت دەنووسێ، ئەو ڕۆژنامەیە پەیوەستە بەو شارەوە، واتە ناوچەییە، چونکە هەموو شارێک ڕۆژنامەی خۆی هەیە و دەچێتە هەموو ماڵەکان و هەفتەی دووجاریش دەردەچێت، ئەوە ناکاتە ئەوەی تۆ بڵێیی ڕۆژنامەیەکی ئەڵمانی لەسەر منی نووسیوە، ئەو ڕۆژنامە ئەڵمانییانەی کە بە ملیۆنان دانەیان لێ دەردەچێت، زۆربەی بابەتەکانیان کولتوورێکی فراوانی ناسراوە، نەک تۆ بەرهەمێکت لە شارێک، یان لە دێیەک کردبێت. دووجار لەبارەی کچەکەمەوە نووسرا، چونکە لە کۆلێژی دەرمانسازی یەکەم بوو، گوتیان ئەوە یەکەم جارە ئەڵمانییەکی بەرەچەڵەک بیانی باس بکرێت، چونکە ئەگەر ڕەگەزنامەت نەبێ، زۆر کار هەیە تۆ ناتوانی بیکەیت، زۆر خوێندن هەیە ناتوانی بیخوێنی، کەچی لەسەر ئەوان نووسی، بەڵام ئەوە شتێکی ناوچەییە، ئەگەر بڵێم ئێمە بە شێوەیەکی ئاوا لە وڵاتێکی وەک ئەڵمان ناوبانگمان بەرفراوان بووە، نەخێر ئەوە وا نییە.

**ڕامان:** ئاگام لێیە لەمێژە خەریکی کامێرا و وێنەگرتنی، تەنانەت جارێک من ئاگام لێبوو پێش ڕاپەڕین لەگەڵ تەلەڤزیۆنێک قسەت دەکرد، دیاربوو هێندێک دیمەنتان لای بێتواتە گرتبوو، تۆ ئەوەندە بڕوات بە خۆت بوو، دەتگوت ئەو گۆشانەی من هەڵمبژاردوون و وێنەم گرتوون، تەحەدا دەکەم یەکێک بزانێ ئەو گۆشانە لە کوێندەرێیە، کە وێنەکانم لێ گرتوون، مانای وایە کە تۆ بەسەر هونەری کامێرا و بەکارهێنانیدا زاڵیت، تۆ لە کوێ خوولی وێنەگرتنت دیوە؟

**سەعدوون یوونس:** من لە بەغدا خوولی دەرهێنانی

تەلەڤزیۆنیم دی، یەکەم بەرهەمیشم (ئاسکە) بوو، بەڵام وەک پێشتر گوتم کە کارێک دەکەم هەردەم هەوڵ دەدەم هەموو کارەکان لەبن دەستی خۆمدا بن و کۆنترۆڵێکی تەواویان بکەم، کە نە لەسەر وێنەگر، نە لەسەر مۆنتاج، نە لەسەر ئەکتەر، نە لەسەر دەنگ ڕابوەستم. دەرهێنەر دەبێ هەموو ئەو بابەتانەی کۆنترۆڵ کردبێت، تا بتوانێ ئیشەکانی بەردەستی خۆی هەمووی کۆنترۆڵ بکات. دیارە یەکەم بەرهەم کە وەک دەرهێنەر و وەک وێنەگر دەستم پێ کرد، "شا هەر شایە" بوو، کە هونەرمەندان سەباح عەبدولڕەحمان، عەلی ئەحمەد، محەمەد سەعید ئیبراهیم، زاهیر عەبدوڵڵا، سەمیرە عەبدۆک، شیرین سابیر دەوریان تێدا بینی، ئەوە بەرهەمێکی پاش ڕاپەڕین بوو، خۆم وێنەم گرت و خۆشم دەرمهێنا و دواییش لە عەنکاوە مۆنتاجمان کرد و هێندێکی لە تەلەڤزیۆن لێ پێشکەش کرا، دوایی ڕایانگرت، "شا هەر شایە"، هی سەعدوڵڵا ونووس بوو، ئیتر ژیانی من ئاوایە، مرۆڤ دەبێ بەسەر هەموو کارەکانی خۆیدا زاڵ بێ. لەبەر ئەوەیە زۆربەی برادەرەکان دەڵێن، سەعدوون یوونس نەک هەر هونەرمەند، بگرە دەزگایەکی هونەریشە، واتە خۆی وەک دەرهێنەر، خۆی وەک وێنەگر گرفتی نییە.

**ڕامان:** با نەختێ باسی دیکۆریش بکەین، لەو قسانەت وا دەردەکەوێ کە دیکۆریشت بۆ کارەکانی خۆت کردبێ؟

**سەعدوون یوونس:** هەر هەمووی خۆم کردوومە، تەنانەت زۆر لە دیکۆرەکان کە هونەرمەند واحید مەرجان کردوویەتی، یان حوسێن عەبدوڵڵا دیکۆری (محەمەد و سێوێ)ی بۆ کردم، بەڵام قەت بەجێم نەهێشتوون، هەر لەگەڵیان بووم، لە دروستکردنی دیکۆرەکەی (محەمەد و سێوێ)دا حوسێن عەبدوڵڵا دەیگوت ئێستا من بوومە کرێکاری بندەستی تۆ، چونکە تۆ پێنج دەقە من بەجێ ناهێڵی، پێم دەگوت چۆن بەجێت دێڵم؟ ئەوەبوو دیکۆرێکمان بۆ محەمەد و سێوێ دروست کرد، دیکۆرێکی سروشتی بوو، دەمگوت با ئەم جارە دیوەخانیش تەواو بێ، بە بەرچیغ و دینگە و شتەکانی دیکەوە، لە (قەڵای دمدم)دا کە هەمووی فلاتاتە، هەمووی خۆم لەگەڵیان دروستم کردن.

**ڕامان:** واتە لە هەموویان هەر هاوکاریان بووی؟

**سەعدوون یوونس:** قەت بەجێم نەهێشتوون، بۆ نانخواردنیش، پێکەوە نانمان دەخوارد.

**ڕامان:** بەڵام لە تایتڵەکان ناویان نووسراوە، دیکۆرکێش فلانکەس؟

**سەعدوون یوونس:** دیارە ناتوانی هەموو شتێک بخەیتە بندەستی خۆت، من زۆرجار ناوی خۆم لادەدا، چونکە دەبوو ناوم لە هەموو جێیەکاندا هەبێت، ئەوەشم پێ ناخۆش بوو.

**ڕامان:** تۆ دەق بە ڕەگەزە سەرەکییەکەی شانۆ و دراما دەزانی، گەورەترین گرفتی ئێمەش وەک کورد، قەیران، یان نەبوونی دەقە، دەقی باشمان کەمە، نووسەری ئەو بوارانەمان هەر یەکجار کەمە، ئەو دەقانەی خۆت چۆن پەیدایان دەکەی، یان چۆن هەموو جارێ پەیدات دەکردن؟

**سەعدوون یوونس:** نازانم چ بڵێم، ئەوەی "هەبوو نەبوو"، لە ئاکامی خوێندنەوەوە بوو.

**ڕامان:** لە بەغدا کار لەسەر (کان یا ماکان) کراوە، بەڵام تۆ ئەو "هەبوو نەبوو"ەت هێناوە و کورداندووە.

**سەعدوون یوونس:** بەڵێ، گۆڤارەکانم دەخوێندەوە، چیرۆکێکم دەخوێندەوە، ڕام لێی دەبوو، پێوەندیم بە چیرۆکنووسەکەوە دەکرد، دەمگوت با ئەو کارە بکەین بە شانۆیی، بۆ نموونە چیرۆکەکەی عەبدولڕەزاق بیمارم خوێندەوە، گوتم با کەمێک فراوانی بکەین و بیکەین بە شانۆیی.

**ڕامان:** تۆ بەرهەمی شانۆییت هەیە و کاری سینەماییشت کردووە، ئێستا ئەگەر پێت بڵێن وەرە یەکێک لەو کارانەت نوێ بکەرەوە، کامەیان بۆ نوێ کردنەوە هەڵدەبژێری؟

**سەعدوون یوونس:** (گەڕەکەکەمان) هەڵدەبژێرم، چونکە بەرهەمێکە لەناو شاری هەولێرە، لەناو گەڕەکاکانی هەولێرە، لە منداڵەکانەوە، لەو بێوەژنەوە بگرە کە چۆن ئەو کابرایە چاو لە بێوەژنێک دەکات، لەو گەنجەی کە باوکی ڕێی لێ گرتووە و پەنا دەباتە بەر دەستدرێژیکردن و شتێکی خراپ دەکات، ئەو کابرایەی کە دەیەوێ کچەکەی خۆی بە شوو بدات، چەند کەسێکی دەوروپشتی ڕێگرن، یان لەو کەسانەی بوونەتە خانەنشین و هیچ ژیانیان نییە جگە لە دانیشتنی چایخانە نەبێ و کەسێک نییە بایەخیان پێ بدات و بیریان لێ بکاتەوە، کەچی لە دەرەوە، لە وڵاتان خانەنشینی دەبێتە قۆناغی

دووەمی ژیان و بەپلان، ژیانیان بەڕێ دەکەن، سالآنە پلانیان بۆیان هەیە.

**رامان:** ناوەرۆکی ئەو کارەی خۆت لەگەڵ ئێستا پێ گونجاوە؟

**سەعدوون یوونس:** بەڵێ، تەواو لەگەڵ ئێستا گونجاوە، دەستکارییەکی بچووکی دەوێ. بۆ زانینت ئەوە نووسینی هونەرمەند (فەیسەڵ محەمەد سالح)ـە، پێشم گوتووە ئێستا بە چاوێکی دی بینووسێتەوە، ئەوە یەکێک لەو پرۆژانەیە کە سوورم لەسەر ئەوەی دووبارە بکرێتەوە.

**رامان:** کەسایەتی و کارەکتەری ڕەجەب کە ئەوها چووەتە ناو بیرەوەریی خەڵک و ئەو ئامادەبوونەی هەیە و ئەو زەینییەتەی وەرگرتووە، دەتوانی لە چەند خاڵێکدا بۆم چڕ بکەیتەوە، کە هۆیەکەی چییە؟

**سەعدوون یوونس:** هۆیەکەی ناوەرۆکەکەیەتی، هەروەها توانایی بینینی ڕۆڵەکەیە. وای دەبینم ئەو دەورەی من لەوێ گێڕاومە، هەموو تواناییەکانی من لەناویدا چڕ بوونەتەوە، ڕەنگە بڵێم لووتکەی کارکردنە لەو لایەنەی کە لەلای منەوە کراوە.

**رامان:** ئەی لە پاش ڕەجەب کارەکتەرێکی دی کە بەلاتەوە گرنگ و بەرچاو بێت و لەلای تۆ دووەم کارەکتەر بێت، کێهەیە؟

**سەعدوون یوونس:** (مالەی سەرگردەکە) پێویستی بە توانایییەکی گەلێک زۆر بوو، لە (خاتوو کلاوزەڕ)دا کوێخا ئەحمەد دەورێکی زۆر سەرکەوتوو بوو، لە (گەڕەکەکەمان)دا مام سمایل، لە (کەونەدەرکە) جەلیلی خەریتەچی.

**رامان:** بە چ ئەکتەرێک ئاسوودەی کە لەسەر شانۆ بەرانبەرت ڕابوەستێ و کاری لەگەڵ بکەی؟

**سەعدوون یوونس:** لەگەڵ عەلی ئەحمەد، زاهیر عەبدوڵلا، فەیسەڵ محەمەد سالح زۆر ئاسوودە دەبم، هەروەها لەگەڵ سەلام کۆیی، هەرچەندە تا ڕادەیەک لەگەڵم عینادە و زۆر لەگەڵم نایەتە پێشەوە، بەڵام ئەوانی دی زۆر لەگەڵم دێنە پێشێ. لەگەڵ ئەوانە دیمەنەکان لە تەلەڤزیۆندا زۆر جوانن، چونکە تێگەیشتن لە یەکتری هەیە، هەر یەکێک لەو ئەکتەرانە کە دەبینێ من ئەوە دەڕۆم، ڕێگام لێ ناگرێ، چونکە دەزانێ منیش ڕێگای ئەو دەگرم، تۆ دەزانی لەپشت تەلەڤزیۆن شتێک هەیە دەبێ بۆت بێ، ئەو کاتەی کە بۆت دێ، وێنەیەکت دەداتێ، تەماشا دەکەی بەکەڵکت دێ، یان نایێ؟ کە دەبینی بۆت هاتووە، ئیتر ناڵێ ئەوە ئێمە لەسەری ڕێک نەکەوتووین، چونکە تەلەڤزیۆنە و دەڕوات، کە تەواو دەبێ، دەبینێ ئەویش لەگەڵ من دەڕوات، بۆیە ئەوانە من لەگەڵیان ئاسوودەم.

**رامان:** تۆ کەسێکی پەرتوبلاوی، لە لایەک ئیشی ئەکتەری دەکەی، لە لایەک کاری تەلەڤزیۆنیت کردووە، لەولاوە لە شانۆدا کاری دەرهێنەریت کردووە، لەولاوە وەک پێشتر باسمان کرد لە دیکۆردا کار دەکەیت و وەک خۆت دەڵێی تا دوا نەفەس بۆخۆشت لەگەڵیان دەبی، هەروەها لە مۆسیقادا هەر خۆت ئامادەی، بەڕای تۆ ئەو پەرتوبلاوییە کارێکی باشە کردووتە، بۆ بوار نادەی هەر کەسەو کاری خۆی بکات؟

**سەعدوون یوونس:** ئەوە پەرتوبلاوی نییە، ئەوە هەمووی کۆکردنەوەی هونەرەکەیە، بۆیە من لەکاری مۆسیقاییشدا لەگەڵ هونەرمەند ڕزگار خۆشناو دادەنیشتم، دەمگوت ئەوە دیمەنەکەیە، کە دەهاتین پرۆڤەی بکەین، پێم دەگوت ئێستا چ مۆسیقایەکت بۆم داناوە؟ تۆماریشمان نەدەکرد، یەکسەر بە زیندوویی پێشکەشی دەکرد، (زولەیخا) کاری نەجمەددین بابەکرە بە زیندوویی کردی، هونەرمەند وریا ئەحمەد لە (گوڵاڵە) لەگەڵمان بوو.

**رامان:** ئەگەر بەتەنیا دانیشتبێتی، هیچ بیرت لەوە کردووەتەوە ئەو هەموو بەهرانەت کە پەرتوبلاوت کردوونەتەوە، لە یەک- دوو بەهرەدا کۆیان بکەیتەوە، ئەوکات کاریگەریی تۆ باشتر نابێت؟

**سەعدوون یوونس:** ئاخر ئەوەم نەکردبا بەرهەمەکانیش بەو شێوەیە نەدەبوون.

**رامان:** کەواتە ئەو شێوازی کارکردنەت پێ باشترە؟

**سەعدوون یوونس:** بەڵێ، چونکە ئەوە بە پەرتوبلاوی نازانم، هەموو هونەرەکەی خۆت کۆکردووەتەوە، لە دواییدا تۆ دەرهێنەری و هەموو ئەرکێک لەسەر شانی تۆیە.

**رامان:** من وای دەبینم ئەگەر وات نەکردبا و تەنیا لە بوارێکدا پسپۆڕیت وەرگرتبا، بۆ نموونە هەر لەسەر نواندن گیرسابایتەوە، ئێستا یەکێک لە ئەکتەرە باشەکان دەبووی؟

**سەعدوون یوونس:** ئێستاش یەک لە ئەکتەرە باشەکانم.

**رامان:** بەڵام رەنگە باشتر بوای، یان ئەگەر هەر دەرهێنەر بوای باشتر دەبووی؟

**سەعدوون یوونس:** نا نا، چونکە من پەنام بردە بەر دەرهێنان، لەبەر ئەوەی زۆربەی بەرهەمەکان هەم دەرهێنان و هەم نواندنەکەشی هەر خۆم دەیکەم، لەگەڵ رێزم هەستم پێ دەکرد ئەو دەرهێنەرە نییە کە بتوانێ من لە باوەش بگرێت.

**رامان:** دەرهێنەرێکی کورد، کە تۆ لە کارەکانیدا بەشداریت کردبێت، لەگەڵی ئاسوودە بووبیت کێیە؟

**سەعدوون یوونس:** سەباح عەبدولرەحمان، ئەگەر دەقەکە بخوێنمەوە، هەموو کاتێک ئامادەم کاری لەگەڵ بکەم. ئەگەر رۆژێک ویستی ئیش بکات و تێکستێکی هەبێت، من ئامادەم لەگەڵی ئیش بکەم، چونکە دەزانم تواناییەکی باشی لە کارکردندا هەیە. دەرهێنەرەکان، ئەوانەی ئیشیان لەگەڵ کردووم، هەموویان لە من ترساون، زۆر سەیرە، ئیشم لەگەڵ هەموویان کردووە، بەڵام هەموویان لە من بە ترس بوون.

**رامان:** بەو قسەیە بێ دەبێ کارکردن لەگەڵ تۆیان دووبارە نەکردبێتەوە؟

**سەعدوون یوونس:** هیچ هەوڵیان نەداوە دووبارەی بکەنەوە، جگە لەوە خۆشم نەمهێشتووە، هەمیشە بە ترس ئیشەکەیان تەواو کردووە، دەیانگوت سەعدوون یوونس زۆری پێویستە، هەستی بەو تواناییە دەکرد کە هەمە، بەڵام نەیتوانی لەگەڵ من کار بکات.

**رامان:** لەوانەیە مەسەلە توانایی تۆ نەبێ، رەنگە هێندێک جوولەی دابێ بە تۆ، پێی رازی نەبووبی؟

**سەعدوون یوونس:** بەڵێ، بەردەوام گەنگەشەشم لەگەڵ کردوون.

**رامان:** ئەویش رەنگە ئەوەی پێ خۆش نەبووبێت، چونکە ئەو وەک دیکتاتۆرێک سەیری کارەی کردووە، چونکە بەرپرس و گەورەی ئیشەکەیە (سید العمل)؟

**سەعدوون یوونس:** لەو دواییانەدا فیلمێک پێشکەش کرا، من دەورم تێدا هەبوو، لەو فیلمەدا کە سیناریۆکەم خوێندەوە، پێی رازی بووم، بەڵام کە دانیشتین بۆ جێبەجێکردنی فیلمەکە و شێوەکەی ئیش کردنەکەی، پێم گوتن دەبێ فیلمەکە بەو شێوەیە جێبەجێ بکەین، ئەگینا من لە دەورەکە دەکشێمەوە. ئاخر سینەما وایە هەمووی یەک پارچەیە، تۆ جێگای وێنەگرتن و ئەو ئەکتەرانەت هەڵبژاردووە، ئەو دیمەن و جێیانەی لێی تۆمار دەکرێن، گوتم ئەو دیمەن و شوێنانە سیناریۆکەت دەکوژن، ئەگەر ئەوەت مەبەستە کە تۆ بە هەر شێوەیەک منت هەڵبژاردووە تا کارەکەت بۆ بکەم، من دەکشێمەوە، ئەوە بوو من کشامەوە، کە کشامەوە نەک هەر من، هەموو ئەوانەی لەناو بەرهەمەکەدا بەشدارییان کردبوو، دەیانگوت کارێکی باشمان نەکرد بەشدار بووین.

**رامان:** بە شێوەیەکی گشتی، لەو کارانەدا کە کەڵکیان لە دەقی خۆماڵی وەرگرتووە، ئەو کارانەی کە پێوەندییان بە کۆمەڵگای خۆمانەوە هەیە، موویەکی باریک هەیە لە نێوان ئەوەی کە تۆ کارێکی میللی بکەیت، لەگەڵ ئەوەی کارێک بکەی کە لەڕووی هونەری و تەکنیکەوە ساکاربێ، زۆرجار هەست دەکەم بە ناوی نزیکبوونەوە لە خەڵک و بە ناوی نزیکبوونەوە لە میللەت، بەرەو ساکاری و سادەیی و تەنکاو رۆیشتوون، تۆ چۆن ئەوە دەبینی؟

**سەعدوون یوونس:** ئەوە گەورەترین هەڵەیە، چونکە بە بۆچوونی من هونەرمەند هەمیشە هەنگاوێک لە رووداوەکان لە پێشترە، یان مەزندە و پێشبینی دەکات کە لە داهاتوودا چ دەبێت.

**رامان:** تەنانەت لە رووی چێژیشەوە، ئەوە ئەرکی سەرشانی هونەرمەندە، کە چێژی میللی وردەوردە بەرەو بەرزبوونەوە و ئاستێکی بەرزتر ببات.

**سەعدوون یوونس:** یەکەم جار بینەر بهێنێتە ناو هۆڵەکەوە، دوایی وردە وردە چێژی بەرز بکاتەوە، نەیەتە ناو هۆڵەکە با لە جێگای دی بیبکات، واتە شانۆگەرییەکەی لە شوێنی گشتی پێشکەش بکات، ئەوە بە هەنگاوێکی باش دەزانم، بەڵام دەبێ ئاکامی هەبێ، کە تۆ جارێک ئەوەت کرد، دوو جار ئەوەت کرد، دەبێ لەو خەڵکەی کە دانیشتووە، هیچ نەبێ بەشێکیان، لەسەدا هەرچەندی بتوانی بێنیتە ناو هۆڵی شانۆوە، ئەگەر لە ئاکامدا هیچ بەشێکت لەوانە نەهێنا، کەواتە دەبێ شێوەی تاقیکردنەوەکەت بگۆڕیت.

**رامان:** گرفتی سەرەکی ئەوەیە کە بە هۆی راکێشانی ئەو خەڵکەوە بۆ ناو هۆڵەکانی شانۆ، جاری وا هەیە موساوەمەشی تێدەکەوێت.

**سەعدوون یوونس:** قەیناکا ئەگەر لە جێگایەکدا ئاکامی هەبێت.

**رامان:** هەندێ جار ئەوەندە ئاستی شانۆکەی دادەبەزێ، تەنیا بۆ ئەوەی ئەو بینەرە بۆ لای خۆی رابکێشێ، لێرەدا رەنگە بکەوێتە ناو ئەو سادەیی و ساکاریی زۆرەوە.

**سەعدوون یوونس:** زۆر تەواوە، ئەگەر بێتو ئەنجامی هەبێت چاکە، بەڵام ئەگەر تۆ بینیت جارێک، دوو، سێ، هیچ ئەنجامێکی نەبێت، بەڕای من دەبێ شێوەی کارکردنت بگۆڕیت، چونکە لەو بارەدا کە بەردەوام دەبیت، تۆ زۆر سادە دەبیتەوە، ئەوکاتە مانای وایە تۆ خۆت دۆڕاند، هونەرەکەشت، ژیانی هونەریشت دۆڕاند، بەرزبوونەوەی ئاستە هونەرییەکە، کە دەتەوێ خەڵک چێژی لێ وەربگرێت، هەموویت دۆڕاند.

**رامان:** من لێرەدا مەبەستمە داکۆکی لە درەوشانەوەی هونەر بکەم، کە هونەرمەند نابێ هونەرەکەی خۆی بە قوربانی کۆکردنەوەی قەڵەباڵغی بکات، تا کۆمەڵێک خەڵک بۆ لای خۆی رابکێشێت، چونکە لەوانەیە لە دواجاردا ئەوانە نەبنە لایەنگری شانۆ، لە هەموو حاڵەتێکدا تۆ دەتوانی بە سیحری هونەرەکەت، بە جوانییەکانی، پەیامێکی بەرز و پیرۆز بگەیەنی، کە دەتەوێ ئەو ئەرک و پەیامە بگەیەنی، لە هەموو ئەوانەدا دەبێ جەوهەری هونەرەکەتی تێدا سەرف بکەی و ئەو سیحرەی لێ بکەی تا ببێتە هۆی راکێشانی بەلای خۆتدا. باشە تۆ لە بواری شانۆ، سینەما، هەروەها لە بواری درامای تەلەڤزیۆنیش نواندنت کردووە، تێبینیم کردووە، ئەو برادەرانەی کە لە شانۆدا ئیشیان کردووە و دەقیان پێوە گرتووە، کاتێ لە تەلەڤزیۆن نواندن دەکەن، دەبینین نەفەسی ئیشکردنی ئەوێشیان هەمان نەفەسی شانۆیە، کە نەیانتوانیوە هەڵسوکەوتێکی جیاواز لەگەڵ کامێرادا بکەن، تۆ ئەوە چۆن لێک دەدەیتەوە؟

**سەعدوون یوونس:** ئەوە لەبەر بەردەوام نەبوونیانە لەکارکردن و بەرهەمهێنان. منیش زۆر ئەوەم تێبینی کردووە، نەک هەر تێبینی، تەنانەت زۆرجار لە کاتی کارکردنیشدا، ئەگەر برادەرێک چاوپێکەوتنی تەلەڤزیۆنی لەگەڵ کردبێتم، هەمیشە ئەو قسەیەم کردووە، گەورەترین گرفتی من ئەوەیە کە لە سینەما و لە تەلەڤزیۆنیشدا کار دەکەم، دەبێ هەوڵێکی زۆر بدەم، ئەو برادەرە بە شێوەی نمایشکردنی شانۆیی نەیەتە سەر نمایشکردنی بەردەم کامێرا و بزانێ چۆن لەگەڵ ئەو کامێرایە مامەڵە دەکات، دەبێ بزانێ چۆن هەست بە رووناکی دەکات. زۆرجار بە برادەران دەڵێم کە خەریکی نواندنن، هەست ناکەن کە زۆر سەرتان دێننە دەرێ، من بە ئێوەم گوتووە ئەوە کارەکەتانە، ناکرێ زۆر سەرت بێنیتە دەرێ، لە ئیشەکەدا لایەکی خۆتان پەڕاندووە، هەست ناکەن ئەو رووناکییە لەسەر دەموچاوتان نییە، باشە بۆ وا دەکەن؟ ئەوە لەبەر ئەوەیە کە لە فەزایەکی شانۆییدا تەمسیلی کردووە، لە شانۆدا فەزاکەی بواری جووڵانەوەی زۆرە، شتێک نییە بەناوی گرتە- لەقتەی ناوەند، یان گرتەی گەورە، یان گرتەی زۆر گەورە، فێری ئەوە نەبوون، لەبەر ئەوە کە تۆ دێی ئیشیان لەگەڵ دەکەی، ئەو دیمەنانە زۆر ماندووت دەکەن، دەمەوێ کە پێی رازی نابم، تەکنیکەکە بفەوتێ، ئەوە ماندووم دەکات. ئەو تێبینییەت زۆر جوانە و بەڕای من بەو شێوەیە عیلاج دەکرێت کە بە بەردەوامی کار بکرێ.

**رامان:** تۆ خۆیشت کە لە سێ بواردا ئیشت کردووە، شانۆ و سینەما و تەلەڤزیۆن، لە جیاکردنەوەی ئەو تایبەتمەندییانەدا ئەزیەتت نەدیوە؟

**سەعدوون یوونس:** نا، من بۆ خۆم کەسێکی جیاوازم، لە تەلەڤزیۆنیش بەرنامەیەکیان دانا بەناوی (من جیاوازم)، تەلەفۆنیان بۆ کردم و گوتیان تۆمان داناوە سەرۆکی لیژنەکە بیت، گوتم داوای لێبوردن دەکەم، من کاری زۆرم هەیە، بە خەڵکی دیکە بڵێن، گوتیان کەس ناتوانێ جێی تۆ بگرێتەوە، چونکە بەرنامەکە ناوی (من جیاوازم)ە، تۆش لە هەموو کەس جیاوازتری، تکات لێ دەکەین وەرە بەرنامەکە بکە، دوایی بێ خەیاڵم کردن، بۆیە من جیاوازم.

**رامان:** ساڵی ١٩٩١ راپەڕین کرا، ساڵی ١٩٩٢ کوردستانت بەجێ هێشت، لەڕەوەکە هەموومان ناچار بووین بەرەو سنوورەکان بڕۆین، لەوانەیە یەکێک لە پاساوەکان ئەوە بووبێ کە وڵاتی ئێمە سیستماتیک نەبووە، یان بەرەو ئەو ئامانجانە نەڕۆیشتووە، یان هێندێک دیاردە و رواڵەتی نەرێنیت دیوە، رەنگە پێت خۆش نەبووبێ زیاتر بمێنیتەوە، بەڵام لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١٣دا ناوی تۆم دی کە خۆت بۆ پەرلەمان هەڵبژاردبوو، یان دەتویست وەک پەرلەمانتارێک بێیتەوە

بۆ کارکردن لەگەڵ هەمان ئەو سیستەمەی کە ساڵی ١٩٩٢ بە دڵت نەبووە و بەجێت هێشتووە؟

**سەعدوون یوونس:** قسەکەت زۆر جوانە، بەڵام من کە ڕۆیشتم و کاتێ هاتیشمەوە بۆ هەڵبژاردن هەر لەسەر هەمان بیروڕا بووم، بەڵام دەمگوت با دەنگێک بۆ پاڵپشتی کولتوور هەبێت، کە چوومە ناو هەڵبژاردنەوە بە تێگەیشتنێکی هەڵەوە چووم، من وامزانی ئەو سیستەمەی ئێرە وەک سیستمی جیهان وایە، کە تۆ دوو دەنگت هەیە، دەنگێک بۆ لیستی حزبێک دەدەی، دەنگێکیش بۆ کەسێک دەدەی، نەک بۆ لیستەکە، واتە دەنگی دووەم دەدەیتە ئەو کەسەی کە لەناو لیستی کەسایەتییەکانی تۆدایە، چونکە لەوێ ئەو حزبە و ئەو ناوانەش لەناو حزبەکەن. من دواتر زانیم تۆ دوو دەنگت هەیە، بەڵام ئەو دوو دەنگە، هەر یەک دەنگە، تۆ دەبوو دەنگ بدەیتە ئەو حزبە و هەر لەناو ئەو حزبەش دەنگ بدەیتە کەسێک لەو حزبە، من وامزانی دەنگی حزب بەتەنیایە، کە ئەوەم زانی داوام کرد بکشێمەوە، ویستم بڵێم خەڵک ئازادییەکی بۆ دەنگدانەکەی هەبێ، تا بزانم ئایا چەند کەس لەگەڵ کولتوورەکەیە، کە دەنگێکی کولتوور لەناو پەرلەمانەکەیدا هەبێت، بەڵام کە شێوەی دەنگدانەکەم بینی، کە سیستمەکە ئەوها نەبوو، ئیتر لای برادەران گوتم لێم گەڕێن برا من دەکشێمەوە، ئەوانیش گوتیان کشانەوەی تۆ لەو کاتەدا زەرەرێکی گەلێک گەورە لە ئێمە دەدا، ئێمە هەر بۆخۆمان خواخوامانە دە دەنگ کۆ بکەینەوە، تۆ بڕۆی ئەو دەنگانەشمان دەڕوا. پێم گوتن من زۆر بەڕوونی قسە دەکەم و دەڵێم، من ئاوا بیرم لێ کردووەتەوە، خۆ ناڵێم کێشە لە لایەنەکەیە، بەڵام کە بینیم بوون و نەبوونم زەرەرە، ڕاوەستام و هەموو ڕیکلامێکم ڕاگرت، یەک وێنەی خۆم لە دیوار نەدا، مەگەر ئەوەی ئەوان خۆیان کردبێتیان. سوودیشی هەبوو، چونکە سەفەرێکم کرد بە دەیان وێنەی خۆم لەسەر شەقامەکانی هەولێر و مەسیف و شەقلاوە بینی.

**ڕامان:** ئینجا تۆ پێویستت بەوەی هەبوو؟

**سەعدوون یوونس:** نا، بەڵام لەناو ئەو فەوزایەدا جێگایەکم دۆزییەوە، بەڕاستی ناخۆش نەبوو.

**ڕامان:** ئەوە جێی پرسیارە لای کەسێکی وەک من، تۆ بەڕێوەبەری تەلەڤزیۆنێک بووی بە ناوی هەولێر، ئەو برادەرەی پشتیوانیی ماڵیی تەلەڤزیۆنەکەی دەکرد، خۆیشی لیستی هەبوو، بۆچی لەناو ئەو لیستەیەی ئەودا نەبووی، لە لیستی (غەفوور مەخمووری)دا بووی؟

**سەعدوون یوونس:** من سەرەتا بە کاک (هێرش تەییار)م گوت، تۆ پارەت هەیە، بەڵام چۆنیەتیی بەکارهێنانی پارە و چۆنیەتیی بیرکردنەوە شتێکی دیکەیە. ڕەنگە زیرەک بیت لەوەی کارت کردووە و پارەت کۆکردووەتەوە، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە لە هەموو شتێکدا زیرەک بیت، ئەوەی تۆ دەیکەی و بەو بیروڕایەی دەچیتە ناوییەوە، ئەوە شتێکی هەڵەیە.

**ڕامان:** باشە ئەگەر بووبای بە ئەندام پەرلەمان، پێت وابوو بتوانی هیچ لە بابەتەکان بگۆڕی؟

**سەعدوون یوونس:** ئێستا؟

**ڕامان:** ئەوکاتی، تا بە ئێستاش دەگات.

**سەعدوون یوونس:** من لەگەڵ خۆم بڕیارێکم داو بە خۆم گوت ئەوە هەوڵێکە لەگەڵ برادەران بۆ ماوەیەکی کورت، ئەگەر ببینم دەتوانم دەنگێکی کولتوورەکە بم، یان بتوانم لە لیژنەی ڕۆشنبیریدا بۆ بە ڕێخستنی کاروباری کولتووری لەناو میللەتەکەدا یاسایەک بچەسپێنم ، ئەوە بەردەوام دەبم، بەڵام ئەگەر ببینم هیچم پێ ناکرێت، ئەوە دەکشێمەوە، بەبێ خانەنشینیش، ئەوە پلانەکەم بوو.

**ڕامان:** ئەو قسانەی تۆ ئەو مانایە دەگەیەنێت، کە ئەوانەی شوێنە کولتوورییەکانیان پڕ کردووەتەوە، چ لە ئاستی پەرلەمان و چ لە ئاستی حکوومەتدا، بە باشی بەکاری خۆیان ڕاناگەن، تۆ خۆت ویستووتە بچی بۆ ئەوێ، بۆ ئەوەی ئەو کەموکوڕییانە پڕ بکەیتەوە؟

**سەعدوون یوونس:** ڕاست وایە، نەک هیچ دەنگێکی کولتووری کوردی لەوێ نەبووە، تەنانەت لە کۆنگرەی نەتەوەیی، کە کۆمیسیۆنی کولتووری دانرا، من لەوێ کارم کرد، لەناو کۆمیسیۆنەکەدا هەموو شتەکانمان تەواو کرد و لە چاوپێکەوتنێکی تەلەڤزیۆنیدا هەموومان باس کرد و کردمانە نووسین و بەرزکرایەوە، کەچی ئێستاش نازانم چی لێهات و لە کوێندەرێیە!

**ڕامان:** لە هەمووشی سەیرتر ئەوەیە کە ئێمە ئەوە بۆ پتر لە بیست ساڵ دەچێت، کارێک لە ئاستی میللەتەکەدا دەکەین، تا ئێستا یەکێک نەهاتووە هەرهیچ نەبێ دەستخۆشیمان لێ بکا، خۆ ئەوە پارەی تێ ناچێت، یان بڵێن ئێوە کارێکی گرینگتان کرد و بەردەوام بن، بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێ، لە ڕووی مەعنەوییەوە بەهێزبین و

کۆڵ نەدەین و زیاتر بەردەوام بین.. باسی ئەو کارانەی خۆت کرد کە کردووتن، چ ئەوانەی تۆمار کراون و چ ئەوانەی لەسەر شانۆ بینەریان هەبووە، قەت شتێکت کردووە لێی پەشیمان بیتەوە؟ لە ناوەرۆکەکەی پەشیمان بیتەوە، یان لە دەرهێنانەکەیدا هەستت کردبێت لاوازە، یان لایەنی تەکنیکی کارێکی خۆت بەدڵ نەبووبێ؟

**سەعدوون یوونس:** بڕوام پێ دەکەی کە بڵێم نا، چونکە هیچ بەرهەمێکم نەکردووە نەچمە ناوەرۆکەکەی و نەزانم چی دەکەم.

**ڕامان:** دەبێ باسی لایەنێکیش بکەین کە تۆ ئیشت تێدا کردووە، کە ئەویش سەندیکای هونەرمەندانە، ماوەی شەش ساڵ سکرتێری سەندیکای هونەرمەندان بووی، ئەوە ساڵی چەند تا چەند بوو؟

**سەعدوون یوونس:** لە ١٩٧٦ تا ١٩٨٢ بوو، چونکە سێ خولی دوو ساڵی بوو، هەڵبژاردن سەربەخۆ بوو، من لەوێ کاری سیاسیم نەکردووە، با ڕوونتر بڵێم من بەعسی نەبووم.

**ڕامان:** بەڵام لەگەڵ دەزگاکانی ئەوسا هەڵسوکەوتت دەکرد.

**سەعدوون یوونس:** بەڵێ، بەڵام خۆ دەزگاکان هی حزب و دەوڵەت نین، ئەوانە هی میللەتن، منیش وەک کەسێکی ڕێکخراو لە حزبدا نەبووم. هەموو خولەکانیش بە هەڵبژاردن بووە، من دوو خول خۆم کاندید کرد، گوتم پاش ئەو دوو خولە دەست هەڵدەگرم، چونکە کارم زۆر بوو.

**ڕامان:** دیارە ئێمە لە نزیکەوە تۆ دەناسین. تۆ بە چ ئاواتێکەوە چوویتە ئەو سەندیکایەوە؟ ویستت لەوێ چی بکەی؟

**سەعدوون یوونس:** ئێمە سەندیکامان دامەزراند.

**ڕامان:** ئەوکاتە داوود ئەلقەیسی و هاوکوفەکانی لە بەغدا نەقیبی سەندیکای هونەرمەندانی ئێراق بوون؟

**سەعدوون یوونس:** نا، ئەوکاتەی دامانمەزراند هونەرمەند حەقی شبلی بوو. ئەوکاتە لێرە، لە هەولێر سەندیکای هونەرمەندان نەبوو، دەبووایە بیست کەسی دەرچووی ئەکادیمیا و ئەندامی سەندیکای هونەرمەندانی بەغدا هەبن، تا بتوانن لە شارێک سەندیکا بکەنەوە، بۆیە لەگەڵ مامۆستا سەفوەت جەڕاح و برادەرانی دی توانیمان ئەو ژمارە پێویستە کۆ بکەینەوە و سەندیکا دامەزرێنین.

**ڕامان:** ئامانجتان لە دامەزراندنی ئەو سەندیکایە چی بوو؟

**سەعدوون یوونس:** ئامانجمان ڕێکخستنی کاری هونەری بوو، بۆ ئەوەی کەسایەتییەک بدەینە کاری هونەرمەندان، بۆ ئەوەی پلانێکمان هەبێ و بەرگریی پێ لە هونەرمەندان بکەین، ئێستا ئەو هونەرمەندانەی زەوی و خانوویان هەیە، ئێمە بۆیانمان وەرگرتن.

**ڕامان:** ئەرکی هەر سەندیکایەک دوو شتی زۆر سەرەکییە؛ یەکەم، کە هونەرمەند تووشی تەنگژەیەکی سیاسیی دەبێت، یان یەکێک دەیەوێت لەسەر کار و چالاکییەکی هونەریی خۆی ئازار و ئەزیەتی بدات، ئەوە دەبێ سەندیکا پارێزەری بۆ بگرێت و بۆ دەربازکردنی لەو تەنگەتاوییە بەرگریی لێ بکات، ئەرکی دووەمیش چاککردنی بژێوی ئەو هونەرمەندەیە، بۆ ئەوەی باشتر بە هونەرەکەی خۆی ڕابگا، تۆ دەزانی بەشی هەرەزۆری هونەرمەندانی ئێمە باری بژێویان باش نییە، ئێوە تا چ ڕادەیەک توانیتان ئەو دوو ئەرکەی سەرشانی خۆتان بەجێ بگەیەنن؟

**سەعدوون یوونس:** گەلێک زۆر ئەو دوو ئەرکەمان بەجێ گەیاند. یەکەم، ئەو ماوەیەی من لەوێ بووم، کەسێک نەبوو گرفتی سیاسی و شتی وای هەبێ، بەڵام ئەگەر لە دایرەکەی خۆی گرفتێکی هەبووبا، گوێزرابایەوە، یان کێشەی هەبا، ئەوە یەکسەر خۆم دەچووم و هەوڵم دەدا گرفتەکەی نەهێڵم، یان ئەوکاتی خەڵکیان بە زۆر بۆ "جەیشی شەعبی" دەبرد، من دەچووم و نەمدەهێشت بیبەن، دەمگوت ئەوە کاری هونەریمان پێیەتی، بەڵام لەوانە گرینگتر سیستمی تەلەڤزیۆنی بەغدامان بەتەواوی گۆڕی.

**ڕامان:** مەبەست لە گۆڕینی سیستمی تەلەڤزیۆنی بەغدا چییە، چیتان لەوێ گۆڕی؟

**سەعدوون یوونس:** لە تەلەڤزیۆن بەرهەمێکت تۆمار دەکرد، ئەگەر ئەکتەرەکە عەرەب بووایە ١٠٠ دیناریان دەدایێ، ئەگەر کورد بوایە ٥٠ دیناریان دەدایێ، ئیتر حیسابی پلە دوویان بۆ دەکرد، یەکەم جار خۆم کە چاوم بەو لیستە کەوت، پارەکەم وەرنەگرت و بردمە لای بەڕێوەبەری گشتیی تەلەڤزیۆن، کە ناوی حەمید سەعید بوو، شاعیر بوو، گوتم لەم تەلەڤزیۆنە بۆ دابەشکردنی

پاداشت دوو سیستم هەیە، گوتی شتی وا نییە! گوتم هەیە، سیستمێک بۆ خۆتانە، واتە بۆ عەرەبەکانە، سیستمێکیش بۆ کوردەکان هەیە. گوتی چۆن شتی وا دەبێ؟ گوتم ئەوەتا فەرموو، لیستەکەم دایە دەستی، کە چاوی پێی کەوت، زۆر بەتووڕەیی لیژنەیەکی دانا، دوای ئەوە زۆر لەگەڵم بوو بە برادەر، گوتی تۆ زۆر بوێرانە هاتیتە پێش، ئیتر سیستمی پاداشتەکە هەمووی وەک یەک ڕێکخرا.

**ڕامان:** بێجگە لە گۆڕینی سیستمی پاداشت لە بەغدا کە لە بەرژەوەندی هونەرمەندان ڕێکخرا، ئەی لە هەولێر چیتان بۆ هونەرمەندان کرد؟

**سەعدوون یوونس:** پێشتر لە هەولێر ئەگەر شانۆگەرییەکت پێشکەش بکردایە، دەبوو بچیتە پارێزگا، جەمعییە هەبوو، دەبوو مۆڵەتی بلیت و پارەکۆکردنەوە لەوێ وەربگریت، چووینە لای پارێزگار، گوتمان چۆن وا دەبێ، لە کاتێکدا بۆ کۆمەڵگە هونەرییەکان بلیت چاپکردن ئازادە، بۆ دەبێ بێنە ئێرە داوا بکەن لیژنە دابنرێ؟ ئەوە بە چ حەقێک وایە؟ ئەوەشمان لابرد.

**ڕامان:** ئەی بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی شانۆگەری، یان ئاسانکاری هونەریی دی چیتان کرد؟

**سەعدوون یوونس:** ئەوە کاری سێیەممان بوو کە زۆر گرینگ بوو، کە تۆ بۆ هەر شانۆگەرییەک مۆڵەتت لە "ئەمینداریێتی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوان" وەردەگرت، دەبووایە بچیت مۆڵەت لە دایرەی (ئەمن)یش وەربگری، لەبەر ئەوەی ئەوان ئامادەبوونی خەڵک بۆ بینینی شانۆگەریەکییان بە کۆبوونەوە "تجمع" لێکدابووەوە، بۆ هەموو کۆبوونەوەیەکیش دەبوو مۆڵەتی (ئەمن) وەربگیرێ، من تەلەفۆنم بۆ بەڕێوەبەری ئەمن کرد، گوتی ئێستا وەرە لام، گوتم ئێستا نایەم، بە شەو دێم. گوتی بۆ؟ گوتم نامەوێ بە ڕۆژ بێمە لاتان و خەڵک ببینن و بڵێن ئەوە چووە ناو دایرەی ئەمن، دەبێ چ پیاوێک بێ؟ گوتی بیر لەوەش دەکەیتەوە؟ گوتم ئا بەڵێ، پێویستە بیر لەوەش بکەمەوە، من بە شەو دێم، بۆ ئەوەی کەس نەمبینێ کە دێمە ژوورێ، کە چوومە لای، ناوی دوکتۆر کازم؟ بوو، گوتم دەکرێ ئامادەبوونی خەڵک لەناو هۆڵی شانۆ بە کۆبوونەوە "تجمع" لە قەڵەم بدرێ؟ گوتی نا. گوتم دەکرێ بۆ شانۆگەرییەک هەموو مۆڵەتێک دەرکراوە و ڕۆژی پێشکەشکردنیشی دەستنیشان کراوە، بەڵام مۆڵەتی کۆبوونەوەکەی ئەمن نەهاتووەتەوە؟ گوتی نا، بەڵام چی بکەین؟ گوتم ئەو برگەیە لادە، ئەوە شانۆیە، ئەوە هونەرە، ئەوە ڕۆشنبیرییە، گوتی من زۆر حەزم لە هونەرە، بۆ بەرهەمی داهاتوو دێم بۆ نمایشەکەتان، ئیتر لەو ڕۆژەوە ئەوەش نەما.

**ڕامان:** ئەوە نەما و ئەویش نەهات؟ بێ گومان هاتنی ئەو جۆرە کەسانە بۆ خۆی گرفتێکی گەورەیە.

**سەعدوون یوونس:** با، هات.

**ڕامان:** خۆ بە خراپ نەکەوتەوە؟

**سەعدوون یوونس:** نا، هاتە شانۆگەرییەک ناوی زولەیخا بوو. ئەوکات جەوهەر کرمانج ئەو (زولەیخا)یەی وەرگێڕابوو، چونکە ئەوە لە "دراویش يبحثون عن الحقيقة"ی مستەفا ئەلحلاج وەرگیرا بوو، بابەتەکەی ئەوە بوو کە چۆن دوو ئەمن ئەشکەنجەی خەباتگێڕێک دەدەن. گوتم تەماشا هاتووەتە چ شانۆگەرییەک! پاشان خۆی داوای کرد کە ببینێ، دیسان هەر بە شەو چوومە لای، گوتی ئەوە چی بوو؟

**ڕامان:** تۆ بانگهێشتت کرد، کەچی ئەو کەوتە ئەوەی لێپێچینەوەت لەگەڵ بکات؟

**سەعدوون یوونس:** من بانگهێشتم نەکرد، ئەو گوتی شانۆگەریتان هەیە؟ منیش گوتم بەڵێ. گوتی من ئەمڕۆ ئامادە دەبم، زۆریشم پێ ناخۆش بوو، چونکە ناوەرۆکی بەرهەمەکە ئەوەبوو دوو پیاوی ئەمن بوو، خەباتگێڕێک ئەشکەنجە دەدەن. بریا لە شانۆگەرییەکی دیکە بهاتبایە، بۆ نموونە لە شانۆیی (حاجی قادر)، یان لە (سوورمەخان)، یان لە (محەمەد و سێوێ) ئەوانە شتێکی دی بوون، بەڵام ئەو بەرهەمە بەرهەمێکی تەواو فیکری بوو، زۆریش ئەو بەرهەمەم خۆش دەویست، گوتم بزانە لە چ بەرهەمێکدا هاتووە!

**ڕامان:** بەڕێوەبەری ئەمن بە شێوەی لێپێچینەوە قسەی لەگەڵ دەکردی؟

**سەعدوون یوونس:** نانا، گوتی دیارە من شانسم نەبوو هاتمە ئەو شانۆگەرییە. گوتم نا ئەوە پێوەندیی بەوەوە نییە.

**ڕامان:** هەر بەو بۆنەیەوە، با باسی ئەوە بکەین ئەودەم ڕاپۆرتنووسین لەسەر شانۆگەری ڕاگرتن هەبووە، هەر لە شانۆیی "ئاگادار بن بەڕێزەکان"، کە من و تۆ ئێشمان تێدا کرد و لە ڕۆژی دووەمدا عەبدولغەفار سایغ گوتی

دەقەکەم خوێندووەتەوە و تەحریف کراوە و ڕایگرت، تا دەگاتە هەشتاکان کە دیسان ئاگام لێ بوو "محەمەد و سێوێ"یان ڕاگرت، پێم خۆشە باسی ئەو کێشانە بکەی کە ڕاپۆرتنووس بۆیان دروست کردووی، ئەگەری زۆریش هەیە هەر ئەوانە کە لەناو کورددا کاریان کردووە و کورد بوونە، ئەو ناوەڕۆکانەیان بە جۆرێک وەرگێڕاوە، یان تەفسیر کردووە، کە بۆ کاری هونەری خراپ شکاوەتەوە؟

**سەعدوون یوونس:** ئەوە گەلێک زۆرە، بەڕاستی کێشەیەکی گەلێک گەورە بوو بۆ کارەکانمان، زۆریشم پێ ناخۆش بوو، هەستیشم دەکرد لەناو خۆمانە.

**ڕامان:** نەتزانی کێ بوو؟

**سەعدوون یوونس:** با، دوایی زانیم.

**ڕامان:** یەک کەس بوو، یان زۆر کەس بوون؟

**سەعدوون یوونس:** نا، یەکێکیان دەوری سەرەکی هەبوو، بێجگە لەوە خەڵکی ئاساییش هەبوو دەهات بەرهەمەکەی دەدی، پاشان ڕادەگیرا. بۆ نموونە (محەمەد و سێوێ) پاش هەشت ڕۆژ بانگیان کردم، ئەوە هەشت ڕۆژە شانۆییەکە پێشکەش دەکەین، پازدە هەزار کەس دیویەتی! پێم گوت ئەوەی بۆتانی نووسیوە دیارە زۆر تەمبەڵ بووە! گوتم ئێستا دەتەوێ ڕایبگری؟ بۆ من هیچ گرفت نییە، دەچمە سەر شانۆ و دەڵێم داوامان لێ کراوە شانۆگەرییەکە ڕابگرین، بەڵام من لە تۆ دەپرسم، ئەوە زەرەرێکی گەورەی بۆ ئێوە نابێ؟ لێی گەڕێ با ئەمڕۆش بڕوا، ئەمڕۆ هەشتەمین ڕۆژە، با هەشتەمین ڕۆژ بڕوا، بۆ سبەینێ بیانوویەک دەبینینەوە و ڕایدەگرین، ئاوا باشتر دەبێ. گوتی ئەگەر ئەمڕۆ ڕۆیی، با سبەش بڕوا، با دوو سبەش بڕوا. گوتم ئەوە ماقووڵە، با دە ڕۆژ بڕوا، دوایی دادەنیشین و باسی دەکەین کە چۆن مۆڵەت بۆ ئەو دەقە وەرگیراوە. خۆشبەختانە کە شتێکیان دەگوت، دوایی خۆیان لەبیریان دەکرد.

**ڕامان:** چەند ڕۆژ بەو شێوەیە ڕۆیشت و نمایش بەردەوام بوو؟

**سەعدوون یوونس:** دە ڕۆژی خایاند، پاش دە ڕۆژ، خۆم ڕامگرت. ئەگەر بیانهێشبا، پازدە ڕۆژیش دەڕۆیی، چونکە زۆر قەڵەباڵغ بوو، بەڵام گوتم بەسە. (گوڵاڵە)ش هەر وا بوو، گوتیان تۆ کەسێکی فیرارت هێناوەتە ناو بەرهەمەکەتەوە، زاهیر عەبدوڵڵا فیرارە و فلان فیرارە. گوتم خۆ من دایرەی پۆلیسم دانەناوە، کەسێک لەسەر ئەو شەقامەیە، من چوزانم فیرارە یان نا. دیارە دەشمزانی ئەو فیرارە، بەڵام دەمزانی شتەکان پینە بکەم و ڕێکیان بخەم. لە (حاجی قادری کۆیی)دا کە باسی ئاڵای کوردستانمان کرد، برادەرانیان بردە ئەمن، لە ماڵێ گرتبوویانن، خۆم گەیشتمە ئەمن و فریایان کەوتم.

**ڕامان:** تۆ ئەزموونێکی شەشساڵیت لە سەندیکای هونەرمەنداندا هەبووە، ئەی لە دوای ڕاپەڕین پێت خۆش نەبوو، جارێکی دیکە لەو سەندیکایەدا ئیش بکەیتەوە؟

**سەعدوون یوونس:** پاش ڕاپەڕین ڕێکخراوەکە بە شێوەیەکی حزبی هاتەوە مەیدان، بە شێوەیەکی نیشتمانی نەهاتە مەیدان، ئەم جارە وەک دوو ڕێکخراوی جیاواز هاتنە مەیدان، من هیچ کاتێک لەگەڵ ئەو شێوە ئیش کردنە نیم، تەنانەت یەکەم بەرهەمیشم لە کوردستان بە ناوی وەزارەتی ڕۆشنبیری کرد، کە یەکەم بەرهەمم "مەرزی و کاکەمین" بوو کردمان، بە پارەی وەزارەتی ڕۆشنبیری بوو، بە هی هیچ حزبێک نەبوو، تەنانەت ئەو دوو حزبە سەرەکییە، ئەوکات پێوەندییان کرد و داوایان لێ کردم، لە تەلەڤزیۆنەکانیان کار بکەم و سەرپەرشتییان بۆ بکەم. مەحموود زامدار گوتی لە مەسیف بیر لەوە کراوەتەوە تەلەڤزیۆنێکی ناوخۆیی دابنرێت، تۆ لەناوی بیت. پێم گوت من لە هیچ تەلەڤزیۆنێکی سیاسی بەشداری ناکەم، ئەگەر وەزارەت تەلەڤزیۆنێک بە ناوی حکوومەت دابنێ، من لەگەڵ حکوومەتم، من لەگەڵ حزبایەتی نابم، لە هیچ کارێکی حزبیی نزیک نابمەوە.

**ڕامان:** ئەو کارانەی بەتایبەتی بۆ تەلەڤزیۆن تۆمارتان کردن، لە دوای ڕاپەڕین هەر ئەو تەلەڤزیۆنانە، یان تەلەڤزیۆنە ئاسمانییەکانی حزبەکان بەرهەمەکانی تۆیان پەخش دەکرد؟

**سەعدوون یوونس:** نا، من هیچ کارێکم بە تایبەتی بۆ ئەوان نەکردووە، بەڵام بەرنامەی زۆرم بۆیان کردووە.

**ڕامان:** دەزانم، مەبەستم ئەوەیە بڵێم خۆت ئیشەکەت کردبێت، پاشان ئەوان لێتیان کڕیبێتەوە؟

**سەعدوون یوونس:** نا نەخێر، کڕین نەبووە، بەرهەمەکەم پێ داون و پەخشیان کردووەتەوە، چونکە دەوڵەت کردوویەتی، بۆ نموونە "شارەکەم" ئەنجوومەنی وەزیران پارەکەی داوە، "کەونەدەرکە" وەزارەتی ڕۆشنبیری پارەی داوە، فیلمی "ئەمریکانۆ" کە خۆمان وەک داهێنەر کردمان، بەڵام دوایی پارەکەمان لە پارێزگا وەرگرتەوە،

دواتر ئێمە دامانە تەلەڤزیۆنەکان بۆ پەخشکردن. هیچ بەرهەمێکم بۆ پاڵپشتی ئەو تەلەڤزیۆنە، یان ئەو حزبە نەکردووە، بەڵام بەرنامەی یەکجار زۆرم کردووە، کە بە دەیان بووە، دیارە من کەسێکم کەم هونەرمەند هەیە بە قەدەر من بەرنامەی کردبێ، من بەرنامەم بۆ تەلەڤزیۆنەکان بەردەوامە، هیچ تەلەڤزیۆنێک نەماوە من بەرنامەی بۆ نەکەم، هەر جارەی بەرنامەیەک بۆ بابەتێک وەردەگرم، ڕۆژێک بەرنامەیەکم بۆ تەلەڤزیۆنی زاگرۆس کرد، لە گۆڕستانی هەولێر کردم. تەلەڤزیۆنی کوردسات کە دێ، دەچم لە گەڕەکی تەیراوە بەرنامەی بۆ دەکەم. حەزم لێیە بەرنامەکان لەناو خەڵکدا بن، ئەوانەش کە کردوومن هەموویان بێ بەرانبەرن.

**ڕامان:** ماوەیەکی زۆریش لە تەلەڤزیۆنی ئەوسای کەرکووک گۆڤاری هونەرت هەبوو، چەند هەڵقەت لێ پێشکەش کرد؟

**سەعدوون یوونس:** بۆ ماوەی دوو ساڵ کردم و شێست هەڵقە بوو، لە شێستەمین هەڵقە ڕاوەستا. لەو گۆڤارەدا زۆربەی هونەرمەندەکانم بەسەرکردەوە، کەس نەما نەیهێنمە پێش، بەشێکم لە بەرنامەکە بۆ کولتوور دانا، دوکتۆرە (شوکریە ڕەسووڵ)م هێنا، هەموو ئیشەکانی بەرنامەکە، خۆم بۆم دەکرد، تا ئەو کەسە بێت شتە کولتوورییەکانی خۆی پیشانی بینەران بدات. ئەسعەد عەدۆ لە بەرنامەیەکدا باسی کرد، دەڵێ من کەوتمە ناو کولتوورێکەوە تا خۆم بە ڕێگای (سەعدوون یوونس)ەوە پێشانی خەڵک بدەم. زیاد ئەسعەد یەکەم جار من هێنامە ناو دنیای گۆرانییەوە. بلند یەکەم جار من هێنام گۆرانی بڵێ. پەیمان عومەر لە سلێمانی من دەچووم گۆرانیم بۆ تۆمار دەکرد.

**ڕامان:** چیت بۆی دەکرد؟

**سەعدوون یوونس:** ئەوکاتی کلیپ نەبوو، ئەوکات ئیشکردنێکی جوان هەبوو. کلیپ چی بۆ هونەرمەندان کرد؟ خۆ ئێستا کلیپەکانی ئێمە پێوەندییان بە گۆرانییەکەوە نییە، گۆرانییەکانی ئێمەیان شێواندووە، ئەو بەرنامەیە کاتێکی زۆری لێ دەبردم.

**ڕامان:** گرینگ ئەوەیە ئەو ئەرشیڤە مابێت؟ ئەگەر فەوتابێت وەک ئەوە وایە هیچت نەکردبێ.

**سەعدوون یوونس:** ئەوە لە تەلەڤزیۆنی کەرکووکە، باسی دەکەن و دەڵێن ماوە، بەڵام دەبێ وەزارەتی ڕۆشنبیری هەوڵ بدات ئەو ئەرشیڤەی تەلەڤزیۆنی کەرکووک بپارێزێت. من جارێک وەزیری ڕۆشنبیری ئێستام دیوە، زۆر ئامادەیی خۆی پیشان دا، بەڵام بەداخەوە ئەوەندەی من لە هەولێر دەبم، ماوەکەی کەمە و بوارم نییە ئەو ئیشانە بکەم. بەم دواییە لەگەڵ بەڕێوەبەری سەتەلایتی کەرکووک، لە ئەڵمانیا قسەمان کرد، دیارە بەشێکی زۆری ئەو بەرهەمانەی تەلەڤزیۆنی کەرکووکی وەرگرتووە، گوتی ئەو ئەرشیڤانە ئێستاکە لەلای منن، هەر دەرفەتێک هەبێ، زۆرم پێ خۆشە بێی، بەرنامەیەکیشت بۆ تەلەڤزیۆنەکەمان لەگەڵ بکەین و بەرهەمەکانی خۆشت بدەینەوە.

**ڕامان:** من خەفەتی یەک شتمە، چونکە منیش هێندێک ئەرشیڤم لە تەلەڤزیۆنی کەرکووک هەیە. لەگەڵ مامۆستا شاکر فەتاحی شەهید، هەروەها لەگەڵ مامۆستا عەبدولڕەقیب یووسف و میرزا حەمەدەمین مەنگوڕی و محەمەد مستەفا کوردی و تایەر ئەحمەد حەوێزی و عەلی عارفاغا و سەید نووری نەقیب و فوئاد ڕەشید بەکر و...تاد هەیە، کاتی خۆی (ئەحمەد عیزەددین)ی دەرهێنەر هاتە لامان لە موزەخانەی ئیتنۆگرافی فۆلکلۆری سلێمانی کە لەوێ فەرمانبەر بووم، یەک دوو باکگراوەندی بۆ بەرنامەی (نسمات من بلادي) دەویست بەکاری هێنا، مانگی ڕەمەزان لەپێش بوو، بە منی گوت تۆ خەڵکێکی زۆر دەناسی، بۆ نایەی چوار هەڵقە لەگەڵ چوار کەسایەتی بۆ مانگی ڕەمەزان تۆمار بکەی؟ منیش پێم گوت ئەگەر وابێ لەگەڵ شێخ محەمەدی خاڵ و هەردی و شاکیر فەتاح و عەبدولڕەقیب یووسف، چوار کەس بۆ چوار هەفتەی ڕەمەزان دەکەین، ئەوەبوو دووانی تۆمار لێ کرا و دووانەکەی تر نەکرا، لەو دواییانەدا گوتم شاکیر فەتاح پیاوێکی گرنگە شەهید کراوە، سەعاتێک قسەم لەگەڵی تۆمار کردووە و پەخش کرا، خەڵک زۆر بەدڵی بوو، پرسیاری ئەو ئەرشیڤەم کرد ڕەشیان کردبووەوە، بە دەیان شتی ترمان بەو شێوەیە لەناو چووە، بۆیە ترسی ئەوەم هەیە ئەو هەڵقانەی تۆش لەوێ لەبەین بچن، چونکە کەس نییە بایەخ بە گرنگیی ئەرشیف بدات.

**سەعدوون یوونس:** من دامناوە بچمە لایان و قسەشم لەگەڵ بەڕێوەبەرەکەی کردووە، سەفەری داهاتوو نیازمان هەیە لەگەڵ برادەرێک بچینە کەرکووک و ئەو ئەرشیڤانە

بهێنینەوە.

**ڕامان:** ئێستا زانیمان کە دەق گرنگە و دەبێ دەقێک هەڵبژێریت قەناعەتی پێ بێنی، یان دەقێک بێت لەگەڵ خولیا و قەناعەتی فیکریی تۆ بگونجێت، وا ئەوەت دەستنیشان کرد، بەڵام چۆن دەریدەهێنی؟ ئایا پلانێکت هەیە سەرەتا دایبنێیت تا بۆ دەرهێنانی شانۆییە کە لەسەر ئەو پلانە بڕۆی، یان شێوەی کارکردنت چۆنە؟

**سەعدوون یوونس:** شێوەی کارکردنم، پاش ئەوەی دەقەکە دەخوێنمەوە و دەگەمە قەناعەت، ئیتر یەکسەر دەگەڕێمەوە سەر دابەشکردنی دەورە سەرەکییەکان.

**ڕامان:** لەسەر کاغەز پلانی دەرهێنانی خۆتی بۆ دادەنێیت؟

**سەعدوون یوونس:** بێ پلان ناکرێت، بەبێ پلان هیچ کارێک ناکرێت، پاشان لەگەڵ ئەکتەرەکان دادەنیشین و ئیدی بۆ هەر دیمەنێک، دیکۆرەکە و جووڵەی ئەکتەر دەستنیشان دەکرێت، ئەوە مانای ئەوە نییە ئەوەی لەسەر کاغەزە دەچێتە سەر شانۆ، خۆت دەزانی بەردەوام گۆڕانکاری دەکرێت، بەڵام پلانی بنەڕەتی، تەنانەت جووڵەی ئەکتەر لەسەر شانۆ و چۆنیەتیی بەکارهێنانی ئەکسسوارەکان و چۆنیەتی بەکارهێنانی دیکۆر دێنە پێش، خۆ دیکۆر بەتەنیا دانانرێت.

**ڕامان:** لەکاتی کارکردندا ڕوحیەتی وەرگرتنی بیروڕا و ڕەخنە و تێبینی لەلای تۆ چەندە؟ ئەگەر یەکێک لەو کەسانەی لەگەڵت بەشدارن، لە کارێکدا، ڕەخنەی لە جووڵەیەکت هەبێ و بڵێ ئەوە ئەوها بێ باشترە، چەندە لێی وەردەگری؟

**سەعدوون یوونس:** زۆر لێی وەردەگرم، من لەلای خۆم دەورە سەرەکییەکان دابەش دەکەم و بە ئەکتەرەکان دەڵێم ئەوە دەقەکەتانە، بڕۆن هەموو دەقەکە بخوێننەوە، پاشان هەر یەکەتان دەورەکەی خۆتان بخوێننەوە، ئینجا بزانن خۆتان قەناعەتتان بە دەورەکەتان هەیە، یان دەورێکی دیکەتان دەوێ، لە کاغەزێک بۆم دەنووسن، تا لەگەڵ ئەکتەرەکانی دی هەستیاری دروست نەبێ، دوو ڕۆژ، یان سێ ڕۆژ، ماوەیەک دەچن دەیخوێننەوە، دواتر دێین پێکەوە دادەنیشین و گفتوگۆیەکی زۆر دەکەین، دوو سێ ڕۆژ زۆر بە دوورودرێژی ناوەرۆکەکە شی دەکەینەوە، پاشان دێینە سەر دیمەنەکان و چ دیمەنێک بگۆڕێ، کامەی بەکەڵک دێ و چی بەکەڵک نایەت، ئەوانە هەمووی وەردەگیرێت، پاشان ئەکتەر هەیە وەرەقەیەک دەنووسێ و دەڵێ من ئەو دەورەی خۆم بەدڵ نییە، دەبێ ئەو پێشنیارە وەربگرم، قسە و پێشنیاری ئەوانیش بە گرنگ وەردەگرین، لەدواییدا وای لێ دێت کارێک دەکەین هەموو لایەک قەناعەتمان پێی هەبێت.

**ڕامان:** باشە هەست دەکەی لە سەرجەم ئەو کارانەی لە ژیانتدا کردووتن، قەت کەوتوویتە ژێر کاریگەریی برادەرایەتی، یان سۆزداری، یان نزیکایەتی و دەورێکت دابێتە کەسێک شیاوی ئەو دەورە نەبووبێت؟

**سەعدوون یوونس:** بێ گومان ناکرێ بڵێم شتی وا نییە، یان شتی وا نابێت، بۆ نموونە عەلی ئەحمەد یەکێک لەو هونەرمەندانەیە کە لەگەڵمە، دەورەکەی بۆ دەخولقێنم.

**ڕامان:** خولقاندنی دەورەکە ئاسایی و سروشتی دەبێ، یان دەستکردە و تەسەنووعی تێدایە؟

**سەعدوون یوونس:** نا نەخێر، قەت تەسەنووعم ناوێ، چونکە هەموو شتێک لە بندەستی خۆتە و وەک هەویرە، ئینجا ئەو نانە گەورە دەکەی، یان گچکەی دەکەی، باش دەیبرژێنی، خاوە، سوێرە، هەمووی لە بندەستی خۆتدایە. من وای دەبینم ئەو دەورە بۆ عەلی ئەحمەد باشە، بەڵام لەگەڵ عەلی ئەحمەد کە پێوەندیی باشمان هەیە و تواناییەکی باشیشی هەیە، دەبینم ئەو دەورە بۆ توانایی ئەو کەمە، پێی دەڵێم خۆت بڕۆ چەند دیمەنێکی دیکەی بۆ زیاد بکە، دەچێ و چەند دیمەنێک بۆ من دێنێتەوە، بەڵام بۆ خۆی تەماعکارە، دەچێ دیمەنێکی زۆرم بۆ دێنێتەوە، پێی دەڵێم ئەو دیمەنانە باشن، بەڵام ئەوانی دی کار لە ئیشەکە دەکات. لەگەڵ زاهیر عەبدوڵڵا هەمان بەرنامەم هەیە، بەڵام من هەمیشە ئاکام وەردەگرم، لە ئاکامدا تۆ تەماشا دەکەی ئەو ئیشەی کە دەستکاریت کردووە، یان موجامەلەت تێدا کردووە، دواجار دەبینی کارەکە جوانە، چونکە ئەوانەی موجامەلەت کردوون، یان حیسابت بۆ کردوون، کەسانی خاوەن بەهرەن، من لەسەر شتێکی بەتاڵ موجامەلە ناکەم.

**ڕامان:** تۆ ڕۆڵی کۆمیدیاییت دیوە و دەوری دیکەشت دیوە، یەکێک لە گرفتەکانی ئێمە ئەوەیە کە دەمانەوێ هەموو شتەکانمان لەپەنای جیددییەتەوە بێت، کەچی کۆمیدیای ئامانجدار هەیە، کە کۆمیدیای ڕەشیشی پێ دەڵێن، ئەوە زۆر گرنگە کە لە ڕێی ئەو کۆمیدیایەوە

دیاردەکانی ناو کۆمەڵگا، یان زۆر گیروگرفت چارەسەر بکرێن، ئینجا وەک ئەو لایەنە گرنگە، ئێمە بایەخیشمان پێ نەداوە، زۆر کـــەمــــیـــشـن ئەوانەی لەو بوارەدا دەرەوشاونەتەوە، ئەوە خەتای کێیە؟

**سەعدوون یوونس:** خەتاکە هی شێوەی بیرکردنەوەیە لە کـۆمـیـدیا، بەرزترین کـۆمـیـدیا "هەبوو نەبوو"ـە، لەو ڕۆژانەدا لە بازاڕی مافورەکە، لە دووکانێک بووم، گوتی توخـــوا شــتی باش بۆ (ڕەجــەب) دابنێن گــەلێک بەستەزمانە. ئەو هەر بەستەزمانەی لە یاد مابوو، بۆیە گوتی گەلێک بەستەزمانە، گەلێک نازدارە. گوتم نازدار قـەیناکـا، بەڵام بەسـتـەزمـان نیم! ئینجـا ئەوە حـاڵی کۆمیدیایەکی بەرزە، چ بگات بە کۆمیدیایەکی ئاسایی. پێش مــاوەیەک بیــرۆکــەیەکی زۆر جـوانم هەبوو، کـە (شـۆ)یەک لەســەر شــانۆ بکەین، کــاتی خـۆی چەند (شۆ)یەک هەبوون، ئێستاش هەیە، بەڵام ئەوەی ئێستا لە هەولێر دەکرێت گـەلێک سادەیە، مـاوەیەک لە هۆڵی میدیا شۆیەک هەبوو، زۆر لاواز بوو، ئێستا شۆیەک لە تەلەڤـزیۆن هەیە، زۆر لاوازە، ئەو کـارە ئەوە پیـشــانی بینەران دەدا کە کورد نەزان، بێ زەوق، بەستەزمان بێت، من ئەوەم پێ ناخۆشە، کە میللەتی خۆمان بەو شێوەیە پیشان بدەین، لەبەر ئەوە بیرم لەوە دەکردەوە لەگەڵ یەک دووانێک بێین، شــۆیەکی بەرز بکەین، چونکە شــۆ هونەرێکی گـەلێک بەرزە، تۆ تەمـاشـا بکە لە ئەوروپا تەلەڤــزیۆن نیــیــە دوو سێ شــۆی تێــدا نەبێ، هەر بەوانەشەوە ڕێکلامەکان دەکەن.

**ڕامان:** جارێک من بە شێوەی سوعبەت هاتمە سەر ئەو باسوخواسانە، گـوتم ئێـوە لە تەلەڤزیۆن بایەخ بەو جۆرە شۆیانە نادەن، لە بواری کۆمیدیا کەسانێک ناهێنن دەور ببینن و سوودیان لێ وەربگرن، ئەوە مـانای ئەوەیە ئێوە ئیمانتان بەپێکەنین نییە، یان کورد ئیمانی بە پێکەنین نیــیــە. تۆ هەست ناکـەی دەرهێنەرەکـانیش لەو ڕووەوە خەتایەکیـان هەبێ، چونکە بەهرەی کۆمـیـدیایی هەیە، بەڵام پێــویســتی بە دۆزینەوەیە، لەلایەک بدۆزرێنەوە، لەلایەکـیش باوەڕیان پێ بکەی و دەوریان بدەیتێ بێنە ناو شـانۆ و درامـاکـان، ئەوە خـەتای دەرهێنەرەکـانیـشی تێدا نییە؟

**سەعـدوون یوونس:** نەخـێر، ئەوە خـەتای تێکسـتـە. زۆرجـار لەگـەڵ برادەران دانیـشـتـووین، برادەرێک کـە دەرهێنەرە و کارێکی باشی هەیە، گوتی من پێم خۆشە لە بەرهەمـێکدا لەگـەڵم بەشـدار بیت، منیش گـوتم زۆرم پێ خۆشە، کەچی خۆی دەڵێ تا ئێستا دەقێک نەهاتووەتە بەر دەستم کە بیهێنم لەبەردەمی تۆی دابنێم.

**ڕامان:** پێشتر بۆ هونەرمەند عەلی ئەحمەد گوتت جاری وا هەیە دەوری بۆ دەخولقێنم، بە تایبـەتی کـاتێ دەبینم دەورەکەی لەناو دەقەکەدا لە توانایی ئەو کەمترە، ناکرێ هەر بـەو شـێـوەیە شـتـێکی وا بخـولقـێنی و دەورێکی کـــۆمـــیـــدیایی دروست بکەی، بۆ ئەوەی ئەو کـــادیرە کۆمیدییانەش پێ بگەن؟

**سەعدوون یوونس:** قسـەکەت زۆر تەواوە، بیریشـمـان لێ کردووەتەوە، بەڵام گرفتێکم هەیە، من ماوەی مانەوەم لە کـوردسـتـان گـەلێک کـەمـە، لەبەر ئەوەی لێـرە ناژیم، ناتوانم شـەش مـانگ لێـرە دانیـشم، یان ئێـواران بچـمـە چایخـانـە و کـات بەفـیـڕۆ بدەم و پێـوەندی بەم و بەوەوە بکەم، چونکە شـێـوەی ژیانی من کـەوتووەتە دەرەوەی کوردستان.

**ڕامان:** مەبەستم ئێستا نییە، مەبەستم لە ڕابوردوو و ئەو مێژووەیە کە کارتان تێدا کردووە.

**سەعدوون یوونس:** ئێمە گەلێک شتی کۆمیدیاییمان کردووە.

**ڕامان:** لەو کارە کۆمیدیاییانەی کردووتانە ڕازیت؟

**سەعدوون یوونس:** زۆریش لێیان ڕازیم. هونەرمەندێک نییە بەقەت من کاری کردبێت، بەڵام ئێستا نازانم کەی پرۆژەیەک هەڵدەکەوێ؟ زۆر حەزم لێیە شانۆگـەرییـەکی کۆمـیـدیایی بکەین، تەنانەت دەتوانین هەمـوو ناوەکـان لەسەر شانۆ ئامادە بکەینەوە، بەڵام دەبێ شەش مـانگ، حەوت مانگ، ساڵێک لێرە دانیشم.

**ڕامان:** بەتایبـەتی بۆ ئێـسـتـا کـۆمـیـدیا زۆر گـرنگە، خەڵک هیلاک و ماندووە، هەموو شتێکیش بە جددیات باس ناکرێن و ناوترێن.

**سەعـدوون یوونس:** بۆ ئێـسـتـا زۆر گـرنگە، بەڵام من ناتوانم ئەو مـاوە دوورودرێژە لێرە دانیشم، چونکە کـار و ژیانم لە دەرەوەی کوردستـانە، دەتوانم بۆ مـانگێک و دوو مانگ بێم ئەو کارە بکەم، بەڵام زیاتر ناتوانم بمێنمەوە.

**ڕامان:** پێشتر گوتت بەهۆی ئەوەی چەپلەر بووم - بۆیە دەڵێم چەپلەر، بۆ ئەوەی لەگـەڵ چەپ وەک سـیـاسـەت تێکەڵ نەبێ - لەبەر ئەوەی چەپلەر بووی نەتتوانی ببیتە

مۆسیقاژەن و ئیدی هونەرمەند سەفوەت جەڕاح ڕزگاری کردی و گوتی وەرە لە شانۆ ئیش بکە، بەڵام دیارە ئەو دوورکەوتنەوەیەت لە مۆسیقا بە خواهیشتی خۆت نەبووە، باشە کە چوویتە بواری شانۆ، مەیلێکت بۆ کاری مۆسیقایی مابوو؟

**سەعدوون یوونس:** بەڵێ مابوو، لەبەر ئەوەی هیچ بەرهەمێکم نەبووە، من لە ئامادەکردنی کاری مۆسیقاکەیدا بەشدار نەبووبم، تا ئێستا هیچ بەرهەمێکم نەکردووە بچم مۆسیقاکەی بێنم و تەنیا داخیلی بکەم، لە هەموو بەرهەمەکاندا، لە شانۆ، لە تەلەڤزیۆن، دەقەکان دەدەمە مۆسیقاژەنەکان، دەڵێم ئەوە دەقەکەو بیخوێننەوە، لەو جێگایەی مۆسیقای پێویستە و چی پێویستە و چی دادەنێن داینێن، بەڵام با دوایی گوێم لێ بێت، هەموو کارەکانم هەر ئاوا بوونە. گۆرانیی تایتڵەکان هەروا هەڵمبژاردوون، تایتڵی بەشی دووەمی "کەونەدەرکە" لە سلێمانی هونەرمەند سەلام حەمادی داینا، بەلانی کەمەوە سێ جار، چوار جار بۆ ئەو مەبەستە چوومە سلێمانی، ئەویش خۆی هات و دەنگێکی تازەی ئافرەتی هێناو تۆماری کرد، بۆ هەموو کار و ئاوازدانانەکە چەند جار لەگەڵی بووم، تا تۆمار کرا. ڕەنگە ئەمە بۆ ئەو خولیا هونەرییەم بگەڕێتەوە، کە یەکەم جار لەگەڵ مۆسیقادا هەمبوو. برادەرێک لێکۆڵینەوەیەکی نووسیبوو، خوێندمەوە دەڵێ هیچ کەس وەک سەعدوون یوونس بایەخ بە تایتڵ و مۆسیقای ناو بەرهەمەکانی خۆی نادا.

**ڕامان:** دەتوانین بڵێین دوورکەوتنەوەت لە مۆسیقا و کارکردنت لەبواری شانۆت پێ خۆش بووە؟

**سەعدوون یوونس:** ئەوکاتی بە گشتی هونەرم خۆش دەویست.

**ڕامان:** بەلاتەوە گرنگ نەبوو لە چ بوارێکی هونەردا کار بکەی، هەر هونەر بووبێ حەزت پێ کردووە ئیشی تێدا بکەیت؟

**سەعدوون یوونس:** کەمان و عودم خۆش دەویست، ئامێرە هەواییەکانم خۆش نەدەویست، دانیشم فوو بکەم، کە بینیم دەستەچەپم و ناتوانم ئەوە بکەم، ئەو مامۆستایە هات گوتی با بچین بۆ لای سەفوەت جەڕاح، من ئەوکاتە لاساییم دەکردەوە.

**ڕامان:** تۆ ویستووتە بەهەر شێوەیەک بێ گوزارشت لە خۆت و لە خودی خۆت بکەی، چونکە پێشتریش بەهرەی هونەری لاساییکردنەوەت تێدا بووە؟

**سەعدوون یوونس:** ڕاست وایە، چونکە پێشتریش کە لە قوتابخانەی ناوەندی لاسایی مامۆستاکانم دەکردەوە، ئەوەشم لەلا مابوو، ئەوەش هونەرێکی خۆشە، لە هەمان کاتدا فیلمی سینەماییشم دەدی، بۆیە پێم خۆش بوو ببمە ئەکتەرێک، بەڵام حەزیشم لە مۆسیقا بوو.

**ڕامان:** کەواتە ئەو پێشنیارەی بۆیان کردیت پێت باش بووە؟

**سەعدوون یوونس:** زۆریش پێم باش بوو.

**ڕامان:** سوودیشت لەو هەستە مۆسیقاییەی خۆت وەرگرتووە.. لێرەوە دەمەوێ باسێکی ئەوەم بۆ بکەی کە بۆ کاری شانۆیی چەند سوودت لەو هەستە مۆسیقاییەت وەرگرت، ئەو هەستە بێجگە لە هەڵبژاردنی هێندێک برگەی مۆسیقایی بۆ شانۆییەکانت، بۆ نموونە هیچ ڕێکەوتووە تیپێک بێنی و بە شێوەی زیندوو لەگەڵ شانۆییەکان موزیک بژەنن؟

**سەعدوون یوونس:** نا ئەوەم نەکردووە، بەڵام بەرهەمێکی شانۆییم هونەرمەند ڕزگار خۆشناو هات و بە زیندوویی مۆسیقاکەی ژەنین، دوایی کردمانە کاسێتێک و جیهانبەخش کۆیی وەک مۆسیقای بەرهەم بڵاوی دەکردەوە. (کۆلارە) گۆرانییەکانی لەگەڵ زیاد ئەسعەد، هونەرمەند وریا ئەحمەد داینا و پێکەوە هەموویمان جێبەجێ کرد. (قاسپەی کەو) و (گوڵاڵە) دیسان وریا ئەحمەد کردیانی، هەر ئەویش لەگەڵ زیاد ئەسعەد کردی، (مەرزی و کاکەمین) لەگەڵ هاوتا ئەسعەد بوو. ئیتر هەموو ئەو گۆرانیانە دەبوونە کاسێت و بڵاو دەبوونەوە. (کۆلارە) لەگەڵ شیعرەکەی حەسیب قەرەداغی کرا، کە چوومەماڵەوە بۆ لای گوتی ئەوە یەک، کەسێک داوای شیعری تایتڵ لە من بکات، هەرچەندە من شتی وا ناکەم، بەڵام هونەرمەندێکی وەک تۆ هاتووەتە لام، منیش ئامادەم شیعرەکەت بۆ دابنێم، ئەوەبوو شیعری "کێ وەستایە" ئەو داینا، دوایی دامە سەلاح ڕەئووف تا چەند گۆرانیبێژێکم بۆ هەڵبژێرێ، لە سلێمانی چەند کەسێکی هەڵبژاردبوو، کە گۆرانی تایتڵ دەڵێن، من دوو کەسم لێیان هەڵبژارد، دوایی ئەو دوو کەسە بوونە دوو گۆرانیبێژی زۆرباش، یەکیان عەدنان کەریم و ئەوی دیکەش پەیمان عومەر بوو، کە بە دووان گۆرانی

تایتڵەکەیان گوت، ئێستا "کێ وەستایە، کێ وەستایە" بەناوبانگە، لەو دواییانەدا (عەدنان کەریم)یش باسی کرد، گوتی ئەوسا من گەنجێک بووم. من کە یەکێک دەبینم دەنگی تەواوە، یان ئەکتەرێکی باشە هەمیشە پێم خۆش بووە، بوارێکی بدرێتێ بێتە پێشەوە، بەهۆی ئەو هەستە مۆسیقییەوە گۆرانیبێژێشمان دروست کردووە.

**رامان:** باسی پێویستیی رۆشنبیریمان کرد بۆ هەموو کایەکان، کایەی ئەدەبی و هونەری، بەتایبەتیش بۆ دەرهێنەر، تۆ مەیلت لەگەڵ خوێندنەوەی بواری فیکر و فەلسەفە چۆن بووە؟ بەتایبەتیش شیعر دەخوێنیتەوە، کە هەر زۆر پێویستە بۆ چڕکردنەوەی جیهانبینی و دیالۆگ و مەنەلۆگەکان، ئەو مەیلەت بۆ شیعر و بۆ خوێندنەوە لەو بوار و کایانەدا چۆن بووە و چەند لە شانۆدا سوودت لێیان وەرگرتووە؟

**سەعدوون یوونس:** پێشتر گوتم لەگەڵ خوێندنەوە زۆر برادەرم، زۆر حەزم دەکرد رۆمان بخوێنمەوە، حەزم لە شیعرخوێندنەوە نەبوو، حەزم لەوە بوو شاعیرەکە خۆی شیعرم بۆ بخوێنێتەوە و گوێی لێ رابگرم، چێژ لە شێوەی ئیلقایەکەی خۆی وەربگرم نەک من بیخوێنمەوە، بەڵام زۆرم دەخوێندەوە، زۆر حەزم لە بابەتی مێژوویی بوو، دەمویست رووداو بخوێنمەوە، تا رادەیەک حەزم لە فەلسەفە بوو، زۆر نا، چونکە من وای تێدەگەم فەلسەفە باسی چەند حاڵەتێک دەکات کە ناتوانی هیچی لەسەر بنیادەم بچەسپێنی، ئیتر ئەوە تاقیکردنەوەیە، رەنگە بەیانی بە تاقیکردنەوەی خۆت لە ژیانتدا چەند بیروبۆچوونێکت دەست بکەوێ، ئەوە دەبێتە فەلسەفەی تۆ لە ژیانتدا. فەلسەفە بەو جۆرە وەردەگیرێت، شتێک نییە بۆ ئینسان سادە بێت، فەلسەفە دەڵێ ئەگەر شەو تۆ باش نووستی، ئەو خەونانەی دەیانبینی، جێگای ئەوەیە کە مێشکتی پێ ساف بکەیتەوە و بلێیی چ گرفتم نییە.

**رامان:** بەڵام فەلسەفە بۆ ئەوەیە کە تۆ بتوانی رێگای گەڕان بەدوای حەقیقەتدا بگریتەبەر و زیاتر، یان قووڵتر بچیتە سەر دیاردەکان و راڤەیان بکەیت و تێیان بگەیت.

**سەعدوون یوونس:** بەڕای من فەلسەفە بۆ میللەتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەوەندە پێویست نازانم، ئەوەندەی کە بۆ دەرەوە پێویستە.

**رامان:** دەزانم تۆ پێت وایە حیکمەتەکان باشتر بن؟

**سەعدوون یوونس:** حیکمەت زۆریش باشە، چونکە کورتەی ئەزموونەکەیە.

**رامان:** کەواتە تۆ ئەوەت لە شانۆدا پێ باشترە و تەوزیفت کردووە؟

**سەعدوون یوونس:** زۆریش.. من کە شانۆگەرییەکانم تەواو دەکرد، زۆر جاران دەمگوت ئەسعەد عەدۆ وەرە ئەو بەرهەمەم بۆ پڕ بکە لە قسەکانت، دوایی خۆم لێیان هەڵدەبژێرم. بە (د. شوکریە رەسووڵ)م دەگوت لەسەر ئەو بابەتە دوو لاپەڕەم حیکمەت و پەندی پێشینان بۆ بنووسە، دوایی خۆم هەڵیاندەبژێرم، چونکە بەڕای من ئەوە رێگایەکی زۆر کورتە، زۆر بە ئاسانیش دەچێتە ناو مێشکی بینەرانەوە.

**رامان:** ئێمە باسی ئەوەمان کرد کە تۆ ئیشی نواندن و دەرهێنان و کامێرامانیت کردووە، خۆت حەزت نەکردووە نووسەری شانۆ بیت، یان بۆ تەلەڤزیۆن بنووسیت؟

**سەعدوون یوونس:** نا، بەڵام حەزم لە ئامادەکردن بووە. من ئیشم لەسەر نووسینی دەق نەکردووە، چونکە ئەوە ئیش و پیشەی من نییە.

**رامان:** منیش هیچم لێ نەدیوی، گوتم لەوانەیە هەوڵت دابێ و بەدڵت نەبووبێ و فەرامۆشت کردبێ.. ئایا لە هیچ قۆناغێک هەوڵی نووسینی دەقی شانۆییت نەداوە؟

**سەعدوون یوونس:** نا، لە هیچ قۆناغێک هەوڵم وام نەداوە و هەوڵیش نادەم، رەنگە بیرۆکەم دابێتە نووسەرێک. ئێستا ئەو فیلمەی کە دەیکەین، پێیان دەڵێم ئەوە و ئەوەم بەو شێوەیە بۆ بکەن، بەڵام من نایینووسم، چونکە رەنگە خەیاڵی نووسینم نەبێت، نووسین خەیاڵی خۆی هەیە، بەهرەیەکە، ئەو بەهرەیە لە خۆمدا نایبینم.

**رامان:** گوتت دوو هەوڵ هاتنە بەردەستمان، باسی دوو هەوڵی نووسینت لە ئەزموونی شانۆیی خۆتدا کرد، کە ئیشتان لەسەریان کردووە و پەرەتان پێیان داوە، نووسینی دەقی شانۆیی پێش ئەوەی بخرێتە سەر شانۆ، پێی دەگوترێ ئەدەبیاتی شانۆ. بە دەیان دەق نووسراوە، ئەو دەقانە بۆ خوێندنەوەن، بەڵام دوایی دەرهێنەرێک دێ و بە میتود و بە خەیاڵی خۆی ئەو دەقە دەخاتە سەر شانۆ، داخەکەم لای ئێمە تەنانەت ئەدەبیاتی شانۆییشمان لاوازبووە، کە ئەو ئەدەبە تەنیا بۆ خوێندنەوە بێت، ئەوە هۆیەکەی چییە؟

**سەعدوون یوونس:** هۆیەکەی ئەوەیە کە شانۆ وەک نووسین نییە. ئەگەر تۆ نووسیت و هەزار دانەت لێ چاپ

کرد، یان کارەکەی خۆت بە مەرام گەیاند و چاپت کرد و لە بازاڕ داتنا، ئینجا با هەزار دانە، یان سەد هەزار دانە بێت، ئەرکەکەت تەواو دەبێ، لای ئێمە کەسێک کە شانۆییەک دەنووسێ، ئەو پاڵپشتەی نییە، نازانێ چی لێ بکات؟ شانۆ دەنووسرێ بۆ ئەوەی ببێتە شانۆگەری و بخرێتە سەر شانۆ، ئەوە بنەمایە. ئەدەبی شانۆ هەر لە بنەڕەتەوە دەبێ دوایی بڵاو بێتەوە، هیچ ئەدیبێکی بواری شانۆ لە جیهاندا، شانۆ نانووسێت بۆ ئەوەی چاپی بکات، ئەو دەنووسێ و هەوڵ دەدات تیپێک، جێگایەک، گرووپێک بۆی بخاتە سەر شانۆ. نووسەری ئێمە کە دەبینێ ئەو توانایییە ماددییەی نییە، بۆیە لە نووسینەکەی دوور دەکەوێتەوە، دەڵێ بینووسم چی لێ بکەم؟ لەو ڕۆژانەدا کەسێک زۆر تەلەفۆنی بۆ دەکردم، کە لە دەرەوەش بووم، هەر تەلەفۆنی دەکرد، دەیگوت من سیناریۆی زۆر جوانم نووسیوە، حەز دەکەم تەنیا چاوت پێیان بکەوێ، کە هێنانی و دانیشتین، بینیم هیچ یەکێکیان سیناریۆ نین. گوتم ئەمانە هیچیان سیناریۆ نین، تۆ تەنیا چیرۆکت نووسیوە. گوتی ئاخر ئەگەر تۆ لێیان ڕازی بیت دەیانکەمە سیناریۆ.

**ڕامان:** ئەوانەی بۆ شانۆ دەنووسن دەبێ ڕۆشنبیرییەکی شانۆیی گەورەیان هەبێ، بزانن چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو دەقەدا دەکەن کە دەینووسن، چۆن ئیمکانی هەیە بخرێنە سەر شانۆ، کە من پێموایە تا ئێستا ئەوانە نین، یان ژمارەیان زۆر کەمە؟

**سەعدوون یوونس:** بێ گومان ژمارەیان زۆر کەمە و کەموکوڕیشیان زۆر بووە.

**ڕامان:** لە بواری شانۆدا، شانۆییەکانمان هەموویان لەسەر یەک شێوە و دوو شێوە ڕۆیشتوون، بۆ نموونە ئێمە شانۆی شیعریمان نەبووە، پێت باش نەبووە ئەو جۆرە شانۆیەمان هەبێت؟

**سەعدوون یوونس:** زۆریشم پێ باش بوو، کاتی خۆی لە بەغدا "گوڵی خوێناوی"ی گۆرانمان پێشکەش کرد.

**ڕامان:** بۆ نموونە لە بەغدا معەد جبووری هەبوو، دەقی شانۆی شیعری دەنووسی.

**سەعدوون یوونس:** ئێمە "گوڵی خوێناوی"ی (گۆران)مان لەگەڵ هونەرمەند ئەحمەد سالار کرد، ئەوکات لەبەغدا دەمخوێند، گوڵی خوێناوی هەمووی شیعر بوو، ئەمە بە تاقیکردنەوەیەکی زۆر جوان دەزانم، بەڵام کە هاتمەوە ئێرە زۆرجار شیعرەکەم بە پەندی پێشینان پڕ دەکردەوە، یان وەک پەخشانێکی شیعری ئامادەکراوە و جوانە، لەبەر ئەوە زۆر هەوڵم دەدا کە پەندی پێشینان و فۆلکلۆرەکە وەک قەرەبوویەک بۆ شیعر دابنێم، دەنا ئەگەر بێتو نووسەرمان هەبێ و بتوانێ بەرهەمێکی کۆمەڵایەتی بە شیعر، یان شانۆییەکی کۆمیدی بنووسێ، وەک ئەوەی ئێستا من لە تۆم وەرگرت، شتێکی زۆر نایاب و جوان دەبوو، بەڵام یەکێکمان هەبێ بتوانێ شانۆگەری کۆمیدیایی بە شیعر بنووسێ، دڵنیام لەوەی شۆڕشێک دەکات.

**ڕامان:** شێرکۆ بێکەس هێندێک هەوڵی وای هەبوو، کاتی خۆی (کاوەی ئاسنگەر)ی نووسی، دوایی (ئاسک)ی نووسی.

**سەعدوون یوونس:** (ئاسک)مان کرد، من حەز دەکەم بۆ نموونە شانۆگەریی کۆمیدیی "کەونەدەرکە" بە شیعر بێ، ئەوە دەبێ چی لێ دەربچێت؟ یان "گەڕەکەکەمان"، ئەگەر هەموو زمانەکە و قسەکردنەکان بە شیعر بێت، با شیعری ئازادیش بێ و دراما‌ی تێدا بێ، شتێکی جوانە، ئەوە ئێستا تۆ بیرۆکەیەکت دامێ، بەڕاستی سپاست دەکەم، من ئەوە داوێمە ناو مێشکم، شانۆگەرییەک لەسەر شانۆ بە شێوەی (کەونەدەرکە) و (گەڕەکەکەمان) پێشکەش بکرێ، بەڵام هەمووی شیعر بێت، ئەوسا دەبێ بڵێین ئەوە بیرۆکەی ئازاد عەبدولواحیدە، بیرۆکەیەکی زۆر جوانت دامێ.

**ڕامان:** زۆرجار باسی ئەوە دەکەین، کە ڕەخنەی بواری ئەدەبی کوردی تەمەنی زۆر درێژ نییە و پێش ناکەوێت، چونکە تەمەنی بۆ هەوڵەکانی ئەمین فەیزی و ڕەفیق حیلمی و عەلائەددین سەجادی دەگەڕێتەوە، کە باسی ڕۆمانیش دەکەین دەڵێین ڕۆمانیش (وەک ڕۆمان) لە ساڵی ١٩٥٦، ئیبراهیم ئەحمەد (ژانی گەل)ی نووسیوە، بەڵام ڕێک نەکەوتووە چاپی بکات تا ساڵی ١٩٧٢ کە دکتۆر کەمال فوئاد چاپی کردووە. ڕەخنەگران دەڵێن بۆیە ئەو ژانرانە نەهاتوونەتە پێشێ و بایەخیان پێ نەدراوە، لەبەر ئەوەی پێویست نەبوون و بە پێویست نەزانراون، بە ڕای تۆ ئایا ئەو شتانەی کە ئێمە بەلایاندا نەڕۆیشتووین، هۆیەکەی ئەوەیە پێویست نەبوون؟

**سەعدوون یوونس:** بە قەناعەتی من ئەوانە پێویستن، بەڵام بیریان لێ نەکراوەتەوە. دەمویست کارێک بکەین، چونکە لەمێژە کارم نەکردووە، بەڵام ئەم جارە شتێکی نوێ بێ، ڕەنگە بڵێم هەر لەمڕۆوە هەوڵ دەدەم بناغەیەکی

بۆ دابنێم، ئەگەر بکرێت کارێکی زۆر جوان و بۆ من زۆر پێویست دەبێ، کە بگەڕێمەوە بەرهەمێکی شانۆیی بکەم، کە پاش ئەو دابڕانە لە شانۆ، بەو شێوەیە بگەڕێمەوە.

**ڕامان:** من وای دەبینم ئەوانەی لە هەولێر کاری دەرهێنانیان کرد، سەباح عەبدولڕەحمان، تەڵعەت سامان و تۆ، هەروەها ئەو کارانەی کە هونەرمەند سەفوەت جەڕاح و هەموو ئەو کەسانەی کە کاری دەرهێنانیان کرد، کەرەستەکانیان چەند ئەکتەرێکن، ئەو ئەکتەرانە لە هەموو کارە هونەرییەکاندا و لای هەموو دەرهێنەرەکان دووبارە و سێ بارە و دەبارە دەبنەوە، بەتایبەتی ئەوانەی کە لە ساڵانی ١٩٧٠ بەدواوە زۆرتر لە تەلەڤزیۆن و لەسەر شانۆ دەرکەوتن، هەر لە جەلال بەیار و عەلی ئەحمەد و عەبدوڕەزاق شەمسەددین و سەلام کۆیی و ئیبراهیم حەکیم...تاد، ئەوانەی تریش کە هاتوونەتە پێشەوە، مەبەستم ئەو کەسانەی کاری نواندنیان کردووە، نەگەیشتنە ئاستی ناو و ناوبانگی ئەوانە، بۆیە زۆربەی دەرهێنەرەکان دەچنەوە لای ئەو ناوانە، ئایا ئەوە لەبەر ئەوەیە کە ئەوانە ئەکتەری جیاوازن، یان زۆر پێیانەوە هیلاک نابن و خۆیان شارەزاییەک، ئەزموونێکیان هەیە و زووتر بەدەستەوە دێن و دەتوانن ئاسانتر هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکەن و مەرامەکانی دەرهێنانی خۆتانیان پێ بسپێرن و ئەوانی دیکە ئەزیەتی زیاتریان دەوێ، یان هۆیەکەی چییە؟

**سەعدوون یوونس:** ئەکتەر ئەکتەرە، با لە سەد بەرهەمیشدا بەشدار بێ، لە جیهاندا ئەکتەر هەیە هەموو ژیانی لەگەڵ دەرهێنەرێکی شانۆییە کە بەرهەمەکە لەگەڵی ڕێک دەکەوێت، بۆیە تا مردن پێکەوە کار دەکەن، لە جیهاندا ڕووداوی وا گەلێک زۆرە، ئەوە گرنگ نییە کە دووبارە ببێتەوە، گرنگ ئەوەیە کە ئایا لە هەموو دووبارەبوونەوەکاندا هەر یەک دەور دەبینێ؟

**ڕامان:** من پێموایە هێندێکیان لە ئیشکردندا بەرەو پیری دەڕۆن.

**سەعدوون یوونس:** قەیناکا، دەبێ ڕۆڵەکەش لەگەڵی بەرەو پیری بڕوات.

**ڕامان:** مەبەستم پیریی تەمەن نییە، مەبەستم پیرییە لە بەخششدا، هەندێک لەوانیش ماندووبوونێکیان پێوە دیارە، یان بڵێین تووشی جۆرێک لە (تەخەششوب) لە بەتەختەبوونی جەستە ڕۆیشتوون، تۆ دەڵێی چی؟

**سەعدوون یوونس:** باوەڕ ناکەم گەیشتبێتە تەخەششوب، بەڵام تۆش بارستاییەکەی لێ کەم دەکەیتەوە، ئەوە ژیانە، ڕەنگە نەتوانێ دەورێک بێنێ، بڵێی ئەوانە هەموویان گەنجن، دەورێک بێنێ و بڵێی هەموویان بەتەمەنن، دەورێک بێنێ و بڵێی هەموویان دایکن، یان بڵێی هەموویان باوکن.

**ڕامان:** من وەک چاودێرێک کە بەدواداچوونی زۆرم بۆ کاری شانۆیی کردووە و هاوڕێی هەمووتان بووم، هەروەها لە ناوەندە هونەرییەکەی هەولێر و سلێمانیش نزیک بووم، ئاواتی من و خەڵکانی وەک من ئەوەیە لەجیاتی (عەلی ئەحمەد)ێک، دە (عەلی ئەحمەد)مان هەبێ، لە جیاتی (ئیبراهیم حەکیم)ێک دەمان هەبێت، لەجیاتی (سەلام کۆیی)یەک، دە پازدەیەکمان هەبێ، واتە گۆڕەپانەکە سنوودار نەبێت.

**سەعدوون یوونس:** سنووردارە و هێشتا دروست نەکراوە. با دیسان پێت بڵێم ئەوە لەبەر بەردەوام نەبوونە. ئێمە پانۆرامامان نییە، تا ئێستا دەستگایەکی شانۆییان هەیە، لە ساڵێکدا دوو، سێ شانۆگەری تێدا دەکرێت. شانۆ بەرزترین هونەرە لە جیهاندا، شانۆ تاقە هونەرێکە ڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ خەڵک دەکات و ئەکتەر لەسەر شانۆ دەبینێ، کەچی تا ئێستا شانۆ نەبووەتە پێویستییەک بۆ کارکردن، لەو حاڵەشدا تۆ هەر ئەوەندە دەبینی.

**ڕامان:** ساڵانێکی زۆرە لە ئەڵمانیا گیرساویتەوە، هەست دەکەم لەو ماوەیەدا چالاکیت زۆر کزە، ئەگەر هەشتبێ، ئەو چالاکییانەت لە سنوورێکی بەرتەسکدا پێشکەش دەکەیت، باسێکی ئەو چالاکییانەتم بۆ بکە، ئەوانەی لە ماوەی ئەو ساڵانەدا لەوێ کردووتن.

**سەعدوون یوونس:** ئامادەبوونەکە ئامادەبوونێکی هونەریی نییە، ساڵێک لە دایرەی کولتووری گشتی کارم کرد و دوایی وەک وێنەگر ئیشم کرد. من هەمیشە گوتوومە هونەر ئەو ئامادەبوونەیە کە تۆ لەناو میللەتدا هەتە، لە دەرەوە ئەو ئامادەبوونەت نابێت، چونکە تۆ کارێک، پیشەیەک دەکەی بۆ ئەوەی پێی بژیت، بەڵام من لە کوردستان نەپچڕاوم، هەمیشە لەگەڵ تەلەڤزیۆنەکان و و ئێستگەکان بەرنامەم کردووە، بە دەیان بەرهەمم کردووە و هاتوومە لێرە تەلەڤزیۆنێکم بەڕێوە بردووە و زنجیرەی درامیم کردووە، هیچ کاتێک لە کوردستان نەپچڕاوم، چونکە قەناعەتی من ئەوەیە، هونەری من لە کوردستانە،

هونەری من لەو جێگایەیە کە کوردی لێیە، من هونەرمەندێکم بە زمانی کوردی کار دەکەم، بۆیە هونەری من لە کوردستانە، هیچ لە کوردستان نەپچڕاوم.

**ڕامان:** ناوبەناو کە هاتوویتەوە، لێرە ئیشێکت کردووە، قەناعەتت بەو ئیشانە کردووە؟

**سەعدوون یوونس:** بەڵێ، ئێستاش ئەوە بۆ ئیشکردن لێرەم، دیسان دێمەوە ئیش دەکەم، بەڵام ناتوانم لێرە جێنشین بم.

**ڕامان:** یەکێک لە ئیشە گرانەکانی دەرەوە ئەوەیە کە تۆ ئەو ستافەت پێ کۆ نابێتەوە، ڕەنگە لەبەر ئیش کردن و سەرقاڵی و بژێوی بێت؟

**سەعدوون یوونس:** ڕاستە لەبەر بژێوییە.

**ڕامان:** یان لەوانەیە هەر یەکەیان لە وڵات و شارێک بن، بۆیە ناتوانی ئەو بەهرانە بێنیت و مانگێک لەگەڵیان خەریکی پرۆڤە و کارکردن بیت.

**سەعدوون یوونس:** با ڕاستت پێ بڵێم، لەوێ بینەرت نییە. کوردەکانی خۆمان لە دەرەوەش تاقەتی شانۆیان نییە، ئێمە لە شارێک بووین کولتووری میللەتانی تێدا پێشکەش کرا، کولتووری هەر میللەتێک جێگای خۆی پێ درابوو؛ ئەوە کازاغستانییە، ئەوە ڕووسییە، ئەوە مەغریبییە، هەریەکەیان جێگا و هۆڵیان هەبوو، کارێکیان کردبوو بتوانی شەش مانگ خۆت بەخێو بکەی و پرۆگرامەکەت جێبەجێ بکەی، ئەوە دەکەوێتە سەر دەوڵەت، کورد ئەو جێگایەی لەوێ نییە، چونکە لەوێش ناتوانێ خۆی بەخێو بکات.

**ڕامان:** کە تۆ لەوێ بینەرت نەبوو، نەتتوانی ئەو ستافە کۆ بکەیتەوە، هیچت پێ ناکرێ، لەگەڵ ئەوەش خەڵکێک لەوێ هەن، ئەوە هاوڕێ زەنگەنە لەلای ئێوە لە ئەڵمانیایە، برایم فەرشی هەر لەوێیە و هونەرمەندی تریش لە سوێد هەن، کە ئێستاش کاردەکەن و دەڵێن شانۆ پێشکەش دەکەین.

**سەعدوون یوونس:** ئاخر لەوێ شانۆ پێشکەش دەکەن، بەڵام کە من چوومە شانۆییەکی ئەوێ دە کەسم بینیوە، من ناتوانم بۆ کەس ئەوە بشارمەوە.

**ڕامان:** تەنانەت لە کوردستانەوە شانۆیان بردووەتە ئەوێ.

**سەعدوون یوونس:** ڕاستە بردوویانە، بەڵام بڕوات هەبێ بینەری نەبووە.

**ڕامان:** بەڵام ئەوان خۆیان باسی دەکەن، کە بینەریان هەبووە.

**سەعدوون یوونس:** ئاخر دەزانی چییە؟ ئەگەر ڕۆژێک لە شارێکی سوێد ١٠٠ یان ٢٠٠ کەس کۆ بێتەوە، نابێ ئەوە بە بینەر دابنێین، ئەوە کۆکردنەوەی خەڵکە کە وەک سەیرانێک وەریدەگرن، با زۆر بە ڕوونی پێت بڵێم، چونکە من لە هەمووی ئامادە بووم، لە دانیمارک چوومە لایان و فیلمم بۆیان کرد، لە یۆتۆبۆری چووم وێنەم گرت، بەهەشت ڕۆژ فیلمم داوەتە دەستیان، وەک کولتووری کوردی چەند جار چوومەتە هۆڵەندا، چوومەتە پاریس، هەموو ئەوانەم دیوە، بۆیە گەیشتمە ئەو قەناعەتە. لە ئەڵمانیا ماوەیەک لە فیستیڤاڵی بەرلین سەرۆکی لیژنەیەک بووم، دووەم ڕۆژ بەجێم هێشت، چونکە هیچ پێوەندیی بە فیستیڤاڵی شانۆوە نەبوو، بۆیە وەک قسەکان هەن، بەڵام کە دەچووی واقیعەکە ئەوە نییە.

**ڕامان:** بەپێی قسەی تۆ بێ ناتوانین بڵێین لە هەندەران شانۆ هەیە؟

**سەعدوون یوونس:** ئەوەی واش دەڵێت، لەسەر بەرپرسیارەتیی من پێی بڵێ بە هیچ شێوەیەک ئەو قسەیە ڕاستیی تێدا نییە، بە هیچ شێوەیەک ناتوانێ ١٠٠ بلیت بە ٢٠ یۆرۆ بفرۆشێت.

**ڕامان:** پێتوایە زۆرتر کۆنسێرتەکان وایان کردووە و ئەو واقیعەیان دروست کردووە؟

**سەعدوون یوونس:** زۆربەی هەرەزۆری کۆنسێرتەکانیش بە گرفتێکی زۆر ناشیرین کۆتاییان پێ دێت.

**ڕامان:** کاری سینەمایی و شانۆیی و ئەو جۆرە ئیشانە کاری بەکۆمەڵن، بەڵام مۆسیقاش کارێکی بەکۆمەڵە، تۆ چەندان ژەنیارت پێویستە کە ئەو ژەنیارانە لە یەک شار نین، دەبێ ئەوانەش کۆ بکرێنەوە، ئەوەش ئیمکانیەتی دەوێ و دەبێ لەڕووی ماددییەوە پارەیان بدەیتێ، ئەگینا ناتوانێ ئیش بەجێ بێنێ، لەگەڵ ئەوەش شتێکی تر هەیە، دەکرێت ئەوانەی خەمی شانۆ و سینەمایان هەیە و دەیانەوێ کارێکی باش بکەن، لەوێ شانۆ بخوێنن، سینەما بخوێنن و زۆرتر بە تەکنیکە پێشکەوتووەکانی ئەو بوارانە ئاشنا بن و دواتر ئەوەی فێری دەبن، بیهێننەوە و لێرە وەک تەکنیک و وەک لایەنە هونەرییەکانی دی سوودی لێ وەربگیرێت و کەسانی دیکە فێر بکەن، کە من پێموایە لەو ڕووەشەوە هەر وەک پێویست کار نەکراوە؟

**سەعدوون یوونس:** منیش دەڵێم نەکراوە. لەو دوا

دواییەدا ئەو گەنجانەی کە هاتن، من هەندێ لەو لاوانەم بینی گوتیان بەدوای ئیشدا دەگەڕێین، گوتم با پێتان بڵێم ئەڵمانیا دوو لایەنی هەیە، لایەنێکی زۆر ناشیرینە، لایەنێکی دیکەشی زۆر جوانە، لایە جوانەکەی ئەوەیە لانیکەم کە هاتوون و وڵاتتان بەجێهێشتووە، هەوڵ بدەن چەند شتێک لێرە بە جوانی وەربگرن. لایەنە ناشیرینەکەش دەبێ لێی دوور بکەونەوە، ئێستا کە بەو شێوەیە لەو وڵاتەدا دەتانبینم، ئەوە یەکێک لە شتە ناشیرینەکانە، تەماشای خۆتان بکەن بزانن لەو بازاڕە کەس هەیە وەک ئێوە هەڵسوکەوت بکات؟ لەبەر ئەوە کە داوای وێنەگرتن لە من دەکەن، من نامەوێ وێنەشتان لەگەڵ بگرم، پێویستە ئێوە بچنە سەر لایەنە جوانەکە، ئەوە بارودۆخی ئێمەیە، هەمیشە ڕوومان لە لایە ئاسانەکەیە. برادەر هەیە بیست ساڵە لە ئەڵمانیایە ناتوانێ ڕەگەزنامەی ئەوێ وەربگرێت، لەبەر ئەوەی هەوڵ نادات زمانەکە فێر بێت، ئەوە هەمووی دەکشێتەوە سەر ئەوەی کە تۆ چەند بڕوات بە دابینکردن و دروستکردنی ژیانی کوردەواریی خۆت هەیە، توانیت ئەوە بکەی لە هەمووی سەرکەوتوو دەبی، ئەوەت نەتوانی، ناتوانی لە هیچ شتێک سەرکەوتوو بیت.

**ڕامان:** کەمێکی ماوە بڵێین پێنج سەعات گفتوگۆمان کرد، لە ماوەی ئەو پێنج سەعاتەی کە گفتوگۆیەکی فراوانمان تێدا کرد، بە تایبەتیش قسەی زۆرمان لەبارەی کارەکانتەوە کرد، قسەکردن لە بارەی هەموو ئەو کارانەی کردووتن، نازانم تا چ ڕادەیەک ئەو گفتوگۆیەت بەدڵ بوو؟

**سەعدوون یوونس:** هەر زۆر بەدڵم بوو، نەک هەر بەدڵم بوو، تۆ دەزانی چیت کرد، ڕەندەیەکت لە بیرەوەرییەکانم دا، لە دوێنێوە من بیرم لەوە دەکردەوە، کە خۆم بۆ ئەمڕۆ ئامادە بکەم، یەکەم ڕۆژ بیرەوەرییەکە هێندێک جووڵایەوە، چونکە نووستبوو، ئەمڕۆ بیرەوەرییەکەمان بۆ گفتوگۆکە باشتر بوو. بۆ مێژوو من سپاسێکی بێ سنووری تۆ دەکەم، کە بوارت ڕەخساند ئاوا دابنیشین، ئەوەش دەبێتە مێژوویەک، زۆر دڵم بەو گفتوگۆیە خۆشە، من زۆر لەمێژ بوو هەوڵم دەدا خاوەنی کتێبێک بم و ئەزموون و بیرەوەرییەکانم بنووسم، ئەو فەزڵەش بۆ جەنابت دەگەڕێتەوە.

**ڕامان:** نازانم تا چەند لە کاری ڕامان ئاگاداری، ڕامان بیست ساڵە وەک گۆڤارێکی کولتووری لە کاری داهێنانی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و فیکری و فەلسەفی و زمانزانی و هونەریدا کاری کردووە، حەتمەن تۆ ئەو گۆڤارەت دیوە، نازانم ئەو گۆڤارەت چۆن دێتە بەرچاو؟

**سەعدوون یوونس:** زۆر ئاگام لێیە، ئەو گۆڤارە کەسایەتی خۆی هەیە، هەست دەکرێ گۆڤارێکی گرانە، گۆڤارێکی وا ئاسان نییە، مانەوە و بوونی ئەگەر بە چەند دانەیەکیش چاپ بکرێت، ئامادەییەکی گەورەی خۆی هەیە. ئێستا من زۆر خۆشحاڵم بەیانی لە گۆڤاری ڕامان شتێک بۆ من بڵاو بێتەوە.

**ڕامان:** دیارە بەو گفتوگۆیە کۆتایی بە کارەکانمان ناهێنین، تەمای ئەوەشمان هەیە ئاگامان لەیەک بێت، بۆ ئەوەی هێندێک بابەتی شانۆییشمان بۆ بنووسیت، چونکە ئێمە یەکێک لە تەوەرەکانمان لە ڕامان تەوەری هونەرە و لەناو تەوەری هونەریشدا، بابەتی شانۆ بڵاو دەکەینەوە. کەم ژمارە هەیە بابەتێکی شانۆیی بڵاو نەکەینەوە، یەکێک لە خەسڵەتەکانی گۆڤاری (ڕامان)یش ئەوەیە کە زۆرتر بەلای کاری کوردەواریدا دەڕوات، واتە تا هونەرمەندێکی شێوەکار و موزیکژەن و شانۆکار و نووسەر لەناو کورددا هەبێ، بەلای کەسێکی دیکەدا ناچین، هونەرمەند هەیە پەنجا ساڵە خەریکی کارکردنە، تا دەشمرێ پەنجا دێڕی لەسەر نانووسرێت، من نووسین لە بارەی ئەوانەوە زۆر بە باشتر دەزانم لەوەی خەریکی دیلاکروا و پیکاسۆ و ڤانکۆخ و ئەمانە بین، چونکە ئەمانە خەڵکانێکن، بە دەیان کتێب و لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە نووسراوە، ئەوەی کە زۆر پێویستە ئیشی لەسەر بکرێت، ئەو کەسانەن کە کاری کوردییان لە ڕۆژگارێکی زۆر سەخت کردووە و هەموویان پێویستیان بەوەیە بەسەریان بکەینەوە و ئاوڕیان لێ بدەینەوە و وەفایان بەرانبەر بنوێنین.

**سەعدوون یوونس:** لەو بۆچوونەی تۆوە، کەواتە ئێمە زۆر باش یەکتری دەگرینەوە، چونکە منیش هەمیشە گوتوومە وەرنەوە ناو کۆمەڵگای خۆتان و لەگەڵ کۆمەڵگای خۆتان بن، ئەوانی دی، خەڵکی دی هەن بایەخیان پێ دەدەن، چونکە باوکیان هەیە. تۆ وەرە جارێ با باوکی خۆمان ببینینەوە، ئێمە میللەتێکی بێکەسین، ئێمە چیمان لەوانە داوە و بەدوویان کەوتووین، هەموو ئەوانە باوک و برایان هەیە. ئێستا لە ئەورووپا، بۆ نموونە دەڵێین ئەڵمانیا ژیانی وایە و وایە، نەخێر ئێمە لەوێ غەریبین، خۆ ئەوان غەریب نین، ئەوان هەموو کەسوکاری

خۆیان، وڵاتی خۆیان، خوێندنی خۆیان، ماڵی خۆیان، کولتووری خۆیان هەیە، ئیدی پێویست بەوە ناکات تۆ خۆت پیشان بدەی و بتەوێ بەدووی کولتووری ئەڵمانیا بکەویت، چونکە کولتووری ئەڵمانیا پێویستی بە تۆ نییە. تۆ وەرە بە دوو کوردەوارییەکەی خۆت، بەدوو ڕەوشتەکەی خۆت، بەدووی بنیاتنانی خێزانەکەی خۆت بکەوە، نەک بەو شێوەیە بێ کە ڕێژەیەکی ئێجگار زۆر جیابوونەوەی خێزانی کورد لەو ئەورووپایە هەیە، ئەوە شتێکی گەلێک ناخۆشە.

**ڕامان:** کەواتە هەر لە ئێستاوە داوا لە تۆ دەکەین، ناوبەناو، ئەگەر هەموو مانگێکیش نەبێت، بە سێ مانگ جارێکیش بێ، وەرزی جارێک، لەسەر یەکێک لەو هونەرمەندانەی کە ئیشت لەگەڵ کردوون و لە توانایی ئەوان شارەزایت، یان نزیکایەتیت لەگەڵیان هەیە، هیچ نەبێ ئەوانە بەسەر بکەوە، چونکە خەڵکی وا هەن زۆر مەغدوورن، یەکێک لەوانە کە لەو ماوەیە کۆچی دوایی کرد (عەبدولواحید مەرجان)ە، کە هونەرمەندێکی بەهرەدار و گرنگ بوو، زۆرم هەوڵ دا کە ئاوا وەک تۆ بیهێنم و گفتوگۆی لەگەڵ بکەم، پێشتریش کە هێشتا نەخۆش نەبوو، من هەر هەوڵم دا، بەڵام زۆر بەداخەوە کە خۆی کەمتر حەزی لە چاوپێکەوتن بوو، توانایی قسەکردن و دەربڕینی کەم بوو، بەڵام دەورووپشتەکەی، منداڵەکانی بایی ئەوەندە هاوکار نەبوون، کارئاسانیم بۆ بکەن، دەنا ئەگەر هەرجارەی بیست دەقەش بووایە، لەگەڵ باوکیان قسەمان بکردبا، ئێستا ئاسەوارێکی جوانی لە پاش بەجێ دەما، بە تایبەتی کە بۆخۆی قسەی لەسەر ئەزموونی خۆی کردبا، وەک ئەوە نەکرا، هیوادارم خەڵکانێکی وەک ئێوە کە لە نزیکەوە وەک شێوەکار، شانۆکار، ژەنیار، تەمسیل کردن بەسەری بکەنەوە، بەڕاستی پیاوێکی بەهرەدار بوو، پێویستە لەسەر ئەو جۆرە کەسانە بۆمان بنووسن.

**سەعدوون یوونس:** من لە ئێستاوە بەڵێنت دەدەمێ و ئامادەم و هەر ئەم هەفتەیە لەسەر عەبدولواحید مەرجان بۆت دەنووسم، چونکە لەگەڵ من کاری کردووە و لە نزیکەوە لە بەهرەکانیشی شارەزام، بەرنامەیەکیشم لە تەلەڤزیۆنی هەولێر بۆ کرد، بەزۆر چووم هێنامە تەلەڤزیۆن، زۆریش لەگەڵی ماندوو بووم، چونکە توانایی قسەکردنی نەبوو، شتی لەبیر دەچوو، هەر دوو قسە و ڕادەوەستا، بەڵام بۆ بەسەرکردنەوەی هونەرمەندەکانی تریش، بیرۆکەیەکی گەلێک جوانە، کە من بتوانم لەسەر هونەرمەندەکان قسە بکەم.

**ڕامان:** یەکێک لەوانە سوبحی کۆیی، کە لە ئەکتەرە باشەکان بوو، لەو ڕۆژەوەی ئەو هونەرمەندە کۆچی دوایی کردووە، بێجگە لەو چاوپێکەوتنە بچکۆلەیەی کە من لەدوا لاپەڕەی ڕۆژنامەی "العراق" لەگەڵیم کردبوو، شتێکی دیکەم نەدیوە.

**سەعدوون یوونس:** دواجار سوبحی کۆیی لە بەغدا لەگەڵ من بوو، کە هاتینەوە ئەو چووەوە شاری کۆیە، لە ڕێگا بە ڕووداوی هاتوچۆ ئەمری خودای کرد، دوا کەس لەگەڵ من بوو، بەڵام بەڵێنت دەدەمێ، بە دەنگ بۆت دەنێرم، بۆ خۆت داییەرێنە، من هێندێک لەگەڵ نووسین برادەر نیم.

**ڕامان:** ئەوەش ئەزیەتی زۆری دەوێ و بڵاوکردنەوەی نووسینەکە دوا دەخات.

**سەعدوون یوونس:** تۆ ماندوو دەکەم.

**ڕامان:** تۆ بە نووسین بینێرە، ئەگەر بە زمانی عەرەبیش بووە، ئێمە دەیکەینە کوردی.

**سەعدوون یوونس:** باشە بە نووسین بۆت دەنێرم، بەڵام خۆت دەستکاری بکە، من لە نووسیندا کوردی و عەرەبی هەمووی تێکەڵ دەکەم.

**ڕامان:** قەیناکات، من بە جوانی دایدەڕێژمەوە، بە کوردییەکەی بۆتی تیف تیفە دەدەین.

**سەعدوون یوونس:** باشە، بەسەرچاو. منیش ئەو بەڵێنەت دەدەمێ و پێشم خۆشە، بگرە هەست دەکەم ئەوە ئەرکێکە و دەبێ بیکەین. من دوو بۆچوونی زۆر گەورە و جوانم لێت وەرگرت، با منیش ئەوەی بڵێم، یەک ئەوەی ئێستا، بەڵام لەوەی گەورەتر، شانۆی شیعری کۆمیدیایی بوو.

**ڕامان:** لەویش گرنگتر ئەوەیە، کە وام لێ کردی لە داهاتوودا بیر لەوە بکەیتەوە، هەموو وردەکاری بیرەوەرییەکانیشت بنووسی.

**سەعدوون یوونس:** تەواو ئیدی بوومە خاوەنی کتێب، دەستم لەوەی شتەوە و لە ئێستاوە خاوەنی کتێبم.

**ڕامان:** زۆر سپاس، ڕێزم هەیە. سەرکەوتوو بی لە ئیشەکانت، لە ژیانی تایبەتیت، ئەزیەتم دای.

**سەعدوون یوونس:** منیش زۆر سپاسی ئێوە دەکەم.

* لە بەشی یەکەمی ئەم هەڤپەیڤینەدا ناوی ئەو مامۆستا بەڕێزانە بە نیوەناچڵی هاتبوون، ناوی تەواویان بەم جۆرەیە: (نەشئەت محەمەد سەفوەت، مدحەت محەمەد سەفوەت، سامی محیەدین شێخۆ).

# د. بەهروز چەمەنئارا:
## نەمانتوانیــوە ئەم هەموو بەرهەمە زێڕینەی وێژە و ئەدەبیــاتی کــوردی کــە بە بەردی بناغــەی ئەدەبیــات دادەنرێن، بــە باشی ببیــنین و بیانخــوێنینەوە.. ئێمــە هێشــتاش کۆنــترین بەڵگەنامــەکانمان لە پێنــج سەدە بەدواتر ناچن.


سازدانی: هاشم عەلی وەیسی
(ئەڵمانیا)




دکتــۆر بەهروز چەمــەنئــارا دەرچووی زانســتگای ئاگۆست گۆتینگنی ئەڵمــانیا لە لقی خوێندنەوەکانی ئێرانی کەونارا و کوردناسییــە، جێگەی ئاماژەیە کە تێزی دکتۆرای بەڕێز چەمەنئارا تایبەت بە شانامەی کوردی بووە و لە توێژەرە ناسراوەکانی ئەم بوارەیە.

د. بەهرۆز چەمــەنئارا توێژەری ناسراوی بواری وێژە و ئەدەبی بەرگری و پاڵەوانی کوردی و فارسییە و لە ساڵی ١٩٨٠ لە شاری ئیلامی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایک بووە، لەساڵی ٢٠١٤ لەبەشی ئێراناسی و کــوردناسی زانکۆی جــۆرج ئاگــۆست گــۆتینگنی ئەڵمانیا بەپلەی دکتۆرا دەرچووە، لەساڵی ٢٠١٠ تا کــۆتایی ســاڵی ٢٠١٤ ئەندامی زانســتی توێژنەوەی ئایینەکانی زانکۆی گۆتینگن (Götterbilder - Gottesbilder Weltbilder: Polytheismus und Monotheismus in der Welt der Antike) بووەو لەلایەن ئەکــادیمیــای زانســتی ئەڵمــانیــاوە (Deutsche Forschungsgemeinschaft-DFG) بۆ چوار ســاڵ گرەنتی وەرگــرتووە، لە ســاڵی ٢٠١٥ کــتــێبی "شــانامــەی کــوردی و ئامــاژە ئایینی و وێژەییــەکانی" بە زمانی ئینگلیــزی لە ئەمــریکا بڵاو کــردووەتەوە و خــاوەنی چەندان وتاری زانســتی لە ڕۆژنامــە زانستییــەکانی جیــهانە، لە ســاڵی ٢٠١٥ بەیارمــەتی و هاوفــیکری کــۆمــەڵێک لە کــوردەکــانی دانشــتووی ئەڵمــانیــا، ئەنســتیــتۆی نێونەتەوەیی بۆ توێژینەوەی کــۆمــەڵگای کوردی لە شــاری گۆتینگن (International Institute for the Study of Kurdish Societies) دامــەزراندووەو ئێســتــاش خــەریکی بەڕێوەبردنیــەتی. دوایین بەرهــەمی کــە ئامــادەی چاپ و بڵاو کــردنەوەیە، کتــێبی "شانامــەی کــوردی" بەشی چیــرۆکی ڕۆســتــەم و زۆراوە کــە بە پێشــەکییــەکی چڕ و پڕ کــە لە ســەری نووســراوە لە لایەن چاپەمەنی مانگەوە، لە سەرەتای پاییزی ٢٠١٦ دەکــەوێتــە بەر دیدی هۆگــران و لایەنگرانی زمــان و ئەدەبی کــوردییــەوە، ئەوەی لــەم چاوپێکەوتنەدا لــەگــەڵ دکــتــۆر بەهــرۆز چەمــەنئــارا دەکــەوێتــە بەر دەســتی خــوێنەران، دواندنی بەڕێزیانە لــەســـــەر هــەوڵ و مــاندوبوونە زانســتی و ئەکــادیمییــەکــانیــان لــەســەر ئەزمــوونی خــوێندنەوە و نووســینی لە بابــەتی هــەوڵ و چالاکییەکانی لەم پێناوەدا.

* بایەخ و گرینگی ساغکردنەوەی شانامەی کوردی بۆ مێژووی ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردی چییە؟ بۆ و لە بەرچی ئەم دیوە زەنگین و دەوڵەمەندەی ئەدەبی گەلەکەمان وا درەنگ ساغ کراوەتەوە؟

– ساغکردنەوەی شانامەی کوردی بە شێوەی گشتی چەند دیوی جیاواز و گرینگی هەیە، ئەرکی سەرەکی ساغکردنەوەی یەک بەرهەم بە شێوەیەکی گشتی، نزیک بوونەوەی بەرهەمی لێکۆڵەر بە دەقی ڕەسەن و سەرەتایی خاوەن بەرهەمە، جار هەیە کە چەند نموونە لە دەقێکی هاوسان لە بەرهەمهێنەرێکی تاک لەبەردەستدایە و ئێمە وەک ئێدیتۆر هەوڵ دەدەین کە بە خوێندنەوە و هەڵسەنگاندن و بەراوردی نموونەجیاوازەکان لە زار و بەرهەمی ئەو تاکەکەسە نزیک ببینەوە، بەڵام جار وایە کە بەرهەمێک وەک شانامەی کوردی، ژانرێکی ناسراوە و وادیارە چەندان پێکهێنەری جیاوازی هەبووە، لێرەدا ئەرک و گرینگی ساغکردنەوە، گەڕان بە شوێنی دەقی سەرەکی و گێڕانەوەی سەرەکییە، دەرەنجامی ئەم کارە پاقژکردنەوەی نەریتی ئەم ژانرەیە لە هەرچی ئاڵوگۆڕی ڕاست و ناڕاستە کە سەدان ساڵە هێدی هێدی لە ناودڵی دەقی شانامەدا جێگیر بووەتەوە.

یەک دیوی دیکەی ئەم کارە ڕووناکی خستنە سەر ئەو بەشە تاریک و تەمگرتووەی وێژە و ئەدەبیاتی کوردییە کە بەشێکی گرنگ و بەرچاو لە مێژووی ئوستوورەکانی نەتەوەی کوردی لە خۆیدا پاراستووە، دیوێکی دیکەی ئەم کارە، ئەزموونێکی تازەیە لە بەکارهێنانی میتودولۆژییە بەرۆژەکان بۆ ساغکردنەوەی دەقێکی کۆنی کوردی، ئیتر دوای ساغکردنەوەی دەق و بە لەبەردەست خستنی دەقی ڕەسەن، ڕێگەی تازە بۆ لێکۆڵینەوەی چەند لایەنە لە باری جوانیناسی، زمان، مێژوو و... تاد دەکرێتەوە.

بە ڕای من، گرنگی ئەم کارە زۆرتر بۆ مێژووی ئەدەبی کوردی دەگەڕێتەوە، کە بەداخەوە لە بەر ئەوەی لێکۆڵەرانی کورد تا ئێستا درکێکی دروستیان لە زمانی ئەدەبی گۆرانی و بە شێوەی گشتی، لە بنەماکانی ئەدەبی زارەکی کوردی نەبووە، نەیانتوانیوە ئەم هەموو بەرهەمە زێڕینەی وێژە و ئەدەبیاتی کوردی کە بە بەردی بناغەی ئەدەبیات دادەنرێت، بە باشی ببینن و بیخوێننەوە، لێکۆڵەران یەک لە دوای یەک، لە باشترین حاڵەتدا ئاماژەیان بە مەولەوی کورد و بێسارانی و چەند شاعیری دیکەی سەردەمی ئەفشارییەکان لە ئێران کردووە کە زیاتر لە ژێر ناوی شاعیران و ئەدیبانی هەورامی ناسراون. ئەم بۆشاییە لە بەرهەمی هەموو مێژوونووسانی وێژە و ئەدەبی کوردیدا بە شێوەیەکی زەق دیارە.

هۆی سەرەکی درەنگکەوتنی ساغکردنەوەی ئەم ژانرە، لە یەک لاوە، نەبوونی زانستی گشتی بووە لەسەر زمان و ئەدەبی کوردی، هەم لە هەموو پارچەکانی کوردستان و هەم لە هەندەران. لە لایەکی دیکەوە دەبێ بگوترێت کە بەداخەوە ناهۆشیارییەک لە تاکی کورد و ڕۆشنبیری کورد بەرانبەر بە بەرهەمە هونەری و کولتوورییەکانی نەتەوەکەی دەبینرێت، بۆیە وا دوای تێپەڕینی سەدان ساڵ، هێشتا لێکۆڵەری کورد نەیتوانیوە یەکێک لەو سەدان و هەزاران دەستنووسە کوردییەی شانامە بدوزێتەوە و بخاتە بەرچاوی خوێندنەوەی زانستی، بێجگە لەمانە، یەک هۆی دیکەش هەیە کە دەتوانین لە ژێر ناوی "فیلی سۆرانیزاسیون و کورمانجیزاسیون"ی زمان و ئەدەبی کوردی ناوی لێ ببەین، هەروا کە دەزانین، بەرهەمە سەرەتاییەکانی مێژوونووسی لەسەر زمان و ئەدەبی کوردی لە کتێبخانەی کوردەواریدا بە دەستی زانایانێک نووسراون کە خۆیان سۆرانی، یان کورمانجی ئاخێڤ بوون و تا ڕادەیەک لە ڕوانگەی شێوەزارەکەی خۆیانەوە تەماشای پەیکەری گشتی وێژە و ئەدەبی کوردییان کردووە، ئەم جۆرە ڕوانگەیە بووەتە هۆی ئەوەی کە ئێمە نەتوانین لەگەڵ ئەدەبی شێوەزارەکانی دیکە و دیوە هاوبەشەکان بە شێوەیەکی زانستییانە و بێ لایەنانە ڕووبەڕوو ببینەوە، ئەگەر زۆرتر ورد ببینەوە، ڕەنگە بتوانین زۆر لایەنی دیکەش ببینین، بەڵام لە ڕوانگەیەکی سەرەکیدا دەتوانین قەناعەت بەم چەند خاڵە بکەین.

* پێگە و کاردانەوەی شانامەی کوردی لە ناو شیعری شاعیرانی کورد چۆن دەبینن؟ پێتان وایە تا چەندە ئەم دەقە لەسەر کۆی ژیان و ژێر خانی هزری و بیرکردنەوەییەکانی کۆمەڵگەی کوردی کاریگەری و کاردانەوەی هەبووە و توانیوەتی لەم سامانە کەڵک وەربگرێت؟ بە تایبەتی ئێمە لە ناو کوردەواریدا بە سەدان گێڕانەوەی فۆلکلۆریمان لەسەر دێو و پەری و کەسایەتییەکانی ناو شانامەی کوردی هەیە؟

– ڕاستییەکەی دەبێ دان بەوە دا بنێین کە شانامەی

کوردی خۆی بەرهەم و بەشێکە لە بازنەیەکی کولتووری کە من بە بازنەی کولتووری زاگرۆس ناوگیری دەکەم، ئەم بازنەیە لە باکوور تا باشووری زاگرۆس دەگرێتەوە، کاریگەری ئەم بازنەیە کە پێکهاتەی ئێتنیکەکانی دەڤەری زاگرۆسە لەسەر کۆمەڵگاکان شتێکی یەکجار تایبەتە، من بۆیە ئەم بازنەیە لە بازنەی کولتووری ئێرانی ناوەڕاست جیا دەکەمەوە کە ئەم بازنەیە لە چەند باڵ و چەند دیودا جیاوازی تایبەتی لەگەڵ ئەوانەی دیکەدا هەیە و خۆیشی لە ناو خۆیدا تایبەتمەندی بێ وێنەی هەیە، لێرەدا پێم خۆشە ئاماژە بە ئەوە بکەم کە ئەم تایبەتمەندییانە کاریگەری زۆریان لەسەر فەیلەسووف و بیرمەندی گەورەی کورد "شێخ شەهابەددینی سوورەبەردی"، یان لەسەر شاعیری بەناوبانگی دەرباری شەروانییەکان "خاقانی" بووە. گێڕانەوەی ئەم کەسایەتییانە لە ئوستوورە و ئەدەبی پاڵەوانی، شتێکی جیاوازە لەگەڵ ئەو نەریتەی کە فیردەوسی گێڕاویەتییەوە و وا دیارە خەڵکی بازنەی فەرهەنگی زاگرۆس بە شێوەی گشتی درکێکیان لە شانامەی فیردەوسی نەبووە و وا دیارە کە تەنیا لەو شانامەیەدا بەس ناوێک ببیستین.

دامودەزگای شانامەوانی و گێڕانەوەی لە مێژووی فەرهەنگی کۆمەڵگای کوردیدا ڕەنگی داوەتەوە و لانی کەم بێجگە لەو بەڵگانەی کە لای من هەیە، دەتوانین ئاماژە بە پێشەکییەکەی مامۆستا هەژار لەسەر حەدیقەی ناصریەی ئوسکارمان بکەین کە لەو پێشەکییەدا باس لە نەریتی ڕەسەنی گێڕانەوەی چیرۆکی پاڵەوانییەکانی شانامەی کوردی لە ماڵی دەسەڵاتدارەکان دەکات.

مەبەستم لەم باسە ئەوەیە کە بیرۆکەی ئوستوورەیی و پاڵەوانی بە شێوەی گشتی و بە درێژایی مێژوو لەگەڵ کۆمەڵگادا ژیاوە و پێکهاتەی کۆمەڵگایە، لە هەمان کاتدا ئەم ژانرە توانیویەتی کاریگەریشی لەسەر هونەرمەند و فەیلەسووف و نووسەری کوردی ببێت، دەتوانین بێژین کەمتر شاعیریکی کلاسیکی کورد هەیە کە لە ژێر کاریگەری گوتاری ئەدەبی بەرگری (حیماسی) و پاڵەوانی زاگرۆسی نەبێت، وەک نموونە شاعیری بەناوبانگی کورد، ئەحمەدی خانی لە (مەم و زین)ەکەی خۆیدا ئاوەها میری بۆتان- ئەمیر زینەددین- وەسف دەکات:

**موحتاجی سەخاوەتا وی حاتەم**
**مەغلووبی شەجاعەتا وی ڕۆستەم**

یان لە وەسفی تاجدین دەڵێت:

**تاجدین دگۆتنێ جەوانەک**
**گۆدەرزی زەمانە پەهلەوانەک**

دیارە باسی پاڵەوانانی شانامە هەر وەک عاشقانەکانی لەیلێ و مەجنوون و شیرین و فەرهاد و چیرۆکە ناسراو و بە نێوبانگەکانی سەدەکانی ناوەڕاست سەرنجڕاکێش بووە و شاعیرێکی وەک خانی، نەیتوانیوە بەو پەڕی کەڵەشاعیری لە ژێر کاریگەریی ئەو حیکایەت و چیرۆکانە دەربچێت.

ئەم ژانرە ئەدەبییە بە شێوەیەکی تایبەت و ڕاستەوخۆ ڕەنگی لە ئەدەبی ئایینی یارسان داوەتەوە، بەڵام باوەڕ ناکەم لە سەردەمی هاوچەرخدا، شانامەی کوردی هێشتا هەمان جێگە و پێگەی جارانی خۆی لەناو دڵی کۆمەڵگا و ئەدەبی کوردی مابێت، ئەمەش هەڵبەتە دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕینی زۆر خێرای نەریتەکان و هاوکات بەکارهێنانی سیستەمە پەروەردەییە جیاوازەکان لە سەردەمی دەوڵەت نەتەوە، بۆ سەر هەریەک لە پارچە دابڕاوەکانی کۆمەڵگای کوردییەوە، بۆیە وا دەبینین کە تێگەیشتنی کۆمەڵگای کوردی لە شانامەی کوردی جێگەی خۆی دەداتە شانامەی فیردەوسی و ڕەنگدانەوەی ئەدەبیاتی فارسی لە ئەدەبی دراوسێکانی.

* پێویستی و بەهای شانامەی کوردی و ساغکردنەوەی بۆ ئێستای ئەدەبی کوردی وەک کەسێک کە ئاگاداری وێژە و ئەدەبی کوردین و مێژوو و ژێرخانە مەعریفییەکانتان خوێندووەتەوە چییە؟ چەندە ئاگاداری ئەو هەوڵانەن کە بە شێوەی جیاواز و لە لایەن کۆمەڵە کەسانێکەوە بەشگەلێک لە شانامەی کوردییان ساغ کردووەتەوە وەک برزونامە و ڕۆستەم و زۆراو و چەند بەشێکی دیکە و لە چاپیان داون چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

- ڕەسەنایەتی و خوێندنەوەی دەقی ساغ و ڕەسەن سەرەکیترین خاڵە بۆ تێگەیشتن لە ژێرخانی کولتووری و مەعریفییەکانمان تا ئەو کاتەی کە دەقەکانمان لێڵ و ناڕوون بن، ئاسۆی مێژوو و کولتوورمان لێڵ و ناڕوونە، بە داخەوە تا ئەو ڕادەیەی کە من دەزانم و ئاگادارم، بەشە گرینگەکەی زانستی ئێمە لەسەر زمان و ئەدەبمان لە دەرەوەی بازنەی کولتووری خۆمانەوە دێت و بەشی ئێمە

لە بەرهەمهێنان بە نیسبەت دراوسێکانمان و بێگانەکان ئێجگار کەمە، من شانامەی کوردی وەک یەکێک لە بەردە هەرەگرنگەکانی بناغەی ئەدەبی کوردی دەبینم و واتێدەگەم کە بەهای شانامەی کوردی و ساغکردنەوەی ئەم ژانرە، زیندووکردنەوەی ڕەگوڕیشە و بنچینەی ئەدەبی کوردییە، ئینجا هەرکەسێک لە ڕوانگەی خۆیەوە دەڕوانێت و دەتوانێ لەم دەقانە بۆ مەبەستی خۆی بە کار بهێنێ. ئەوەی کە لە منەوە دیارە ئەوەیە کە ئەم دەقانە بەشێکن لە کولتوور و مێژووی ئێمە و بۆ من وەک ڕوحی نەتەوایەتی گەلی کورد گرنگن، ئەوەندەی دووبارەبوونەوەی مێژوو بۆ من گرنگن و باوەڕ ناکەم کۆمەڵگای ئێمە بە بێ خوێندنەوەی ڕابوردووی خۆی، بتوانێ بە شیاوی هەنگاوێک بەرەو داهاتوو هەڵبگرێت، بە قەولی هیگڵ ئەو کۆمەڵەی کە مێژوو ناخوێنێتەوە، تەنیا لەسەر ڕێگای زەماندا ڕاوەستاوە نەک مێژوو.

بە خۆشحاڵییەوە لەم چەند ساڵەی ڕابوردوودا دڵسۆزگەلێک پشتیان بۆ ساغکردنەوەی شانامەی کوردی بەست و زۆری پێوە ماندوو بوون، من هەموو بەرهەمە بڵاوکراوەکانی شانامەی کوردیم دیوە و بە وردیم خوێندووەتەوە، من ئەو شانازییەم هەیە کە دوور و نزیک لەگەڵ زۆرینەی ئەوانەی کە بە هەر شێوەیەک ئیشیان لەسەر دەقەکانی شانامەی کوردی کردووە، هاوڕێیەتیم هەیە، بەڵام هەروەک لە کتێبی پێشترم باس کراوە، زۆربەی ئەو بەرهەمانە لە باری میتودولۆژییەوە کێشەیان هەیە و لە دنیای مۆدێرنی ئەمڕۆدا ناتوانین بێژین ئەو کارانە، کاری ساغکراوەی زانستین و جێگەی باوەڕمەندی ئاکادیمیانن، ڕاستە کە ئەو ئازیزانە هەموویان لە ڕووی دڵسوزییەوە کات و ژیانی خۆیانیان تەرخانی ئەو بابەتانە کردووە و جێگەی ڕێز و پێزانینە، بەڵام بە داخەوە کەمتر دەبینین کە ئەو کەسانە لە باری تەکنیکییەوە زانستی ئاکادیمیکی پێوەندییان بە بابەتی ئەدەبی پاڵەوانی، شانامە و شێوەی زانستی ساغکردنەوەوە هەبێت، بە لەبەرچاوگرتنی ئەم خاڵەوە، من ڕێز بۆ هەموو ئەوانە دادەنێم کە بۆ پاراستنی ئەم دەقانە ماندوو بوونەو وا دەزانم هەریەک لە جێگە و پێگەی خۆیاندا شایانی باس و بایەخ و قەدرزانینن.

* لە شیعرێکی شانامەی فیردەوسی دەڵێت "چنین برگرفتم از دفتر" و دکتۆر فەرهاد عزەتی زادە باس لەوە دەکات کە مەبەستی لە دەفتەر هەمان دەفتەری یارسانەکانە و فیردەوسی بۆ گرد و کۆکردنەوەی شانامەی فارسی یارمەتی لە دەفتەری یارسانەکان وەرگرتووە و بینیوە، ڕاو سەرنجی ئێوە بۆ ئەم بابەتە چییە؟

– لەبەر ئەوەی کە من نازانم پاڵپشت و بەڵگەی دکتۆر فەرهاد عزەتی زادە چی بووە و ئەم قسەیەم نەبیستووە، تکات لێ دەکەم کە لە بارەی ئەم تێبینییەی جەنابیان پرسیار بکرێت، بەڵکو بۆمان ڕوون ببێتەوە کە بەڵگەیان چییە و چۆن بەم دەسکەوتە گەیشتوون؟ ئەوەی کە من دەزانم چەمکی "دەفتەری باستان" لە گوتاری شانامەی (فیردەوسی)دا مانایەکی تایبەتی هەیە، واتە ئاماژە بە دەقێک دەکات کە بە زمانی پەهلەوی ساسانی نووسراوەتەوە، بێجگە لەوە، ئەو چیرۆکانەی کە فیردەوسی ئاماژەیان پێ دەکات، واتە لە دەفتەری باستانەوە وەرگیراون، زۆربەیان چیرۆکە مێژووییەکانی شانامەن کە سەبارەت بە گوتاری دامودەزگای ساسانییەکانن و ئێمە هیچ نیشانەیەک لەو گوتارە ساسانییە لە شانامەی کوردیدا نابینین، بە شێوەی گشتی دەرەنجامی شانامەناسی ئەوەیە کە فیردەوسی لەگەڵ بازنەی کولتووری ڕۆژاوایی ئێرانیدا بێگانە بووە و سەرچاوەکانی بە شێوەی گشتی دەگەڕێنەوە سەر نەریت و بنەما مەعریفییەکانی ڕۆژهەڵاتی ئێرانی لە خوراسان بە ئەو بەر (بەو لاوە).

خاڵی سەرەکی دیکە ئەوەیە کە جارێ ئێمە و هاوڕێیانی دڵسۆزمان، تێگەیشتنی هاوچەرخی خۆمان لە مێژووی کۆمەڵایەتی و ئەدەبی ئەمڕۆی کوردستان لەگەڵ دەرکی مێژوویی زۆرتر لە هەزار ساڵ پێش ئێستا تێکەڵاو دەکەین، بە پێی بەڵگەی باوەڕپێکراو، کۆنترین دەفتەری یارسانی لە خۆشبینانەترین حاڵەتدا لە سەفەوییەکان بەرەودوادا ناچێت و ناتوانین بەبێ بەڵگە، ئاوەها داوایەک بکەین، ئەگەرچی بە باوەڕی ئێمەی کورد، ئێمەی یارسان، ژیانی کەسایەتییە ناودارەکانی ئایینی یارسان وەک باوەسەرهەنگ و بالوولی ماهی و...تاد دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی خولەفای عەباسی و ئومەوی لە سەدەکانی دوو و سێی کۆچی، بەڵام بەڵگەکانمان ڕێگەمان پێ نادەن ئەم باوەڕە لە باری مێژووییەوە بسەلمێنین و پشتڕاست بکەینەوە، هەڵبەت ئەم بابەتەش لە بیر نەکەین کە ڕەنگە دکتۆر فەرهاد

عزەتی زادە بەڵگەیەکی پێ بێت کە من ئاگام لێ نەبێت.

* لە چاوپێکەوتنێکدا باس لەوە دەکەن کە شانامە بە گشتی پێش فیردەوسیش بوونی هەبووە و هاوکات باسی ئەڵماس خانی کەنوولەیی کە بە کۆکەرەوەی شانامەی کوردی دەناسرێت و ئێوە دەڵێن "ئێمە چەندان ئەڵماسخانمان هەیە لانی کەم سێ، یان چوار کەس کە لەگەڵ یەکتر جیاوازن و بە گشتی لە بواری ئەدەبیاتی یارسان ناودار و ناسراون"، ئەمە چەندە دەتوانێت لەگەڵ پرسیاری پێشوو بێتەوە کە باس لەوە دەکرێت کە شانامە لە دەفتەر وەرگیراوە؟ یان چ جۆرە پێوەندییەک لە نێوان شانەمەی کوردی و دەفتەری یارسانەکان بەدی دەکرێت و ڕەنگدانەوەی لە بەرهەم هاتن و لە دایک بوونی شانامەی کوردی و لە لایەکی تریشەوە شانامەی فیردەوسی چۆن دەبینن؟ بەو پێیەی گێڕانەوەیەکیش باس لەوە دەکات کە دایکی فیردەوسی کورد بووە؟

– من پێم وایە وەڵامی ئەم پرسیارەم لە دوو پرسیاری پێشوودا دایەوە و ئیتر جوان نییە زۆرتر سەرتان بێشێنم، تەنیا دەبێ ئەو خاڵە باس بکەم کە پێش لە شانامەی فیردەوسی، ژانری شانامە هەر بەردەوام بوونی هەبووە، بەڵام ئەمە بەو مانا نییە کە شانامەی فیردەوسی لە ڕووی شانامەی کوردییەوە نووسراوەتەوە، یان لە ژێر کاریگەری ئەمە بووە، بە پێی بەڵگەکانی ئێستامان، شانامەی کوردی چەند سەدە دوای شانامەی فیردەوسی نووسراوەتەوە، مەبەستی من لەو قسەیە هەبوونی ژانری بەرگری و پاڵەوانییەک بووە کە لە هەموو پارچەکانی ئیمپراتۆری ئەشکانییەکان برەوی هەبووە، ئەو ژانرە ڕەنگە لە هەر بەشێک لەم ئیمپراتۆرییەتە فۆرم و شێوەی تایبەتی خۆی هەبووبێت، بەڵام لە سەردەمی دوایین پاشاکانی ساسانییەوە، گوتارێک دروست بووە کە جیاوازی لەگەڵ سەرچاوەکانی پێشووی خۆی هەبووە، ئەم گوتارە لە ژێر کاریگەری زەردوشتیگەری ڕادیکاڵدا هاتووەتە دی و لایەنگری سەرسەختی دەسەڵاتی دەوڵەتی بووە، ئەم گوتارە دوای چەند دەورەی ئاڵوگۆڕ لە باری فۆرم و ناوەرۆکەوە گەیشتووەتە ژێر دەستی فیردەوسی.

نەریتی ئەدەبی پاڵەوانی لە دەورەی ئەشکانییەکان بە شێوەی سروشتی لە ژێر کاریگەری نەریتی زارەکی بووە، تەنانەت بەو شێوەیە کە خانمی پرۆفیسۆر دەیڤێدسن لە کتێبی Poet and Hero بە وردی باسی کردووە، فیردەوسی خۆیشی لە ژێر کاریگەری هەمان نەریتدا بووە، بە داخەوە بەڵگەکانی ئێمە لە شانامەی کوردی، لە باری تەمەنەوە هاوسەنگ و هاوتەمەنی شانامەی فیردەوسی نین، تەنانەت ئەوەش کە ئێستا بۆمان بە جێ ماوە، هێشتا خۆی لە ژێر پرسیاری جۆراوجۆرە، بەڵام هەر وەک ئەوەی کە عەرزم کردی، سەرچاوەی شانامەی کوردی بۆ ئەو ژانرە بەرگرییە دەگەڕێتەوە کە پێش و پاش فیردەوسی لە بازنەی فەلاتی کولتووری ئێراندا ژیاوە.

با لە بیر نەکەین کە زانست لەسەر ژیان و بەسەرهاتی فیردەوسی زۆر کەمە و ئێمە هێشتا زانیارییەکی باوەڕپێکراومان سەبارەت بە بنەماڵە و ژیانی فیردەوسی لە بەردەستدا نییە، ئیتر ئەگەر تەنانەت فیردەوسی خۆی بە سەدان پشت کوردی بێت، فەرق ناکات، چونکە گوتارەکەی لە گوتاری شانامەی کوردی جیاوازە.

* ئەوەی شانامەی کوردی لە ڕەهەند و لایەنی جوانیناسییەوە لە دەق و نووسراوە جیهانییەکانی ناو گەل و نەتەوەکانی تر جیا دەکاتەوە و دەتوانێت بەها و بایەخی ئەم دەقە وەک دەقێکی جیهانی کە بگێڕەوەی سەردەمێکی مێژووی گەلی کورد و مرۆڤایەتییە بە هەموو ڕەهەندە میتۆلۆژی و دێرینەناسی (ئارکۆلۆژی) و تیۆلۆژیی و مێژوویی و زمانناسی و... تاد بناسێنێت، چۆن هەڵدەسەنگێنن؟ بە تایبەتی ئەوەی کە ئێوە بۆ خۆتان بە زمانی ئینگلیزی لێکۆڵینەوەیەکی زانستی و ئەکادیمیکتان لەسەر ئەم دەقە کردووە؟

– ئەوەی جێگەی بایەخە ئەوەیە کە کۆمەڵگای "نەنووس"ی ئێمە چۆن توانیویەتی بە درێژایی سەدان ساڵ ئەم هەموو زانست و ئەدەبە، لەو ڕێگە ناهەموارەی مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەرباز بکات و لە نەوە بۆ نەوە تا ئەمڕۆی ئێمە بیگەیەنێت، ئەمە خۆی یەکێک لە دیوە سەرنجڕاکێشەکانە کە دەبێ لە داهاتوودا بخرێتە بەر چاوی لێکۆڵەران و نووسەران و قسە و باس و نرخاندنی لەسەر بکرێت، دیوی دیکەی ئەم بابەتە ئەوەیە کە تایبەتمەندییەکانی ئەم ژانرە لە بارەی جیهانبینی و ئایین و جوگرافیا و ئوستوورە و مێژوو و... تاد ئەوەندە لەگەڵ ئەو پێناسە ئەمڕۆییانەی ڕۆژهەڵاتناسەکاندا جیاوازی هەیە کە ڕەنگە لە داهاتووی نزیکدا ببێتە هۆی گۆڕینی بەشێکی بەرچاو لە زانستی ئێمە سەبارەت بە دنیای ئەدەبی ئێرانی و کوردی، تەنانەت دەتوانێ چەندان

لایەنی زانستی تازەشمان لە بواری ئاکادیمیا بۆ بکاتەوە.

* لە شوێنێکدا ئێوە باس لەوە دەکەن کە ئێمە لە شانامەی فارسی وشەی (فەر)مان هەیە و لە شانامەی کوردی وشەی (زات)، کەچی ئێمە کاتێک لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی دەکۆڵینەوە بە شێوەی جۆراجۆر لەگەڵ چەمکی فەڕ ڕووبەڕوو دەبینەوە بۆ نموونە بەکارهێنانی لە قەوارەی "بەدفەڕ" و "وە فەڕ" لە گێڕانەوە و چیرۆکە فۆلکلۆرییەکان کە وەک ئاوەڵناو بە کەسێکی دەدەن، یان چەمکی فەرزەند کە لە شانامەی کوردی دووپات دەبێتەوە و لێکدراوی دوو وشەی فەڕ و زەندە کە لە باری ڕەچەڵەکناسییەوە (ئەتمۆلۆژی) چەمک و دەستەواژەی زۆر لە ناو شانامەی کوردی دایە کە دەکرێت زیاتر و زۆرتر لەم ڕووکردەوە بۆی بچین، لە لایەکی ترەوە دکتۆر فەرهاد عزەتی زادە لە چاوپێکەوتنێکیدا، باس لەوە دەکات و دەڵێت: لە یەکانگیر و یەکبوونی زۆر و زات وشەی فەڕ سەرهەڵدەدات، خوێندنەوەتان بۆ ئەو بابەتانەی کە باسیان کرا چییە؟ چۆنی لێک دەدەنەوە؟

- لێرەدا ڕوانگەی من و ئێوە تا ڕادەیەک جیاوازە، من بڕوا ناکەم ئەتمۆلۆژی وشەی "فەرزەند" بەو شێوە بێت کە ئاماژەتان پێ کرد. تازە ئەگەر لە باری ڕەچەڵەکناسیشەوە قسەی ئێوە دروست بێت، بە کارهێنانی ئەم "دەستەواژەیە" لە شوێنێکی ماناداردا نابینین، بەو مانایە کە بەکار هێنانی وشەی فەرزەند (بە واتەی کاک فەرهاد عزەتی زادە کە بریتی بێت لە دوو وشەی لێکدراوی فەڕ و زەند) لە ڕستەیەک لە شانامەی کوردی کە تەنیا و تەنیا بە مانای کوڕ، یان کچ هاتووە ناتوانێت دروست بێت، تەنانەت دەزانین کە فەرزەند بەم مانایە بۆ مرۆڤی خاوەن فەڕ و زات و بۆ دێوی پەتیارەش بەکار هاتووە، لە بیر نەکەین کە بابەتی ڕەچەڵەکناسی بابەتێکی زۆر زانستی و قورسە و مرۆڤ تەنیا بە زانینی کوردی هاوچەرخ، یان فارسی هاوچەرخ و فارسی ناوەڕاست ناتوانێت دەست بە ڕەچەڵەکناسی وشەکان بکات. لەوانەیە وشەیەک لە باری دەنگەکانەوە گۆڕا بێت کە دەبێ ئێمە ئامرازی زانستی چۆنێتی گۆڕینی دەنگەکانمان لە سەردەمە جیاوازەکان پێ بێت، ڕەنگە وشەیەک لە بارەی دەنگەکانەوە نەگۆڕا بێت، بەڵام لە باری ماناوە گۆڕانکاریی بە سەردا هاتبێت، مەبەستم ئەوەیە کە ئێمە هێشتا بەڵگەی مێژوویمان لە بەردەستدا نییە بۆ ئەوەی کە بزانین وشەکانی سەردەمی ئێستای زمانی کوردی لە سەردەمە کۆنترەکان چۆن بوونە و چ گۆڕانکارییەکیان بە سەردا هاتووە.

دەبێ ئەوەش لە بەر چاو بگرین کە وشەی فەڕ لە زۆر شوێندا بەکار هاتووە و من ئەوە ڕەت ناکەمەوە کە لە زاری ڕۆژانەی خەڵکدا وەک بەدفەڕ و خوەشفەڕ بەکار نایەن، بەڵکو قسەی من تەنیا لە شانامەی کوردییە، شانامەی کوردی باس لە "فەرەهمەندی" ڕۆستەم، یان زۆراب ناکات، بەڵکو بە سەدان شێوەی جیاوازەوە باس لە "زاتداری"یان دەکات، بە ڕای من بەینی زات و فەڕ دیوێکی هاوبەش هەیە کە ئەو دیوە بەشی میتافیزیکی ئەم چەمکەیە، هاوکات لە چوارچێوەی فیکری شانامەی کوردی، جیهانبینییەکی تایبەتمان هەیە کە پێناسەی ئەو دوو چەمکە لێک جیاوازە دەکات، ئەو جیهانبینییە ڕادیکاڵەی کە دنیا بۆ دوو بەشی خێر و شەڕ دابەش دەکات و بووەتە بناغەی فیکری و مەعریفەتی دوایین سەردەمەکانی زەردوشتیگەری لە دەورەی ساسانییەکان و ئەم نیزامە مەعریفییە، ڕێک لە شانامەی فیردەوسیدا جێگیر بووە، بەڵام لە نیزامی مەعریفی زاگرۆسیدا ئەو لۆجیکە دوو جەمسەرییەی خێر و شەڕ و تاریک و ڕوونە نابینین، بەڵکو نیزامی مەعریفی لێرەدا پێکهاتەیەکە لە ئایینە کۆنەکانی میزوپۆتامیا تا دەورەی ڕۆمانەکان و ئایینە کۆنە ئێرانییەکان، بۆیە وا من دوو جەمسەری تاریک و ڕوونی تێدا نابینم، لە هەمان کاتدا ئەو نیزامە دوو جەمسەرییە لە ئایینەکانی زاگرۆسی وەک یارسانی و ئێزدیایەتی نابینین، بە ڕای من فەڕ و زات هەر کامە، نوێنەرایەتی نەریتێکی فیکری دەکەن، بە لە بەر چاو گرتنی ئەم جیاوازییە، ناتوانم قەناعەت بکەم بە ئەوەی کە "فەڕ" لە رووی بنەمای مەعریفی شانامەی کوردییەوە هەمان مانای پێ بێت کە زات هەیەتی، لەم ڕوانگەیەوە من چەمکی زات وەک چەمکێکی تایبەت بە نیزامی مەعریفی زاگرۆسییەکانەوە دەناسم و پێم وایە زات لە باری ماناییەوە چەمکێکی یەکجار گرنگە بۆ تێگەیشتن لە ژێرخانی مەعریفی ئەم بازنە فەرهەنگییەوە.

* ڕۆڵی عەیاران و مانای وشەی عەیار لە شانامەی قارەماننامە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟ وادیارە عەیاران لە بەرەی خێر و نەیارانیشدا بوونیان هەیە؟

- سەرەڕای وەڵامدانەوە، دەبێ ئاماژە بە ئەوە بکەم کە

شانامە ژانری گشتی و ناوی سەرەکی هەموو دەفتەرە جیاوازەکانە و دەبێ لە جێگەی شانامەی قارەماننامە بگوترێت، قارەماننامەی شانامەی کوردی، بۆ وەڵامی پرسیارەکەی ئێوە دەتوانم بێژم، عەییار بەو مانا نەریتییەی کە لە دەقە کۆنەکان وەک "سەمەکی عەییار" و "فوتوەتنامەکان" دەبینین لە شانامەی کوردیدا ڕەنگی نەداوەتەوە، من وا تێدەگەم کە نەریتی عەییاری کاریگەریی لەسەر کۆمەڵگای کوردەواریدا هەبووە، بۆیە ڕەنگە جاروبار ئەکتێکی (کارێکی) عەییارانەش لە پاڵەوانەکان ببینین، بەڵام باوەڕ ناکەم کاریگەری ئەم بابەتە لەسەر دەق و نەریتی شانامەی کوردی مانادار بێت.

* ئەو ڕۆڵەی کە پەرییان لە شانامەی کوردی دەیگێڕن چۆن ڕۆڵێکە؟ دەکرێت خوێندنەوە و ڕەهەندەکانی لە ڕووی کارەکتەرسازی و میتۆلۆژییەوە لێک بدەنەوە؟

– پەری خۆی چەمکێکە کە لە دەورەی کۆنەوە لە ئەدەبیاتی سانسکریتەوە تا ئاوێستایی و پالەوی زۆر گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە، پەری بە شێوەی گشتی بوونەوەرێکی ئەهریمەنی و ناڕاستە کە دیمەنێکی زۆر جوان و دڵڕفێنی لە خۆی نیشان دەدات و بەم تەکنیکەوە دەتوانێت پاڵەوانەکان زەمینگیر کات، لە ئەدەبی فارسیدا ئەو دیوە خراپ و ئەهریمەنییەکەی ئیتر نەماوە و بووەتە شتێکی پاک و ناب و نموونەیەک بۆ ناسکی و جوانی، بەڵام شانامەی کوردی هێشتا هەمان پێناسەی کۆنی لە چەمکی پەری هەیە، نابێ ئەم بابەتە لە بیر بکەین کە لە ئەدەبی زارەکی و لە سوننەتی گێڕانەوەی فارسی هێشتا بیرۆکە کۆنەکەی زاڵە، بە شێوەی گشتی شانامەی کوردی و سوننەتی زارەکی ئەدەبی پاڵەوانی فارسی و حەڵقەی حیماسی سیستانی زۆر لە یەک دەچن و لە پەیکەربەندی چیرۆکیدا زۆر نزیکایەتییان هەیە، چەمکی پەری لە ئەدەبی زارەکیدا بە گشتی زۆر کاریگەریی لەسەر چیرۆکەکان هەیە کە تایبەت بە شانامەی کوردی نییە، ڕاستییەکەی کەمتر چیرۆکێک پەیدا دەکەین کە دەستی پەرییەکی تێدا نەبێت، چونکە دنیای چیرۆکی نەریتی زارەکی، دنیایەکی تایبەتە کە مرۆڤ و پەری و دێو بە شێوەیەکی زەق پێکەوە دەژین.

* زمانی دەفتەری یارسانەکان هەورامییە و لە هەمان کاتدا ئێمە دەبینین بە درێژایی پازدە سەدە بەم زمانە نووسین و بیرکردنەوە برەودار بووە و دەق و شیعری پێ بەرهەم هاتووە و لە هەمان کاتدا دەقی شانامەش بە هەمان زمان نووسراوە، لە ڕووی زمانییەوە پێوەندی مێژوویی و زمانی دوو دەقی دەفتەری یارسانەکان و شانامە چۆن دەبینن و دەخوێننەوە؟

– بە بۆچوونی من زمانی دەفتەرەکانی ئایینی یارسان نەک هەورامی، بەڵکو زمانی ئەدەبی گۆرانییە. ئەوە یەک! دووەم! ئێمە هێشتا کۆنترین بەڵگەکانمان لە پێنج سەدە بە دواتر ناچن، زۆر دەبیستین لە هاووڵاتیان و هاوڕێیان کە باس لە مێژووی "پازدە سەدە نووسین" و بیست سەدە نووسین دەکەن. نەخێر! ئێمە بە داخەوە تا ئێستا شتێکمان بۆ پاڵپشتی ئەم قسانە لە بەردەستدا نییە و دەبێ چاومان بکەینەوە و لە دنیای واقیعدا کە دەژین، فیکری واقیعیشی بۆ بکەین.

هێشتا پرسیار زۆرە لە بارەی دەفتەرەکانی یارسانەوە، تەنانەت هێشتا تێگەیشتنێکی زانستیمان لە ئەکادیمیا، لەمەڕ سەردەمەکانی ژیانی پیرەکانی یارسانی و دەفتەرەکانیان نییە، هێشتا نازانین کامە دەفتەر کۆنترە و کامە نوێترە، ئێمە لە ڕووی نەریتی خانەدانەکانەوە بۆ دەفتەرەکان دەچین. لە حاڵێکدا کە لە ڕووی زانستەوە ناتوانین بڕیار بدەین کە ڕیز و تەرتیبی ئەم دەفتەرانە چۆناوچۆنە.

بەڵێ زمانی شانامەی کوردی، هەمان زمانی دەفتەرەکانی یارسانییە، لە وتارێکدا بە ناوی Gorani; Coine or Continuum کە بە هاوکاری پرۆفیسۆر فیلیپ کراینبروک لە فەرەنسا بڵاو بووەوە، هەروەها لە کتێبی پێشووم بە ناوی The Kurdish Shanam and its Literary and religious Implications بە تیروتەسەلی باسمان لەسەر ئەرکەکانی زمانی ئەدەبی گۆرانی و چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەم زمانە ئەدەبییە کردووە، هاوکات من لە زۆر شوێنی جیاوازدا بە نووسین و بە قسە، ئەم بابەتەم شی کردووەتەوە کە ئەم زمانە یەکپارچە ئەدەبییە، هی هەموو دانیشتووەکانی زاگرۆس بووە و لەک و لوڕ و کەڵهوڕ و هەورامی هەموو لە پێکهاتنی ئەم زمانە ئەدەبییەدا هاوبەشن، ئەم زمانە ئەدەبییە هاوکات لەگەڵ هەموویاندا هاوسانی و جیاوازیی هەیە، لە هەر شوێنێک لە جوگرافیای زمانی، زمانی ئەدەبی گۆرانی، تا ڕادەیەکی نە مانادار

گــۆڕانکاری دەبینین، بەڵام نە بەو ڕادەیە کــە فــۆرمی زمانەکە بشکێنێت و سنوورەکان تێپەڕ بکات. وەڵامی گشتی پرسیارەکەتان ئەوەیە کە زمانی دەفتەرەکانی یاری و شانامەی کوردی هەردوو یەک زمانن کە زمانی ئەدەبی گۆرانییە و تەنیا بۆ شیعر بەکار هاتووە.

* دکــتــۆر فــەرهادی عــزەتی زادە زمــانی گــۆرانی، بە کــوردی دەری ناو دەبات، هەڵســەنگاندنی ئێــوە بۆ ئەم خوێندنەوەیە لە ڕووی زمانەوانییەوە چییە؟

– سەرەتا دانی پێدا دەنێم کە من زمانناس نیم و لەم بارەیەوە پیادەی پیادەم، ئەگەر جارجارێک لەسەر پرسی زمانی ئەم تێکستانە قسە دەکەم ئەوە بە جەسارەتی خۆم دەزانم و داوای لێبوردنتان لێ دەکەم، لێرەش من تێناگەم مەبەستی بەڕێزیان لە چەمکی "کوردی دەری" چییە و تا ئێستاش بەم جۆرە چەمکێکم نەبیستووە؟ زۆر خۆشحاڵ دەبم ئەگــەر بۆم شی بکەنەوە کــە ســەرەتا تێــبگەم ئەو چەمکە بە چ مانایەکە و لە کوێوە هاتووە.

* بۆ و لە بــەرچی بــاس کــــــردن لــەســــــەر نــەوە و نەوەزادەکــانی ڕۆســتــەم لە شــانامــەی فــیــردەوسی بوونی نیــیــە؟ هاوکــات ئێــمــە دەبینین چەندان گــێــڕانەوەی لە شانامەی کوردی بوونی هەیە کە لە شانامەی فیردەوسی بوونی نیــیــە وەک ئازانامــەی "ڕۆســتــەم و زەنوون"، یان قــارەمــاننامە کە وەک ئاگــادار بم، دکتۆر فەرهاد عزەتی زادە ســاغی کردووەتەوە و لەوانەیە بەم زووانە لە خــانەی کــەلەپووری کــورد لە هەرێمی کــوردســتــان چاپ و بڵاو بکرێتەوە؟

– هەروا کــە پێــشــتــر بــاس کــرا، دنیــای ئەفــســانە و ئوســتــوورەی خــانەدانە پاڵەوانەکــان لە نەریتی زارەکی بازنەی فــەلاتی کــولتــووری ئێــرانی زۆر ڕەنگــاوڕەنگ و بەرفــراوانە و شــانامــەی فــیــردەوسی تەنیــا توانیــویەتی بەشێکی لێ لەبەر چاو بگیرێت، بۆیە نیزامی گەنجەوی سەبارەت بە شانامەی فیردەوسی ئاوا فەرموویەتی:

**سخنگوی پیشینه دانای توس**

**که اراست روی سخن چون عروس**

**در ان نامه کان گوهر سفته راند**

**بسی گفتنی های ناگفته ماند**

**اگر هر چه بشنودی از باستان**

**بگفتی دراز امدی داستان**

**نگفت انچه رغبت پذیرش نبود**

**همان گفت کز وی گذیرش نبود**

لێرەدا دەبینین کە نیزامی هاوکات بۆ هونەر و شیعری بەرزی فــیــردەوسی ڕێز دەگــرێت، ئاشکرای دەکــات کــە فیردەوسی لە نێو کۆمەڵێک ڕەنگاوڕەنگی ئەدەبیدا، ئەو چیرۆکانەی کە لە شانامەدا دەبینرێن، بە ئارەزووی خۆی هەڵبژاردووە و ئەوەی پێی خۆش نەبووە هەر لە بەر چاوی نەگرتووە، مەگەر ئەو چیرۆکانەی کە لە ڕووی ناچارییەوە هێناوەتەوە ناو شــانامــەکــەی، بێــجگە لە ئەمــە، ناوونیشانی زۆر کەسمان لە شانامەی فیردەوسیدا هەیە کە فیردەوسی باسی لە بارەی بەسەرهاتەکەیان نەکردووە. وا دیارە بەردەنگی شــانامــە دەزانێت ئەو ناوانە کــێن و بەسەرهاتەکەیان چی بووە، وەک ئارەشی کەمانگیر، یان بەرزوو و کــەســانی تر. دەبێ ئامــاژە بۆ ئەوەی بکەم کــە کــتــێبی "تاریخ سیــســتــان" کە وادیارە لە سەدەی پێنجی کۆچی نووسراوە، باس لە زنجیرە کتێبێک دەکات کە زێدە لە دوازدە هەزار لاپەڕە بووە و لەو سەردەمەدا تەنیا یەک لە دوازدەی بەشەکانی بە جێ ماوە و ئەوە داستانەکانی فەرامەرزی کوڕی ڕۆستەم بووە، ئێمە بەڵگەکانمان زۆرن بۆ ئەوەی پێــشــان بدەین کــە لە پێش فــیــردەوسی کەشوهەوای ئەدەبی پاڵەوانی چۆن بووە و تا چ ڕادەیەک لەگەڵ گێڕانەوەی فیردەوسیدا جیاوازی، یان هاوسانییان هەیە، هەر وا کە لە سەرەتادا عــەرزم کــردی، بە باوەڕی من شــانامــەی کــوردی و نەریتی گــێــڕانەوەی فــارسی و حەڵقــەی سیــســتــانی، تەنانەت دەقــە بەجێــمــاوەکــانی سوغدی هەموو لە یەک نەریتی کۆنتر سەرچاوە دەگرن و ئەو شــانســەیان هەبووە کــە نەبوونەتە ئامــرازی دەســتی دەســەڵاتداران و حکوومــەتەکــان، کــە لەم ڕوانگەیەوە تەمــاشــا دەکــەین، دەبینین زۆر لە کــەســایەتیــیــەکــانی شانامەی کوردی لە چیرۆکی حەفت لەشکەری فارسیدا بوونیــان هەیە و نەریتی گــێــڕانەوەی فــارسی ئەو کەسایەتییانە دەناسێت و تۆمارەکانی گێڕانەوەی پڕن لەوجۆرە ناوانە و ئەو جۆرە دێو و پەریانەی کــە بەڕێزت مەبەستت بوو.

هاوکات دیوێکی دیکەی هەیە کە تەنیا هی سیستمی مــەعــریفی زاگرۆســیــیــە و لە شانامەی کوردیدا ڕەنگی داوەتەوە، وەک "نەزەرکــەردەگی" ڕۆســتــەمی دووەم کــە نەوادەی ڕۆســــتــەمی دەســــتــانە، یان باسی زات و ئەو

چەمکانەی کە زیاتر لایەنی ئایینی و ئایینییان هەیە.
لە بەشێکی دیکەی ئەو چاوپێکەوتنەدا کە ئاماژەم پێ دا باس لە "حەڵقەی سیستانی" دەکەن کە پێش لە شانامەی فیردەوسی نووسراوەتەوە و زۆر بە هێز و جێکەوتووترە و کاریگەرییەکی فرە و ماناداریشی لەسەر شانامەی فیردەوسی بووە، زیاتر لەسەر ئەم بابەتە قسە بکەن و ئایا جوگرافیای شانامەی کوردی و فارسی لەگەڵ جوگرافیای نیشتمانی سیستان لە ڕووی هەرێمی، هەروەها ڕیزی ناوەکان هاوئاهەنگی هەیە؟
وەڵامی بەشی یەکەم ئەم پرسیارەتان لە ناودڵی وەڵامی پرسیارەکەی پێشووتانە، سەبارەت بە بەشی دووەم دەبێ ئاماژە بە کاریگەری گوتاری سیاسی ساسانییەکان لەسەر ئەدەبی پاڵەوانی، بە تایبەت لەسەر شانامە بکەم، شانامەی فیردەوسی لە ڕووی ڕەچەڵەکەوە بۆ کۆمەڵێک سەرچاوە دەگەڕێتەوە کە بەشێکیان لە بنەڕەتدا لە نەریتی زارەکی فەرهەنگی نەتەوە ئێرانییەکانەوە سەرچاوە دەگرن، بەشێکی دیکەش ئەو بەشە لە سەرچاوەکانە کە پێوەندی ڕاستەوخۆیان بە گوتاری سیاسی ساسانییەکانەوە هەیە، بەشی یەکەم دەبێتە هۆی پێکهاتنی بەشی یەکەمی شانامە کە بەشی ئوستوورەکانی شانامەیە و سەرچاوەکانی بەشی دووەم، مێژووی ساسانییەکان و چیرۆکی ئەسکەندەر و دارا و چۆنێتی سەرکوتکردنی مەزدەک و بارامی چووبین و... تاد دەگرێتە بەر، لێرەدا مەبەستم ئەوە بوو کە گوتاری بەشی یەکەم لە هەموو نەریتەکان، بگرە لە شانامەی کوردی و فارسی و سیستانی، هاوبەشە و زۆر لێک دەچن، بەڵام ناکۆکییەکان لە کۆتایی چیرۆکی بەهمەنی کیانییەوە دەست پێ دەکات، ڕێک ئەو شوێنەی کە ساسانییەکان دەست بە چەواشەکاری مێژوو دەکەن بۆ ڕەوایی بە خۆ دان بە چەسپاندنی خۆیان بە دنیای پێش لە دنیای ئەشکانییەکانەوە، لێرەدا جوگرافیای فیکری شانامەی فیردەوسی لەگەڵ باقی شانامەکانی دیکەوە زۆر جیاوازە.
* لە کۆتاییدا من پرسیارێکم نەماوە، ئەگەر بابەت، یان پرسێک کە شیاوی سەرنج بێت و من ئاماژەم پێ نەدابێت دەتوانن ڕاوسەرنجی خۆتانی بخەنە سەر؟
- زۆر سپاس بۆ ماندووبوونتان، لە کۆتایی ئەم گفتوگۆیەدا تەنیا دەبێ بوترێت کە تازە سەردەمی خوێندنەوەی زانستی ئەدەب و فەرهەنگی کوردە و شانامەش وەک یەکێک لە بەرهەمە ئەدەبی و فەرهەنگییەکانی ئێمە تازە کەوتووەتە بەردەستی خوێنەران و لێکۆڵەران، هیوام وایە کە لە داهاتووی نزیک بتوانین ڕووناکی زۆرتر بخەینە سەر ئەم بابەتە و کتێبخانەی کوردی بەرفراوانتر بکەین.

# تراجیدیا لە ئەدەبی کوردیدا
## ئەحمەدی خانی و شێرکۆ بێکەس بەنموونە

**حسەین لەتیف**
**(دەربەندیخان)**

مەبەست لە هەڵبژاردنی ئەحمەدی خانی و شێرکۆ بێکەس وەک نموونەیەک بۆ ئەم نووسینە، بەر لە هەر هۆکارێک بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەرچی دەقی مەم و زینی خانی و زۆربەی دەقەکانی (شێرکۆ بێکەس)یش دەتوانرێت بە چەمکی تراجیدیا بخوێنرێنەوە، دەکرێت وەک دوو نموونەی زیندووی ناو دوو شێوەزاری کورد کە توانایی بەرهەمهێنانی دەقی تراجیدیان هەبووە، تەماشا بکرێن.

بەتەنیا کارکردن لەسەر ڕەهەندی تراجیدی دەقی مەم و زین بەو مانایە نایەت کە ڕەهەندە عیرفانی و ڕەخنەیی و ناسیونالییەکانی دەقەکەمان بۆ گرنگ نەبێت، بە پێچەوانەوە هەریەک لەو ڕەهەندانە بایەخی تایبەتی خۆیان هەیە، بەڵام پێشتر لەلایەن چەند شارەزا و توێژەرێکی ترەوە ئاوڕ لەو ڕەهەندانە دراوەتەوە، بۆ نموونە پرۆفیسۆر عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ لە تێزی دکتۆراکەیدا بەناوی"ئەحمەدی خانی، شاعیر و بیرمەند/ فەیلەسووف و صۆفی" هەموو ئەو لایەنانەی بەسەر کردووەتەوە کە ئاماژەم بۆ کردن (١)، هەروەها هەریەک لە د. کەمال میراودەلی لە کتێبەکەی خۆیدا بەناوی "مەم و زینی خانی جگە لەگۆڕینی دەقەکە بۆ سەر دیالێکتی کرمانجی خوارووی شێوە سلێمانی کەمتەرخەمی نەکردووە لە باسکردنی ئەو ڕەهەندانە "(٢). هەروەها د. نەجاتی عەبدوڵڵا لەپێشەکی کتێبەکەیدا"مەم و زین" بە وردی باسی ڕۆڵی ڕامیاری و فەرهەنگی ئەو تێکستەی کردووە لە ناساندنی کورد بە ناوەندە ئەکادیمییەکانی ئەوروپا، وەک نەتەوەیەکی خاوەن فەرهەنگ(٣). وەک سروشتی لێکۆڵینەوە و دیسپلینی ئەکادیمیش، پێویستە لێکۆڵینەوە، نەوتراو بڵێت، نەبینراو نیشان بدات، بۆیە من بەدەوری وتراوەکانی ئەو بەڕێزانەدا ناڕۆمەوە، دەربارەی ژیان و مردنی ئەحمەدی خانی و ژینگە ئایینی و ڕامیاریی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەکەی، بەڵکو بە تەنیا لەسەر ڕەهەندی تراجیدی دەوەستمەوە.

ڕەنگە یەکەم جار ئەو پرسیارە ڕووبەڕووی ئەم لێکۆڵینەوەیە ببێتەوە، بۆ مەم و زین وەک نموونەی تراجیدیی وەردەگیرێت؟ هەرچەندە وەڵامی ئەم پرسیارە لە شیکردنەوەی دەقەکەدا هەیە بەڵام پێم خۆشە ئەو هۆکارانە ڕوون بکەمەوە کە لە پشت هەڵبژاردنی دەقەکەوەن بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە، کە ئەمانەن:

١-بەو شێوەیەی کە دەقە تراجیدییەکانی گریک سوودیان لە ئەفسانە و چیرۆکی سەر زارەکی و ڕووداوی مێژوویی وەرگرتووە، "مەم و زین"ی (ئەحمەدی خانی)ش سوودی لە چیرۆکێکی زارەکی وەرگرتووە، چیرۆکەکەش



ئەحمەدی خانی

ڕووداوێکی ڕاستەقینەیە، خانی ئەم چیرۆکە تراجیدییەی لە ئاستی وتنەوە گواستووەتەوە بۆ ئاستی نووسین. بەگشتی یەکێک لە خەسڵەتەکانی دەقی تراجیدیی گریکی سرووش وەرگرتن بووە لە دەقی زارەکی و ئەفسانە و ڕووداوی پێش خۆی.

٢-دەقی مەم و زین سنووری زمانی کوردی بەزاندووە و بۆ چەندان زمانی جیهانی وەرگێڕاوە، لەوانە ڕووسی، فەرەنسی، ئەڵمانی، تورکی، عەرەبی.بەم پێیەش دەقەکە بایەخێکی جیهانی پێ دراوە.

٣-تراجیدیایەکە بایەخ بەچارەنووسی تاک دەدات، تێگەیشتن لە تراجیدیای تاکەکەسی، هەوڵێکە بۆ تێگەیشتن لە تراجیدیای نەتەوە.

٤-دەقەکە لەڕووی تەکنیکی نووسینەوە زۆربەی ڕەگەزەکانی دەقێکی درامی تێدایە وەک: پلۆت، دیالۆگ، مۆنۆلۆگ، کارەکتەر، شوێن و دیمەنی جیاواز، کۆتایی دڵتەزێن.

## چیرۆکی دەقی مەم و زین

سەرچاوەی دەقی مەم و زین چیرۆکێکی عاشقانەی زارەکی بووە، ڕووداوێکی ڕاستەقینەیە، مامۆستا عەلائەددین سەجادی ڕووداوەکەی بۆ ساڵانی (١٣٥٠) زایینی دەگەڕێنێتەوە و دەڵێت" ئەمیر زەینەددین ناوێک کە کورد بووە دوور نییە کە شوێنی دانیشتنی لەدەوروبەری کەنداوی ئەسکەندەروونەوە بووبێت و فەرمانڕەوایی بەسەر هەموو وڵاتی بۆتانا کردبێت، دوو کچی پەری ئاسای هەبووە، یەکێ (ستی) و یەکێ (زین)، دوو پەریزادی وڵاتی بۆتان، یەکێ لە سەردارەکانی ئەمیر زەینەددین سێ کوڕی هەبووە (تاژدین، چەکۆ، حەیفۆ) ئەمانە هەر یەکە و پاڵەوانی مەیدان و شێری بۆتان بوون، تاژدین دەستە برایەکی دڵسۆزی خەمخۆری دەبێ ناوی مەم دەبێت، لە بنەماڵەیەکی بەرزی وڵاتی ئالان دەبێت، شەو و ڕۆژ، لەڕاووشکاردا لەگوند و لە شارا، لەباغچە و کەنارا پێکەوە دەبن و بەبێ یەک هەڵناکەن... لە ڕۆژێکی بەهاردا و لە نەورۆز لەکاتی سەیراندا مەم و تاژدین عاشقی زین و ستی دەبن"(٤). ڕووداوەکان لەوێوە دەست پێ دەکەن. تاژدین و ستی بەیەک دەگەن، بەڵام بەهۆی خراپی بەکر مەرگەوەڕی دەرگاوانی میرەوە مەم و زین بەیەک ناگەن، لەسەر پێشنیاری بەکر مەرگەوەڕ میر و مەم یاری شەترەنج دەکەن، ئەگەر مەم بیباتەوە مەرامی دڵی خۆی بەمیر بڵێت و بۆی جێبەجێ بکات، مەم چەند جارێک شەترەنجەکە دەباتەوە، بەڵام بەکر مەرگەوەڕ پێشنیار دەکات جێگاکانیان بگۆڕن، بەم جیگۆڕکێیە، مەم، زینی لێوەدیار دەبێت و لەتاو جوانی زین ئاگای لەیارییەکە نامێنێت و دەیدۆڕێنێت، کە مرازی خۆی بەمیر دەڵێت، میر دەیخاتە زیندانەوە و لە تاو عەشقی زین لە زیندانەکەیدا دەمرێت، زینیش ڕۆژێک لە میر دەپاڕێتەوە ڕێگای پێ بدات سەردانی مەم بکات، میر ڕێگای پێ دەدات ئەو سەردانە بکات، زین و ستی پێکەوە دەڕۆن بۆ سەردانی مەم، ستی بەر لەزین دەڕواتە لای مەم، بەڵام دەبینێ مردووە.

**"دەرگا کە کرایەوە لە یاران... زیندان بووە باخی نازداران**

**چووە سەر مەمێ بەر لەزین ئەستی...دی نایە دەنگ و خوستی"**(٥).

بەم جۆرە میر لەسەر عاشق بوونی بەخوشکەکەی سزای مەم دەدات، ئەم سزادانە لەهەمان کاتدا سزادانی زینیشە، چونکە عەشقی مەم و زین دوو لایەنە بووە، لەپاش مردنی مەم، زین ڕۆژەکانی ژیانی بەگریان و نامورادییەوە بەسەر دەبات. تا ڕۆژێک میر ڕازی دەبێت کە زین

سەردانی گۆڕەکەی مەم بکات، کێلی گۆڕەکەی دەگرێتە باوەش و هێندە دەگری تا بەدەم گریانەوە لەوێدا دەمرێت و هەر بەتەنیشت گۆڕی مەمەوە بەخاک دەسپێردرێت.

**"هامێزی لە کێلی مەم وەرێنا...ئاخێکی دوایی بەژینا هێنا**

**گیان هەڵفڕی چوو بەلای خوداوە...لەش کەوتە زەوی و چرای کوژاوە"** (٦).

لەتۆڵەی ((زین و مەم))دا، تاژدین بە شمشێرەکەی بەکر مەرگەوەڕ سەر دەبڕێت و خوێنی دەڕژێتە نێوان گۆڕی هەردوو دڵدارەوە، لەو نێوەدا وەک چقڵ دەڕوێت. تا ئێرە دەکرێت چەند ڕەهەندێکی تراژیدی لەم دەقەدا بدۆزینەوە:

١-ڕووداوێکە بەسەر دوو کەسدا هاتووە، کە یەکیان کچی میرە، واتە لە بنەماڵەیەکی فەرمانڕەوایە، هەڵبژاردنی کچی میر وەک کارەکتەرێکی سەرەکی بۆ دەرگیربوونی لەگەڵ چارەنووسی خۆیدا، بەدەستهێنانی یەکێک لە خەسڵەتەکانی تێکستی تراجیدییە، چونکە نە لە تراجیدیای گریکی و نە لەتراجیدیای ئەلیزابێسیدا، کارەکتەرێکی تراجیدی نابینینەوە لە خەڵکی ئاسایی بێت.

٢- ڕووداو کۆتاییەکی ناخۆشی هەیە و بە مەرگ کۆتایی دێت، بە مەرگی سێ کەس، کە ئەوانیش مەم و زین و بەکر مەرگەوەڕن، ئەمەش بەدەستهێنانی خەسڵەتێکی تری تراجیدییە، چونکە لەتەواوی دەقە تراجیدییەکانی گریک و ئەلیزابێسیدا، دەقێک نابینینەوە کۆتاییەکی خۆشی هەبێت، بێجگە لە چەند دەقێکی کەمی یۆرپیدیس نەبێت، لەوانە "ئەفیجینیا لە ئۆلیس"کە پێشتر لێی دواوین.

٣-تۆڵەکردنەوە کە سیمایەکی تری دەقی تراجیدییە ئامادەبوونی هەیە خۆی لە کوژرانی بەکر مەرگەوەڕدا دەبینێتەوە، بەدەستی تاژدین. بۆ زیاتر سەلماندنی خەسڵەتە تراجیدییەکانی دەقی مەم و زین، ئاوڕ لە چەند پێناسەیەک دەدەینەوە، ئەتکنز لە بارەی قەسیدەی تراجیدییەوە دەڵێت: "تراجیدیا قەسیدەیەکە بە شێوازێکی باڵا دەنووسرێت، چارەسەری کردەوەی شەرمهێنەرانە و قێزەون دەکات، بەخۆشی دەست پێ دەکات و بەناخۆشی کۆتایی دێت "(٧). لەم دیدگایەوە مەم و زین دەقێکی تراجیدییە، چونکە بەزمانێکی باڵای ڕێکوپێک نووسراوە، چیرۆکی عەشقی مەم و زین بە شیعر نووسراوەتەوە. کردەوەی شەرمهێنەرانەی بەکر مەرگەوەڕ چارەسەر دەکرێت و دەخرێتە ڕوو. چارەسەرکردنەکەش بەو جۆرەیە کە زین سەرەڕای ئەوەی قوربانی کردەوەکانی بەکرە، بەڵام دڵی بە بەکر دەسووتێت و هەوڵی چارەسەرکردنی کردەوەکانی دەدات:

**"هەرچەند بە ڕواڵەت ناتەبابوو**
**بۆ مە دۆستێ چابوو**
**گەر ئەو نەدەبوو بەلەمپەری مە**
**گومڕایی دەبوو بەڕێبەری مە**
**وا دەرنەدەچووین لەشەرمەزاری**
**پیرۆز نەدەبووین لەکوردەواری**
**ئەو ڕێگەی پاکی خستە بەرمان**
**زۆر زۆر ئەمەگی هەیە لەسەرمان**
**هەرچەند بەخۆی گەیشت زیانی**
**دۆڕاندی لەڕێی مەدا ژیانی**
**پێم خۆش نییە هیچ گرێی وەبەرێ**
**هیوام هەیە شاد و بەختەوەرێ**
**ئیدی بەسە ئابڕووی مەڕێژن**
**لەو جێی کە من و مەمێ دەنێژن**
**ئەو ببووە پاسدەری مە**
**با هەربکەوێ لەبەر دەری مە**
**لای ئێمە بنێژرێ گیانی**
**پاسی مە بدێرێ لەو جیهانی"**(٨).

ئەگەر پێناسەیەکی تری تراجیدیا بریتی بێت لە "چیرۆککگەلێکی غەمگینی وڵاتان، یان پادشاکان". ئەوە دیسانەوە مەم و زین هەر دەقێکی تراجیدییە، چونکە چیرۆکێکی ڕاستەقینە و غەمگینانەی میری بۆتانە، کە بەهۆی بڕیاری ئەوەوە مەم و زینی خوشکی نەگەیشتوون بە عەشقەکەیان و مردوون. گریکییەکان باوەڕیان وەهابووە جیهانێکی تر هەیە کە مرۆڤ پاش مردن سەفەری بۆ دەکات، ئەم باوەڕەش لە ئەفسانەی ئاورەکەی ئۆرفیۆس و شانۆنامەی (ئەلێکسیتیس)ی یۆرپیدیس-دا ڕەنگی داوەتەوە، ئەو جیهانە سەربەخۆیە لە جیهانی سەر زەوی و بەجیهانی ژێرەوە ناوی دەبەن. جیهانی ژێرەوە لەم دەقەدا بەتەواوی جیهانێکی سەربەخۆیە، تێیدا مەم و زین دوور لە دەسەڵاتی میر بەیەک گەیشتوون، بەکر مەرگەوەڕیش چیتر کەسە فیتنەکەی سەرزەوی و دەرگاوانەکەی میر نییە، بەڵکو دەرگاوانی مەم و زینە، پیاوچاکێک ئەو خەونە بە بەکرەوە دەبینێ:

**"لێرەش ئەوە چاودێری وانم**

**پیشەم وەک پێشە دەرکەوانم**
**زۆر بەختەوەرم گەلێ بەنازم**
**دۆستیانم و پاسەوانی ڕازم."** (٩).

بە وردبوونەوە لەو چەند دێڕەی سەرەوە، بۆمان دەردەکەوێت ئەو هەوڵەی خانی بۆ نووسینەوەی تراجیدیای تاکی کوردی داوە، هەوڵێکە لەو تایپەی تراجیدیاوە نزیکترە کە ئەسخیلۆس دەینووسێت، نەک لەو تایپەی کە سۆفۆکلیس دەینووسێت، چونکە سۆفۆکلیس لە تێکستەکانی خۆیدا وێنەی مرۆڤ بەو شێوەیە دەکێشێتەوە کە هەیە، بەڵام ئەسخیلۆس وێنەی مرۆڤ بەو جۆرە دەکێشێتەوە کە پێویستە ببێت. لە بەشەکانی پێشتردا باسی ئەوەمان کردووە کە لە دەقی ئاگا مەمنوون-دا قۆناغێکی کولتووری دێتە ئاراوە، پاش ئەو هەموو خوێن ڕشتنە بەهۆی خواوەند ئەپۆلۆ وە کێشەی ئۆریست و ئیریناکان لە دادگا چارەسەر دەبێت. بەهەمان شێوە لەدەقی مەم و زین دا قۆناغێکی کولتووری سەرهەڵدەدات، ئەویش ئەوەیە پاش ئەوەی بەهۆی پیلانی بەکر مەرگەوەڕەوە کە مەم لەزینداندا دەمرێت و دواتر زینیش بەرگەی ژیانی بێ مەم ناگرێت، بەکر مەرگەوەڕیش بەدەستی تاژدین دەکوژرێت، بەڵام پاش مردن، مەم و زین بەیەک دەگەن، بەکر مەرگەوەڕیش دەبێتە پاسەوانیان بۆ ئەوە نا ژیانیان لێ تێک بدات، بەڵکو بۆ ئەوەی ژیانیان جوانتر بکات.دەتوانین بڵێین خانی لە هەوڵەکەی خۆیدا تراجیدیای لە پێناوی تراجیدیادا نەنووسیوەتەوە، بەڵکو لە پێناوی تێپەڕاندنی تراجیدیادا نووسیویەتییەوە، بەیەک گەیاندنەوەی جەلاد/ قوربانی، لە ژیانێکی هەمیشەییدا، خەونی ژیان دۆستانەی خانی شاعیرە.

### مەم و زین وەک دەقێکی درامی

دراما و شیعر دووانەیەکی لێک دانەبڕاو بوون، لەوەش زیاتر زمانی گێڕانەوەی دراما شیعر بووە، یان گێڕانەوەی دراما لەلایەن تراژیدی نووسە مەزنەکانەوە، گێڕانەوەیەکی شیعری بووە، ڕەگەزەکانی ژانری دراما بریتین لە:

١- بابەتی لاوژە:خۆی لە ڕەفتار و کردەوەی خەڵکیدا دەبینێتەوە.

٢- کەرەستەی لاوژە:خۆی لە زمانی دیاریکراوو تایبەتمەندا دەبینێتەوە.



شێرکۆ بێکەس

٣- ڕێگای لاوژە:خۆی لە خستنە ڕووی ڕاستەوخۆ، یان درامیدا دەبینێتەوە.

٤- ئامانجی لاوژە:خۆی لە بەدیهێنانی پاکبوونەوە لە هەڵچوونی سۆز و بەزەییدا دەبینێتەوە.

ڕەگەزی یەکەمی دراما لە دەقی مەم و زین-دا بریتییە لە ڕەفتار و کردەوەی ئەو خەڵکانەی کە ڕۆڵیان لە بەرەو پێش چوونی دەقەکە و هەڵکشانە درامییەکەدا هەیە، ئەوانیش بریتین لە عاشقبوونی مەم و زین بە یەکتری لەلایەک و هەڵوێستی بەدکارانەی بەکر مەرگەوەڕ و هەڵوێستی مرۆڤ دۆستانەی تاژدین و براکانی لەلایەکی ترەوە، کەواتە "بیری بنچینەیی مەم و زینی خانی لەسەر بناغەی زۆرانبازی لەنێوان (چاکی و بەدی)دا دامەزراوە و ئادەمیزادی بەرانبەر بە چارەنووسی خۆی ڕاگرتووە"(١٠).

**لاوژەی یەکەم:** بریتییە لەو زمانەی دەقەکەی پێ نووسراوەتەوە، زمانێک پڕ لەپاڕانەوە لەخودا، پڕ لە ڕەخنە لە کەمتەرخەمی کورد، ئەمە بێجگە لەوەی دەیەوێت لە ڕێگای زمانەوە کورد بەرێتە ئاستی نەتەوەکانی تری ڕۆژهەڵات، وەک نەتەوەیەکی خاوەن فەرهەنگ بیخاتە ڕوو. لەلای خانی چەندە دەوڵەت و بوونی سەرکردە لە پایەکانی بەهێزبوونی نەتەوەن،

ئەوەندەش پرسی فـــەرهەنگ، وزە و هێــز بەخـــشی نەتەوەیە، خـــانی چەندە ڕووی لە نەبوونی کـولتـــووری یەکبوون و ڕەخنەگرتنە، ئەوەندەش شانازی بەسەرمایە ڕەمزییەکانی فەرهەنگی کوردییەوە دەکات، کە خۆیان لە مەلای جەزیری و فەقێ تەیران و...تاد دەبیننەوە.

**لاوژەی دووەم:** بریتـیـیـە لە شـێـوازی خـسـتـنە ڕووی دەقــەکــە، خــانی نەهاتووە دەقــەکــە بەیەک هەناســە بگێڕێتەوە، بەڵکو بەسەر چەند پاژێکدا دابەشی کردووە، هەر پاژەی گۆشەیەکی دەقەکە پێکدەهێنێت و دواتریش بەشـێـــوەیەکی هونەری، هەمـــوو پاژەکـــان پێکەوە دەبەستێتەوە، هەر لە پرسی ناسیونالیزمەوە تادەگات بە پرسی عـیـرفـان و فـەرهەنگ و دڵداری، هەرچەندە ئەو خــۆی پرسی دڵداری تـەنیــا وەک بیــانوویەک بۆ بەیان کردنی پرسی سیاسی وەرگرتووە:

**شەرحا غەمی دل بکەم فەسانە**

**زین و مەمی بکەم بەهانە**

بەڵام ئەوەی کـە وادەکـات دەقـەکـە لە دەقـێـکی درامی نزیک بێـتـەوە ئەو پاژانەیە کـە باسی ئەوینی مـەم و زین دەکەن، چونکە تراجـیـدیا ڕووداوێکە کـۆتایی ناخـۆشی هەیە، بە مەرگی مەم و زین، بەکوشتنی بەکر مەرگەوەر لەلایەن تاژدینەوە، پرۆسەی بنیادنانی ڕووداوی تراژیدی دەگاتە لوتکەی خۆی.

**لاوژەی سێـیـەم:** کـە خـۆی لەکارکردن لەسـەر سۆز و بەزەیی دەبینێـتـەوە، ئەوەیە وەک چۆن لەهەر نمایشـێکی تراجــیــدیدا هێندە کــار لەســـەر هەست و ســـۆزی بینەر دەکـرێت، تا ئەو ئاسـتـەی ئەکـتـەر بیـری دەچێت کـە سـەرقـاڵی نواندنە، بینەر بیری دەچێت کـە لە بەردەم نمایشــێکی شــانۆییــدایە و خــۆی وەک بەشــێک لە ڕووداوەکان دەبینێتەوە، ئاوەهاش خوێنەر لەگەڵ ڕووداوی عاشق بوونی مەم و زین بەیەکتر هاوسۆز دەبێت و لەگەڵ مەرگیشیاندا بەزەیی دەجووڵێت.

**دەرئەنجامەکانی بەشی یەکەم:**

١-کــەســێــتی درامــاتـیکی کــە خـــۆی لە زین-دا دەبینێـتـەوە.هەڵبـژاردنی زین بەو پێـیـەی لە بنەماڵەی دەست ڕۆیشتووە، یەکێک لە پێداویستی دەقی تراجیدی پردەکاتەوە.

٢- ڕووداوی دراماتیکیش لەدەقەکەدا هەیە، چونکە بە عەشق دەست پێ دەکات و بە مەرگ کۆتایی دێت.

٣-بابـەتی درامـــــاتـیکیش هەیـە، ئەویش بـەیـەک نەگەیشتنی عاشق و مەعشووقە.

٤-دەقی تراجیدی کە بەمەبەستی ورووژاندنی سۆز و بەزەیی خـوێنەر/ بینەر دەنووسـرێت، سـۆز و بەزەیی خوێنەر/ بینەر لە مەم و زین-دا دەورووژێت.

١- ڕووداوی مێژوویی بەتایبەتی هاوشێوەی جەنگی تەڕوادە، ســەرچاوەیەکی گــەورە و دەوڵەمـــەندن بۆ بەرهەمهێنانی دەقی تراجیدی.

٢- ئەفسـانە یۆنانیـیـەکـان دیسـانەوە سـەرچاوەیەکی گـرنگ بوون لەبەردەسـتی تراجـیـدی نووسـەکـاندا، هاوشێوەی ئەفسانەی ئۆدیب و پرۆمسیۆس.

هۆکـاری ڕووداوی تراجـیـدی لە بەیتی مـەم و زین-دا تەنیا عاشق بوونی (زین و مەم)ـە.

پاش هەموو ئەمانە دەگەینە ئەو باوەڕەی کە مەم و زین چەندان سـیـمـای دەقی تراجـیـدی تێـدایە، لە سـەرەوە دیاریمان کـرد، مـەم و زینی ئەحـمـەدی خـانی، هەوڵێکی ناوازەیە بۆ نووسینەوەی تراجیدیای تاکەکەسی لە ئەدەبی کوردیدا، ئەگەر ئەحمـەدی خانی لە ڕێگای نووسینەوەی مـەم و زین ـەوە تراجـیـدیای تاکی نووسی بێـتـەوە، ئەوە دەشێت بەدوای تراجیدیایەکی نەتەوەییدا بگەڕێین.

## بەشی دووەم

## شێرکۆ بێکەس وەک تراجیدنووسی نەتەوەیی

هەر لەسەرەتاوە دەمەوێت ئەوە ڕوون بکەمەوە تراجیدیا و داســتــان دوو زاراوە و دوو چەمکی لێک جـیــاوازن، جیاوازییەکانیش بەخاڵ ڕوون دەکەمەوە:

**یەکەم:** تراجیـدیا یەک پاڵەوانی هەیە، بەڵام داسـتـان کـۆمـەڵێک پاڵەوانی هەیە، لە داسـتـانی ئەلیـادەدا بەر چەندان پاڵەوان دەکەوین، لەکاتێکدا لە تراجیدیادا یەک پاڵەوان هەیە.

**دووەم:** لەتێکسـتــە تراجـیـدیـیـەکـاندا دیالۆگ ڕۆڵی گــرنگ لە دروست کـردنی بینای درامی و هەڵکشــان و داکـشـانی ڕووداوەکـاندا دەبینێت، بەڵام لە داسـتــاندا گێڕانەوە ئەو ڕۆڵە دەبینێت.

**سێـیـەم:** تراجـیـدیا بە مـەرگی پاڵەوان کـۆتایی دێت، بەڵام داسـتـان دەکرێت بە مـانەوە و سـەرکـەوتنی پاڵەوان کۆتایی بێت.

سـەرەڕای خـسـتنە ڕووی ئەو جـیــاوازییـانە، بەڵام داسـتـانەکـان بەدیوێکی تردا خـاڵی نین لە هەندێک لەو ڕەگەزانەی کە لە تایبەتمەندی دەقی تراجیـدین، هەروەها

گەورە بوونی پێناسەی تراجیدیا لە ئاستی تاک لای ئەرستۆ، بۆ چیرۆکگەلێکی غەمگین بەسەر پادشا و وڵاتاندا هاتبێت، وەک ئەتکنز ئاماژەی بۆ کردووە، ئەو دەرفەتەمان دەداتێ باسی تراجیدیا لەسەر ئاستی نەتەوە بکەین، ئەو دەرفەتەمان دەداتێ شێرکۆ بێکەس بە شاعیری تراجیدنووسی نەتەوە ناو ببەین.

ئەگەر مەم و زینی ئەحمەدی خانی تراجیدیای تاکەکەسی بێت لەناو رۆشنبیریی کوردیدا، ئەی کامەیە تراجیدیای نەتەوە لەو رووبەرەدا کە پێی دەوترێت رۆشنبیری کوردی؟ ئایا بەو شێوەی کە ئەحمەدی خانی تراجیدیای تاکەکەسی نووسیوەتەوە، ئایا کەسێکی تر هەبووە تراجیدیایی کورد لەئاستی نەتەوەدا بنووسێتەوە؟ ئایا تراجیدیای نەتەوە نووسراوەتەوە، یان تەنیا بەشێکە لەیادەوەری؟ رەنگە زیادەرۆیی نەبێت بەراورد لەنێوان هۆمیرۆس و شێرکۆ بێکەس بکەین، ناشمانەوێت وێنەی شێرکۆ بێکەس لە پەنای هۆمیرۆس-دا روونتر و گەورەتر نیشان بدەین، بەڵکو ئەوەی ناچارمان دەکات بەو بەراوردە، سروشتی لێکۆڵینەوەکەیە کە دەخوازێت سیمای تراجیدی لە رووبەری ئەدەبی کوردیدا بناسێتەوە، بێجگە لەوەش زیاتر شێرکۆ بێکەس و هۆمیرۆس خاڵێک کۆیان دەکاتەوە، ئەویش کارکردنە لە مێژوودا. هۆمیرۆس داستانەکانی "ئەلیادە" و "ئۆدیس"ی نووسیوە.

"داستانی ئەلیادە باسی چل و حەوت رۆژ لە دەیەمین ساڵی جەنگی تەروادە دەکات و لە پازدە هەزار دێڕ پێکهاتووە، بەڵام "داستانی ئۆدیس لە بیست و چوار بەش و دوازدە هەزار دێڕ پێکدێت و باسی گیانبازی ئۆدیس و ئەو کارەساتانە دەکات پاش جەنگ و لە رێگای گەرانەوە بۆ نیشتمان بەسەری هاتوون"(١١).

جەنگی تەروادە بەهۆی شەیدابوونی پارس بە هێلینی ژنی میلانۆسی برای ئاگا مەمنوونەوە هەڵگیرسا، بەهۆی ئەو شەیدابوونەوە پارس، هێلینی لەگەڵ خۆیدا بردووە، لە تۆڵەی ئەوەشدا ئاگامەمنوون سوپاکەی خستە رێگاو پەلاماری ئەو شارەی دا و جەنگێکی دەساڵی هەڵگیرسا، دواتر بەهۆی ئەسپەدارینەکەوە کە بە ئەسپی تەروادە ناسراوە، سوپای یۆنان سەرکەوتن بەسەر تەروادەییەکاندا، بەهۆی ئەو جەنگەوە چەندان کارەسات بەسەر گەلی تەروادە و گەلی یۆنان و بەتایبەتتر بنەماڵەی ئاگامەمنوون هات، بە پێچەوانەی ئەلیادەوە کە هێلین نموونەی ئافرەتێکە خیانەت لە هاوسەرەکەی دەکات و دەبێتە مایەی شوورەیی بۆ بنەماڵەی هاوسەرەکەی و گەلی یۆنان، لەدەقی ئۆدیس-دا لەبەردەم وێنەی ئافرەتێکداین کە ناوی پەنیلۆپە، نموونەی وەفادارییە بۆ هاوسەرەکەی، لەماوەی چەندان ساڵ نەهاتنەوەی ئۆدیس-دا سەدان پیاو بەردەوام لە کۆشکەکەیدا دەخۆن و دەخۆنەوە و دەمێننەوە، بەهیوای ئەوەی پەنیلۆپ یەکێکیان بکات بە هاوسەری خۆی، بەڵام پەنیلۆپ تەون دەچنێت و دەڵێت هەرکاتێک لەم تەون چنینە بوومەوە یەکێک دەکەم بەهاوسەری خۆم، بەڵام ئەو تەونەی بەرۆژ دەیچنێت بە شەو هەڵیدەوەشێنێتەوە، بەم جۆرە چەندان ساڵ بەرێ دەخات تا ئۆدیس دەگەرێتەوە، کە ئۆدیس بەسەر ئەو دۆخەدا دەرواتەوە دەست دەکات بە کوشتنی ئەو پیاوانە و هەندێکیان رووەدەکەنە شاخ، بەڵام ئۆدیس و تیلماخی کوری هەر بەدوایانەوەن، هەتا ئەتینا داوایان لێدەکات واز بهێنن و هەموان بەئاشتی بژین. ئەم دوو داستانە چەندە بە زمانی سفت نووسراون و چەندان وێنەی هونەری بالایان تێدایە، هاوکاتیش سەرچاوەیەکی دەوڵەمەند و لەبن نەهاتووی چەندان دەقی شانۆیی مەزنە، تا ئەو رادەی هیچ دەقنووسێکی مەزنی تراژیدیی نییە دەقێک، یان چەند دەقێکی لەو رووداوانەوە وەرنەگرتبێت کە لە هەناوی گێرانەوەکانی ئەلیادە و ئۆدیسی هۆمیرۆسدان، لە خوێندنەوەی ئەو دوو داستانەوە لەو راستییە تێدەگەین کە دەقە تراژیدییەکانی یۆنانی کۆن جگە لە ئەفسانە، سەرچاوەیەکی تریشیان هەبووە، ئەویش داستانی ئەلیادە و ئۆدیسەیە، دەقە مەزنەکانی وەک ئاگامەمنوون، ئەلیکترا، ئیاس، فیلۆکتیتس، ئەفیجینیا، تێکرا بەجۆرێک لە جۆرەکان لەو دوو داستانەوە سەرچاوە دەگرن، هەروەها ئۆدیب پاشا، ئۆدیب لەکۆلۆن، حەوتەکەی دژی تیبە، ئەنتیگۆنا، لەئەفسانەوە سەرچاوە دەگرن. ئەو دەقانە تەنیا بۆ ئەو مەبەستە نەنووسراونەتەوە کە رووداوی تراژیدیی بخەنە روو، بەڵکو لە هەناویاندا بیرۆکەی لێبووردن، دادپەروەری، ساتەوەختی دامەزرانی هۆشیاری لای مرۆڤی یۆنانی، کۆتایی هێنان بە قۆناغی دۆخی سروشتی بوونی مرۆڤ و دروست بوونی وەک بوونەوەری کولتووری، دەبینرێتەوە.

پێشتر و لە کاتی شیکردنەوەی دەقەکاندا و لە جێگای خۆیاندا ئەمەمان روون کردووەتەوە. دواتر ئەم دەقە تراجیدیانە وەک کەرەستەیەک لە زانستی دەروونناسیدا، زانا و دەروونناسی بەناوبانگی نەمسا سیگمۆند فرۆید

پێوەندی نێوان تاکەکانی خێزانی پێ دەخوێنێتەوە، ئەویش بە ئیلهام وەرگرتن لە ئەلیکترا و لە ئۆدیب، ئەم دەقە شانۆییانە بەردەوام کۆمەکی زانستی دەروونناسی دەکەن، لە خوێندنەوەی پێوەندی نێوان مرۆڤدا. فرۆید پێوەندی نێوان کوڕ و دایک بەپێوەندی ئۆدیب ناو دەبات، پێوەندی کچ و باوکیش ئەلکترا، کەواتە تێکستە ئەدەبییەکان لە لێکۆڵینەوە لە دەروونی مرۆڤ و پێوەندی مرۆڤ بە یەکترەوە دەکەونە پێش زانستی دەروونناسییەوە، بەڵکو دەروونناسی وەک لە مۆدێلە فرۆیدییەکەیدا دەردەکەوێت، شوێن پێی ئەدەب هەڵدەگرێتەوە، بەڵام لە ڕێگای بەدەزگاییکردنەوە خۆی لە ئەدەب جیادەکاتەوە. هەریەک لە ئەلیادە و ئۆدیسە، هەر یەک لە دەقە تراجیدییەکانی ئەو سێ پێشەنگەی شانۆی یۆنانی، دەقەکانیان لە دەرەوەی کات و شوێن و زەمانن، دەقەکانیان لەیەک کاتدا پیر و منداڵن، پیرن بەو مانایەی کە بەر لەزایین لەدایک بوون، منداڵیشن بەو واتایەی منداڵیی بیرکردنەوەی مرۆڤایەتین، ئەم منداڵییە بەردەوام مرۆڤایەتی بۆ خۆی ڕادەکێشێتەوە، سەرەڕای دەرکەوتنی ئایین، فەلسەفە، کە دەرکەوتەی پێگەیشتن و تێگەیشتنی مرۆڤن بۆ جیهان و شتەکانی دەوروبەر، بەو شێوەیەی کە مرۆڤ چەند بەساڵدا دەڕوات و ئاوڕ لە منداڵی خۆی دەداتەوە، ئاوەهاش عەقڵ تا بەرەو پێش بڕوات ناتوانێت ئاوڕ لە منداڵی خۆی نەداتەوە، چونکە هێشتا مرۆڤایەتی لەسەر ئاستی تاک و لەسەر ئاستی کۆ، هەمیشە نیگەرانی سبەینێیە، نیگەران بوونی ئەوەی سبەینێ چی ڕوودەدات؟ ئەو ڕووداوە چی کاریگەرییەکی لەسەر (من/ ئێمە) دەبێت؟ ئەوە ڕووبەرێکی گەورەی لە تێکستە تراجیدییەکاندا داگیر کردووە، بەتایبەتی ئەفسانەی ئۆدیب. جگە لە ئەفسانە، ڕووداوە مێژووییەکانی یۆنان، بە تایبەتی ڕووداوەکانی ناو ئەلیادە و ئۆدیسە لە گێڕانەوەیاندا لەلایەن هۆمیرۆسەوە بەرگێکی ئەفسانەیی وەهایان بەبەردا دەکرێت کە چێژی ئەفسانە خوێندنەوە بەخوێنەر دەبەخشن، بۆیە دەڵێین چێژی ئەفسانە، چونکە مێژوو لای هۆمیرۆس داتا و بەروار نییە، بەڵکو خولقاندنی وێنەی نەتەوەیە، وێنەیەک لە زماندا، نەتەوە لە و وێنەیەدا بوونەوەرێکە لەیەک کاتدا (قوربانی/ قارەمان)ـە، لێرەدا سەرنجتان بۆ جیاوازییەک لەنێوان (جەلاد و قارەمان) ڕادەکێشم، دەشێت جەلاد و قارەمان بیانووی خۆیان هەبێت بۆ ئەو کارەی ئەنجامی دەدەن، بیانووی ئەوەی هەر یەکەیان لەلای هەندێک ڕەوابن و لەلای هەندێکی تر ناڕەوابن، حاڵەتی ڕەوایی و ناڕەوایی، وێنەی کارەکتەرەکان دیاری دەکەن.

جەلاد و قارەمان لەجەوهەردا کردەوەیەک ئەنجام دەدەن کە پێچەوانەی ژیان دۆستییە، بەڵام ستراتیژیەتی ناو لێنان و بیانوو بۆ هێنانەوەیان جیاوازە. وێنەی قوربانی /قارەمان، وێنە سەنتەرییەکەی کارکردنی هۆمیرۆسە لەکایەی مێژوودا، ئەو دوو وێنە دەکێشێت، وێنەی یەکەم قەبارەی ئەو قوربانیانەیە کە گەلی یۆنان لەجەنگی تەروادەدا دەیبەخشن، وێنەی دووەمیش وێنەی ئەو کوشتارە گەورەیە، وێنەی ئەو وێران کردنەیە کە لەسەر دەستی سوپای یۆناندا بەسەر شاری تەروادەدا دروست دەبێت. بەهەمان شێوەی هۆمیرۆس، (شێرکۆ بێکەس)یش لە مێژوودا کار دەکات، بەڵام هۆمیرۆس لە مێژوویەکدا کاردەکات سێ سەد ساڵ پێش خۆی کەوتووە، لەکاتێکدا شێرکۆ بێکەس هەم لە مێژووی دووری نەتەوەی کورد و هەم لە مێژوویەکدا کاردەکات کە خۆی تێیدا ژیاوە. کارکردن لە مێژوودا بەشێکی گرنگە لە ستراتیژیەتی شیعری شێرکۆ بێکەس، بەردەوام لەناو پرۆسەی بەشیعرکردنی مێژوودا کاردەکات، مەبەست لە بەشیعرکردنی مێژوو ئەوەیە کە تەواوی ئەو ڕووداوانەی بەسەر نەتەوەدا هاتوون دەبنە بەشێک لە ویژدانی شاعیر، شیعری شێرکۆ بێکەس مانیفێستی ڕوحی برینداری مرۆڤی کوردە، ناشێت بەبێ شیعری ئەو بتوانرێت هەست بەگەورەیی ئەو برینە بکرێت کە ئەنفال و کیمیاوی وەک شەبەقێک لە ڕوحی کورددا بەجێی دەهێڵن، ناشێت بەبێ شێرکۆ بێکەس تراژیدیایی کورد وەک نەتەوە بگوێزرایەتەوە بۆ ناو زمانی کوردی، ئەگەر هۆمیرۆس لە ڕێگای ئەلیادە و ئۆدیسەوە بەشێک لە تراژیدیایی یۆنانی نووسیبێتەوە، ئەوە شێرکۆ بێکەس هێندەی گرنگی هۆمیرۆس بۆ یۆنان، ئەمیش بۆ کورد گرنگە، ئەگەر خەمی هۆمیرۆس بریتی بووبێت لە نووسینەوەی تراجیدیای گەلی یۆنانی، ئەوە خەمی شاعیر بریتی بووە لە نووسینەوەی تراجیدیای نەتەوەی کورد، لەیەکێک لە دیالۆگەکانی نێوان سوکرات و گلاوکۆن-دا سوکرات وتەیەک لە لایەنگرانی هۆمیرۆس دەخوازێت و دەڵێت: " هۆمیرۆس ڕاهێنەری یۆنان بووە و ئەو کەسەی بیەوێ فێری ئەدەب و شارستانیەت بێ، پێویستە بەرهەمەکانی

هۆمیرۆس بخوێنێتەوە"(١٢). ئەوەشی بیەوێت لە تراجیدیای نەتەوەی کورد تێ بگات، پێویستە دیوانەکانی (دەربەندی پەپوولە، ئافات، خاچ و مار و ڕۆژژمێری شاعیرێک، گۆڕستانی چراکان)، قورسایی کارکردنی ئەون لەسەر تراجیدیای نەتەوەیی، بەڵام کارکردنی شێرکۆ بێکەس جیاوازترە لە هۆمیرۆس، چونکە شێرکۆ بێکەس لەهەوڵی دروستکردن و بەخشینی وێنەی(قوربانی)دایە بەنەتەوە، نەک وێنەی (قوربانی/قارەمان) پێکەوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە مێژووی نەتەوەدا وێستگەیەک نییە تێیدا کورد قوربانی نەبووبێت، تا ئەو ئاستەی زیادەڕۆیی ناکەین ئەگەر بڵێین تا ساتەوەختی ئەم نووسینە، تراجیدیای نەتەوەیی حاڵەتێکی شێوە بۆ ماوەیی وەرگرتووە، لە دزینی کڵاوەکەی زەردەشتەوە دەست پێ دەکات و لە نوگرە سەلمان دەگاتە لووتکەی خۆی، ئەمە لە دیدگا شێرکۆبییەکەوە، دیدگای شێرکۆ بێکەس بۆ تراجیدیا لەسەر دوو ڕووداو خۆی هەڵدەچنێت (ئەنفال، هەڵەبجە)، ئەنفال کە دەبێتە تەوەری کاری شیعری شێرکۆ بێکەس حاڵەتی بۆماوەیی تراجیدیای نەتەوەیی بەرجەستە دەکات، چونکە جارێک نەتەوە لە سەرەتای سەرهەڵدانی شارستانیەتی ئیسلامدا بەر ئەنفال دەکەوێت وەک نەفرەت کراوێکی ئایینی، جارێکیش لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستدا وەک نەفرەتکراوێکی نەتەوەیی بەر ئەنفال دەکەوێتەوە، ئەم بەرکەوتنە تراجیدییە لە دوو خاڵدا دەردەکەوێت:

١-لەسەرەتاکانی دەرکەوتنی شارستانیەتی ئیسلامدا ئەو گەلانەی لە ناوچەکەدا ئامادەنەبوون ئایینی نوێ وەک ئایینی خۆیان پەسەند بکەن، ڕووبەڕووی ئەنفال کرانەوە، بێ گومان کوردیش یەکێک بوو لەو نەتەوانە، ئەو حاڵەتە تراژیدییە لە هەندێک تێکستی شیعری ئەو سەردەمەدا ڕەنگیان دایەوە:

**"هورمزگان ڕمان، ئاتران کوژان**
**وێشان شاردەوە گەورە گەورەکان**
**زۆرکار ئارەب، کەردەن خاپوور**
**کنا و پاڵەیی هەتا شارەزوور**
**شن و کەنیکان وەدیل بەشینا**
**مێرد ئازا تلی ژە ڕووی هوینا**
**ڕەوشت زەرتوشتر مانەوە بێ دەس**
**بەزیکا نیکا هۆرمز هیوچ کەس"**(١٣).

ناوەڕۆکی شیعرەکە باس لەو کوشتارە دەکات کە لەشکری عەرەبی بەسەر کوردیان هێناوە، چۆن پەرستگاکانی زەردەشتیان وێران کردووە، پیاوانیان کوشتووە، ژن و کچەکانیان بەدیل گرتووە، لە کناو پاڵەیی، هەتا شارەزووریان وێران کردووە، هەرچی ڕەوشت و بەهای زەردەشتی هەیە بەتەنیا ماونەتەوە و پەیڕەوکاریان نەماوە. شێرکۆ بێکەس ئەمە بەیەکەم دەرکەوتەی تراجیدی نەتەوەیی خۆی دەزانێت کە بەهۆی جیاوازی ئایینییەوەیە، ئەو ڕووداوە تراژیدییە بە جۆرێکی تر بەرجەستە دەکاتەوە:

**ئەوەتا بایەکی مۆری ڕقاوی گرنج گرنج، زبر**
**وەک ئەو غەزەبەی لەکەناری مەملەکەتی**
**ئاتەشینی "پارس"ەوە زوو هەڵیکردو،**
**لەگەڵ خۆیدا، دەغڵی ماچ و ئاگردان و ڕووناکی برد،**
**لەگەڵ خۆیدا لانکەی گوڵ و بەردەنوێژی موغەکان و**
**کڵاوەکەی زەردەشتی برد**(١٤).

تراجیدیای نەتەوەیی کورد بۆ دووەم جار لە سەر دەستی بەعسدا، بەسوود وەرگرتن لە کەلەپووری داگیرکاری ئیسلام دووبارە دەبێتەوە، بەڵام دووەم جار بەبیانووی نەتەوەی جیاوازەوە، ئەم جارەشیان دڵڕەقانەتر لەجاری پێشوو نەتەوەی کورد ڕووبەڕووی تراجیدیا دەبێتەوە:

**"١٩٨٨ هەزار تۆفان و ١٩٨٨ هەزار بورکان و ١٩٨٨ هەزار ئاخ لەچرکەیەکدا**
**ئاخ ١٩٨٨!**
**ئەی کێلە ساڵی، کۆڕی شیعر و ئەستێران**
**گۆڕی زەردەخەنە و**
**گۆڕی گژ وگیاو**
**گۆڕی چاوانم.**
**ئەی بەرزترین دەنگی نائومێدیم و**
**ئەی جوانترین شیوەنی شاخانم!**
**ئاوابوون بوو.سەد بێشە (خودە)ئەجوڵێ و دێتە پێشێ سەد بێشە پۆستاڵ.سەد بێشە تفەنگ"**(١٥).

لەم کۆپلەیەدا ئاماژەی ئاشکرا بۆ تراژیدیای ئەنفال لە سەردەمێکی جیاوازتر لەوەی پێشوو هەیە، ئەویش لەڕێگای ژمارە ١٩٨٨ـەوە، کە لەم ساڵەدا نەتەوەی کورد ڕووبەڕووی چارەنووسی تراجیدیانەی خۆی بووەتەوە، ئەم ساڵە لەیادەوەری نەتەوەی کورد ساڵێکی ترسناکە، ساڵێکە کە تێیدا بوونی بۆ هەمیشە کەوتووەتە مەترسییەوە، لەوەش زیاتر شێرکۆ بێکەس وەک

شاعیرێکی تراجیدینووس تەواوی ڕەمزەکانی ئەو سیستەمە سیاسییە ناو دەهێنێت کە بەرپرسن لە ڕووبەڕووکردنەوەی کورد، لەگەڵ ئەو چارەنووسە تراجیدییەدا:

**"سەد بێشە ڕق، سەد بێشە عەفلەق،**
**سەد بێشە صدام، سەد بێشە ژەهرو**
**سەد بێشە ئاسن ئەجوولێ و دێتە پێشێ"**(١٦).

لە ڕێگای ناوهێنانی ڕەمزەکانەوە، ڕەمزەکانی نەتەوەی کورد، ڕەمزەکانی جەمسەری بەرانبەرەوە، خوێنەر خۆی لەبەردەم دوو زەمەنی جیاوازی ڕووداودا دەبینێتەوە، یەک ڕووداو لەسەر یەک جوگرافیا و جەستەی نەتەوەیەک، بەڵام بەبیانووی جیاواز، بیانووی"ئایینی" و بیانووی"نەتەوەیی"شێرکۆ بێکەس ئەو ڕووداوە لە هەردوو زەمەنەکەدا، بەجیاوازیی سەردەم و بیانووەکانیانەوەی تەوزیف کردووەتەوە، لە ڕێگای ئەو تەوزیف کردنەوەیەوە ئاسۆیەکی تر لە ناسینی تراژیدیای نەتەوە دەکرێتەوە، ئەو ئاسۆیەش ئەوەیە ئەگەر تراژیدیا حاڵەتێکی بۆماوەیی بێت، لە دەقێکی وەک"ئۆدیب پاشا"کە نەوەکان باجی هەڵەیەکی ئۆدیب دەدەن و ئۆدیب باجی هەڵەیەکی لایۆس دەدات کە لە فەرمانی ئەپۆلۆ دەرچووە و باوەڕی بە پێشبینییەکەی نەکردووە، ئەگەر لە دەقی "کچە پەنابەرەکان"دا کچەکان بەرنەفرەت کەوتنەوە، چونکە خوێنی"هیرا"ی دایەگەورەیان بە دەمارەکانیاندا دەگەڕا، ئەوە دەکرێت بڵێین ئەنفال کردنەوەی کورد لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا هەمان حاڵەتی بۆماوەییە، چونکە خوێنی زەردەشت بەدەمارەکانیدا دەگەڕێت.

شێرکۆ بێکەس وەک شاعیرێکی تراجیدینووس هەر بەوەندەوە ناوەستێت کە تراجیدیای نەتەوەیی بخاتە ڕوو، بەڵکو کۆی سیستمی سیاسی جیهانی ئەو ڕۆژگارە تەریق دەکاتەوە، چونکە ئەوە بەتەنیا نەتەوەیەکی سەردەست نەبوو کوردی ئەنفال کرد، ئەوە بەتەنیا بەعس نەبوو لە پرۆسەکەدا، بەڵکو سیستمی سیاسی جیهانی بەجۆرێک لە جۆرەکان بەشداربوون، یان بەهۆی پێدانی کەرەستەی سەربازییەوە بە بەعس، یان بەهۆی بێدەنگ بوونیان لەئاستی تاوانەکە، شاعیر ئەو سیستمانە دەخاتە بەردەم حاڵەتێکی ویژدانییەوە:

**دیسانەوە لێشاوی پێکەنینی لم**
**قاقای تانک و قاقای تۆپ و قاقای مێک و**
**قاقای مووشەکی زەمین بەزەمین..**
**قاقای کریانی مۆسکۆ و قاقای پەیکەری ئازادیی ئەمریکا و**
**قاقای ڕیشی فیدڵ کاسترۆ و**
**قاقای مەمکی هاوسەرەکەی کیم ئیل سۆنگ و**
**قاقای کتێبە سوورەکەی چین و ماچین."**(١٧).

هەندێک جار شێرکۆ بێکەس لە تراجیدی نووسێکی کورد تێپەڕ دەکات و دەبێت بە تراجیدی نووسی نەتەوەی بەرانبەریش، ئەو نەتەوەیەی کە هەمیشە و بەبیانووی جۆربەجۆر و لە سەردەمی جیاوازدا نەتەوەی شاعیریان ڕووبەڕووی تراجیدیا کردووەتەوە:

**"یەکەم جاربوو**
**تەیرێ ببینم عەمامەی لەسەردابێ"**
**وتی:تۆ ئەمناسیتەوە**
**وتم: تەنیا شێوەت ئەکەم!**
**وتی من ناوم نەجەفەو**
**لەشیعری جەواهیری دا یەکمان دیوە!**
**کە تۆزێ لێی وردبوومەوە**
**وتم:وایە!**
**وتی تۆ هەچاڵێ باڵندەکانی خۆت باس کرد**
**تۆ هەر مۆمت لەسەر گۆڕی**
**قوربانییەکانی خۆت هەڵ کرد**
**بەڵام ئاخر..**
**"ئەم هێشت قسەکەی تەواو کا"**
**وتم:هێشتا من فڕینم بەردەوامەو!**
**نەگەیشتوومەتە ناودڵت!**
**وتی:تەنیا من یەک قسەم پێیە و ئەڕۆم!**
**ئەمجارەیان ئێمە و ئێوە**
**لەگۆڕستانێ چرادا**
**لەڕێی ئێسک و پروسکەوە**
**لەناو مردنا بۆ ژیان**
**بەتەواوی بووین بەبرا!**(١٨).

پەڕینەوە لە تراجیدینووسی نەتەوەیەکی دیاریکراوەوە کە شاعیر ئینتیمای بۆی هەیە، بۆ نەتەوەی بەرانبەر تۆخبوونەوەی ڕەهەندی ژیان دۆستی و مرۆڤ دۆستی شاعیرە، کۆبوونەوەی شاعیر لەسەر خوانی مەرگ لەگەڵ قوربانییەکانی ئەو نەتەوەیەدا کە هێزی ئەنفالکاری بەرهەم هێناوە، شوناسی شاعیر و تراجیدینووسی مرۆڤایەتی بە شێرکۆ بێکەس دەبەخشێت. سەرەتای

پەرینەوەی شاعیرە لە تراجیدینووسی نەتەوەیەکەوە بۆ زیاتر لە نەتەوەیەک، ئیتر شاعیر خەمێکی بان هەرێمی هەیە.

ئەگەر نیگەرانی مەحوی، لەسەر ئاستی خودی خۆی نیگەرانی وجوودیانە بووبێت و نیگەرانی گۆران بەرانبەر سروشت بووبێت، ئەوە نیگەرانی شێرکۆ بێکەس وەک شاعیرێکی دیاری دوای قۆناغی گۆران خاوەنی نیگەرانییەکە بەرانبەر بەنەتەوە و وجوودی نەتەوە. نیگەرانی شێرکۆ بێکەس ڕەگی لە مێژوویەکی ئێجگار دووری نەتەوەدا هەیە، دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی هێنان بە ئایینی زەردەشت کە ئایینی نەتەوەی کورد و گەلانی ئێرانی بەر لە فتوحاتی ئیسلامی بووە، شێرکۆ بێکەس لەو شاعیرە دەگمەنانەی ئێمەیە لە شیعردا بە پرۆژەوە نیگەرانییەکانی خۆی کە بەرانبەر بە وجوودی نەتەوە هەیبووە، ئەو نیگەرانییە لە قەسیدەی (کۆچ)ـەوە دەستی پێ کردو لە (گۆڕستانی چراکان) گەیشتە لووتکە (١٩). قەسیدەی (کۆچ) لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٥ تەواو کراوە، ڕۆمانە شیعری(گۆڕستانی چراکان) لە ٢٠٠٣/١٢/١٦دا تەواو کراوە، واتە بە دروستی شێرکۆ بێکەس زیاتر لە بیست و هەشت ساڵ لەگەڵ نیگەرانییەکدا ژیاوە، هەر ئەو نیگەرانییە بوو ئەوی لەنەوەی شیعر و شاعیرانی سەردەمی خۆی جیاکردەوە و وەک شاعیرێکی تراجیدینووس ناساندی.

## دەرئەنجامەکانی بەشی دووەم، شێرکۆ بێکەس وەک هۆمیرۆس

١- شێرکۆ بێکەس شاعیرێکی تراجیدینووسە، چونکە ئەنفال وەک ڕووداوێکی دراماتیکی کە بەسەر نەتەوەکەی هاتووە، زۆرترین ڕووبەری شیعری ئەوی داگیر کردووە.

٢- کارکردن لەسەر ئەنفال و تەرخانکردنی ڕووبەرێکی زۆری شیعر بۆی، شێرکۆ بێکەس وەک تراجیدینووسی نەتەوە پیشان دەدەن، وەک چۆن ئەحمەدی خانی تراجیدنووسی کوردە لەسەر ئاستی تاکەکەس، ئەوە شێرکۆ بێکەس تراجیدنووسە لەسەر ئاستی نەتەوە، چونکە ئەو کارەکتەرەی ڕووبەڕووی تراجیدیا دەبێتەوە تەواوی نەتەوەیە، نەک تاکە کەس، نیگەرانی شێرکۆ بێکەس بەرانبەر بە پرس و چارەنووس و ئایندەی نەتەوەیە.

سەرچاوەکانی دەقی تراجیدیا لای شێرکۆ بێکەس بریتییە لە:

* ئەو ڕووداوە گەورانەی نەتەوەیان ڕووبەڕووی مەرگەسات کردووەتەوە، بەتایبەتی ئەنفال لە مێژووی دوورونزیکی کورددا.

هۆکارەکانی ڕووداوی تراجیدیا لە شیعری شێرکۆ بێکەس بریتییە لە:

١-کارەکتەری تراجیدی وەک پێشتریش لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئاماژەی بۆ کراوە لە چەندان دیوانی شێرکۆ بێکەس-دا (نەتەوە)یە، ئەم کارەکتەری نەتەوەیە یەکەم جار لە سەرەتاکانی دەرکەوتنی ئایینی ئیسلام بە هۆی پەیڕەوکاری لە ئایینی زەردەشتییەوە ئەنفال دەکرێت و ڕووبەڕووی تراجیدیا دەبێتەوە. دووەم جاریش لە ساڵی ١٩٨٨دا بە هۆی کوردبوونەوە ئەنفال کرایەوە، واتە هۆکاری ڕووداوی تراجیدی لە شیعری شێرکۆ بێکەس-دا بە هۆی جیاوازی (ئایینی) و (نەتەوەیی) بووە.

٢-تراجیدیای نەتەوەیی کوردی، لای شێرکۆ بێکەس وەک حاڵەتە بۆ ماوەییەکە دەردەکەوێت، چونکە هەر ئەو بایەی دوێنێ بەردەنوێژی موغەکان و کڵاوەکەی زەردەشتی برد، هەمان با ئەمڕۆ بەجۆرێکی تر لەژێر بیانوویەکی تردا، بەدەمامکێکی ترەوە هاتووەتەوە، مراوی کێژۆڵەکە دەباتەوە.

* پاش دیاریکردنی سەرچاوەکانی دەقی تراجیدیا و هۆکارە جیاوازەکانی ڕووداوە تراجیدییەکان لەلای هەریەک لە ئەحمەدی خانی و شێرکۆ بێکەس، دەردەکەوێت بەگوێرەی پێناسەکەی ئەتکنز، کە پێی وایە تراجیدیا بریتییە لە" چیرۆکگەلێکی غەمگین بەسەر پاشاکان، یان وڵاتاندا هاتوون"(٢٠).شیعری کوردی توانایی نووسینەوەی تراجیدیای مرۆڤی کوردی لەسەر ئاستی تاک و نەتەوەش هەبووە.

## پوختەی لێکۆڵینەوەکە

لەم لێکۆڵینەوەیەدا و لەڕێگای خوێندنەوەی پراکتیکیانەوە بۆ دەقی مەم و زین کە پشت ئەستورە بە پێناسەی ئەرستۆ و ئەو خەسڵەتانەی بۆ درامی بوون و تراجیدی بوونی هەر دەقێکی شیعری دیاری کردووە، ئێمە گەیشتووین بەو دەرئەنجامەی کە مەم و زین دەقێکی تراجیدییە و خەسڵەتەکانی وەک"کارەکتەری تراجیدی، گرێ، دیالۆگ، کۆتایی کارەساتبارانە و..تاد" تێدایە،

هەرچەندە مەم و زین حەقیقەتێکی مێژوویی هەیە و زۆربەی ئەو بەڕێزانەی لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە کردووە، ڕەهەندی عیرفانی و ئەو خەمە ڕامیارییەیان بەگرنگ وەرگرتووە کە خۆی لە خەمی بوون و نەبوونی نەتەوەی کورددا دەبینێتەوە، بەپێچەوانەی هەموو ئەو لێکۆڵینەوانەوە، ئێمە خانی بەنووسەرەوەی تراجیدیای تاکی کورد دەبینینەوە، بەو شێوەیەی کە درامانووسەکانی یۆنان وەک سۆفۆکلیس و ئەسخیلۆس و یۆرپیدیس تراجیدیای مرۆڤی یۆنانییان نووسیوەتەوە.

هەروەها بە پشت بەستن بە پێناسەی ئەتکنز بۆ تراجیدیا ئێمە شێرکۆ بێکەس بە نووسەرەوەی تراجیدیای نەتەوەی کورد دەزانین، بەو شێوەیەی کە هۆمیرۆس لە ڕێگای نووسینەوەی داستانەکانی ئەلیادە و ئۆدیسەوە تراجیدیای نەتەوەی یۆنان دەنووسێتەوە، بەهەمان شێوە شێرکۆ بێکەس لە زۆرینەی بەرهەمەکانیدا، بەتایبەتی لە قەسیدەی (ئافات و گۆڕستانی چراکان)دا هەوڵەکانی بۆ نووسینەوەی تراجیدیای نەتەوەیی دەگەنە لووتکە، لەوەش زیاتر لە کۆتاییەکانی (گۆڕستانی چراکان)دا نەک بە تەنیا تراجیدیای نەتەوەی کورد، بەڵکو لە هەوڵی نووسینەوەی تراجیدیای نەتەوەی عەرەبیشدایە، لە جێگای خۆیدا ئەم لایەنە بەدیاریکراوی باس کراوە، ئەم لێکۆڵینەوەیە ساغی کردووەتەوە کە ئەحمەدی خانی تراجیدینووسی مرۆڤی کوردە لەسەر ئاستی تاکەکەس و (شێرکۆ بێکەس)یش تراجیدی نووسی کوردە لەسەر ئاستی نەتەوە.

**پەراوێزەکان:**

**١- پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، ئەحمەدی خانی شاعیر و بیرمەند/فەیلەسووف و سۆفی، سلێمانی، ٢٠٠٨.**

**٢- کەمال میراودەلی، مەم و زینی خانی، سلێمانی، چاپخانەی ڕەنج، ساڵ ٢٠٠٧.**

**٣- نەجاتی عەبدوڵڵا، مەم و زین، هەولێر، بلاوکراوەی ئاراس، ساڵ ٢٠٠٨.**

**٤- عەلائەددین سوجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، سنندج، کردستان، ١٣٨٩، ل٢٣١-٢٣٣.**

**٥- ئەحمەدی خانی، وەرگێڕانی هەژار، مەم و زین، سلێمانی، پەخشگای ئازادی، ساڵ٢٠١٠، ل١٠٤.**

**٦- ئەحمەدی خانی، وەرگێڕانی هەژار، مەم و زین، سلێمانی، پەخشگای ئازادی، ساڵ٢٠١٠، ل١١٥.**

**٧- مولين سيرشنت و أخرون، التراجيديا والكوميديا، الكويت، سلسلة عالم المعرفة، سنة ١٩٨٢، ص١١٢.**

**٨- مەم وزین، ل١٢٧.**

**٩- مولين سيرشنت و أخرون، التراجيديا والكوميديا، الكويت، سلسلة عالم المعرفة، سنة ١٩٨٢، ص١١٢.**

**١٠- مەم وزین ل١١٩.**

**١١- ارسطو، ترجمة تعليق: ابراهيم حمادة، فن الشعر، ط١، هلا للنشر، سنة ١٩٩٦، ص٩٧.**

**١٢ - ئەفلاتوون، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:سۆران عومەر حەمە+ڕێبوار قارەمانی+مەهدی حەسەن، دەزگای وەرگێڕان، هەولێر، ساڵ٢٠٠٦، ل٤٩٧**

**١٣- وەک دەبینین ئەم شیعرە بەزاراوەی گۆرانی نووسراوە، مێژووەکەی بۆ سەردەمی هێرشی عەرەب بۆ سەر خاکی کوردستان دەگەڕێتەوە، مامۆستا سەعید خانی کوردستانی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە شیعرەکە لەسەر پێستی ئاسکێک نووسراوە و مامۆستا سەید تاهیری هاشمی، لە ژمارە ٧ی گۆڤاری گەلاوێژی ساڵی ١٩٤٣، شیعرەکەی بلاو کردووەتەوە. نەبەرد جاف، بەغدا، شیعر، چاپخانەی ڕۆشنبیری هەولێر، ساڵ١٩٩٣، ل٨٤. مامۆستایان سەعید خان و هاشمی، مامۆستا صدیق سەفی زادە هەمان بۆچوونی لەسەر ئەو شیعرە و ناوەڕۆکەکەی هەیە، خوێنەری ئازیز دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ کتێبی (مێژووی وێژەی کوردی، ب١".**

**١٤- شێرکۆ بێکەس، ئافات، سلێمانی، ١٩٩٣، ل٤.**

**١٥- شێرکۆ بێکەس، ئافات، سلێمانی ١٩٩٣، ل٥١.**

**١٦- هـ.س.پ ل٥٣.**

**١٧- شێرکۆ بێکەس، گۆڕستانی چراکان، سلێمانی، چاپ و پەخشی سەردەم،، ٢٠٠٤، ل١٦٤-١٦٥.**

**١٨- شێرکۆ بێکەس، دوو سروودی کێوی، بەغدا، چاپخانەی الحوادث، ساڵی ١٩٧٥.**

**١٩- شێرکۆ بێکەس، دوو سروودی کێوی، بەغدا، چاپخانەی الحوادث، ساڵی ١٩٧٥.**

**٢٠- مولين سيرشنت و أخرون، ترجمة: دكتور علي محمود، التراجيديا والكوميديا، الكويت، سلسلة عالم المعرفة، سنة ١٩٨٢، ص١٠٦.**

سەرنج:

**لە هەردوو ژمارەی (٢٢٢) و (٢٢٣)ی گۆڤاری (ڕامان)دا، دوو بەشی دیکەی ئەو لێکۆڵینەوەیەمان بلاوکردووەتەوە.**

# عەباس ئەلعەززاوی لە گەشتێکیدا بۆ ناوچەی گەرمیان و کەلار ١٩٤٣

ئەحمەد باوەڕ
(زانکۆی گەرمیان - کۆلێژی پەروەردە)

پارێزەر و گەڕیدە و مێژوونासی گەورەی عەرەبی وڵاتی ئێراق، عەباسی کوڕی محەمەد سامری ئەلعەززاوی (١٨٩١- ١٩٧١)، کە بەڕەسەن سەر بە هۆزی عەززەی عەرەبی ناوچەی عوزێمی لیوای دیالەیە و لە ساڵی (١٨٩١)دا هاتووەتە دنیاوە، لە نزیکەی سێ ساڵەی تەمەنیدا بووە، کە باوکی دەکوژرێت و ئیدی لەم هەلومەرجە بەدواوە، بەناچارییەوە لەگەڵ دایکی و عەلی غالیبی برا بچووکیدا ڕۆیشتوونەتە پاڵ حاجی ئەشکەنجی مامیان لە شاری بەغدا، لێرەش بەدواوە بەزۆری پلەکانی خوێندنی هەر لەم شارەدا و بەزمانی تورکی عوسمانلی دەست پێ کردووە و هاوکات بە چاودێری هەردوو مامۆستای بەناوبانگی ئەو کاتەی ئێراق و شاری بەغدا وەک: مەحموود شوکری ئالووسی (١٨٥٦ - ١٩٢٤) و عەلی عەلائەددین ئالووسی (١٨٦١- ١٩٢٢)دا، زانستی ئایینی و زمانی عەرەبی خوێندووە.

دوای تەواوکردنی پلەکانی خوێندن، بەسەر یەکەوە نزیکەی چل ساڵی تەواو سەرگەرمی کاری پارێزەری بووە، هەروەها لە سەروبەندی هەموو ژیانیشیدا، لە چەندان کۆمەڵە و ڕێکخراوی مێژوویی، زانستی، ڕووناکبیریی عەرەبی، نێودەوڵەتی و ئێراقیدا ئەندامی کارایان بووە لەوانە: کۆڕی زانستی عەرەبی لە شاری دیمەشق (١٩٤٣)، ڕێکخراوی لێکۆڵینەوەی مێژوویی لە شاری قاهیرەی پایتەختی میسر، هەروەها لە ساڵی (١٩٥٧) بە دواوە بووە بە ئەندامی کۆڕی زانیاری ئێراق، سەرەڕای چەندان کۆڕ و ڕێکخراوی زانستی نێودەوڵەتی لە ساڵانی داهاتوودا، تا ئەو کاتەی بووە بەو کەسایەتی و ڕووناکبیر و نووسەرە دیارەی، کە بە خاوەنی گەورەترین بەرهەمی مێژوویی و ئەرشیفی سەبارەت بە



**عەباس عەززاوی**

ئێراق دادەنرێت، لە نێویاندا کتێبی ناوازەی: (تاریخ العراق بین احتلالین) کە لە (٨) بەرگی تەواودا چاپ کراوە، هاوکات بە یەکێک لەو بیریار و فەلەکناس و ڕووناکبیرانەی ئێراقیش دادەنرێت، کە شان بە شانی خزمەتکردنی لە بواری ڕووناکبیریی عەرەبی و بە تایبەتی ئێراقیدا، لە زۆربەی نووسین و بەشێکی زۆر لە کارە زانستی و مەیدانییەکانیدا، بایەخێکی گەورەشی بە گەلی کورد و مێژووی گەلی کورد و هۆزە کوردییەکانی داوە لەوانە کتێبی: (عشائر العراق) کە بەسەر یەکەوە لە (٤) بەرگ پێکهاتووە و لە نێویاندا بەرگی دووەمی بەتەواوی بۆ مێژووی خێڵ و هۆزە کوردییەکان و بارودۆخی کۆمەڵایەتی و تیرە و شوێنی نیشتەجێبوونیان تەرخان کردووە (١).

لە هەمان کاتیشدا بە شێوازێکی مەیدانی، بە زۆربەی زۆری وڵاتی کوردەواری و ناوچە کوردنشینەکانیدا گەڕاوە، لە بەشەکانی ئێراق و ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ئێران و تورکیادا دێ بە دێ، مزگەوت بەمزگەوت و خانەقا بە خانەقا بەدوای ئەو دەستنووس و بەیاز و سەرچاوە دەگمەن و گرانبەهایانەدا گەڕاوە، کە بۆ خۆیان و لەو هەلومەرجەدا بایەخی تایبەتی مێژوویییان هەبووە، ئینجا لەبەر ئەوەی شارەزاییەکی دیار و بەرچاویشی لە زمانەکانی تورکی و فارسیشدا هەبووە و توانیوەتی لەمیانی ئەو تاقیب کردن و بە دوادا گەڕانە بەردەوامەیدا بەدەیان بەڵگەنامە و دۆکیومێنت و نامەی کەسایەتی و بەیازی گرنگی جۆربەجۆر کۆبکاتەوە. وێڕای هەموو ئەوانەش توانیویەتی چاوی بەدەیان گەورە پیاوی ناسراو و کەسایەتی ئایینی و سەرۆک هۆزی ساڵانی چلەکان و پەنجاکان و دواتری سەدەی بیستەمی باشووری کوردستان و ناوچەکە بکەوێت، هەروەها بشتوانێت لە ڕێگای هەموو ئەمانەوە و بە ڕادەیەکی زۆر باش زانیاری گرنگ و دەگمەن سەبارەت بەهۆز و تیرە و تایەفە و بۆچوونە ئایینییەکانی کوردستان، هەروەها ناوچە و دێهات و شار و شارۆچکەکانییەوە کۆبکاتەوە و دواتریش کتێب و لێکۆڵینەوەی زانستی و سەربەخۆیان لە بارەوە بنووسێت، کە دەکرێت لێرەدا و لە چوارچێوەی ئەم نووسینە کورتەماندا، زۆر بەکورتی ئاماژە بە ناوی بەشێکی گرنگ لەو کتێب و نووسینانەی بکەین، کە لە کاتی خۆیدا پارێزەر عەباس عەززاوی سەبارەت بە گەلی کورد و بارودۆخی ناوچە کوردنشینەکان نووسیویەتی لەوانە: «مێژووی ویلایەتی شارەزوور، کاکەییەکان لە مێژوودا، فەیلییەکان، مێژووی شاری هەولێر، ئامێدی لە مێژوودا، مێژووی کوردە ئێزیدییەکان و ڕەسەنایەتییان، میرنشینی بادینان لە مووسڵ، مەولانا خالیدی نەقشبەندی (١٧٧٩- ١٨٢٧)، مێژووی مەندەلی و خێڵ و هۆزەکانی کورد و... تاد).

سەرەڕای هەموو ئەو بەرهەم و نووسینانەشی، کە تا ئێستاش بە دەستنووسی و بە چاپ نەکراوی لە دوای خۆی بەجێ ماون، بەڕادەیەکی ئەوتۆ ڕووناکبیران و مێژووناسانی ئێراق و ناوچەکە و کورد زۆر بەبایەخەوە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە کەسایەتییەکی وەک عەباس عەززاوی خاوەنی گەورەترین و دەوڵەمەندترین کتێبخانە و نامەخانەی تاکەکەسی تایبەت بێت، لە هەموو ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بە تایبەتی لە بوار و لە ڕووی ئەرشیڤکردنی «دەستنووس»ی دەگمەنەوە، کە دوای کۆچی دوایی خۆی لە ڕێکەوتی (١٧ تەمووزی ١٩٧١)دا، بەشێکی یەکجار زۆریان خراونەتە خانەی دەستنووسەکانی ئێراق (دار مخطوطات) و نامەخانەی نێودەوڵەتی ئێراقەوە و بەزۆری تا ئێستاش لێرەدا ئەرشیڤکراون و هەڵگیراون (٢).

لەم بوارەشدا یەکێک لەو گەشت و سەردانە

مەیدانییانەی، کە کاتی خۆی عەباس عەززاوی کردبێتی و وا پێدەچێت لە کۆتایی سییەکان و سەرەتای چلەکانی سەدەی بیستەمدا بووبێت بۆ ناوچەی گەرمیان و دەوروبەری دەشتی پێواز و شاری کەلار و کفری ئەمڕۆ. دیارە ئەمەشیان هەر لەو دەمانەدا بووە، کە زیاتر سەرگەرمی دانانی ئەو کتێبە گرنگەی بووە، کە سەبارەت بەخێڵ و هۆزەکانی ئێراق و کورد دایناوە، بەوەی بەشی دووەمی ئەو کتێبەی، کە وەک پێشتریش ئاماژەی بۆ کراو بۆ دوا جار و لە ساڵی (١٩٤٧)دا چاپ و بڵاوی کردووەتەوە، بەسەریەکەوە و بەکۆمەڵێک زانیاری گرنگەوە تەرخانی کردووە بۆ مێژووی هۆزەکانی کورد و بنەچە و هەڵکەوتەی جوگرافی و شوێن، تەنانەت شێوازی نیشتەجێبون و تیرە و بەرەباب و لقەکانیان، هاوکات پڕۆژەی ئەم نووسین و کارەشی لە کاتێکدا بووە وەک خۆی لەسەر بەرگی کتێبەکەیدا بۆی تۆمار کردووین و ئاماژەی بۆ کردووە: «سەرۆکی لیژنەی وەرگێڕان و دانان و بڵاوکردنەوە» بووە لە ئێراقی سەردەمی پاشایەتی (١٩٢١ - ١٩٥٨)دا.

هەروەک پێشتریش باسمان لێوەکرد لەکاتی ئەو گەشت و سەردانانەشیدا، کە بۆ ناوچەی گەرمیان و کەلاری ئێستا، یان بڵێین: بۆ ناوچەکانی هەردوو ناحیەی (شێروانە) و (پێوازی) ئەو کاتە کردبێتی، کە زۆر بەڕاشکاوییەوە خۆی باسی لێوە کردووە، لە هەمان کات و ماوەشدا، بەتایبەتی لە ناحیەی پێواز (باوەنوور)ی ئەو کاتە، چاوی بەکەسایەتی ناسراوی ناوچەی گەرمیان حاجی قادری مەحموود (١٨٩٨ - ١٩٧٨/١١/٢٥)(٣)ی سەرۆکی تیرەی شاتری، لە هۆزی گەورەی جاف کەوتووە، هەروەها لەو بارەیەشەوە گەلێک زانیاری و بابەتی ورد و دانسقەی لە بارەی ناوچەکەو خێڵ و هۆزەکانییەوە لێ وەرگرتووە، وەک ئەوەی لە بارەی تیرەی شاتری سەر بە هۆزی گەورەی جافەوە نووسیویەتی، ئەمانە بەزۆری: «لە (ژاڵە) و (باوەنوور)ی سەر بە ناحیەی شێروانە دەژین، تیرەیەکی گەورەن لە نێو هۆزی گەورەی جاف، هەروەها سەرۆکیشیان هەر یەک لە محەمەدی کوڕی مەحموود و قادری کوڕی مەحموودی کوڕی محەمەدی کوڕی ئیبراهیمی کوڕی مەنسووری کوڕی ئاخەیە، ئەمەی دواییانم لە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆی لە ناحیەی شێروانە بینی، جگە لەوەش بەشێکی تریان دەکەونە ناوچەی هەڵەبجەوە»(٤)، بەڵام هەر ئەوە هەیە تا ئێستا زۆر بە ڕوونی نازانرێت، کە ئاخۆ عەباس عەززاوی لەو گەشت و سەردانەیدا بۆ ناوچەکە، بۆ ماوەی چەند ڕۆژ لە سنووری گەرمیان و ناوچەی کەلار و شاری کفری ماوەتەوە و بەزۆری ئەو سەرۆک هۆز و کەسایەتییانەش، کە لەو دەمانەدا ئەو چاوی پێکەوتوون و زانیاری وردی مێژوویی لێ وەرگرتوون، بە زۆری بریتی بوون لە کام کەسایەتی و شارەزای ناوچەی گەرمیان، بەڵام وەکیتر ئێمە وای بۆ دەچین، کە عەباس عەززاوی لەو سەردانەشیدا جگە لە حاجی قادری مەحموودی شاتری بە هەمان شێوە چاوی بە کەسایەتی و سەرۆک هۆزی ناسراوی جاف کەریم بەگی فەتاح بەگی کوڕی حەمە پاشای جاف (١٨٨٥ - ١٩٤٩)(٥) لە کەلار کەوتووە، هاوکات هیچ بە دووریشی نازانین، کە یەکێک لە دەستنووسەکانی کتێبی ناوازەی (تەئریخی جاف)، کە لە دانان و نووسینی کەریم بەگی کوڕی فەتاح بەگی جاف خۆی بووە، هەر لەو سەردان و هاتنەیدا، بۆ ناوچەی گەرمیان و کەلاری ئەو کاتە دابێتی بە عەباس عەززاوی، نەوەک ئەوەی نوسخەیەکی لەو چوار نوسخەیەی، کە لە کاتی خۆیدا نووسیوبەتییەوە بۆ لای عەباس عەززاوی ناردبێت، چونکە ئێمە زۆر دڵنیاین لەوەی کاتێک مامۆستا محەمەد عەلی قەرەداغی دەستنووسەکەی (کەریم بەگی جاف)ی لە خانەی بەڵگەنامەکان دۆزیوەتەوە، ئاگای لەوە نەبووە کە عەباس عەززاوی پێشتر بۆ کاری نووسین سوودی لەوەی کەریم بەگی جاف وەرگرتووە، ئەگینا هەر ئاماژەیەکی بۆ دەکرد(٦). هاوکات زۆر دڵنیاشم لەوەی پێش ئەو سەردان و هاتنەی عەباس عەززاوی، کەریم بەگی جاف لە نووسینەوەی تەئریخی جافەکەی بوویێتەوە. چونکە هەر مامۆستا محەمەد عەلی قەرەداغی بەخۆیشی نووسیویەتی: «دوایی کە بەڕێز حەمە سەعید بەگی جاف (١٩٢٥ - ١٩٩٦)(٧) نموونەی ئەم دەست خەتەی بینی ئاگاداری کردمەوە، کە ئەمە خەتی ڕەزابەگی جافە و ئەم پیاوەش لە ساڵی (١٩٤٠)دا کۆچی دوایی کردووە»(٨)، بەوەی لە ساڵانی دواتریشدا، کە عەباس عەززاوی لە کۆتایی چلەکانی سەدەی بیستەمی ڕابوردوودا، کە کتێبەکەی خۆی لەسەر تەواوی هۆزەکانی: (وڵاتی ئێراق و باشووری

کوردستان) بڵاوکردووەتەوە، هەروەک خۆیشی لە لاپەڕە (٥١)یدا، واتە لە کتێبی: (عشائر العراق - ٢ - الكردية)یدا، زۆر بە ڕوونی ئاماژەی بۆ ئەم دەستنووسە گرنگەی کەریم بەگی فەتاح جاف کردووە و بە: «تاريخ الجاف لكريم بک الجاف» ناوی بردووە، شان بە شانی ئەوەش وەک سەرچاوەیەکی مێژوویی باوەڕپێکراو لە بارەی هۆزی گەورەی جاف و ناوچە و تیرەو بەرەباب و لقەکانییەوە سوودێکی یەکجار زۆری مێژوویی لێ وەرگرتووە(٩)، هەرچەندە دکتۆر حەسەن جاف بە خۆی لەو لێکۆڵینەوە دوورودرێژەیدا، کە کاتی خۆی لە پێشەکی کتێبەکەی مەرحوومی باوکیدا و بە چەند ساڵێک پێشتریش، کە لە «گۆڤاری کۆڕی زانیاری ئێراق - دەستەی کورد»دا، بڵاوی کردووەتەوە، ئەمیش بە هەمان شێوە ئاماژەی بەمەیان نەکردووە، تەنانەت لێرەشدا (پێم وابێت) باسی لەو چۆنیەتی گێڕانەوە و سەربوردەیەش نەکردووە، کە عەباس عەززاوی کاتی خۆی و لە کۆتایی سییەکان و سەرەتای چلەکانی سەدەی بیستەمدا، هاتووەتە ناوچەی گەرمیان و کەلار و هاوکات لەگەڵ باوکیدا، واتە کەریم بەگی جاف و گەلێک کەسایەتی تری ناوچەکەی بینیوە و لایان ماوەتەوە و لەگەڵ ئەوەشدا سوود و زانیاری مێژوویی لێ وەرگرتوون، چونکە بەخۆم لە ماوەی چاوپێکەتنێکمدا و بەماوەیەک پێش کۆچی دوایی، لە ڕۆژی هەینی (١٩٩٦/١/٦)دا و بە ئامادەبوونی کاک ئەمیری مستەفا بەگی جاف، لە شاری کەلار و لەگەڵ مستەفا بەگی کوڕی کەریم بەگی جاف (١٩٢٥ - ١٩٩٧) قسەم کرد، کە بۆ خۆی دەبێتە برای دکتۆر حەسەن جاف و هاوکات کوڕی گەورەی کەریم بەگە و بەتەمەن زۆر لەم گەورەترە، سەرباری هەموو ئەوانەش، کەسایەتییەکی قسەخۆشی، خۆش مەشرەبی شارەزای بارودۆخی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردەواری و خوێندەوار، هەروەک خۆیشی بۆی باس کردم: (یادداشتێکی دەستنووس) ی ئامادەکراوی خۆی هەیە و لەگەڵ ئەوەشدا باسی لە سەربوردەی ئەم سەردان و هاتنەی عەباس عەززاوی بۆ ناوچەی گەرمیان و کەلار و بۆ لای باوکی و ناوچەکە بۆ کردم (١٠). جگە لە هەموو ئەمانەش پێدەچێت، کە عەباس عەززاوی لە زۆر مزگەوت و لای زۆر کەسایەتی تر و گەورە پیاوی ئایینی ناوچەکەوە



د. حەسەن جاف

بەیاز و دەستنووسی تری دەست کەوتبێت و لە درێژە و لە چوارچێوەی سەردانەکانیدا کۆی کردبنەوە، هەرچەندە تا ئێستا و لەم بوارەدا، لەو دەستنووسەی مەرحووم کەریم بەگی جاف بەو لاوە، زانیاری زیاتر سەبارەت بە هیچ دەستنووس و بابەتێکی دی لەم بارەیەوە لەبەر دەستدا نییە، خۆ ئەگەر هەشبێت ئەوە پێویستییەکی زۆری بە تاقیبکردن و بەدواداچوون هەیە، بۆ ئەوەی بتوانرێت لە داوڕۆژ و ئاییندەدا، بدۆزرێنەوە و بۆ کاری زانستی و پرۆژەی زانستی سوودیان لێ وەربگیررێت.

**ژێدەرو پەراوێزەکان:**

١- بۆ زانیاری زۆرتر سەیری ئەم سەرچاوەیە بکرێت: طارق نافع الحمداني، التدوين التاريخي في العراق، (بيروت: ٢٠١٠)، ص ٢١٨ - ٢٢٣.

٢- محمد علی قرداغي، شهرزور، السليمانية، (بغداد: ٢٠٠٠)، ص ٨.

٣- حاجی قادری مەحموودی شاتری: لە ساڵی (١٨٩٨)دا، لە گەرمیان لە دایک بووە، کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی ناسراو و قسەڕۆیشتووی نێو تیرەی (شاتری) سەر بە هۆزی جاف بووە و سەرەتاکانی خوێندنی لە حوجرە و ناوەندە ئایینییەکانەوە دەست پێ کردووە، زمانزانێکی شارەزا بووە، جگە لە زمانی کوردی، عەرەبی و تورکی و فارسی بەباشی زانیوە، وەک دەشگێڕنەوە لە (شەڕی شوعێبە) ی ساڵی (١٩١٥) دژی داگیرکای ئینگلیز بەشداری

کردووە و لە ساڵی (١٩٦٣)دا، کاتێک سوپای ئێراق هێرشی کردووەتە سەر گوندەکەیان (ژاڵە) لەگەڵ خزم و کەسوکارەکەیدا، بەرگرییان لێ کردووە، تەنانەت برازایەکی بەناوی (یەحیا)ـەوە شەهید بووە، تا ئەو کاتەی لە (٢٥/١١/١٩٧٨)دا کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە: مستەفا نەریمان، بیرەوەرییەکانی ژیانم، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، (بەغدا: ١٩٩٤)، ل ١٢٠.

٤- عباس العزاوي، عشائر العراق، الجزء الاول والثاني، (بغداد: ١٩٤٧)، ص ٥٢- ٥٣.

٥- کەریم بەگی جاف: کوڕی فەتاح بەگی کوڕی حەمەپاشای جافە، ساڵی (١٨٨٥)، لە ئاوایی (گردەپان)ی وارگەی (کانی چەقەڵ) هاتووەتە دنیاوە، خوێندنی لەلایەن مامۆستای تایبەتەوە بووە و ماوەیەکیش چووەتە سلێمانی و لەحوجرەی مەلا سەعید درێژەی بەخوێندن داوە، دواتر کە گەڕاوەتەوە ناو جاف لێرەش لای شێخ عەلی بەرزنجی و شێخ غەنی ناوێک، کە کاتی خۆی مەحموود پاشای جاف لە ئیستەنبوڵەوە هێناویەتی زمانی فارسی و تورکی خوێندووە، لە کۆچی دوایی باوکی بەدواوە و بەزۆری سەرگەرمی بەڕێوەبردنی کاروباری هۆزەکەی بووە و خۆی لە کاروباری سیاسی نەداوە، هەرچەندە چەند جارێک لەلایەن فەرمانڕەوایانی ئێراقەوە داوای لێ کراوە، کە بۆ ئەندامێتی ئەنجوومەنی نوێنەران خۆی بپاڵێوێت، بەڵام بەوە ڕازی نەبووە. بەپێی ناوەڕۆکی نووسینێک، کە لە گۆڤاری گەلاوێژی ژمارە (٧)ی ساڵی (١٩٤٩)دا بڵاوکراوەتەوە، ئاماژەی بۆ ژیاننامەی کردووە و لە بارەیەوە نووسیویەتی: (کەریم بەگ لە ساڵی (١٩٠٨)دا، کاتێک فەتاح بەگی باوکی دنیای بەجێ هێشت، کەوتە ئیدارەی ئەملاک و کاروباری عەشایەری تا (باوەنوور) و (ئیبراهیم خانچی) لە ژێر ئیدارەی موباشەرەی خۆیدا بوو. لە پاش داگیرکردنی ئینگلیز بۆ ئێراق و ناوچە کوردنشینەکان، لە ساڵی (١٩١٩)دا، کە بە شێوازێکی ڕەسمی سەرۆکایەتی هەموو عێلاتەکانی جافی پێ سپێررابوو، بە ڕێکوپێکی و بۆ ماوەی هەشت ساڵی تەواو، کاروفرمانی ئەو عەشیرەتەی هەڵسوڕاندووە و لە ساڵی (١٩٢٧)دا، کە مەسەلەی سەرۆکایەتی هۆز و خێڵەکان هەڵگیراوە و یاسای ژمارە (٥٨)ی ئێراقی پاشایەتی سەبارەت بە شێوازی بەڕێوەبردنی لیوا و قەزا و ناحیەکان بڵاوکرایەوە، کەریم بەگی جاف لە ئاوایی کەلار نیشتەجێ دەبێت و کەسوکار و براکانی بەدەورییەوە دادەمەزرێن، کەسایەتییەکی سەرناس و مێژووی هۆزی جافی بە پوختی نووسیوەتەوە و لە چوارەمین ڕۆژی مانگی ڕەمەزان و لە (١ ی تەمموزی ١٩٤٩)دا، لە شاری کفری کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی (سەید خەلیل) نێژراوە.

بڕوانە: عبدالمجید فهمی حسن، تاریخ مشاهیر الالویة العراقیة ١٣٦٥ھ- ١٩٤٦ م، ج٢، مطبعة دجلة، (بغداد: ١٩٤٧)، ص٣٤٥، گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە (٧)، بەغدا، ساڵی ١٩٤٩، ل ٥٨، کریم بیک جاف، تاریخ جاف، ترجمة و حواشي و تعلیقات: محمد علي سلطاني، (اربیل: ٢٠١٢)، ص ١٠٠ - ١٠٨، مستەفا نەریمان، چۆن گەلاوێژ بۆ میری جاف فرمێسکی ڕشت، کاروان (گۆڤار)، ژمارە (٧٨)، ساڵی حەوتەم، ئابی ١٩٨٩) ل ٧٨- ٨١.

٦- کەریم بەگی فەتاح بەگی جاف، تەئریخی جاف، لێکۆڵینەوەی: دکتۆر حەسەن جاف، پێشەکی: محەمەد عەلی قەرەداغی، (بەغدا: ١٩٩٥)، ل ١٠.

٧- محەمەد سەعید بەگی جاف: کوڕی حەمەبەگی کوڕی فەتاح بەگی جافە، ساڵی (١٩٢٥) لە ئاوایی کەلار هاتووەتە دنیاوە و پلەکانی خوێندنی هەر لەم ناوچەیەوە دەست پێ کردووە و مێرد منداڵ بووە، کە باوکی بە نەخۆشییەکی کوتو پڕ کۆچی دوایی کردووە، لە هەمان کاتیشدا یەکێکە لە خوێندەوار و دەستەبژێرەکانی نێو توێژی ڕووناکبیری کوردی لەساڵانی سەدەی بیستەمدا، بەوەی کە دەیان نووسین و وەرگێڕانی لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکانی سەردەمی خۆیدا بڵاوکردووەتەوەو بەرهەمێکی چاپکراوی هەیە لە دوو بەرگدا بە ناوی (ئاوارە)ەوە و ماوەیەکیش لە بواری ڕۆژنامەوانیدا کاری کردووە و لە ساڵی (١٩٩٦)دا لە شاری بەغدا کۆچی دوایی کردووە لە گۆڕستانی محەمەد سەکرانی سەر ڕێگای (بەغدا - بەعقووبە) نێژراوە. بڕوانە: خوسرەو جاف، پرسە، ئاهەنگی چلەی ماتەمینی خوالێخۆشبوو محەمەد سەعید بەگی جاف ٩/٥/١٩٩٦، (بەغدا: ١٩٩٩)، ل ٦٤ - ٧٣.

٨- کەریم بەگی فەتاح بەگی جاف، تەئریخی جاف، س. پ، ل١٠.

٩- عباس العزاوي، عشائر العراق، الجزء الاول و الثاني، ص٥١.

١٠- دیدەنی لەگەڵ خوالێخۆشبوو مستەفا بەگی کوڕی کەریم بەگی جاف، کەلار، ٦/١/١٩٩٦.

# بۆچی شیعر پێناسە ناکرێ؟

**نالە حەسەن**
**(کەنەدا)**

بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری (بۆچی شیعر پێناسە ناکرێ؟) یان (بۆ ناتوانین شیعر پێناسە بکەین؟)، هەروەها قسەکردن لە هۆکارەکان، وا پێویست دەکات تێگەیشتنێکی ڕوون و دروستمان لەسەر شیعر هەبێت. شیعر دەتوانێ لەسەر هەموو بابەتێک بنووسێ، یان قسە لەسەر هەموو بابەتێک بکات، هۆکارەکەش ئەوەیە، شیعر لە نێو ڕووبەری خەیاڵ دێتە بوون، ڕووبەری خەیاڵیش، ڕووبەرێکی فراوان و بێ سنوورە، پرۆسەی نووسینی شیعر بەم شێوەیەیە، شاعیر لەسەرەتاوە بیر دەکاتەوە، دواتر لە نێو بیرکردنەوەکانی قووڵ دەبێتەوە، دەگاتە ئاستی (ئەندێشە)، واتە خەیاڵ، لەوێوە شاعیر لە ڕێگەی زمانەوە گەڕان و داهێنانەکانی خۆی دەکات، یان لە پڕێکدا بیرۆکەیەک، یان خەیاڵێکی شیعریت بۆ دێت، دواتر لە ڕێگەی بیرکردنەوەوە بەنێو خەیاڵەکەتدا قووڵ دەبیتەوە و دەست بە گەڕانەکانت دەکەی، واتە شیعر پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە بیرکردنەوە و فیکرەوە هەیە. بە مانای، بیرکردنەوە پردێکە شاعیر بەهۆیەوە دەگاتە ڕووبەری ئەندێشە و خەیاڵ، دەتوانین خەیاڵ بە نیشتیمانی شیعر ناوبەرین، ئەو شوێنەی شیعر تێیدا لە دایک دەبێت.

شاعیر لە نێو خەیاڵدا بەهای مرۆڤایەتی و بەهای بوون و بەهای جوانییەکان و خەونەکان دەنووسێتەوە. لە نێو خەون و نهێنییەکانی بوون، نهێنییەکانی ژیان و گەردوون کەشف دەکات و قسەیان لەسەر دەکات، گومان و پرسیارەکان دەهێنێتە بوون، دەچێتە نێو جەنگە دەروونییەکان و شەڕ لەگەڵ بیرە دواکەوتووەکانی نێو کولتوورە تەقلیدییەکان دەکات، ئەوانەی دەیانەوێت سنوورێک بۆ ئازادی ژیان، تەنانەت سنوور بۆ جوانی و

خەون و بیرکردنەوەکانیش دابنێین، تاکە چەکێکیش بە دەستی شاعیرەوەبێ بۆ ئەم جەنگە، فیکر و زمان و مەعریفەیە، چونکە شیعر لە بنەڕەتەوە بە هۆی بیرکردنەوەوە دێتە بوون، واتە فیکر و مەعریفە سەرچاوەی بوون و پێکهاتەی شیعرن، بیرکردنەوەش سەرچاوەی مەعریفەی مرۆڤە، تەنانەت لە نێو ڕووبەری خەیاڵیش فیکر لە ڕێگەی زمانەوە بەردەوام کاری خۆی دەکات، وەک سەرچاوەیەکی جووڵێنەر، یان بزوێنەر بۆ بنیاد و پێکهاتەی دەق، ئەگەر زمان بە دیوە بنەڕەتییەکەی، هۆکارێک بێت بۆ تێگەیشتن، یان سیستمێکی ڕێزمانی، یان سیستمێکی ئاماژەیی بێت، یان هەر مانایەکی تری هەبێت، بەڵام لە بنەڕەتدا بەشێکە لە مەعریفە و پێکهاتەی مرۆڤ، بەرهەمی بیر و مەعریفەی مرۆڤە. لە هەمان کاتیشدا پێکهاتەیەکی بنچینەییە بۆ بەرهەمهێنانی دەقی شیعری.

یەکێک لە کارە سەرەکییەکانی زمان بەرهەمهێنانی جوانییە لە نێو ڕووبەری دەقدا. شاعیر لە ڕێگەی زمانەوە دەتوانێ قسە لەسەر بابەتەکان بکات، یان ناوەوەی خۆی بخوێنێتەوە و کار لەسەر ئارەزووەکان و غەریزەکانی خۆی بکات، پێوەندییەکانی لەگەڵ خۆی و لەگەڵ دەرەوەی خۆی ڕەسم بکات، هەروەها بیرەوەرییەکان و ڕابردووی خۆی بنووسێتەوە، تەنانەت خەون و پێشبینییەکانیش، شیعر لە ڕووبەرێکی هێندە فراوان ئیش دەکات، هیچ سنوور و بەربەستێک ناتوانێت بەر بە هێزی خەیاڵ بگرێت، ناتوانین هیچ سنوورێک و بازنەیەک بە دەوری خەیاڵ بکێشین، یان خەیاڵ لە چوارچێوەیەکی دیاریکراو بەند بکەین، شیعریش زادە و بەرهەمی ئەم ڕووبەرە بێ سنوور و فراوانەیە، ئەگەر بڵێین: ئایا شیعر نووسینەوەی ڕابوردوو و بیرەوەرییەکانی شاعیرە؟ یان ئایا شیعر نووسینەوەی خەونەکان و غەریزە و ئارەزووەکانی شاعیرە؟ ئایا شیعر زمانی ناوەوەی مرۆڤە؟ ئایا شیعر گەڕانە بە دوای حەقیقەتی جوانی؟ ئەمانە و دەیان پرسیاری تر! ڕەنگە بۆ هەر یەکێک لەم پرسیارانە، وەڵامەکە (بەڵێ) بێت، بەڵام هیچ کام لەم وەڵام و (بەڵێ)یانە بە (تەنیا) ناتوانن مانایەکی دروست و گشتگیر بۆ شیعر بە دەستەوە بدەن، دەتوانین بڵێین (لە یەک کاتدا/ شیعر هیچ کام لەم وەڵامانە نییە و لە هەمان کاتیشدا هەر هەموویانە!). بە مانایەکی تر، دەتوانین بڵێین (کۆی هەموو ئەم وەڵامانە ڕەنگە مانایەک بۆ شیعر بە دەستەوە بدەن، یان لە مانای شیعر نزیکمان بکەنەوە!). بەو مانایەی وەک گوتمان، شیعر لە ڕووبەرێکی هێندە فراواندا ئیش دەکات، ناتوانین تەنیا لە گۆشەیەکەوە خوێندنەوەی بۆ بکەین، یان لە یەک دیودا ببینین، بۆیە هەر کەسەو بە پێی تێگەیشتن و ئاستی وشیاری و مەعریفە و بینین، بە پێی باری دەروونی خۆی خوێندنەوە بۆ شیعر دەکات و قسەی لەسەر دەکات، هەموو ئەم قسە و گۆشەنیگا جیاوازانەش مانایەک نین بۆ شیعر، چونکە شیعر بوونێکی چەسپاو و نەگۆڕی نییە، لە چرکەیەکەوە بۆ چرکەیەکی تر، لە زەمەنێکەوە بۆ زەمەنێکی تر گۆشەنیگا و قسە و خوێندنەوەی جودا لە خۆ دەگرێت، یان لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر، تەنانەت لە خودی کەسێکەوە، بەڵام لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر، تێڕوانینیان بۆ شیعر دەگۆڕێت، یان بە پێی هەست و باری دەروونی ئەوکاتەی قسە لەسەر شیعر دەکات.

بە بڕوای من ئەم قسەکردنانەش لەسەر شیعر لە چرکەساتێکی دیاریکراودا، ئەوە مانایەک نین بۆ شیعر، بەڵکو ئەوە دەربڕینی هەست و باری دەروونی ئەو کەسەیە بەرانبەر بە شیعر، بەمانای کەسەکە لەو کاتەدا باس لە هەستی خۆی، یان لە پەیوەند بە شیعرەوە باس لە باری دەروونی خۆی دەکات، کەسەکان سەر بە هەر زمان و کولتوور و نیشتیمان و ڕەگەزێک بن، شیعر هەر بەو شێوە ناچەسپاو و ناجێگیرییە دەبینرێ و دەخوێنرێتەوە، چونکە شیعر لە بنەڕەتدا بوونێکی گەردوونی هەیە، بۆ هێشتنەوەی شیعر لەم ئاستی فراوانییە، زۆر لە شاعیران مانای شیعرییان بە مانای ژیان هاوتا کرد، واتە شیعر لەگەڵ ژیان تەریبە، هەرچەندە شاعیر وەک مرۆڤێک ئازادی و مافی ئەوەی هەیە لە ژیان دوور بکەوێتەوە و بچێتە دەرەوەی ژیان، بەڵام شیعر بۆ هەمیشە لە نێو ژیاندایە و هەر لە نێو ژیان دەمێنێتەوە. بەمانایەک، ژیان لە کوێ بێت شیعریش لەوێ دەبێت، شاعیر دەتوانێ بێدەنگی هەڵبژێرێت و بە بێدەنگی قسەکانی خۆی بکات، بەڵام شیعر ناتوانێ بەرانبەر هەموو ئەو شتانە بێدەنگ بێت کە ژیان ناشیرین دەکەن، بە مانایەکی تر شیعر فۆرمێکی بێدەنگ نییە! بەڵام لێرەدا ئیشکالییەتێکی تر دێتە پێشەوە، ئەویش ئەوەیە ئەگەر

شــیـعــر هێنده نزیک و تەریب بێت بە ژیان، دەتوانین بپـرسین: ئەی ژیان مـانای چیـیـە؟! ئایا ژیان مـانای لە دایکبـوون و هەناسـەدانە؟ ئایا ژیان مـانای عـەشق و خۆشـەویسـتی و پێکەوەبیـە؟ ئایا ژیان مانای مـردنە؟ لێـرەدا ژیانیش وەک شـیـعـر چەمکێکی گـەردوونی و بوونێکی گەردوونی هەیە، دەقی شیـعری لە بنەڕەتدا لە ڕووبەرێکی نادیار و تاریک دەردەکـەوێت، وەک چۆن مـــرۆڤ پێکهـــاتەیەکی ئاڵۆزە و پڕاوپڕە لە نهـێنی، شیعریش بەهەمان شێوە، مانگەشەوی دەقی شیعری لە ڕێگەی خـــوێندنەوەی بەردەوام و قـــووڵبـــوونەوەوە دەردەکەوێت، بە خوێندنەوەی جیاواز و بەردەوام، دەقەکە بە گشـتی و ئەو ڕووبەرە تاریکەی پشـتی ئاماژەکان و کۆدەکـانیش بە تایبـەتی، ڕوونتـر دەردەکـەون، لێـرەدا دەتوانین بەم ئەنجامە بگەین و مەبەستەکانمان لەو چەند خاڵانەی خوارەوە چڕ بکەینەوە:

١- هەمـوو ئەو چەمکانەی بوونێکی گـەردوونیـیـان هەیە وەک (شـیـعـر، عـەشق، مـۆسـیـقـا، ژیان...تاد) پێناسـە ناکـرێن، چونکە ناتوانین لە یەک گـۆشـەوە بیانبینین و خوێندنەوەیان بۆ بکەین.

٢- هەموو ئەو چەمکانەی لە ڕووبەری ئەندێشە، واتە خـەیاڵ لە دایک دەبن (بەتایبـەت شـیـعـر)، پێناسـە ناکرێن، چونکە خـەیاڵ بەپێی شـوێن و کـات دەگـۆڕێ و هەمیشە بە جۆرێکی تر دەردەکەوێت.

٣- هەموو ئەو چەمکانەی لە سەر جوانی ئیش دەکەن، یان جـوانی بەشـێکە لە بنیـاد و پێکهـاتەیان، یان ئامـانجـیـان بەرهەمـهـێنانی جـوانیـیـە، یان لە ڕێگەی جـوانیـیـەوە لەزەت بە مـرۆڤ دەبەخشن، وەک (شیـعـر مۆسیقا، تابلۆ، سروشت) پێناسە ناکرێن، چونکە جوانی خـۆی بوونێکی ڕێژەیی هەیە، ناتوانرێ بە شـێـوەیەکی گشتگیر و ڕەها ببینرێ.

٤- شـــیـعـــر وەک مـــرۆڤ چەمکێکی ئاڵۆزە، واتە بوونێکی نادیار و شـێـواوی هەیە و پڕاوپڕە لە نهـێنی، نهـێنیـیـەکـان و دیوە شـاراوەکـانیش کـۆتاییـان نایێ و هەوڵەکانیش لە شیعردا هەرگیز ناگەنە خاڵی کۆتایی، قورسایی زمان لە ئاماژە و کۆدەکاندا چڕ دەبنەوە، ئاماژە و کۆدەکانیش بوونێکی ئایرۆنیـیـان هەیە، بە داخراوی و ڕوخسـار و ڕەنگی جیـاواز دەردەکـەون، بۆیە هەمـیـشـە پێویستییان بە کرانەوە و خوێندنەوەی نوێ هەیە.

# ڕوانگە، شێوازی گێڕانەوە

**بابەک سەحرانەوەرد**
**لە فارسییەوە: شەریف فەلاح**

**بە تێڕامانێک لە شێوازەکانی گێڕانەوە لە چیرۆکنووسیدا**

ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەم دوو نووسەری گەورە بەناوەکانی "ئیدگار ئەلان پۆ و نیکۆلای گۆگۆل" یەکەم کورتە چیرۆکیان بەو پێناسەیەوە کە ئێمە بەگشتی بۆ چیرۆک هەمانە، خولقاند. هاوکات لەگەڵ گەشەی ڕۆژ لە دوای ڕۆژی چیرۆکنووسی، تیوریزانانی ئەدەبیش لە ڕوانگەی تیوری و کاربوردییەوە ئەم ژانرە ئەدەبییەیان کامڵ و پوختە دەکرد و هەروەک ڕۆمان توخم و تایبەتمەندییان بۆی لەبەرچاو گرت.

دوای ئەو دوو نووسەرە پێشەنگە، "ئەنتوان چیخەف و گی دی مۆپاسان" کورتە چیرۆکیان بە ڕوانگەیەکی نوێ و بە تێڕوانینێکی گرنگ و سەرنجڕاکێشەوە داهێنا و لەباری فۆرم و ناوەرۆکەوە، زمان و کەسایەتی و کارەکتەر پەروەرییەوە گۆڕانکارییان بەسەر کورتە چیرۆکدا هێنا. تا ئەوەی کە چەند نووسەرێکی سەدەی بیستەم وەک "ئێرنست هەمینگوای، ویلیام فۆکنەر و ڤێرجینیا وۆڵف و جێمز جۆیس" و سەرەنجام نووسەرێکی بلیمەتی وەک "جروم دەیڤید سالینجەر" شێوازێکی زۆر نوێی لە چوارچێوەی فۆرم، ئەندێشە و ناوەرۆکی چیرۆکدا داهێنا.

کورتە چیرۆکی ئەمڕۆ لە هەمان حاڵدا کە هەڵگری ساکاریگەلی تایبەت بەخۆیەتی، بەڵام تێیدا ئاڵۆزییەکان بەپێی لۆژیکی واتایی دەق دەبینرێن کە ئەم جۆرە ژانرە ئەدەبییە خوێنەرێکی زۆر وریا و داهێنەر دەخوازێ تا لە ناسین و فامی بەرهەمدا خۆی بە بەشدار بزانێ و نەبێتە خوێنەرێکی پاسیڤ و بیرکورت.

گۆشەنیگا بەشێکە لە توخمە گەوهەری و پێویستییەکانی هەر چیرۆکێک. ڕاستییەکەی پێوەندیی بە ناوەند و چۆنیەتیی دابەشکردنی بەرهەمەوە هەیە. کورتە چیرۆکنووس لەم ڕێگایەوە دەتوانێ زۆر پرسی کامڵ، ڕەوشنگەر و پێویست بخاتە بەردەم بەردەنگ و



جۆزێف کۆنراد

خوێنەران. گۆشەنیگا هاوکات لەگەڵ توخمگەلی وەک: "دەربڕین، ئەتمۆسفیر، کەسایەتی پەروەری، دیالۆگ و زمان" لە توخمە چیرۆکییەکانە کە ڕوانگەی دیکەش دەخاتە بەردەم خوێنەر، کەوایە ناسین و تێگەیشتنی نووسەر بە مەبەستی بردنەسەری ئاستی بەرهەمەکەی ڕێنوێنی دەکات. گۆشەنیگا لە پێناسەی سادەدا بە واتای ڕۆچنەی بینینە. مەبەست لە ڕوانگە، یان گۆشەنیگای چیرۆک، فۆرم و شێوازی گێڕانەوەیە. هەر شێوازێک لە گێڕانەوە چەشنی ڕۆچنەیەکە بۆ دانی زانیاریی تازە لەبارەی چیرۆکەوە بە خوێنەر. هەڵبژاردنی گۆشەنیگا کە لەوێوە گێڕانەوەی چیرۆک فۆرم دەگرێت، خاوەنی گرنگییەکی زۆرە، چونکە تەنیا لەو ڕێگایەوەیە کە چیرۆکنووس دەتوانێ توخم و ماددە خاوەکانی چیرۆکمان بۆ بخاتە ڕوو و دواتر بپەرژێتە سەر شرۆڤە و ڕاڤەکردنی و گرنگتر لە گشت یەکەم ئەوەیە کارێک بکات کە هەموو ئەمانەش پێکەوە فۆرم و سیمایەکی ڕەسەن و هەرمان بە خۆیانەوە بگرن. دووەم ئەوەیە لەو ڕێگایەوە دەتوانین لە ڕوانگە و گۆشەنیگایەکی سەربەخۆوە چیرۆکێک ـ ئاکسیۆن، یان کۆمەڵە ڕووداوێک بگێڕینەوە.

باسکردنی خاڵێک لێرەدا پێویستە، ئەویش ئەوەیە کە گۆشەنیگا (ڕوانگە) پێویستی بە دەستنیشانکردنی گێڕەرەوەیەکی تایبەتیشە، واتە ڕوانگە لەگەڵ هەڵبژاردنی گێڕەرەوە ـ گێڕەرەوەی چیرۆک – پێوەندییەکی چڕوپڕی هەیە.

### بەڵام گێڕانەوە چییە و گێڕەرەوە کێیە؟

گێڕانەوە شێواز، یان تەکنیکێکە کە لەو ڕێگایەوە چیرۆک لەلایەن نووسەرەوە دەگێڕرێتەوە. گێڕەرەوە کەس، یان شتێکە کە چیرۆک لە ڕوانگە، یان لە زمانی ئەوەوە باس دەکرێت. (گێڕەرەوە دەکرێ شتێکی بێ گیان وەک وێنەیەک، یان بەرد، یان هەر شتێکی بێ گیانی دیکەش بێت). لە پۆلێن بەندیدا، تیوری داڕێژەرانی ئەدەبی بەگشتی گۆشەنیگایان بە دوو جۆری "گۆشەنیگای دەرەکی" و "گۆشەنیگای دەروونی" دابەش کردووە کە هەرکامەشیان لە چەند بەش پێکهاتوون کە تایبەتی و جیاجیا ئاماژەیان پێ دەکەین. لە گۆشەنیگای دەرەکیدا گێڕەرەوە دەکرێ بە چەند شێوە چیرۆکمان بۆ بگێڕێتەوە: ئەو گێڕەرەوەیە لەوانەیە لە ڕوانگەی کەسێکی زانای کامڵ و بێ سنوورەوە چیرۆک بگێڕێتەوە، واتە لەم جۆرە ڕوانگەیەدا، گێڕەرەوە وەک بیرێکی سەرتر، یان گیانلەبەرێکی بەهێزتر، لە دەرەوەی فەزای ناوەوەی چیرۆک، کەسایەتییەکان، فەزاسازی، دیالۆگ و توخمەکانی دیکەی چیرۆک ڕێبەری دەکات. بەسەر هەموو هەست، نیاز، کردار و پەرچەکردارەکاندا ئاگایە. هەر کارێک بیەوێت دەتوانێ ئەنجامی بدات و هەر شوێنێک مەیلی لێ بێت، دەتوانێ بڕوات، یان ئەو بەرپرسی هەموو کردار و ڕەفتاری ئەکتەر و ڕۆڵگێڕەکانی چیرۆکە، دەتوانێ بچێتە ناو زەینییانەوە و جۆری بیرکردنەوە و ئاراستەی فیکریان بۆمان ئاشکرا بکات. ئاگای لە ژیانی یەکە بە یەکەیان هەیە و دەزانێ لە ڕابووردوودا کێ بوون و لە داهاتوودا چ ڕووداوگەلێکیان بۆ دێتەپێش. بەپێی زاراوەکان بەم گۆشەنیگا، یان ڕوانگەیە دەڵێن زانای کامڵ، یان زانای کامڵی بێ سنوور.

ئەو هەرچی کە بیەوێ دەیزانێ، هەر شتێک کە بیەوێ، ئەنجامی دەدات و وەک خودایەک هەڵسوکەوت دەکات. لە گۆشەنیگای زانای کامڵی بێ سنووردا، هەروەک گوتمان ڕیوایەتی چیرۆکێک لەلایەن خودی نووسەر و لە ڕوانگەی کەسانێکی وەک "ئەو"، یان "ئەوان"ەوە دەگێڕدرێتەوە.

ئەم شێوەیە لە گێڕانەوە لە دنیای ئەمڕۆدا ئیتر وەک شێوەیەکی کلێشەیی و کلاسیک لە قەڵەم دەدرێت و پێگەی خۆی لەدەست داوە، ئیتر ئەمڕۆکە زانای کامڵ ناتوانێ زەینی نەخۆش، ئاڵۆز و شێوێنراوی مرۆڤی هاوچەرخ کە دوو شەڕی وێرانکەری جیهانیی هەست پێ کردووە، تێر و ڕازی بکات. یەکێکی دیکەش ئەوەیە

ئەم شێوەیە بەهۆی زێدەڕۆییەک کە نووسەر بەناوی زانای کامڵ لە خۆیەوە دەری دەبڕێت، لەوانەیە لە پرۆسەی چیرۆکنووسیدا مەوداگەلێک ساز بکات. لە ئەنجامدا مەودای نێوان بەرهەم و بەردەنگ زیاتر دەبێت و خوێنەر دەبێتە کەسێکی پاسیڤ. هەندێ جار نووسەر بە گۆڕینی ڕوانگە و گۆشەنیگا زەربە لە چیرۆک دەدات و ئەگەری لەکیس چوونی پێوەندیی عەقلانی و کورتی نێوان بەشە بنیادنەرەکانی چیرۆک دێتە گۆڕێ و سەرلەبەری بەرهەمەکە دەفەوتێنێ.

لە شاکارە مەزن و هەرمانەکاندا، زۆر جار نووسەر بە شێوەیەک چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە کە هەموو بەش و توخمەکانی پێکەوە لە سروشتێکی هاوبەشدا بەشدارن و کرداری چیرۆکی هێندە بە چڕی لەگەڵ جۆری کارەکتەرەکاندا تێکەڵ دەبێت کە خوێنەر تووشی ئەو شک و گومانە دەکات کە ئایا وەها کەسانێک لە دنیای ڕاستەقینەدا هەن، یان تەنیا ئەوە زەینی نووسەرە گیانی بە بەردا کردوون؟ نووسەرانی شارەزا تا ئەو ئاستە دەستێوەردان لە کرداری کەسایەتییەکاندا دەکەن کە توخم و خەسڵەتەکانی پێکهێنەری چیرۆک خەوشدار نەبن و لە ئەنجامدا قەزاوەت و داوەری و ئەنجامی بەرهەم بۆ خوێنەر دەهێڵنەوە.

هەندێ لە ڕۆمانە ناسراوەکانی سەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەم لەو ڕوانگە و گۆشەنیگایەوە نووسراون. "دەوروبەری یەخسیری" نووسینی سۆمەرست مۆم، "شەڕ و ئاشتی" بەرهەمی تۆلستۆی، "تام جۆنز" لە نووسینی هێنری فیلدینگ، "پشکی سەگی ڕاوکەر" لە نووسینی ئیمیل زۆلا، "بنەماڵەی تیبۆ" ڕۆژە مارتن دوگار" و چەند نموونەیەکی ڕۆمانی ئێرانی وەک ڕۆمانی دە بەرگیی "کەلیدەر" بەرهەمی مەحموود دەوڵەت ئابادی و "مێردەکەی ئاسکە خاتوون" لە نووسینی عەلیمحەمەد ئەفغانی" لەو ڕۆمانانەن کە بە گۆشەنیگای زانای کامڵی بێ سنوورەوە نووسراون.

هەندێ جار دەسەڵات و توانایی زانای کامڵ بەرتەسک دەبێتەوە و نووسەر تەنیا یەکێک لە کەسایەتییەکان هەڵدەبژێرێت، ئەوە تەنیا ڕووداوەکانی چیرۆکمان بۆ دەگێڕێتەوە. هەڵبەتە ئەمە بەو واتایە نییە کە نووسەر بە تەواوەتی چوارچێوەی دەسەڵاتی وەلا ناوە و لە چیرۆک دەرواتە دەرێ، بەڵکو دەڕواتە دەرەوەی چیرۆک و لەوێوە بە چاوی ئەو کەسایەتییەوە کە دەستنیشانی کردووە، کردار و ڕەفتار و ڕەوڕەوەی چیرۆکەکە دەگرێتە دەست.

ئەم شێوازە لە پۆلێن بەندیدا بە گۆشەنیگا، یان ڕوانگەی زانای کامڵی بەرتەسک ناسراوە.

لە ئەدەبیاتی داستانیدا یەکەم کەس کە ئەم گۆشەنیگایەی داهێنا، نووسەر و دەروونناسی ئەمریکایی "هێنری جێمز" بوو. هێنری جێمز ناوی ئەو کەسایەتییەی کە چیرۆک لە ڕوانگە و زمانی ئەوەوە دەگێڕدرێتەوە، "سەنتەر"، یان "ناوەندی سرێشتی خودئاگا" ناودێر کردووە. لەم گۆشەنیگایەدا نووسەر تەنیا خۆی بە یەکێک لە کەسایەتییەکان دەبەستێتەوە و تەنیا لە ڕوانگەی ئەوەوە دەزانێ ڕەوتی چیرۆک و کرداری داستانی ببینێ، کەوایە گێڕەرەوە چەشنی زانای کامڵی بێ سنوور ناتوانێ بەریان (انگیزە) و فیکری کەسایەتییەکانی دیکە تێ بگات و تەنیا دەتوانێ ڕەفتار، یان هەمان کردەوە بەرچاوەکانیان هەر بەو چەشنەی کە کەسایەتییە سەنتەرییەکەی فامی دەکات، بخاتە ڕوو. لە هەندێک لە بەرهەمەکانی "هێنری جێمز"دا وەک ڕۆمانی "وێنەی ژنێک" ڕووداو و ڕێڕەو و ڕەفتارە چیرۆکییەکان بەو چەشنەی کە لە زەینی یەکێک کەسایەتییەکاندا ڕەنگ دەداتەوە، وەسف و پەسن دەکرێت. "تاوان و سزا" بەرهەمی دەستۆیڤسکی و "پیرەمێرد و دەریا" لە نووسینی "ئێرنست هەمینگوای" دوو بەرهەمی بەرجەستەی ئەدەبیاتی داستانیی جیهان، بەو گۆشەنیگا و ڕوانگەیەوە بەرهەم هاتوون. پاش "هێنری جێمز، ویلیام فۆکنەر، جێمز جۆیس و ڤێرجینیا وۆڵف" ئەم شێوازە بە تەواوەتی کامڵ بوو و لە ئەنجامدا فۆرم و شێوازێک لە گێڕانەوەیان داهێنا کە بە ڕەوتی "گەڕیانی زەین" ناوبانگی دەرکرد.

لەم شێوازەدا زانیارییەکانی چیرۆک بە شێوەی ڕەوتێکی تەژی لە گوتار، هەست و ئەندێشە و فیکر لە دووتوێی هەستی زەینی یەک، یان چەند کەسایەتیی چیرۆک بە شێوەیەکی نارێکوپێک و بێ سنوور تراوشت دەکات. هەندێ لە باشترین ڕۆمانەکانی سەدەی بیستەم وەک بەرهەمەکانی ڤێرجینیا وۆڵف و ویلیام فۆکنەر بەم ڕوانگەیە نووسراون. هەندێ جار لە خولقاندنی بەرهەمێکدا، گێڕەرەوە تەنیا ئەو شتەی کە بینیویە، یان کەسانی دیکە بینیویانە، دەگێڕێتەوە و ناپەرژێتە سەر داوەری و ڕوانگە و بۆچوونەکانی خۆی لە چیرۆکدا ناگونجێنێ، بەڵکو تەنیا وەک ڕیپۆرتێرێک دەجووڵێتەوە. بەم جۆرە لە گۆشەنیگا لە چیرۆکدا دەڵێن گۆشەنیگای شانۆیی، یان ڕوانگەی بەرهەست.

گێڕەرەوە ڕۆڵی کامێرایەکی وێنە هەڵگرتنەوە دەگێڕێت. هەڵبەت کامێرایەک کە تا ڕادەیەک توانایی هەڵبژاردنی دیمەن و ڕووداوەکانی هەیە. ئەم کامێرایە بە دەوروبەردا دەسووڕێت و ڕووداوەکان تۆمار دەکات. وەک بڵێی نووسەر، یان کەسێکی دی لە گۆڕێدا نییە و ئێمە مرۆڤ و گەردوون تەنیا لە ڕۆچنەی چاوی شووشەیی ئەو کامێرایەوە دەبینین. هەندێ لە ڕەخنەگر و تیوری داڕێژانی ئەدەبی گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە لەم ڕوانگەیەوە، هیچ شوێن پێ و ئاسەوارێک لە هەستی دڵسۆزی و هاوەردی، یان قەزاوەت کردن لە ئارادا نییە. هەڵبەتە هەندێ جار وا دێتە پێش کە گێڕەرەوە، یان هەمان چاوی کامێرا لە پەسنی هەندێ دیمەن، یان کەسایەتییەکاندا داکۆکی زیاتر بکات و بەم چەشنە لە ئەنجامدا تووشی پێشداوەری دەبێت و چیرۆک لە ڕێڕەوی لۆژیکی و سەرەکیی خۆی وەدەر دەنێ. لێرەدا گێڕەرەوە دەبێ لەسەر چۆنیەتیی ڕێپۆرتدان و گێڕانەوە زۆرتر داکۆکی بکات، تا لە پرەنسیپ و گەوهەرەکانی چیرۆک کەم نەکرێتەوە. زۆرینەی بەرهەمەکانی ئیرنست هەمینگوای نووسەری داهێنەری ئەمریکایی بەم شێوە ڕوانگەیە نووسراون.

لە گۆشەنیگای دەروونیشدا گێڕەرەوە دەتوانێ بە چەند شێواز چیرۆکمان بۆ بگێڕێتەوە. هەندێ جار گێڕەرەوەی چیرۆک کە دەکرێ کەسایەتیی سەرەکی، یان لاوەکی بێت، دەپەرژێتە سەر گێڕانەوەی چیرۆک. چیرۆک بە شێوەیەک ڕیوایەت دەکرێت کە ئێمە پێمان وایە کەسی گێڕەرەوە تەنیا چیرۆکەکە بۆ ئێمە دەگێڕێتەوە و لەگەڵمان لە گفتوگۆدایە، هەر بەم هۆیەیە کە گۆشەنیگا بە یەکەم کەس، یان تاکە پەیڤەر دەناسرێت، هەندێ جار گۆشەنیگای دەروونیشی پێ دەوترێت، بەڵام جاری وا هەیە ئەو شێوازەیان بە شێوازی "منی گێڕانەوە"ش لە قەڵەم داوە. نووسەر لێرەدا خۆی لە جێگای کەسایەتییەکە دادەنێ و ڕاستییەکەی زمانی گێڕەرەوە دەبێتە زمانی نووسەری چیرۆک. هەڵبەتە ڕوون و ئاشکرایە کە لاوازیی سەرەکی هەمان سنوورداری و بەرتەسکیی چیرۆکە، چونکە گێڕەرەوە ناتوانێ لەمەڕ ڕوانگە و بۆچوونی خەڵکانی دی لەبارەی خۆی شتێکمان پێ بڵێ. بۆ لابردنی وەها کەموکوورییەک، هەندێ جار نووسەر چیرۆک لە گۆشەنیگا و زمانی کارەکتەرێکی لاوەکییەوە دەگێڕێتەوە. ئەم گۆشەنیگایە ئەو ئیمکانە دەبەخشێ کە کەسایەتیی شوێندانەر و سەرەکیی چیرۆک نەک لە ڕێگای خۆی، بەڵکو لە ڕێگای یەکێک لە کەسایەتییە لاوەکییەکانی چیرۆکەوە بناسێت تا لەباری ڕیالیزم و واقیع بێژیشەوە ئاستی بەرهەمەکە لەسەرەوە بێت. لە ڕۆمانی ناوداری "دڵی تاریکی" بەرهەمی "جۆزێف کۆنراد" لە ڕوانگە و گۆشەنیگای کەسایەتییەکی لاوەکییەوە ڕێڕەوی چیرۆکەکە دیاری دەکرێت.

جیا لەم شێوازی گێڕانەوانە لە چیرۆکدا، گۆشەنیگای "تاکبێژیی ناوەکی و تاکبێژیی دەرەکی"یش هەن کە لە ڕیزی نوێترین ڕوانگەکانی گێڕانەوەی چیرۆکدان و ژێرکۆمای یەکەم کەسی تاکن. لە ڕوانگەی "تاکبێژیی دەروونیدا" گێڕەرەوە دەپەرژێتە سەر خستنەڕوو و گێڕانەوەی ئەو شتانەی کە لە زەین و بیریدان و ڕیوایەتی ئەو لە چیرۆک ڕوو لە کەس نییە، واتە وا دێتە بەرچاو کە لەگەڵ کەس ناپەیڤێ و تەنیا بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەکان و ڕەفتاری داستانییە کە چیرۆک لە زمانی ئەو کەسەوە دەگێڕرێتەوە.

لە ڕوانگەی تاکبێژیی دەرەکییەوە گێڕەرەوە هەمان ڕیوایەتی چیرۆک ئەنجام دەدات، بەو جیاوازییەوە کە لێرەدا گێڕەرەوە وای دادەنێ کە کەسێک بەردەنگیەتی و گوێ لە قسەکانی دەگرێت.

ئاماژەکردن بەم خاڵە پێویستە کە هەڵبژاردنی جۆری گۆشەنیگا و ڕوانگە پێوەندیی بە بابەت، ناوەڕۆک و ئاراستەی نووسەری چیرۆکەوەیە. بۆ وێنە ئەگەر نووسەرێک چیرۆکێک لەبارەی بکوژێکی بەناوبانگەوە دەنووسێ، نابێ ئەو چیرۆکە لە گۆشەنیگای بکوژەوە بۆ ئێمە بگێڕێتەوە، چونکە ترسی ئەوە لە گۆڕێدایە کە بکوژ هەر لە سەرەتای چیرۆکەکەدا هەموو پلان و ڕازەکانی خۆیان بۆ بخاتە ڕوو و ئیدی چیرۆک سەرنجڕاکێشی، زنجیرئاسایی و پێکهاتەییەی خۆی بەگشتی لەدەست دەدات، ئیتر خوێنەر ناتوانێ لە کەشف و دۆزینەوەی کۆد و ڕەمزەکانیدا بەشدار بێت.

**سەرچاوە:**

**ڕۆژنامەی جام جەم:**

**http://www.jamejamonline.ir/papertext.aspx?newsnum=100889978989.**

**http://minarahmani65.blogfa.com/post/2.**

# تۆماس ئەکوینی؛ بوون و گەوهەر

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەددین -کۆلێژی ئاداب)

(١ - ٢)

## سەرەتا

(١) لەبەر ئەوەی هەڵەیەکی بچووکی سەرەتا، گەورەیە لە کۆتاییدا، وەک فەیلەسووف(١) لە بەشی یەکەمی کتێبی «ئاسمان و زەویدا» گوتوویەتی بوون و گەوهەر ئەوەن کە یەکەم جار بە ژیر وێنا دەکرێن، وەک ئیبن سینا لە سەرەتای(٢) میتافیزیکەکەیدا وتوویەتی، پێویستە مرۆڤ، بۆ ئەوەی لە نەزانینەوە هەڵەیەک نەکەوێتەوە(٥) ئەو سەختییەی لێوەی پەیدا دەبێ لاببرێ، بڵێ: وشەی «گەوهەر» و «بوون» چ دەگەیەنێ و چۆن گەوهەر لە شتی جیاواز و جۆراوجۆردا بوونی دەبێ و چ پێوەندییەکی بە چەمکە لۆجیکییەکانەوە بە تایبەتی بە ڕەگەز، جۆر و جیا کارەکانەوە هەیە(١٠).

لەبەر ئەوەی پێویستە ئێمە زانینی سادە و ساکار لە لێکدراوەکانەوە دەستگیر بکەین و لە دواترەوە بە پێشتر بگەین، بۆیە دەبێ، ئەو میتودەی پەیڕەوی دەکەین، ئەگەر لە سەرەتاوە بە زانینی ئاسان دەست پێ بکەین، گونجاوترین بێت، لە واتای بوونەوە بەرەو واتا و دەلالەت و لێکدانەوەی گەوهەر هەنگاو هەڵبگرین(١٥).

## بەشی یەکەم

(١) ئێستا پێویستە مرۆڤ بزانێ کە وەک چۆن فەیلەسووف لە بەشی پێنجەمی میتافیزیکدا(٣) گوتوویەتی: بوون لە خۆیدا بەدوو شێواز بە سادە و ساکار دەردەبڕدرێ:

بە شێوازێکیان بەو جۆرە کە ئەو بەسەر دە چەمکدا دابەش دەبێ، بەشێوازێکی دیکە ئەو ڕاستیی دەستەواژەکان نیشان دەدات، جیاوازی لەنێوانیاندا ئەوەیە(٥) کە بوون بە شێواز (واتای) دووەم هەموو ئەوانەیە کە لە بارەیانەوە دەکرێ دەستەواژەیەکی ئاری ڕۆبنرێ، ئەگەرچی لە هەڵکەوتی دەوروبەردا لەبەرانبەریدا



**تۆماس ئەکوینی**

شتێک نەبێت، بەو شێوازە بە هیچ کردن بە پێچەوانەی ناریّ کردنەوەیە(١٠) و کوێریی (نابینایی) لە چاودا هەیە، بەڵام واتای یەکەم تەنیا دەکرێ ئەوە بە بوون ناوببرێ کە لە هەڵکەوتی دەوروبەردا هەیە، بەو پێیە ناکرێ نابینایی ئەو جۆرە بە واتای یەکەم بە بوونەوەر دابنرێ.

وشەی «گەوهەر- چییەتی، ماهییەت» بە واتای دووەم بوونەوەر - بوون ناگەیەنێ، بوون بەو واتایە «گەوهەر - چییەتی» خۆی نییە هەروەک چۆن لە بەهیچ کردندا دەردەکەوێ، بەڵام گەوهەر بە واتای یەکەم بوون دەگەیەنێ، بۆیە شرۆڤەکار(٤) دەربارەی ئەو بابەتە گوتوویەتی: «بوون بە واتای یەکەم ئەوەیە کە گەوهەری شتێک نیشان دەدات و دەری دەبڕێ»(٥)، هەروەها لەبەر ئەوەی وەک چۆن (٢٠) گوترا، بوونەوەر بە شێواز و واتای یەکەم دابەش (دەکرێ بە دە چەمک (کاتیگۆری)، پێویستە گەوهەر- چییەتی، دەربڕی شتە هاوبەش و ناوکۆییەکانی هەموو ئەو سروشتانەبێ کە لەسەر بنەماکەیدا گشت بوونەوەرە جیاوازەکان لەژێر ڕەگەز و جۆرە جیاکاندا کۆ دەبنەوە و دەردەکەون، هەروەک چۆن مرۆڤایەتی گەوهەری مرۆڤە و بەو پێیە لە هەموو گەوهەر و (ماهییەت) چییەتییەکاندا هەروایە(٢٥).

هەروەها لەبەر ئەوەی، بەو پێودانگە، شتێک دەخرێتە نێو خانەی ڕەگەز، یان جۆرەوە ئەمە بەهۆی پێناسەوە دەبێ کە دەری دەخات شتەکە خۆی چییە، بۆیە فەیلەسووفەکان (٣٠) لە جیاتی وشەی «گەوهەر» وشەی «چییەتییان»داناوە، ئەمە ئەوەیە کە فەیلەسووف زۆرجار بە: ئەوە چی بووە؟ ناوی بردووە. بوون، ئەوەیە کە بەهۆیەوە شتێک بوونی دەبێت. گەوهەر بە فۆرم (ڕوخساری)ش ناو دەبرێت، ئەوەندەی بەهۆی فۆرمەکەوە سروشتی تەواوەتی هەموو شتێک دیار و دەستنیشان دەکرێت(٣٥)، هەروەک ئیبن سینا لە کتێبی دووەمی میتافیزیکەکەیدا(٦) گوتوویەتی؛ گەوهەر بەناوێکی دیکەشەوە ناوبراوە کە سروشتە، بەپێی شێوازی (واتای) یەکەم سروشت چوار واتای هەیە کە بۆیتیوس لە کتێبەکەیدا «دوو سروشت» قسەی لێ کردووە، بەو پێیە بە تایبەتی هەموو ئەوانەی ناوی سروشتیان لێ دەنرێ کە بە شێوازێک لە شێوازەکان بەژێر پەیان پێ دەبرێ و وێنادەکرێن، هەموو شتێک هەر بە تەنیا بەهۆی پێناسە و گەوهەرەکەیەوە دەزانرێ، هەروەها فەیلەسووفیش گوتوویەتی (لە کتێبی پێنجەمی میتافیزیکدا)(٨) هەموو گەوهەرێک سروشتێکە، لەگەڵ ئەوەشدا وا دەردەکەوێ وشەی «سروشت»(٤٥) بەو شێوازە وا تێی بگەیشترێ گەوهەری شتێک دیار و دەستنیشان بکات، لەوەدا کە (وشەی- سروشت) دەچێتەوە سەر چالاکی تایبەتی شتەکە، چونکە هیچ شتێک بەبێ چالاکی تایبەتی بوونی نییە، بەڵام وشەی «چییەتی» لەوەوە وەرگیراوە، کەچی بەهۆی پێناسەکردنەوە دیار و دەستنیشان دەکرێت. (٥٠) گەوهەر ئەوەیە کە ئەوەندەی بەهۆی ئەوەوە و لەودا بوونەوەرێک بوونی هەیە، لەبەر ئەوەی بوونەوەر بە ڕەهاو بە پلەی یەکەم بە گەوهەر دەگوترێ و بە پلەی دووەم و تارادەیەک بە خەسڵەتە (ڕووکەشە)کان دەگوترێ، بۆیە چییەتی لەلای خۆیەوە (٥٥) بە واتا تایبەتییەکەی و بەڕاستیی لە گەوهەردا بوونی هەیە، بەڵام لە خەسڵەتەکاندا بە شێوازێک و تارادەیەک بوونی هەیە.

گەوهەرەکان هەندێکیان ساکار و سادە و هەندێکیان لێکدراون. لەبەر ئەوەی گەوهەرە ساکارەکان بوونێکی ڕاستتر و لە چاو لێکدراوەکاندا شکۆمەندتریان هەیە، (٦٠) لەوەدا کە بە تایبەتی بوونەوەرن، سەرەڕای ئەوەی ئەوان بە تایبەتی هۆکاری گەوهەرە لێکدراوەکانن، بەلای کەمەوە گەوهەری یەکەم و ساکار ڕەب خۆیەتی، چونکە چییەتی ئەو گەوهەرە سادە و ساکارانە لە ئێمە شاردراوەن، بۆیە پێویستە بەچییەتی (ماهییەتی)

گەوهەرە لێکدراوەکان(٦٥) دەست پێ بکەین بۆ ئەوەی میتودە و ڕێبازی توێژینەوە ئاسان و گونجاوتر بێت.

**بەشی دووەم**

لە گەوهەرە لێکدراوەکاندا فۆرم و مادده ناسراون، وەک چۆن لە مرۆڤدا لەش و دەروون وان، بەڵام ناکرێ بگوترێ:

تەنیا هەر یەکێک لەم دووانە گەوهەرە و ئەوی تریان وانییە، دیارە کە بە تایبەتی ماددەی شتێک ناکرێ بە تەنیا گەوهەر بێ، چونکە شتێک بەهۆی گەوهەرەکەیەوە دەکرێ بزانرێ، هەروەها بخرێتە نێو خانەی جۆرێک، یان ڕەگەزێکەوە(٥)، بەڵام مادده نە بنەمای زانینە و نە بەهۆیەوە شتێک ڕاستەقینە دەبێ، هەروەها ناکرێ فۆرمی ڕووت بەچییەتی گەوهەرێکی لێکدراو ناوببرێ، ئەگەرچی هەندێک هەوڵیان داوە لافی پشت ڕاست کردنەوەی ئەمە لێ بدەن، بەتایبەتی لەمەوە ئەوە دەکەوێتەوە، ئەوەی کە گوترا، ڕوون و ئاشکرایە کە چییەتی ئەوەیە کە بەهۆی پێناسەکردنی شتێکەوە دیارو دەستنیشان دەکرێ، پێناسەکردنی گەوهەرە فیزیکییەکان تەنیا هەر فۆرم ناگرێتەوە، بەڵکو ماددەکەشی تێدایە (١٥)، ئەگەر نا پێناسە فیزیکییەکان لە هی بیرکارییەکان جیاواز نەدەبوون، بەڵام ناکرێ بگوترێ کە مادده لە پێناسەکردنی گەوهەرێکی فیزیکیدا وەک شتێکی زیاد بە چییەتی گەوهەرەکە دەدرێ، یان وەک بوونەوەرێک کە لە دەرەوەی چییەتی ئەو گەوهەرە دابێ، چونکە ئەو جۆر و شێوازەی (٢٠) پێناسەکردن تایبەتییە بە خەسڵەتە (ڕووکەشە)کان کە هیچ گەوهەرێکی کامڵ (تەواو)یان نییە، بۆیە پێویستە خەسڵەتەکان لە پێناسەکردنەکەیاندا بنەیەکیان هەبێ کە لە دەرەوەی جۆرەکەیاندا بێ، ئیتر ڕوون و ئاشکرایە کە چییەتی مادده و فۆرم دەگرێتەوە (٢٥).

بەڵام ناکرێ بگوترێ، چییەتی پێوەندییەکە لەنێوان مادده و فۆرمدا، یان شتێکە لە دەرەوە لێیان زیاد دەکرێ و دەخرێتە سەریان، چونکە ئەوان (هەردووکیان) بە ناچاریی خەسڵەتێکن، یان لەدەرەوەی شتێکن و لەسەر بنەمای ئەو چییەتییە ناکرێ شتێک بزانرێ: چییەتی خۆی چییە؟ (٣٠) بە تایبەتی بە سایەی فۆرمەوە کە چالاکی ڕاستەقینەی ماددەیە، مادده دەبێ بە بوونەوەرێکی ڕاستەقینە و دیار و دەستنیشان دەکرێ، هەربۆیە ئەوەی بەسەر ماددەدا دێت، نایکات بە بوونێکی ڕاستەقینە، بەڵکو ئەو وەک ڕووکەشەکان دەبێ بە بوونی ڕاستەقینەیی چۆن سپێتی بەکردەکی شت سپی دەکات، (٣٥) بەدەستهێنانی فۆرمێکی لەم جۆرە بوونێکی ڕەها نابێ، بەڵکو بوونێکی ڕێژەییە.

ئەوە ماوە بگوترێ کە وشەی چییەتی لە ڕەوشی گەوهەری لێکدراودا، ئەوە نیشان دەدات کە لە مادده و فۆرم پێکهاتووە، ئەمەش تێبینییەکەی (٤٠) بۆێتیوس پشت ڕاست دەکاتەوە کە لە بارەی چەمکەکانەوە کردوویەتی، کە لەوێدا گوتوویەتی:

ئوسیا (گەوهەر)ی بە لێکدراو داناوە، ئوسیا لەلای یۆنانییەکان بە تایبەتی ئەوە خۆیەتی کە لەلای ئێمە گەوهەرە هەروەک چۆن بۆێتیوس لە کتێبی «هەردوو سروشت»دا گوتوویەتی، هەروەها ئیبن سینا(٩) گوتوویەتی چییەتی (٤٥) گەوهەری لێکدراو بریتییە لە لێکدرانی فۆرم و مادە، هەروەها شرۆڤەکار لە بەشی حەوتی کتێبی میتافیزیکدا(١٠) وتوویەتی:

سروشت لەو جۆرانەیە کە لە ڕەوشی ئەو شتانەدا کە توانایی پەیدابوونیان هەیە، ناوەڕاستە، واتا لە مادده و فۆرم پێکهاتووە، «بەو پێیە ئەو بۆچوونە دروستە و گونجاوە (٥٠) کە بوونی گەوهەری لێکدراو تەنیا بە تەنیا هەر سەر بە فۆرم و تەنیا هەر سەر بە مادده نییە، بەڵکو سەر بە بوونی لێکدراوە، چییەتی ئەوەیە کە بەهۆیەوە دەکرێ شتێک بە بوونەوەر دابنرێ، بەڵام تەنیا هەر فۆرم نییە، هەروەها تەنیا مادده نییە (٥٥) بەڵکو دەبێ چییەتی هەردووکیان بێت، ئەگەرچی فۆرم بە تەنیا بە شێوازی خۆی هۆکاری ئەو جۆرە بوونەیە، ئەمە لەشتی تردا دەبینین کە لە چەندان بنەما (پارچە و بەشێک) پێکهاتوون، شتەکە بەپێی بنەمایەک لەم دووانە ناونابرێ، [٦٠] بەڵکو بەپێی ئەوەی هەردووک بنەمایەکە دەگرێتەوە، هەروەک لە ڕەوشی چەشتندا وا باوە، بەهۆی گەرماوە کە شێ ناهێڵێ، شیرینی دەردەکەوێ، ئەگەرچی لێرەدا بەو شێوازە گەرمی هۆکاری شیرینییەکەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەشی شیرین ناوەکەی لە گەرمییەوە پێ نابرێ، بەڵکو بەهۆی چێژەکەیەوە کە هەردوو گەرمیی و (٦٥) شێ دەگرێتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی مادده بنەمای (هۆکاری) بە تاک کردنە، دەکرێ وا بە دەربکەوێ کە وەک ئەنجامێک کە لێیەوە بکەوێتەوە، چییەتی مادده و فۆرم دەگرێتەخۆ تەنیا هەر تایبەتی (هەندەکی)یەو گشتی (هەمەکی) نییە، لەمەوە ئەوە دەکەوێتەوە: (٧٠) هەمەکی هیچ



**ئیبن سینا**

پێناسە و دەستنیشانکردنێکی بۆ نییە، ئەگەرچی چییەتی خۆی ئەوەیە کە بەهۆی پێناسەوە دەستنیشان دەکرێ و نیشان دەدرێ، لەبەر ئەوە پێویستە مرۆڤ بزانێ کە بە هەموو شێوازێک تێگەیشتن لەو ماددەیە بنەمای بە تاک کردن نییە، بەڵکو تەنیا هەر ماددە دیاریکراوەکە ئەوەیە، من ماددە بەوە ناودەبەم کە دەستنیشان کراوە و لەژێر ڕۆشنایی چەند پێناسەیەکدا سەرنج دەدرێت، بەڵام ئەو ماددەیە بەشێک نییە لە پێناسەی مرۆڤ بەکارهاتووە، ئەگەر بێتو سوکرات پێناسەیەکی هەبێ! لە پێناسە کردنی مرۆڤدا ئەو ماددەیە بەکاردەهێنرێ کە دەستنیشان نەکراوە، لە پێناسەکردنی مرۆڤدا قسە لە گۆشت و ئێسقانەکەی ناکرێ، بەڵکو بەگشتی باسی گۆشت و ئێسقان دەکرێ کە ماددەی دەستنیشانکردنی مرۆڤەکە نین.

کەوابوو ئیتر ڕوون و ئاشکرایە کە چییەتی مرۆڤ و چییەتی (گەوهەری) سوکرات جیاوازییەکەیان وەک جیاوازی ماددەی دیار و دەستنیشان و دەستنیشان نەکراوە، بۆیە شرۆڤەکار لە بەشی حەوتی کتێبی میتافیزیکدا گوتوویەتی: سوکرات لە گەوهەری زیندووی هەستەکی و ژیرەکی بەولاوە نییە(١١). ئیتر چییەتی ڕەگەز و چییەتی جۆر بەپێی جیاوازی دیاری کراو دەستنیشان نەکراو لە یەکتری جیا دەکرێنەوە، ئەگەرچی لە هەردوو ڕەوشەکەدا جۆرێکی تری دەستنیشانکردن دێتە پێشەوە، دەستنیشانکردنی تاک لە بەرانبەر بە جۆردا بەهۆی ماددەوە دەبێ کە بەپێی چەند ڕەهەندێکەوە دیاری دەکرێت، بەڵام دەستنیشانکردنی جۆر لە بەرانبەر بە ڕەگەز بەهۆی جیاکاری بنەڕەتییەوە دەبێ کە لە فۆرمی شتەوە دەخوازرێتەوەو وەردەگیرێ.

دەستنیشانکردن، یان نیشاندان کە لە ڕەوشی جۆر بەرانبەر بە ڕەگەز لە ئارادایە، شتێک نییە کە لە چییەتی جۆردا هەبێ و لە چییەتی ڕەگەزدا نەبێ، بە پێچەوانەوە ئەوەی هەمیشە لە جۆردا بوونی هەیە، لە ڕەگەزیشدا بوونی هەیە، بەڵام بەبێ دەستنیشان کراوی، ئەگەر زیندوویی هەستەکی گەوهەری تێکڕای مرۆڤ نەبێت، بگرە بەشێک بێ لەو، ئەوە نەدەکرا لە بارەیەوە ئەو شتە بگوترێ، چونکە بەشی تەواوکار ناچێتە سەر هەمەکی.

بەڵام چۆن ئەمە پەیدابووە مرۆڤ دەتوانێ ببینێ کە ئەگەر لەجیاوازی نێوان لەش وەک بەشێک لە گەوهەری زیندوو، لەش کە بە ڕەگەز تێی بگەیشترێ، بکوڵێتەوە، ناکرێ لەش بەو جۆر و شێوازە ڕەگەز بێت، لەوەدا کە بەشێکی تەواو کارە، وشەی «لەش» دەکرێ بە شێوە و شێوازی جیاواز تێی بگەیشترێ.

لەش بە تایبەتی کە لە چوارچێوەی ڕەگەزدا گەوهەری پێ دەبڕێ بەپێی ئەو ڕاستەقینەیە بە شتێک ناودەبرێ کە ئەو جۆرە سروشتەی هەیە و دەکرێ لەودا سێ ڕەهەند دیار و دەستنیشان بکرێن: ئەو سێ ڕەهەندە دەستنیشانکراوەکانی لەش پێکدەهێنن کە دەچێتە نێو خانەی چەمکی چەندێتییەوە.

دەکرێ لەنێو شتەکاندا شتێک تەواوەتی (کەماڵی) هەبێ و کەماڵی باڵاتر بگات، هەروەک ڕەوشی مرۆڤ وایە کە سروشتێکی پێنج هەستیی هەیە، ئینجا ژیرە، هەروەک ئەمە، سەرەڕای ئەو تەواوەتییە کە ئەو فۆرمەی هەیە، دەکرێ لەودا سێ ڕەهەندەکە دیاری بکرێت، کاملییەکی تری دێتە سەر وەک ژیان، یان شتێکی لەوە چوو، دەکرێ ئیتر وشەی «لەش» شتێک نیشان بدات، فۆرمێکی هەبێ، توانایی دیاری کردنی سێ ڕەهەندی لەخۆیدا بێ، بەڵام ناکرێ کاملییەکی تر لەو فۆرمەوە بکەوێتەوە. ئەگەر شتێکی دی بێتە سەری، ئەوە ئەمە لە دەرەوەی دەلالەت و واتای لەشەکەدا دەبێ، بەپێی ئەو بەرهەست: بەمەش

دەروون، ئەوکاتە لە دەرەوەی ئەوەدا دەبێ کە بە وشەی (لەش) دەستنیشان کرابوو، ئەگەر شتێکی دیکە بخرێتە سەر لەش، وای لێ دێت ڕوخسارەکەی لە دوو بەش بەتایبەتی لە دەروون و لەش پێکدێت، هەروەک چۆن لە بەشەکانی ڕەگەزی زیندوو و بەرهەست پێکهاتووە کە دوو بەشی ئەون.

هەروەها دەکرێ بەو شێوازە لە وشەی «لەش» بگەیشترێ، شتێک نیشان دەدات ئەو فۆرمەی هەبێ کە پشت ئەستوور بە سێ ڕەهەندەکەی بکرێ لەوەدا دیاری بکرێ کە بکرێ کەماڵێکی تری لێ پەیدا ببێ، یان پەیدا نەبێ! بەپێی ئەو شێوازە، لەش دەبێ بە ڕەگەزی گەوهەری زیندووی هەستەکی، چونکە لەو گەوهەرە هەستەکییەدا شتێک بوونی نییە ئەگەر بەناچاریی لە لەشدا بوونی نەبێ، دەروون بە تایبەتی لەو فۆرمە بەولاوە نییە کە لەشتدا سێ ڕەهەندەکەی پێ دیاری دەکرێ، ئیتر بۆیە ئەوی بە لەش ناوبرا وا تێی دەگەیشترێ وێنەیەکی (فۆرمێکی) هەیە سێ ڕەهەند تێیدا دیار و دەستنیشان دەکرێن: ئیتر فۆرمەکە هەر جۆرێک بویسترێ دەروون، یان بەردێتی بێ، یان هەمیشە هەر فۆرمێکی دیکەی هەبێ، هەروەها فۆرمی ڕەگەزی زیندووی هەستەکی بەناچاریی لە فۆرمی لەشدایە، ئەوەندەی لەشەکە ڕەگەزی گەوهەر هەستەکی بێت.

هەروەها پێوەندی گەوهەری هەستەکی بە مرۆڤەوە هەر بەو جۆرەیە، ئەگەر گەوهەرێکی کاملی هەستەکی تەنیا یەک شت بگەیەنێ و کەماڵەکەی ببێتە مایەی ئەوەی بەهۆی بنەمایەک کە لە ناخی خۆیدایە (هێزێک) هەست بکات و بجووڵێتەوە، هەر کەماڵێکی تر کە بەشێک بێ لە گەوهەری زیندوو، بەپێی جۆری بەشەکان کە لە چەمکی ئەو گەوهەرە زیندووەدا بوونی نەبێ، بەو پێیە گەوهەرە زیندووە کە ڕەگەز (جنس) نابێ، بەڵام ئەو خۆی ڕەگەزە، لەوەدا کە شتێک دیار و دەستنیشان دەکات و لە فۆرمەکەیەوە دەکرێ هەست کردن و جووڵانەوە بکەونەوە. ئیتر فۆرمەکەی ئەو هەر چۆنێک بێت، تەنیا هەر دەروونێک بێت کە (پێنج) هەستی هەبێ، یان (پێنج) هەستەکەی هەبێ، لە هەمان کاتدا ژیریش بێت، ئیتر کەوابوو ڕەگەز بە شێوازێکی دیاری نەکراو هەمەکی دەردەبڕێ و تەنیا هەر فۆرم دیاری ناکات، پێناسەی هەمەکی، یان هەروەها جۆریش دەستنیشان دەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە ڕێگا و شێوازێکی جیاواز، ڕەگەز هەمەکی وەک ناونانێک دیار و دەستنیشان دەکات، لە شتێک مادده دیاری دەکات بەبێ ئەوەی فۆرمە تایبەتییەکەی دیاری بکات، بۆیە ڕەگەز لە ماددەوە وەردەگیرێ- ئەگەرچی خۆی مادده نییە. وەک چۆن ڕوون و ئاشکرایە، ئەوەی بەلەش ناوبرا کە لەو جۆرە کامڵییەی هەیە دەکرێ تێیدا سێ ڕەهەند دیاری بکرێن ئەو کەماڵە (تەواوەتییە) وەک مادده پێوەندی بە کەماڵی ترەوە هەیە، بە پێچەوانەوە، جیاکار ناونراوێکە لە فۆرمێکی دەستنیشان کراوەوە پەیدا بووە، بەبێ گوێدان بەوەی بەپێی یەکەم دەستنیشانکردنەکەی ماددەیەکی دیاری کراوە.

چۆن ئاشکرایە ئەگەر مرۆڤ بڵێ «خاوەن دەروون» بە تایبەتی ئەوەی دەروونی هەیە، ئیتر دیاری نەکراوە ئەمە چییە، لەشە، یان شتێکی دیکەیە، بۆیە ئیبن سینا (١٢) گوتوویەتی:

ڕەگەز لە ڕەوشی جیاکاردا بە بەشێک لەچییەتییەکەی تێی ناگەیشترێ، بەڵکو تەنیا وەک بوونەوەرێک لە دەرەوەی چییەتییەکەی و وەک بنەی دەلالەتی خەسڵەتەکان دادەنرێ، هەر بۆیە فەیلەسووف لە بەشی سێیەمی میتافیزیک(١٣) و بەشی چوارەمی(١٤) تۆپیکدا بە وردی دەربڕین ڕەگەزی نەخستۆتە پاڵ جیاکارەوە، دوور نییە لە ئەوە بەولاوە نەبێ کە بنە خەسڵەت دەردەبڕێ، بەڵام پێناسە، یان جۆر هەردووکیانی تێدایە بە تایبەتی ماددەی دیاریکراو کە وشەی (ڕەگەز) دەستنیشان دەکات و نیشانی دەدات و فۆرمێکی دیاریکراو کە وشەی «جیاکار» نیشان دەدات.

ئەمەیە هۆکارەکە کە لەوەوە ڕوون بۆتەوە بۆچی ڕەگەز و جۆر و جیاکار وەک مادده و فۆرم و لێکدراوەکانن لە سروشتدا، ئەگەرچی ئەوان وەک ئەو نین: نە ڕەگەز ماددەیە، بەڵکو لە ماددەوە هاتووە و کەوتۆتەوە، نە جیاکار فۆرمە، بەڵکو بەجۆرێک لە فۆرمەوە کەوتۆتەوە وەک چۆن هەمەکی نیشان دەدرێ.

بۆیە ئێمە دەڵێین: مرۆڤ گەوهەرێکی زیندووی هەستەکی ژیرە و نەک بڵێین لە زیندوویی و ژیر و لە دەروون و لەش پێکهاتووە. دەبێ بە تایبەتی مرۆڤ لە دەروون و لەش پەیدا بووبێ هەروەک چۆن لە دوو شت، شتی سێیەم پەیدا دەبێ و یەکێک نییە لەو دووانە.

ئیتر مرۆڤ بە تایبەتی نە لەشەو نە دەروونە، خۆ ئەگەر

مرۆڤ بە شێوازێک لە شێوازەکان پێویست بێ لە زیندوویی و ژیریی پێکهاتبێ، ئەوە نابێ بەو جۆرە بێت کە وەک شتی سێیەم لە دوو شت پەیدا بووبێ، بەڵکو دەبێ دەلالەتی (واتای) سێیەم بێت لەو دوو دەلالەتەوە پەیدا بووبێ. واتا و دەلالەتی «گەوهەری زیندووی هەستەکی» بەبێ هیچ جۆرە دەستنیشانکردنێ، دەربڕی سروشتی شتە لەوەدا کە سەبارەت بە کەماڵی کۆتایی شتەکە ماددەیە، واتای جیاکاری «ژیرەکی» لە دیاریکردنی فۆرمی جۆرەکەدا پێکدێت، لەو دوو دەلالەتەوە دەلالەتی زۆر، یان هی پێناسەکردن پێکدێت، هەربۆیە وەک چۆن شتێک کە لە چەند بەشێکی شت پێکهاتبێ، دەلالەتی شتەکە خۆی ناچێتەوە سەری، بەو جۆرە دەلالەتێکی تر ناخرێتە پاڵ لێکدراوەکە کە بەشێکە و لێوەی پێکهاتووە، بۆیە ئێمە ناڵێین: پێناسە (دیار و دەستنیشانکردن) ڕەگەزە، یان جیاکارە.

ئەگەرچی ڕەگەز بە تەواوەتی تێکڕای گشت چییەتی جۆر نیشان دەدات، ئەوە پێویست ناکات و ناکرێ تاکە یەک چییەتی بۆ چەند جۆرێکی جیای هەر ئەو ڕەگەزە خۆی هەبێت، چونکە یەکڕەنگی ڕەگەز لە دەستنیشان نەکراوەوە، یان لە جیا نەکراوەوە کەوتۆتەوە، بەڵام نەک بەو شێوازەی کە ئەو بەهۆی ڕەگەزەوە دیاری بکرێت، بەپێی ژمارە لە جۆرە جیاوازەکاندا تەنیا هەریەک تاکە سروشت هەیە، شتێکی دیکەی دێتە سەر کە جیاکارە کە ڕەگەز دیاری دەکات، هەروەک فۆرمەکە بەپێی ژمارە لەلایەن تاکە ماددەیەکەوە دەستنیشان دەکرێ. ڕەگەز تەنیا یەک فۆرم، بەبێ ئەوەی ئەو وێنەیە، یان ئەو ڕوخسارە دیاریکراوەی هەبێ، دیاری دەکات، چونکە جیاکار خۆی بەدەستنیشانکردن دەری دەبڕێ ئەو وێنەیەش (فۆرم) کە ڕەگەز دەری دەبڕێ ڕوخسارێکی دیاری نەکراوی دەبێ، بۆیە شرۆڤەکار لە بەشی یازدەی(١٥) میتافیزیکدا گوتوویەتی: بە ماددەی یەکەم دەگوترێ ئەو یەکێکە دوای دوورخستنەوەی هەموو فۆرمەکان لێوەی، بەڵام ڕەگەز یەکە بەوەی لەگەڵ فۆرمی دیاریکراودا هاوبەشە، هەربۆیە ڕوون و ئاشکرایە کە بەهۆی ئەوەی جیاکاری دوورخراوە بخرێتە سەر ئەو دیاری نەکراوە کە هۆکاری یەکڕەنگی ڕەگەز بووە، دەبێتە مایەی مانەوەی جۆرە بەچییەتی جیاوازەکان.

چونکە هەروەک پێشتر گوترا، سروشتی جۆر لە بەرانبەر تاکدا دیار و دەستنیشان کراو نییە، سروشتی ڕەگەزیش بەرانبەر بە جۆر هەروایە، بۆیە کە ڕەگەز جۆر دەردەبڕێ، بەشێوەیەکی دیاری نەکراو دەلالەتی هەموو ئەوەی تێدایە کە لە جۆردا بەشێوەی دیاریکراو بوونی هەیە، هەروەها کە جۆر تاک دەردەبڕێ، دەبێ دەلالەتی تێکڕای هەموو ئەوەی تێدا بێ کە لەچییەتی تاکدا هەیە، بەڵام بەشێوەیەکی دەستنیشان نەکراو، هەر بەپێی ئەو ڕێگا و شێوازە چییەتی جۆر بەهۆی وشەی «مرۆڤ» دەستنیشان و دەردەبڕدرێ، بۆیە مرۆڤێتی دەدرێتە پاڵ سوکرات، بەڵام کاتێک سروشتی جۆر بەبێ ماددەی دەستنیشانکراو کە بنەمای (هۆکار) بەتاککردنە دیاری بکرێ و نیشان بدرێ، سروشتی جۆرەکە وای لێ دێ وەک ئەوەی بەشێک بێت، بەو پێیە و شێوازە سروشتی جۆر بەهۆی وشەی «مرۆڤێتی»یەوە نیشان دەدرێ، مرۆڤێتی بوون، بە تایبەتی ئەوە نیشان دەدات بۆچی مرۆڤ مرۆڤە؟ بەڵام ماددەی نیشاندراو ئەوە نییە کە دەبێتە مایەی ئەوەی مرۆڤ چۆن بوو بەوەی مرۆڤ بێت، ئیتر بۆیە مرۆڤایەتی لە دەلالەت و واتایدا تەنیا ئەوەی تێدایە وابکات مرۆڤ مرۆڤ بێت، ئاشکرایە ماددە دەستنیشانکراوەکە لە دەلالەت و واتای مرۆڤێتی بەدەرەو دوورە لێی دێتە دەرەوە، چونکە بەش دەربڕ و دەلالەتی هەمەکی نییە، بۆیە ئیبن سینا گوتوویەتی(١٧):

چییەتی لێکدراو بەهیچ جۆرێک خودی لێکدراو نییە کە ئەو چییەکەیەتی، ئەگەرچی چییەتی خۆی لێکدراوە، هەروەک مرۆڤێتی لێکدراوە، بەڵام خۆی مرۆڤ نییە، بە پێچەوانەوە دەبێ ئەو چییەتییە لە شتێکدا کە ماددەی دەستنیشان کراوە، تۆمار و دیاری بکرێت.

بەڵام لەبەر ئەوەی، هەروەک پێشتر گوترا، دەستنیشانکردنی جۆر لە بەرانبەر ڕەگەزدا بەهۆی فۆرمەوە دەبێ، دیاری کردنی تاک لە بەرانبەر جۆردا بەهۆی ماددەوە دەکرێ، بۆیە پێویستە ئەو وشەیە، بەبێ فۆرمێکی دیاریکراو کە جۆرەکە تەواو دەکات، دەری بخات لە کوێوە سروشتی ڕەگەز پەیدا دەبێ و دەستگیر دەبێ، بەشی ماددەیی هەمەکی نیشان بدات هەروەک چۆن لەش بەشی ماددەیی مرۆڤە، بەڵام وشەکە بەبێ دیاریکردنی ماددە، ئەوە نیشان دەدات سروشتی جۆر لە کوێوە پەیدا بووە، لایەنی ڕوخساری دیاری دەکات، هەربۆیە مرۆڤێتی وەک فۆرم نیشان دەدرێ، ئیتر دەگوترێ: ئەو فۆرمی هەمەکی یەکەمە نەک

لەبەر ئەوەی چونکە دەچێتەوە سەر هەردوو بەشی سەرەکی کە فۆرم و ماددەن، هەروەک فۆرمی خانوو کە پتر و زیاترە لە بەشە پێکهاتەکانی کە لێیان جیا ناکرێتەوە، بگرە، چونکە پتر ئەو فۆرمێکی هەمەکییەکەیە، بە تایبەتی کە فۆرم و ماددەکە دەگرێتە خۆ، بەبێ ئەوەی بە هەند بگیرێ ئەو هۆکارە چییە وادەکات ماددە نیشان بدرێ و دیاری بکرێت. ئیتر کەوابوو لە ئەنجامدا ڕوون بۆوە کە وشەی «مرۆڤ» و وشەی «مرۆڤێتی» بەشێواز و جۆری جیاواز چییەتی مرۆڤ دەردەبڕن و نیشان دەدەن، هەروەک پێشتر گوترا، وشەی «مرۆڤ» ئەو وەک هەمەکی نیشان دەدا لەوەدا و ئەوەندەی ئەو بە تایبەتی نیشانی ماددە بەدەر ناکات، بەڵکو بەناچاریی دەیگرێتە خۆی، بەڵام بەشێواز و ڕێگایەکی دەستنیشان نەکراو، هەروەها وەک پێشتر گوترا، ڕەگەز جیاکاری تێدایە، هەربۆیە ئیتر وشەی «مرۆڤ» تاکەکانیش دەگرێتەوە و دەریان دەبڕێ، بەڵام وشەی «مرۆڤێتی» چییەتی مرۆڤ وەک بەش نیشان دەدات، چونکە ئەو لە دەلالەت و واتاکەیدا تەنیا ئەوەی تێدایە کە سەر بە مرۆڤە لەوەدا کە ئەو خۆی مرۆڤە و هەموو نیشان کردنێک دوور و بەدەر دەگرێ، هەربۆیە وشەی «مرۆڤێتی» تاکەکانی مرۆڤ دەرنابڕێ و نیشانیان نادات، ئەمەش هۆکارەکەیە کە وشەی «چییەتی» هەندێک جار شتێک دەردەبڕێ ئێمە بە تایبەتی دەڵێین، سوکرات چییەتییە، هەروەها جاری تر مرۆڤ خودداری دەکات (خۆی دەبوێری) لەوەی ئەوە بڵێ و ئێمە دەڵێین چییەتی سوکرات، سوکرات خۆی نییە.

## بەشی سێیەم

دوای ئەوەی زانرا کە لە ڕەوشی گەوهەری لێکدراودا وشەی «چییەتی» چی نیشان دەدات، دەبێ مرۆڤ ئەوەش بزانێ وشەی گەوهەر چ پێوەندییەکی بە چەمکی ڕەگەز و جۆر و جیاکارەوە هەیە، چونکە ئەمە دەچێتە سەر تاکەکان، بۆیە ناکرێ چەمکێکی گشتی وەک چەمکی ڕەگەز، یان جۆر کاتێک بە هەندەکی (بەشێک) وەک وشەی «مرۆڤێتی» و «گەوهەری زیندووی هەستەکی» وەردەگیرێ، بەسەر چییەتیدا جێبەجێ بکرێ و بیگرێتەوە، بۆیە ئیبن سینا (١٧) گوتوویەتی: ژیرێتی جیاکار نییە، بەڵکو بنەمای (هۆکاری) جیاکارە، هەر لەبەر ئەوە هۆکارە مرۆڤێتی جۆر نییە و گەوهەری زیندووی هەستەکی هیچ جۆرە ڕەگەزێک نییە، هەروەها ناکرێ مرۆڤ بڵێ: چەمکی ڕەگەز، یان چەمکی جۆر چییەتییە، بەو پێیەی کە لە دەرەوەی شتێکی تاکدا بوونی هەیە، هەروەک ئەفلاتوونییەکان لافیان لێداوە چونکە ئیتر ڕەگەز و جۆر ناکرێ تاکی دیاریکراو بگرێتەوە، ناکرێ مرۆڤ بڵێ: سوکرات خۆی ئەوەیە کە لێی دابڕاوە و جیایە، ئەو جیایی و دابڕانە بۆ زانینی تاک هیچ ڕۆڵ و سوودێکی نییە، هەربۆیە تەنیا ئەوە ماوەتەوە کە چەمکی ڕەگەز، یان چەمکی جۆر خۆی چییەتییە، بەو پێیەی هەمەکی دەستنیشان دەکات، هەروەک چۆن وشەی «مرۆڤ»، یان وشەی «گەوهەری زیندوو» هەروایە، ئەوەندەی بە ناچاریی و چییەتی تێدایە، بەبێ دیار و دەستنیشانکردن، هەموو ئەوە دەگرێتەوە کە لە تاکدا بوونی هەیە.

سروشت، یان چییەتی کە بەو جۆرە تێی بگەیشترێ، دەکرێ بە دوو شێوازی ساکار سەرنج بدرێ:

لەلایەکەوە بەپێی چەمکی تایبەتییەوە ئەمە سەرنجدانێکی ڕەهای سروشتە، بەو ڕێگا و شێوازە، تەنیا دەربارەی سروشت ئەو ڕاستە کە وەک سروشت دەیکەوێ و هەیەتی، بۆیە لەوە بەولاوە بویسترێ هەر شتێکی تری بدرێتی، هەوڵێکی هەڵە دەبێ، بۆ نموونە مرۆڤ وەک مرۆڤ هەموو ئەوانەی دەکەوێ بەپێی پێناسەکردنەکەی کە ژیرە، زیندەوەرە و خەسڵەتی تر، بەڵام سپی، یان ڕەش، یان شتی وەک ئەمە ناچنە سەر چەمکی «مرۆڤێتی» مرۆڤ ئەوەندەی مرۆڤە ئەمانەی ناکەوێ، خۆ ئەگەر مرۆڤ بپرسێ، ئایا سروشت، بەو جۆرە سەرنج بدرێ، یەکێکە، یان فرەیە، ناکرێ بگوترێ ئەمەیە، یان ئەوەیە، چونکە هەردووکیان لە دەرەوەی دەلالەت و واتای «مرۆڤێتی»دان و هەردووکیان دەکرێ لە دەرەوەی ڕووبەڕووی ببنەوە ئەگەر فرەیی خەسڵەت و دەلالەتی مرۆڤێتی بووبایە، نەدەکرا هیچ جارێک سروشت یەک یەکە بایە، کەچی خۆی هەریەک یەکەیە لەودا کە لە سوکرات دایە، هەروەها ئەگەر چەمکی «مرۆڤێتی» یەک یەکە بێت، ئەوە دەبێ سوکرات و ئەفلاتوون یەک سروشتیان هەبێ و ناکرێ ئەو سروشتە لە فرەشتدا زۆر بێت، بە شێوازێکی دیکە سروشت لە سۆنگەی بوونەوە سەرنج دەدرێت کە لەم شتەدا، یان لەودا چییەتی هەیە، ئیتر ئێنجا ڕووکەشیانە (لابەلایی) بەپێی ئەو شتەی چییەتی تێدایە، شتێک لە

بارەیەوە دەردەبڕدرێ، هەروەک چۆن دەگـوترێ: مـرۆڤ سپییە، چونکە سوکرات خۆی سپییە! ئەگەرچی مرۆڤ لەوەدا کـە مـرۆڤـە ئەوە لەگـەڵیـدا نایەتەوە. ئەو سروشتە دوو بوونی سادە و ساکاری هەیە، یەکێکیان لە تاکـەکـاندا و ئەوی دیکەیان لە دەرووندا، بەپێی هەر یەکـێک لەم دووانە، سـروشـتـە ناوبراوە کـە چەند خەسڵەتێکی هەیە، لە تاکەکاندا بەپێی جیاوازی ئەو تاکـانە، سـەرەڕای ئەمـە، چەند بوونێکی زۆر و زەبەندی هەیە، لەگـەڵ ئەوەشـدا، سـروشت خـۆی بەپێی شێوازی یەکەم بەتایبەتی بوو نە ڕەهاکەی، هیچ کاتێک لەو بوونانەی نییـە، هەڵەیە ئەگـەر بگوترێ، چییـەتی (گەوهەری) مـرۆڤ وەک مـرۆڤ بوونی لەو تاکـەدا هەیە، چونکە ئەگـەر مـرۆڤ بشێ، بگونجێ، کـە ئەو وەک مرۆڤ لەو تاکەدا بوونی هەبێ، ئەو هیچ جارێک لە دەرەوەی ئەو تاکەدا نابێ، هەر بەو پێیە، ئەگەر مرۆڤ کە ئەو وەک مـرۆڤ ئەگەر بگونجێ لەو تاکەدا بـوونی نەبێ، ئەو هیچ کـاتێک ئەو تاکـە نابێ! بەڵام ڕاست ئەوەیە بڵێ: مـرۆڤ، نەک لەوەدا کـە ئەو مـرۆڤـە، خەسڵـەتی ئەو بێ لەو تاکەدا، یان لەو دەروونەدا بوونی هەبێ، ئیتر ڕوون و ئاشکرایە سروشتی مرۆڤ ئەگەر بە ڕەها سـەرنج بدرێت، ئامـاژە بە هیچ بوونێک نادات، بەڵام هیچـیشـیـان بەدوور ناگرێ، ئەمـە ئەو سروشتـە کە گشت تاکەکان دەگرێتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێ بگوترێ کە سروشت بەو جۆرەی وێناکرا، چەمکی هەمەکی (گشتی) دەیگرێتەوە، چونکە هەمـەکی یەکـڕەنگی و هاوبەشـیی چەمکی هەمـەکی دەگـرنەوە، بەڵام سـروشـتـی مـرۆڤ بەهۆی ڕەهاییەکەیەوە ئەو دووانە لەگەڵیدا نایەنەوە و ناگونجێن، خۆ ئەگەر بشێ بە تایبەتی هاوبەشیی سەر بە دەلالەتی مـرۆڤ بێت، ئەوە دەبوو هاوبەشـیـانە وەک مـرۆڤـێـتی پێشییانە هەبایە، ئەمەش هەڵەیە، چونکە لە سوکرات هیچ جۆرە بەشداریی و هاوبەشـییەک پێشـییـانە بوونی نییـە، بەڵکو هەمـوو ئەوەی لەودا بوونی هەیە بەتاک بووە و تاک و تەرایە.

هەر بەو شێوەیە ناکرێ بگوترێ کە چەمکی ڕەگەز، یان هی جۆر لەگـەڵ سروشـتی مـرۆڤـدا بەپێی ئەو بوونەی لە تاکـەکـاندا هەیە، دەگـونجـێن و دێنەوە، چونکە سروشـتی مرۆڤ بەپێی یەکڕەنگیی لە تاکەکـاندا بوونی نابێ بە جۆرێک کە بەپێی پێداویستی چەمکی هەمەکی یەکـەیەکی گـونجـاوبێ لەگـەڵ هەمـەکـیـیـەکـەدا، ئەوی ماوەتەوە ئەوەیە کە چەمکی جۆر دەچێتەوە سەر سروشتی مرۆڤ بەو پێیەی ئەو بوونەی لەژێردا بوونی هەیە.

لە ژێردا بە تایبـەتی سروشـتی مـرۆڤ بوونێکی پەتی کراوی لە هەموو بە تاکوتەرا کردنێکدا هەیە، هەر لەبەر ئەمـە پێـوەندییـەکی یەک فـۆرمی یەکسـانی لەگـەڵ ئەو تاکـانەدا هەیە کـە لە دەرەوەی دەروونن، ئەوەندەی سـروشـتی مـرۆڤ بە پێـوەرێکی وەک یەک لە هەمـوو تاکەکـان دەچێ، دەبێـتە مـایەی ناسینی هەمـوو تاکەکان، ئەوەندەی مرۆڤن.

بەپێی ئەو ڕاستییـە کـە سـروشـتی مـرۆڤ ئەو جۆرە پێـوەندییەی لەگـەڵ هەمـوو تاکـەکاندا هەیە، ژێر چەمکی جۆر دەدۆزێتەوە و دەیداتە پاڵ سروشتی مرۆڤ، هەربۆیە شـرۆڤـەکـار لە سـەرەتای کـتـێـبی «دەروون»(١٨)دا گوتوویەتی:

ئەوە ژێرە کـە لە شـتـەکـاندا هەمـەکی دروست دەکـات، هەروەها ئیبن سـینا ئەو شـتـە لە کـتـێـبی میتافیزیکەکەیدا(١٩) دەڵێ، ئەگەرچی ئەو سروشتەی لەلایەن ژێرەوە ناسـراو و زانراوە، چەمکی هەمـەکی هەیە کاتێک دەچێتە سەر شتی دەرەوەی دەروون و پێوەندیان لەگـەڵدا دەگـرێ، چونکە ئەو خـۆی یەک و هەمـان لەیەکچوونی هەمـووانە، هەروەها لەوەدا کـە ئەو لەم، یان لەو ژێرەدا بوونی هەیە فۆرمێکی تایبەتی ناسراوی ژێرە، لێرەدا ئەو هەڵەیە دەردەکەوێ کـە شرۆڤـەکار لە بەشی سێـیـەمی (٢٠) دەرووندا کـردوویەتی؛ کاتێک ویستوویەتی هەمـەکی ئەو فـۆرمەی لەلایەن ژێرەوە ناسرا و زانراوە بکاتە بەڵگەی یەکڕەنگی ژێر لە هەموو مرۆڤدا، هەمەکی ئەو فـۆرمە لەوەوە نەهاتووە کە لە ژێردا بوونی هەیە، بەڵکو لەوەوە پەیدا بووە کـە وەک لە یەکـچوونی شتـەکـان پێـوەندی بە شـتـەکـانەوە هەیە و دەچێتەوە سەریان، وەک ئەوەی ئەگەر پەیکەرێکی لەشیی هەبێت کە فرە خەڵک نمایش بکات، ساغ دەبێتەوە وێنەی ئەو پەیکەرە تاکە بوونێکی تاکی تایبەتی دەبێ، لەوەدا کە لەو کـەرەسـەیە کـێشـراوە و تاشـراوە، بەڵام چەمکی خـەسڵـەتی هەمـەکی هاوبەشی هەیە لەوەدا کـە نمایشی هاوبەشی خـەڵکێکی زۆر و زەبەندە دەکـات و دەریان دەبڕێ.

چونکە سروشتی مرۆڤ بەپێی ئەوەی ڕەهایە، بۆی هەیە سوکرات دەربڕێ هەر لەبەر ئەوەش کە ڕەهایە، ناکرێ چەمکی جۆری بکەوێ، بەڵکو چەمکی جۆر سەر بە خـەسڵـەتەکـانە کـە بەپێی بوون کـە لە ژێردا هەیەتی،

لەگەڵ سروشتی مرۆڤ دەبن، ئیتر بۆیە وشەی «جۆر» سوکرات دەرنابڕێ وەک ئەوەی مرۆڤ بڵێ: «سوکرات جۆرە»، ئەمە کاتێک بە ناچاریی دەگونجا ئەگەر هاتبایە بەپێی بوون کە مرۆڤ لە سوکراتدا هەیەتی، چەمکی جۆرە چووبایەوە سەر مرۆڤ، یان بەپێی ڕەهایەتی مرۆڤ، بە تایبەتی لەوەدا کە مرۆڤە هەموو شتێک کە مرۆڤ بیکەوێ، ئەوەندەی کە مرۆڤە دەربارەی سوکراتیش دەگوترێ.

بەڵام ڕەگەز بە سروشت دەکرێ دەربڕدرێ، چونکە ئەمە لە پێناسەکەیدا هەیە، ئەوی ڕاست بێ ئەو دەربڕینە شتێکە کە بەهۆی چالاکی ژیرەوە کە یەک دەخات و دابەش دەکات، (ڕێکخستن و جیاکردنەوە) دەکەوێتەوە، ئەمەش بوونی بنەڕەتی لە هەڵکەوتدا هەیە، ئەمە یەکەی یەکڕەنگ شتە کە یەکێکیان ئەوی تر دەردەبڕێ، ئیتر دەکرێ چەمکی دەربڕین (بوون بە بنە) لە دەلالەتی چەمکەکەدا کە جۆرە و بەهۆی چالاکی ژیرەوە دەکەوێتەوە، بوونی هەبێ، سەرەڕای ئەمە ئەوەی ژێر دەیخاتە سەر چەمکی توانایی دەربڕین کە لەگەڵ شتێکی تردا یەکی دەخات، چەمکی ڕەگەز خۆی نییە، بەڵکو پتر ئەوەیە کە ژێر دەیخاتە سەر چەمکی (٢١) ڕەگەز هەروەک ئەوەی وشەی گەوهەری زیندوو نیشانی دەدات.

کەوابوو ڕوون و ئاشکرایە چییەتی، یان سروشت چ پێوەندییەکی بە چەمکی جۆرەوە هەیە، چەمکی جۆر بەسەر چییەتیدا بەو پێیەی ڕەهایە جێبەجێ ناکرێ و نایگرێتەوە، هەروەها چەمکی جۆر بەو خەسڵەتە (ڕووکەشانە) نییە کە لە بەپێی بوون لەگەڵ چییەتیدان و چییەتی لە دەرەوەی دەروونی هەیەتی وەک سپی، یان ڕەش، بەڵکو چەمکی جۆر تەنیا هەر ئەو خەسڵەتانە دەگرێتەوە کە بەپێی بوون لەگەڵ چییەتیدان و چییەتی لەژێردا هەیەتی، بەو شێوازە چەمکی ڕەگەز، یان هی جیاکار لەگەڵ چییەتیدا دێنەوە و دەگونجێن.

**پەراوێز:**

**(١) مەبەست لە فەیلەسووف ئەرستۆیە (٣٨٤-٣٢٢پ.ز).**

**(٢) بوعەلی سینا، میتافیزیک، ١، فەسڵی (٦) ئەوی لێرەدا سەیر دێتەبەرچاو، وەرگێڕی ئەڵمانی ئیبن سینای بە فەیلەسووفێکی عەرەب ناو بردووە! ئەگەرچی ئەو فەیلەسووفە لە ژیانیدا سەردانی ئەو وڵاتانەی دەرەوەی دوورگەی عەرەبی نەکردووە کە بە کوتەک و شمشێر کراون بە عەرەب! بو عەلی سینا مەلا بووە و لە مزگەوت فێری عەرەبی بووە. سەرنجی خوێنەر بۆ لای ئیبن خەلدوون ڕادەکێشین کە چۆن باسی ئەو فەیلەسووفە موسڵمانانەی کردووە.**

**(٣) ئەرستۆ: میتافیزیک فەسڵی (٥)، ١٠١٧ ئەلف ٢٢-٣٥.**

**(٤) مەبەست لە شرۆڤەکار ئیبن ڕوشدە (١١٢٦-١١٩٨ز) کە دادوەر و پزیشک و فەیلەسووف بووە. وەرگێڕ ئەویشی کردووە بە عەرەب!**

**(٥) ئیبن ڕوشد: لە میتافیزیکدا، ٥، شرۆڤە (١٤).**

**(٦) ئیبن سینا: میتافیزیک ٢، ف٢، ١ف ٦.**

**(٧) بو ئیتیوس (٤٨٠- ٥٢٤ز) فەیلەسووف و سیاسەتمەدارێکی سەدەکانی ناوەڕاست بووە.**

**(٨) ئەرستۆ: میتافیزیک (٥) ف ٤، ١٠١٥، ١١-١٣.**

**(٩) ئیبن سینا: میتافیزیک (٥) ف ٥.**

**(١٠) ئیبن ڕوشد: لە میتافیزیکدا، (٧) شرۆڤەی ژمارە (٢٧).**

**(١١) ئیبن ڕوشد: لە میتافیزیکدا، (٧) شرۆڤەی ژمارە (٢٠).**

**(١٢) ئیبن سینا: میتافیزیک (٥) بەشی ٦.**

**(١٣) ئەرستۆ: میتافیزیک ٣، ف ٤، ٩٩٨ ب ٢٤- ٢٦.**

**(١٤) ئەرستۆ: توپیکا ٤ ف ٢، ١٢٢ ب ٢٠.**

**(١٥) ئیبن ڕوشد: لە میتافیزیکدا (١١) شرۆڤەی ژمارە (١٤).**

**(١٦) ئیبن سینا: میتافیزیک (٥) ف ٥.**

**(١٧) ئیبن سینا: میتافیزیک، (٥) ف ٦.**

**(١٨) ئیبن ڕوشد: نەفس ١، شرۆڤەی ژمارە (٨).**

**(١٩) ئیبن سینا: میتافیزیک ٥، ف ١-٢.**

**(٢٠) ئیبن ڕوشد: نەفس ٣، شرۆڤەی ژمارە (٥)**

**(٢١) لەو برگە تەمومژاوییەدا، نووسەر جیاوازی لەنێوان هەردوو ڕەهەندی میتافیزیک و لۆجیکدا دەکات، ئەگەرچی تەنیا هەر زیرەکی لە بەکارهێنانی وشەدا تێدا دەربکەوێ:**

**- سروشتی مرۆڤ بە قسەی ئەکوینی، لە چەمکی جۆر جیاوازە. یەکەمیان مرۆڤ وەک مرۆڤ دەگرێتەوە کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بە هەمەکی میتافیزیکی ناوبراوە.**

**- لە دەلالەت و واتای جۆردا دوو ڕەهەند لە یەکتری جیا دەکرێنەوە:**

**یەک: جۆری ڕەها لەوەدا کە جۆر خۆی جۆرە، ئەمە چەمکێکی لۆجیکییە.**

**دوو: ناوەرۆکی جۆر، یان جۆر وەک ناوەرۆک کە مەبەست لە تاکە دیاریکراوەکانەو بە هەمەکی لۆجیکی ناوبراوە.**

# میتافیزیک لە سەدەی بیستەم

# (١٩٠٠- ١٩٤٥)

**ولیام جێمس دێ ئانگلێس**
**لە ئینگلیزییەوە: سەعید کاکی**
**(سەقز)**

**(٢ - ٢)**

**پێکهاتەباوەڕیی(٤٣) لۆژیکی**

ڕوانگە میتافیزیکییەکانی ڕاسێل بۆ خۆی بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش بەدرێژایی ژیانی گۆڕا. ئەو لە پاش ڕەتکردنەوەی ئایدیالیزم، شێوازێکی ڕادیکاڵی لە ڕیالیزم هەڵبژارد، بەڵام زوو بەزوو لە حاڵەتێکی سەرلێشێواوی و بێ هیوایی وەلانا. لە کتێبی کێشەکانی فەلسەفە لە ساڵی ١٩١٢ بڵاوکرایەوە، ئەو شێوازێکی لە تیۆریی هۆیەکی- ڕوونکردنەوەیی لەسەر هەست پێکردن پەسەندکردووە و ئەمەشی لە لۆک و دیکارت وەرگرتووە. پاش ماوەیەک شێوازی بیرکردنەوەی میتافیزیکی ڕاسێل بە شێوەیەکی بەرچاو گۆڕا.

ئەو ڕێدۆزێکی داهێنەرانەی لە پێناو کێشە میتافیزیکییەکان بەکارهێنا و بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لە ئەستۆی گرت. ئەم ڕێدۆزە لە ڕێگەی ستراتیژییەتێکی سەرکەوتووانە لە بەرهەمەکانی لەسەر بنەماکانی لۆژیکی بیرکاری بەکارهێنابوو، پێوەندی هەبوو. ڕاسێل ئەم ڕوانگەیەی بە «پێکهاتەباوەڕی» ناوی نابوو. ڕاسێل لە کاتی بەکارهێنانی ڕوانگەی ناوبراو لە بەستێنی میتافیزیک دەڵێ: «لە هەر کوێ ڕێی تێ بچێ دەبێ پێکهاتە لۆژیکییەکان لە باتی پێناسە ئەنجامگیرییەکان جێگیر بکەین» [٣,٢٤,٥٥]. ئەم ڕستەیە چ واتایەکی هەیە و بەچ شێوەیەک لەبارەی میتافیزیکەوە بەکاردەهێنرێ؟ بۆ ماوەی چەند سەدەیەک پاش دیکارت، فەیلەسووفە نوێیەکان لایەنگری ئەم باوەڕەبوون، شتە فیزیاییەکان ڕاستەوخۆ هەستیان پێ ناکرێ، ئەگەرچی ئەم ڕوانگەیە ئیدی زاڵ نییە، بەڵام تا بە ئەمڕۆکە بەردەوام بووە. ئەم خاڵە هاوبەشەی کە ئەوەی ئێمە ڕاستەوخۆ لە کاتی هەست پێ کردن لێی بە ئاگاین،

لەبەردەستی کەسی هەست پێکردایە، ئەگەرچی هۆکردە، لەگەڵ ئۆبژەدا هەمانی نییە، خراوەتە سەر ئەم بانگەشە دواییەنییە. ئەم تایبەتمەندییەی ئاگامەندی ڕاستەوخۆ، وەک ئەزموونێکی دەروونی لەبەرچاو بگیرێ، دوایین خاڵی پرۆسەی هەستە و ڕوونکەرەوەی شتی فیزیایی هەست پێ کراوەکانە.

ئەزموونی شتێک ڕوونکەرەوەی ئەو شتەیە و هۆکردیشیەتی؛ بەڵام ئەم دووانە یەک شت نین، کەواتە بەپێی ئەم ڕوانگەیە لە لایەنی تیوریکییەوە ئەگەری هەیە ئەزموونێکمان لە لایەنی چۆنایەتییەوە هەبێ، هەروەک ئەزموونی ئاسایی لە هەست پێ کردنی کوولەکەیەک بەرهەمهاتبێ، بەدەر لەوەی کە ئەم ئەزموونە هۆکردی کوولەکەیەک بێ. وادیارە ڕووداوێکی لەم شێوەیە لە کاتی بینینی خەونێک و وەهمەکانی هەست ڕووی دابێ، تەنانەت خراپتر لەوە ئەوەیە، ئەگەر تێکڕای ئەزموونەکان ڕاستەوخۆ، ئەزموونگەلێکی دەروونی، یان داتای هەست پێکراوی ڕاستەوخۆ بن، ئەوسا چۆن بزانین ئەم ئەزموونانە ڕوونکەرەوەی شتە فیزیاییە سەربەخۆکانە؟ بەپێی ئەم ڕوانگە دواییەنییە، لە بنەڕەتەوە ڕێگەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ لێکدانەوەی ئەگەری ناوبراو بوونی نییە: بە هۆی ئەوەی کە ئەزموونەکان، تەنیا شتێکن بوونیان هەیە کە لە کۆتاییدا دەکرێ لێکیان بدەینەوە، کەسێک قەت ناتوانێ ئەم بابەتە بسەلمێنێ کە ئەم ئەزموونانە، هۆکردی شتگەلێکی ژوور ئەزموونین، یان نا. بەکورتی ئەگەر بێتو ئەزموونێکی لەم شێوەیە لەبارەی هەست پێکردن ڕاست بووایە، کەس نەیدەتوانی زانیاری لەسەر بێ. کێشەکە لێرەدا تاڕادەیەکی زۆر مەعریفەناسانەیە: دەبێ چۆن بزانین لەسەر بنەمای داتا هەستەکییە دەروونییەکان تێ بگەین شتە فیزیاییەکان بوونیان هەیە؟ ڕاسێل ئەم کێشەیەی بە هەند وەرگرت و وەڵامەکەی ئەوە بوو، پێکهاتە باوەڕی لۆژیکی بەکاربێنێ. ئایدیای ئەو لە میتافیزیکدا، هەروەها لە مەعریفەناسیدا گرینگییەکی خۆری هەیە. ستراتیژی ڕاسێل ئەوەبوو پێناسەی ئاڵۆزی بەپێی پێناسە کەمتر ناسراوەکان ئەزموونی بکات. بۆ نموونە ئەم کێشەیە لەبەرچاو بگرین، بەچ شێوەیەک دەبێ باوەڕ بە شتە فیزیاییەکان کە داتا هەستەکییەکان ڕاستەوخۆ ئەزموون دەکەین پاساو بدرێن. لە دوایین شیکاری وا دەردەکەوێ ڕێگەیەک بۆ



ڕاسێل

بەئەنجامگیری شتەکان لە داتا هەستەکییە ڕاستەوخۆکان لەئارادا نەبێ. ڕێگەچارەی جێگرەوە و دەهێنەرانەی ڕاسێل بەم شێوەیەبوو: نابێ شتی فیزیایی وەک پێناسێکی جیاواز کە بڕیارە لە داتا هەستەکییەکان بە ئەنجام گەیشتبێ لە بەرچاو بگرین، پێویستە ئەو شتەی کە ڕاسێل بە پێکهاتەی لۆژیکی بەرهەمهاتووی داتا هەستەکییەکان(٤٤) ناودێری کردبوو، لەبەرچاو بگرین، بەڵام ئەم بانگەشەیە چ واتایەکی هەیە؟ ڕاستییەکەی پێشنیاری ڕاسێل ئەوە بوو نابێ شتە فیزیاییەکان وەک پێناسێکی سەربەخۆ لە داتا هەستەکییەکان سەیری بکەین، دەبێ ئەوانە بەپێی داتا هەستەکییەکان شیکارییانە لە قەڵەمی بدەین. ئەم بابەتە مانای ئەوەیە، شتە فیزیاییەکان وەک پێناسێک سەیری بکەین لە لایەنی میتافیزیکییەوە بنەڕەتی نین و داتا هەستەکییەکان وەک وتەزایەکی بنەڕەتیتر لەم پێناسانە لەبەرچاو بگرین. بڕیار وابوو ئەم پێشنیارە لە ڕێگەی پیشاندانی ئەم بابەتە بێ کە تێکڕای گوزارەکانی پێوەندیدار بە شتە فیزیاییەکان، لە بنەڕەتەوە بەپێی گوزارەگەلێک لەسەر داتا هەستەکییەکان شی دەکرێنەوە بەکاربهێنرێن. ڕاسێل وا بیری دەکردەوە ئەگەر بێتو ئەم پرۆسەیە سەرکەوتووانە بێ، کێشە فەلسەفییەکانی

پێوەندیدار بە داتا هەستەکییەکان و گوزارەکانی پێوەندیدار بە شتە فیزیاییە لۆژیکییە سەربەخۆکانە. ڕاسێل ئەم ڕوانگەی لە کتێبی زانیاری ئێمە لەسەر جیهانیی دەرەوە(٤٥) کە لە ساڵی ١٩١٤ بڵاوکرایەوە دەکۆڵێتەوە. دوو وتاری «پێوەندی نێوان داتا هەستەکییەکان و فیزیا(٤٦)» و «دوایین پێکهێنەرەکانی ماددە(٤٧)» دوا بەدوای یەکتر لە ساڵی ١٩١٤ و ١٩١٥ بڵاو کرانەوە، (لە کتێبی ڕاسێل وەک؛ عیرفان و لۆژیک و کۆمەڵێک وتاری دیکەی(٤٨) لە ساڵی ١٩١٧ دیسانەوە بڵاو بوونەوە)، هەر ئەم ستراتیژییە بەکاردێنێ. ڕاسێل تەکنیکی پێکهاتە باوەڕی لە کتێبی شیکردنەوەی زەین(٤٩) لە ساڵی ١٩٢١ بڵاو کردەوە، لەگەڵ دیاردە زەینییەکان یەکیان بخاتەوە، بەڵام ئەو لە کتێبی شیکردنەوەی ماددە کە لە ساڵی ١٩٢٧ بڵاو کرایەوە، دەستی دایە وازهێنان لەم ستراتیژییە؛ بەڵام ئەم ستراتیژییە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر بەرەیەک لە فەیلەسووفەکان دانابوو.

## ئەتۆمیزمی لۆژیکی

ئەم خاڵە گرینگی هەیە تێ بگەین، ڕاسێل ستراتیژی میتافیزیکی داهێنەرانەی ناوبراوی، لە ئەنجامدا وەک بەشێک لە بەرنامەیەکی فەلسەفیی گەورەتر، بەرزەفڕانەتر و سیستماتیکی دەبینییەوە. ئەو ئەم ڕوانگەیەی لە وتاری «فەلسەفەی ئەتۆمیزمیی لۆژیکی(٥٠)»، بەرهەمێکی بەرچاوە کە لە دوو بەش لە ساڵەکانی ١٩١٨ و ١٩١٩ بڵاو کرایەوە، لێکی دەداتەوە. ئەم ڕوانگەیە لە چوارچێوەیەکی گشتی، ئەگەر نەڵێین لە دوایین وردبینی خۆی ڕوونکەرەوەی ڕێدۆزی گشتیتری ڕاسێل بۆ میتافیزیک لە زۆرترین قۆناغی چالاکییەکانی لە بواری لۆژیک و فەلسەفەدایە [٣,٢٥]. شوێنکەوتنی بەرنامەی ناوبراو لە کاتە جیاوازەکان دەرەنجامی جیاوازیی لێکەوتەوە. ڕاسێل قەت توانایی نەبوو، قەناعەت بەخۆی بێنێ، کەوا ئەو ئەم بەرنامەیەی جۆرێک بەکارهێناوە بە ئەنجامێکی بنەبڕ گەیشتبێ. سەرەڕای ئەمە، ڕوونە ڕاسێل لە بەپیتترین ساڵانی کارەکانی قەت شیلگیرانە لەسەر پێشگریمانە بنەڕەتییەکانی خۆی گومانی لەم بەرنامانە نەبوو. ڕاسێل دەیویست لۆژیکی نوێ بۆ سەقامگیری بەردەوام لە فەلسەفەدا بەکار بێنێ. سیستمی فەلسەفەیەک ئەو لەبەرچاوی گرتبوو، بەدڵنیاییەوە خەسڵەتێکی میتافیزیکی هەبوو. ئایدیاکەی ئەو لەم پێشگریمانانە لەوێوە سەرچاوەی گرتبوو، زۆرجار لە نووسینەکانیدا ئاماژەی پێ دەکات، ئەمەیە کە لۆژیکی کتێبی بنەماکانی بیرکاری پێکهاتەیەکی فۆرمەکی، یان سێنتاکسی زمانی بەتەواوی لۆژیکیانە دەخاتەڕوو، هەرچەندە ئەوەی ئەم لۆژیکە لێی بێبەری بوو کۆی وشەکان بوو.

ڕاستییەکەی بەرنامەی میتافیزیکی ڕاسێل ئەوە بوو، لەم بەرنامەیەدا بڕیار بدەن دەبێ کامە وشە هەڵبژێرن بە مەبەستی ئەوەی بخرێتە سەر سێنتاکسی بەرهەمهاتووی لۆژیکی نوێ، بۆ ئەوەیە گەڕان لە لۆژیکێکی چڕوپڕ بە ئەنجامی بگەیەنێ. ڕاسێل هەستی بەوە دەکرد، زۆرجار زمانی ئاسایی گەڕان بەدوای ڕاستەقینە تووشی سەرلێشێواویمان دەکات. لە لایەکی دیکەوە هەروەک چۆن ڕاسێل لە وتارە بەناوبانگەکەی «لەبارەی دەلالەت» (١٩٠٥) بە سەرسوڕمانەوە پیشانی دەدا، فۆرمی ڕواڵەتی زمانی ئاسایی وەک ئینگلیزی، زۆرجار، فۆرمی لۆژیکی گوزارە، یان بەڵگەهێنانەوەکان دەشارنەوە [٣,٢٥]. لە سەرنجڕاکێشترین سەرکەوتنەکانی لۆژیکی نوێ ئەوەیە، زمانێکی وردبینانە پێشکەش دەکات بۆ ئەوەی پێکهاتەی لۆژیکی گوزارە و بەڵگەکان دەربخا. ڕاسێل هاوشێوەی ئەمە بیری دەکردەوە کە زمانێکی تەواو لۆژیکی کە لەدوای دەگەڕا، نەک هەر پێکهاتەی لۆژیکی خۆی ئاشکرا دەکات، بەڵکو کاتێک کە پاژەکانی شێوازی بەکارهێنانەکەی لەبارەی جیهان ڕوون بێتەوە، پێکهاتەی لۆژیکی ڕاستییەکانیش ئاشکرا دەبن. پاش ئەوەی کە ڕازی بوو ڕێگەیەکی زۆری لە پێناو ئاشکراکردنی سێنتاکسی زمانی بڕیوە، کەوتە شوێن واتاناسیی زمان. ڕاسێل وابیری دەکردەوە چۆن دەتوانێ بگاتە کۆی وشەکانی زمانێکی لەم جۆرە؟ ئەو بەتایبەتی لەم بارەیەوە پێشگریمانەگەلێکی وەک بابەتی گومانهەڵنەگری لەبەرچاو دەگرت. یەکەم ئەوەی کە ئەو لای وابوو تێکڕای گوزارەکان لە زماندا، یان بنەڕەتین، کە ڕاسێل بە «ئەتۆمی» لەقەڵەمی دابوون، یان گوزارەگەلێکی بنەڕەتی شیکارهەڵگرن. بە بۆچوونی ئەو گوزارە نا بنەڕەتییە «مۆلکولی» فۆنکسیۆنە ڕاستییەکانی سەر ڕاستی و چەوتی گوزارە



**ولیام جێمس**

ئەتۆمییەکانن، واتە ڕاستی و چەوتی (هەڵە)ی گوزارەیەکی مۆلکولی فۆنکسیۆنێک لە ڕاستی، یان چەوتی ئەو گوزارە ئەتۆمییانەن لەوانە پێکهاتوون. دووەم ئەوەی کە ئەو لای وابوو گوزارە ئەتۆمییەکان بۆ دەربڕینی ڕاستییەکان بەکاردەهێنرێن، واتە ڕاستییە بنەڕەتی، یان ئەتۆمییەکانی جیهان. لەسەر بنەمای زاراوەناسیی ڕاسێل، گوزارە ئەتۆمییەکانی زمانێکی بەتەواوەتی لۆژیکی، ئەتۆمە لۆژیکییەکان و ئەو ڕاستییانەی ئەم گوزارانە هاوسەنگی ئەوانن، ئەتۆمە میتافیزیکییەکانن، کەواتە بەرنامەی ڕاسێل تاڕادەیەکی زۆر ئەوە بوو، لێکدانەوەیەکی دڵخۆشکەرانە لەم بارەیەوە کە ڕاستی ئەتۆمی چییە و توخمە پێکهێنەرەکانی کامانەن مسۆگەری بکا. ئەم بابەتە لە لایەک ڕاسێلی بەرەو لای خۆی ڕاکێشابوو و لەلایەکی دیکە کێشەی بۆ سازدەکرد؛ ئەو قەت نەیتوانی لەم بارەیەوە بڕیارێکی بنەبڕ بدا. ئەو دوو شهوودی(٥١) فەلسەفییانەی لەم بارەیەوە هەبوو. یەکەم ئەوەی کە ڕاسێل بەتەواوەتی لایەنگری ئەم باوەڕە بوو گوزارە ئەتۆمییەکان پێوەندییان بە هەندەکییەکانەوە هەیە کە ئاماژەی بۆ دەکەن. بە بۆچوونی ئەو ڕاستییە ئەتۆمییەکان دەبێ پێکهێنەرە ڕاستییە بنەڕەتییەکان بە داتا هەستەکییەکان لە قەڵەم بدەن، گریمانەیەک کە بەتەواوی لەگەڵ بەرنامەی پێکهاتە باوەڕانەی لۆژیکی ئەو ناکۆک بوو. ڕاستییەکەی ئەم بۆچوونە پێکهێنەری پەتیترین شهوودی ئەزموونگەرایانەی ڕاسێل بوو؛ واتە شهوودێکە تێکرای گوزارە واتادارەکان لە ئەنجامدا، ئاماژە بە ئەزموونە ڕاستەوخۆکان دەدەن، هەرچەندە ڕاسێل ململانێی لەگەڵ ئەم کێشەیە کرد، بەڵام قەت نەیتوانی لێکدانەوەیەکی وردبینانە لەسەر ڕاستییە ئەتۆمییەکان بەپشت بەستن بە هەردوو پێشگریمانەکان پێکبێنێ، هەروەها بۆ گونجاندنی دوو گریمانەی ناوبراو لەگەڵ یەکتر بەرەو ڕووی کێشە بووەوە، بێجگە لەم کێشانە، ڕاسێل قەت هیوای لەم بارەوە لە کیس نەدا، ئەگەری هەیە ڕاشکاویی میتافیزیکی مسۆگەر بێ. ئەوەی جێگەی سەرنجە بیرکردنەوە میتافیزیکییەکەی قۆناغی ئەتۆمیزمی پێکهاتە باوەڕانە/لۆژیکییانەی هاوڕێ و هاوپیشەکەی، واتە لودڤیک ڤیتگنشتاینی هان دا بەرەو بیرکردنەوە تایبەتییەکەی خۆی، ئەو بیرکردنەوانەی بەزووترین کات ئیلهامی پێ دا بۆ نووسینی یەکێک لە کاریگەرترین و ڕاشکاوترین بەرهەمە فەلسەفییە دژە میتافیزیکییەکانی سەدەی بیستەم. ولیام جێمس: پراگماتیزم، میتافیزیک و یەکەخوازی پووچەڵ

ولیام جێمس یەکەم نوێنەری گەورە و ناسراوی پراگماتیزمە، ئەو وەک زۆربەی کەسایەتییەکانی دیکەی باس کراو لەم بەشە، خوێندەواری زانستی هەبوو و ڕێدۆزێکی چاکسازانەی لەپێناو فەلسەفە گرتەبەر. ئەو لە پزیشکی و دەروونناسی پسپۆڕ بوو و لە سەرەتادا لە خوێندنگەی پزیشکیی هارڤارد وانەبێژ بوو، بەڵام پاش ماوەیەک چوو بۆ کۆلێژی فەلسەفە. ئەو لە ژێر کاریگەری پییەرس بۆ پەرەپێدان بە بنەماکانی پراگماتیزم و بەکارهێنانی ئەوانە لەسەر کێشە فەلسەفییە گرینگەکان بوو. ئەو دڵنیابوو لەوەی کە پراگماتیزم لە بنەڕەتەوە دروستە و لەپێشدا دیاریکراوە کاریگەرییەکی شۆڕشگێڕانەی لەسەر بیرکردنەوە فەلسەفییەکان هەبووە. لە ناو فەیلەسووفانێک کە لەم بەشە باسیان لەسەر کراوە، بەدڵنیاییەوە بە کەمی لەسەر بابەتە هەندەکییەکان وردبین بوو. ئەمە لە کاتێکدایە ئایدیاکانی ئەو فرەلایەن و دەرەنجامەکانی چڕوپڕن، هەروەها دەربڕینە نووسینییەکانی ئەوانە

بەشێوەیەکی بەرچاو ڕوون و سەرنجڕاکێشانە، بەهێزترین بیرکردنەوەکانی جێمس بەردەوام بە ناتەواوی ماونەتەوە، سەرەڕای ئەمە نووسینەکانی ئەو کاریگەرییەکی گەورەی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بریتانیا هەبووە. ڕەگێکی تەواو ئەزموونخوازانە لە بیرکردنەوەکانی جێمس هەیە. ڕاستییەکەی جێمس خۆی بە «ئەزموونخوازێکی ڕادیکاڵ» وەسف کردووە، هەربۆیە ئەو لە بنەڕەتەوە لەگەڵ میتافیزیکی نەریتی بەتەواوەتی نەیار بوو، بەڵام لەگەڵ ئایدیالیزمیی ڕەها بەشێوەیەکی تایبەتی نەیاربوو، هەروەها جێمس ڕێزێکی زۆری بۆ ئایین هەبوو. ئەو لە زۆربەی بەرهەمەکانیدا، هەوڵی دەدا تا ئایین بە بێ چاوپۆشی لە بنەڕەتە ئەزموونخوازانەکەی و لایەنگرییە زانستییە بیرکردنەوەییەکانی، بە هۆکاری پراگماتیکی پاساو بدا. ئەم خاڵە کە ئەو لە ئەنجامدا لەم بابەتەدا سەرکەوتوو بووە، یان نا، پرسیاری سەرنجڕاکێش و لەهەمان کات چارەسەرنەکراوە، سەرەڕای ئەم باسانە بە ئاوڕدانەوەیەک لە باسەکە لەم بەشەدا، باسی ڕوانگە ئایینییەکانی جێمس ناکەین و جەخت لە بنەڕەتی بیرکردنەوەکانی ئەو دەکەین. جێمس بە ڕوونی درکی بەوە کردووە، منەتباری(دەینی) فەلسەفی گەورەی لەلایەن پییەرس لە ئەستۆیە. ئەو بەتەواوی لە ژێرکاریگەری پێداگرانەی پییەرس، لای وابوو پێویستە گوزارە تیوریکییەکان ڕاستەوخۆ بە ئەنجامێکی کردەکییەوە گرێدرا بن و لەگەڵ ئەم باوەڕەی پییەرس کە لای وابوو کارێکی لەم شێوەیە لە بنەڕەتەوە لەسەر گوزارە میتافیزیکییە نەریتییەکان ناگونجێ تەبا بوو، هەربۆیە جێمس ڕێدۆزێکی نەیارانەی هاوشێوەی ئەمەی بۆ زۆربەی باسە میتافیزیکییەکان پیشان دەدا.ئەو لە هەوڵەکانی بۆ پەرەدان بە بۆچوونەکانی پییەرس، گرینگییەکی زۆری بۆ ئەم بابەتە دادەنا، گوایە گوزارە میتافیزیکییەکان ئەنجامێکی تاقیکارانەی لێ ناکەوێتەوە. ئەو لە دوایین بەرهەمەکەی کە لە دوای مەرگی بە ناوی هەندێ لە کێشە فەلسەفییەکان(٥٢) بڵاوکرایەوە، دەنووسێ:

ڕێسای پراگماتیکی لەوەدایە، بە بەردەوامی ئەگەری هەیە لە واتای چەمکێک تێ بگەین، بەو مەرجەی ئەگەر بێتو ئەوە لە بوونایەتی هەندەکیدا کە ڕاستەوخۆ ئاماژەی بۆ دەکات نەیدۆزینەوە، ئەوە لە گۆڕانی دۆخێک کە ڕاستبوونەوەی بەدرێژایی ئەزموونیی مرۆیی پێکی دێنێ، دەیدۆزینەوە.

جێمس لای وابوو کۆمەڵێک لە بیرۆکە میتافیزیکییەکانی ئاشناکان واتادار نین، بۆیە بەوردبینییەوە ئەوانە پێوەندییان بە هیچ ڕەوتێکی ئەزموونی مرۆییەوە نییە؛ بە دەربڕینێکی وردبینانەتر، ئەم ڕوانگەگەلە لەگەڵ هەر ئەزموونێک ڕوودەدەن دەگونجێن. جێمس دۆخێکی لەم جۆرەی وەک کەلێنێکی کوشندە بۆ هەموو ڕوانگەیەکی گەڵاڵەکراو لەقەڵەم دەدا. جێمس وەک نووسەرێکی خاوەن توانست، زۆرجار ئەم خاڵەی بە زمانێکی ئیستعاری دەردەبڕی کە ڕوانگەگەلێکی میتافیزیکی لەم جۆرە «بەهای نەختی(٥٣)» نییە. لەگەڵ ئەمەشدا جێمس وەک پییەرس و ڕاسێل نەیدەویست، بەتەواوەتی کۆتایی بە میتافیزیک بێنێ، بەڵکو دەیویست لە لایەنی بیرکردنەوەییەوە کارێک بکات شیاوی ڕێزلێنان بێ.جێمس لەسەر ئەم باوەڕەبوو، گوتاری میتافیزیکی واتادار مسۆگەرە و لەم ڕێگەیەدا، هێندە سووربوو لەسەری بیدرکێنێ، فەیلەسووفە میتافیزیکییەکان لە هەندێ خاڵدا بانگەشەی بەهادارانە ئاراستە دەکەن؛ واتە بینینییەکی ڕەوا کە «بەهای نەختی» ڕەسەنی هەیە. بۆ نموونە، ئەو لە کتێبی پراگماتیزم(٥٤) کە لە ساڵی ١٩٠٧ بڵاوکرایەوە، لە نێوان دوو شێوە لە ماتریالیزم جیاوازی دانا [٣،٠١]. شێوەی یەکەم بیرۆکەی نەریتی جەوهەری ماددییە، کە پێناسێکی هەست پێ نەکراوی بە پێشگریمانە گرتووە کە چۆنایەتییەکی شیاوی هەست پێ کردنی شتە شاراوەکان لەوێدا جێگیرە. جێمس ئەم ڕوانگەیەی بە پووچەڵ، یان بێ واتا زانیوە، چونکە هیچ بەهایەکی نەختی بە لەبەرچاوگرتنی دەرەنجامە ئەزموونییەکان نییە. خاڵی گرینگ ئەوەیە، ئەو ستایشی بارکلی دەکرد، لانی کەم بەم هۆیەوە ئاماژەی بە بۆشایی ناوبراو کردووە. ئەو ڕەخنەی بارکلی «تەواو پراگماتیستی» وەسفی کردووە. لەبەرانبەر ئەم دارشتنە پووچە لە ماتریالیزم، جێمس پێداگری لە ڕوانگەیەک دەکرد، وەک شێوەیەکی ڕەوای ماتریالیزم سەیری دەکرد. بەبۆچوونی ئەو دەتوانین جەوهەری ماددی بەو ڕادەیەی کە بارکلی ڕەتی داوەتەوە، ئێمەش ڕەتی بدەینەوە و «بە بەردەوامیش لە واتایەکی بەربڵاوتر لە ماتریالیزم

بمێنینەوە، بەم پێیە دیاردەکان لە ئاستێکی بەرزتر لە... لەسەر بنەمای یاساکانی فیزیا لێکیان بدەینەوە» ([٣,١٠]). بە پێی ئەم دارشتنە واتادارە لە ماتریالیزم، دیاردە فرەلایەنەکانی جیهان کە لەخۆگری هۆشیاری، ئامانج، ئاگامەندی، یان مەبەستێک بزانین، دەتوانن لە بنەڕەتەوە بە پێی یاساکانی زانستی فیزیا لێکیان بدەینەوە، ئەگەرچی جێمس لایەنگری لەم ڕوانگەیە نەکردووە، بەڵام لانی کەم بە واتاداری لەقەڵەم دەدا. وا دیارە ئەو وەها بیری دەکردەوە، دوایین ڕوانگە پێوەندی بە دەرەنجامی بینراو و شیاوەکییەکان هەیە. بەدەربڕینێکی ساکارتر، ئەم ڕوانگەیە بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە، شێوە تایبەتییەکانی دیاردەکان دەدزرێنەوە، یان نا، ڕاوەستاو دەبێ، یان تێک دەچێ. کێشەکە لێرەدا تەنیا بینین نییە، بەڵکو لانی کەم دەبێ مەرجی پراگماتیکی جێمس جێبەجێ بکرێ؛ ئەم مەرجەی دەبێ وێنایەک کاردانەوەی هەبێ، گۆڕانێک لە ڕەوتی ئەزموون سازدەکات، کەواتە لێرەدا بەرەو ڕووی میتافیزیکێکی واتادارانە دەبینەوە تاقیکارانە و هاوڕێی زانستە.

جێمس جیاکارییەکی هاوشێوەی لەسەر چەمکی هەمانی تاکەکەسی گەڵاڵە کرد. ئەو شیکردنەوەی دیکارتی لەسەر ئەم چەمکە لە لایەنی پراگماتیکییەوە بێ واتا لە قەڵەم داوە. لە لایەکی دیکەوە ئەو لێکدانەوەی لۆکی بە هێند وەرگرت و وەک ڕەواداریيەکی بەهادار لە فەلسەفەدا لە قەڵەمی دا. بەکورتی دیکارت باوەڕی وابوو، هەستەکان، بیرکردنەوەکان، کارتێکراوییەکان، بیرەوەرییەکان، خەونەکان و خەیاڵاتی کەسێکی دیاریکراو کە لە ڕێگەیەوە، ناوەڕۆکەکان، یان خەسڵەتگەلێکی جەوهەری ڕوحی تایبەتین و پێوەندی بەو کەسەوە هەیە. دیکارت بە ڕاشکاوی ئەم جەوهەرە ڕوحییەی لە ناوەڕۆکەکەی جیای کردووەتەوە و وای بۆ دەچوو ئەم جەوهەرە بۆ خۆی لە ئەزموون بەدەرە، یان ئەزموون ناکرێ، سەرەڕای ئەمە ئەو پێداگری لەوە دەکرد یەکێتی تاکێک لە یەکێتی ئەم جەوهەرە زەینییە سەرچاوە دەگرێ. جێمس ڕەخنەیەکی پراگماتیکی لەم ڕوانگەیە گرت، ئەو بەڵگەی دەهێنایەوە ئەم بۆچوونە لەسەر جەوهەری زەینی بەتەواوی بێ مانان، چونکە هەبوویەک بە گریمانە دادەنێ، لە هیچ ڕوویەکەوە ناکرێ لە ڕێگەی ئەزموونی واقیعییەوە بناسرێ. ئەزموون ڕێگەیەکی لەبەردەستدا نییە، بتوانێ ئامادەیی گریمانەکراوی ئەم جەوهەرە لە نائامادەبوونەکەی جیا بکاتەوە و ڕێگەیەکی بۆ دیاریکردنی دۆخێکە لەوێدا جەوهەری ماددی سەقامگیر، لە ناکاو جێگەی جەوهەرێکی دیکە بگرێتەوە لەبەردەستدا نییە. ئەم بابەتە بە دەربڕینی جێمس جیاکارییەکە گۆڕانکاری لە ئەزموونی ئێمە سازناکات.جێمس بە پێچەوانەی هەڵوێستی دیکارت، ڕەخنەیەکی هاوشێوەی لۆک سەبارەت بە جەوهەری ڕوحی، هەروەها شیکردنەوەی جێگرەوەکەی لەسەر هەمانی تاکەکەسی ستایش دەکرد. بەبۆچوونی جێمس، گرینگی شیکردنەوەی لۆک لەوەدایە، چەمکی هەمانی تاکەکەسی بەو بەها پراگماتیکییەی هەیەتی، بەپێی ئەزموون شی دەکاتەوە؛ واتە ئەم ڕاستییەی کە ئێمە لە ساتێکی تایبەتی لە ژیانمان، ساتێکی دیکە وەبیردێنینەوە و ئەوانە وەک بەشێک لە کورتە مێژوویەکی تاکەکەسی جیاواز هەستی پێ بکەین. جێمس قەت ڕوانگەی لۆکی بەوردی شرۆڤە نەکردووە و لێکی نەداوەتەوە، چونکە ئەوەی بەم جۆرە پەسەندکردووە.

جێمس بەڕوونی بیری دەکردەوە لۆک لە ڕێگەی وەسفی ئاگامەندی، وەک پلە و پێگەیەکی تاکەکەسی و بیرەوەری وەک بنەمای یەکێتی، یان هەمانییەکەی لانی کەم سەرکەوتوو بووە کە هەمانی تاکەکەسی بۆ بابەتێکی گونجاو، واتە بۆ تایبەتمەندییەک لە ئەزموون بیگوێزێتەوە. کەسێک ڕەوتێکی بەردەوامی ئاگامەندییە و ئەوەی ئەزموونی تاکەکەسی بە شێوەی ئەم ڕەوتە بەردەوامە یەکێتی دەبەخشێ، دەبێ لەگەڵ ئەگەری جۆرە تایبەتییەکانی پێوەندییە یادەوەرییەکانی نێوان ئەم ئەزموونانە سەروکاری هەبێ. تێبینی ناوبراو پێش میتافیزیکی ڕاسێل دەکەوێ و تاڕادەیەکی زۆر کاریگەریشی لەسەر داناوە. جۆرێک ڕەشبینی سەبارەت بە بەشی زۆری میتافیزیکی کۆن، هەستی هیوابەخشی لەم بارەیەوە کە دەکرێ چاکسازی لە میتافیزیکدا بکرێت و باوەڕێکی ڕاشکاوانە لەسەر ئەوەی کە میتافیزیکی دروست، دەبێ زاراوە و گوزارەگەلێک بەکاربێنێ دوایین ناواخنەکەیان ئەزموونی بێ، خاڵی هاوبەشی نێوان جێمس و ڕاسێلە.

جێمس وەک ڕاسێل چاکسازخوازێکی میتافیزیکی لە

جۆری بیرکردنەوەی ئەزموونباوەڕانە بوو، وەبیرهێنانەوەی ئەم خاڵە بەهادارە کە ڕوانگەی گشتی جێمس لەبارەی میتافیزیک ئیلهامهێنەری یەکێک لە بنەڕەتیترین ستراتیژییەکانی ڕاسێل بووە، بابەتێکە هەنووکە باسی لەسەر دەکەین. جێمس هۆگری دیاردەباوەڕی بوو. بە پێی ئەم ڕوانگەیە - کە پێکهاتە باوەڕی لۆژیکی ڕاسێلیش نموونەیەکیەتی، شتە فیزیاییەکان بە جۆرێک لە جۆرەکان لەگەڵ ئەزموونەکان هەمانیان هەیە، یان ئەوەی کە بۆ ئەو شتانە کورت بکرێنەوە، بابەتێکی تا ئەو ڕادەیە ڕادیکاڵی دیاردەباوەڕی بۆخۆی لێی بێ بەرییە و جێمس هەوڵی نەدەدا، وردەکاری ڕوانگەیەکی لەم جۆرە وەک ڕاسێل بەچڕی گەڵاڵەی بکات. سەرەڕای ئەمە، ئەو بەشێوەیەکی داهێنەرانە ئەم ڕوانگەیەی لە شتە فیزیاییەکان بەرەو زەین، یان ئاگامەندی پەرەی پێ دا. ئەو ڕوانگەی خۆی لە سەرەتادا لە وتارێک بە ناوی «ئایا ئاگامەندی بوونی هەیە؟» [٣,١٢]، کە لە ساڵی ١٩٠٣ بڵاو کرایەوە لێکی دایەوە.

جێمس باوەڕی وایە شتە فیزیاییەکان لەگەڵ زنجیرەگەلێکی گرێدراوی گونجاو لەگەڵ ئەزموونەکان بەهەمانی لەقەڵەم بدرێ، پێشکەوت و ئەگەری هەیە، بۆ لایەنگری لە تێبینییەکانی لۆک بانگەشەی ئەوەی کرد کە زەینەکان، یان ڕەوتەکانی ئاگامەندی لە ڕێگەی بەکارهێنانی ستراتیژی هاوشێوە شی بکرێتەوە. ئەو بەڵگەی دەهێنایەوە ڕوانگەیەکی لەم جۆرە نەک هەر پەسەندکراوە، بەڵکو لەخۆگرتنی شێوازێکی سەرسوڕهێنەرانە لە دەست پێوەگری چەمکیانەیە، بەتایبەتی لە کۆتاییدا پێویستیمان بە گریمانەگرتنی وتەزایەک لە هەبووەکان، واتە ئەزموون هەیە. ڕاستییەکەی جێمس شێوەیەکی نوێی لە یەکەخوازی پێشنیار دەکرد، لەسەر ئەو بنەمایە، دوایین هەوێنی(٥٥) گەردوون نە زەینە و نە ماددەشە، بەڵکو ئەزموونی پەتییە. جێمس یەکێک لە ئەنجامەکانی ئەم ڕوانگەیەی بەتەواوی پەسەند دەکرد و ئەوەیە کە ئەزموونێکی تاک [یان هەمان ئەزموون] دەتوانێ بەشێک لە کۆمەڵێک لە ئەزموونەکان بێ، ئەمەش پێکهێنەرەی شتە فیزیاییەکانی ئەوە و دەتوانێ بەشێک لە کۆمەڵێک لە ئەزموونەکان بێ، پێکهێنەری ڕەوتێک لە ئاگامەندی، یان زەینێکی هۆشیارە. جێمس بیری دەکردەوە ئەم تێبینیانەی لەم لایەنەوە ڕزگاریهێنەرە، بە جۆرێک پێشگریمانە قووڵە دیکارتییەکان لەسەر جیاکاری بنەڕەتی نێوان زەین و لەش ڕەت دەکاتەوە؛ جیاوازییەک کە بووە هۆی سەرهەڵدانی کۆمەڵێک مەتەڵی میتافیزیکی بەڕواڵەت بێ پایان. ڕوانگەکانی جێمس شێوەیەکی نە ئایدیالیستییە و نە ماتێریالیستی لە یەکەخوازییە، هەر بۆیە وەک یەکەخوازییەکی پووچەڵ ناوبانگی هەیە. ڕاسێل لە ژێرکاریگەری جێمس بۆ ماوەیەک یەکەخوازیی پووچەڵی پەسەند کردووە. کتێبەکەی ئەو بە ناوی شیکردنەوەی زەین(مایند) کە لە ساڵی ١٩٢١ بڵاو کرایەوە، هەوڵێکی جێی سەرنجە بۆ شێوەدان بە میتافیزیکی هاوتەریب لەگەڵ یەکەخوازی پووچەڵە [٣,٢١]، بەڵام وەک دەرکەوت، ئەم ڕوانگەیە هێندە کاریگەر نەبوو. بۆ ماوەیەکی درێژ نەوەکانی دوایی لە فەیلەسووفەکان، کێشەیەکی قووڵی لەسەر دیاردەخوازییان دیاری کرد کە لە بەشە بنەڕەتییەکانی ئەم ڕوانگەیە سەرچاوە دەگرن. شێمانەی دەوامی زیندووڕاگرتنی میتافیزیک لە هەر جۆرێک بێ، بە خێراییەکی زۆر و بەتوندی کەوتە بەر پرسیار و لێکۆڵینەوە.

### لۆدڤیک ڤیتگنشتاین: هەرەسهێنانی میتافیزیک

بەتەواوی ڕوون نییە ئایا دەبێ لۆدڤیک ڤیتگنشتاین (١٨٨٩ -١٩٥١) لە وتارێک لەسەر فەیلەسووفە ئینگلیزی و ئەمریکییەکاندا هاتووە لە ڕیزی ئەو فەیلەسووفانە جێگیری بکەین، یان نا. ڤیتگنشتاین لە ڤیەننا لە دایک بووە و گەشەی کردووە. ئەو بەرهەمەکانی خۆی بە زمانی ئەڵمانی، واتە زمانی دایکی دەنووسی. لە لایەنی مەرام و شێوەی ژیانی وەک کەسێکی خەڵکی ڤیەننا دەژیا. سەرەڕای ئەمە قۆناغی ئیشی فەلسەفییەکەی بە تەواوی لە کامبریج گیرسایەوە و لە ئەنجامدا بوو بە هاووڵاتی بریتانیای گەورە. زۆربەی هاوڕێ نزیکەکانی، واتە کەسانێکن شێلگیرانە مشتومڕی فەلسەفییان لەگەڵ دەکرد، بەریتانی بوون. کاریگەری ئەو لەسەر جیهانی ئینگلیزی زمان لە ڕادەبەدەر بووە. لە ئەنجامدا، باسە جۆربەجۆرەکانی ئەو لەسەر ڕوانگەکانی ڤیتگنشتاین لە بەرهەمە بڵاوکراوەکانی لەسەر فەلسەفەی بەریتانی هەیە.

ڤیتگنشتاین کەسێکی ئاڵۆز و مەتەڵئاسا بوو و بەرهەمەکانی بەتەواوی سەرسوڕهێنەرن. وەبیرهێنانەوەی ئەم خاڵە گرینگی هەیە، زۆربەی فەیلەسووفەکانی هاوچەرخ- کەسانێکی لەو کەسانەی کە لایەنگری ڕوانگەکانی ڤیتگنشتاین نین دەگرێتەوە. ئەو دوو کتێبی بۆ بڵاوکردنەوە نووسی. یەکەم تراکتاتۆس(نامیلکەی لۆژیکی- فەلسەفی ١٩٢١) کە دەوترێ «ڤیتگنشتاینی یەکەم» ڕێبەرایەتی دەکات و ئەوی دیکە کتێبی توێژینەوە فەلسەفییەکانە (١٩٥٣) کە نوێنەرایەتی «ڤیتگنشتاینی دووەم» دەکات. لەم بەشەدا باس لە بەرهەم و بیرکردنەوەکانی ڤیتگنشتاینی یەکەم و کاریگەرییەکانی دەکەم. ڤیتگنشتاین ئەندازیاری خوێندبوو، هۆگری کێشەگەلێک لەسەر بنەماکانی بیرکاری بوو و چووە کامبریج و بۆ ئەوەی لە لای ڕاسێل بخوێنێ. ڕاسێل دەستبەجێ زانی لە لایەنی فەلسەفییەوە هاوپلەی خۆیەتی.

ڤیتگنشتاین حەزێکی تایبەتی بۆ خوێندنەوەی بەرهەمە فەلسەفییەکانی ڕاسێل هەبوو، هەرچەندە هەردووکیان قەت پێکەوە لە نووسینی بەرهەمێکی فەلسەفی هاریکارییان لەگەڵ یەکتر نەکرد، بەڵام ئەوان بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بەر لە یەکەمین جەنگی جیهانی هاوڕێ و هاریکاری یەکتر بوون. ڕاسێل لە وتاری «فەلسەفەی ئەتۆمیزمی لۆژیکی» بە ڕوونی ئاماژە بە دەوری گرینگی ڤیتگنشتاین لە پێکهێنانی ئایدیاکانی دەکات. ڤیتگنشتاین لە تراکتاتۆسدا بیرۆکەکانی ڕاسێل بە پاڵنەرێکی گرینگ بۆخۆی وەسف دەکات. ئەم دوو کتێبە لە ناوەرۆکە کلیدییەکاندا هاوبەشن، بەڵام جیاوازیی ئەوانیش گرینگە. لە تایبەتمەندییە زەقەکانی تراکتاتۆس بەرپەرچدانەوەی ڕاشکاوی فەلسەفەی میتافیزیکییە. ئەم ڕەتکردنەوەیە بە شێوەیەکی ڕادیکاڵی گەڵاڵەکراوە. ڤیتگنشتاین بەپێچەوانەی مۆر بانگەشەی ئەوە ناکات گوزارە میتافیزیکییەکان زۆرجار ناڕاستن، هەروەها ئەو بە پێچەوانەی ڕاسێل، یان پیبەرس باوەڕی نەبوو، فەلسەفەی میتافیزیکی نەریتی لە لایەنی لۆژیکییەوە ئاڵۆزە و پێویستی بە بەکارهێنانی تەکنیکی نوێیە بۆ ئەوەی بەهای ئەوەی هەبێ بخوێنرێتەوە. ڤیتگنشتاین جەختی لەوە دەکردەوە نووسراوە میتافیزیکییە نەریتییەکان، تەنانەت ناتوانن گوزارەگەلێک گەڵاڵە بکەن ڕاست، یان چەوت بن. بە بۆچوونی ئەو ئەم نووسراوانە بە تەواوی بێبەری لە واتان. خوێندنەوەی کتێبی تراکتاتۆس قورسە (ئاسان نییە). ئەم کتێبە زۆر کەم، یان کورتە، بەڵام بەتەواویی پڕ پیتە. ستایلی نووسینەکەی سرووش شێوە نووسراوە. ئەم کتێبە لە برگەگەلی کورت پێکهاتووە کە بە شێوەیەکی سیستماتیکی ژمارەدار کراون، زۆرجار برگەکان کورتن. کتێبەکە ئاوڕ لە زمان، لۆژیک، بیرکردنەوە، جیهان و لە هەمووی گرینگتر پێوەندی نێوانیان دەداتەوە. ڕوانگەکانی ڤیتگنشتاین لەسەر نموونەی ناوبراو لەم کتێبەدا سەرسوڕهێنەرانە ڕەسەنن، بەڵام بە دڵنیاییەوە لەگەڵ تێگەیشتنی باو هاوتەریب نین. خوێنەر زۆر بە کەمی ڕێنوێنی دەکرێن؛ زۆربەی خاڵە داپۆشراو و لێڵەکان شی ناکرێنەوە؛ بە کەمی بەڵگەیەک لە پێناو بانگەشە کلیدییەکان گەڵاڵە دەکرێ؛ نووسەر بە درێژایی کتێبەکە شتێک لەسەر پەرەپێدان بە ئەنجامگیرییە فەلسەفییەکان نادرکێنێ. تراکتاتۆس بۆ دەیەیەکی بەردەوام بە باشی لێی تێنەگەیشتن و هێشتا ناکۆکی لە بۆچوون گەلێک لەسەر شرۆڤەکردنی لە ئارادایە. ڤیتگنشتاین لە سەرەتایەکی کورت لێکی دەداتەوە، هەوڵ دەدا پێشانی بدا سنوورێک بۆ ئەو شتەی دەمانەوێ بیڵێین هەیە، ئەگەرچی مەبەستی ئەو لەم دەربڕینە ئەوەیە، سنوورێک بۆ ئەو شتەی کە دەکرێ بەشێوەیەکی واتادارانە بڵێین بوونی هەیە. ئەو لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئیستعارەی سنوورداری، دەنووسێ «لەو دیوی ئەم سنوورەدا تەنیا بێ واتایی دەبێ».

بە کورتی، لانی کەم ستراتیژییە گشتییەکەی ئەو تا ڕادەیەک ڕاشکاوانە گەڵاڵە دەکرێ: لە ڕێگەی پیشاندانی سنوورەکانی ئەو شتەی کە دەتوانین واتادارانە لە زماندا دەریببڕین، ڕوون دەبێتەوە کە میتافیزیک (هەروەها ئاکار، جوانیناسی و ئایین لە «لایەکی دیکەی» سنوورەکەدا جێگیر بوون؛ واتە لە جیهانی بێ واتایی تەنیا. ڤیتگنشتاین مەبەستێکی جگە لەمەی نەبوو بۆ ئەوەی پیشانی بدا، ئەو فەیلەسووفانەی هەوڵیان داوە بەرهەمگەلێکی میتافیزیکی، جوانیناسانە، ئەخلاقی و ئایینی بنووسن، تەنیا لە بەرهەمهێنانی بابەتە بێ واتاکان سەرکەوتوون. بە بۆچوونی ڤیتگنشتاین کەسانێکی لەم جۆرە ڕاستییەکەی شتێکی بۆ وتن نەبوو،

چونکە شتێک بۆ وتن نەبووە. جێگەی سەرسوڕمان نییە، بیرۆکەکانی ئەو بە توندی جوولێنەربوون. لە هەمان کاتیشدا بیرۆکەی سەرەکی کتێبەکە ئیلهام بەخشی ڕێبازێکی کاریگەر بووە لەسەر فەلسەفە، واتە پۆزیتیڤیزمی لۆژیکی، کە ئەندامانی کۆڕی ڤیەننا و لایەنگرەکانیان پەیڕەویان کردووە، بەڵام بەرەو ڕووی ڕەخنەیەکی بەگوڕوتین بووەوە. ڤیتگنشتاین تاڕادەیەک کاردانەوەی لەهەمبەر لایەنگران و ڕەخنەگرەکانی پیشان نەدا. ئەو باوەڕی وابوو بە بنەبڕی وەڵامی گرینگترین پرسیارە فەلسەفییەکانی داوەتەوە و بە ڕەزامەندییەکی سەقامگیر هەڵسوکەوتی دەکرد. ئەو بە گشتی باسەکەی جێهێشت، پاشان بوو بە مامۆستای خوێندنگە و چوو بۆ خوێندنگەیەک لە ناوچەیەکی لادێ لە (نەمسا) و بوو بە باخەوان، هەروەها نەخشەی خانوویەکی بۆ خوشکەکەی داڕشت و دروستی کرد. ئەو بەدرێژایی دە ساڵ لە دوای نووسینی تراکتاتۆس کارێکی ئەوتۆی لەبواری فەلسەفەدا نەکرد. کاتێک لە ڕوانگەکانی ناو تراکتاتۆس گومانی بۆ سازبوو، بۆ فەلسەفە گەڕایەوە. ڕەتکردنەوەی میتافیزیک لە لایەن ڤیتگنشتاین لە تراکتاتۆس بۆ دەرەنجامی ڕوانگە تازەکانی ئەم کتێبە لەسەر زمان دەگەڕێتەوە. بەپێچەوانەی ڕاسێل کە زمانێکی تەواو لۆژیکی وەک جێگرەوەیەک بۆ زمانی یاسایی دەبڕوانی، ڤیتگنشتاینی یەکەم باوەڕی وابوو، زمانێکی ئایدیالی لەم شێوەیە لەژێر ئاستی ڕووکەشی زمانی ئاساییدا خۆی حەشار داوە. ڕاستییەکەی وا دەردەکەوێ ئەو وەها بیری دەکردەوە، شتێک وەک زمانی ئایدیالی ڕاسێل بۆ ئەوەی بیەوێ لە بنەڕەتەوە کارێک بکات، دەبێ لە ژێر ناوی زمانی ئاساییدا بێ. ئەو لای وابوو، زمانی ئاسایی پێویستی بە بن پێکهاتەیەکی لۆژیکی چڕوپڕ هەیە و ڕاستییەکەی خاوەنی ئەو شتەیشە. بەدەر لەم خاڵە جیاوازە، ڤیتگنشتاین بە لایەنگری لە ڕاسێل لای وابوو تەواوی گوزارە واتادارەکان فۆنکسیۆن ڕاستییەکانی سەر گوزارە ئەتۆمییەکانن. ئەو بیرۆکەیەکی نوێ و سەرنجڕاکێشی خستەسەر ڕوانگەی ناوبراو: گوزارە ئەتۆمییەکان وێنای ڕاستییە ئەتۆمییەکانن. پاژی ئەم بیرۆکەیە ئاڵۆز و سەختن، بەڵام ڤیتگنشتاین یەکێک لە ئەنجامەکانی بە ڕاشکاوی گەڵاڵەکرد: چەوتی و ڕاستی گوزارەیەکی ئەتۆمی قەت ناکرێ بە شێوەیەکی پێشیانە بیسەلمێنین.

هەر گوزارەیەکی ئەتۆمی وێنایەکە و لەم ڕووەوە، ڕاستی و چەوتی گوزارەی ناوبراو بەم بابەتەوە بەندە، ئایا جیهان بە دروستی وێنا دەکات، یان نا. سەلماندنی ڕاستی و چەوتی(ناڕاستی) گوزارەیەکی ئەتۆمی پێویستی بە بەراوردکردنی لەگەڵ جیهانە، کەواتە ڕاستی و چەوتی گوزارەی ناوبراو بە ڕاشکاوی بابەتێکی ئەزموونییە. گوزارەیەکی ئەتۆمی ڕاستە ئەگەر و تەنیا ئەگەر جیهان، ڕاستییەک لە خۆ بگرێ کە لە گوزارەی باس کراو وێنای بۆ کراوە. ڤیتگنشتاین لای وابوو تێکڕای گوزارەکان، یان ئەتۆمین، یان فۆنکسیۆنێکی لەسەر گوزارە ئەتۆمییەکانن و تاقمی دووەم بە پشت بەستن بە ڕاسێل گوزارە «مولکولییەکان» ناودێری دەکەن. ئەو هەروەها بەوردبینییەوە چەمکی هەمانناسی(٥٦) شی کردووەتەوە، هەمانناسی گوزارەیەکی مولکولییە کە بەدەر لە ڕاستی و چەوتی توخمەکانی ڕاستە. بۆ نموونە وای دانێین P گوزارەیەکی ئەتۆمییە و سەرنجی گوزارەی «P یان نا P» بدەن. ئەمە گوزارەیەکی مولکولی سادەی ڕاستە، جا گوزارە ئەتۆمییە پێکهێنەرەکەی واتە P ڕاست بێ، یان هەڵە بێ، گوزارەیەکی لەم جۆرە ڕاستبوونەوەی لۆژیکییە؛ ڕاستبوونەوەی لە پێکهاتە لۆژیکییەکەی دەکەوێتەوە و لەگەڵ هەلومەرجی کردەکی لە جیهاندا دەگونجێ. گوزارەی باس کراو بە دڵنیاییەوە ڕاستە، بەڵام ڕاستبوونەوەی بەتاڵ، یان پووچە، چونکە زانیارییەکی ڕاستەوخۆ لەسەر جیهان بە ئێمە نادا، هەروەها ڤیتگنشتاین ئاوڕی دایەوە کە ناڕاستی لۆژیکی بوونی هەیە(بۆ نموونە هەم P و هەم نا P) وەک هەمانناسییەکان کە لە ڕێگەی فۆرمە لۆژیکییەکان هەڵەن و ناوەڕۆکەکەیان ڕوو لە ڕاستی نییە.

ڤیتگنشتاین ئەم بانگەشە بەهێزەی گەڵاڵە کردووە کە هەمانناسیانەن، تاکە جۆری ڕاستبوونەوەی پێویست، یان پێشینیانەکان پێکدێن. تێکڕای ڕاستبوونەوەکانی دیکە بە پێکهاتەی واقیعی جیهانەوە گرێدراون، یەکەم ئەوەی کە گوزارە ئەتۆمییەکان، جیهان بە دروستی وێنا دەکەن، یان نا. ڕاستبوونەوەی ئەوان جگە لە چۆنیەتی جیهان بە شتێکی دیکەوە گرێ نەدراوە. گوزارە مولکولییەکان هەمانناسی، یان ناڕاستی لۆژیکی نین، لە کاتێکدا

ڕاست لە ئاو دەردێن بە جۆرێک هەندێ لە نموونەگەلێکی ڕاست، یان هەڵەی نێوان پاژە پێکهێنەرەکانیان جێگیر بێ، کەواتە ڕاستی و ناڕاستی (چەوتی) ئەوان بە بەردەوامی بە بابەتەکەوە گرێی خواردووە کام لە بەشەکانی(پاژ) ڕاست و کامیان هەڵەن، بابەتێکە بە نۆرەی خۆی بە ناچاری بە جیهانی واقیعەوە گرێی خواردووە. بە کورتی ڤیتگنشتاین لەسەر ئەم باوەڕە بوو، دوو جۆر ڕاستبوونەوە هەیە. هەمانناسییەکان ڕاستبوونەوە پێویست و پێشینیانەکانن کە بێ بەری لە ناوەرۆکی پەیوەست بە ڕاستین و تێکڕای ڕاستبوونەوەکانی دیکە، پێویستیان لەوەدایە، جیهان بە شێوەیەکی تایبەتی بێ کە شیاوەکی و پاشیانەن، ئەو بە ڕوونی و ڕاشکاوی دەڵێ شوێنێک بۆ ڕاستبوونەوە میتافیزیکییەکان نامێنێتەوە، بڕیارە لە لایەک پێویست بن و لە لایەنی واتاییەوە ڕاستی تەنیا تێپەڕن. بە بۆچوونی ئەو تێکڕای ڕاستبوونە پێویستەکان پووچن و تێکڕای ڕاستبوونەوەکان خاوەنی گرینگی پەیوەست بە ڕاستی، یان واقیعن. ئەو ڕاستبوونە واتادارەکانی کە لە واقیعی ئەزموونی تێدەپەڕن بوونی نییە، ئەمە لە کاتێکدایە، میتافیزیکی نەریتی بانگەشەی ئەوەی کردووە ڕاستبوونێکی بان ئەزموونی لەم جۆرەی سەلماندووە. گەرواێ پلانی ڤیتگنشتاین شوێنێک بۆ میتافیزیکی نەریتی ناهێڵێتەوە. پاژەکانی پێوەندیدار بە بەرپەرچدانەوەی میتافیزیک لە لایەن ڤیتگنشتاین بووە هۆی ئەوەی کە، پۆزیتیڤیستە لۆژیکییەکان بەرەو لای خۆی ڕاکێشا و هەوێنی دژایەتی لەگەڵ میتافیزیکیاندا داڕشت.

## ڤیتگنشتاین و پۆزیتیڤیستە لۆژیکییەکان (٥٧) باوەڕە هاوبەشەکان

بەدرێژایی دەیەی ١٩٢٠، گرووپێکی بەرچاو لە فەیلەسووفە هاوبیرەکان لە شاری ڤیەننا پێکهاتن، ئەم گرووپە بە ناوی کۆڕی ڤیەننا ناسراون، لە ژێر ڕێبەرایەتی مووریتس شلیک(٥٨) (١٨٨٢- ١٩٣٦) کۆ بوونەوە. ئەوان کۆمەڵێک فەیلەسووف بوون وەک گرووپێک لە بواری بیرکاری و زانستە ئەزموونییەکان ئەوەندەی فەلسەفەش خوێندەوارییان هەبوو. ئەندامانی پێشەنگی گرووپەکە بریتی بوون لە: ئۆتۆ نویرایت(٥٩)، فریدریش وایزمان(٦٠)، هانس هان(٦١)، ڕۆدلف کارناپ(٦٢)، گۆستاف بێرگمان(٦٣)، هێربێرت فایگل(٦٤) و ئۆلگاهان نویرایت(٦٥). کارڵ پاپێر(٦٦)، تاڕادەیەک پێوەندی لەگەڵ گرووپەکە بوو. کۆڕی ڤیەننا کاریگەرییەکی بنەڕەتی لەسەر بیری فەلسەفی لەسەدەی بیستەم هەبوو. وەک ڤیتگنشتاین بە سانایی بڕیار نادرێت، ئایا دەبێ بەرهەمی ئەم بیرمەندانە لەسەر لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکانیان لە ڕیزی وڵاتانی بریتانیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گەلاڵە بکرێن، یان نا. کەس لەوان خەڵکی ئەو وڵاتانە نەبوون و زمانی دایکیان زمانی ئینگلیزی نەبوو، بەڵام هەندێ لە ئەندامانی کۆڕی ڤیەننا لە دەیەکانی ١٩٣٠ و ١٩٤٠ بەرەو وڵاتە ئینگلیزییە زمانەکان کۆچیان کرد.

کارناپ و فایگل بە درێژایی چەندان ساڵ پلە و پێگەی خۆیان لە کۆمەڵگای فەلسەفی ویلایەتە یەکگرتووەکان تۆمار کرد. ڕوانگەکانی ئەندامانی کۆڕەکەیان، وەک شوێنەکانی دیکەی جیهان کاریگەریشی لەسەر جیهانی ئینگلیزی زمان هەبوو. ئەوان بۆ خۆیان لە ژێر کاریگەری ئیشە سەرەتاکانی ڕاسێل و ڤیتگنشتاین بوون. شیلیک بە ڕاشکاوی دەیگوت، ڕاسێل فەلسەفەی نوێی بەرەو خاڵێکی وەرچەرخانی نوێ کێشاوە. بەهۆی پێداگری ئەو، هەندێ لە ئەندامانی کۆڕەکە، کۆمەڵێک دانیشتنیان بۆ توێژینەوەی کۆیی و سیستماتیکی لەسەر تراکتاتۆس دروست کرد. ئەوان ستایشی ئەم کتێبەیان دەکرد و خۆیان بە هاوەدەنگی دەزانی و ئیلهامیان لێ وەردەگرت. کاتێک ڤیتگنشتاین لە کۆتاییەکانی دەیەی ١٩٢٠ گەڕایەوە بۆ ڤیەننا، شیلیک قەناعەتی بە ڤیتگنشتاین هێنا، کۆمەڵێک دانیشتن بۆ باس لەسەر تراکتاتۆس لەگەڵ هەندێ لە ئەندامانی کۆڕەکە ڕێک بخات. دوای ماوەیەک دوو فەیلەسووفی گەنج، واتە دەبلیو.ڤی. کواینی(٦٧) ئەمریکی و ئەی.جەی.ئایەری(٦٨) ئینگلیزی، پێوەندییان لەگەڵ کۆڕەکە بوو. کواین بوو بە یەکێک لە درەوشاوەترین و گرینگترینی فەیلەسووفە ئەمریکییەکانی سەدەی بیستەم و ئایەر نوێنەری پێشەنگی ڕوانگەکانی کۆڕەکە لە جیهانی ئینگلیزی زمان و مامۆستای نووسینی ڕوونی و چالاکی فەلسەفی بوو. باش نییە لامان وابێ پێکهاتنی سەرەتای کۆڕەکە وەک ڕووداوێک لە مێژووی فەلسەفەی

بەریتانی، یان ئەمریکی لەقەڵەمی بدەین، بەڵام کۆڕەکە وەک گشتێک بە دڵنیاییەوە کاریگەرییەکی تایبەتی لەسەر مێژووی ناوبراو هەبووە، بە تایبەتی لە بواری میتافیزیک. گەڵاڵەکردنی کورتە باس لەسەر ڕوانگە گشتییەکانی ئەندامانی کۆڕەکە لەسەر میتافیزیک بەتایبەتی ئەو خاڵانەی پەیوەندییان بە ڕوانگەکانی (ڤیتگنشتاین)ـەوە هەیە بە دڵنیاییەوە جێگەی ڕێزە. ئەندامانی کۆڕی ڤیەننا هۆشیارانە خۆیان بە نوێنەری بزووتنەوە فەلسەفییەکان دەزانی. ئەوان لە هەندێ لایەنی جۆربەجۆر وەک بزووتنەوەیەکی سیاسی دەجوولانەوە.ئەوان سیمیناریان سازدەدا، گۆڤاری فەلسەفییان بۆ بڵاوکردنەوەی ڕوانگەکانیان بڵاو دەکردەوە، تەنانەت مانیفێستێکیان بە ناوونیشانی «جیهانبینی زانستی: کۆڕی ڤیەننا» لە ساڵی ١٩٢٩ بڵاو کردەوە. بۆ ماوەیەک بەر لە دەیەیەک، ئەوان هێزێکی گرینگ لە فەلسەفەی ئەوروو‌پی لە قەڵەم دەدران و هەروەک ئاماژەمان پێ کرد، کاریگەرییەکی بەربڵاوی لەسەر جیهانی ئینگلیزی زمان هەبوو، هەروەها ئەوان لە بارەی هەندێ لە خاڵەکان لەبارەی بابەتەکانی فەلسەفە ناکۆکن، بەڵام لە ڕوانگە گشتییەکانیان سەبارەت بە کێشە فەلسەفییەکان هاوسۆزییەکی بەرچاویان هەبوو. ڕوانگە هاوبەشەکانی ئەوان بە «پۆزیتیڤیزمی لۆژیکی»، یان «ئەزموونخوازیی لۆژیکی» ناودێر کراوە. سەرەڕای ئەوەی کە، ئەو بەشانەی ئەوان لایەنگری بوون، فەلسەفەی زانست، بنەماکانی بیرکاری، تیوریی زانست، فەلسەفەی زمان و فەلسەفەی ئاکاری دەگرتەوە، بەڵام ئەمە ڕوانگەکانی ئەوان لە بواری میتافیزیک بوو زۆرترین سەرنج و ململانێی لەسەر بوو. لانی کەم لەم لایەنەوە ڕوانگە پۆزیتیڤیستییەکان، ڕاستییەکەی لەگەڵ ئەو شتەی کە ڤیتگنشتاین لە تراکتاتۆس گەڵاڵەی کردبوو هاوسەنگ بوو.

ئەوان ڕوانگەی ڤیتگنشتاین کە پێکهاتبوو لەسەر ئەوەی کە، تێکڕای گوزارە واتادارەکان، یان هەمانناسین، یان ئەوەی کە، پەیوەستن بە بابەتە ڕاستی و پاشییەکان پەسەندیان کرد (ئەگەرچی وادیارە شلیک تارادەیەک بۆخۆی سەربەخۆ بەم ئەنجامە گەیشتبوو). ئەندامانی کۆڕەکە لەگەڵ ڕوانگەی ڕاسێل و ڤیتگنشتاین هاودەنگ بوون کە هەر گوزارەیەکی واتادار پەیوەستە بە واقیعی فۆنکسیۆنی ڕاستبوونێک کە لەسەر گوزارە بنەڕەتییەکان پێکهاتووە، بۆیە ئەوان لایەنگری ئەوە بوون هەر گوزارەیەکی پەیوەست بە ڕاستییەکی لەم جۆرە خاوەنی کۆمەڵێکی دیاریکراو لە دۆخی ڕاستبوونە و ئەم پرسیارەی کە ئایا ئەم دۆخە جێگیرن، یان نا بابەتێکی ئەزموونییە، هەرچەندە ئەوان تیوری وێنای ڤیتگنشتاینیان لەسەر واتا پەسەند نەکرد، بەڵام پێداگری ئەوان لەم بارەوە کە گوزارە بنەڕەتییەکانی زمان دەبێ لەگەڵ جیهان بەراورد بکرێن بە مەبەستی ئەوەی کە، ڕاستی و ناڕاستییان دیاری بکرێ، بە هێمایەکی ڕوونی ئەم خاڵەیان زانیوە کە ڤیتگنشتاین توێژینەوەی لە ڕێگەی بینینەوە لە مێشکدا بووە، تەنانەت ئەوان گرینگییەکی لەڕادە بەدەریان بۆ چەمکی توێژینەوە لە ڕێگەی بینین دانابوو و ئەوەیان بە بنەمایەک دانابوو کە لە دەوری کۆ بووبوونەوە، ئەوان ئەم بنەمایەیان بە یاسای ساغکردنەوە ناودێر کردبوو. بیرۆکەی گشتی شاراوەی پشت ئەم بنەمایە (ئەندامانی بازنەکە قەت لەسەر پێناسە وردبینانەکەی کۆک نەبوون) بەم جۆرە بوو: هێمای واتاداری گوزارەیەکی نا هەمانناسیانە لەوەدایە، لە بنەڕەتەوە میتودێکی بۆ توێژینەوەی ئەزموونییەکەی لە ئارادا بێ؛ لە بەرانبەردا، گەر ڕێگەیەک بۆ توێژینەوە لەسەر گوزارەی بانگەشەیی نالۆژیکی نەبێ، ئەوە گوزارەیەکی بێ واتایە. پۆزیتیڤیستەکان گوزارەیەکی لەم جۆرەیان بە زرە، یان نیوە گوزارە ناودێر کردووە. ئەوان لایان وابوو تەواوی گوزارە گەڵاڵەکراوەکان لە میتافیزیکی نەریتی زرەگوزارەگەلێکن بە هەڵە وای بۆچوون کە گوزارەگەلێکی ڕاستەقینەی بەرزەجێن و دەبێ بەدەر لە جیهانی توێژینەوەی ئەزموونی ئەگەری هەیە وەسفی دەکەن، ئەگەر وابێ لە هەمان کاتدا، بنەمای بیری پۆزیتیڤیستەکان تارادەیەک لەگەڵ ڤیتگنشتاین جیاوازیی هەبوو، ئەوان لەگەڵ ئەو لەم ڕوانگەوەی کە نووسینەکانی زانایانی میتافیزیکی نەریتی لە لایەنی تیوریکییەوە و بە بەراورد لەگەڵ واقیعدا بێ واتان لە بیرکردنەوەدا هاوبەش بوون.

## کێشە هاوبەشەکان

هەرچەندە ڤیتگنشتاین و پۆزیتیڤیستەکان باوەڕگەلێکی بنەڕەتی هاوبەشیان لەسەر زمان و

نەشیاوبوونی میتافیزیک هەبوو، لەم بارەوە بەرەو ڕووی هەندێ کێشەی هاوبەش بوون. یەکەم ئەوەی کە کێشەیەک لەبارەی ڕوانگە گشتییەکانی ئەوان لەسەر زمان و میتافیزیک هەبوو، لە لایەک بنەڕەتی بوو و لەلایەکی دیکەوە، تاڕادەیەکی زۆر تەوساوی بوو. وا دیارە ڕوانگە هاوبەشەکانی ئەوان لەسەر زمان - میتافیزیکی وەک بابەتێکی بێ واتا لە پەراوێز دەخست- ئەمە لە کاتێکدایە لەسەر ڕوانگەکەی خۆیان بەکاربهێنرێ، کاریگەرییەکی وردبینانەی هاوشێوەی هەیە. بە دەربڕینێکی دیکە، بەپێی پێوەری خۆیان، هەڵوێستەکەیان بێ واتا بوو! ئەمەش ئەوەمان پێ نیشان دەدا، بابەتێکی بەتەواوەتی ناڕاست لەسەر هەڵوێستە هاوبەشەکانی ئەوان هەیە. لێکدانەوەی ئەم کێشەیە ساکارترین میتودە، بە لەبەرچاوگرتنی بنەمای یاسای ساغکردنەوەی پۆزیتیڤیستەکان مسۆگەر بێ.

ڕاستییەکەی بنەمای ناوبراو «بەتاڵ لە هەمانناسییەکان» ئەو گوزارانەی واتادار لەقەڵەم دەدرێن لە لایەنی ئەزموونییەوە پەیڕەوی یاسای ساغکردنەوە بێ، بەڵام لەسەر خودی ئەم بنەمایە چێ دەکرێ؟ وا دیارە بنەمای ناوبراو هەمانناسییەکی بەتاڵ، یان پووچ بێ، ڕاستییەکەی پۆزیتیڤیستەکان ئەو یاسایانەیان وەک یاسای ڕاکێشان بە واتادار دەیانناساند، کەواتە ئەوان بەدڵنیاییەوە نەیاندەویست بڵێین ئەم بنەمایە پووچە. هەرچی بێ وا دەرناکەوێ ئەم بنەمایە بۆ خۆی لە لایەنی ئەزموونییەوە ساغ بکرێتەوە- لە کۆتاییدا پەسەندکردنی ئەم بنەمایە لە لایەن پۆزیتیڤیستەکان دەرەنجامی بینین، یان تاقیکردنەوی ئەزموونی نەبوو، هەروەها وا دەرناکەوێ، دەکرێ بینینێک بە ئەنجام بگەیەنێ بۆ ئەوەی بنەمای ناوبراو بسەلمێنرێ. ئەم کێشەی دوایی هەندێ لە ئەندامانی کۆڕی ڤییەننایان بۆ ماوەیەک بەخۆیانەوە سەرقاڵ کرد، بەڵام ئەوان قەت لەسەر ڕێگەچارەیەکی گونجاو ڕێک نەکەوتن. لە ئەنجامدا ئەندامانی کۆڕەکە لەسەر بنەمای یاسای ساغکردنەوە کۆک بوون، نەک هەر نەیاندەتوانی لەسەر پۆلینبەندی گونجاو ڕێک بکەون، بەڵکو لەم بارەیەوە کە چۆن دەکرێ ئەم بنەمایە لە دەستی خۆی ڕزگار بکەن، بەرەو ڕووی کێشە بوونەوە، ئەم کێشەیە ناکۆکییەکی تەریک نەبوو. پۆزیتیڤیستەکان بە سنووردارکردنی ڕاستییە واتادارەکان بۆ هەمانناسی و گوزارە ئەزموونییەکان هاوشێوەی ئەمە لە دۆخێکدا جێگیر بوون کە بۆ پیشاندانی ئەوەی کە، بانگەشە سەرەکییەکەی واتادار لە قەڵەم دەدرێن بەرەو ڕووی کێشە بوونەوە. لە کۆتاییدا ئەندامانی کۆڕەکە کۆمەڵێک کتێبیان لەسەر فەلسەفە نووسیبوو، بە دڵنیاییەوە بە بەرهەمی زانستی، یان لۆژیکی لەقەڵەم نادرێن، ئەگەر وابێ چۆن دەکرا نووسینەکانیان واتادار لە قەڵەم بدرێ؟ جگە لەوە وادیارە ئەم دۆخە بەرەو ڕووی دووڕیانێکی چارەسەرنەکراو دەبێتەوە: تا ئەو کاتەی کێشەی ناوبراو چارەسەر نەکرابێ، پۆزیتیڤیستەکان نەیاندەتوانی زانایانی فیزیای پێ مەحکووم بکەن، مەگەر ئەوەی کە مەحکووم کردنیش، مەحکووم بکەن و جگە لە مەگەر ئەم خاڵەیان لەبەرچاو نەگرتایە و پەرەیان بە کارەکانی خۆیان بدایە، دیار نەبوو، چۆن دەتوانن بە شێوەیەکی گونجاو زانایانی میتافیزیکی کە سەرقاڵی کارێکی لەم شێوەیە بوون مەحکوومیان بکەن. کێشەی هاوشێوەی ئەمە، بە ناڕوونی بە تانوپۆی تراکتاتۆسی ڤیتگنشتاینەوە گرێی خواردووە. ڤیتگنشتاین بۆخۆی ئاگای لەمە بوو و بە ڕاشکاوی دانی پێدا دەنا، بەتایبەتی ئەو سەرنجی ئەوەی دابوو، کە ڕستەکانی تراکتاتۆس نە [گوزارەی] هەمانناسین و نە گوزارەگەلێکی ئەزموونین، کەواتە بە پێی بۆچوونی کتێبەکە دەبێ بێ واتا لە قەڵەم بدرێن. ڤیتگنشتاین بێ ئەوەی بیەوێ چاوپۆشی لەم کێشەیە بکات، ئەوەی بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە دانی پێدا بنێ، ئەو لە دوایین بەندی پێش کۆتایی تراکتاتۆس دەنووسێ:

-٦.٥٤- گوزارەکانی من لەم ڕیزەی خوارەوە ڕوونکەرەوەن: هەرکەس لە بیرکردنەوەکانی من تێبگات، لە ئەنجامدا دیاری دەکا ئەوانە بێ واتان. وەک ئەوەی ئەوانە وەک هەنگاوێک بەکاردێنێ، بۆ ئەوەی لێیان تێپەڕێ (واتە ئەو دەبێ پاش سەرکەوتن لە پەیژەکە فڕێی بدا). ئەو دەبێ لەم گوزارانە تێپەڕێت، پاشان جیهان بە دروستی دەبینێ.

6.54 My propositions serve as elucidations in the following way: anyone who understands me
eventually recognizes them-as nonsensical, when he has used them? as steps? to climb

up beyond
them. (He must, so to speak, throw away the ladder after he has climbed up it.)
He must transcend these propositions, and then he will see the world aright.

پاشان ڤیتگنشتاین بە ڕوونی دەیسەلمێنێ، ڕستەکانی تراکتاتۆس بێ واتان، بەڵام ئەو پێداگری لەوە دەکرد ئەم ڕستانە، بێ ماناگەلێکی بەسوود بن کە بابەتی گرینگ کە ناکرێ پێداگری لەسەر بکەین و بڵێین پیشانی دەدا، ڕوونی دەکاتەوە، یان ئاماژەی پێ دەکا. سەرەڕای ئەمە بە پەسەندکردنی ئەم بانگەشەیە ئەگەری ئەوە هەیە، پرسیار بکەین، ئایا زانایانی میتافیزیک دەتوانن ئەم بانگەشەیە لەسەر ڕوانگە میتافیزیکییەکان گەڵاڵە بکەن، یان نا. دیارە ڤیتگنشتاین لە بەرانبەر بانگەشەیەکی لەم جۆرە بەرگری لە خۆی دەکات و لەسەر جۆرێک لە جیاوازیی نێوان بێ واتاییە ڕوونکەرەوەکانی تراکتاتۆس و بێ واتایی بەهەڵەداچووی میتافیزیک پێداگری دەکات. لایەنی دژوازی دیکە بۆ ڕەتدانەوی میتافیزیک لە لایەن ڤیتگنشتاین هەبوو، تراکتاتۆس بەهۆی ڕوانگە دژە میتافیزیکییەکەی هەڵگری ڕستەگەلێک بوون کە بە بۆچوونی زۆرکەس لە میتافیزیکی نەریتی وەک کارەکانی ئەفلاتوون، لایبنیتز و برادلی دەچێ.

خوێنەری تراکتاتۆس کە زۆرینەی ئەندامانی کۆڕەکە لایەنگری بوون، ئاوڕێکی جددیان لە ڕستەکانی سەرەتا و کۆتایی کتێبەکە نەدایەوە، ئەمەش هێندە دوور لە چاوەڕوانی نەبوو. بڕگەی ناوبراو کۆمەڵێک بەندی تەواو قورس لەخۆدەگرن و وا دەردەکەوێ لە بەشەکانی دیکەی کتێبەکە تا ڕادەیەک تێگەیشتنی ئاسانتر بووبێ، یان لانی کەم پلانە گشتییەکەی شیاوی هەست پێ کردن بوو، پەراوێز کەوتووە. بۆ نموونە ڤیتگنشتاین لە بڕگەی سەرەتادا سەرنجی هەمان بابەتی داوەتەوە، گرفتی بۆ ڕاسێل سازکردبوو، واتە چییەتی گوزارە ئەتۆمییەکان، ڕاستییە ئەتۆمییەکان و توخمە پێکهێنەرەکانی. سەرەڕای ئەوەی کە ڤیتگنشتاین قەت نموونەیەکی لە گوزارە ئەتۆمییەکان نەخستووەتە ڕوو و وادیارە بیری دەکردەوە گوزارەیەکی لەم جۆرە بە قووڵی بەهۆی دیاردە ڕووکەشەکانی زمان شاراوەن، کۆمەڵێک تێبینی لەم بارەوە گەڵاڵە کردووە، ئەو باوەڕەی بوو کە گوزارە ئەتۆمییەکان ئەڵقەیەک لە ناوی توخمگەلێکن و ئەوەی کە، گوزارەکان ڕاستییە ئەتۆمییەکان وێنادەکەن و ئەوەی کە، ناوەکان ئاماژە بە توخمە پێکهێنەرە بنەڕەتییەکانی ئەم ڕاستییانە دەکەن، ڤیتگنشتاین بە «شتە ساکارەکان» ناودێری کردووە. ئەم شتە ساکارانە لە پێکهاتەی تراکتاتۆس شتێک نین، بێجگە لە دوایین سەرچاوەکانی زمان، کەواتە دوایین شتەکانی جیهان پێکدێنن. وەسفی ڤیتگنشتاین لەسەر بابەتە سادەکان سەرنجڕاکێشە. ئەو سادەیی ڕەها، دابەش نەبوو، هەرمان و لەکات بەدەری ئەوانە پێداگری کردووە. ئەوی ڕاستی بێت ڕستەکانی ڤیتگنشتاین پێناسێک گەڵاڵە دەکەن کە لە لایەنی نائاسایی بوون و سەرسوڕمانەوە دەستکەمێکی لە ئایدیای ئەفلاتوونی، مۆنادی لایبنیتزی، تەنانەت چەمکی ڕەهای برادلی نییە. جگە لەمە ڤیتگنشتاین دەڵێ ئەم بابەتە ساکارە دەتوانن بە شێوازی جۆربەجۆر پێوەندییان پێکەوە بێت، هەروەها دەڵێ کۆی پێوەندییە شیاوەکییەکان- ڕاستییە شیاوەکییەکان، بە شێوەی پێویست، واتە ئەم کۆمەڵە بۆ یەکجار و بۆ هەتاهەتایە نەگۆڕ و لە کات بەدەر و تۆمارکراون. بە لەبەرچاوگرتنی ئەم دوایین بانگەشەیە، وادیارە پێویستی گەڵاڵەکراو لە لایەن ڤیتگنشتاین لە جۆری پێویستی میتافیزیکییە، بەو واتایەی کە بابەتە شیاوەکییەکان لەبارەی جیهان سەربەخۆ لە زمان ئان بیرکردنەوە دیاری دەکات.

ڤیتگنشتاین دەربڕینی«فۆرمی جیهان» بۆ ڕوونکردنەوەی کۆمەڵەی ڕیزکردنییە شیاوەکییەکان کە بابەتە ساکارەکان بەرەو ڕاستییەکان دەگوێزێتەوە کەڵک وەردەگرێت و زنجیرەیەک لە کۆمەڵە گوزارە شیاوەکییەکان لەسەر جیهان تۆمار دەکات و دیاری دەکات. وادیارە ئەم وتانە لە جۆری میتافیزیکی نەریتین، ئەگەرچی تێکەڵ بە جۆرێک تۆڵە سەندنەوەن، ئەم خاڵە خاڵێکی دیکەی ناکۆکییەکی دیکەی تراکتاتۆسە، نەک هەر ڕستەکانی تراکتاتۆس خۆیان وەک بابەتی بێ واتا مەحکوومی دەکات، بەڵکو پاڵپشتی بیرۆکە تەواو میتافیزیکییەکەی ئەم کتێبە لەسەر ئەم ڕوانگەیە لەسەر زمان پێکهاتووە کە بە ڕوونی میافیزیکین. ئەمە لە کاتێکدایە، لەو خاڵانەی باس کران، ڤیتگنشتاین لە کاتی نووسینی تراکتاتۆس، هێندە تێوەی نەگلابوو، بیرکردنەوەکانی ئەم دواییەی ئەو

تارادەیەک بەرهەمی کارەکانی لە دەیەکانی ۱۹۳۰ و ۱۹٤۰، واتە لە دوای گەڕانەوەی بۆ فەلسەفە بووە، کە بە ڕاشکاوی تایبەتمەندی بەرهەمە پێشووەکەی ئەو بەرپەرچ دەداتەوە، بەتایبەتی بەرهەمە کلیدییە دواییەکەی ئەو، واتە توێژینەوە فەلسەفییەکان، کە هەوڵی ئەوەیە، تێبینییە نوێیەکانی ئەو لەسەر زمان دەربخات، بەجۆرێک لە باتی ئەوەی کە بە ڕێکوپێکی خۆی بخاتەژێر پرسیار لەسەر خودی ڕستەکان بەکاربهێنرێ. ئەم کتێبە بناغە میتافیزیکییەکانی تراکتاتۆس ڕوون دەکاتەوە و وەک خەسارێک بۆ بیرکردنەوە ڕەتی دەداتەوە. ئەمە لە کاتێکدایە، ڤیتگنشتاین بەردەوام پێداگری لەوە کردووە میتافیزیک بێ واتایە، کتێبی توێژینەوەکان ڕوانگەیەکی کەم تا کورتێک، هاوسۆزانەتری ڕەچاو کردووە.

ئەم کتێبە دواییەیە ئەو بانگەشە میتافیزیکیانەی وا دەردەکەون تایبەتمەندی قووڵی ڕاستییان ئاشکرا کردووە، کە بە ڕاستی لەم بارەیەوە سەرکەوتوو بوون ڕەتی دەکاتەوە، بەڵام هاودەنگە لەگەڵ ئەوەی کە ڕستەگەلێکی لەم جۆرە بینرابێ، لە خاڵی سەرنجدان بە تایبەتمەندییە گرینگەکانی زمان سەرکەوتوو بێ. ڤیتگنشتاین باوەڕی وابوو، زمان، میتافیزیکناسەکانی هەڵخەڵەتاندووە و بووەتە هۆی ئەوەی کە ئەوان ڕاستییەکانی پێوەندیدار بە وشەکان، کە بە ڕاستییە زمانییەکان(٦٩) ناودێری کردووە، لەگەڵ ڕاستییەکانی جیهان ئاوێتەی بکەن. ئەو هەوڵێکی زۆری داوە ئەم بانگەشانە گەلاڵە بکەن. سەرنجڕاکێش ئەوەیە، کارناپ کە یەکێک لە سەقامگیرترین ئەندامی کۆڕی ڤیەننایە، سەربەخۆ لە ڤیتگنشتاین ڕوانگەیەکی هاوشێوەی لەسەر میتافیزیک لە بەرهەمە پێگەیشتووەکانی تری گرتووەتە پێش. ئەو لە کتێبی سێنتاکسی لۆژیکی زمان کە لەساڵی ۱۹۳۷ بڵاوی کردووە، بەڵگە دێنێتەوە کە سەرچاوەی سەرەکی زرە ڕستە میتافیزیکییەکان، مەیلێکە بەرەو دەربڕینی جیاکارییەکانی سێنتاکسی بە پێی ئەو شتەی کە ئەو بە«شێوازی ماددی وتە» لەباتی شێوازی گونجاوتری «فۆرمەکی» وتە ناوی لێ ناوە [۳، ۷]. ئەمە لە کاتێکدایە، بە بۆچوونی ڤیتگنشتاین، میتافیزیک «ڕێزمانی» بە نادروستی شرۆڤە کراوە، بە بۆچوونی کارناپ میتافیزیک، سێنتاکسە کە بە خراپی باس کراوە، ئەم دوو ڕوانگەیە بە تەواوی هاوتەریبی یەکترن.

هەر دوو فەیلەسووفەکە جەختیان لەوە کردووە کە ڕاستییەکانی پێوەندیدار بە زمان لەگەڵ ڕاستییەکانی پێوەندیدار بە جیهان ئاوێتەی یەکتر کراون و هەر دوو لە هەوڵی ئەوەدان، سەرچاوەکانی تێکەڵاوییەکان لە زماندا بدۆزنەوە. ڕوانگەکەی ئەوان لەهەمان کاتدا کە پێوەندیگەلێکی لەگەڵ تراکتاتۆس و دەقە پۆزیتڤیستییە پێشووەکان هەبوو، بەڵام ئاڵۆزییەکی زیاتری پەیدا کردبوو. ئەم ڕوانگەیە لە بەرهەمەکاندا باسی لەسەر کراوە کە زیاتر ئاوڕی لە سەرچاوەی میتافیزیک دەدایەوە کە لە پاژە ئاوێتەکانی زماندا بوو و دەیانویست بەرچاوڕوونییەک بە میتافیزیک ببەخشن، ئەگەرچی بەشێوەی ئاوێتەکردن، بەپێی ڕامانی دیاریکراو و ڕێککەوت و لەگەڵ پێوەندییەکانی نێوان زمان، واتا و بەستێن. دەکرێ بڵێین هەندێ لە فەیلەسووفە پێشەنگەکانی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم، ڕێگەیان بەخۆیان دا لەسەر کێشەکانی پێوەندیدار بە بوونناسی، مۆدالیتی، واقیعخوازی، زاتخوازی (ناوەڕۆک) وتووێژ بکەن، وەک کواین، ئایەر، گوودمەن، ستراوسۆن، کریپکی، دامێت و پۆتنۆم و هەندێکی دیکە، بە ڕوانگەیەکی هاوشێوە، ئەوی باسمان کرد ئاوڕیان لە میتافیزیک داوەتەوە، کەواتە میتافیزیک بە جۆرێک لە جۆرەکان سەرلەنوێ سەری هەڵدایەوە، بەڵام لە چوارچێوەیەکدا باوەڕی بەو کۆتوبەندانە بوو، ڕەتکردنەوەیەک دژ بە هیگڵ، برادلی و مەک تاگارت بوون، ئەم کۆتوبەندانە میراتی ئەو کەسایەتییانە بوون کە لەم بەشەدا باسیان لەسەرکرا لەقەڵەمی بدەین.

لە سەرنجڕاکێشترینی ئەم کۆتوبەندانە کۆک بوونی فەیلەسووفەکان لەسەر پێوەندی نێوان فەلسەفە و زانستە. ئایدیالیزمی ڕەها کەمتر لە سەد ساڵی بەر لە ئێستا هەوڵی دەدا ڕوانگە میتافیزیکییەکانی دەربڕێ کە بەشی زۆری لەگەڵ زانستی نوێ ناکۆک بوون. فەیلەسووفەکانی ئەمڕۆ دەیانەوێ لە میتافیزیک بکۆڵنەوە، تارادەیەک هەموویان کۆکن لەسەر ئەوەی کە نابێ میتافیزیک چەمکگەلێک ئاراستە بکات کە دەرەنجامێکی گرینگ بەرهەم بێنێت و بیەوێ بخرێنەسەر دەرەنجامەکانی بەرهەم هاتووی زانست، چ بکا بەوەی کە جێگەی زانست پڕکاتەوە. ئەم ڕوانینە جۆرێک

جێگۆڕکێی کولتووری پەڕگیر پیشان دەدا: تاکە ڕێگەی پەسەندکراو بۆ دۆزینەوەی ڕاستییە بنەڕەتییەکان لەبارەی جیهان، پێکهاتە و پاژەکانی میتودەکانی زانستە. بە ئاوڕدانەوە لەم پیشگریمانەیە، میتافیزیک ناتوانێ شتێکی زیاتر بخاتەسەر ئەم ڕێگەیە؛ بەڵکو دەبێ دەوری واتادار، بەڵام پلەی دووەمی شرۆڤە، لێکدانەوە و چەمک سازی گونجاو بەکاربێنێت و قەناعەت بە خۆی بێنێ.

**سەرچاوەناسی:**

**(43) constructionism**

**(44) logical construction out of sense data**

**(45) Our Knowledge of the External World**

**(46) The Relations of Sense-Data to Physics**

**(47) The Ultimate Constituents of Matter**

**(48) Mysticism and Logic and other Essays**

**(49) The Analysis of Mind**

**(50) The Analysis of Matter**

**(51) ThePhilosophy of LogicalAtomism**

**(٥٢) دیسانەوە پێویستە وەبیری بێنینەوە چەمکی intuition لە چەمکە بنەڕەتییەکانی فەلسەفە و ئاکاریشە، بەکارهێنانی چەمکی (بۆهاتن) هەڵەیە و بۆ چەمکی inspire بەکاردێت، بۆیە ئێمە چەمکی شهوود بەکاردێنین. شهوود لای فەیلەسووفەکان واتای جۆربەجۆر دەگەیەنێ.و.ک**

**(53) Some Problems of Philosophy**

**(54) cashvalue**

**(55) Pragmatism**

**(56) Does Consciousness Exist??**

**(57) stuff?**

**(58) tautology**

**(٥٩) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم بابەتە بڕواننە کتێبی کۆڕی ڤیەننا ، نووسینی د.حەمید عەزیز، هەولێر، چاپی ئاوێر.**

**(60) Moritz Schlick**

**(61) Otto Neurath**

**(62) FreidrichWaismann**

**(63) Hans Hahn**

**(64) Rudolf Carnap**

**(65) Gustav Bergmann**

**(66) Herbert Feigl**

**(67) Olga Hahn-Neurath**

**(68) Karl Popper**

**(69) W.V.Quine**

**(70) A.J.Ayer**

**(71) grammatical truths**

# ئیسماعیل حەقی بابان: ڕووناکبیرێکی هەڵکەوتوو (١٨٧٦ - ١٩١٣)

د. جەبار قادر
(هۆڵاند)

(١ - ٢)

ئیسماعیل حەقی بابان کوڕی مستەفا زیهنی پاشایە، لە ساڵی ١٨٧٦ لە بەغدا هاتۆتە دنیاوە، باوکی ئیسماعیل حەقی مستەفا زیهنی لە بنەماڵەی میرانی بابانە و ساڵی ١٨٣٨ لە سلێمانی لەدایک بووە، دەسەڵاتی عوسمانی پاش لە ناوبردنی میرنشینی بابان، ئەندامانی بنەماڵەی میرانی بابانی پەرتەوازە کرد، هەندێکیان بۆ دورگەی کریت دوورخرانەوە، هەندێکی تریشیان تێکەڵ بە دامودەزگاکانی دەوڵەتی عوسمانی کران.

مستەفا زیهنی بۆ خوێندن ڕووی لە بەغدا کرد، دواتر هەر لەوێ لە دەزگا میرییەکانی دەوڵەت دەستی بەکارکردن کرد، لە سەردەمی والیێتی مەدحەت پاشای ڕیفۆرمخواز لە بەغدا، مستەفا زیهنی مۆرهەڵگر "مهردار" بوو، مۆرهەڵگر هاوتای سکرتێر و بەڕێوەبەری نووسینگەی ئێستایە لە دامودەزگاکانی دەوڵەتی عوسمانیدا، مهردار جێی متمانەی کاربەدەستان بوو، زۆر جار لە جێگەی ئەوان نووسراوە فەرمییەکانی مۆر دەکرد، مستەفا زیهنی پاشا دوای ئەوەی چوو بۆ پایتەختی عوسمانیان، دەستی بە زۆر پلە و پایەی باڵای دەوڵەت گەیشت، بە پێی سەرچاوە مێژووییەکان لە ویلایەتەکانی سالۆنیک، بورسە، حیجاز، ئەدەنە و حەلەب والی بووە، بۆ چەند ساڵێکیش سکرتێری سەرۆک وەزیران دەوڵەتی عوسمانی (سەدری ئەعزەم) بووە، هەروەها پۆستی وەزارەتەکانی ئەوقاف، بازرگانی، کشتوکاڵ و دارایی بینیوە، بۆ ماوەیەکیش لە ساڵی ١٩٠٩ وەک سەعید پاشای خەندان سەرۆکی شووورای دەوڵەت بووە. ئەندامی ئەنجوومەنی پیاوماقووڵانی عوسمانی (مەجلیسی ئەعیان)یش بووە. دوای شۆڕشی (ئیتیحادی و تەرەقی)ش لە ساڵی ١٩٠٨ یەکێ



**ئیسماعیل حەقی بابان**

لەدامەزرێنەرانی کۆمەڵەی هاریکاری و پێشکەوتنی کورد (کورد تەعاون و تەرەقی جەمعیەتی) بووە. مستەفا زیهنی پاشا لە ساڵی ۱۹۱۱ لە ئەستەمبووڵ کۆچی دوایی کردووە، کۆشکەکەی مستەفا زیهنی پاشا لە ئەستەمبووڵ ناوبانگی دەرکردبوو، مزگەوت و قوتابخانەشی بە ناوەوە بووە، مستەفا زیهنی پاشا پیاوێکی دیندار بوو، چەند کتێبێکی لە بوارە ئاینییەکاندا نووسیوە، سەرچاوەکان باس لە کتێبەکانی "بیانی حەقیقەت، علم و اسلام، مقیاس الاخلاق، قوای معنوبە و إسلامدە خلافت" دەکەن کە مستەفا زیهنی پاشا نووسیونی و بڵاوی کردوونەتەوە، کتێبی بەیانی حەقیقەت لە ساڵی ۱۳۲۷ ڕۆمی (۱۹۱۱) بڵاو کرایەوە، وا پێدەچێت مستەفا زیهنی پاشا منداڵی زۆر بووبێت، سەرچاوەکان باس لە پێنج کوڕی دەکەن. کوڕەکانی هەموویان پلە و پایەی بەرزیان لە دەزگاکانی دەوڵەتدا بەدەست هێناوە، کوڕە گەورەکەی ئەحمەد نەعیم فەیلەسووف و زانای ئایینی و بەڕێوەبەری دارولفنون بووە (دواتر لە ساڵی ۱۹۳٤ بووە بە زانکۆی ئەستەمبوڵ).(۱) (ئیسماعیل حەقی)ش ئەندامی دوو دەورەی ئەنجوومەنی نوێنەران (مجلس مبعوثان) بووە، لە پاش شۆڕشی ۱۹۰۸، ساڵی ۱۹۱۱ش کراوە بە وەزیری خوێندن (معارف)ی حکوومەتی ئیتیحادییەکان.

(حوسێن شوکری)ش لە زانکۆی ئەستەمبووڵ مامۆستا و دواتر ڕاگری کۆلێجی ئابووری بووە، بۆ ماوەیەکیش سەرنووسەری ڕۆژنامەی تەرجومان بووە، زۆر لە سەرچاوەکان تەنیا باس لەم سێ برایە دەکەن(۲)، بەڵام وادیارە ئیسماعیل حەقی بێجگە لەوانە، دوو برای دیکەشی هەبووە بە ناوی عاسم و سلێمان حیکمەت کە تەنیا ئەمەی دوایییان لە سەردەمی کۆماردا بە فەرمی پاشناوی بابانی هەڵگرتبوو، سلێمان حیکمەت باوکی جیهاد بابانە کە ڕۆژنامەنووس، پەرلەمانتاری پارتی گەلی کۆماری و لە دوو کابینەی وەزاریشدا، جارێکیان لە ساڵی ۱۹٦۱ وەزیری کولتوور و جارەکەی تریش لە ساڵی ۱۹۸۱ وەزیری گەشتوگوزار و ڕاگەیاندن بووە، جیهاد بابان ڕۆژنامەوانێکی دیاری تورکیا و لەو وڵاتەدا دامەزرێنەری سەندیکای ڕۆژنامەوانان بووە، چەند کتێبێکیشی لەسەر پرسە نێودەوڵەتی و کەسایەتییە هاوچەرخەکان بڵاوکردۆتەوە، جیهاد بابان دەکاتە مامی ئایشە خانم، هاوسەری نووسەری گەورەی تورکیای بەڕەچەڵەک کورد یەشار کەمال، جیهاد بابان لە ساڵی ۱۹۸٤ کۆچی دوایی کردووە (۳).

ناوی مستەفا زیهنی و کوڕەکانی هەموویان ناوی لێکدراون، ئیسماعیل حەقی، ئەحمەد نەعیم، حسێن شوکری و سلێمان حیکمەت. تەنیا عاسم هەر بە ناوە سادەکەی لە سەرچاوەکاندا باس کراوە. ئیسماعیل حەقی لەگەڵ هەموو براکانیدا لە ئامادەیی گەڵاتە سەرای (بە مەکتەبی سوڵتانیە دەناسرا) خوێندوویانە. قوتابخانەی گەڵاتەسەرای تایبەت بوو بە منداڵانی گەورە پیاوانی دەوڵەت کە تێیدا دەیانخوێند و پەروەردە دەکران، دوای تەواوکردنی ئامادەییش، یان دەچوونە قوتابخانەی باڵا (کۆلێجە) سەربازییەکان، یان بۆ قوتابخانەی موڵکیيە، کە ئەرکی پێگەیاندنی کادیرانی کارگێڕی و بەڕێوەبەرایەتی دەوڵەت بوو، هاوتای کۆلێجی کارگێڕی وڵاتانی ئەوروپا بوو.

بە پێچەوانەی ئەحمەد نەعیمی برایەوە کە باوەڕمەندێکی پارێزکار بوو، باوەڕی تەواوی بە دروشمەکانی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم هەبوو لە بارەی ئومەتی ئیسلام و ئومەتی عوسمانییەوە، ئیسماعیل حەقی پیاوێکی ئازادیخوا و لیبراڵ بوو، دژی دەسەڵاتی ستەمکاری سوڵتان و شێوازی دواکەوتووی بەڕێوەبردنی بوو، لەو نووسینانەی لە ڕۆژنامەی کورد و

ڕۆژی کـــورددا بڵاوی کـــردوونەتەوە ڕەخنەی توند لە ستەمکاری ڕژێمی سوڵتان دەگرێت و هۆی دواکەوتنی کـــورد و وڵاتەکـــەیان دەخـــاتە ئەســـتـــۆی ئەو ڕژێمـــە. ئیسمـــاعیل حـەقی ڕووناکبیـر و خوێنەوارێکی دیاری سـەردەمی خۆی بوو و کـاریگەری کولتـووری ڕۆشنگەری بەدید و بۆچوونەکـــانیـــــەوە بە زەقی دیارن، لە ڕیزی نەیارانی سوڵتـاندا پیـاوێکی دیار و خاوەن هەڵوێست بوو. لە دوا ساڵی خوێندندا لە قـوتابخانەی مـوڵکییـە دەرکرا، لە بەر ئەوەی لە کـاتی گێڕانی نوقڵی سوڵتاندا بە بۆنەی مـەولوودی پێـغـەمـبـەرەوە، ئەو لەگـەڵ چەند هاوڕێیەکیدا ئامادە نەبوو نوقڵەکە وەربگرێت، ئەمە لە لایەن ئیسماعیل حەقی و هاوڕێیـانییەوە لە دژی ڕژێمی ستـەمکاری سـوڵتـان عەبدولحەمیـدی دووەم کـردەیەکی بەرهەڵستییانە بوو، وەرنەگرتنی نوقڵی سوڵتان بە تاوان دانرا و لە قوتابخانە دەرکرا.

لەبەر ئەوەی لە بنەمـاڵەیەکی دیار و کـوڕی یەکێک لە پاشا و پیاوە نزیکەکانی دەرباری سوڵتان بوو، تەنیا بە دەرکـــردن وازیان لێ هێنا، ئەگـــینا بەرەو تەرابلوسی ڕۆژئاوا، یان دوورگـەکـانی دەریای ناوەڕاست دووریان دەخستـەوە، بەو بڕیارە بێ بە زەبیـانەی سـوڵتـان وورەی بەرنەدا. لە لایەکەوە دەستی کرد بە بەهێزکردنی توانایی و شـارەزایی لە زمـانی فـڕەنسـیدا و لە لایەکی تریشـەوە دەسـتی کـرد بە خـوێندن لە قـوتابخـانەی باڵای مـاف (کۆلێـژی ماف)، کە لە سـاڵی ١٩٠٢ بە پلەیەکی باڵا تەواوی کرد(٤). لە تەک قووڵبوونەوە لە زمانی فڕەنسی و خـوێندن لە کـۆلێـژی مـاف، لە دوای دەرکـردنی لە قوتانخانەی موڵکییە، لە ڕۆژنامەی (ئیقدام)یش دەستی بە کـاری ڕۆژنامـەوانی کـرد، لێـرەوە لە تەک خـەباتی سیـاسـیدا، ژیانی ڕۆژنامەوانیـشی دەست پێ دەکات، ڕۆژنامـەی ئیـقـدام لە لایەن مـێـژوونووسی ناسـراوی عـوسمـانییـەوە ئەحـمـەد جەودەت بەڕێوە دەبرا، ئەحـمـەد جەودەت چەندان پۆستی وەزاری لە دەوڵەتی عـوسمـانی بینی، مـێـژوونووسی فـەرمی دەوڵەت بوو و بە کـتـێـبـە مـێژووییە دوازدە بەرگـەکـەی (تاریخی جەودەت) نێـوی چووە مێژووەوە. ئیسمـاعیل حەقی لەم ڕۆژنامـەیە و لە ژێر دەستی ئەحمەد جەودەتدا، هەرچەندە بیر و بۆچوونیان لە بارەی زۆر شتـەوە لە یەکـەوە دوور بوون، زانیـاری و ئەزموونی باشی پەیدا کرد و توانایی نووسـینی گـەشـەی کـرد، ئەم بەهرە و پاشـخـانە ڕۆشنبـیـرییـە لە نووسـینی وتارەکانیدا لە ڕۆژنامەی تەنین (طنین) و لە کتێبەکانیدا بە دەرەوشـاوەیی دەرکـەوتن، پێـدەچێت هەر بە هاندانی ئەحمەد جەودەت حەزی لە بابەتە مێژووییەکان کردبێت، بە تایبەتی مێژووی ئەورووپا، مێژوو و ئەزموونی ئەورووپا بۆ ئیسماعیل حەقی و هاوبیرانی زۆر ئیلهام بەخش بوو. ئەزموونی پێشکەوتنی ئەورووپا ئەو مۆدێلە بوو کە ئەوان بۆ گەلان و دەوڵەتی عوسمانیان دەخواست.

بەهرە و توانایی نووسین لە لای ئیـسـمـاعـیل حـەقی بابان زوو چەکـەرەی کـرد، سـاڵی ١٨٩٩، لە تەمـەنی بیست و سێ ساڵیدا، لەگەڵ مامۆستـای مێـژوو عەلی ڕەشاددا کـتێـبێکیـان لە بارەی دۆزی (درەیفـۆس)ـەوە بڵاوکردەوە. پرسی، یان کێشـەی درەیفۆس بریتی بوو لە کـردەیەکی ئەنتـیـسـمـیـتـیـزم (دژەسـامـیـیـەت) بە تاوانبارکردنی ئەفسەرێکی فڕەنسی بە ڕەچەڵەک جولەکە، ئەلفرێد درەیفـۆس (١٨٥٩ - ١٩٣٥) بەوەی کـە گـوایە سیخوڕی بۆ ئەڵمانیا کردووە، دواتر دەرکەوت بەڵگەکان دروست کـراوبوون بۆ ئەوەی درەیفـۆس سـزا بدرێت، ئەم کێشـەیە لە کـۆتایی سەدەی نۆزدەم و دەسپێکی سەدەی بیـســتـــەم کـــاریگەری زۆری لەســـەر ڕەوتی ڕووداوە سیـاسـیـیـەکـان لە فـڕەنسـا دانابوو، بۆ گـەنجێکی وەک ئیسمـاعـیل حەقی بابان لەو تەمـەنەدا و پاش ئەو مـاوە کورتە کە بەسەر ڕووداوەکەدا تێپەڕیبوو بوو، بێت لەگەڵ مـامۆسـتـایەکی مێـژوودا کـتێـبێک لەو بارەیەوە ئامـادە بکات، کـارێکی هەروا ئاسـان نەبوو. بەشـداریکردنی ئیسماعیل حەقی لە نووسینی ئەو کتێبەدا مایەی سەرنج و تێڕامان بوو. ئەم کتێبە سەرلەنوێ، بەڵام ئەم جارەیان بە تیـپی لاتینی، لە سـاڵی ٢٠١٣ لە تورکـیـا چاپ کراوەتەوە(٥).

دوا بە دوای ئەم کتێبە و هەر لەگەڵ هەمان نووسەردا، واتا لەگەڵ عەلی ڕەشاددا کتێبێکی تریان بە ناوونیشانی "بسمارق: حیاتی خصوصی و سیاسیسی" (بسمارک: ژیانی تایبەتی و سیاسی) لە ٣٦٧ لاپەڕەدا، لە سـاڵی ١٣٢٠ (ڕۆمی) (١٩٠٣) لە ئەستەمبووڵ بڵاوکردەوە. کتێبەکە لە پێشـەکی، دوو بەش و کۆتایی پێکهاتووە. بەشی یەکەم بۆ ژیاننامەی تایبەتی و بەشی دووەمیشی بۆ ژیانی سیاسی بسمارک تەرخان کراون، کتێبەکە هەر بە تورکی عـوسمـانی لەسـەر تۆڕی ئینتەرنێت دانراوە(٦). ئاگاداری ئەوە نیم کە ئەم کتێبەی وەک ئەوەکانی دیکە کـرابێت بە تورکی لاتینی، ڕەنگبێ لە بەر ئەوە بێت کـە

بابەتێکی مێژوویـیـە و کـتـێـبی زۆر لەسەر بسـمـارک بە تورکی و زمـانـەکـانی دیکە بڵاوکـراونـەتەوە، بە پێی هەندێ لەو وتارانەی لە گۆڤاری هەتاوی کورددا بە بۆنەی کۆچی دوایی (ئیـسـمـاعـیل حـەقی)یەوە بڵاوکـرانەوە، خـەون و خـۆزگـەی پەیدابوونی سـەرکـردەیەکی وەک بسمارک لە نێو کورداندا بۆ نووسینی ئەم کتێبە هاندەر بووە(٧). وا زیاتر لە سـەدەیەک بەسـەر ئەو ڕۆژانەدا تێدەپەڕێ، بەڵام هێشتا لە ئاسۆی کورداندا ئەو بسمارکە دیار نییە.

لە دوای کــودەتا، یان شــۆڕشی ســاڵی ١٩٠٨، بەرپرسـانی کـۆمـەڵەی ئیـتـیـحـاد و تەرەقی داوا لە ئیسماعیل حەقی دەکەن بەو پێیەی کوڕی بنەماڵەیەکی ناسـراو و خـاوەن پێگەی دیارە لە بەغـدا و بە خـۆیشی لەوێ هاتۆتە دنیـاوە و خـوێندنی سـەرەتایی لەوێ تەواو کـردووە، بچێـتـە ئەوێ و خۆی بۆ ئەنجـوومـەنی نوێنەران بەربژێر (کاندید) بکات، مەبەستی کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقی ئەوە بوو کە هاوبیرێکی خۆیان بیێت بە نوێنەری ئەو ویلایەتە، نەک سـەرۆک هۆز و دەرەبەگ و کـەسـانی دواکەوتوو کە ڕەنگبێ ببنە ئامێرێک بەدەستی نەیارانی ئیتیحادییەکانەوە لە پایەتەختی عوسمانی، ئیسماعیل حەقی بۆ ئەو مەبەستە لە ڕێگەی بەیرووتەوە گەشتێکی بۆ بەغـدا کـرد. هەر لە بەیرووتەوە دەسـتی کـرد بە تۆمـارکردنی گـەشتنامـەکانی لە ڕۆژنامـەی تەنین، ئەو زنجـیـرە وتارەی لە ژێر ناوونیـشـانی (لە بەیرووتەوە بۆ کوێت، نامـەکـانی عـێراق) بوو، لەم وتارانەدا توانایی نووسین، لێکدانەوەی ڕووداوەکـان، ئاسـتی ئاگـاداری و زانیــاری لە بارەی ڕەوشی ســیــاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی هەموو ئەو دەڤەرانەوە کە پێیاندا تێدەپەڕی زۆر بە باشی دەردەکەون، لەو نامـانەدا باسی بارودۆخی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەو ویلایەتانە دەکات، لەوێدا باس لە وێرانەیی شارە گەورە و مـێـژوویـیـەکـانی ئەو دەڤەرانە دەکات کە پێیاندا تێدەپەڕێت، لە ڕێگەی ئەو نامـانەوە ناکـارامـەیی و دواکـەوتوویی دەسـەڵاتی عـوسمانی و شارەوانییەکان دەخاتە ڕوو، لەوێدا ئاماژە بەوە دەکات کە هەمووی وێرانەیە و ئەمن و ئاسایشی ئەو دەڤەرانە بە دەستی چەتە و ڕێگر و خێڵەکانەوەیە، باسی دزین و تاڵانکردنی شـوێنەوارە دێرینەکـانی بەعلەبەک و ناردنیـان بۆ دەرەوە دەکـات، سـوپای عـوسـمـانیش بە سوپایەکی شکست خواردوو دادەنێ و دەڵێت سـەنگ و ناوبانگی خۆی لە بەرانبـەر چەتە و خـێـڵـەکـان لە دەست داوە، بەر لە ئاوابوونی خـۆری دەوڵەتی عـوسـمـانی بەیەکـجـاری بە دە سـاڵ، ئیـسـمـاعـیل حـەقی بابانزادە پێـشـبـینی ئەوە دەکـات کە بەندەری بەسرە و کـەنداو لە دەست چووە و دەسەڵاتی ڕاستەقینە لەو ناوانە لە دەستی کەشتییەکانی بریتانیادایە. نامەکانی ئیسماعیل حەقی بابان لە دووتوێی کـتـێـبـێکدا بە ناوونیـشـانی (لە بەیرووتەوە بۆ کوێت: نامەکانی عێراق) لە ساڵی ٢٠٠٢ بە تـیـپی لاتینی، لە ١٧٨ لاپەڕەدا لە ئەسـتـەمـبـوڵ بڵاوکراوەتەوە(٨).

لە ١٩٠٨ ئیـسـمـاعـیل حـەقی بابان وەک یەکـێک لە نوێنەرانی ویلایەتی بەغدا بوو بە ئەندامی ئەنجوومـەنی نوێنەران (مـجلسی مبعـوثان). لە کاتی ئەندامێتی لەو ئەنجـوومـەنەدا ئیـسـمـاعـیل حـەقی دەنگێکی دلێر بوو، چالاکانە بەشداری لە گفـتوگۆکاندا دەکرد و کێشـەکانی ویلایەتی بەغـدا و باشـووری عـێـراقی دەوروژاند. کۆنووسەکانی ئەنجوومەن لە هەردوو دەورەکەیدا بۆچوون و لێکدانەوەکانی (ئیسماعیل حەقی)یان بۆ پاراستووین، بە بۆچوونە هۆشـمـەندەکانی سـەرنجی هەمـوو لایەک، بە تایبـەتی گـەنجانی عـوسمانی بەلای خۆیدا ڕادەکێشێ، ئاگـاداری ڕووداوەکـانی ئەو ناوچانە بوو کە نوێنەرایەتی دەکـردن، تەنانەت چیـرۆکـەکـەی والی بەغـدا و سـارە خاتوونی کرد بە بابەتێکی گەرم لە ئەنجوومەنی نوێنەران



و والی بەغدای لە سەری بەدەرکردن دا، چیرۆکەکە بە کورتی باس لەوە دەکات کە سارە خاتوون کچێکی ئەرمەنی شۆخوشەنگ بوو، والی بەغدا نازم پاشا لە ئاهەنگێکدا دەیبینێ و شەیدای دەبێت. داوەتنامە لە دوای داوەتنامەی بۆ دەنێرێت و سارە خاتوونیش ڕەتی دەکاتەوە، دەنێرێتە خوازبێنی شووی پێ ناکات، دەیەوێ ژاندرمەکانی بە زۆر بۆی ببەن، پەنا دەباتە بەر کۆنسولخانەی ئەڵمانی، دوای ئەوەش بۆ ماڵی نەقیبی بەغدا و لە کۆتاییدا خۆی بە کۆنسولخانەی بریتانی دەگەیەنێت، لەوێوە دەیگەیەننە بەسرە و لەوێشەوە بۆ هیندستان، بەو شێوەیە سارە خاتوون لە گێچەڵی والی بەغدای شێت و شەیدا ڕزگاری دەبێت. ئیسماعیل حەقی دەسەڵات ناچار دەکات نازم پاشا لە والیتی لابەن و بیگەڕێننەوە بۆ ئەستەمبووڵ. نازم پاشا دوای ئەوەی پۆستی والیتی لە دەست دا، بە دووی سارە خاتوون کەوت و هیندستان خۆت بگرە هاتم، بەڵام ئینگلیزەکان لەوێش لێیان شاردەوە. نازم بە بێ هیوایی گەڕایەوە بۆ ئەستەمبووڵ(٩).

ئیسماعیل حەقی بابان لە بارەی بارودۆخی سیاسی ئەو ڕۆژانەی دنیا و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانەوە شارەزاییەکی باشی هەبوو و بە وردی ئاگاداری ڕووداوەکانی سەردەمی خۆی بوو. لە ساڵی ١٩١١ زنجیرەیەک وتاری لە ڕۆژنامەی تەنین لە بارەی بارودۆخی دنیا و دەوڵەتی عوسمانییەوە بڵاوکردەوە، لەو وتارانەدا هەوڵی داوە کاریگەری ڕووداوەکان لەسەر دوا ڕۆژی دەوڵەتی عوسمانی بخاتە ڕوو، وتارەکانی پانتاییەکی زۆر فراوانیان گرتبووەوە و باسیان لە ڕووداوە گەرمەکانی وڵاتانی بەڵکان، لیبیا، توونس، میسر، ئێران، بەسرە و کەنداو دەکرد، تیشکی زۆری خستۆتە سەر ململانێی بریتانیا، فەرەنسا، ڕووسیا و ئەڵمانیا لەسەر دابەشکردنی دنیا، لە وتارەکانیدا وەک ڕۆشنبیرێکی عوسمانی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتەکەی خۆی پاراستووە و هەوڵی داوە کاربەدەستانی وڵات لەو کەینوبەینانە تێ بگەیەنێ، ئیسماعیل حەقی ئەوەشی باش دەزانی کە زۆر لەوانەی کاروباری دەوڵەت و سیاسەتی دەرەوە بەڕێوەدەبەن زۆر بێ ئاگان لەو شتانەی لە پشت ئەو ڕووداوانەوە دەگوزەرێن. لێرەوە ڕەخنەی توندی لە وەزارەتی دەرەوە و باڵیۆزخانەکانی دەوڵەتی عوسمانی گرتووە، بەوە تۆمەتباری کردوون کە کاری سەرەکی خۆیان لە نامە و نامەکاریدا دەبینن، هیچ شتێک لە بارەی ئەو گۆمەڵگایانەوە نازانن کە کاریان تێدا دەکەن، نە زمان نە کولتوور و نە مێژوویان، وتارەکان ئاستی بەرزی شارەزایی و ئاگاداری لە بابان لەوەی لە دنیا دەگوزەرا دەردەخەن، زۆر بەوردی ڕووداوەکانی سەردەمەکەی خۆی شۆپاندووە، زانینی تورکی، عەرەبی، فارسی و فەرەنسی یارمەتییان داوە زانیاری زۆر لە بارەی ئەو ڕووداوانەوە پەیدا بکات و ئەوجا لە بارەیانەوە بنووسێت، زۆربەی پێشبینییەکانی سەبارەت بە دواڕۆژی دەوڵەتی عوسمانی و ناوچەکە دوای مردنی بە چەند ساڵێک هاتنە دی(١٠).

لە کاری ڕۆژنامەوانیشدا پیاوێکی خاوەن پرەنسیپ و ئاکار بوو، ئامادە نەبوو نووسین بە بێ ناو و ئیمزای خۆی، یان لە ژێر ناوێکی تردا بڵاو بکاتەوە. هەموو ئەوانەی ناسیویانە بە کەسێکی بلیمەت و زیرەکیان داناوە، پیاوێکی قسە خۆش و خۆش مەعشەر بووە، چەند جارێک ئەو کەسەی ناوی ئەندامانی ئەنجوومەنی دەخوێندەوە، کاتێ دەگەیشتە ناوەکەی ئەم بە یابانزادە بانگی دەکرد، ئەمیش هەموو جارێک بۆی ڕاست کردۆتەوە و دەیوت بابانە بابان، نەک یابان، لە ڕێگەی وتارەکانییەوە ناو و ناوبانگی پەیدا کردبوو و لە نێو گەنجانی ئەو سەردەمەدا لایەنگر و هەواداری زۆر بوون، لە کابینەکەی حەقی پاشادا کە لە ساڵی ١٩١٠ پێکهاتبوو، ئیسماعیل حەقی بابان لە ٤ مارتی ١٩١١ کرا بە وەزیری خوێندن کە بە (نظارتی معارف) نێودەبرا، لەو چەند مانگەی وەزیری مەعاریف بوو، توانایی و لێهاتوویی زۆری پیشان دا. تۆرانییەکانی ئیتیحاد و تەرەقی کە گرنگی ئەو وەزارەتەیان دەزانی بۆ بڵاوکردنەوەی بیر و بۆچوونە ناسیۆنالیستییەکان، پیاوێکی لیبراڵ و کوردپەروەری وەک (ئیسماعیل حەقی)یان بە مەترسی دەزانی لەو پێگەیەدا، بۆیە کەوتنە پیلانگێڕی تا بێزاریان کرد و ئەویش دەستی لە کار کێشایەوە، دوای هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی نوێنەران لە ساڵی ١٩١١، ئیسماعیل حەقی لە هەڵبژاردنەکانی ١٩١٢دا وەک نوێنەری دیوانیە جارێکی تر بووەوە بە ئەندامی ئەو ئەنجوومەنە.

لەو قوتابخانەیەی کە لەسەر وەرنەگرتنی نوقڵی سوڵتان دەرکرا، بە مانگانەی ٦٠٠ قوروش بە مامۆستا دامەزرا، لە ڕێگەی وانەکانییەوە لە بارەی قانوونی

دەستووری و مەشروتییەتەوە ناوبانگی دەرکرد، لە تەک قانوونی دەستووریدا وانەی نووسراوی فەرمی (کتاباتی ڕەسمی)یشی دەوتەوە، نامە و نامەکاری و نووسراوی فەرمی لە دەزگاکانی دەوڵەتدا ئەوسا و ئێستاش گرنگییەکی زۆری پێ دەدرێت، لە بواری قانوونی دەستووریدا کەس پێشی ئیسماعیل حەقی نەدەکەوت، وانەکانی لەو بارەیەوە کۆکرانەوە و لە کتێبێکی ٦٨٠ لاپەڕەییدا، هەر لەو ساڵەی کە کۆچی دوایی تێدا کرد، لە چاپ درا، ئەمە کتێبێکی مەنهەجی بوو بۆ قوتابیانی کۆلێجی ماف، یان قانوون. فەرزان باڵچی ئۆغڵو کە کتێبەکەی کردووە بە تیپی لاتینی و پێشەکی بۆ نووسیوە و ساڵی ٢٠١٤ بڵاوی کردۆتەوە، پەسنی زۆری حەقی دەدات، بە بۆچوونی فەرزان کتێبەکەی ئیسماعیل حەقی "قانوونی اساسیە" زۆر نایابتر و پڕ زانیاریترە لەو کتێبەی کە ئەو و هاوپۆلەکانی لە بابەتی مافی دەستووریدا لە کۆلێجی ماف خوێندوویانە، پێشی وایە کتێبەکە ئەو ڕاستییە دەردەخات کە ئەو دەمە چەندێ بایەخ و گرنگی دەدرا بە ئامادەکردن و پێگەیاندنی پارێزەر و مافپەروەران بە بەراورد لەگەڵ ئێستادا.

بە لای نووسەرانی تورکەوە ئەم کتێبە بە پێوەرێکی تریش گرنگە، ئەویش ئەوەیە کە یەکەمین کتێب بووە مستەفا کەمال پێش ڕاگەیاندنی کۆمار بە چەند مانگێک خوێندوویەتییەوە، گەلێ تێبینی و نیشانەی لە پەراوێزی لاپەڕەکانیدا تۆمار کردووە، لە زۆر شوێنیشدا خەتی سوور و شینی بە ژێر بیرۆکەکانی ئیسماعیل حەقی باباندا کێشاوە، باڵچی ئۆغڵو ئاماژە بۆ ئەو ڕاستییە دەکات کە ئەو بەشەی بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار و دەسەڵاتەکانی تەرخان کراوە لە هەموو بەشەکانی تری کتێبەکە زیاتر سەرنجی مستەفا کەمالی ڕاکێشاوە و زۆرترین نیشانە و هێمای لە مەڕ تۆمار کردووە و هێڵی سوور و شینی بە ژێر دێڕەکانیدا هێناوە، ئیسماعیل حەقی بابانزادە پیاوێکی لیبراڵ بوو، لەگەڵ پەرلەمانی دوو ئەنجوومەندا بوو کە مستەفا کەمال ڕەتی دەکردەوە. بە بۆچوونی باڵچی ئۆغڵو نیشانە و تێبینییەکانی مستەفا کەمال زۆر بە زەقی مەیلی پاوانخوازی مستەفا کەمال بۆ دەسەڵاتی ڕەها و تۆتالیتاری دەردەخەن. دەکرێت دامەزراندنی کۆمار و کودەکانی و دەسەڵاتە ڕەهاکانی مستەفا کەمال لە ڕێگەی ئەو تێبینی و هێمایانەوە لێک بدرێنەوە، کاتێک هەموو دەسەڵاتەکان لە دەست سەرۆک کۆماردا کودەکرێنەوە. گرنگترین چەمکیش لەم بوارەدا یەکێتی هێز، یان دەسەڵاتەکانە کە ئیسماعیل حەقی بابان لە کتێبەکەیدا زۆر لە سەریان ڕاوەستاوە و بە زەقی لێکیانی جودا کردۆتەوە، مستەفا کەمال یەکێتیی هێزەکان بە جۆرێکی تر دەخاتە واری ژیانەوە کاتێ وەک تاک سەرکردە (تەک ئەدام) دەسەڵاتی جێبەجێ کار لە دەستی خۆیدا کۆدەکاتەوە، وەک سەرۆکی تاک پارتی سیاسیش، پارتی گەلی کۆماری، نوێنەران بۆ پەرلەمان دەستنیشان دەکات، واتا دەسەڵاتی قانووندانانیش هەر لە دەستی خۆیدا دەمێنێتەوە و چی ئەو بیەوێت، ئەوە دەبێتە قانوون بۆ وڵات لە ڕێگەی نوێنەرانی (گەل)ـەوە لە پەرلەمان، هەر کاتێکیش بە پێویستی زانی "دادگای سەربەخۆیی" دادەمەزرێنێ بۆ پاکتاوکردنی نەیارەکانی، ئێستاش ڕەجەب تەیب ئەردۆگان هەمان خەون و خولیای هەیە و بێ هوودە هەوڵی بۆ دەدات، هەڵبەتە لە کات و سات، کۆمەڵگە و باری نێودەوڵەتی جیاوازدا (١١).

لە بواری تریشدا ئیسماعیل حەقی بابان جیاواز و ناکۆک بوو لەگەڵ کاربەدەستانی باڵای ئیتیحاد و تەرەقی و (مستەفا کەمال)یشدا، ئەویش هەڵوێستی ئەم و ئەوان لە ئایین کە دواتر باسی لێوە دەکەم، بابان لە دژی دەستتێوەردانی ئەفسەرانی سوپا لە کاروباری سیاسی و دەسەڵاتی کارگێڕیدا بوو، ئەم بۆچوونە بۆ دەوڵەتێکی



سەربازی وەک دەوڵەتی عوسمانی کە لەسەر شانی سوپا و شەڕ و تاڵانکردن دەمەزرا بوو، بۆچوونێکی سەیر و نامۆ بوو، دواتریش بۆ کۆماری تورکیا و سەرکردە سەربازییەکانی دەچووە خانەی کوفرەوە، لە دەوڵەتی عوسمانی و تورکیای هاوچەرخدا سوپا وەک بوونەوەرێکی پیرۆز سەیر دەکرێت، تا ئەم ساڵانەی دواییش کەس زاتی ئەوەی نەدەکرد بیرۆکەی لەو جۆرە دەربرێت، دووربینی و زیرەکی ئیسماعیل حەقی بابان لێرەشدا بە ڕوونی دەردەکەوێت (١٢).

ئیسماعیل حەقی بابان چەند وتارێکیشی لە بارەی کورد و کوردستانەوە و لە ڕۆژنامەی کورد (کرد تعاون و ترقی غزتەسی)، کە کۆمەڵەی هاریکاری و پێشخستنی کورد (کرد تعاون وترقی جمعیتی) و گۆڤاری ڕۆژی کورد (ڕۆژ کورد) بڵاوکراونەتەوە کە کۆمەڵەی هێڤی دەریان دەکرد، هەموو وتارەکانی بە زمانی تورکی عوسمانین و هەندێ لە وتارەکانی زیاتر لە جارێک بڵاوکراونەتەوە، لێرە ئاماژە بە بیرۆکە سەرەکییەکانی ئەو وتارانە دەکەم، ناوەڕۆکی وتارەکان لێکدانەوەی زیاتر هەڵدەگرن و پێویستە لێکۆڵینەوەی تایبەتیان لە بارەوە بکرێت.

لە وتارێکدا بە ناوونیشانی "کردلر و کردستان - کورد و کوردستان"، کە لە ژمارە یەکی ڕۆژنامەی کورد بڵاوبووەتەوە، شانازی بەوەوە دەکات کە کوردە و گەلەکەی خەریکە دەست بە نوێبوونەوە و بنیادنانی ژیانێکی نوێ لە سێبەری ئازادیدا دەکات، مەبەستی ئەو بەهارە کورتەی ئازادی بوو کە لە دوای ساڵی ١٩٠٨ لە دەوڵەتی عوسمانی و بە تایبەتی لە پایتەخت هاتبووە کایەوە، بەڵام زۆری نەبرد لە بەین برا و سیاسەتی سەرکوتکەرانەی کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقی جێگەی گرتەوە، حەقی بابان کورد بە کۆڵەکەیەکی سەرەکی دەوڵەتی عوسمانی دادەنێت، ئیسلام و سیستمی دەستووری بە دوو فاکتەری گرنگ دادەنێت، کە دەتوانن پێکەوە کورد بەهێز بکەن، ئەمەش لە کۆتاییدا لە خزمەتی دەوڵەتی عوسمانیدا دەبێت، باسی دڵسۆزی کورد بۆ ئیسلام و عوسمانیزم دەکات و ئاماژە بەوەش دەکات کە کورد خیانەتی لە ئیسلام و دەوڵەتی عوسمانی نەکردووە. بابان پێی وایە کورد ناسنامەی ماددی و مەعنەوی خۆی پاراستووە و هێشتا لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیاندا لە پێوەندییەکی توند و تۆڵدایە و لێک جوادا نابنەوە، بە وتەی ئەو کورد و عوسمانێتی لە نێو یەکدا تواونەتەوە و "ئەگەر خوانەخواستە عوسمانیزم لە نێوبچێت، ئەوە کورد بێ ناوونیشان دەبێت، ئەگەر خوانەکەران کوردیش لە بەین بچێت، عوسمانیزم لاواز و پەرێشان دەبێت".

ئەو دەمە ئایین لە هەموو بیر و بۆچوونێک زیاتر کاریگەری لەسەر کۆمەڵگەی کوردی هەبوو، هێشتا بیری کوردایەتی زۆر لاواز بوو و تەنیا لە نێو دەستەبژێرێکی بچووکی خوێندەوارانی کورددا هەندێک لایەنگری هەبوو، پرسی سەربەخۆیی و جیابوونەوە لە دەوڵەتی عوسمانی نەک تەنیا لە ناو کورددا، بەڵکو لە لای گەلێکی بەژمارە زۆر و خاوەن ڕابوردوویەکی ئیمپراتۆری وەک عەرەبیش، یان هەر لە ئارادا نەبوو، یان زۆر لاواز بوو. وتە و بۆچوونەکانی ئیسماعیل حەقی بابان دەبێت بەو پێوەرانە بپێورێن، واتا لە چوارچێوەی مێژوویی خۆیاندا بخوێنرێنەوە، نەک لە بەر ڕۆشنایی ئەزموونی گەلەکەبووی سەد ساڵی ڕابوردوو لێکدانەوەیان بۆ بکرێت.

ئەو کاتەی ئەم وتارەی تێدا نووسراوە تازە شۆڕشی ئیتیحادییەکان ڕووی دا بوو و ئازادی ڕووی لە دەوڵەتێک کردبوو کە هەمیشە بە شێوازێکی ستەمکارانە بەڕێوە دەبرا و هاووڵاتیان هەموو ڕەعییەی سوڵتان بوون و کەس بۆی نەبوو دەنگ بەرز بکاتەوە، بۆیە نووسەران و ڕووناکبیرانی ئەو سەردەمە هیوایەکی زۆریان بەوە هەبوو کە کەوتوونەتە سەر ڕێگەی ئازادی و ستەم کۆتایی هاتووە، کاتی ئەوەیە دەست بکەن بە ئاوەدانکردنەوەی وڵاتەکانیان و جیاوازی لە نێوان دانیشتوواندا نەهێڵن و نەیانکەن بە گژ یەکدا، ئەم خەونانە زوو لە گۆڕنران، کاتێک سەرکردە تورکەکانی ئیتیحاد و تەرەقی دەستیان بە پەیڕەوکردنی سیاسەتی تورکچێتی کرد، ڕاوەدوونانی ڕووناکبیرانی گەلانی ناتورک و دەرکردنیان، یان ناچارکردنیان بە وازهێنان لەو ڕێکخراوە، سەرکوتکردنی گەلان و بەرتەسککردنەوەی ڕووبەری ئازادی تا گەیشتە ئاستی سەپاندنی دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری سەربازی سێکوچکەی " ئەنوەر - تەڵعەت - جەمال". ئەو دەسەڵاتە دیکتاتۆرییە بە سیاسەتە ملهوڕەکانی کارەساتی گەورەی بە سەر هەموو گەلانی دەوڵەتی عوسمانیدا هێنا و لە کۆتاییدا سەری دەوڵەتەکەشی خوارد، کاتێ تورکە لاوەکان ڕووی ڕاستەقینەی خۆیان پیشان دا، ڕووناکبیرانی گەلانی ناتورک لێیان

دوورکەوتنەوە و کەوتنە گەڕان بەدوای ڕێگەیەکی تردا بۆ ئەوەی لەو بارە ناهەموارە ڕزگاریان بێت، بەداخەوە ئەو دەرفەتەیان بۆ نەڕەخسا، چونکە یەکسەر ئاگری یەکەمین شەڕی جیهانی هەڵگیرسا و بەشێکی زۆریان بوون بە کەرەستەی ئەو شەڕە و گەلەکانیان تووشیماڵوێرانی و کارەساتی گەورە هاتن، مردن دەرفەتی نەدا ئیسماعیل حەقی بابان ئەو ڕووداوانە بە چاوی خۆی ببینێ، بەڵام لە نووسینەکانیدا پێشبینی زۆریانی کردبوو.

لە دوای ئەو وتانەی سەرەوەی، باسی ستەمی دەسەڵاتی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم دەکا و بەوە تاوانباری دەکات کە گەلێکی دڵسۆز و بە هێزی وەک کوردی پشتگوێ خستبوو، تەنانەت بە بەراورد لەگەڵ گەلانی دیکەی دەوڵەتی عوسمانیشدا کە هەموو لە بارودۆخێکی خراپدا بوون، بەڵام کورد لە هەموویان خراپتر بوو، داوای لە کورد کردووە ئەو سەردەمە لە بیر بکەن و نابێت قەت بگەڕێتەوە، بە وتەی بابان حکوومەتی پێشوو بە گشتی دوژمنی فیکر بوو، بۆ کورد دوژمنی فیکر و زمانیش بوو، ئەگەر بۆ گەلانی تر هەوڵەکان بۆ سەربڕینیان بوو، ئەوە بۆ کورد لە پێشەوە زمانیان دەبڕا، ئەوجا سەریان. چەوسانەوە و ڕێگری لە ئازادی بەلای بابانەوە " هەمیشە مێشک پووچ دەکات، بەڵام زمان بڕین مرۆڤ لاڵ دەکات و مێشکیش پووچ دەکات"، مەبەستی لە زمانبڕین ڕێگە گرتن بوو لە نووسین بەزمانی کوردی کە پێی وایە ئەمە تاڵترین لایەنی ئەو ستەمە بوو کە لە کورد کرا، لە توانایی‌دا نییە ئەم وێرانکارییە چاک بکرێت، ئەوبێ زمانکردنەی کورد، تەنیا واتای سڕینەوەی مۆرکی نەتەوەیی و ئایینی کوردان نەبوو، بەڵکو هێلانەوەی زۆربەی هەرە زۆری کوردە لە نەزانییەکی بێ هوودە و لە ئینسانییەت وەدەر نرابوون، ئەم کوردە بێ زەوالانە کە لەو بارودۆخە خراپەدا هێڵرانەوە، نەک تەنیا بوونیان لە مەترسیدا بوو، بەڵکو هەموو ئەو خو و نەریت و بەها مىللییانەی پێی دەناسرانەوە، ژەنگیان گرتووە و خەریک بوون لە بەین دەچوون، ئەو حکوومەتە سەرباری ئەوەی خەڵکی سەرکوت دەکرد و وڵاتی وێران دەکرد، هانی خەڵکی دەدا لە دژی یەک و دەیکردن بە گژ یەکدا، ئەوجا وەک بەرزەکی بانان خۆی لە بەرپرسیارێتی دەدزییەوە و خۆی بێ گوناح و پیاوچاک نیشان دەدا، هەموو تاوان و کردەوە خراپەکانی بەسەر کورددا دەدا و بە خەڵکێکی کێوی و توندڕەو کە بە سروشت خوێنڕێژ و ملهوڕن و بەو جۆرە بە دنیای دەناساندن، لە چاپەمەنیدا وا پیشان دەدرا گوایە حکوومەت لە دژی چەتە و ڕێگر دەجەنگێ و تورک لە کوردستان ئەمن و ئاسایشی خەڵک دەپارێزن.

ئەم قسانە لە ساڵی ١٩٠٨ لە لایەن یەکێک لە ڕووناکبیرە هەرە دیارەکانی کوردەوە کراون کە بنەماڵەکەی خزمەتێکی زۆری دەوڵەتی عوسمانی کردووە و گەلێ لە ئەندامانی پلە و پایەی زۆر باڵایان لە دەوڵەتدا بەدەست هێناوە. ئەمە لە لایەکەوە ئەوە دەردەخات کە ئیسماعیل حەقی بابان مرۆڤێکی ڕاستگۆ بووە و ئەوەی باوەڕی پێی هەبووە نووسیویەتی و گوێی بەوە نەداوە کە خێزانەکەی خزمەتی سوڵتانی کردووە و لەو پێوەندییە سوودمەند بووە، لە لایەکی تریشەوە هەموو ئەو پڕوپاگەندانە بەدرۆ دەخاتەوە، کە ئەمڕۆ هەندێ کەس بە مەبەستی جیاواز دەیکەن و دەیانەوێت وێنەیەکی جوان و دڵگیر بۆ دەوڵەتی عوسمانی لە لای خەڵکی بێ ئاگا لە مێژوو دروست بکەن، ئەمانە بە ناوی لێکۆڵینەوەی زانستی و مێژووییەوە ئەم کارە دەکەن، بەڵام مەبەستی سیاسی لەم هەڵمەتە ڕوون و ئاشکرایە، ئەو نا یەکسانییەی لە نێوان دانیشتوانی دەوڵەتی عوسمانیدا تا ئەو ڕۆژەی لە ناوچوو لە ئارادا بوو، تەنیا لە مێژووی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپا و دنیادا هاوشێوەی هەبوو. بە ڕاستی دەوڵەتی عوسمانی دەوڵەتێکی سەدەکانی ناوەڕاست بوو، نەک



سەردەمی ڕۆشنگەری و ڕیفۆرمی ئایینی و شۆڕشی پیشەسازی. ململانێ و کێبڕکێی دەوڵەتانی کۆلۆنیالی ئەوروپا لەسەر دابەشکردنی میراتەکەی سەد ساڵ تەمەنی درێژ کردەوە.

بە وتەی ئیسماعیل حەقی بابان "یەکێ لە بوختانە گەورەکان، ئەوە بوو گوایە کورد هەر لە کۆنەوە دوژمنی ئەرمەنەکان بووە، لە مێژوویەکی دێرینەوە کورد و ئەرمەن دەر و دراوسێن و کەس نەیبیستووە ئەرمەنەکان گلەیی و گازندەیان لە دراوسێ کوردەکانیان هەبێت"، پێی وایە ئەگەر کورد لە دژی ئەرمەن بوایە، ئەوە زۆر زووتر ئەو کارانەی لە دژیان دەکرد، ئەم لێرەدا ئاماژە بە کوشتاری ئەرمەن لە ساڵانی ١٨٩٤ - ١٨٩٦ دەکات، چونکە بەر لە کوشتاری ١٩١٥ کۆچی دوایی کرد، ئەو تاوانانەی لە دژی ئەرمەن کران، دەخاتە ئەستۆی حکوومەتی پێشوو و تەنیا ئەو بەرپرسیار دەبینێت لەو پرسە و دەڵێت دەبێت "واز لە ڕابوردوو بێنین، چونکە داهاتوو هی ئێمەیە". ئەو نەیدەزانی هاوڕێیانی لە ئیتیحاد و تەرەقی چی قەسابخانەیەکیان بۆ ئەرمەن و هەموو گەلانی ناموسڵمان و نا تورک ئامادە کردووە کە تەنیا دوو ساڵ لە دوای مردنی ئەم جێبەجێ کرا.

**سەرچاوە و تێبینییەکان:**

**١- بڕوانە: دکتۆر جەبار قادر، زانایەکی بابانزادەی لەبیرکراو: ئەحمەد نەعیم ١٨٧٢ - ١٩٣٤، ڕۆژنامەی ئاوێنە، ژمارە ٥٢١، لە ٢٠١٦/٣/٢٩، ل١٨-١٩.**

**2- Faysal Mayak, Babanzade Ismail Hakki’nin Tanin’de Yayimlanmis _ Makalelerine Göre Osmanli Devleti ve Dis Politika (1911), Uluslararasi Sosyal Arastirmalar Dergisi, Volume 3 / 11 bahar 2010.**

**٣- ئەم زانیارییانە لە بارەی سلێمان حیکمەتەوە لە ژیاننامەی جیهاد بابان وەرگیراون کە لە گەڵێ سایتی تورکیدا دەست دەکەون، لە بارەی عاسم بابانەوە ئەوەی ڕاست بێت هیچم نەبیستبوو، تا مامۆستا عەبدوڵڵا زەنگنە ئاگاداری کردمەوە لەوەی کە ئەویش کوڕی مستەفا زیهنی پاشایە و دوای مردنی ئیسماعیل حەقی برای بە ماوەیەکی کەم لە دەسپێکی ساڵی ١٩١٤ دا کۆچی دوایی کردووە. دوای هەندێ گەڕان بۆ ساغکردنەوەی ئەو زانیارییانە، دەرکەوت کە لە ژمارە (٤)ی گۆڤاری هەتاوی کورددا سێ بابەت لە بارەی کۆچی دوایی عاسم بابانەوە نووسراون، بەداخەوە هیچیان ناوی نووسەرەکەیان بەسەرەوە نییە، خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەری گۆڤارەکە عەبدولعەزیز بابان بووە و گۆڤارەکە گرنگییەکی تایبەتی بە بابانەکان داوە، لەو شەش ژمارەیەی کە من بینیومن، وێنەی عەبدولڕەحمان پاشای بابان و ئیسماعیل حەقی و عاسم بابان بەرگی سێ ژمارەیان دەڕازێننەوە. بۆ ئەو نووسینانەی لەسەر کۆچی دوایی عاسم بابان بڵاوکراونەتەوە، بڕوانە: هتاو کرد، ژمارە (٤)، ٥ جمادی الاول ١٣٣٢ ، ١٩ مارت ١٣٣٠ کە دەکاتە ١ نیسانی ١٩١٣, ل٢، ٣، ٣-٤: عەبدوڵڵا زەنگنە ماوەیەکە خەریکی ساغکردنەوەی ژمارەکانی ئەو گۆڤارەیە.**

**٤- بڕوانە: ترجمە حالی، لە گۆڤاری ( هتاو کرد)، ژمارە (٣)، ٢٩ کانون أول ,١٣٢٩ ل٦-٧.**

**5- Ali Riesad, Babanzade Ismail Hakki, Dreyfus Meselesi, ARS YAYINCILIK, 2013.**

**٦- بسمارق: حیات خصوصی و سیاسیسی، محررلری اسماعیل حقی و علی رشاد، در سعادت ١٣٢٠.**

**٧- لەم بارەیەوە بڕوانە: (هتاو کرد)، ژمارە (٣)، ل٧.**

**8- Beyrut'tan Kuveyt'e Irak Mektuplari Ismail Hakki Babanzade, [Hazirlayan: Murat Çulcu], Büke Yayinlari, Istanbul 2002.**

**١٠- ڕۆژنامەنووسی عێراقی ناسراو خالید قشتینی (خالد القشطینی) چیرۆکی نازم پاشای مەجنون و سارە خاتوونی کردە بابەتی یەکێ لە گۆشەکانی لە ڕۆژنامەی (الشرق الأوسط). بە شێوازە دڵگیرەکەی لە ڕۆژی ٢٥ مارتی ٢٠١٦ بڵاوی کردەوە.**

**10- Faysal Mayak, Babanzade Ismail Hakki’nin Tanin’de Yayimlanmis  Makalelerine Göre Osmanli Devleti ve Dis Politika (1911), Uluslararasi Sosyal Arastirmalar Dergisi, Cilt 3 / 11  Bahar  2010. 421- 437.**

**11- Babanzade Ismail Hakki, Hukuk-I Esasiye, Erguvani Yayinlari, 2014.**

**12- Feroz Ahmad, The Young Turks: The Committee of Union and Progress in Turkish Politics, 1908 ? 1914, Oxford 1969: Feroz Ahmad, Ittihat ve Terakki (1908-1914), Kaynak Yayinlari, Istanbul 2004, ss. 120, 207.**

# پردی ئارتا: جووڵە و ڕیتم

د. فازڵ جاف

**بۆ شانۆگەرییەکی شۆخ**
**هەرکە پەردە کرایەوە**
**شانۆیەک خۆی کرد بە فڕگە**
**چاو... چاو لەسەری نیشتەوە**
**دوای دوا پەردەیش**
**چاو... ئەیخستنە فڕۆکەی**
**چەپڵەڕێزانی خۆیەوەو**
**ئەیبردنەوە.**

شێرکۆ بێکەس
بۆ نمایشی پردی ئارتا.

**ڕۆڵ دابەش کردن بە شێوازی دەبڵ کاست**

ڕۆڵ دابەش کردن لە نمایشی ئارتا لەو سەردەمەدا بۆ یەکەم جار لە شانۆی کوردیدا شێوازی دەبڵ کاستی هێنایە ئاراوە، بەتایبەتی بۆ ڕۆڵی سەرەکی (سەرۆکی وەستایان و کابانی خێزانی) پێم باش بوو شێوازی دەبڵ کاست بەکار بێنم کە دەکاتە دوو ئەکتەر بۆ ڕۆڵێک، هەر ئێوارەی بە نۆرە یەکێکیان کەسایەتییەکە نمایش دەکات.

پەنا بردنە بەر دەبڵ کاست لە پردی ئارتادا بۆ نێوەندی شانۆیی ئەو سەردەمە تاڕادەیەک جێی گفتوگۆ و قسە و باس بوو، بەش بەحاڵی خۆم یەک دوو ئەزموونی شێوازی دەبڵ کاستم لە تیپەکانی بەغدای ئەو سەردەمەدا بینیبوو، چەند جارێکیش لە بەشی شانۆی ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان، شێوازی دەبڵ کاست بەکاربرا، هەر جارەی نمایشێکی لەو جۆرەم دیتبا، ئارەزووی ئەوەم دەکرد جارێکی تر بۆ دیتنی کاستی دووەم، نمایشەکە ببینم، هیچ جارێک ڕووی نەداوە، نمایشێک ئەکتەری دەبڵ کاستی تێدا بووبێت، تەنیا بە بینینی یەک کاستیان



**جیهاد دڵپاک**

قایل بوویێتم، هەمیشە بەراوردکردنی دوو ئەکتەر لە یەک ڕۆڵدا بۆ من جۆرە ڕاهێنانێک بووە، هەر لەو دەمەوە کە لە بەغدا قوتابی نواندن بووم، شێوازی دەبڵ کاستم زۆر پێ پەسەند بوو، بەتایبەتی پاش ئەزموونێکی تایبەتی خۆم وەک ئەکتەر لە شانۆیی "کۆچبەری پریسیبان"، کە ڕێژیسۆری ئێراقی بەناوبانگ سامی عەبدولحەمید کاری دەرهێنانی بۆ کرد. لەو شانۆگەرییەدا بە دەبڵ کاست لەگەڵ ئەکتەرێکی دیکەدا ڕۆڵی سەرەکیم دەبینی، ئەم ئەزموونە بۆ من وەک ئەکتەر، ئەزموونێکی ناوازە و سوودبەخش بوو، لە هەموو مەشق و پرۆڤەیەکدا هەستم دەکرد پێویستە پتر هەوڵ بدەم، دەبێت باشتر بم. ئەزموونی نواندن بە شێوازی دەبڵ کاست تا دەهات هەستی کێبڕکێی لەلام بەجۆشتر دەکرد، لە سەرەتادا هەوڵم دەدا هەرنەبێت وەک دەبڵەکەم باش بم، پاشتریش هەوڵم دەدا ئەگەر بکرابایە لەویش باشتر نمایش بکەم.

کاتێک سامی عەبدولحەمید ڕۆڵەکانی "کۆچبەری پرسیبان"ی دابەش کرد، من ڕۆڵەکەی خۆمم پێ کەم بوو، پاش پرۆڤەی یەکەم، ڕۆیشتم بۆ ژوورەکەی، گوتی فەرموو چیت دەوێت؟ گوتم من دەمەوێت ڕۆڵێکی سەرەکی نمایش بکەم، دەمەوێت زیاتر کاربکەم، دەمەوێت زیاتر فێربم.

مامۆستا سامی عەبدولحەمید بۆ چەند چرکەیەک بەبێ دەنگی سەرنجی دام، منیش لەو بێ دەنگییە تێ نەدەگەیشتم، نەمدەزانی داخوازییەکەمی پێ پەسەندبوو، یان تەواو لێم تووڕەبوو، ئینجا بە دەنگێکی زۆر قەبەوە گوتی: برۆ وەک کاستی دووەم ڕۆڵی پیکالۆجا ببینە، پیکالۆجایش کەسایەتی سەرەکی شانۆنامەکە بوو، کە لە ژوورەکە هاتمە دەرێ، تەواو تاسابووم، بەخۆم دەگوت تۆ بڵێی ڕاست بێت؟ زۆربەی ڕۆڵە سەرەکییەکانی کۆچبەری پرسیبان، بە شێوازی دەبڵ کاست دابەش کرابوون، کاستەکانیش لە شێوەی کاستی یەکەم و کاستی دووەم پۆلێن کرابوون، هەر لەو ڕۆژەوە زۆر بە جۆشوخرۆش و وزەوە کارم لەسەر ڕۆڵەکە دەکرد، هەستم دەکرد ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو پێشەوە دەچووم، دەرهێنەریش بەردەوام فیدباکی باشی دەدامێ و دەستخۆشی لێ دەکردم، کاستی یەکەمی ڕۆڵەکەم ئەکتەرێکی لێهاتوو بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی ئێواران لە تیپێکی شانۆیی (تیپی شانۆی هونەریی نوێ) کە باشترین تیپی شانۆیی ئێراق بوو، نمایشی هەبوو، نەیدەپەرژایە سەر ئەوەی وەک من کە خوێندن نەبێت، هیچ پیشە و کارێکی دیکەم نەبوو، خۆی بۆ ڕۆڵەکەی تەرخان بکات، پاش ماوەیەک دەرهێنەر کە بینی باش دەچمە پێشەوە، بڕیاری دا بمکات بە کاستی یەکەم و ئەو ببێت بە کاستی دووەم، پاش چەند نمایشێک ئەو ئەکتەرە تووشی نەخۆشی دڵ بوو، ئینجا بەتەنیا خۆم، بەبێ دەبڵ کاست، ڕۆڵەکەم نمایش دەکرد.

ئەم ئەزموونە کاریگەرییەکی زۆر ئەرێنی لەسەر ڕەوتی هونەریم هەبوو، بۆیە لە ئارتادا دەمویست ئەو ئەزموونە لە ڕۆڵی هەردوو پاڵەوانەکان(سەرۆکی وەستایان و کابان) دا جێبەجێ بکەم، بۆ ڕۆڵی سەرۆکی وەستایان، توانیم ئەو شێوازە بەکاربێنم، بەڵام لەبەر دەگمەنیی ئەکتەریسەکان (ئەکتەری ئافرەت) لەو سەردەمەدا، ڕۆڵی کابان تەنیا لەلایەن گەزیزەوە نمایش کرا، هۆکارێکی دیکە کە وای لێ کردم لە ڕۆڵی سەرۆکی وەستایاندا شێوازی دەبڵ کاست بەکاربێنم، ئەوەبوو کە دەمویست جیهاد دڵپاک ڕۆڵی سەرۆکی وەستایان ببینێت، بەربەستیش ئەوەبوو کە جیهاد دڵپاک ئەندامی تیپی نواندن نەبوو.

جیهاد دڵپاک ساڵێک زیاتربوو لە چالاکی قوتابخانەکانی سلێمانی دەست بەکاربوو، تا ئەو دەمە لە هیچ یەکێک لە تیپە شانۆییەکانی سلێمانیدا نەگیرسابووەوە، هەستیشم دەکرد ئارەزوویەکی بەتینی بۆ

بەشداریکردن لە پردی ئارتادا هەبوو. جیهاد دڵپاک هاوڕێ و دۆستێکی نزیک و خەمخۆرم بوو کە تازە لە سلێمانی دەمەزرام، ئەو پڕ بەدڵ پێی خۆش بوو گەشە بکەم و لە کارەکەمدا سەرکەوتووبم، بۆیە هەر لە سەرەتای دەستنیشان کردنی دەقی شانۆنامەکە و وەرگێڕانییەوە، ئینجا بە پێی ئەوەی کە هەردووکمان لە ئوتێل لە یەک ژووری ئوتێلێکی هەرزانبەها دەژیاین، هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵمدابوو، بەردەوام باسی هەموو لایەنێکی کارەکەمان دەکرد. خەمخۆریی جیهاد دڵپاک بۆ سەرکەوتنی پردی ئارتا، هەندێک جار خەمخۆریی منیشی دەبەزاند، ئیدی ڕۆژێ پێم گوت: حەز دەکەیت لە ئارتادا ڕۆڵ ببینیت؟ گوتی: زۆرم پێ خۆشە، بەڵام نەمدەویست باسی بکەم، چونکە من ئەندامی تیپی نواندنی سلێمانی نیم، ئەندامانی تیپی نواندن ماوەیەکی دوور و درێژە، بەتایبەتی پاش سەفەرکردنی دەرهێنەری تیپ " غازی بامەڕنی" بۆ فەرەنسا، کاری گەورەیان نەکردووە، بێ گومان زۆرینەیان حەز دەکەن لەم بەرهەمەی تیپدا بەشداربن، بۆیە ئاسان نییە ئەکتەرێکی دەرەکی ڕۆڵ ببینێت، ئەگەرنا بەشداریکردنم لەم شانۆییەدا بۆ من خەونێکە و دەزانم ئەزموونێکی نوێ دەبێت، بێ گومان هەردووکمان دەمانزانی کە کێشەی سەرەکی ئەوەیە جیهاد دڵپاک، ئەندامی تیپی نواندنی سلێمانی نەبوو، لەلایەکی دیکەوە، جیهاد دڵپاک تا ئەو دەمەی لە پردی ئارتادا نمایشی نەکردبوو، جگە لە کاری دراماییی (مەرەزە) و (بەهاری دزراو) ئەزموونی ڕۆڵی سەرەکی، یان ئەزموونێکی قووڵی لە شانۆدا نەبوو، بۆیە بەشداریکردنی لە ئارتادا بە دەرفەتێکی گەورە دەزانی، منیش پڕ بەدڵ حەزم دەکرد جیهاد دڵپاک لە شانۆییەکەدا ڕۆڵ ببینێت. حەزیشم دەکرد ڕۆڵی سەرۆکی وەستایان ببینێت، هاوکات پێم خۆش نەبوو ئەکتەرێکی دەرەکی بۆ ڕۆڵی سەرەکی بێنم، بەتایبەتی کەسێک کە هاوڕێی نزیکی خۆم بێت، پێشتریش لەنێو ئەکتەرەکانی تیپی نواندنی سلێمانیدا، بۆ ڕۆڵی سەرۆکی وەستایان، (عومەر دڵپاک)م دەستنیشان کردبوو.

### جیهاد دڵپاک و تیپی نواندنی سلێمانی

بیرم لەوە کردەوە کە ناوی جیهاد دڵپاک وەک دەبڵ کاست لەگەڵ عومەر دڵپاک بۆ سەرۆکی تیپ "سمکۆ عەزیز" و سکرتێری تیپ "کاوە ئەحمەد میرزا" پێشنیار بکەم، هەردوو مامۆستا بەو پەڕی خۆشەویستی و بە سینگ فراوانییەوە پێشوازیان لە پێشنیارەکە کرد، ئەوەی کە بەلای من و (جیهاد دڵپاک)ەوە مایەی شەرم و نیگەرانی بوو، بەلای ئەندامانی تیپی نواندنەوە زۆر سادە و ئاسان بوو، پاشتر لە کۆبوونەوەی دەستەی کارگێڕیی تیپدا پێشنیارەکەیان تاووتو کرد. زۆرینەی، ئەگەر نەڵێم هەموو ئەندامانی دەستەی کارگێڕی تیپی نواندن، بەدڵ و بەگیان پێشنیارەکەیان پەسەند کرد، ڕاستییەکەی جیهاد دڵپاک لەبەر ئەوەی خۆی کەسایەتییەکی خۆشەویست و مرۆڤێکی تابڵێی ڕاستەقینە و ڕەوشت بەرزبوو، زۆرینەیان لەسەر هاتنی و بەشداریکردنی لە نمایشەکەدا کۆک بوون.

کاتێک (جیهاد دڵپاک)م ئاگادار کردەوە کە ڕۆڵی سەرۆکی وەستایان شان بەشانی عومەر دڵپاک بەدەبڵ کاست نمایش دەکات، بێ ئەندازە شادبوو، گوتی: باوەڕم نەدەکرد ئەو ڕۆڵەم پێ بسپێریت، بە مەزەندەی خۆم ڕۆڵی یاریدەدەری سەرۆکی وەستایانت بە دەبڵ کاست لەگەڵ عەلی نووری بۆ دانابووم، ئەم بەگەرمی پێشوازیکردنە لە جیهاد دڵپاک بۆ ناو تیپ، هانی دا ببێت بە ئەندامێکی چالاکی تیپی نواندن.

هەردوو دڵپاک، جیهاد و عومەر، ئێوارەیەک ئەم و ئێوارەی پاشتر ئەوی تریان ڕۆڵی سەرۆکی وەستایانیان نمایش دەکرد، هەردوو ڕۆڵەکەیان سەرکەوتووانە دەبینی، بەڵام جیاوازیش لە شێوازی نمایشیاندا بەرچاو بوو، تەنانەت بینەرانیش، بەتایبەتی شانۆکاران هەستیان بەم جیاوازییە دەکرد، لە ڕووی دەربڕین و هەست و کاردانەوە و هاوئاهەنگی لەگەڵ ئەکتەری بەرانبەر، بەتایبەتی لەسەر ئاستی سایکۆلۆژی کە لەو قۆناغەدا زۆرتر جێگەی بایەخ بوو، بە تایبەتی لەگەڵ کەسایەتی کابان(گەزیزە) لە دیمەنەکانی ناوماڵدا کە تەواو جیاوازبوون لە دیمەنی گرووپەکان (خەڵکە زۆرەکەی دەرەوە و دەوری پردەکە) هەردووکیان تابڵێی سەرکەوتووبوون. سەرەڕای ئەوەیش، وەک گوتم سەرنجی بینەران بۆ ئەوەش دەڕویشت کە هەریەکەیان تایبەتمەندێتیی خۆی هەبوو، ئەوەیش بەهادارترین ڕەهەندی کارکردنە لەگەڵ دەبڵ کاستدا، بۆ نموونە پێم وابوو، لەسەر ئاستی دەنگ و دەم و دەربڕینی هەست، عومەر دڵپاک کە ئەزموونی نواندنی شانۆیی

دەوڵەمەندتربوو، لەو ڕووەوە لە جیهاد دڵپاک باشتربوو، بەڵام جیهاد دڵپاک توانایی چاکتر بەسەر جووڵە و دەربڕینی فیزیکیدا دەشکا، هەردوو ئەکتەر لە دەربڕینی هەست و سۆزدا، بە شێوازێکی جیاواز دەردەکەوتن، هەرکەسە و تایبەتمەندێتی خۆی هەبوو، بەڵام هەردووکیان ڕۆڵەکەیان باش بەرجەستە دەکرد. وەنەبێت شێوازی دەبڵ کاست تەنیا لە چوارچێوەی ڕۆڵی سەرۆکی وەستایاندا بەرجەستە کرابێت، هەمان شێواز لە ڕۆڵی پاسەوانی دووەمدا جێبەجێ کرا، دوو پاسەوانی سەر پردەکە، لە چیرۆکی شانۆییەکەدا دوو کەسایەتی گرینگن، هەردوو نموونەی کەسایەتی ناو شانۆی کلاسیکی یۆنانین کە سیۆتۆکا سەردەمیانە بەکاری هێناون، هەردووکیان زۆر لە پاسەوانەکانی کریۆن دەچن لە شانۆنامەی " ئەنتیگۆنا" دا، لەوێ پاسەوانی لە تەرمی براکەی ئەنتیگۆنا دەکەن و ڕۆڵیان لە بینا و گرێچنی شانۆنامەکەدا کاریگەرە، لێرەیش پاسەوانی لە پردەکە دەکەن و ڕووبەڕووی تارماییەکە دەبنەوە کە هێمای ئایندەو پێشبینیی داهاتووە، لەبری دەبڵ کاست وام دانابوو هەردوو پاسەوانەکە، هەردوو ڕۆڵەکە ببینن، واتە ڕۆڵەکانیان بگۆڕنەوە، بەڵام پاشتر لەسەر ئەوە گیرسامەوە کە تەنیا پاسەوانی دووەم لە نێوان کاوە ئەحمەد میرزا و ماهیر عەلی بە دەبڵ کاست نمایش بکرێت.

عومەر عەلی ئەمین ڕۆڵی پاسەوانی یەکەمی زۆر لێهاتووانە بەرجەستە کرد، هەندێ وردەکاری واقیعیانەی بۆ ڕۆڵەکەی خوڵقاندبوو کە تەنیا ئەکتەری وردەکار دەتوانێت جێبەجێی بکات.

سەبارەت بە ڕۆڵی کابان، ژنی سەرۆکی وەستایان، بە خواستی من بوایە، ئەویش بە شێوازی دەبڵ کاست بێت، بەڵام ئەو نەخشەیە لە بەرکەمی ئەکتەریش لەو سەردەمەدا مەحاڵ بوو، گەزیزە تەنیا خۆی ڕۆڵی کابانی سەرکەوتووانە بینی، پێم وایە ڕۆڵی کابان بۆ ڕەوتی هونەریی گەزیزە، خاڵی وەرچەرخان بوو، پێش ئارتا زیاتر لە بەرنامەی تەلەڤزیۆنی و نمایشی فۆلکلۆری بەناوی خوشکە گەزیزەوە دەردەکەوت، لەوانە "چەم بێ چەقەڵ نابێت" و "خوا لە سوڵتان مەحموود گەورەترە" و "شلەخەجێ"...تاد، تەنانەت کە بۆ ڕۆڵی کابان پێشنیار کرا، بۆیە لە سەرەتادا تاڕادەیەک دوودڵ بووم، بەڵام



**کاوەی ئەحمەد میرزا**

دواتر بۆم دەرکەوت گەزیزە ئەکتەرێکی بەسەلیقەیە، ئەگەر لەگەڵ ڕیژیسۆرێکی خاوەن توانایی کار بکات، دەتوانێت لێهاتووانە گەلێک کەسایەتی شانۆیی قووڵ و ئاڵۆز نمایش بکات.

بۆ ئەو سەردەمەی گەزیزە کە هێشتا قوتابی دواناوەندی بوو، کارکردن لەسەر ئەو ڕۆڵە، ئەزموونێکی جددی بوو، دەرکەوتنیشی لە پردی ئارتادا بەو ئاستە هونەرییە بەرزە، بۆ زۆرینەی خەڵکی نێوەندی شانۆیی مایەی دڵخۆشی بوو، گەزیزە لە ڕۆڵی کاباندا لە چەند دیمەنێکی جیاوازی وەک دیمەنی ناوماڵ، دیمەنی خەون و پێشبینی (لە خەوندا بۆ پردەکە دەڕوات، بەڵام ڕێبوارێک ڕێی پێ دەگرێت و پێی دەڵێت: مەڕۆ)، دیمەنەکانی پردەکە، ئینجا شۆڕبوونەوە بۆ ناو چاڵی ئەستوونی پردەکە، لەو دیمەنانەدا لەسەر چەند ئاستێکی جیاواز نمایشی دەکرد، ئەوەیش وەک ڕۆڵی ئافرەتانە، بۆ ئەو سەردەمە نوێ بوو، ئەوەی جێگەی سەرنج بوو، گەزیزە ئەو ئاستە جیاوازانەی بە وردی بەرجەستە دەکرد.

## جووڵە وەک ڕەهەندێ سەرەکی نمایش

جووڵە ڕەهەندی سەرەکی بوو لە پرۆسەی کاری دەرهێنانمدا، ئەرکی سەرەکی خۆمم بەم شێوەیە

دەستنیشان کردبوو: لە هەموو دیمەنێکدا، لە هەموو ڕستەیەکدا کرۆک و هۆکار و پاڵنەرێک بۆ جووڵەی ئەکتەر بدۆزمەوە، ئەگەر نا، بەشێوەیەکی ڕەوا بیخوڵقێنم، دیارە بەشێکی زۆری کارەکەم خۆڕسکانە و بەپێی زانیاری و شارەزایی ئەو کاتەم جێبەجێ دەکرد، دەکرێت هەندێکیان ئەوەندە باش جێبەجێ نەکرابن، بەڵام کە پاشتر شارەزایی و زانیاریم پەیداکرد، بۆم دەرکەوت سەبارەت بە جووڵەی ئەکتەر هەندێک هەنگاوم ناوە، ئەوەندەیش بێ بنەما نەبوون، بگرە پێشتر لەلایەن ستانیسلاڤسکی و مییرهۆڵدەوە ئاماژەیان پێ کراوە و قسەیان لەسەر کردووە. لەوانە:

ڕۆڵی داپیرە، واتە دایکی کابان، کە لەلایەن (مەهاباد فەرەج)ەوە نمایش کرا، دەکرێت وەک نموونەیەک باس بکەم، (مەهاباد فەرەج)یش قوتابی دواناوەندی بوو، ئەزموونێکی ئەوتۆی لە نواندندا نەبوو، ڕۆڵێکی قورسیشی هەبوو، ڕۆڵەکەی تا دەهات لە ڕووی هەست و هەڵچوونەوە، بەتایبەتی پاش زیندە بەچاڵکردنی کچەکەی" کابان". ئەو دیمەنە یەکێکە لەو دیمانانەی کە خەونی ئەکتریسە بەتواناییەکانە، بەڵام نەک بۆ ئەکتەرێکی کەم ئەزموون، پاش بیرکردنەوە، گەیشتمە ئەو باوەڕەی کە ئەو دیمەنە بە شین و شەپۆڕ و گریان جێبەجێ ناکرێت، ئەو ئەکتەرە لەسەر ئاستی هەست و ناوەوە ئەو دیمەنەی پێ جێبەجێ ناکرێت، دەبێت کردار بنوێنێت، چەند خشتێکم لە نزیکی پردەکەوە بۆ دانا، گوتم مەهاباد دوو خشت هەڵگرە، هەریەکەو لە دەستێک، ئێستا پێم بڵێ: مۆنۆلۆگەکەت چی پەیامێک دەگەیەنێت؟

گوتی: نەفرەت، نەفرەت لەو کەسانەی کە کچەکەمیان کرد بەقوربانی. گوتم باشە ئەگەر بەدەستی تۆ بێت چییان لێ بکەیت؟

گوتی بەم بەردانە بیانکوژم.

گوتم: کەواتە وا بزانە لە بەردەستتدان و پێیاندا بکێشە.

هەموو مۆنۆلۆگەکەی لەسەر یەک ڕیتمی توند، بەدەم بەردکێشان بە ئەرزەکەدا نمایش کرد، ئەو دیمەنە وەک یەکێک لە دیمەنە هەرە جوانەکانی نمایشەکە کەوتەوە، بینەران لە میانەی جووڵە و جەستەوە خەم و ئازار و هەڵچوونی ئەو ئەکتەرەیان دەبینی، پاش چەند ساڵێک پرۆڤەیەکی لەو بابەتەم لەسەر زاری مییرهۆڵد خوێندەوە، مییرهۆڵد باس لەوە دەکات کە چۆن لەلای ستانیسلاڤسکی لە شانۆیی (سێ خۆشک)ی چێخۆڤ دا پرۆڤەی کردووە. دیارە مییرهۆڵد ڕۆڵی (تۆزینباخ)ی دەبینی، دەڵێت: مۆنولۆگێکم هەبوو، مۆنۆلۆگەکە درێژبوو، هەستم دەکرد کرداری تێدا نییە، نەشمدەزانی چی بکەم، ئەوەبوو ستانیسلاڤسکی گوتی: بڕۆ بۆ لای پیانۆکە، بەدەم قسەکردنەوە، ناوبەناو یاری بە کلیلەکانی پیانۆکە بکە، دیارە لەسەر ڕیتمێکی دیارکراو، بەو شێوەیە دۆزینەوەی کردار جووڵەی ئەکتەر دەستنیشان دەکات و نمایشەکەی بەتینتر دەکات.

ڕەنگە شێوازی کارکردن لەسەر جووڵەی ئەکتەر و سۆراخی پاڵنەر و هۆکار و مۆتیڤ لە دیمەنەکانی کرێکارانی پردەکەدا زیاتر بەرجەستە بووبێت، چونکە لە پێکهاتەکان و ئاخاوتنەکانیاندا نەزمی ڕیتمی و تێمپۆ(خێرایی و خاوی) زیاتر دەردەکەوت، هەموو کرێکارەکان گەنج بوون، ئەو خاڵەم زۆر بەلاوە مەبەست بوو، چونکە پێم وابوو گرینگە ئەوە پیشان بدەین کە بیناکەران و بنیادنەران هەمیشە لاوانن.

زۆربەی ئەو گەنجانەی تازە هاتبوونە ناو بواری شانۆوە، کەسانێک بوون خولیای شانۆییان لەناخدا هەبوو. پاشتر بەردەوام بوون، ئێستایش زۆربەیان چالاکن و وەک داهێنەر ناسراون، لەوانە ئازاد بەرزنجی، دلاوەر قەرەداخی، ڕزگار کەریم...تاد، یەکێک لە دیمەنە ناوازەکانی ئارتا، دیمەنی کۆتایە کە کۆرسێکی منداڵان، کچ و کوڕ دەگرێتە خۆ، کەس چاوەڕێی ئەوە ناکات شانۆنامەیەکی وەک پردی ئارتا کە تا ڕادەیەکی زۆر لەسەر بنەماکانی تراژیدیای یۆنانی دەڕوات، کۆرسێکی منداڵان بگرێتە خۆ، وەک ئەوە وایە شانۆنامەیەکی یۆرپیێدس، یان ئەسخیلۆس بە کۆرسی منداڵان تەواوبێت، بەڵام ئەم دیمەنە خۆی لە خۆیدا ماڵئاوایی بوو لە ڕابوردوو، لە مێژوویەکی بەسەرچوو، بۆ منیش بوو بە سەرەتایەک بۆ کارکردنم لەگەڵ شانۆی منداڵدا، دیارە کارکردنی قادر کوردی کە ڕاهێنەری سەما بوو، کارەکەی بۆ ئاسان کردم، هەر ئەو کارە سادەیە سەرەتایەک بوو بۆ ئەوەی لە داهاتوودا لە چەند نمایشێکدا کار لەگەڵ کۆریۆگرافدا بکەم.

## سینۆگرافیا لە پردی ئارتادا

سینۆگرافیای ئارتا یەکێک بوو لەو پرسانەی کە هەر لە سەرەتاوە پانتاییەکی گەورەی لە بیرکردنەوەمدا داگیر کردبوو، درۆ نییە ئەگەر بڵێم سینۆگرافیا لە قۆناغی خۆئامادەکردندا گەورەترین کێشەم بوو، بۆ ڕێژیسۆرێک هەر لە سەرەتای ئەزموونی ڕێژیسۆرییەوە کار لەسەر شانۆنامەیەکی فرەدیمەن بکات، داڕشتنی نەخشەی ئەم جۆرە سینۆگرافیایە لەسەر شانۆیەکی بێ کەڵک ئەرکێکی ئاسان نییە، نەخشەدانانی دیکۆری دیمەنەکان و دابەشکردنیان بەسەر پانتایی شانۆیەکی بچووکی وەک شانۆی قوتابخانەی خالیدییە لە سلێمانی، ئەرکێکی هێندە ئاسان نەبوو.

دیارە ئەم ئەرکە نەک تەنیا بۆ من سەخت بوو، بگرە بۆ هەر ڕێژیسۆرێکی ئەو سەردەمە کە شانۆنامەیەکی گەورەی فرەدیمەنی، فرە دیکۆر لەسەر هەمان شانۆ دەرهێنابا، سەخت بوو، شانۆی خالیدییەیش کە شانۆییەکی زۆر بچووکی بێ کەرەستە و بێ کەلوپەلی تەکنیک بوو، لەو سەردەمەدا، پاش هۆڵی ئامادەیی سلێمانی سەرەکیترین شانۆی سلێمانی بوو، پێکهاتەکانی سینۆگرافیای ئارتا بەم شێوەیە بوو: ماڵی کابان، پانتایی پرد" پرد بە ڕووخاوی، پاشان پرد بە دروستکراوی" ڕێگایەکی چۆڵ، دەرختێک، دیمەنی کۆتایی پاش سی ساڵێک، کڵێسایەک، دوو دیمەن لە سینۆگرفیای نمایشەکەدا سەرەکی بوون، ناوماڵ و پانتایی پردەکە، هەر لە سەرەتاوە باوەڕم بەوە بوو کە لەسەر شانۆییەکی بچووکی وەک شانۆی قوتابخانەی خالیدیە، باشتر وایە پەنا ببەمە بەر کەمترین و بچووکترین ئامراز و کەرەستە و کەلوپەلی ناوماڵ، واتە کەرەستەکانی سەر شانۆ دەبێ لە شێوەی هێما و سیمبۆل بن، نەک بەرجەستەیەکی کۆنکریتییانەی شتەکانی ڕۆژانە وەک ئەوەی لە واقیعدا هەن.

ئەم تەکنیکە وەنەبێ هەروا لە خۆڕایی لەلام دروست بووبێت، ئەم شێوازە هێماگەرییە لە بەکارهێنانی پانتایی و چەمکی سینۆگرافیادا، هەر لەو کاتەوە پشتی بە چەمکی مەرجەکی و شێوازەکی دەبەست.

هەڵبەتە بە ئەندازەی تێگەیشتنی ئەو کاتەم، کە لە بنەچەدا هەڵقوولاوەی شانۆی ئەبسێورد بوو، بەتایبەتی هزر و بۆچوونەکانی یۆنسکۆ، لەگەڵ شارەزاییەکی سەرەتاییم لە قوتابخانەی مییرهۆڵد و چەمکی مەرجەکی و شێوازەکی، بەڵام دواتر ئەم چەمکەم بە قووڵی لە قوتابخانەی مییرهۆڵددا دۆزییەوە، چەمکی مەرجەکی پێمان دەڵێت: شت و کەرەستە و کەلوپەلەکانی سەر شانۆ، پێویست ناکات شتە ڕاستەقینەکان بن، یان وەک شتە ڕاستەقینەکانی ژیان بن و هەمان ڕۆڵ و هەمان ئەرکیان هەبێت، دیکۆر و کەلوپەل و ئێکسسوار دەبێت کەم و پوخت و هەڵبژاردەبن، دەبێت خۆیان لە فۆرم و شێوازی هونەریدا بنوێنن و تەنیا گوزارە لە جەوهەری شتەکان بکەن، مانای شتەکان ببەخشن، نەک خودی شتەکان بن، بۆیە لە بەرجەستەکردندا پێویست بە دووبارەکردنەوەی وردەکارییەکانی ژیانی ڕۆژانە ناکات، شانۆی شەکسپیر باشترین بەڵگەیە بۆ ڕاستیودروستی ئەم بۆچوونە، هەر بۆ نموونە شەکسپیر زۆربەی دیمەنەکانی لەسەر شانۆیەکی ڕووت و بنیادی چەسپاو، بە چەند کەرەستەیەکی سادە و هێمابەخش بەرجەستە دەکرد، پردێک پێویست ناکات لەسەر شانۆدا پردێکی ڕاستەقینە بێت، پارچە دیکۆرێک کە بەمەرجی پرد و بە گوێرەی ئەرکی شانۆ نواندن بەکار ببرێت، نمایش و یاری ئەکتەر وا لە بینەر بگەیەنێت کە ئەو پارچە دیکۆرە پردە، ئەوە خۆی لە خۆیدا جەوهەری مەرجەکییە، ئەو کەرەستەیە لە نمایشی ئەکتەریدا ئەرک و شێوازێکی نوێ وەردەگرێت، واتە دەچێتە چوارچێوە و فۆرمی شێوازەکییەوە.

بۆ دۆزینەوەی ئەم فۆرمە هێماگەرییە سادەیە، زەینم بۆ ئەوە دەچوو کە پێویستە، پەنا بەرمە بە نیگارکێشێک بۆ ئەوەی یارمەتیم بدات، پاشتر وا کەوتەوە کە ئەو نیگارکێشە قادر کوردی بێت، ئەو لە زانکۆ بەڕێوەرمان بوو، بەردەوام ئاگای لێ بوو سەرقاڵی ئارتابووم، قادر کوردی پرسیاری سینۆگرافیاکەی لێ کردم، باسی کێشەی سینۆگرافیاکەم بۆ کرد، گوتی بۆم باس بکە، من نیگارکێشم، با بزانم دەتوانم یارمەتیت بدەم، پاش ئەوەی بە وردی دیمەن بە دیمەن، ناوەڕۆکی شانۆنامەکەم بۆ باس کرد، گوتی من نەخشەی دیکۆرەکەت بۆ دەکێشم. هەر لەو شوێنەدا چەند نەخشەیەکی بۆ کێشام، سەرنجم دا، نەخشەکەی قادر کوردی زۆر نزیک بوو لەوەی کە من مەبەستم بوو، بەڵام نەمدەتوانی وەک ئەو لە چوارچێوەی نەخشەیەکدا دایبڕێژم، پاشان بەرانبەر بە پێشنیار و داخوازییەکانم، لێرەو لەوێ، هەندێک دەستکاری کرد، تا

وێنەیەکی ڕوونی سینۆگرافیاکەم لەلا دروستبوو، بەداخەوە ناوی قادر کوردی لە پرۆگرامی نمایشەکەدا، بە هیچ جۆرێک ئاماژەی پێ نەدرا، هەرچەندە وەک گوتم، نەخشەی دیکۆرەکە لە بنەڕەتدا زادەی هزر و ئەندێشەی ئەوبوو، لە وڵاتانی پێشکەوتوودا ئەم پشتگوێ خستنە بە ناڕەوایی لە قەڵەم دەدرێت، بەڵام لەلای ئێمە بەتایبەتی لەو سەردەمەدا ئاسایی بوو. هەرچۆنێک بێت، بەرانبەر بەو بێ سەروبەرییە تەنیا خۆم بەرپرسیارم، هەرچی پرۆسەی جێبەجێکردن و ئەنجامدانی دیکۆرەکەبوو لەسەر تەختەی شانۆ، لەلایەن زۆربەی ئەندامانی تیپی نواندنەوە، لە سێ ڕۆژی جەژنی ڕەمەزاندا کە من لە کەرکووک بووم، جێبەجێ کرا.

جێبەجێ کردنی دیکۆرەکە بە سەرپەرشتی فازیل قەساب بوو کە دەستی باشی لە دارتاشی و دیکۆراتدا هەبوو، بەو پێیە ناوی ئەو وەک سینۆگراف نووسرا، سینۆگرافیای ئارتا لەسەر شانۆی قوتابخانەی خالیدییە جێبەجێ کرا، واتە لەسەر شانۆیەک کە بە پێوەری ئەمڕۆ شانۆ نەبوو، بەڵام ئەم ئەزموونە بۆ من وانەیەکی بەکەڵک بوو، زۆر جار کە شانۆیەک بۆ بەرهەمێکم پێشنیار دەکەن، ئەگەر شانۆکەم، بە هەر بیانوویەکەوە بێت، بەلاوە پەسەند نەبێت، ئەگەر دوودڵ بم و داخوازی گەورەترم هەبێت، بە خۆم دەڵێم: تۆ پردی ئارتات لەسەر شانۆی قوتابخانەی خالیدییە کرد، شانۆگەرییەکە کە شێرکۆ بێکەسی شاعیر پێی دەگوت: شانۆگەرییەکی شۆخ، ئیدی بۆ بەم شانۆیە ڕاستەقینەیە ڕازی نابێت؟

## شێوازی کاری ڕێژیسۆریم لە ئارتادا

دیارە ئەرکی کردەیی ڕێژیسۆر بەر لە هەموو شتێک دانانی جووڵە و دەستنیشانکردنی میزانسێنەکانە. ئەم ئەرکەیش بۆ من نوێ بوو، جا هەر لەبەرئەوەی دەرهێنانی پردی ئارتا سەرەتای ئەزموونی ڕێژیسۆریم بوو، ئەرکی دانانی جووڵە و میزانسێنەکانم بەتەواوەتی خستبووە سەر شانی خۆم، واتە ڕۆڵی ئەکتەر و بەشداریکردنیان بەشێوەیەکی کارا، بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی ئێستا لە کارەکانمدا جێبەجێ دەکەم، زۆر لاوازبوو، یان ڕاستتر بڵێم هەر نەبوو، پاشتر لەمیانەی کارکردنم لەگەڵ ئەکتەرەکاندا بۆم دەرکەوت کە بەهیچ جۆرێک باش نییە، دەرهێنەر بەتەنیا خۆی بڕیار لەسەر جووڵە بدات و میزانسێنەکان بچەسپێنێت، نایشارمەوە بە هۆی ئەو شێوازەم لە کارکردندا چەند جارێک بەدحاڵیبوون لەگەڵ ئەکتەرەکاندا دروست بوو، پاشتر هەر لە شانۆیی (دوو ڕەگ)دا هەوڵم دا ئەم شێوازە لە دەرهێناندا بگۆڕم، واتە پتر گوێ لە ئەکتەر بگرم، هەوڵیش بدەم بە شێوەیەکی کاراتر لە دانان، جووڵەکان و چەسپاندنی میزانسێنەکاندا بەشدار بێت، ئەمەیش بەوە دێتە ئەنجام کە ڕێژیسۆر گوێ لە ئەکتەر بگرێت، ئەکتەر کە بەئاگایی و بەهۆشەوە بەشداری پرۆسەی دانانی میزانسێنی کرد کە داهێنەرانە یارمەتی ڕێژیسۆر بدات، جووڵەکان و میزانسێنەکان زیندووتر و کاریگەرتر خۆیان دەنوێنن.

ئێستا کە بە چاوی ڕەخنەوە تەماشای ڕەوتی ڕێژیسۆریی خۆم دەکەم و بە نمایشەکانمدا دەچمەوە، لەوە دەگەم کە ئەو بەهایە، یان ئەو ڕێسایەم(بەشداری پێکردنی ئەکتەر لە دانانی جووڵە و میزانسێندا) بە ئەندازەیەکی باش لە شانۆیی (تەرتووف) و لە کارەکانی دواترمدا هاتە ئەنجام، بێ گومان ئەزموون و پلەی شارەزایی و هۆشیاری ئەکتەریش ڕۆڵی سەرەکی لەم پرۆسەیەدا دەبینێت، ئەکتەر کاتێک دەتوانێت لە سەرجەمی پرۆسەی نمایشەکەدا، نەک تەنیا لە ڕۆڵەکەی خۆیدا، کارا و چالاک و داهێنەر بێت کە خۆی پیشەمەند و خاوەن ئەزموون و زانیارییەکی فراوان بێت، ئەگەرنا، ناچارە تەنیا و تەنیا چاوەنواڕی دەستی دەرهێنەر بێت و ڕێنماییەکانی ئەو وەک خۆیان جێبەجێ بکات، بگرە هەندێک جاریش تەنانەت لاسایی دەرهێنەر بکاتەوە، ئەکتەرەکان لە تەرتووفدا، زۆربەیان شانۆیان لە کۆلێژەکانی بەریتانیا خوێندبوو، شارەزاییشیان لە میتود و شێوازی ڕێژیسۆریم پەیدا کردبوو، بۆیە تاووتوکردنی جووڵەکان و کارکردن لەسەر میزانسێنەکان و چەسپاندنیان بۆ ئەوان و بۆ منیش ئاسانتربوو، کە دەگەڕێمەوە بۆ قۆناغی حەفتاکان، دەڵێم حەفتاکان بۆ من قۆناغی سەرەتای کارکردنم بوو لەسەر چەمکی جووڵە و ڕیتم و چەمکی شێوازەکی، دیارە هەمان چەمک پاشتر، پاش خوێندنەوە و خوێندن و ئەزموون و کارکردنم، قووڵتر لە کارەکانمدا هاتە بەرجەستەکردن، بەڵام دەکرێ بڵێم: ئەگەر ئارتا لە ڕووی زمانی نمایشەوە پۆلێن بکەین، بەش بەحاڵی خۆم لە خانەی ستیلی شێوازەکی دایدەنێم، شێوازەکییەک ئامێتەی کەشوهەوا و هەناسەی

شاعیرانەبوو، ستیلی شێوازەکی لە ئارتادا لە میزانسێن و ڕیتمدا دەبینرا، ئەمەیش بۆ ئەو ڕۆژگارەی شانۆی کوردی و ئێستایشی لەگەڵدابێت، نوێ بوو.

## دیسانەوە ڕیتم

ڕەنگە زیادەڕۆیی نەبێت ئەگەر بڵێم: کاریگەریی موزیک لەسەر بینای نمایشەکە بە چاو و بە گوێ دەبینرا و دەبیسترا و هەستی پێ دەکرا، وەک دەرهێنەر لە هەموو هەنگاوێکدا، بەپێی ئەزموون و توانایی ئەو کاتەم، بە ئاگاییەوە کارم لەسەر ڕیتم دەکرد، هەوڵم دەدا نواندن و نمایشی ئەکتەرەکان، لە ژێر ڕکێفی ڕیتمی موزیکدابن، پێم وایە ڕیتمی نمایشەکە تا دیمەنی کۆتایی، لە نێوان دوو ڕیتمی سەرەکیدا چەسپابوو، ڕیتمێکی خاوی دەروونی پڕ لە هەست و سۆز، ڕیتمێکی دەرەکی فیزیکی توند کە لە پانتایی پردەکەدا بەرجەستە دەبوو، ڕیتمی ئەکتەرەکان بەگشتی لە نێوان ڕیتمی ناوەوە و ڕیتمی دەرەوەدا خۆی دەنواند، دیاربوو جگە لە ڕیتمی ئەکتەرەکان خۆیان، ڕیتمی موزیک و گۆرانییەکانیش ئیلهامبەخش و یارمەتیدەر بوون، هەرچی ڕیتمی دیمەنی کۆتایی شانۆییەکە بوو کە هەموو ئەکتەرەکان لە پێش کڵێساکەدا کۆدەبوونەوە، بۆ ئەوەی گوێ لە دوا وتاری ڕوحی قەشەکە بگرن، لەم دیمەنەدا ڕیتم لە مۆسیقای جەنازەئامێزی کڵێساوە سەرچاوەی دەگرت، ئەم ڕیتمە بۆ ئەوەبوو، هەموو شوێنەوارێکی ئەو دوو ڕیتمە توند و گرژە ڕابماڵێت، لەبری ئەوە ڕیتمێکی ڕوحی هێور و خاو بۆ خەڵک جێگیر بکات، هاوکات پەند و پەیامی مێژووش لەسەر زاری قەشەکەوە، نەک لەسەر زاری هاووڵاتییەکەوە وەک نووسەر دەیەوێت بە خەڵک بگات.

## بینەرەکانی نمایشی پردی ئارتادا

پاش نمایشی یەکەم، (بەرزان عوسمان)ی دەرهێنەری لاوی شەهید، بە ڕاکردن هات باوەشی پێدا کردم و بەگەرمی دەستخۆشی لێ کردم، گوتی: ئەمڕۆ شانۆی کوردی ڕیتمی خۆی دۆزییەوە، ئەوەم پێ خۆش بوو کە شانۆکارێکی گەنجی لێهاتوو، سەبارەت بە ڕیتم و تێمپۆ، هەستی بە تایبەتمەندێتیی نمایشی پردی ئارتا کردووە، پردی ئارتا زۆری لەسەر نووسرا، تەنانەت دوو ساڵ پاش نمایشەکەیش بەردەوام لە سەری دەنووسرا، ئەوەی مایەی شانازیم بوو، ئەوەبوو، کەسانێکی زۆر لە ڕووی فیکر و هزرەوە لە سۆنگەی بیرکردنەوەی دۆگماییانەوە، دژی نمایشەکە بوون، کەسانێکی زۆریش هەواداری بوون، ئەوەی مایەی دڵخۆشیم بوو، ئەوەبوو کە کەس نەبوو، پاش بینینی نمایشەکە، بێ لایەن بێت و باسی نەکات، ستایشەکان و دەستخۆشییەکانی پاش نمایشی ئارتام لە یاد نەماون، ستایشەکەی بەرزان عوسمان نەبێت سەبارەت بە ڕیتم (شانۆی کوردی ڕیتمی خۆی دۆزییەوە)، ڕیتم...کە لە ئایینەدەدا بوو بە کلیلی هەموو نمایشەکانم.

# مۆسیقا لای یارسانەکان

جەمال نەجاڕی
(فەرەنسا)

## ئایینی یارسان

ئایینێکی عیرفانییە و پەیڕەوانی ئەو ئایینە لە هەردوو بەشی خۆرهەڵات و باشووری کوردستان هەن، بە تایبەتی لە کرماشان و گەرمیان. کاکەیی دانیشتووی کەرکووک و لێواری زێی نێوان هەولێر-مووسڵ (سارەلوو) و شەبەک، ئەمانە هەموو بە بنەچەکی هۆز و زمان و بیروباوەڕ دەگەنەوە یەکتر. شوێنەکانی نیشتەجێ بوونی ئەهلی هەق (یارسان) لە کوردستاندا، لە کۆنەوە تا ئەم سەردەمە هەندێک گۆڕانکاری بە خۆوە دیوە، بەڵام ئەوەی کە هەمووان پێداگری لەسەر دەکەن، ئەوەیە کە لە سەرەتادا ئایینی یارسان لە ناوچەکانی هەورامان و شارەزوور و لوڕستان بڵاوبۆتەوە و گەشەی کردووە، دواتر گەیشتووەتە ناوچەکانی تری کوردستان و ئێران کە بریتین لە پارێزگای کرماشان، بەتایبەتیش شارەکانی: قەسری شیرین، سەرپێڵ، کرند، کەنگاوەر، زەهاو، دەوروبەری بێوەنیج، ماهیدەشت، هەلیلان، ناوچەکانی دڵفان، پشتکۆ و خێڵاتی سەگوەندی لوڕستان، هەوشاری ئازربایجان، گەڕووس، شیشەوان، ئێلخچی، ئاقاری ماکۆ، میاندواو، هەمەدان، تاران، دامێنی کێوی ئەلبورز، پاتاق، شەهریار، لوڕستان.

ڕوون نییە مێژووی ئەو ئایینە بۆ چ سەردەمێک دەگەڕێتەوە، بەڵام باوەڕمەندانی ئەو ئایینە لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئایینەکەیان یەکەمین و دوایین ئایینە لە جیهاندا، ئایینی یارسان بە درێژایی مێژوو، قۆناغی جۆراوجۆری بڕیوە تا سەدەی دووەمی کۆچی و مێژووی هەندێ لە شوێنە پیرۆزەکانیان بۆ پێش ئیسلام دەگەڕێتەوە، بەڵام پێکهاتەی ئێستای ئەو ئایینە لە سەدەی حەوتەمی کۆچی و لە لایەن سوڵتان سەهاک سەر



له نوێ داڕێژرایەوە کە لە بیروباوەڕی پەیڕەوانی ئایینی (یارسان)دا بەرزترین پێگەی هەیە.

لە کتێبی مێژووی مۆسیقای کوردیدا، بەم جۆرە باس لە وشەی یارسان کراوە: (یارسان) لە دوو وشە پێکهاتووە، وشەی یار و سان. یار بە جیا بە مانای دۆست و ئاشنا، دڵدار، دڵبەر و هاوڕێ هاتووە، سان-یش لە فەرهەنگی گۆران و پارسی کۆندا، بە مانای شا و سوڵتان دێ کە بە گوێرەی نامەی (سەرەنجام)، مەبەست لە شا و سوڵتانیش، ڕووی ڕاستیی و ئاوێنەی خوایە کە بە هەردوو وشەی لێکدراوی یارسان، مانای: دۆستایەتی ڕاستی و دڵدارانی هەق و یارانی خواناس و ڕاستی پەرست دەگرێتەوە.

بە بۆچوونی هەندێک لە مێژووناسان، ناوی یارسان کورتکراوەی "یارسوڵتان"ە و مەبەست لێی "سوڵتان سەهاک"ە، بە فارسی" سلطان اسحاق" (١٢٧٦-١٣٩٥ز)، کە ڕێبەرێکی دیاری ئەم بیروباوەڕەیە لە کوردستاندا، هەروەها لە جێی یارسان، (یارستان)یش بەکار دەهێنرێ کە بە واتای شوێنی یار، یان موریدانی ئەهلی هەق دێت، شاعیری ناودار بابا تاهیری هەمەدانی (٩٣٧ - ١٠١٠ز)، ناوی لە ڕیزی ناودارانی ئایینی یارسان دێ کە زۆربەی شیعرەکانی لای یارسانەکان پیرۆزن و هەندێک لە دێڕە شیعرەکانی ئاخێنراونەتە نێو کتێبی (سەرەنجام) کە بە کتێبی هەرە پیرۆزی پەیڕەوانی ئایینی یارسان ناسراوە.

دەفتەرەکانی ئەهلی هەق کە ئاماژەن بۆ ناوی پیر و ڕابەرانیان، لە ناویاندا (سوڵتان ئیسحاق) ناوێکە لە زۆریان دیارترە، بنەچەی ئەم پیرە بیرورای جیا جیای لەسەرە، هەندێک پێیان وایە کوڕی (شێخ عیسای بەرزنجە)ی لای شارەزوورە و ساڵی ٦١٢ی کۆچی ١٢١٥ز، واتە لە سەردەمی دەسەڵاتداریەتی ئێلخانەکاندا هاتۆتە دنیا. هەندێکی تریش دەڵێن لە سەدەی هەشتەمی هیجریدا ژیاوە، بەڵام بە گوێرەی ڕۆژژمێری ساڵی ٤٤٧ی ئەهلی هەق کە لە لایەن نەوە و ڕابەرانی (ئەهلی هەق)ـەوە ساڵی ١٣٧٢ی هەتاوی (١٩٩٣ز) دا چاپ کراوە، ساڵی لەدایکبوونی سوڵتان ئیسحاق ڕێکەوتی ٦٢٨ی کۆچی ١٢٢٩ز دەکات. ئەم ڕابەرەش (سوڵتان ئیسحاق) ناوچەکانی هەورامان و جوانڕۆ و گۆران و کێوەکانی دالاهۆی کردۆتە شوێنی کار و بڵاوکردنەوەی ئایینی ئەهلی هەق.

عەلی ئەکبەر مورادی تەنبوورژەنی بەناوبانگ، بەم چەشنە باس لە ئایینی یارسان دەکا: " ئایینی یارسان هەرچەندە بە ڕواڵەت دەگوترێ مێژوویەکی زۆری نییە و دەیگەڕێننەوە بۆ هەزار ساڵ لەمەوبەر، بەڵام ڕاستییەکەی مێژووی ئەو ئایینە زیاتر لەوەیە کە باس دەکرێت و سەرچاوەکەی بۆ ئایینی میترایی و خۆرپەرستی دەگەڕێتەوە، بە تێپەڕبوونی زەمەن و بەهۆی پێکدادان لەگەڵ ئایینەکانی تر، هەندێک تایبەتمەندی لە ئایینەکانی تر وەرگرتووە، هەندێک کەسایەتیش هەر لە ئەنجامی ئەو بەریەک کەوتنانە هاتوونەتە ناو ئایینی یارسانەوە، بۆ نموونە لەسەر بنەمای گۆڕینی ڕوح کەسایەتییە ئایینییەکان و "پاڵەوانی خوێنمژ". بۆ نموونە لە ئایینی یارساندا دەڵێن "عیسای پێغەمبەر" پیر بنیامینە، یان ڕۆستەمی زاڵ داهووە."

جگە لە ناوی یارسان هەندێ ناوی دیکەش بۆ ئەو ئایینە بەکار دەهێنرێ کە ئەهلی هەق، ئایینی یاری، دینی هەقیقەت، تایفەی سان، کاکەیی لە خۆ دەگرێت.

جگە لە سوڵتان سەهاک، ڕێبەر و دامەزرێنەری ئایینی یارسان، هەندێ کەسایەتی ناوداری دیکەش هەن کە بریتین لە شائیبراهیم کوڕی محەمەد گەورە سوار.



**گۆڕی سوڵتان ئیسحاق (سوهاک) لە گوندی شێخان نزیک نەوسوود**

باوەیادگار؛ لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە و مەزاری لە بناری چیای دالاهۆیە، لە نزیک گوندی بان زەردەی سەر بە کرند لە ڕۆژئاوای کرماشان.

پیرشالیار؛ کە مەزارەکەی لە هەورامانی تەختە.

خامۆشی و قەلەندەری و میر ئەحمەد ناسراو بە میر سوری، باوەیسی، مستەفایی و شاخۆشین لە لوڕستان.

## زمان و ئەدەبیات لای یارسانەکان

پەیرەوانی ئایینی یارسان بە شێوەزاری گۆران کە زمانی دانیشتووانی چەندان دەڤەرە لە کرماشان، ئەردەڵان، باکووری لوڕستان و هەمەدان، بۆ ماوەیەکی زۆر، زمانی ڕەسمی حوکمڕانانی کوردستان، تەنانەت زمانی شیعر و شاعیران بووە. گێڕانەوەی بەیت و ستایشی یارسان بە ئاوازەوە، وشەی (گۆرانی)ی بە واتای ستران لە زمانی کوردیدا پەیداکردووە

نموونەی بەیتی یارسان (شیعری شاخۆشین) لوڕستانی:

**"یارسان وەڕا**
**ڕای هەق ڕاسییەن برانان وەڕا**
**پاکی و ڕاستی و نیستی وەڕا**
**قەدەم وەقەدەم تاوە مەنزڵگا"**

لە ئایینی (یاری)دا بە دەیان وتەی ڕێبەر و پیرەکانیان لە کتێبە پیرۆزەکانی ئەو ئایینەدا بەرچاو دەکەون کە هانی خەڵک دەدەن ئەو ئەرکە بە ئاوازەوە هاوڕێ لەگەڵ تەمموورەدا بخوێنن، ئەم هەڵبەستەی خوارەوەی دەروێش زوڵفەقاری گۆران، ئاماژەیەکە بۆ ئەو ڕاستییە:

**"خاوەندکارم تەنبوورش ئاوەرد**
**پەری یارانش هەر سەوگەندش وەرد**
**واتش هەر کەسێ تەنبوور نەژەنۆ**
**مەبۆ جە دینش دڵش بکەنۆ**
**دەسا ئەی یاران، ئەر شاد، زگارن**
**تەنبوور بژەنن ئەگەر وەکارن"**

واتە: خاوەنکار تەموورەکەی هێنا و سوێندی بۆ یارانی خوارد کە هەر کەسێ تەنبوور نەژەنێ دەبێ دەست لەو دینە هەڵبگرێ، بۆیە یاران! ئەگەر شادن و ئەگەر خەمبارن، تا توانایی و هونەرتان تێدایە تەمووره بژەنن.

ئاکار و هەڵسوکەوتی پەیرەوانی ئەهلی هەق، بەگوێرەی بەرنامەیەکە کە لە سروودگەلی ئایینییەکەیاندا (سروودی یارسان)دا دیاری کراوە، ئەهلی هەق بەم بەرنامە نووسراوە، دەڵێن دەفتەر، یان کەلام کە بەناوبانگترینیان (سەرئەنجام)ە، یان کەلامی سەرئەنجام، یان کەلامی خەزانە. (سەرئەنجام)یش شەش بەشە کە ناویان بەم جۆرەیە، (دەورەی حەوتانە، بارگە بارگە، گڵێم و گوڵ، دەورەی چل تەن، دەورەی عابدین، وردە سەرئەنجام).

جگە لەم چەند دەفتەرە، چەند دەفتەرێکی تریشیان هەیە کە لە سەدەکانی چوارەم تا حەوتەمی هیجری نووسراونەتەوە، وەک: دەورەی بەهلول، دەورەی بابا سەرهەنگ، دەورەی شا خۆشین، دەورەی بابا ناوس.

هەروەها دەفتەری تریشیان بەو ناوانە هەیە: دەفتەری پردیوەر، دەفتەری ساوا، دەورەی دامیار، دەورەی بابا جەلیل، دەورەی دێوانە گەورە، دەورەی حەیدەری، کەلامی ئەڵماس خان، کەلامی تەیموور، کەلامی ئێڵ بەگی جاف، کەلامی نەورۆز. شیعرگەلی ئەم دەفتەرانە کە بەهەموویان سەرئەنجام، یان سروودی یارسانییان پێ دەڵێن، سەرلەبەریان بە کێشی دە برگەیین کە تێکڕای شیعر و داستان و مەنزومەی شێوەی گۆران بە گشتی و شیعری شاعیرانی ناسراوی ئەم شێوە زمانەش، هەموویان لە درێژەی ئەم هەزار ساڵەی ڕابوردوودا، هەر بەم کێشە بووە.

(ماشەڵڵا سوری) کە خۆی (ئەهلی هەق)ە و نامیلکەیەکی لە بارەی سەرئەنجام (سروودی یارسان) و ئەم دەفتەرانەوە نوسیوە، سەبارەت بە سەرئەنجام دەڵێ: یارسان زنجیرەیەک سروودی ئایینییە کە بە کەلام ناسراوە. (کەلام)یش، شیعرگەلێکن کێشی تایبەتی خۆیان هەیە. ئەم سروودانە لە جەمخانەدا بە تەموور و لەسەر ئاوازی تایبەتی دەوترێن.



**گۆڕی باوە یادگار لە گوندی (بان زەردە)، نزیک قەڵای یەزدگرد، پارێزگای کرمانشان**

لەسەردەمی (سوڵتان ئیسحاق)دا، ئایینی ئەهلی هەق ئاسۆیەکی بەرینتر و باڵاتری بەخۆیەوە گرت و هەر ئەمیش بنچینەکان و بەرنامە و یاسای ئەهلی هەقی بە شێوەی شیعری دە بڕگەیی دەربڕی کە ناوی نا (سەرئەنجام) و یەکێکیش لە بنچینەکانی سەرئەنجام، پەسەندکردن و هەڵبژاردنی (تەموور)بوو. لە نێوان سەرجەمی ئامێرگەلی موزیکیدا وەک تاقانە ئامێرێکی موزیکی ئایینی پەیڕەوانی ئەهلی هەق دادەنرێ و هەمیشەش دوای ئامادەبوونێکی ڕوح و پاکژکردنەوەی ڕوح دەستی بۆ دەبرێت.

هەر (سوڵتان ئیسحاق)یش فەرمانی نووسینەوەی هەر (٧٢) ئاوازەکەی ئەهلی هەقی دەرکرد، تا لە کۆڕ و کۆبوونەوەی ئایینی و جێگەی ڕازونیاز و نەزر و شوێنی سازدانی کۆڕی زیکری موزیکیدا بژەنرێت و ببیسترێن.

## هونەری گۆرانی لە کوردستان

مێژووی تەمەنی هونەری گۆرانی لە هونەری مۆسیقا کۆنترە، ئەگەر بمانەوێ تەمەنی گۆرانی کوردی دەستنیشان بکەین، دەبێ لەو کاتەوە دەست پێ بکەین کە کورد بوونی هەیە.

حەمەی حەمەباقی لە کتێبی مێژووی مۆسیقای کوردیدا دەڵێ: دەستنیشان کردنی ساڵێکی دیاری کراو، یان سەردەمێکی دیاری کراو بۆ مێژووی سەرهەڵدان و لە دایک بوونی گۆرانی کوردی، کارێکی یەکجار ئەستەم و سەختە.

سەرەتای نەشونما کردن و سەرهەڵدانی گۆرانیی کوردی دەگەڕێتەوە سەردەمی زەردەشت و سروودەکانی ئەو ئایینە پیرۆزە، دەکرێ سروودی گاتا (گاسا) و (یەشت)ەکان کە لە کتێبی پیرۆزی ئاڤێستادا هاتووە، بە سەرەتای گۆرانی کوردی ئەو سەردەمە دەستنیشان بکەین، ئەو سروودانە کە جۆرە گۆرانییەکی ئەو چاخە بوون، لە بەر ئەوەی لە باری ئایینییەوە دەرەتانیان پێ درابوو، زۆر زوو توانیویانە گەشە بکەن و پێش بکەون، وەک فتوای ئایینی لە لایەن موغەکان، واتە ڕێبەرە ئایینییەکانی زەردەشتەوە، بە پەیڕەوانی ئەو ئایینە ڕاگەیەنراوە کە هەر کەسێ سروودەکانی ئاڤێستا بە ئاوازەوە بخوێنێ، کاریگەرتر و باشتر ئامانجەکانی دەپێکێ.

وشەی گاتا، گاسا، گاسە، یان گازە بە مانای بانگ و هاوار و داد و سکاڵا لێک دراوەتەوە، واتە سکاڵا و ڕاز و نیاز بە ئاواز و مۆسیقاوە لەگەڵ خودا. سروود لە پلەی هونەریدا لە گۆرانی بەرزترە و بۆ بۆنەکانی نیشتمانی و ئایینی بە کار دەبرێ، سروود دەکرێ زۆر جار پلەی هەقیقی (پیرۆز)ی پێ بدرێ و گۆرانی مەجازی (دڵداری و...تاد). سروود لە ئاتەشکەدەکانی زەردەشتی و کەلام (یارسان) لە جەمخانەکانی ئایینی یاری (ئەهلی هەق) و ئیزەدیدا لەگەڵ تەمبوورە (تەنبوور، تەمویرە، یان تەمیر) کە یەکێکە لە ئامێرە هەرە پیرۆزەکانی کورد، پێشکەش کراوە و دەکرێ.

دکتۆر محەمەد موکری دەڵێ: وشەی (گۆرانی) دراوەتە پاڵ گۆران کە خێڵێکی گەورەی نێوان سنە و کرماشانە و ئەم خێڵە پەیڕەوی ئایینی ئەهلی هەق و خاوەن بیر و باوەڕ و ئاداب و ئەدەبیاتی تایبەت بە خۆیانن کە هەموو شیعری کتێبەگەلی مەزهەبەکەیان دە بڕگەیین.

حەمەی حەمەباقی دەڵێ: پەیڕەوانی ئەهلی هەق، وشەی گۆرانی بەکار ناهێنن و لە جیاتی ئەم وشەیە (سروود) بەکار دێنن.

مێژووی سەرهەڵدانی سروود لای یارسانەکان، لە کۆتایی ساڵانی سەدەی چوارەمی هیجری (١١٠٠ز). لەکاتی دەسەڵاتداریێتی (سەلجووقییەکان) دەست پێ دەکات، لەو ساڵانەدا موبارەک شای ناسراو بە شا (خۆشین) لە لوڕستان هەڵکەوت و ئایینی (حەقیقەت)ی لە بەشێک لە لوڕستان برەو پێ دا، پەیڕەوانی موبارەک

شا، ڕوخساری ئەم ڕابەرە (موبارەک شا) بە ڕوخساری خوا، بە (مضهرالله)ی دەزانن و دەڵێن لە داکێکی پاکیزە (عذراء-باکره) هاتۆتە دنیاوە کە ناوی (مامەد جەلال) بووە. موبارەک شا پیاوێکی ساڵح و ناسک بووە و لە ماوەیەکی کەمدا پەیڕەوانێکی زۆری لە دەور کۆبۆتەوە، (شا خۆشین) لە لوڕستانەوە چۆتە هەمەدان و دیدەنی (بابا تایەر)ی شاعیر ناسراوی کردووە. دواتر ڕێی کرماشانی گرتۆتە بەر، بەڵام مردن مەودای نەداوە و لە دەوروبەری (هەرسین)ی لای خۆرئاوای کرماشان، لە ڕووباری (گاماسی)دا خنکاوە. وەک لە دووتوێی سروودەکانی یارساندا باس کراوە موبارەک شا کە هەرخۆی درەوشانەوەی پرشنگی ڕوخساری پەروەردگار بووە. لە کۆبوونەوەیەکی بەربڵاوی پێڕەوانی ئەهلی هەقدا کە لەبارەگا مەزنەکەی خۆیدا کۆبوونەتەوە، یاران و مریدانی خۆی بەش بەش و دەستە دەستە کردووە و هەر دەستەیەکیش لەمانە (٩٠٠) کەس بوون و دواتر بە (٩٠٠، ٩٠٠) ناسران، داوای لەمانە کردووە کۆڕێکی زیکری موزیکی بکەن کە دەبێ هەر یەکە لە ئەندامانی ئەم دەستانە بە جۆرە ئامێرێکی جیاواز بەشداری ئەم کۆڕی موزیک و زیکرە بکات، لەو زنجیرە باسانەدا کە لەم بارەیەوە ماونەتەوە، ناوی ئامێر گەلێکی زۆر هێنراوە کە بەداخەوە لەو ئامێرانە تەنیا هەر(تەمووره)ماوەتەوە. هۆکەشی ئەوەیە کە ڕابەری ئەم (٩٠٠) دەستەیە لەو مریدە پایە باڵایانە بووە کە (تەمووره)ی ژەندووە. ئیتر لەو ڕۆژەوە تا ئێستا پەیڕەوانی ئەهلی هەق ئامێری (تەمووره)یان وەک ئامێرێکی تایبەتی (موبارەک شا- شا خۆشین) ناو بردووە و خودی موبارەک شاش لەنێوان دەیان ئامێری تری بەشداربووی ئەو کۆڕەدا، تەنیا هەر (تەمووره)ی بۆخۆی هەڵبژاردووە و هەر تەموورەشی ژەندووە، بە گوێرەی ئەو بەڵگانەی لە دووتوێی کتێبەکانی ئەهلی هەق و گێڕانەوەی دەماو دەمیشدا هاتووە، موبارەک شا فەرمانی بەسەر موزیکژەنانی ئامادەبووی ئەو کۆڕە مەزنە کردووە (کە هەزاران کەس بوون)، تا لە بۆنە و جەژنێکی مەزهەبیدا (گوایە جەژنی قوربان بووبێت)، لە جێگەیەکی کەناری ڕووباری (گاماسیاو)دا، کۆببنەوە بۆ بەشداری لە کۆڕی زیکری موزیکیدا، ئامێرەکانی خۆیان، هاو دەنگ کۆک بکەن. لەو ڕۆژە پیرۆزەدا کە یەکێکە لە گەورەترین کۆڕەکان،



**عەلی ئەکبەر موڕادی**

زیکرێکی موزیکی وا ساز دراوە کە ڕەنگە ڕۆژێکی تری وا لە مێژوودا نەبووبێت. هەندێک لە ئاوازانی موزیکژەنانی ئەم کۆڕە کە هێژایە کە لەلایەن موزیکژەنە مەزنەکانی ئەو کۆڕەوە سازدراوە، تا ئێستاش بە شێوەی سنگاوسنگ ماونەتەوە و لەلایەن پیران و مامۆستایانی ئەهلی هەقەوە، بۆ مریدان و قوتابیان دەژەنرێتەوە، ئیتر لەسەردەمی (موبارەک شا) بەدواوە پەیڕەوانی ئەهلی هەق لە کۆڕی زیکری موزیکی خۆیاندا، هەمەجۆر ئامێری موزیکی وەک: تەمووره، بەربەت، قانوون، ڕووباب، نەی، دەف، دەهۆڵیان بەکار هێناوە.

سێ ئایینی (زەردەشت، یارسان و ئێزدی) کە لە کوردستان سەریان هەڵداوە، بوون بە هۆی پێشکەوتنی هونەری گۆرانی و مۆسیقای کوردی، چونکە هەر سێکیان هانی خەڵکیان داوە ڕاز و نیازەکانیان لەگەڵ پیر و خاوەنکاری خۆیان بە ئاوازەوە بخوێنن (بۆ زانیاری: ناوەندی ئایینی زەردەشتی لە ورمێ، یارسان لە هەورامان و داڵەهۆ و لوڕستان، ئێزدی لە مووسڵ و شنگاڵ و دیاربەکر هەڵکەوتووە کە هەموویان لە کوردستانن)، کەچی ئایینی ئیسلام بە پێچەوانەی زەردەشت و یارسان و ئێزدی، هەموو کات دژی هونەر و مووزیک بووە و لە باتی گۆرانی و مۆسیقا دەبێژێ: بگرین، تا دەروونتان لە گوناح پاک بێتەوە، واتە ئایینی ئیسلام بە پێچەوانەی ئایینی زەردەشت و یاری و ئێزدی لە باتی شادی، خەم و شین و شەپۆڕ بۆ چارەی دەردەکان پێشنیار دەکا، لە ئایینی زەردەشتدا وتراوە: ئەگەر دوعا و سکاڵاکانتان بە ئاوازەوە لەگەڵ تەموورەدا بخوێنن، زووتر دەگاتە جێی خۆی.

## تەمبوور لای یارسانەکان

تەمبوور، یان تەنبوور، یان تەموور، یان تەمیرە، یان تەمووره، ناوی ئامێرێکی مۆسیقایە، ئەم سازە لە کاسەیەکی گەورەی باڵ درێژ پێکهاتووە کە چوار تاڵ ژێی بە سەردا تێدەپەڕێ و بە قامک دەژەنرێت، تەمبوور سازێکی تایبەتی ئایینی یارسانە کە زۆرتر لە ناوچەکانی کرماشان لە خۆرهەڵاتی کوردستان باوە، شوێنکەوتووانی ئایینی یارسان وەک سازێکی پیرۆز لە بۆنە ئایینی و عیرفانییەکانیاندا کەڵکی لێ وەردەگرن و دوعا و پاڕانەوە و زیکرەکانیان بە ئاواز و تێکەڵ بە مۆسیقای تەمبوور پێشکەش دەکەن.

لە زمانی کوردی و لە ناو کورداندا تەمبوور بە چەند ئامێری جیاواز دەبێژرێت.

* لە باکووری کوردستان بە دیوان دەڵێن تەمبوور.

* لە باشووری کوردستان لە ناو یارساندا ئامێرێک هەیە بە ناوی تەمبوور.

* لە ناو کوردەکانی خوراساندا بە دوو تار دەڵێن تەمبوور.

سەید خەلیل عالی نژاد، کاکە ئەڵا موراد حەمیدی، سەید وەلی حسەینی، خەسرەو نەزەری لە گۆران، چەنگیز فەرمانی، دەرویش ئەمیر حەیاتی وەک ژەنیارانی بەناوبانگی تەمبوور ناویان هاتووە.

لە باسی مەقامەکانی تەمبوور، شێخ ئەمیری، سەحەری، عابدینی، باباکاوسی، سارۆخانی، چەپی، قەتار، شاخۆشین، جلەوشاهی، فەتاح پاشایی، هەڵپەڕکێ، تەرز، مەقامە بەناوبانگەکانی تەمبوورن و ژەنیارە بەناوبانگەکانی ئایینی یارسان دەبێ شارەزایی باشیان لە ناسینی و گوتنی ئەو مەقامانەدا هەبێ.

بەرهەمەکانی سەید خەلیل عالی نژاد کە کەمتر بەر گوێی خەڵک کەوتووە، بە بەشێکی گرنگ لە ئاسەوارەکانی زنجیرەی عیرفانی- هونەری کوردستان لە قەڵەم دەدرێن کە تێیدا دابی کۆن و داهێنانی نوێ بە شێوەیەکی سیحراوی تێکەڵ بوون.

هەروەها عەلی ئەکبەر مورادی کە بە باوکی تەنبووری جیهان دەناسرێت، لە ریزی پەنجا ژەنیارە گەورەکانی موزیکی جیهاندا ناوی تۆمار کراوە، ئەو بەم جۆرە باس لە ڕۆڵی ئایینی یارسان لە پاراستنی موزیکی کوردی و پێگەی موزیکی کورد لەسەر ئاستی جیهاندا دەکات و دەڵێت: "موزیکی کوردی نەک تەنیا لە ناوچەکە، بەڵکو لە ئاستی جیهاندا موزیکێکی دەوڵەمەند و بەرفراوانە، ئێمە نەتەوەیەکی نزیک بە چل و پێنج ملیۆن کەسین، ئەگەر ڕێژەی کورد لەبەرچاو بگرین، هیچ نەتەوەیەک هێندەی کورد موزیکی جۆراوجۆری نییە".

لەبارەی موزیک، هەر لە سەرەتاوە موزیک لە ئایینی یارسان بەشێکی دانەبڕاو بووە. تەنبوور وەک ئامێری یارسان سێ جۆرە مەقامی هەیە، یەک لەوانە پێی دەگوترێ "مەقامە باڵاکان" کە لە مەقامە کۆنەکانی ئەدواری موزیکی ئێرانە، لەناو ئەو مەقامە باڵایانە، مەقامێک هەیە بۆ "خۆر" بەگشتی سەرجەم گفتوگۆ و حاڵەت و بۆنە عیرفانییەکانی ئەو ئایینە لەسەر بنەمای موزیک بنیاد نراوە.

کاتێک "شاخۆشین" دەمرێت وەسیەت دەکات، دەڵێ ئەو تەنبوورەم ببەن لە هەموو کوردستاندا بیگەڕێنن، لە هەر شوێنێک تەنبوورەکە "کۆک" بوو من لەوێ بەخاک بسپێرن، ئەو سەردەم سنوورەکانی کوردستان ئەوەی ئێستا نەبووە و خەڵک بە ئاسانی توانیویانە لە ئیلامەوە بەرەو دیاربەکر کۆچ بکەن، کاتێک تەنبوورەکەی شاخۆشین دەگێڕن بە کوردستاندا، تەنبوورەکە لە ناوچەی هەورامان کۆک دەبێت و لەوێ دەینێژن. بە گشتی موزیک لە ئایینی یارساندا پیرۆزە و ڕێزی لێ دەگیرێت. تەنبوور لەناو یارسانەکاندا لە هەموان پیرۆزترە و ماچ دەکرێت و موزیک چووەتە ناو ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی یارسانەوە.

تەنبوور نزیکەی هەشتا مەقامی هەیە و لە کۆنەوە لێی بەجێ ماوە، ئەو مەقامانە "مەقامە باڵاکان"، "مەقامە مەجلیسی"، "مەقامە مەجازییەکان" و ئەو مەقامانەی کە لایەنی کەم مێژوویان بۆ هەزار ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، هەر لە ڕێگەی ئەو خەڵکەوە تا ئێستا پارێزراون، ئەگەر سەیر بکەی لەناو هەندێک ئاییندا دەڵێن، موزیک حەرامە و نابێ گوێی لێ بگیرێت، لەناو کورد ئایینی ئەهلی هەق و سوننە و شیعە و کۆمەڵێک ئایینی تر هەیە، بەڵام پێم وا نییە لەناو ئەو ئایینانەدا هیچیان هێندەی یارسان ڕێز و حورمەتیان بۆ موزیک دانابێت، ئەوان هەزاران ساڵە موزیکی کوردیان سنگ بە سنگ هێناوە و پاراستوویانە. موزیکی تەنبووریش گەنجینەیەکە، ئێمە لەناو موزیکی کوردیدا چەندان شتی

دیرۆکیـــمـــان هەیە کـــە بریتین لە تەنبـــوور، هۆرە، سیاچەمانە، مور، لاوک و حەیران، ڕاستییەکەی تەنبوور و هۆرە تایبەت بە یارسانە."

ئەو سەبارەت بە مەقامەکانی یارسان دەڵێت: "تەنبوور سێ جۆر مەقامی هەیە، یەکەمیان مەقاماتی باڵایە کە حاڵەتی زیکری هەیە، بەڵام زیکری جۆراوجۆر، بۆ نموونە زیکرێک هەیە حاڵەتی وێناکردنی هەیە کە کەسایەتییە ئایینییەکان و خۆر و شوێنە ئایینییەکان وێنا دەکات، دووەمیان مەقامە مەجلیسییەکان، یان مەقامە کۆنەکانە، ئەو مەقامە بە شێوەی دەنگە و پێی دەڵێین دەنگبێژ "نەک گۆرانی" ئەو مەقامە دەتوانرێ لە دەرەوەی یارسانیش بەکار ببرێت، وەک قەتار و هیجرانی و پامووری، تەنانەت هەندێک لەو مەقامانە دەکرێ بڵێین مەقاماتی "هۆرە"یە، وەک ساروخانی. بۆ کۆکردنەوەی ئەو مەقامانە من سەردانی چەندان مامۆستام کرد و دەنگیانم تۆمار کرد و شاگردیم کردن، دواتر هاتم ئەو مەقامانەم لەگەڵ یەک بەراورد کرد، بۆ نموونە ئەگەر دە لەو مامۆستایانە یەک مەقامیان ژەندبێت، ئەگەر پێنج لەوانە گۆشەیەکیان وەک یەک ژەندبێت، ئەوەم کردووە بە بنەما و کۆم کردنەوە و تەواوم کردوون، واتا هەوڵم دا لەڕووی موزیکەوە ئەو ڕەوتە ڕاست بکەمەوە، ئەو کارەیش زۆری کێشا و دوای نزیک بە پازدە ساڵ تەواوم کرد، سەرەتا لە ئێران مۆڵەتی بڵاوکردنەوەیان پێ نەدام، کاتێک لە خانەی کولتوورەکانی جیهان لە فەرەنسا تۆمارم کرد، پێنج ساڵ دواتر ڕێگەیان دا لە ئێران بڵاوی بکەمەوە، لە ئێرانیش بەناوی موزیکی کوردستان بڵاوم کردەوە، بۆ ئەوە هەندێک لە یارسانەکان گلەییان کرد کە بۆ نەمنووسیوە موزیکی یارسان، یان کرماشان، بەڵام پێم گوتن کە لە کرماشان مەگەر نەتەوەیەکی تر جگە لە کورد هەیە؟ ئەگەر هەیە ئەوە کۆچبەرە و کرماشانی نییە."

عەلی ئەکبەر مورادی ساڵی ١٩٩٣ دەستی بە کۆکردنەوەی مەقامەکانی تەنبوور کرد و هەر حەفتاودوو مەقامەکەی لە ماڵی کولتوورەکانی جیهان لە وڵاتی فەرەنسا بە فەرمی تۆمار کرد، سەبارەت بە ناسنامەی مەقامەکانی یارسان کە ئاخۆ ئێرانین، یان کوردین، ئەو لەم بارەیەوە دەڵێت: "بێ گومان بە ناسنامەی کوردی ئەو مەقامانەم تۆمار کردووە، من پێم وایە بەر لە پێنج سەدە لەمەوبەر، بەشێکی هەرە گەورەی ئێران هی کورد بووە، نەک ئەوەی کە بڵێین کورد ئێرانییە، بەشێکی گەورەی خاکی ئێرانی گەورە نەک ئەوەی ئێستا هەیە، کوردستان بووە. ئاشکرایە ئەو موزیکە کوردییە، سەرجەم شیعرەکان کوردین، میلۆدییەکانی کوردییە، سازەکەی کوردییە، ئەو کەسەی گۆرانییەکە دەڵێ و ئەوەی موزیکەکە دەژەنێ کوردە."

**سەرچاوەکان:**

**بەشی کوردی:**

**١- مێژوو و فەلسەفەی یارسان. نووسەر؛ ت تاهیری/ وەرگێڕان بۆ کوردی: بێهزاد خۆشحاڵی.**

**٢- دیانەیەک لەگەڵ عەلی ئەکبەر مورادی-ماڵپەڕی وشە- سازدانی؛هیدایەت جان- ٢٠١٦/٢/٢٠.**

**http://wishe.net/dreja.aspx?=hewal&jmare=36167&Jor=5**

**٣- مێژووی مۆسیقای کوردی، محەمەد حەمەباقی، دەزگای ئاراس ٢٠٠٢.**

**٤- مۆسیقای کوردی، ویکیپیدیا.**

**بەشی فارسی:**

**١- نگاهی به ائین یارسان، یان اهل حق. بی بی سی فارسی، ٢٧ نوامبر ٢٠١١ – ٦ اذر ،١٣٩٠ بازبینی شده در ٤ اکتبر ٢٠١٢.**

**٢- بابایادگار، چشمه اناهیتا: دیار یارسان، بهزاد نثاری، وبلاگ علاءالدین.**

**٣- میرحسینی، زیبا. ١٩٩٦، اعتقادات، ایین ها و فرهنگ در میان اهل حق، در فرهنگ و هویت کردی، کرینبرک، فیلیپ، و الیسون، کریستین، لندن، زد، ص ١٣٤-١١١.**

**بەشی ئینگلیزی:**

**1- faith ritual and culture among the ahl-i haqq - ziba mir-hosseini.**

**بەشی فەرەنسی:**

**1- LES MAQAM RITUELS DES YARSAN- par Ali Akbar Moradi- Maison des Cultures du Monde, Centre français du patrimoine culturel immatériel-paris 2002**

## به بۆنەی تێپەڕبوونی (٤٠) ساڵ بەسەر سازدانی یەکەم کۆڕی ئەدەبیم هەولێر (١٢/ ١١/ ١٩٧٦ - ٢٠١٦)

# عەبدوڵڵا پەشێو لەبەردەم چەند مەسەلەیەکی شیعردا

**ئازاد عەبدولواحید**

**گەڕانەوە بۆ سەرەتاکان**

دوای گەڕانەوەم لە بەغدا و گیرسانەوەم لە شاری هەولێر، بەهۆی رووکردنە خوێندنی کوردی و رزگاربوونمان لەو هەڵوێستە شۆڤێنیانەی لە بەغدا رووبەڕوومان دەبوونەوە، زۆر بەهێز تێکەڵاوی کەشوهەوای کوردانە و نەتەوەییانەی رێککەوتننامەی یازدەی ئازار بووین، بەهۆی ئەوەی کە هاتینەوە یەکەم جار ماڵمان لە تەیراوە بوو، یەکێتیی لاوان و قوتابیانی کوردستان بارەگاکەی لە شەقامی پزیشکان بوو، بۆیە منیش تێکەڵی کاری رێکخراویی ئەو یەکێتییە بووم، لەناو یەکێتیی لاوان و قوتابیاندا، بەشێکی هونەری هەبوو، کە لەو بەشەدا لە بواری شانۆ و موزیک، بایەخ بە بەهرەی لاوان و قوتابیان دەدرا، لەو بەشەدا هونەرمەندان: (سوبحی کۆیی، جەلال بەیار، سەلام کۆیی، شێرزاد رەنجەڕۆ، عەونی محەمەد، سەردار نەقشبەندی، عەبدولکەریمی خوارزای مامۆستا حەمید، عوسمان بۆکانی کە دواتر بە (حەسکۆ) ناسرا، ئاشنایەتیم پەیدا کرد. زۆر لە ئێوارەکان بە تایبەتی لەکاتی پشووی هاوینان دەچوومە یەکێتیی لاوان و قوتابیان کە زۆر لە ماڵمانەوە دوور نەبوو.

کاتێ حکوومەتی بەعس ساڵی ١٩٧٤ شەڕی بەسەر شۆڕشی کورددا سەپاندەوە و خۆی لە جێبەجێ کردنی رێککەوتننامەکە دزییەوە، من ئەو ساڵە لەپۆلی سێی ناوەندی قوتابخانەی ناوەندیی سەلاحەددین بووم، بە ناچاری خەڵکی کوردستان بە لێشاو روویان کردە ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش، لەبیرمە هەریەکەو لە رێگەی رێکخراو و رێکخستنەکەی خۆیەوە کۆدەبوونەوە و تەگبیریان لەگەڵ یەکدی دەکرد تا بەرەو دەرەوە برۆن، ئێمەش هەر بە هەمان شێوە دوای بیروڕا گۆڕینەوە و تەگبیرکردن لەگەڵ هاوەڵانم لە یەکێتیی لاوان و قوتابیانی کوردستان بڕیاری چوونە دەرەوەمان دا، هەموو کەسوکار و خزم و ناسیاو و خاڵەکانم روویان لە دەرەوە کرد، منیش لەگەڵ چەند هاوەڵێک لەرێی (سماقولی)یەوە کە شەوەکەی لەوێ ماینەوە و بۆ بەیانییەکەی جووڵەمان کرد و قۆناغێکی دیکەمان بڕی تا گەیشتینە شاری قەڵادزێ کە بەشێکی خزمەکانم لەوێ بوون، ئەوەبوو ماوەی نزیکەی دوو هەفتە مامەوە، بەڵام من کە قوتابخانە و خوێندنم بەجێ هێشتبوو پۆلی سێی ناوەندی بووم، لەوێش کە بێ ئیشوکار دەخولامەوە، وەک گەنجێکی کەمتر لە تەمەنی شازدە ساڵ، ئەو دوو هەفتەیەم لە قەڵادزێ لە لای خزمان و ناسیاران بەسەر برد، هەر لە سەرەتاوە تا بڕیاری گەڕانەوەم دا بە



**عەبدوڵڵا پەشێو**

هەموویان و هەریەکەیان لەلای خۆیەوە ڕوویان تێدەکردم و پێیـان دەگـوتم کە پێشـمەرگـایەتی و کـوردایەتی تۆ لەوەدایە بچیـتەوە بەرخـوێندن و خـەریکی خـوێندنەکـەت بیت بۆ تۆ باشـترە، ئەوە بوو پێش بۆردوومـانی قـەڵادزێ من گەڕامەوە هەولێر.

## بەشداربوون لە چەند وردە کۆڕێک

پێش ئەوەی ئەو کـۆڕە بگرم، من بەهیـچ شـێـوەیەک ئەزمـوونی کـۆڕگرتنی تایبەت بە خۆم نەبوو، ڕاسـتە ناو بەناو لە قوتابخانەدا، بە تایبەتی لە پۆلی پێنج و شەشی سەرەتایی، کاتێ لە بەغدا بە عـەرەبی دەمانخوێند، یان ئەوکاتەی هاتمەوە هەولێر و بە زمانی کوردی کەوتمەوە بەر خـوێندن، زۆرجـار مـامۆسـتـایانی زمـانی (عـەرەبی)، بە تایبـەتی لە هەولێر مـامۆسـتـا مەلا عـەبدوڵڵا فـەرهادی مـامۆسـتـای زمـانی عـەرەبی پۆلی شەش، لە قوتابخـانەی (خـەبات)ی سەرەتایی، بەهۆی ئەوەی دەستوخـەتم خۆش بوو، یان بەهۆی ئەوەی عـەرەبییـەکەم باش بـوو، بایەخی زۆری بە من دەدا و زوو زوو دەیهـێنامـە سـەر تەخـتـە ڕەشـەکـە، هەندێ جـار ئینشـاکـەی نووسـیـبـووم پێ دەخـوێندمـەوە، یان مـامـۆسـتـای زمـانی (کـوردی) بۆ خـوێندنەوەی ئەو ئینشـایەی دەمـاننووسی، دەهات چەند کەسێکی لەوانەی جوان ئینشـاکەیان نووسیـوە دەهێنایە دەرەوە و لەبەردەمی تەخـتـە ڕەشـەکـە و ڕووبەڕووی قـوتابییـەکان دەبووایە ئینشـاکـەی خـۆمان بـخـوێنینەوە، تەنانەت لە قـۆناغی دواناوەندی (پۆلی چواری گشـتی)، هەرچەنده مـامـۆسـتـا فـەوزی زەکی هەناری مـامـۆسـتـای فـیـزیامـان بوو، بەڵام بەهۆی ئەوەی باوکی نووسەرێکی ناوداری شاری کۆیە بـوو، بۆیە ئەویش چێژێکی تایبەتی لە ئەدەبیـات و شـیـعر وەردەگرت، ئەو کە وەک کۆیـیـەک دەیناسیم زۆرجار لە کۆتایی وانەکەی خۆیدا پێی دەگـوتم نووسین و شـیـعـری نوێت هەیە؟ ئەگـەر بمگـوتبـایە بەڵێ، ئەوە پێی دەگـوتم دەوەرە بۆمـانی بخـوێنەوە، بێـجگە لەو جـارانە لە چەند کـۆڕێکی شـیـعـر خـوێندنەوەشـدا لەگـەڵ هاوڕێ شـاعیرە هاوتەمەن و لاوەکان شیـعرم دەخوێندەوە، گـەورەترین و فـراوانتـرین جـاریش، کـۆڕی شـیـعـریی ئەو جـارە بـوو کـە لە یاریگای (فـرەنسـۆ هەریری)ی ئەمـڕۆ شـیـعرێکی پەخشان ئامێزم بەناوی (پێشوازی بووکێکی شەلە)م خوێندەوە، ئەم شیعرە بۆ دژایەتی ڕاگەیاندنی ئەو ئۆتۆنۆمـییە کـارتـۆنییـە نووسرابوو کە حکوومەتی بەعس تاکلانەیە ڕایگەیاندبوو، دوای ئەوەی لە ڕێککەوتننامەی یازدەی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ پاشگەز بووەوە، هەر لەگەڵ ڕاگەیاندنی ئەو ئۆتۆنۆمـییـە کـارتـۆنییـە، شەڕیشی بەسەر مـیـللەتەکـەمـاندا سەپاندەوە، ئەو پەخشـانە شـیـعـرەم لەو کاتەدا نووسی و لەو کۆڕەدا خوێندەوە.

## سەرەتا.. شیعر بوو

لە هەولێر لە ساڵانی ١٩٧٤-١٩٧٥ مەڵبەندی لاوان هەبوو، کە ئەو مەڵبەندە (ئەمجەد؟) ناوێک بەڕێوەبەری بوو، ئەو پـیـاوە کـەسێکی تا بلـێـی نیشـتـمـانپـەروەر و کـوردپەروەر بوو، قـەت ڕۆژێ لە ڕۆژان نووسـینی ئێـمـەی سانسۆر نەدەکرد، ئێمەش بە ئارەزووی خۆمان لەوێ شیعر و چیرۆکمـان دەخوێندەوە، خۆبشی کە زۆر حەزی لە شـیعر و ئەدەبیات بوو، شیعرێکی زۆری شاعیرانی کلاسیکی لەبەر بوو، یەکێک لەو شـیـعـرانە، شـیـعرەکـەی (سـامی عەودالّ) بوو کە دەڵێ:

**قەلبی من گەر چەشنی لالە بێت و نەوتی تێبکەن**
**ئاگری دوژمن بێتە گیانم وەک چرا من پێ بکەن**
**شەقشەقی کەن گۆشت و ئێسقان یەک بەیەک خوێی تێبکەن**
**بێ ترس من دێمە مەیدان حوکمە ئازادیم دەوێ**
**گەر نەسووتێم و نەخنکێم چۆن هەژارم سەرکەوێ(١)**

ئەو زۆرجار بە ئێمەی دەگوت: (ئەگەر تێ بچین، هەموومان پێکەوە تێدەچین)، هەندێ جاریش کە دەیدی ئێمە شوولّمان لێ هەلّکێشاوە و شیعر و چیرۆکی ئاگرین دەخوێنینەوە، ترسی لێ دەنیشت و پێی دەگوتین: (ڕۆژێک دێ سەرم لە قوڕێ دەنێن)! ئەو کۆڕانەمان کە جەماوەر و خەلّکێکی باش بۆی دەهاتن و ئامادەی دەبوون، لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، یان لە هیچ هۆیەکی ڕاگەیاندن ڕوومالّ نەدەکران، کۆڕێکی شیعری نەبێ کە چەند کەسێک بووین شیعرمان تێدا خوێندەوە، ئەو جارەیان لەدوا لاپەڕەی ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (٢٨٧)، لە ڕۆژی ٣/ ١٠/ ١٩٧٥، هەوالّی ئەو کۆڕە شیعرییە بلاوکرایەوە، لەوێ دەق نووسراوە: (کۆڕێکی ئەدەبی.. لە هەفتەی ڕابوردوودا لیژنەی ڕۆشنبیری مەلّبەندی لاوان لە هەولێر، کۆڕێکی ئەدەبی بۆ شیعر خوێندنەوە ساز کرد، چەند لاوێکی تازە پێگەیشتوو شیعریان لەو کۆڕەدا خوێندنەوە کە بریتی بوون لە: دلّشاد مەولوود، نازم دلّبەند، ڕێواس جاف، ئازاد عەبدولواحید، حەیدەر نانەکەلی، عەبدولکەریم دەشتی)(٢)، بۆیە تا سازکردنی کۆڕەکەی (عەبدوللا پەشێو)، بێجگە لەو وردە کۆڕ و چالاکییە بچووکانە، کۆڕێکی بە مانای کۆڕم نەگرتبوو.

### قاچێک لەناو کەلەپوور.. قاچێک لەناو نوێخوازی

لە باسی یادکردنەوە و تێپەڕینی چل سالّ بەسەر کۆکردنەوە و ساغکردنەوە و نووسینی نامیلکەی (ئەختەر شاعیری جوانی و دلّداری)(٣)، ڕاگوزار باسی ئەوەم کردبوو کە لەو سەرەتایەی نووسین و هەولّی خۆدۆزینەوەیەدا من نەکەوتمە ئەو داوەوە کە بەشێکی زۆر لە ڕوانگەییەکان و هەوادارەکانیان جاریان بۆ دەدا و ئیشیان لەسەر دەکرد، کە ئەویش پشتگوێ خستن، یان ڕەتکردنەوەی ڕەهای کەلەپووری نەتەوایەتیمان، یان کەلەپووری شیعریی شاعیرانی کلاسیکیمان بوو. ئەوان ئەوکاتە شیعری کلاسیکی کوردی و فۆلکلۆر و کەلەپووری کوردییان بەلاوە دەناو بازیان بەسەردا دەدان، لەوەشدا زۆرتر کاریگەریی بەیاننامە شیعری و ئەدەبییەکانی گەلان و ولاتانی دیکەیان بەسەرەوە بوو(٤)، بە تایبەتی بەیاننامەی (ئاییندەخوازەکان- المستقبلیة) کە ئەوان ئەو بانگەوازەیان بە گوێچکەی خوێنەرانیان دادەداو دەیانگوت پووشکین و شاعیرانی پێش خۆمان تووڕ دەدەینە ناو دەریاوە، کە یەکێک لە شاعیرەکانی ئەو تەوژمە (مایاکۆڤسکی) بوو، برادەرانی ئێمەش لەژێر کاریگەریتی ئەو بەیاننامە و تەوژم و بیر و بۆچوونانەوە دەیانگوت نالی و سالم و مەحوی و گۆران تووڕ دەدەینە دەریاوە، کە ئەمە لەلایەک بیروڕایەکی نەکلّۆکی باش دیراسەکراو نەبوو، لەلایەکیش نەخوێندنەوەی قوولّ و وردی ئەو شاعیرە گەورانە بوو، چونکە پێیان وابوو بەو جۆرە بانگەشە و لێدوانانە دەبنە شاعیری گەورە و بۆ شوهرەت و ناوبانگ دەرکردن و بوون بە شاعیری گەورەی جیهانی، ئەو بەربەست و ئاستەنگانەیان لەبەردەم نامێنێ!

### ئەوانەی لە کەلەپوور هەلّگەڕانەوە، پەشیمان بوونەوە

زۆری نەبرد دوای ئەوەی چەند سالّێک بەسەر بانگەوازی (ڕوانگە)دا تێپەڕی، ئەو شاعیرە خۆ بە نوێخواز و توندئاژۆیانە بە سەد و هەشتا پلە گەڕانەوە و لە قسە و بیروڕایەکانی پێشتریان پەشیمان بوونەوە، دوای ئەوەی بە تەواوی بۆیان دەرکەوت کەر لەکوێ کەوتووە و کوندە لە کوێ دڕاوە، ئیدی لەوە حالّی بوون کە ئەو شاعیرە گەورە و داهێنەرانە بەوان ناسڕێنەوە و نادرێنە دواوە، بۆیە هەندێ لەو شاعیرانە وەک هەست بە گوناح کردن (الشعور بالذنب) بایان دایەوە سەر فۆلکلۆر و گەڕانەوە سەر شاعیرە گەورەکان، چونکە دەیانزانی ئەو جۆرە هەلّگەڕانەوەیە لە کەلەپوور و بانگەشەکردن و ئیدیعایانە خۆیانی پێ بچووک دەبێتەوە، هەر دابڕان و لێ زیادکردن و تێپەڕاندنی کەلەپوور بە چەمکە فراوانەکەی، بۆ خۆی کێشە و گرفتێکی گەورەی مەعریفی و ئەدەبییە، بە داهێنانی مەزن نەبێ ناتوانرێ ئەو کەلەپوورە تێپەڕێنرێ و لێی زیاد بکرێ، ئەوە بێجگە لەوەی ئەوانەی بەو جۆرە باسیان لەو گرفت و کێشەیە دەکرد، نەیاندەزانی شاعیری داهێنەری کلاسیکی گەورەی وامان هەن کە لە هەموو سەردەم و قۆناغێکدا ئامادەیی و زیندوویتی خۆیان هەیە و کالّ نابنەوە، لەوما بۆ ڕەواندنەوەی ئەو هەست کردن بە گوناحە دەمبینی جار بەجار، بەتایبەتی شاعیرێکیان کە لە گرووپی (ڕوانگە)ش نەبوو، لە ڕۆژنامەی (العراق) کە بەزمانی عەرەبی لە بەغدا دەردەچوو، کە ئەو ڕۆژنامەیە

لاپەڕەیەکی بۆ (ڕۆشنبیریی کوردی) تەرخان کردبوو، هەندێ جار بەناوی (حکم وأمثال کردیة)، واتە (پەند و قسەی نەستەقی کوردی) دەچوو چەند دانە پەندێک، یان قسەیەکی نەستەقی کوردیی وەردەگێڕایە سەر زمانی عەرەبی، کە دەتوانم بڵێم ئەو کارەی وەک گۆشەیەکی بەردەوامی لێهاتبوو، کە ئەوەش ئەوەندەی بۆ پاداشتەکە بوو، ئەوەندەش زیاتر بۆ خۆپاکردنەوە لەو گوناحە بوو.

## لەو سەرەتایەدا لە ناوەڕاستی کەلەپوور و نوێخوازی وەستابووین

ئەوەی لەسەرەوە باسم کرد مۆتیڤ و وێنەکێشانی ئەو دیمەنە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییە بوو کە لە سەرەتای ساڵانی حەفتاوە لەلای ئێمەدا دەگوزەرا، هەر لەو سەردەمەدا گەنگەشەیەکی گەرموگوڕ لەناو کۆڕ و مەجلیس و چایخانە و گازینۆکاندا لە بەغدا، لە سلێمانی هەبوو. لە هەولێر ئاگام لە بەشێکی زۆری ئەو لێدوان و بیروڕا و قسانە بوو کە لەنێوان ڕوانگەییەکان و کەسانی دەرەوەی تەوژمی ڕوانگە دەکران، بۆیە ئێمە لەو تەمەنی لاوییەی خۆمان وەک سەرەتای هەموو دەسپێکەکان و لەپاڵ شیعر نووسین، هەوڵمان دا هەڵوێستی خۆمان بەرانبەر کەلەپوور بەڕوونی بنوێنین کە هەڵوێستی ئێمە، هەڵوێستی ڕەتکردنەوەی ڕەهای کەلەپوور نەبوو، لەگەڵ ئەوەشەوە من ئەو سەردەمە کە شیعرم دەنووسی، بێجگە لە بەشداربوون لە چەند کۆڕێکی شیعری و شیعر خوێندنەوە لەو کۆڕانەدا، ئەوەم زۆر پێ چاکە کە هیچ یەکێک لەو شیعرانەی خۆم بڵاونەکردەوە، چونکە بە قووڵی کەوتبوومە خوێندنەوەی کتێبی گرنگی ڕەخنەیی سەبارەت بە شیعر و ئێستێتیکا، بۆیە ڕۆژ دوای ڕۆژ هەستم دەکرد من نە ئەو شاعیرەم و نەدەشبم بەو شاعیرەی کە پێویستە ببم، بۆیە وردە وردە دەستم لە شیعر نووسین هەڵگرت و خۆم لێی دزییەوە، دوای ئەویش بەهۆی ئەو خوێندنەوە زۆرانەی خۆمەوە، تێگەیشتم کە من ناتوانم نە لە ڕیزی شاعیرە نوێیەکانی ساڵانی حەفتا جێگەیەکم هەبێ، نە لەناو نەوەی دوای ئەوانیش دەتوانم جێ پێی خۆم بکەمەوە، زۆر کەسی وەک منیش هەبوون کە نەدەبوونە ئەو شاعیرە، بەڵام نەیانتوانی پێ بە جەرگی خۆیانەوە بنێن و وەک من بڕیاری دەست هەڵگرتن لە شیعر و شاعیرێتی بدەن.



**یاریگای هەولێر (فەرەنسۆ هەریری)، ئێوارەی ڕۆژی ١٧/١٠/١٩٧٥، لە کاتی خوێندنەوەی پەخشانە شیعری (پێشوازی بووکێکی شەلە)، وێنەگر (ئەبوو سەباح).**

## دەست هەڵگرتن لە شیعر و کارکردن بەپێی پێویستی

هەر ئەو کاتە بیرم بۆ لای ئەوە چووبوو کە هەوڵ بدەین بەپێی (پێویستی) کار بۆ ڕۆشنبیری کوردی بکەین و خەریکی ئەوە بین کەلێنێک (ئەگەر بچووکیش بێت) لە کتێبخانەی کوردی پڕ بکەینەوە، لەو کاتەدا کە ڕۆشنبیریی شیعری و ڕەخنەیی ئێجگار کەم و لاواز بوو، بواری ڕەخنە و لێکۆڵینەوە کەلێنێکی گەورە بوو، زۆر بە زەقی هەستی پێ دەکرا، بۆیە ڕووم کردە ئەو بوارە، بەڵام دڵم بەوە خۆش بوو ئەو مومارەسەکردنی نووسینی شیعرەم، لە کاتی نووسینی ڕەخنەکانم سەبارەت بە شیعر، زۆر سوودی بە من گەیاند، هەر بۆ خۆی ڕووکردنە ڕەخنەی شیعر و بایەخدان بەو بوارە ئەو سۆز و خۆشەویستییە بوو بۆ شیعر، چونکە بەو هۆیەوە بوو لەکاتی نووسین لە بارەی شیعرێکەوە نەمدەتوانی زوڵم لە شیعرەکە بکەم، لەبەر ئەوەی وەک کەسێکی نامۆ بە جیهانی شیعر لە شیعر نەدەدوام. بۆ یەکەم جار کە تەمەنم (١٦) ساڵ بوو و خەریکی شیعر نووسین بووم، هەر لەوکاتەدا بوو وتارێکی سادەم بەناوی (هۆنراوەی ئەم قۆناغە ئەبێ چۆن بێ؟) نووسی(٥)، ئەمە ڕەنگدانەوەی بۆچوون و بیرکردنەوەی ئەو سەردەمم بوو، کە کەشی شۆڕشگێڕیی قۆناغەکە دروستی کردبوو، ئەو وتارە شوێن پێ هەڵگرتن و بەدواداچوونی وتارێکی (حەسەن عەوالانی)ی(٦) نووسەر بوو، کە لەو وتارەدا زۆر ساکار و سەرپێیانە لە ئەرک و پەیامی شیعر دوابووم، لەوێدا بە تەواوی ئەرک و پەیامی شیعرم تەنیا لە چوارچێوەی

بارودۆخی سیاسیی و کۆمەڵایەتی قەتیس کردبوو، واتە بە هیچ شێوەیەک بەلای ئەرکی ئیستێتیکایی شیعردا نەچووبووم، دیاربوو تەمەن و کەم ئەزموونی و قۆناغە سیاسییەکە، هەر ئەوەی لێم دەخواست کە بەو جۆرە بنووسم و بیربکەمەوە، چونکە وتارەکەم لە ساڵی ١٩٧٤دا بلاوکرایەوە کە ئەوکاتە گەل و شۆڕشی کورد ڕۆژگارێکی نالەباری لەگەڵ حکوومەتی ئێراق دەبردە سەر و لەو کاتانەدا بوو کە کەشوهەوای سیاسیی و گرژی باری ئاسایش و سەربازی و ترس و نیگەرانی ئەو بیرکردنەوە و جۆرە بۆچوونانەی بەسەرماندا سەپاندبوو، بەڵام بەهۆی ئەوەی بۆ فێربوون و خوێندنەوە و گەڕانی بەردەوام بەدوای سەرچاوەی نوێی ڕەخنەیی و خوێندنەوەیان، بەردەوام ئاسۆی بیرکردنەوەی فراوان دەکردم و دەگۆڕیم و زیاتر لەوە دەگەیشتم کە ئەرک و وەزیفەی شیعر چییە، یان نهێنی مانەوە و نەمریی شیعری چاک لە کوێدایە، شیعری سەردەمییانە و نوێخوازانە کامەیە؟ لەوە گەیشتم کە شیعر، هەر دەبێ شیعر بێ و نەکرێتە پردی پەڕاندنەوەی هیچ ئایدیۆلۆژیایەک، بێجگە لە شیعر، هیچ بارێکی دیکەی لێ نەنرێ. لێرەدا بە پێویستی دەزانم وەک دۆکیومێنت دەقی ئەو وتارەم بلاو بکەمەوە، تا خوێنەران بزانن کە بەهۆی خوێندنەوەی دواتری من چۆن بیروڕایان پێ گۆڕیم، کە ئیدی لەسەر هەمان ئەو بیروڕایانە بەردەوام بووم و بیروڕای ڕەخنەییم سەبارەت بە شیعر پێکەوە نا، هەرچەندە وتارەکە بە کورت کردنەوە و قرتان و هەڵە و پەڵەی زۆرەوە بلاوکرایەوە کە ئەوە لەو ڕۆژگارە بووبووە نەریت و لەسەری ڕاهاتبووین، ئەمەش دەقی نووسینەکەیە.

## هۆنراوەی ئەم قۆناغە ئەبێ چۆن بێ

بزووتنەوەی ئەدەبی کوردی ئەمڕۆ، لە گۆڕانێکی کتوپڕ و بنچینەییدایە، بە تایبەتی لەم ساڵانەی دواییدا کە باری ئەدەبی بەرەو پێشکەوتنی زۆر هەنگاوی ناوە، ئەدەب بەگشتی بە هەموو جۆرەکانییەوە هۆیەکە دەیەوێ خەڵک لەو ژیانە بگەیەنێ کە تیایدا دەژین و ئازار و دەردە کوشندەکانی وەدەردەخات، ئەو نالەبارییەی کە خەڵک تیایدایە شیی دەکاتەوە، ئینجا هۆنراوەی ئەم قۆناغەمان بە تایبەتی ئەو جۆرە هۆنراوەیەی کە لە سەدەی بیستەمدا بلاوبۆتەوە وەک نەخۆشی شیرپەنجە وایە کە گەنجەکان و خوێندەوارەکانمان خوویان پێوە گرتووە و ناویان ناوە شیعری تازە و پێشکەوتوو و شۆڕشگێڕی، بەڵام بە پێچەوانەوە ئەوانە لە ڕێبازی شۆڕشگێری نکوڵییان کردووە و خۆیان لێ دوورخستۆتەوە و دوورن لە ئەدەبی کوردییەوە، واتە چاو لێ کەرین، چەند وشەیەک بەناوی شیعری نوێ ڕیز دەکەن. ئەم هۆنراوانە وەنەبێ بۆ خواستی گشتی گەل بن کە لە کاتی خوێندنەوەیاندا تێی بگەن و بزانن لە بارەی چییەوەیە، بەڵام دەبینین زۆر کەس لێی حاڵی نابێ، بەهۆی ئەم هەموو ڕەمز و ڕەمزکارییەی کە تیایا بەکاری دەهێنن، واتە هۆنراوەکە تەنها مەبەستەکەی لە دڵی خۆیاندایە و لەوان زیاتر کەسی دی تێی ناگات، ئینجا ئەم جۆرە هۆنراوەیە دەبێ بە هۆنراوەی شۆڕشگێری و کۆمەڵایەتی لە قەڵەم بدرێ؟

ئەمە جگە لەوەی شاعیر کاتێ کە هۆنراوەیەک دەهۆنێتەوە تەنها دەرد و گیروگرفتەکەی کە لەناو میللەتدا هەیە دەری دەخا، بەبێ ئەوەی خۆی بە بەرپرسیارێک بزانێ، لەم بارەوە بە بیروڕای خۆی ڕێگایەکی چارەسەرکردنی بۆ بدۆزێتەوە. هۆنراوەی ئەم قۆناغەمان، بە تایبەتی لەم کاتەی کە میللەتی کوردی تیا دەژی پێویستە دەنگدانەوەی دەنگی کۆمەڵایەتی و شۆڕشگێڕی بێ و چارەسەری کۆسپ و تەگەرەکانی ناو کۆمەڵ بکا.

من بەڕای خۆم ئەم شاعیرانەم لاپەسندە کە بیریان تەعبیر لە کاروباری کۆمەڵ دەکات و لەزوبان و ئەدەبی کوردی شارەزاییان هەیە، لەبەر ئەوە هەر شاعیرێک لە واقیعی میللەت نەچووبێتەدەر و بتوانێ چ بە نووسین و چ بە شیعر چەند وتەیەک و شیعرێک ڕێک بخا، من لەگەڵ ئەوەم، چونکە نامەوێ بەهیچ جۆرێ نە بەربەرەکانی بکەم و نە ئەدەبی کوردی لەپێش چاو ڕەش بکەم، ئەدەب ڕووداوەکانی باری کۆمەڵایەتی دەنوێنی و دەبێ ئەدیب ئاگاداری ئەم لایەنە بێ.

پێویستە شاعیری کورد چوارچێوەیەکی ڕازاوە (مەبەست لە فۆرمە) و ناوەڕۆکێکی پتەو لە ژیانی نەتەوە نیشان بدات. دەردە کوشندەکانی دەر بخا، ئازاری چەوساوەکان دیاری بکات و لەگەڵ قۆناغەکانی ژیانی نەتەوەکەیدا بێت لە هەموو پلەیەکی دواکەوتنی، لە دڵی جەماوەردا بژی، خۆشی لە ژیان و دڵی جەماوەردا لە



**هۆڵی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان، هەولێر، ١٩٧٦/١١/١٢، کۆڕگێڕ، عەبدولغەنی عەلی یەحیا، هونەرمەند عەلی ئەحمەد کە لە سووچێکی شانۆکەدا دیارە و خەریکی تۆمارکردنە.**

دایک بێت.

ئیمڕۆ پێویستە هەموو توانای خۆمان لەم ڕووەوە بۆ ناسینی دۆست و دوژمن بەکار بێنین، لەگەڵ دەستنیشان کردن و ڕوونکردنەوەی قۆناغی ئێستای خەبات و تێکۆشانی جەماوەری گەلی کورد و گیانی خەبات کردن و تێکۆشانی پێ بەرز بکرێتەوە و ناتەواوی ناو کۆمەڵ بخرێتە ڕوو و چارەی بۆ دابنرێت. بەلای منەوە شیعری دڵداری و پیاهەڵدان بە زوڵف و باڵای خۆشەویست، بە تایبەتی لەم قۆناغەدا نەک هەر لە جێگای خۆیدا نییە، بەڵکو تا ڕادەیەکیش کارێکی سلبی دەکاتە سەر وزەی لاوە خوێن گەرم و نیشتمان پەروەرەکان و بەلای خەریک کردنیان بە ئیشی نابەجێ پاڵیان پێوە دەنێت. (لێرەدا وتارەکە تەواو بوو)

## بۆچی عەبدوڵلا پەشێوم هەڵبژارد

دەبێ سەرەتا باسی ئەوە بکەم کە بۆچی لەناو ئەو هەموو شاعیرە هاوچەرخانەی کورد من (عەبدوڵلا پەشێو)م هەڵبژارد بۆ ئەوەی بێتە ناو بازنەی بایەخدانی من و لێکۆڵینەوەیەکی وا گەورە و فراوان لە بارەی شیعرەکانییەوە بنووسم؟ لەلای من (پەشێو) یەکێک بوو لەو شاعیرانەی کە هێمنانە و بە نەزاکەت مامەڵەی لەگەڵ شیعردا دەکرد، بەو هێمنی و نەزاکەتەی لەگەڵ نووسینی شیعر لە شەستەکانەوە هێنابووی دوای چاپ کردنی دوو کۆشیعر لە ساڵانی ١٩٦٧ و ١٩٦٨، کاتێک مانگی شەشی ساڵی ١٩٧٠ بەیاننامەی (ڕوانگە) جاڕ درا، (پەشێو) خۆی تێکەڵاوی هەرای (ڕوانگە) نەکرد، بگرە هەر بە هەمان ڕیتم و نەفەسی شیعری خۆی، ساڵی ١٩٧٢ کۆشیعری سێیەمی (شەونامەی شاعیرێکی تینوو)ی دەرکرد و بەردەوام بوو، واتە سواری پشتی شەپۆلەکە نەبوو، بۆیە بە جیهانبینی تایبەت بەخۆی بۆ شیعر و بە نەفەسێکی نوێخوازانەی ڕوون و دوور لەپەرگیری (تطرف) شیعری دەنووسی و بڵاودەکردەوە، کە لەلایەک شیعرەکانی بۆ ئەو قۆناغە لە ئەرک و پەیامی کۆمەڵایەتی و سیاسی دوور نەبوون، لەلایەکی دیکەشەوە لە هەوڵی جوانکاری و هەنگاونان بەرەو نوێ بوونەوە بەردەوام بوو، لەگەڵ ئەوەشەوە شیعری (پەشێو) پتر دواندنی گوێچکە و چاوە، واتە شیعری ئیرۆتیکی و (حسی)ن، شیعری زیهنی و ئاوێتە نین تا لەگەڵ هەر پێنج هەستەکان بدوێن. (پەشێو) شاعیرێک بوو چ ئەوسا و چ ئێستا لەناو مێژوودا کاری کردووە، نەک لە دەرەوەی مێژوو، مامەڵەکردنی لەگەڵ وشە، یەک ڕەهەندی هەیە، کە بەو هۆیەوە (تەقینەوە) لەناو زمانەکەیدا ڕوونادات. وێنەی شیعری لەلای ئەو، هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی هەریەک وێنەیە و زاووزێ ناکات، بۆیە ئاسمان و فەزای شیعرەکانی، ئاسمانێکی سامالی بێ برووسکە و هەورە تریشقە و گرمەی هەورە، هەر ئەوەش وای کردووە شیعری (پەشێو) یەک ڕەهەندی هەبێ، واتە کە خوێندتەوە یەک مانا و دەلالەتی ڕوونی لەگەڵ خۆی هەڵگرتووە، زیاتر لە مانا و دەلالەتێکی دیکەی نییە. من لەو قۆناغەی ژیانمدا زۆرتر تەرکیز و زەینم لەسەر سێ شاعیر گیرسابووەوە کە (گۆران) و (هەردی) و (پەشێو) بوون، ئەو سەردەمەش دەمدی هەڵمەتێکی (ناڕەخنەیی) ڕووی لە (پەشێو) کردووە کە بەناوی ڕەخنەوە زوڵم و ستەمی لێ دەکرد، چونکە دەمبیست کۆشیعرەکانی، تەنانەت درابووە قوتابیانی قۆناغی دواناوەندی تا بیانخوێننەوە و بزانن ئەو شیعرانە، شیعری چ شاعیرێکیان بەبیر دەهێنێتەوە، یان بۆنی شیعری چ شاعیرێکی لێ دێ، بۆ ئەوەی دەستنیشانی بکەن و بۆی بخرێتە قاڵبی دزینی شیعری شاعیرانی دیکەوە.

## لەنێوان یەکەم وتار و قووڵکردنەوەی تێڕوانینی ڕەخنەیی

لەپاش نووسینی ئەو وتارەی پێشتر ئاماژەمان پێکرد و

دەقــەکـــەیان بڵاوکـــردەوە، وەک دەبینین تێـــڕوانین و بۆچوونەکانی ئەوێ ڕۆژێم زۆر سادە و ساکارە، من لەو کاتانەدا کەوتمە خوێندنەوەیەکی چڕوپڕ، بە تایبەتیش لە خـــوێندنەوەکـــانمدا زۆرتر ڕووم کـــردە خـــوێندنەوە و قووڵکردنەوەی ڕۆشنبیریی شیعریی خۆم، بەپێی توانایی چی سەرچاوەی بەردەستم کەوتن سەبارەت بە شیعر و ڕەخنەی شیعر و لێکۆڵینەوە، چ ئەوانەی ڕەخنەگرە عەرەبەکان سەبارەت بە شیعر نووسیبوویانن، یان ئەوانەی کە وەرگێڕدرابوونە سەر زمانی عەرەبی، خوێندمنەوە، ئەمەش بە تەواوی و لە ڕەگوریشەوە خزمەتێکی زۆری ڕوانگەی ڕەخنەیی منی کرد، بۆیە هەنگاو بە هەنگاو ئەو تێڕوانینە ڕەخنەییە لای من دروست بوو، ئەوەبوو دوای دوو ساڵ، واتە لەوکاتەوە کە وتارەکەی ڕۆژنامەی (هاوکاری)، لە ١٩٧٤/٥/٣١دا بڵاوکرایەوە، تا ساڵی ١٩٧٦ کە ئەو نووسینەم لە بارەی شیعری (پەشێو)ـەوە نووسی، نزیکەی دوو ساڵ زیاتری بەسەردا تێپەڕی، لەو ماوەیەدا ئەو پەرەسەندن و پێشکەوتنە لە تێڕوانین و کەرستەی ڕەخنەییم، بەرهەمی ئەو خوێندنەوەیە بوو کە بە بەرنامە لە ماوەی ئەو دوو ساڵەدا هەوڵم دا کتێبی ڕەخنەیی بەرچاو و لێکۆڵینەوەی گرنگ لە بارەی شیعرەوە بخوێنمەوە، بەتایبەتی شیعری نوێ و هاوچەرخ، تا بتوانم دەرەقەتی نووسین لە بارەی شیعرەکانی (پەشێو) بێم.

### کەرستەی لێکۆڵینەوەکەم چی بوو؟

لە ساڵی ١٩٧٦ کە بە وردی شیعری شاعیرەکانم دەخوێندەوە، لەسەر شیعرەکانی عەبدوڵڵا پەشێو زۆر ڕاوەستام(٧)، وەک پێشتر گوتم ئەو ساڵە زۆرتر سێ شاعیرم دەخوێندەوە (گۆران)، (هەردی)، (عەبدوڵڵا پەشێو)، ئەوکاتە (پەشێو) تەنیا سێ کۆمەڵە شیعری بەو ناوانەی لای خوارەوە بەچاپ گەیاندبوو: (١- فرمێسک و زام، کەرکوک، چاپخانەی الشمال، ١٩٦٧ ٢- بتی شکاو، کەرکوک، چاپخانەی الشمال، ١٩٦٨، ٣- شەونامەی شاعیرێکی تینوو، چاپخانەی دارالجاحظ، بەغدا، ١٩٧٢)، لەو کاتانەشدا (پەشێو) سێ ساڵ بوو وڵاتی بەجێ هێشتبوو و بەرەو مۆسکۆ بۆ خوێندنی باڵا بەڕێ کەوتبوو، تا ئەوکاتەی ڕۆیشت، لە شاری هەولێر مامۆستای سەرەتایی بوو، ئەوکاتە من ئەگەرچی خوێنەرێکی باشی شیعری (پەشێو) بووم، بەڵام تا ڕۆیشتنیش لە نزیکەوە نەمدیبوو و نەمناسیبوو، دیار بوو (پەشێو) لەوێوە پێوەندییەکی پتەو و بەهێزی لەگەڵ چەند کەسێکی وڵاتدا هەبوو، یەکێک لەوانە کاکە حەمەی مەلا کەریم بوو کە ئەوساکە لە کۆڕی زانیاری کورد لەبەغدا فەرمانبەر بوو، ئەوەندەی من ئاگام لێ بووبێ کاکە حەمە بە (پۆست) کتێبی کوردی و کتێبەکانی کۆڕی زانیاری بۆ زۆر کەس دەنارد، یەکێک لەوانە بۆ (پەشێو)ی دەنارد، بەهۆی ئەوەشەوە کە کاکە حەمە لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانی وەک ڕۆژنامەی (هاوکاری) و گۆڤاری (بەیان) و بڵاوکراوەی (ڕۆشنبیری نوێ)(٨)وە نزیک بوو، بۆیە (پەشێو) شیعر و بەرهەمە نوێیەکانی خۆی لە ڕێگەی کاکە حەمەوە دەناردەوە کوردستان، ئەویش پەیتا پەیتا ئەو شیعر و وەرگێڕانی شیعر و بەرهەمانەی لەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەدا بۆ بڵاو دەکردەوە، منیش ئەو شیعرە نوێیانەی پەشێوم بە بەردەوامی دەدی و لەلای خۆم گلم دەدانەوە و لە فایلێکدا لای خۆم دەمپاراستن.

### شیعری پەشێو و پرسیارە ڕەخنەییەکان

وەک (عەبدولغەنی عەلی یەحیا) پێی گوتم، (هەرچەندە بە تەمەن بچووک بووم، بەڵام لەو کاتانە خۆم لە بابەتی قورس و گەورە دەدا)، نەک بابەتی سووکەڵە و سەرپێی و بچووک، ئەوەبوو سەرەتای ساڵی ١٩٧٦ بیرۆکەی نووسینی لێکۆڵینەوەیەکی بەرفراوانم لەلا دروست بوو، لەو لێکۆڵینەوەیەدا بێجگە لەوەی باسی شاعیرایەتی پەشێوم کردبوو، دواجار بەراوردێکیشم لەنێوان ئەو سێ کۆشیعرە چاپکراوە، لەگەڵ ئەو شیعرانەدا کرد کە لە دوای ئەو سێ کۆشیعرانەوە وەک ئاماژەم پێ دا پەیتا پەیتا بڵاویانی دەکردەوە، هەوڵم دابوو بزانم ئەو شیعرە بڵاوکراوە نوێیانە، لەگەڵ سێ کۆشیعرە چاپکراوەکەی پێشووی بەراورد بکەم، بۆ ئەوەی بگەمە بیروڕایەکی ڕەخنەیی و بپرسم هێڵی بەیانیی شیعر و شاعیرێتی (پەشێو) ڕووی لە هەڵکشانە، یان کێرڤەکەی ڕووی لە دابەزینە؟ دواجار پاش ئەوەی ماوەیەکی زۆر خەریکی ئەو لێکۆڵینەوەیە بووم کە نووسینەکەی چەند مانگێکی خایاند، پاشان بەسەر چەند بەشێکدا دابەشم کردبوو، لەبەر دووورودرێژی



**هۆڵی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان، هەولێر، ١٩٧٦/١١/١٢، لایەنێکی ئامادەبووانی کۆڕەکە لە چەپەوە: (کەریم شارەزا، ئیحسان رواندزی، ناسر یووسف، میخائیل ؟، ؟).**

لێکۆڵینەوەکە سەرەتا هەستم دەکرد شوێنێک نییە بابەت و لێکۆڵینەوەی وا دوورودرێژ بڵاو بکاتەوە، بۆیە لەلام مایەوە و بەردەوام ئیشم تێدا دەکرد.

## کۆڕەکە لە چ کەشوهەوایەکدا گیرا

دەبێ ئەوەش بوترێ لەو کاتەدا کە ئەو کۆڕەی تێدا گیرا زۆر کەم کۆڕ دەگیرا، کۆڕگرتن زۆر دەگمەن و دانسقە بوو، بە تایبەتی کۆڕی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و هونەری، بزاڤی ڕۆشنبیری و هونەری و ئەدەبی بە تەواوی ئیفلیج بووبوو، زۆرتر قسە و باس و لێدوان و گەنگەشەکردن لە چایخانە و گازینۆیەکاندا دەکران، کە وەک سالۆنی ئەدەبی چاویان لێ دەکرا، لەوانەش: چایخانەی (عەبۆ) و (مەچکۆ) و (مستیل) و گازینۆ (شیمال) و گازینۆ (شەوانی هەولێر- لەیالی ئەربیل)، چایخانەی (بێخاڵ) کە لە تەنیشت چاپخانەکەی مام گیوی موکریانی بوو، خاوەنی ئەو چایخانەیە (وەسمان دەرگەلەیی)ی(٩) برای یووسف ئەحمەد دەرگەلەیی نووسەر بوو، لە شەقامی (باتا)ش، کە ئەو شەقامە وەک عومەر فەرهادی دەڵێ: (کە خانی سپی شەق کرا، ئەو شەقامە دروست کراوە)، بەرانبەر (کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی) چایخانەیەک هەبوو، ئەم چایخانەیە دوو قات بوو، دەڵێن ناوی چایخانەی (دڵزار؟) بووە، من جگە لەو شوێنانە لەگەڵ هەندێ لە هاوڕێیەکانم وەک (شێرزاد حەسەن) و (عەبدولغەنی عەلی یەحیا) زۆرجار دەچووینە (ڕێست هاوس) و (غاباتی مەحەتە) کە شوێنێکی لاتەریک بوو، خەڵکی هەولێر زیاتر لە ڕۆژانی هەینی و چوارشەممان ڕوویان تێدەکرد، ڕۆژانی چوارشەممانیش زۆرتر لەبەر سەردانی مەزاری (باباگوڕگوڕ) و (ستی ئیمام)، (یەلی ئیمام) دەهاتنە ئەوێ، بە تایبەتی ژنان، ئەو ژنانەی منداڵیان نەدەبوو دەهاتن، بۆ منداڵ بوون خۆیان لەسەر مەزارەکانیان غلۆر دەکردەوە، بۆیە ئێمە دوور لە چاوی خەڵک هەندێ جار ڕوومان دەکردە ئەو شوێنە، بە مەبەستی ئاڵوگۆڕی کتێب و بیروڕا گۆڕینەوە و قسەکردن بە ئازادییەکی زیاتر.

نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێت کە لەو ساڵانەی دوای ١٩٧٥، واتە دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول خەڵکی ئێمە بەشێوەیەکی گشتی نائومێد و ڕەشبین بووبوون، چاوەڕێی داهاتوویەکی ڕەش و خراپەیەکی زۆریان لە بەعس دەکرد، تەنانەت دەسەڵاتی بەعسیش توندتر لە جاران کەوتبوونە وێزەی هاوڵاتیانی کورد و سەرکۆنەیان دەکردن، ستەمیان بەرانبەر کورد ڕۆژ دوای ڕۆژ ڕووی لە زیاد بوون کردبوو، سێ کۆچکەی (بە عەرەب کردن- تەبعیس- ڕاگوێزان) بە بەرنامەیەکەوە زۆر توندتر لەجاران پەیڕەو دەکرا، گوشارێکی ئێجگار زۆر لەسەر تێکڕای گەلەکەمان هەبوو، لەناو ئەوانەش ئەو گوشارە لەسەر توێژی لاوان و نووسەران و هونەرمەندان و ئەدیبان تا دەهات زیاتر دەبوو. دەتوانم بڵێم خەڵکی بە تەواوی چووبوونەوە قاوغەکەی خۆیان و بەهۆی ئایندەی نادیارەوە، ترسێکی زۆر دایگرتبوون، بۆیە قسەکردن و کۆڕگرتن و کۆبوونەوەی ئەم توێژەی کە دەیاننووسی و دەیانخوێندنەوە و بیریان دەکردەوە لەلای دەسەڵات زۆر جێی مەترسی بوو، شکاندنی ئەو تەوقی ترسە و هاتنە دەرەوە لەو قاوغە کارێکی ئاسان نەبوو، چونکە بەعس هیچ جۆرە گردبوونەوەیەکی پێ خۆش نەبوو، تەنانەت ئەگەر کۆبوونەوەی ناو چایخانەش بووایە، ئەگەرچی خەفیە و سیخوڕ و چاو و گوێی خۆشی لەو شوێنانە دانابوو.

## بۆچی کۆڕەکە لە بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری گیرا

ئەوکاتە بێجگە لە دەرچوونی ڕۆژنامەیەک بەناوی (هاوکاری) و دوو گۆڤار بەناوی (بەیان) و (ڕۆشنبیری نوێ)، گۆڤارێکیش کە ناو بەناو بەناوی (ڕۆژی کوردستان) کە لە بەغدا دەردەچوون، بەغدا بەپێی سیاسەتی ڕۆژ چەند لاپەڕەیەکیان بۆ ئەدەب و ڕۆشنبیریی

کوردی لە (هاوکاری) دانابوو، دوو گۆڤارەکەی دیکەش کە بەدرێژایی چوار ساڵی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازار دەردەچوون، مابوونەوە و سەرومڕ بۆ ئەدەب و هونەر و ڕۆشنبیریی کوردی تەرخان کرابوون. بۆ چالاکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و هونەری شوێنێکی وامان شک نەدەبرد کۆڕ و سیمیناری تێدا بگرین، بۆ نموونە (یەکێتیی نووسەرانی کورد) لەپاش هەڵگیرسانەوەی شەڕ لە دژی کورد تا ساڵی ١٩٧٨ و گرتنی کۆنگرەی پێنجی یەکێتییەکە، کار و چالاکییەکانی سڕ کرابوو، بۆیە بۆشاییەکی گەورەی ڕۆشنبیریی دروست بووبوو، شوێنێکی گونجاو نەمابوو وەک سەنتەرێک، یەکێتییەک مۆرکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بەسەرەوە زاڵ بێ تا کۆڕ و سیمیناری تێدا بگیرێ. بەهۆی داخستنی دەرگای (یەکێتیی نووسەرانی کورد)، هیچ جۆرە چالاکییەکی ئەدەبی لە شار و شارۆچەکانی کوردستان نەمابوو، بۆیە نەمانی (یەکێتیی نووسەرانی کورد) و نەبوونی سەنتەرێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری لەلایەک، هاوڕێیەتی نزیکیشمان لە ئەندامانی لیژنەی ڕۆشنبیری (بەڕێوەبەرێتی ڕۆشنبیری جەماوەر) لە شاری هەولێر لەلایەکی دی، هۆکاری سەرەکی گرتنی کۆڕەکەم بوو لەو دەزگایەدا، کە بێجگە لە حیسام داوود خزر کە مامۆستای زمانی عەرەبی لە ئامادەیی کوردستان بوو، ئەوانی دیکەم پێشتر دەناسی. هەر بەهۆی هاوڕێیەتی و نزیکیم لە کاک (عەبدولغەنی عەلی یەحیا) کە ئەوکاتە لیژنەیەکی ڕۆشنبیری سەر بە (بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری جەماوەر) لە هەولێر هەبوو، کە ئەو یەکێک بوو لە ئەندامانی ئەو لیژنەیە کە پێکهاتبوون لە بەڕێزان: (ناسر یووسف، عەبدولغەنی عەلی یەحیا، نەدوە ئۆراها، مەدحەت بێخەو، حیسام داود خزر ...تاد)(١٠)، ئەو پێنج کەسە بە (تەنسیب) هاتبوونە بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری، دوای چەند مانگێک (مەدحەت بێخەو) لەبەر هەڵوێستی نەتەوەیی خۆی لەو لیژنەیە کشایەوە، دوای ساڵێکیش عەبدولغەنی عەلی یەحیا و نەدوە ئۆراها لە لیژنەکە کشانەوە، لەو کاتەدا کە ئەو لەوێ ئەندامی لیژنەکە بوو، پێشنیاری کرد کە بۆچی ئەو لێکۆڵینەوەیەت وەک (کۆڕێک) پێشکەش ناکەیت؟ منیش کە تا ئەوکاتە شوێنێکی بڵاوکردنەوەم بۆ بابەتەکەم شک نەدەبرد، تا ئەو ڕۆژەش هیچ کۆڕێکم نەگرتبوو، حەزم کرد وەک یەکەم ئەزموون ئەو کۆڕە بگرم، بۆیە بیرۆکە و پێشنیارەکەم زۆر بەلاوە پەسەند بوو، بە تایبەتی بۆ منی تازە هەڵچوو و لاو کە حەماسەت و گەرموگوڕییەکی زۆرم تێدا بوو، حەزم دەکرد بابەتەکەم بە زووترین کات بخەمە بەرچاو و گوێی کەسانی دیکەوە تا بزانم کاردانەوەی ئامادەبووانی کۆڕەکە بەرانبەر بەبیروڕا و بۆچوون و نووسینە ڕەخنەییە سەرەتاییەکەم چۆنە؟ پێش ئەوەی ئەو پێشنیارە لە عەبدولغەنی عەلی یەحیا بیستم، پێشتر بەهۆی ئەوەی کە ئێواران لە هەولێر گازینۆیەک بەناوی (گازینۆی شەوانی هەولێر- ليالي أربيل) هەبوو، کە ئێواران خەڵکێکی زۆر لە نووسەران و هونەرمەندان و لاوان و هەولێرییەکانی لێ کۆدەبووەوە، ئێمەش بە تایبەتی هاوینان بەهۆی بوونی باخچەیەکی خۆش لەو گازینۆیەدا کۆدەبووینەوە و دادەنیشتین، دانیشتن و کۆبوونەوەکەش بۆ ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا و کتێب گۆڕینەوە و گەنگەشەکردنی کتێبەکان و زۆر باس و بابەت بوو، من هەر لەو شوێنە بابەتەکەم پیشانی زۆر لە هاوڕێیانم دا بوو، بۆیە هەر زوو پێشنیار و بیرۆکەکەی کاک (عەبدولغەنی عەلی یەحیا)م پەسند کرد، بەتایبەتی کە لێم بیست بابەتەکەم کەس نایخوێنێتەوە و سانسۆر ناکرێ، هەرواش بوو، کۆڕەکەم سانسۆر نەکراو وەک ئەوەی دەمویست پێشکەشم کرد.

### ڕیکلامی کۆڕەکە

بڕیار درا لە هۆڵی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان - اتحاد معلمي كردستان) کۆڕەکەم بگیرێ، چونکە لە فەرمانگەکەی خۆیان هۆڵی داخراویان نەبوو، بۆیە ئەو هۆڵە بۆ کۆڕەکەم دەستنیشان کرا، چونکە نزیکترین شوێن بوو لە خۆیانەوە، دوای دەستنیشانکردنی ڕۆژی کۆڕ گرتنەکە، ئیدی چەندان کارتۆن وەک ڕیکلام بۆ کۆڕەکەم (نزیکەی دە کارتۆن بوو) لە شوێنە قەڵەباڵغ و بەرچاوەکان هەڵواسران، لەوانە: چایخانەی مەچکۆ، نزیکی سینەما سەلاحەددین، لەلای کتێبخانەی (خۆماڵی- التأميم) کە ئەم کتێبخانەیە لقێک بوو لە کتێبخانەی (سۆلاڤ) و لەناو کوشکێک بوو، خاوەنەکەی جومعە ئاکرەیی بوو، لەلای بازاڕی نیشتمانی ئەمڕۆ، تەنیشت یانەی فەرمانبەران و زۆر شوێنی دی. ڕۆژی ١٩٧٦/١١/١٢ دانرا بۆ گرتنی کۆڕەکەم، بۆیەش

کۆڕەکەم خرایە ناو هۆڵەوە، چونکە ئەوکاتەی کۆڕەکەی تێدا گیرا، گریمانی باران بارین لە گۆڕێ بوو.

### ئەبوو سەباح وێنەی کۆڕەکەی گرت

لە ڕۆژی سازدانی کۆڕەکەم هەموو ئەندامانی لیژنەی ڕۆشنبیری ئامادەی کۆڕەکە بوون، لەگەڵ جەماوەرێکی باش، لە ناویاندا نووسەران و شاعیرانی هەولێر، کە وێنەی ئەو جەماوەرە لەلایەن فۆتۆگرافەری پێشەنگ و ناسراوی هەولێر (ئەبوو سەباح)(١١) گیرابوو کە بە دوو بەش دانیشتبوون، من ڕیزێکم لەلا ماوە کە وێنەیان لە لای دەستە چەپ دەرچووە، ڕیزەکەی دیکەی لای دەستە ڕاست وێنەی (کاکەمەم بۆتانی) و (مەدحەت بێخەو) و (مومتاز حەیدەری) و (د. عەبدوڵڵا حەداد) و (سەعدوڵڵا پەرۆش) و (جەوهەر کرمانج) و (محەمەد ئەمین ساڵح دهۆکی) و...تاد گیراوە و لەپێشەوە دانیشتوون، کاکەمەم بۆتانی ئەو وێنەیەی کە پێ بینیم لەبەر ئەوەی خۆی تێدا دەرچوو بوو لێی ستاندم.(١٢)

### کێ لە کۆڕەکە قسەی کرد؟

کۆڕەکە بەناوونیشانی [(عەبدوڵڵا پەشێو) لەبەردەم چەند مەسەلەیەکی شیعردا] بوو، ئەو باسەم کردبووە چەند بەشێک: سەرجەمی لێکۆڵینەوەکەشم بریتی بوو لە هەڵسەنگاندنی شاعیرایەتی پەشێو، بەڵام لە بەشێکی لێکۆڵینەوەکەمدا هەوڵم دابوو ئەو شیعرە نوێیانەی (پەشێو)، کە دوای چەند ساڵێک تێپەڕبوون بەسەر بێدەنگییەکەی بڵاوکرانەوە، لەگەڵ سێ کۆشیعرەکانی بەراورد بکەم.

کۆڕەکەم کە لەلایەن کاک عەبدولغەنی عەلی یەحیا بەڕێوە دەچوو، یەکێک لە کۆڕە گەرموگورەکان بوو، گفتوگۆ و مشتومڕێکی زۆری نایەوە، یەکێک لە کۆڕە قەڵەباڵغەکانیش بوو. هۆڵەکە بە تەواوی پڕ بووبووەوە و جەماوەرێکی زۆر باش هاتبوون، ئەوە لە کاتێکدا ئەو سەردەمە نە فەیسبووک، نە ئایفۆن، نە مۆبایل بەو شێوەیەی ئێستا نەبوو، تەلەفزیۆن وەک ئەمڕۆ ڕیکلامی بۆ کۆڕ و سیمینار و دانیشتنەکان نەدەکرد، هەر بەو چەند کارتۆنە کە بە خەتێکی جوان نووسرابوون،(١٣) ئەو جەماوەرە زۆرە کۆبووبوونەوە، لەوانەی لەو کۆڕەمدا قسەیان کرد ئەوانە بوون: (ناسر یووسف، کەریم شارەزا، ئەبوو بەکر خۆشناو، مەدحەت بێخەو، مومتاز حەیدەری(١٤)، بەکر غەریب(زانا)...تاد). لەپاش تەواوبوونی کۆڕەکەم مامۆستایان: کەریم شارەزا، مەدحەت بێخەو، کاکەمەم بۆتانی، مومتاز حەیدەری، عەبدولغەنی عەلی یەحیا، سەعدوڵڵا پەرۆش، ناسر یووسف، محەمەد ئەمین ساڵح دهۆکی و زۆر لە ئامادەبووانی کۆڕەکە بە گەرمی دەستخۆشی و پیرۆزباییان لێ کردم. (ناسر یووسف) کە ڕەخنەگر و ڕۆشنبیرێکی ناسراوی کریستیانی عەرەبی نووس بوو، لە شارۆچکەی عینکاوە دادەنیشت و مامۆستا بوو، زۆر بە باشی لە کوردی تێدەگەیشت، بەڵام بە زمانی عەرەبی قسەی دەکرد و دەینووسی، هاتە لام و دوای دەستخۆشی پێی گوتم: (ئەو کارە فراوان و هەمەلایەنەی تۆ، لێکۆڵینەوەیەکی زۆر گرنگ بوو، چونکە زۆر زەحمەتە لە بواری ڕەخنەدا لە بارەی شاعیرێکی زیندوو، کە بەردەوامە لە داهێنان و بەخششەکانی خۆی، بتوانی بنووسیت و بریاری ڕەخنەیی لە بارەیەوە بدەیت کە خۆی هێشتا لە ژیاندا مابێ، یان پێشبینی بۆ ئایندە شیعرییەکەی بکەیت). عەبدولغەنی عەلی یەحیا پێی وتم: (هەرچەندە تۆ بە تەمەن گچکەی، بەڵام دەست بۆ کاری قورس و گەورە دەبەی، وەک سەرنجیشم داوە بە باشی دەرەقەتی ئەو کارە گەورانە دێی کە دەستیان بۆ درێژ دەکەیت). کاکەمەم بۆتانی و سەعدوڵڵا پەرۆش و محەمەدئەمین ساڵح دهۆکی و جەوهەر کرمانج لە پاش تەواوبوونی کۆڕەکە بەدەم ڕێگاوە کە پێکەوە روومان دەکردە (یانەی فەرمانبەرانی هەولێر)، لەوکاتەدا کە پەسنی بیروبۆچوونەکانی منیان دەدا و بە کۆڕێکی سەرکەوتوویان دەزانی، محەمەد ئەمین ساڵح دهۆکی رووناکبیری دەڤەری بادینان کە ئێستا لە شاری دهۆک دادەنیشێ و پێشتر بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی دهۆک بوو، پێی گوتم: لە وەڵامدانەوە و گەنگەشەکردنی هەموو ئەوانەی لە کۆڕەکەتدا قسەیان کرد، وەڵامەکانی تۆ لە هەموویان هێمنانەتر بوو، بۆچوونەکانت لە هی هەموویان ڕاستتر و پێگەیشتووتر و جوانتر بوون.

### کۆڕەکە لە هیچ دامودەزگایەکی ڕاگەیاندن ڕووماڵ نەکرا

ئەو کۆڕە لە هیچ ڕۆژنامەیەک، گۆڤارێک، کەناڵێکی

ڕاگـەیاندنی وەک تەلەڤـزیۆن و ڕادیۆ ڕوومـاڵ نەکـرا، تەنانەت کـاک عـەبدولغـەنی عـەلی یەحـیـا کـە ڕۆژنامـەنووسـێکی چالاک بوو، وەک ڕۆژنامـەنووس هاوکاری هەموو ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو سەردەمەی دەکرد، بە زمانی عەرەبی چالاکییە ئەدەبی و هونەریی و ڕۆشنبیرییەکانی شاری هەولێری بەسەر دەکردەوە، ئەوکاتە بەناوی خوازراوی (أ. زمناکو) کە لە ڕۆژنامەی (طريق الشعب)ی حزبی شیووعی ئێراق دەینووسی، یان لە ڕۆژنامەی (بیری نوێ) کە هەر سەر بەحزبی شیووعی ئێراق بوو، بە یەک وشە ئەو کۆڕەی بەسەر نەکردەوە، هەرچەندە کۆڕەکە چالاکی خۆیان بوو و بە پێشنیاری ئەویش سازم کردبوو، هەروەها پێشتر کە وەک پەیامنێری کوردستان (رسالة كردستان الثقافية)ی بۆ گۆڤاری (الثقافة) دەنووسی، بە تایبەتی دوای ڕێککەوتنی (١١)ی ئازار، هەرچەندە لەو ساڵانەدا چەند جارێک ئەو (رسالة كردستان الثقافية)یان بۆ بڵاوکردەوە، بەڵام دواتر بەبێ درکاندنی هیچ هۆیەک، ئەو گۆشەیەیان لە گۆڤارەکەیان لێ ڕاگرت، ئەوکاتە ڕۆژنامەی (العراق) کە لاپەڕەی تایبەتی بۆ ئەدەبیات و ڕۆشنبیری کوردی تەرخان کردبوو، لەوێش ڕووماڵ نەکرا.

### هونەرمەند عەلی ئەحمەد کۆڕەکەی تۆمار کرد

دوای گرتنی کۆڕەکەم، بۆ ئەوەی هەوڵ و کۆشش و ماندووبوونەکەم بەفیڕۆ نەڕوا، هیوایەکم بەوە هەبوو کە برادەرانی لیژنەی ڕۆشنبیری وەک (ئەبوو سەباح)یان بۆ وێنەگرتن تەرخان کردبوو وێنەی کۆڕەکە بگرێت، بە هەمان شێوە تۆمارکردنی کۆڕەکەمیان بە کەسێک سپاردبوو تۆماری بکات کە ئەویش هونەرمەند عەلی ئەحمەد بوو، وەک لە وێنەکەدا دیارە لە پەنایەکی شانۆکە دانیشتووە و خەریکی تۆمارکردنە، بەڵام کە بەدوای ئەوەدا چووم لەوەشدا نائومێد بووم، چونکە تا دزرانی لێکۆڵینەوەکەم، ماوەیەکی باشی بەسەردا تێپەڕیبوو، دیار بوو هونەرمەند عەلی ئەحمەد کۆڕەکەی بۆ ئەرشیف تۆمار کردبوو، بەڵام کە زانیاریم لە هونەرمەند (عەلی ئەحمەد) وەرگرت پێی گوتم (کە ئەوکاتی ئەو کارمەندی ئەو دائیرەیە نەبووە، بگرە وەک زەوقی خۆی ئەو کارەی کردووە، چونکە لە ئامێری دەنگ و سینەما هونەرییەکی (فنی) باش بووە، واتە پێی خۆش بووە وەک (ئەندازیاری دەنگ- مهندس صوت) کار بکات، شارەزاییەکی زۆری لە میکسەر و ئامێرەکانی دەنگ هەبووە، ئەو دەڵێ: (بۆ کۆڕەکەی تۆ من خۆم هاتم و تۆمارم کرد)، کاتێ کەوتمە سۆراخ کردنی کاسێتە تۆمارکراوەکانی کۆڕەکەم گوتیان فەوتاوە. کە ئەو نەبوونی هۆشیاری ئەرشیڤە دەمێکە لەلای کورد بەزەقی هەستی پێدەکرێ، کە بەدرێژایی مێژوو سامان و گەنجینەیەکی دەوڵەمەند و گەورەی لە دۆکیومێنت و دەستنووس و وێنە و نامەی گەورە پیاوان لەدەستمان داوە، بۆیە من سووم لە فەوتاندنی ئەرشیڤی ئەو کۆڕەی خۆم نەبووەوە(١٥)، ئەو تەنیا بەشەی کە ماویشمە و بەڕێکەوت ڕزگاری بووە، نیازم هەیە دوای دەست پێداهێنانەوە و دەستکاری کردنی ڕێنووسەکەی بڵاوی بکەمەوە و وەک یەکێک لە هەوڵە سەرەتاییەکانی من لە بواری نووسینی ڕەخنە و لێکۆڵینەوە بڵاوی بکەمەوە، دواتر دەیخەمە تەک نووسینە ڕەخنەییەکانی ترم کە دوای ئەوەی (پەشێو) نووسیومن و لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی سەردەمی خۆیانیاندا بڵاوبوونەتەوە.

### چۆن لێکۆڵینەوەکەم دزرا

لەبەر ئەوەی ئەو لێکۆڵینەوەم چەند مانگێک بوو نووسیبوو، دوای سازکردنی کۆڕەکەم، شوێنێکم شک نەدەبرد تێیدا بڵاوی بکەمەوە، بۆیە بەهۆی درێژیی نووسینەکەوە لەبەرگی پشتەوەی (ئەختەر شاعیری جوانی و دڵداری)دا نووسیم (خوا یار بێ عەبدوڵڵا پەشێو لەبەردەم چەند مەسەلەیەکی شیعر)دا دەبێتە بەرهەمی داهاتوومان، واتە بیرم لەوە کردەوە نووسینەکەم لە شێوەی نامیلکەیەک بڵاوبکەمەوە. دوای گرتنی کۆڕەکەم، لێکۆڵینەوەکەم هەر لەبەردەستدا بوو، بەردەوام کارم تێدا دەکرد و پوختەتر و جوانترم دەکرد، لەوانەیە خوێنەران ئێستاکە بڵێن باشە بۆچی دواتر ئەو لێکۆڵینەوەمان لەسەر شیعری (پەشێو) بەرچاو نەکەوت؟ بۆچی نە بە کتێب و نە بە شێوەی بەش بەش لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بڵاونەکرایەوە؟ لێرەدا دەبێ ئەو سەرگوروشتەیە بگێڕمەوە کە ئەو نووسینەم چی لێ بەسەرهات؟ ئەوکاتە کە ماڵمان لە گەڕەکی ئیسکان بوو، ماڵمان بەرانبەر ماڵی هونەرمەندی شێوەکاری ئەوسای هاوتەمەنم (یووسف عەبدولقادر) بوو، لە دەستە چەپیشماندا لەگەڵ ماڵ

باوکی هونەرمەند (تەڵعەت سامان) ماڵێکمان بەین بوو، کە ئەو چووبووە ماڵی خۆی، بەڵام برایەکانی دیکەی (مەوجوود و فەرەیدوون سامان) دراوسێمان بوون، لەگەڵ (مەوجوود مامە سامان)یش لە قوتابخانەی ناوەندی سەلاحەددین لە هەولێر پێکەوە بووین، هەرچەندە لە یەک قوتابخانە بووین، بەڵام لە دوو هۆبەی جودا دەمانخوێند، ئەوکاتە، واتە ساڵی ١٩٧٦ لەو ماڵەی لێی دەژیاین، کە لە دەرگاکەیەوە دەهاتییە دالانەکەی، ژوورێکی زۆر بچکۆلەی هەبوو، لەوانەیە هەر دوو بە سێ مەترێک بووبێ، کە ئەو ژوورە بچکۆلەیە ژووری خوێندن و خوێندنەوە و نووسینی من بوو، هەر لەو ژوورەدا کتێبخانەیەکی بچکۆلانە و مێز و کورسییەکی هاکەزاییم هەبوو، من هەر لەو ژوورە تا بەرەبەیان لەگەڵ خوێندنەوە و گوێگرتن لە گۆرانییەکانی خالیقی و گۆرانی فارسی ڕۆژم دەکردەوە، دەبوو لە ماوەی شەووڕۆژێکدا کتێبێکی ٢٠٠ لاپەڕەیی بخوێنمەوە، شەوانە بۆ ڕەواندنەوەی خەو، هیتەرێک و جەزوەیەکی قاوەم هەبوو چەند جارێک قاوەم لێدەنا و دەخواردەوە. لەبیرمە هەموو لێکۆڵینەوەکە بە سەرجەم پێکەوە بەسترابوو، بەڵام بەشێکی لێکۆڵینەوەکەم کە بەناوی (ڕۆمانسیەت لە شیعری پەشێودا) نووسیبوو لێیم جودا کردبووەوە و لە شوێنێکی دیکەم دانا بوو، ئەوی بەشە زۆرەکە بوو لەبەردەستم بوو ئیشم تێدا دەکرد، برادەرێکی هاوتەمەنی خۆم کە نامەوێ لێرەدا ناوی بهێنم، چونکە بەناوهێنانی نووسینەکەم بۆ ناگەڕێتەوە، ئەویش حەزی بە خوێندنەوە و نووسین بوو، ناو بەناو لە ماڵەوە سەری لێ دەدام، کە دەهاتە لام هەر لەو ژوورە بچکۆلانەیە پێشوازیم لێ دەکرد، من بۆ ڕێزلێنان لەو، لەسەر کورسییەکەی خۆم کە مێزی نووسینەکەمی لەبەردەم بوو، دامناو چووم ئاو و چای بۆ بهێنم، تا گەڕامەوە دیاربوو بەشە هەرە زۆرەکەی نووسینەکەمی خستبووە بن کراس و بلووزەکەیەوە، فریا نەکەوتبوو ئەو بەشەی بەناوی (ڕۆمانسیەت لە شیعری پەشێودا) بوو ببات، کە لە شوێنێکی جودا دامنابوو، بردنی ئەو لێکۆڵینەوەیە کە نزیکەی (٨٠) لاپەڕەی فولسکاب بوو کە بەدەستخەتی خۆم نووسیبوومەوە، کە خەتیشم ورد بوو، پرۆژەی چاپ کردن، یان بڵاوکردنەوەی بە چەند بەشێکی ئەو لێکۆڵینەوەیەی دایە دواوە، ئەو بەشەی کە لێی مایەوە، بەهۆی ئەوەی بەشێکی کەمی ئەو نووسینەم بوو کە نووسیبووم، دەتوانم بڵێم یەک لەسەر هەشتی نووسینەکەم بوو دەستم تێی نەچوو کاری لەسەر بکەمەوە و پاکنووسی بکەم و بنێرم بۆ بڵاوکردنەوە، بۆیە لەوساکەوە تا ئەمڕۆکە ئەو بەشەم لەلا مایەوە، دوای ئەوەی ئەو نووسینە ڕەخنەییەم لێ دزرا، پرۆژەی چاپکردنەکەی کەوتە دواوە، ئەو بەشەی کە لەلام مایەوە، بەدرێژایی ئەو ساڵانە بڵاوم نەکردەوە، چونکە بە تەواوی لە پرۆژەکە سارد بوومەوە.

## کۆڕی دووەم.. هەنگاوی دووەم لە بواری کۆڕگرتندا

دوای سازکردنی ئەو کۆڕە هەندەی نەبرد، کۆڕی دووەمی خۆم بە ناوی (خوێنەر و نوێ بوونەوەی سەردەم) گرت کە هەر هەمان لیژنەی ڕۆشنبیری کۆڕەکەیان بۆ گرتم کە سەر بە (بەڕێوەبەرێتی ڕۆشنبیریی جەماوەری هەولێر) بوو، بەڵام ئەو جارەیان کۆڕەکەم لە باخچەی ئەو بینایەدا بوو، چونکە کۆڕەکە کەوتە بەهاری ساڵی ١٩٧٧، لە باخچەی بینایەی بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیری جەماوەریش لە سەیداوە گیرا. دەقی ئەو کۆڕەم وەک خۆی لە گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ)، ژمارە (٦٥)ی(١٦)، ساڵی ١٩٧٨دا بڵاوکراوەتەوە، دواتر لە کتێبی (پشکۆ و خۆڵەمێش)(١٧)دا وەک چاپکراوی وەزارەتی ڕۆشنبیری، لەگەڵ (٢٠) وتاری ڕەخنەیی و لێکۆڵینەوەدا بڵاوکرایەوە.

**پەراوێزەکان:**

(١) بەشێکی تر لە شیعرەکانی سامی عەوداڵ، جەواد حەمەد بەگ، چاپخانەی پەنجەرە، تاران، ل١٩.

(٢) بڕوانە ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە ٢٨٧، ڕۆژی ١٩٧٥/١٠/٣.

(٣) بڕوانە گۆڤاری ڕامان، ژمارە ٢٣٢، ٢٠١٦/٩/٥.

(٤) بێجگە لە بەیاننامەی (ئایینده‌خوازەکان - مستقبلی)یەکان، ڕوانگە کاریگەریی زۆری بەیاننامەی شیعری ٦٩شیان بەسەرەوە بوو، کە لە کاتی خۆیدا (سامی مەهدی) و (خالید عەلی مستەفا) و (حەمید

سەعید) و (حەسەب شێخ جەعفەر) دەریان کرد.

(٥) بڕواننە ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە ٢٢٠، ڕۆژی ١٩٧٤/٥/٣١، هۆنراوەی ئەم قۆناغە ئەبێ چۆن بێ؟ ئازاد عەبدولواحید.

(٦) هەروەها بڕواننە ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە ٢١٧، ڕۆژی ١٩٧٤/٥/١٠، هۆنراوەی ئەم قۆناغە ئەبێ چۆن بێ، حەسەن عەوالآنی.

(٧) هەر ئەو کاتە بوو شیعری (شەو ڕاشکا)ی پەشێوم وەرگێڕایە سەر زمانی عەرەبی، ئەو شیعرەش تا ئەو کاتە نە لە کۆشیعرەکانی، نە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا چاپ و بڵاونەکرابووەوە، من لە کاسێتێک وەرمگرت و وەرمگێڕا، کە (پەشێو) بە دەنگی خۆی خوێندبوویەوە و تۆماری کردبوو. بڕواننە ڕۆژنامەی (التآخي)، هبط الليل، عەبدوڵڵا پەشێو، ژمارە ٣٩، دووشەممە، ٥ی نیسانی ١٩٧٦، ٥ی ڕەبیعی دووەم ١٣٩٦، بەغدا.

(٨) ئەم بڵاوکراوەیە هەر (١٠) ڕۆژ جارێک لە بەغدا، لە بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیری کوردی دەردەچوو، بەڕێوەبەری گشتیی د. ئیحسان فوئاد، جێگرەکەشی حسەین عارف بوو.

(٩) وەسمان دەرگەڵەیی کە پێشتر چایخانەکەی بێ ناو بوو، لە دواییدا ناوی نا (بێخاڵ)، بەهۆی تەقینەوەی قونبەلەیەکەوە لە چایخانەکەیدا گیانی سپارد.

(١٠) وەک باوە لە دروستکردنی لیژنەدا، هەمیشە دەبێ تاک بێ، واتە (٣، ٥، ٧)، لەو لیژنەیەدا کە ویستوویانە پێنج کەسەکە تەواو بکەن، پێنجەمەکە بە ڕەگەزی ئافرەت پڕ کراوەتەوە، کە لەو سەردەمەدا (ناسر یووسف) ئەو ئافرەتە کریستیانەی هێناوە و هەر ئەو پێشنیاری کردووە لەو لیژنەیەدا ببێتە ئەندام، وەک دەڵێن هەرچەندە نووسەر نەبووە، بەڵام خوێنەرێکی باش بووە و زۆری خوێندووەتەوە، دیارە ویستووشیانە لیژنەکە ببێتە (٥) کەس. هونەرمەندان (یەحیا مەرجان) و (سابیر عەبدولڕەحمان)یش وەک دوو هونەرمەند ماوەیەک لە (بەڕێوەبەرێتی ڕۆشنبیری جەماوەر) (تنسیب) کراون، ئەوانە پێوەندییان بە لیژنەی ڕۆشنبیرییەوە نەبووە، هەرچەندە سابیر عەبدولڕەحمان پێش ئەندامانی لیژنەکە لەوێ بووە، بەڵام هونەرمەند یەحیا مەرجان لەگەڵ ئەوان چووەتە ئەوێ و تەنسیب کراوە، تا دواجار تەنسیبەکەیان ئیلغا کراوە.

(١١) ئەوەی کە وێنەکانی کۆڕەکەمی گرت هونەرمەندی فۆتۆگرافەری ناسراو (ئەبوو سەباح) بوو، کە وەک فەرمانبەرێک لەوێ دامەزرابوو، لە هۆڵی ڕۆشنبیریی ئەمڕۆ ژوورێکی بچکۆلەیان دابوویێ کە وەک وێنەگرێک کاری خۆی تێدا دەکرد.

(١٢) ئێستا دوای گەڕانێکی زۆر کاکەمەم بۆتانی دەڵێ وێنەکە دیار نییە، دیارە ونی کردووە.

(١٣) عەبدولغەنی عەلی یەحیا کە خەتێکی خۆشی هەبوو کارتۆنەکانی ڕیکلامی کۆڕەکەی نووسی، پێدەچوو لە قۆناغێکی ژیانیدا بایەخی بە هونەری خۆشنووسیی دابێت، وەک خۆی دەڵێ ئەو بایەخدانەشی بۆ کاریگەریی ئەو بە (سەعید یەحیا خەتات) دەگەڕێتەوە کە وەک خۆشنووسێکی هەولێر ناسراوە.

(١٤) چەند مانگێک دوای سازکردنی کۆڕەکەم، کاک مومتاز حەیدەری بەرەو (سۆڤێتی جاران) سەفەری کرد، لە ماڵی د. جەمشید حەیدەری برای لەگەڵ (پەشێو) یەکیان گرتبووەوە، باسی بزاڤی ڕۆشنبیری و ئەدەبی کوردستانیان کردبوو، لەو دانیشتنەدا بە تێروتەسەلی باسی کۆڕەکەی منی بۆ (پەشێو)گێڕابووەوە، کە هاتەوە هەولێر ئەوەی بۆ باس کردم و گوتی (پەشێو) زۆری پێ خۆش بوو.

(١٥) هونەرمەند عەلی ئەحمەد دەڵێ: (مەسەلەی تۆمارکردنی دەنگ لەلای من زەوقە، داهێنانە)، هەروەها دەڵێ: (لە هۆڵی گەل لە کاتی سەرێ ژوورێکیان بۆ ئەرشیف دابوومێ، ئەو ژوورە تا ئەو ڕۆژەی من بەرپرسی بووم وەک چاوی خۆم دەمپاراست، بەڵام دوای من (ڕەمزی عومەر)یان هێنایە جێیەکەم کە فەرمانبەرێک بوو هیچی لە ئەرشیف نەدەزانی و ڕێزی بۆ دانەدەنا، ئەرشیفەکەی من پێکەوەم نابوو، ئەو تەفروتونای کرد).

(١٦) بڕواننە گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە ٦٥، ساڵی ١٩٧٨.

(١٧) هەروەها بڕواننە کتێبی (پشکۆ و خۆڵەمێش) کە لەگەڵ (٢٠) وتاری ڕەخنەیی دیکە بڵاوکراوەتەوە، هەولێر، ١٩٩٧، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری.

# ڕۆمانی
# خۆشم ویست و
# گێڕانەوەکانی پییێ

هاشم سەڕاج




«خۆشم ویست» ڕۆمانێکی کچە نووسەری هاوچەرخی فەڕەنسی «ئانا گاڤالدا - ١٩٧٠»یە و «ژوان جەلال» لە ئینگلیزییەوە کردوویەتی بە کوردی، ئانا گاڤالدا هەمیشە بە زمانێکی سادە و ساکار و ڕوون دەنووسێت، بەڵام قووڵ، لەم ڕۆمانەدا هەوڵ دەدات لە ڕێگەی گێڕانەوەوە بچێتە نێو دەروونی کارەکتەرەکان و کێشەکانی خۆشەویستی و جیابوونەوە و نائومێدی چارەسەر بکات، ئەوەی زیاتر سەرنج ڕاکێشە، ئانا لەم ڕۆمانەدا وێڕای بایەخدانی بە دیالۆگی خێرای فۆکنەری، کاری لەسەر دیمەن و ئیماژ و گرتەی سینەمایی و ستایلی ڕستەی پڕ و تۆکمەی «تی. ئێس. ئیلیەت»ی و داڕژانی شەپۆلەکانی ڕیتمی خەمبار کردووە، ڕستە و دەستەواژەکان زۆرجار بەلەتکراوی دووبارە دەبنەوە و لە دەروونی وەرگردا جۆرێک لە ئاسەوار و تەزووی ڕیتمێکی خەفەتباری شیعرگەرایی جێ دەهێڵن، دەشێت ئانا گاڤالدا سەرەتا بە شیعر ڕووی لە جیهانی کردەی نووسین کردبێت، چونکە لەم ڕۆمانەدا تەنانەت شوێنەکانیش هەڵگری جۆرێک لە ڕەوش و خەسڵەت و توخمی شیعرگەرایین، پاشان دەکرێ کرۆکی ئەم ڕۆمانە لە دەسپێکی نووسینەکانی «مەتیلدا»دا بدۆزرێتەوە کە لەلاپەڕە «٢٣٥»ـەوە دەست پێ دەکات و چەند لاپەڕەیەک لە ژیان و چرکە ڕۆژانەییەکانی دەخاتەڕوو، بە تایبەتی ئەوکاتانەی تەنیایی تەنگی پێ هەڵدەچنێت و لە کەشێکی هێمن و ئارامدا هەڵسوکەوت و ڕەفتار و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی دەنووسێتەوە، مەتیلدای کچە وەرگێڕ، حەزی لە ژیانی گەڕیدەییە و دۆستی -پییێ- یە.

پێم باشە بەرلەوەی لە تێمە و کەشی ئاهەنگسازی و گێڕانەوەکانی پییێ و ستایلی چیرۆک لەنێو چیرۆکدا بدوێم، ئاماژە بە خاڵێکی گرنگ بدەم کە پەیوەستە بە شێوازی نووسینی «ئانا گاڤالدا»وە، ئەویش چەمکی ڕیتمە، ئانا گاڤالدا لە دیمانەیەکدا زۆر بە ڕاشکاوی لە کردەی نووسین دەدوێت و لای ئەو دەسپێکی ڕۆمانووسی پەیوەستە بە چۆنیەتی دۆزینەوەی ڕیتمی نووسینەوە، دەشێت بە ڕیتمی دەروونی ناوی ببەین، کاتێک ئانا ڕیتمی نووسین دەدۆزێتەوە، تێمە و ڕووداو و کارەکتەرەکان لەخۆوە دێن و لە

ئەتمۆسفێری تێکستدا بەرجەستە دەبن.

ڕۆمانی «خۆشم ویست» لە بنەڕەتدا کارکردنە لەسەر چەمکی ناپاکی هاوسەر و هاوسەرگیری و خستنەڕووی ئەو پێوەندییانەیە لە نێوان کەسەکانی خێزان و خانەوادە، هاوکات لێدوانە لەو خەیاڵە سێکسییە شاراوەیەی کە لە چرکە ئیرۆتیکییەکاندا دەردەکەوێت و حەز و ئارەزووەکان دەخرۆشێنێت، دەشێت (کلۆوی) سەلارترین و کەمدووترین کارەکتەری ئەم ڕۆمانە بێت، ژنێکی هێمن کە «ئەدریان»ی مێردی وازی لێ هێناوە و ژنێکی تری خۆش ویستووە، کەچی «کلۆوی» هۆگری هەردوو کچە چکۆلەکانیەتی «ماریان و لووسی» بەشێوەیەکی هێجگار ڕێکوپێک و جوان پەروەردەیان دەکات، پیێ و سوزان، خەزوور و خەسووی «کلۆوی»ن پیێ ئۆتومبیلەکە بە ئیش دەخات و بە هەردوو دەستی سووکانەکە دەگرێت و ڕێگایەکی درێژیان لەبەرە، ماریان لەسەر کوشنەکە خەوتووە، لووسی لە تەنیشت (کلۆوی) خۆی گرمۆڵە کردووە- (کلۆوی) و خەزووری هەردوو دڵتەنگ و نائومێدن (کلۆوی) بە دزییەوە دەگری، (کلۆوی) لە مارکێتێک دەستەیەک دایبی بۆ لووسی و فلچەیەکی ددانیش بۆ خۆی دەکرێت. کلۆوی دەست بۆ مۆبایلەکەی دەبات و چواری بەیانییە هەرسێکیان لەسەر سیسەمەکەی نەنکی ئەدریان دا پاڵ کەوتوون و سیسەمەکە جیرە جیرِ دەکات و کلۆوی تاقەتی توانجەکانی «کریستین»ی نییە و خەیاڵی دەڕوات و بیر لە ژوورەکە و سیسەمەکە دەکاتەوە و لەبەر خۆیەوە دەڵێت: دەزانم کە ئەو لەگەڵ کەسێکی تردا دێتەوە سەر ئەم سیسەمە، کە لەگەڵ ئەو ژنەشدا کاتێک ئیتر لە تاقەتیاندا نامێنێت، ئەم دۆشەکە زلەی سیسەمەکە هەڵدەگرێت و فڕێی دەداتە سەر عەرزەکە.

دەقی «خۆشم ویست» جووڵە و هەڵسوکەوت و ڕووداوە بچووکەکانی ژیانیش بەشێوەی یاری و ئاهەنگسازی دەگێڕێتەوە، ماریانە لە خەو هەڵدەستێت و بووکە شووشەکەی لەسەر لێفەکە دادەنێت و هەوڵ دەدات بڕوات، لووسی دەست لە برژانگەکانی دایکی دەدات و «چاوەکانت هەمووی بەیەکدا نووساون، سیسەمە جیرە جیڕکەرەکە دەیانخاتە پێکەنین، لووسی و ماریان حەز دەکەن لەگەڵ پیێ»ی باپیرەیان بچن بۆ بازاڕ و شت بکڕن، دواتر بچنە مەکدۆناڵد، نان بخۆن، پیێ گفتی پێ داون، کلۆوی بەشێوەیەکی ڕێکوپێک بایەخ بە منداڵەکانی دەدات، کەچی زۆرجار بە هێمنی بیر دەکاتەوە [دەڵێن بیر لە شتێکی تر بکەرەوە، ژیان بەردەوام دەبێت، بیر لە کچەکانت بکەرەوە- واتای ژیان چییە، بەهەرحاڵ؟ بەڕاستی چی دەگەیەنێت، منداڵەکانم چیم هەیە پێشکەشیانی بکەم، دایکێکی سەرلێشێواو لەجیهانێکی لنگەو قووچ؟] تەکنیکی دیالۆگی خێرای فۆکنەری و بەکاربردنی چیرۆک لەنێو چیرۆک بە ستایلێکی سینەمایی، بەردەوامی بە کردەی نووسین دەدەن و ڕووداوەکان لە ڕێگەی گێڕانەوەوە پەیوەست بە یەک دەکرێن

- لێرە جلمان زۆر پێ نییە دەزانی هەموویمان لە پاریس بیرچوو.

- ڕاستە، ئێمە هەموو شتێکمان لەبیر چوو.

من گوتم..

ئانا گاڤاڵدا لەم ڕۆمانەدا لە ڕووی سپەیس و بۆشاییەوە سوودی لە تەکنیکی قەسیدەی پەخشان وەرگرتووە زۆرجار لە نێوان دوو کۆپلە، یان چەند دیالۆگێکدا سپەیسێک جێ دەهێڵێت، چونکە ئانا گاڤاڵدا بە ڕیتمی دەروونی و نەغمەیەکی هێمنی مۆسیقی گوزارشت لە کردە و ڕووداوەکان دەکات، پانتایی سپەیسەکانیش وەک ڕووبەرێکی مۆسیقی دەمێننەوە و دەبنە بەشێک لە پێکهاتەی تێکستەکە، بۆیە وەرگر هەست دەکات دەقی «خۆشم ویست» زیاتر لە سمفۆنیایەک دەچێت، چونکە گاڤاڵدا لەنێو مۆسیقای زماندا ڕیتمی تایبەت و خەمبار دەدۆزێتەوە، مۆرکی ئەم خەمبارییە زۆرتر لە ڕستەکانی «کلۆوی»دا بەرجەستە دەبێت جۆرێک لە هەست و بیرۆکەی تایبەتی لێ دەچۆڕێت..

[چەندی پێ دەچێت تا بۆنی کەسێک لەبیر بکەیت، کە خۆشی ویستوویت؟ چەندی پێ دەچێت تا چیتر خۆشت نەوێت؟ خۆزگە کەسێک هەبوایە کاتژمێرێکی لمی پێ بدامایە، دوایەمین جار کە لە باوەشی یەکتریدا بووین، من بووم ماچی ئەوم کرد.. بۆچی؟ بۆچی هێشتی ژنێک ماچی بکات کە ئەو چیتر خۆشی ناوێت؟ بۆچی لێوەکانی بە من دا؟ باوەشی؟]

ڕەنگە ئەمە سەرەتایەک بێت بۆ گێڕانەوە دوور و درێژەکانی «پیێ» کە باس لە سێ هاوڕێکەی دەکات، چونکە پیێ لەم تێکستەدا لە ڕووی

گێڕانەوەوە، پشکی شێری بەرکەوتووە بە تایبەتی ئەو کاتەی لەبەر ئاگردانەکە دادەنیشێت و جار جارە ئاگرەکە خۆش دەکات و کلۆوی بە تاقە وشەیەک، یان یەک ڕستە زەینی دەورووژێنێت، ئیتر پیێ سەرگوزشتە و بەسەرهات و سەرچڵییەکانی خۆی دەگێڕێتەوە، کلۆوی ژنێکی سەلاری کەمدووە، بەڵام «پیێ»ی خەزووری هەڵەوەڕێکی زۆربڵێ، کلۆوی بە بێدەنگی و هێمنی بیر لە ئەدریان دەکاتەوە و زیاتر خەریکی پەروەردەکردنی لووسی و ماریانە، پیێ بەدەم گێزەر جنینەوە باسی هاوڕێکانی دەکات، پاتریکم لە سەفەرێکدا ناسی، ئەم پیاوە ئابرشییە دوو هێندەی من دەبوو، لە کاتۆلیکترین خێزانی دنیادا پەروەردە کرابوو، هەردەم و دەست پێکەوە گونجاین، من پازدە ساڵ بووم، ئینجا ژۆن تێرون کە دەیناسی، [براکەشم «پۆڵ».. هەست ناسک، قسە خۆش، وێنەی دەکێشا، دەنگی هەموو باڵندەکانی دەزانی، ئەفسووناوی بوو، چوو بۆ هیند و چین بە نەخۆشی و نیوەشێتی گەڕایەوە و بە سیل مرد. ئەو بەخۆبەخشی بوو بەسەرباز، ئەوکاتە هێشتا لە قوتابخانە بوو، لەبەر کچێک پێوەندییەکی عاشقانەی ناشادی نموونەیی، لەبەر خاتری کچێکی جاحێڵی ڕووگژ دەچێت بۆ جەنگ، بێ مانایە- کچەکە ئەوی خۆش نەدەویست- نا بەس پۆڵ شێتی بوو، دوای سێ مانگ کچەکە شووی کرد بە کوڕی قەسابەکەی شەقامی پاسی، چارەنووسی پۆڵ وەک شێوەکارێکی عاشقی خاوەن کۆمەڵێک تابلۆی ئاوی، بەردەوام ئاماژەی بۆ دەدرێت و لە ئەتمۆسفێری دەقدا چەشنی هێمایەک دەردەکەوێت و هێمایەکی ئاڵۆز هەڵگری چەمکی عیشق و هونەر و شێتییە، پۆڵ وێنەی دەکێشا و دەیخوێندەوە و نەیدەتوانی بخەوێت، لە بیست و یەک ساڵیدا سەری نایەوە، کچەکەیش لەگەڵ کوڕە قەسابەکە ژیانی بەسەر دەبرد، کەواتە خۆشەویستی گیرۆدەبوونە، هەردوولا بەیەکەوە لە ئاگرێکی شەیداییدا دەسووتێن و گەمەی ئیرۆتیکی دەکەن، دەقی «خۆشم ویست» بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ جەخت لەسەر ئەم خاڵە گرنگە دەکات، کلۆوی خاوەن دوو کچە و ئەدریانی خۆش دەوێت، کەچی ئەو جێی هێشتووە و کەسێکی تری خۆش دەوێت، بەڵام ژیان بەهێز و ئاهەنگسازییەوە بەردەوامە و کلۆوی خۆشی لە بایەخدان و پەروەردەکردنی کچەکانی دەبینێت و چیرۆکیان بۆ دەگێڕێتەوە و خۆی دەکات بە ژنێکی ئەشکەوتنشینی پێش مێژوویی و دڵیان خۆش دەکات، بەڵام کاتێک خەم دایدەگرێت، سەری دەخاتە نێو دەستەکانی و خەیاڵ دەیبات و حەز دەکات سەری لێ بکاتەوە و بیخاتە سەر عەرزەکە و یەک شەقی قایمی تێ هەڵبدات تا بۆ دوورترین شوێنی دنیا بڕوات، لێرەدا وەڕسی و بێزاری کلۆوی بە وێنە و لێچواندنی شیعری، یان درکەیی گوزارشتی لێ دەکرێت، زۆرجاریش ڕستەی شیعری چێژێکی خەفەتبار بە وەرگر دەبەخشێت «من فرمێسک کەوتبووە چاومەوە، چەند خۆشە تەمەنت هەشت ساڵ بێت].

لە هەمان کاتدا دەق هەڵگری کۆمەڵێک کورتە چیرۆکە، چیرۆکی کونی دیوارەکە و کچەکەی مەدام پێکۆت و داپیرە هەرە گەورەکەش، لێرەدا ئانا گاڤاڵدا هەوڵی داوە بە شێوەیەکی مۆدێرن مامەڵە لەگەڵ ڕوحی چیرۆکە ئەفسانەییەکان بکات، یان «مارسێل»ی پیر و پایسکیلە ترسناکەکەی و یادەوەرییەکانی لەگەڵ «پۆڵ» و تابلۆ ئاوییەکانی، تێکست بە شێوازێکی ئاهەنگسازی لە چرکە خۆشەکانی ژیان دەدوێت، هاوکات ئاماژە بە تراژیدیایەکی شاراوە دەدات کە لەنێو جەرگەی بووندا خۆی مەڵاس داوە، تراژیدیایەک لەناکاو دەدردەکەوێت و سەراپای چرکە خۆشەکان ژێرەو ژوور دەکات، پڕشنگە تراژیدییەکانی دەق زۆرتر لە ڕێگەی دیالۆگەوە دەردەکەون و حاڵەتە سایکۆلۆژییەکانی کارەکتەرەکان بەدەردەخەن، بەڵام ئەوەی زیاتر وەڕسکەرە، گێڕانەوە درێژدادڕەکانی «پیێ»ی پیرەزۆڵی تەمەن شەست و پێنج ساڵە، وەک مرۆڤێکی چاوباشقاڵ سەرگوزشتە و سەرچڵی و بەسەرهاتەکانی بۆ «کلۆوی» دەگێڕێتەوە چۆن لەپاڵ «سوزان» هاوسەری، چەندان ژنی خۆش ویستووە و پیێ بەدوورودرێژی لەکار و پیشە و گەشتە یەک لەدوای یەکەکانی دەدوێن و بە مەستی ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، [ژنێکم خۆش ویست، من باسی سوزان ناکەم، باسی ژنێکی تر دەکەم، لە دەستم دا بە هەمان شێوە، ناوی مەتیلدا بوو چەندم خۆش ویست.. چەندم خۆش ویست].

بەرلەوەی درێژە بە هەندێک لایەنی گێڕانەوەکانی پیێ بدەم، دەمەوێت بڵێم ئەوەی گرنگە سەبارەت بەم ڕۆمانە بگوترێت،

هەمیشە لە ئەتمۆسفێری دەقدا تەزوویەک دەگەڕێت و لە کردەی نووسینەوە سەرهەڵدەدات و جۆرێک لە چێژ و خۆشی بەوەرگر دەبەخشێت و مەحاڵە بتوانرێت لە ڕێگەی نووسینەوە گوزارشتی لێ بکرێت، ڕاستە ئەوە خوێنەری وەرگرە، ڕەهەندی ئێستێتیکی بە تێکست دەبەخشێت، بەڵام ڕەهەندی هونەری دەق [بە پێکهاتە و ستایل و بنیاد و پرشنگەکانی نووسین...تاد] بەشداری لە خولقاندنی چێژ و خۆشی و ڕەهەندی ئێستێتیکیدا دەکات- بەشێکی زۆری گێڕانەوەکانی پیێ بە خەیاڵی سێکسی بارگاویکراون، کچی (کلۆوی) وەک ژنێکی سەلار گوێ بۆ گێڕانەوەکانی هەڵدەخات، بەڵام هەمیشە خۆی دوور و بەرکەنار دەگرێت، تێکست ناڕاستەوخۆ لە چەمکی بێ سنووری سێکس دەدوێت، چۆن لای کارەکتەرەکان لە خۆشەویستییەوە سەرچاوە دەگرێت، یان بەشێوەیەکی گشتی کە حەز و ئارەزووی سێکسی پەیوەستە بە ئاگایی و ناخود ئاگاییەوە، پیێ لە گێڕانەوە دوور و درێژەکانیدا باس لە یەکە یەکەی کار و پیشەکانی دەکات و چۆنیەتی مامەڵەکردنی لەگەڵ خەڵک و پیێ وەک بیزنسمانێک لە چۆنیەتی هەڵسوکەوتی فرانسوازی سکرتێرەکەی دەدوێت.

فرانسواز چۆن دژ بە ویستی پیێ واژووی جۆرە کورسێکی مەشقکردنی پێ دەکات بۆ سەرۆک کارە بێ فەرەکان، دوورۆژ لە هۆتێل کۆنکۆرد لافاییت لە پۆرت مایو دەم داخەیت و ئەمریکییەکی دەروونناس قسەی پروپووچ بکات و لە کۆتاییدا کتێبەکەی خۆی بفرۆشێت، پیێ هەندێ جار وەک بەڕێوەبەری فەرمانگەیەک بیرەوەرییەکانی دەگێڕێتەوە، هەندێک جاریش وەک بیزنسمانێک، وادەردەکەوێت تەنانەت لەگەڵ فرانسوازی کچە سکرتێرەی پێوەندییەکی سۆزداری هەیە، هەڵبەتە بە دزی «سوزان»ی هاوسەری، کاتێک لە دیدارەکەی «ئەدریان»ی کوڕی دەدوێت، کلۆوی خەریکە فرمێسک دەکەوێتە چاوییەوە، [ئەدریان هات بۆ لام بڕوا دەکەیت یان نا، ئەوەی پێم گوتی، ئەوەی خۆشم دەمزانی، ئەوەی کە ئەو بەختەوەر نییە، ئەوەی کە چیتر نازانێت ڕوو لە کوێ بکات].

– هاتبوو نهێنییەکەی خۆی بە تۆ بڵێت.

– بەڵێ.

– دیسان دەستم کردەوە بە گریان.

ئەدریان لەم ڕۆمانەدا وەک کارەکتەرێکی تارمایی ئامێز مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت تا کۆتایی ڕۆمانەکە دەرناکەوێت.

مەبەستم ئەوەیە ئەدریان لە دیالۆگەکان بەشداری ناکات و چۆن وازی لە کلۆوی هاوسەری و لووسی و ماریانی هەردوو کچی هێناوە، جارێکی تر سەردانی نەکردوون، بەڵام لە فەزای دەقدا جار جارە لە زاری «پیێ»ی باوکی و کلۆوی ناوی دەهێنرێت، خەریکە چەشنی «پۆڵ»ی شێوەکار، بەشێوەی هێمایەک باسی لێوە دەکرێت، بەڵام بە پێچەوانەی «پۆڵ»ی مامی، ئەدریان هێمایەکی ئاڵۆزی زیندووە، ئێستا لەگەڵ ژنێکی تردا دەژیت کە خۆشی دەوێت، سەیر لەوەیە کلۆوی وێڕای ئەم هەموو خەم و دەردەسەرییە، ئێستاش گیرۆدەی ئەدریانە، دەزانێت ئەدریان بەدە و باوکیشی لەخۆی بەدترە، خانەوادەی پیێ بەگشتی هەتا سوزانیش ئازاری دەدەن دەق لە کەشی نووسینەکانی «پاولۆ کۆیلۆ»وە کۆپلەیەک دەگوازێتەوە پێوەندی بە دڵ و دەنگی ناخەوە هەیە، پیێ بە کلۆوی دەڵێت: [تۆ قەت گوێت لەو دەنگە کزەی ناوەوەت نەبووە کە جار بەجار تێتەوە دەژەنێت بۆ ئەوەی بیرت بخاتەوە کە تۆ بەڕاستی بە تەواوەتی خۆش نەویستراویت؟] بەڵام پیێ تەنانەت گێڕانەوە ئاساییەکانیشی جۆرێک لە مەبەستی شاراوەی تێدایە، کاتێک لە نیگارەکانی «پۆڵ» ورد دەبێتەوە قسەی بۆ نایەت و خەفەت و نیگەرانییەکی ئاڵۆز دایدەگرێت، دەیەوێت چۆنیەتی ناسینی «مەتیلدا» بۆ کلۆوی بگێڕێتەوە، من ئەوم لە ٨ی حوزەیرانی ١٩٧٨دا ناسی، لە هۆنگ کۆنگ لە هۆتێل هابیتدا یەکترمان بینی، لە ئۆفیسەکەی مستەر سینگدا کە دەیویست لە شوێنێکی تایوان بیر هەڵکەنم، مەتیلدا وەرگێڕی من بوو، لە چینییەوە؟ نا لە ئینگلیزییەوە گێڕانەوە و دیالۆگەکان تا دێت لە خەیاڵێکی سێکسییەوە سەرچاوە دەگرن، بەڵام گفتوگۆکان زۆر خێرا و کورتبڕ و برووسکەیین تۆ چیت دەفرۆشت؟ تانکی عەمارکردن ڕیتمێکی چێژداری تایبەت ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە بەرێوە دەبات، تۆ چیرۆک باش دەگێڕیتەوە

– پێم ڕادەبوێریت- نا نا بەهیچ جۆرێک

– تۆ بزە گرتوویتی.. بۆچی بزە گرتوویتی؟

پێم بڵێ.. – من بزە گرتوومی چونکە ئەوەم بە عەقڵدا نەدەچوو... مەتیلدا کچێکی خاوەن توانایی

سەیرە هەموو تێرمەکانی لەبەر بوو، لە هەرچی وڵاتی نەوت بەرهەمهێنی جیهانە ژیابوو، پەنجا مەکتەبی کردبوو، بە هەموو زمانەکانیش دەیزانی جنێو بدات و لە وەرگێڕاندا یاری بە وشە دەکرد، پێیێ بە شێوازێک یادەوەرییەکانی لەگەڵ «مەتیلدا»ی دەگێڕێتەوە، هەندێک پڕشنگی دەقی «وێرانەخاک»ی «تی. ئێس. ئیلیەت»مان بیر دەخاتەوە. بەناو پاریسدا دەست لەناو دەست پیاسەمان کرد بەدرێژایی سین، هەموو ڕێگەکە لە توکادیرۆوە تا ئیل دو لاسیت ئێوارەیەکی شکۆدار بوو، هەوا گەرم بوو و ڕووناکییەکە نەرم، لەوە نەدەچوو خۆر هەرگیز ئاوابێت، ئێمە وەک دوو گەڕیدە وابووین، بێ خەم، پڕ لە سەرسامی، چاکەتەکانمان بەسەر شانماندا شۆڕ بووبوونەوە لە پلاس دوفین نانمان خوارد و ڕۆژەکانی دوای ئەوەمان لە ژووری هوتیلەکەی ئەودا بردەسەر. ئانا گاڤاڵدا- لە ستایلی نووسینی ئەم ڕۆمانەدا وێڕای ئەو تەکنیکانەی ئاماژەم پێدان کە سوودی لێ وەرگرتوون و بەکاری بردوون، گاڤاڵدا سوودی لە بنەماکانی بزووتنەوەی وێنەگەرایی «التصویریة»، «imagism»ی عەزرا پاوەند و هیلدا دولیتیل، وەرگرتووە، بە تایبەتی لە ڕووی سیاقی دەستەواژەی مۆسیقی و خولڵقاندنی ئەو وێنەگەلانەی کە ئاسەواری هزری جێ دەهێڵن. پێیێ لە گێڕانەوەکانیدا جەخت لەسەر جوانی مەتیلدا دەکات، [ئەم ژنەم خۆش ویست، ئەم مەتیلدایەم خۆش ویست، سەدای دەنگیم خۆش ویست، ڕوحی، پێکەنینی بە بڕوا بە خۆ بوونی، ئاخر تۆ ئەگەر دڵت خۆش بێت، ژیان زۆر بەچێژتر دەبێت] پێیێ بەدووردرێژی باسی عیشق و سەرچڵییەکانی خۆی دەگێڕێتەوە، لەگەڵ مەتیلدا، پێش ئەویش لەگەڵ کریستین، چۆن دەیویست هاوسەرگیری لەگەڵدا بکات و پێی لە گێڕانەوەکانیدا ئاماژەیەک بە «ئەدریان»ی کوڕی دەدا، کە شازدە ساڵی بوو بڕوای بە ئایندە نەبوو، نووسیبووی هیچ داهاتوویەک نییە، دەق بەشێوەیەک ناڕاستەوخۆ لە هێزی شاراوەی خەیاڵی سێکسی و هەڵوەشانەوەی دامەزراوەیە خێزان و هاوسەرگیری دەدوێت، کەسەکان زۆرتر بە دوای چێژ و ئازادی تاکەکەسیدا دەگەڕێن بە تایبەتی لە وڵاتانی خۆراوا، فرانسواز لە مێردەکەی دابڕاوە، پێیێ لە ناخڕا حەز دەکات لە سوزانی خێزانی دابڕێت، بەڵام بیر لە ئەدریان و ئەوانی تر دەکاتەوە، لە هەمان کاتدا سەرقاڵی ڕابواردنە، بۆیە خۆی وەک پیرە زۆڵێک بە کلۆوی دەناسێنێت، هەروەها دەق لە نائومێدییەکی شاراوە دەدوێت کە بەشێوەیەکی قێزەون خۆی لە ژێر جوانیدا حەشارداوە، فرانسواز دوای ئەوەی دووچاری نەخۆشی زەردوویی دێت- بە بۆڕی میزەکەیەوە دەڵێی زۆمبییە، لە هەمان کاتدا گێڕانەوەکانی پێیێ ئەوە دەردەخەن کە - دانەر- خودی خۆی لە کەسایەتی مەتیلدا حەشارداوە، مەتیلدا لەسەر کاغەزی هۆتێلەکە شتی دەنووسی، بە دەرزەن لاپەڕەی پڕ کردبووەوە، چوار دەور و بەری پێیێ هەمووی پەڕەبوو، ئەگەر لە نووسینەکەی مەتیلدا وردببینەوە هەست دەکەین بە ستایلێکی مۆدێرن خەریکی نووسینەوەی ڕووداوە ڕۆژانەییەکان و چرکەکانی ژیانیەتی، بچم بۆ سەیران لە کەناری ڕووباردا سەرخەوێک بشکێنم، خۆخ بخۆم، ڕۆبیان، کوراسون، برنجی بڵ، مەلە بکەم، سەما بکەم، پێڵاو بۆ خۆم بکڕم، جلی خەو، عەتر، ڕۆژنامە بخوێنمەوە] ئیتر ڕۆمانی «خۆشم ویست» لەگەڵ گێڕانەوە درێژدادڕەکانی پێیێ کۆتایی دێت و ئەوەی وەک هێما دەمێنێتەوە و خوێنەر بەرەو تێفکرین دەبات ئاخۆ «تۆم»ی کوڕە چوار -پێنج ساڵییەکەی مەتیلدا لە «پێیێ»یە یان نا، لەبەر ئەوەی لە کۆتاییدا مەتیلدا لە پێیێ دوور دەکەوێتەوە! دەقی خۆشم ویست، لە ڕێگەی چەمکی خۆشەویستییەوە کۆمەڵێک بابەتی گرنگی جۆراوجۆر دەورووژێنێت کە پەیوەیستن بە ژیانی مرۆڤ و لایەنی ئاگایی و ناخود ئاگاییەوە، بە تایبەتی بابەتی هاوسەرگیری و خێزان و خەیاڵی سێکسی و چێژ و ڕابواردن، هەروەها ئەو تراژیدیا شاراوەیەی کە خۆی لە ژێر بوون و جوانیدا مەڵاس داوە؟ چونکە ڕۆمانی «خۆشم ویست» بە ستایلێکی مۆدێرن و باکگراوندێکی فەلسەفی و سایکۆلۆژی نوقمی نێو دەروونی کارەکتەرەکان دەبێت و ویست و خەیاڵی سێکسی و چرکەکانی ژیان و پێوەندییە جۆراوجۆرەکانی نێوان کەسەکان شی دەکاتەوە.

**سەرچاوە:**

**ناوی کتێب: خۆشم ویست**

**ناوی نووسەر: ئانا گاڤاڵدا**

**بابەت: ڕۆمان**

**وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: ژوان جەلال**

**چاپی یەکەم: ٢٠١٥**

**لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی «غەزەلنووس».**




# فەرهەنگی (مەم و زین)ی خانی

**زیاد ڕەشاد قادر**

عەزیز گەردی بەناوی (فەرهەنگی مەم و زینی خانی) فەرهەنگێکی داناوە کە (٣٣٦) لاپەڕەی قەبارە مامناوەندییە و ئەم ساڵ (٢٠١٦) چاپ کراوە. لە فەرهەنگەکەدا مانای ئەو وشە و زاراوانەی نووسیوە کە لە داستانی (مەم و زین)ی (ئەحمەدی خانی)دا هاتوون، وەک خۆیشی لە پێشەکییەکەدا ئاماژەی پێ داوە، جۆرێکیان ئەو وشە عەرەبی و فارسی و تورکییانەن کە ئێستا زۆر باو نین و خوێنەری ئەمڕۆی کورد پێیان ئاشنا نییە، هەندێکیشیان ئەو وشانەی دیالێکتی کرمانجیی سەروون کە ڕەنگە لای خوێنەری زارەکانی تری کورد باو نەبن، هەندێکی تر ئەو زاراوە ئایینی و عیرفانی و سۆفیگەرییانەن، کە مانای تایبەتی خۆیان هەیە، جودا لە مانا زمانییەکەیان، بێجگە لەوانەی د. عەزیز گەردی باسی کردوون، دەتوانین بڵێین بەشێکی زۆری ئەو وشانەیش سەر بە دیالێکتی کرمانجیی سەروون و لە مەم و زینی خانی دا هاتوون، ئێستا لەلایەن بەشی زۆری ناوچەکانی باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان بەکار نایەن، یان ئەسڵ و ڕێنووسی وشەکان گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە، بۆیە ئەو فەرهەنگە بۆ ئاخێوەر و خوێنەرێکی کرمانجیی سەرووش بایەخی خۆی هەیە، چونکە بەکورتی کوردییەکەی ئەحمەدی خانی، کوردیی ئەمڕۆی باکوور و ڕۆژئاوا نییە، هەروەک بن شێوەزاری بادینیش نییە.

دانەری کتێب سوودی لە زۆر لەو فەرهەنگ و شرۆڤە و لێکدانەوە و دیوان و وەرگێڕانانەی مەم و زینی خانی دیوە کە لە کات و شوێنی جودا و بە زمانی کوردی، عەرەبی و فارسی و ئینگلیزی چاپ کراون، هەروەها لە هەر کوێ زانیبێتی بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە زاراوەیەکی نامۆ، دیوانی شاعیر، یان فەرهەنگ، یان کتێبی دیکە هاوکاری دەکات، پەنای بۆیان بردووە و وشەکانی پتر ڕوون کردوونەتەوە، لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێین لەپاڵ ئەو وەرگێڕان و لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنانەی پێشوو کە هەژار و د.عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ و ژان دۆست و پەروێز جیهانی و... تاد، بۆ مەم و زینی (خانی)یان کردووە، ئەم فەرهەنگە، دەروازەیەکی دیکەیە بۆ

تێگەیشــتنی زیاتر لە ناواخنی ئەو شاکارە بەناوبانگەی خانی. لەگەڵ ئەوەش، وەک هەر بەرهەمـــێکی مرۆیی و تاکەکەسی، لە کێماسی بەدەر نییـە، بەندە بە خوێندنەوەی چەند جارێکی وردی فەرهەنگەکە، ئەم چەند سەرنجەم لەلا گەڵاڵە بوو.

ئەگـــەر هەڵەی چاپ و هەڵەی ڕێنووس بۆ هەر مـژارێکی نووسین، لەکە و نەنگییەک بێ بە نێوچەوانی ئەو نووســـینەوە و بەشـــێکی جوانییــەکانی لێ ببات، ئەوە بۆ بابەتی فـــەرهەنگ و مـــانا لێکدانەوەی وشە و زاراوە، ئەو لەکە و نەنگییە چەند هێندە زیاتر دەبێ. بەداخەوە ئەو فەرهەنگەی د. عەزیز گەردی، لە هەڵەی چاپی بێ بەش نییە، هەڵەی ڕێنووسیش لێرە و لەوێ بەر چاو دەکەون وەک دەبینرێ (تەبلیس) بووەتە (تەلبیس)، (نەفەختو) بووەتە (نەفەنختو)، (هەستە) بە (هەست) و (شەبنم) بە (شەنم) و (دەستنوێژ) بە (دەشتنوێژ) و... تاد هاتینە نووسین.

ئەوەندەی پەیوەندیی بە ڕێنووسیشەوە هەیە، هەرچەند زۆر جار ڕای جیاواز لەسەر زۆر لە ڕێنووسی وشەکان هەیە، لێ بە بڕوای ئێمە ئەو وشانەی لەمڕۆدا لە نووسینی کرمانجیی سەروودا نیمچە کۆڕاییەکیان لەسەر هەیە، تا بکرێ ـ بەتایبەت لە بەرهەمی قاموسیدا ـ ڕەچاوی ئەو کۆڕاییە بکرێ، دروستتر مەبەست دەپێکێ و خزمەتی پتری پرۆژەکە دەکرێ. بۆ نموونە لە کرمانجیی سەروودا، ئەوەندەی دەنووسرێ: (ڕووم، دووزەخ، درەندە، دلبەر، خەیال، دەرخوەر، کورمانج...)، هێندە بەرچاو ناکەوێ بنووسرێ: (ڕۆم، دۆزەخ، دڕندە، دڵبەر و دولبەر، خەیاڵ، دەرخور، کرمانج...)، کەچی د. عەزیز گەردی ئەو وشانەی دووەمی بەکار هێناون کە لە تەلەفوز و ڕێنووسی سۆرانییەوە نزیکن، نەک هی کرمانجیی سەروو.

دانەر خۆی لە دوای پێشەکی، لەژێر ناوی (هەندێ لەو ڕەمزانەی بەکار هاتوون)، باسی ئەوەی کردووە بۆ ئەو وشانەی عەرەبی، یان تورکی، یان فارسین، هەر یەکە هێمای تایبەتییان بۆ دادەنرێ تا خوێنەر بزانێ وشەکە لە بنجدا بە چ زمانێکە، کەچی زۆر دەگمەن نەبێ ئاماژەی بە ئەسڵی وشەکان نەداوە، بۆ نموونە بۆ وشەگەلی وەک: (ئافاق، ئامین، ئەبەد، ئاتەش، ئەنگور...) و چەندان وشەی دیکەی عەرەبی و فارسی و تورکی، زۆر کەم نەبێ نەینووسیوە کە ئەم وشانە ئەسڵیان بە چ زمانێکە.

هەموو ئەو وشانەی زیاتر لە مانایەکیان هەیە، یان هەندێک وشە لە بنجدا مانایەکیان هەیە و خانی بە مانایەکی دی بەکاری هێناون، وەک د. عەزیز گەردی خۆی ڕوونی کردووەتەوە (کە ژمارەی بۆ مانا جیاوازەکان داناوە ١،٢،٣...)، کەچی لە هەندێ شوێندا، هەندێ وشە زیاتر لە مانایەکیان هەیە و ماناکانیشیان نووسراون، بەڵام ژمارە دانان لە بیر کراوە! بۆ نموونە وشەی (ئەجەل) کە هەم بە مانای (مەرگ، مردن) دێت، هەم بە مانای (وادەی دیاریکراو، کاتی دیاریکراو)، کەچی ئەو ژمارەی بۆ دانەناوە، هەروەها بۆ مانای وشەکانی (ئیرەم، بارگەهـ) ژمارە دانەنراون. لە بەرانبەریشدا، هەندێ وشە بەگوێرەی فەرهەنگەکەی وی، یەک مانایان هەیە، کەچی ژمارەیان بۆ دانراوە، بۆ نموونە لە بەرانبەر وشەی (کەبک)دا بە تەنێ (کەو) نووسراوە و ژمارە (١)یشی بۆ دانراوە!

لەم فەرهەنگەی (د. عەزیز گەردی)دا، هەندێ وشەی نزیک یەک تێکەڵاو کراون، بۆ نموونە لە مانای وشەی (بارگەهـ)دا، (بارەگا، بارەگاهـ) نووسراوە، یان بە کرمانجی سەروو بە خێوەت دەڵێن (کۆن)، کەچی لەم فەرهەنگەدا بووەتە (کۆنە).

لە هەموو فەرهەنگێکدا، تا ڕیزبەندی ئەو وشانەی مانایان لێکدراوەتەوە، بەپێی پیتی ئەبجەدی بە دروستی بەدوای یەکدیدا بێن، کاری دۆزینەوە و سوود لێ وەرگرتنی بۆ خوێنەر ساناتر دەبێ، لە هەندێ شوێنی ئەم فەرهەنگەی مامۆستادا، لێرە و لەوێ ئەو ڕێزبەندییە تێکچووە، بۆ نموونە (بەژ...) لە پێش (بەر...) نووسراوە، لە کاتێکدا دەبوو بکەوێتە دوای (بەز...)

جگە لەمانەش، بەگوێرەی زۆربەی ئەو سەرچاوانەی بە کرمانجیی سەروو و بە ئەلفبای لاتینی لەسەر مەم و زینی خانی نووسراون، مانای هەندێ وشە جیاوازن، لەو مانایانەی د. عەزیز گەردی نووسیونی، بۆ نموونە وشەی (باژار، باژێر) ئەوسا و ئێستاش لە کرمانجیدا، هێندەی بە

ماناى (شار) دێ، ئەوەندە بە واتاى (بازاڕ) نایەت، هەرچى وشەى بازاڕە لە بەرانبەردا خانى (سيک و چارسوو)ى بەكار هێناوە. ئەو لە بەرانبەر وشەى (شاداب)دا نووسيويەتى (تەڕ و پڕ و تێراو، تێراڤ)، بەڵام هەر لەكن خانى بە ماناى (دڵشاد و كەيفخۆش)يش هاتووە. مامۆستا بۆ ماناى وشەى (جەدەل) بەبێ ژمارە دانان (گفتوگۆ) و (پەڤچوون)يشى نووسيوە، خۆ ئەگەر لەكن خانى (جەدەل) بە ماناى (پەڤچوون)يش هاتبێ، ئەوە (پەڤچوون) شەڕ و ڕووبەڕووبونەوە و لهەڤخستنە، جودایە لە گفتوگۆ و نيقاش (گەنگەشە) و مشومڕ، بۆيە يان دەبوو (پەڤچوون)ـەكە هەر نەنووسرايە، يان ژمارەى بۆ دانرايە و وا نيشان بدرايە، كە خانى بەو دوو مەبەستە بەكارى هێناون. بۆ ماناى وشەى (حەيات) وشەى (ژى، ژيان)ى نووسيوە، بەڵام (ژى) بە ماناى (تەمەن، عومر) دێت نەک (ژيان)، هەروەها زۆر وشەى لێكدراوى نێو مەم و زين مانايان لێكدراوەتەوە، مينا (جگەركەباب، خاسەڕەنگ، ميهزادە...)، بەڵام (بلندپايە، جەگەرڕێش، چوكەس، سەراخاز، موشتخاک، موخالەفەت، موافقەت، مێهرجەمال...) لەبير كراون، هەروەها ماناى وشەكانى (سپێد، مەلەک...) نووسراوە، بەڵام (سبێ، فرشتە...) بەرچاو ناكەون.

هەندێ وشە لە فەرهەنگەكەدا زياتر لە جارێک نووسراونەتەوە، واتا دوو جار بەدواى يەكدا مانايان لێكدراوەتەوە، لەوانە: (تەقبيح، تەقەبيود، موخاليف)، يان هەندێ وشە نووسراوە لەباتى ئەوەى لە بەرانبەردا هاوواتاكەى بنووسرێت، كەچى هەمان وشە وەک خۆى دووبارە نووسراوەتەوە، وەک وشەكانى (تەن، كەيى، نموونە...).

ئەوە لە دياليێكتى كرمانجيى خواروو، بەتايبەتى لە دەشتى هەولێر، كرمانج بە ماناكانى (گوندنشين، لادێيى، پێچەوانەى خەڵكى شار)، (مسكێن، ڕەعيەت، ڕايەت، چينى هەژار و دەستكورت، پێچەوانەى ئاغا)، (پێچەوانەى شێخ)، (توركمانەكان بە كورد دەڵێن كرمانج)، هەندێ جار وەک كينايە بۆ كەسى (نەخوێندەوار و فەقيرحاڵ)يش بەكار دێ، تەنانەت هەندێ جار تەنێ بۆ ئەو گونديیانە بەكاردێ كە لە چەند تيرە و هۆزى جودا پێكهاتوون و عەشيرەتێكى ديار و يەكگرتوويان نييە، بەڵام لە كرمانجيى سەروو و لە مەم و زينى (خانى)شدا، كرمانج و كرمانجى (كورمانج و كورمانجى) بەپێى گەڕان و ديتنى ئێمە، هەر بە ماناى (كورد) و (زمانى كوردى و لەهجەى كرمانجيى سەروو) هاتووە، نەک ئەوەى مامۆستا لە يەكێک لە ماناكانى كرمانجدا، نووسيويەتى (خەڵكى گوند كە زەوى ئاغا دەكاو بيستى دوو بەرهەمەكەى دەدا بە ئاغا. مسكێن).

لەگەڵ هەموو ئەوانەش، ئەو بەرهەمە بەكەڵكەى مامۆستا، بەتايبەتى بۆ خوێنەر و لێكۆڵەرى كرمانجيى خواروو، بێ شک دەبێتە سەرچاوەيەكى پڕ بايەخ بۆ زياتر ئاشنا بوون بە شاكارە نەمرەكەى خانى، ئومێد ئەوەيە لە هەر كوێى ئەم سەرنجانەى سەرەوەدا، ئەگەر دروست پێكابێتمان، هەر بۆ زياتر خزمەتى وشە و وشەدانى كوردى و ڕوحى خانيى مەزن، د. عەزيز گەردى لە چاپەكانى داهاتوودا لەبەر چاويان بگرێ و فەرهەنگەكە تێروپڕ و دەوڵەمەندتر بكات.

به بۆنەی بیست و یەکەمینساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری (ڕامان)ەوە

# ئەوەی بیەوێ شارەزای ئەدەبیاتی کوردی بێت لە گۆڤاری (ڕامان)دا ئەو زانیارییانەی دەست دەکەوێت کە پێویستی پێیانە

**سەعدوڵلا پەرۆش**

ئەگەر گەشەسەندنی ئەدەبی میللەتان بۆ سەرەتای دروست بوون و سەرهەڵدانی مەعریفە و گەشەسەندنی پرۆسەی هۆشیاری و پەیدابوونی ئەزموونی چاپخانە و کتێب بگەڕێتەوە، ئەوە بێ گومان گەشەسەندنی ئەدەبی کوردی، بە تایبەتی ئەدەبیاتی شیعر و چیرۆک و هەڵسەنگاندن و ڕەخنەی ئەدەبی کوردی، بۆ بنەمای گەشەسەندنی بڵاوکراوە کوردییەکان بۆ سەرەتای نیوەی یەکەمی سەدەی ڕابوردوو و سەرەتای نیوەی یەکەمی ئەم سەدەیەی بەناویدا دەڕۆین دەگەڕێتەوە، بۆیە دەتوانین بڵێین دیرۆکی گەشەسەندن و لەسەر پێ وەستانی بەروبوومی شیعر و پەخشانی کوردی و ئەدەبیات ڕێک لە ڕەحمی ئەزموونی گەشەکردنی پاشکۆکانی کتێب کە خۆی لە ڕۆژنامە و گۆڤاردا دەدۆزێتەوە، چاوی بە دنیای ڕووناکی خوێندنەوە و خوێنەردا هەڵێناوە، کە لە هەر هەموویان زیاتر سێ بڵاوکراوەن، ئەوانەش بەلای منەوە سێ دینگەی پتەوی ڕاگرتنی ئەم ساختمانەن.

(١) گۆڤاری گەلاوێژ، ساڵی (١٩٣٩-١٩٤٩)ی سەدەی ڕابوردوو.

(٢) ڕۆژنامەی هاوکاری، ساڵی ١٩٧٠ی سەدەی ڕابوردوو.

(٣) گۆڤاری ڕامان، ساڵی ١٩٩٦ی سەدەی ڕابوردوو. لێرەدا ناکرێ ڕۆڵی گۆڤاری کاروان لەبەرچاو نەگیرێ، بەڵام ئەو گۆڤارە نەیتوانی وەک ڕامان یەک نەفەس و بێ دابڕان گەشە بەرەوتی خۆی و لە تەک خۆیشیدا گەشە بە ئەدەبیاتی کوردی بدات، کە شیعر و چیرۆک و پەخشانی هەمەچەشنە سیمایەکی دیاری ئەو ئەدەبەن.

ئێمە لێرەدا لەسەر گۆڤاری ڕامان دەوەستین کە بیست ساڵی تەمەنی خۆی تێپەڕاندووە و پێی ناوەتە بیست و یەکەمین ساڵەی تەمەنی، بەم تەمەنەش لە هەموو هاوکوفەکانی خۆی تەمەن درێژتر و تەندروستترە، بۆیە بەرلەوەی باسی گۆڤاری ڕامان بکەم، پێویستە باسی دامەزرێنەر و پەروەردەکار و خاوەنی شەرعیی ڕامان بکەم، کە دەکا ئازاد عەبدولواحید.

من ئازاد عەبدولواحید لە ناوەڕاستی سەدەی ڕابوردووەوە دەناسم، ئەگەر بە هەڵە نەچووبم لە ساڵی ١٩٧٥ـەوە دەیناسم، لەوساوە ئاشنایەتیمان لەگەڵ یەکتر هەیە، بەپێی ناسینی من، ئەو هەر لە سەرەتای

ئاشنایەتیمانەوە کە لە سەرەوە دیرۆکەکەیم نووسیوە، گەنجێکی خوێن گەرم و خوێنەرێکی بە سەلیقە و بە ئاگا و وردبین لە بواری ڕەخنەنووسین بوو، وێڕای پاراوی زمان و خۆ پڕ چەک کردنی بە میتودە زانستییەکانی ڕەخنەی سەردەم، توانی بۆ سەردەمێکی دوورودرێژ بە تەنیا ئەو بوارە بەسەر بکاتەوە و پێ بەپێ بیباتە پێش، ئەمە وێڕای ئەوەی شارەزاییەکی باشیشی لە زمانی عەرەبیدا هەبوو، بەهۆی ئەمەشەوە لە وەرگێڕانی دەقە دانسقەکانی ئەدەبیاتی کوردی بۆ سەر زمانی عەرەبی دریغی نەکرد، کە خۆی ڕەنگە لە قەرەی دەیان دەق، بگرە زیاتریش دابێ، ئینجا پیاوێک بەو هەموو سەلیقە و زمانزانی و چالاکییە هەمەجۆرەوە بێتە مەیدانی ڕۆژنامەگەریی ئەدەبییەوە، دەبێ چ بەرهەمێکی نایاب بە میللەتەکەی ببەخشێ.

ڕامان یەکسانە بە ئازاد عەبدولواحید، بەڵام ئازاد عەبدولواحید بە هەموو چالاکی و جددییەت و ماندوو نەناسی خۆیەوە، لە گۆڤاری ڕامان زیاتری بۆ ئەدەبیاتی کوردی کردووە، بۆیە گۆڤاری ڕامان لە گۆڤارە دانسقە و کاریگەرەکانی ئەدەبیاتی کوردییە.

من لێرە، لەم نووسینەمدا کە نووسینێکی ئەکادیمی و فەهرەست ئامێز نییە، بەڵکو چەند سەرنجێکی سەرپێییە نەمتوانی بە داتا و ژمارە و ڕێژەوە بوار و تەبوبیەکانی بە میتودێکی زانستیانە تۆمار بکەم، کە پێم وایە ئەو بوارە بۆ ئەکادیمییەکان بەجێ بهێڵین باشترە، تا بە پێودانگە زانستی و تەعریفە دروستەکان هەڵیسەنگێنن.

لە دوماهیدا دەتوانم بڵێم: ئەوەی بیەوێ لە نزیکەوە شارەزای ئەدەبیاتی کوردی بێت، لە گۆڤاری (ڕامان)دا ئەو زانیارییانەی دەست دەکەوێت کە پێویستی پێیان دەبێ، بێ گومان قسەیەکی حەق ماوە کە دەبێ بیڵێم، ئەویش ڕامان جگە لە خزمەت کردن و گەشەپێکردنی ئەدەبیاتی کوردی، ئاوڕی جددی لە شانۆ و شێوەکاری و فۆتۆگراف و وەرگێڕانیش داوەتەوە، لە یادی بیست ساڵەی تەمەنی پیرۆزی (ڕامان)دا دەستخۆشی لە کاک (ئازاد عەبدولواحید) و ستافەکەی دەکەم کە ماندوونەناسانە، پشوو درێژانە، پێشمەرگانە، شەونخوونییان کردووە و (ڕامان)یان گەیاندووەتە ئەمڕۆ، بێ گومان چاوەڕێی باش و باشتریشیان لێ دەکرێ.



بەر لە دەست هەڵگرتن دەبێ ئەوەش بڵێم کە (ڕامان) هەر تەنیا لە باشوور لە خزمەتی ئەدەبیاتی کوردیماندا نەبووە، بگرە ئەوە کوردانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و باکووریش ئەو شایەدییە بۆ دڵسۆزیی ڕامان و ستافەکەی دەدەن، کە بەبێ لایەنگیری خزمەتی ئەدەبیاتی سەرجەم پارچەکانی کوردستانی کردووە.!




# کۆواری ئەدەبی و ژیانی نووسەر



یووسف لەتیف

* مارکیز کە دەیویست شتێکی نوێ بنووسێ، هەڵبەت دوای گەڵاڵە کردن و فۆرمەڵەبوونی هێڵی گشتی بابەتەکەی، کەشتییەکی بە هەموو پێداویستییەکانییەوە ڕێکدەخست و چەند ئافرەتێکیش خواردن و خواردنەوەیان بۆ چێ دەکرد، ئەو وەها شاکارەکانی دەنووسییەوە، پێچەوانەکەشی دیارە کە چۆن هەژاری دەست دەنێتە بینەقاقای داهێنان و دەیکوژێ، بەڵام بۆ دەبێ نووسەر کەسێکی لاواز و بێ دەسەڵات و شەپرێو بێ و هەر چاوی لە دەستی دەستڕۆیشتووەکان بێ.

* کاتێک بیکاسۆ لەسەر شۆستەکانی پاریس بەرانبەر بە بڕێکی کەمی پارە، بۆ پەیداکردنی بژێوی ڕۆژانەی، وێنە و سکێچ بۆ خەڵکی دەکێشێ، لە پڕ یەکێک لێی دێتە دەنگ و پێی دەڵێ (ئەو بڕە پارەیەی بۆ دە خولەکی وێنە کێشانێک لێمی وەردەگری زۆرە)، بیکاسۆش لە وەڵامدا دەڵێ (بەڕێز ئەوە تەنیا دە خولەک نییە، بگرە ئەوە بیست و پێنج ساڵ ئەزموونە لەگەڵ دە خولەکەکە).

* کە پاپلۆ نیرۆدا لە خانێکدا ئێوارە کۆڕێک بۆ خەڵکە ماندوو و زەحمەتکێشەکە دەگێڕێ، لەبەر ماندووبوونی جەستەی شەکەت و هیلاکی ڕۆژانەیان، ئامادەبووان بەدەم باوێشک دانەوە، دوای خوێندنەوەی هەر کۆپلە شیعرێک، سەر بەرز دەکەنەوە و چەپڵەی بۆ لێ دەدەن، هاوتا شاعیرەکەی نیرۆداش کە لەکۆڕەکەیە، بە نیرۆدا دەڵێ: شیعرەکانت تەمومژاوین، کەچی ئەو خەڵکە سادانە چۆن وا زوو شیعرەکانی تۆیان پێ لێک دەدرێتەوە، بەو چەشنە دوای هەر کۆپلە و وچانێکت، چەپڵەبارانت دەکەن. نیرۆداش لە وەڵامدا دەڵێ: (بەڵێ منیش لەوە تێدەگەم کە ئەوان وا زوو شیعرەکانمیان پێ لێک نادرێتەوە، بەڵام ئەوان لەوە دڵنیان کە من شیعر بۆ ئەوان دەنووسم).

* لێرەدا دەمەوێ بڵێم نووسەریش مرۆڤە، شایستەی ژیانێکی جوانە، نەک ئەو ژیانە پڕ کولەمەرگییەی لە زەینماندایە، کە نووسەر هەر هەژار و کەم دەرامەت بێ، یان لەم وڵاتەدا قەدەری نووسەر وایە چەند خاوەن توانست بێ ناتوانێ بە تەنیا بە داهاتی داهێنانی خۆی بژی، بگرە بە دەستییشییەوە گیرۆدە دەبێ، بۆیە وەک دەبینین نووسەر پێویستی بە هەموو شتێکە، بۆیە زۆربەیان ڕوو لە کاری ڕۆژنامەوانی دەکەن کە نزیکترین کارە لە پیشەکەیانەوە، وە لێ جەخار لەوێش تەنگەبەریی بڵاوکراوەکان تووشی هەناسەتەنگییان دەکات و ناتوانن بە ئازادی خۆیان کار بکەن، چونکە هەموو بڵاوکراوەکان حزبین و ئازادییان تێدا سنووردارە، بۆیەش نە دەتوانن بەویستی خۆیان کار بکەن و نەدەشتوانن لە بەر بژێوی خۆیان، خۆیانی لێ تەریک و نەبان بکەن و دەسبەرداری بن، لەنێوان ئەو دەزگا و چەکوشەدا بەرکەوتەکان بە ئاسانی بە سەریاندا تێناپەڕێ.

# RAMAN

A Monthly General Cultural Magazine
Issued by Raman Information Directorate

235

December
2016

